ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

له 1951/1/1 تا 2000/12/31

عەلی کەندی

بەرگی سێیەم - چاپی دووەم

بژارکراو و پترکراو

باشووری کوردستان - هەولێر

2709 - 2009

گەنجینەیەکی پڕ لە مێژووی ڕووداوی کۆمەڵگاکانی جیهان لەهەموو بوارەکان لەماوەی بیست سەدە دا

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لە ١٩٥١/١/١ تـــا ٢٠٠٠/١٢/٣١

عـــەلی کـــەندی

بەرگی سێیەم – چاپی دووەم
بـــــژارکـــراو و پتـــرکـــراو
باشـــووری کوردســـــتان – هەولێر
٢٠٠٩ - ٢٧٠٩

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

نووسینی: عەلی کەندی

دیزاینی بەرگ: دانەری مێژوونامەکە – عەلی کەندی

کۆمپیوتەر: نووسینگەی هیوا بۆ کۆمپیوتەر

بەرگ: بەرگی سێیەم ۲۰۰۹

چاپ: چاپی دووەم ۲۰۰۹

چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێر

تیراژ: ۱٥۰۰ دانە

نرخ: بۆ هەرچوار بەرگ (۲۰۰۰۰) دینارە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی(۲۲٥٥) ساڵی (۲۰۰۹)ی پێدراوە.

بۆ هەر رەخنەیەك یان پێشنیارێك یان هەر زانیاریەك لە هەڵەو بەسەرچوون ئاگادارمان بکەنەوە بە ژمارەی مۆبایل/ ٤٥٤٨۰۹۸ ، یان ژمارەی ئاریافۆنی / ۰٦٦۲٥۳۳٥۲۲- یان ئیمێلی:Alikendi@yahoo.com

دەسپێك بۆ چاپی دووەم

لە گەڵ پەرەسەندن وپێشکەووتن و گەشەکردن و بووژانەوەی بەردەوام بە پێی تێپەر بوونی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و جووگرافی و زمان و مێژوو وکەلتوورو داب و نەریت و شووێنەوارو شارستانیەت ، و بازرگانی و پیشەسازی وکشتووکاڵ و.... هی دیکە .

ئەمەش پێداویستی ژیان بە زانیاری تەواو لەم بوارانەدا هەیە ، لە پێناو هەڵسەنگاندن و شێکردنەوەی رووداو بەسەرهاتەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکان و گوونجاندنی لەگەڵ ئێستا دا ، ئەویش لە پێناو هێنانە کایەوەی بارێکی لە بارەو گوونجاوتر بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی .

بە دابین کردن و سەقامگیرکردن و مسۆگەر کردنی داد پەروەری کۆمەلایەتی و دانان بە مافی مرۆڤ و چارەسەر کردنی کێشە تەشەنە دارەکانی لەو بوارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن ، بە تایبەتی لە بوارەکانی نەتەوەیی ونیشتمانی و زمان و مێژوو و مێژووی جووگرافی و کەلتوور داب ونەریت و شووێنەوارو شارستانیەت وئاین وچارەسەر کردنی لە رێگەی دەست لەناو دەستدا و رازی بوون بە بەرامبەرەکە ، کە سەرچاوەی چارەسەری هەموو کێشەکانە ، بە دوورکەوتنەوە لە هەرەشە لێك کردن و پەلاماردانی یەکتری و بە پێچەوانەشەوە لە رێگەی گفتووگۆو دایلۆگ ودانی مافە زەوت کراوەکان لەلایەن دەسەلاتداران .

جا من نامەوێ بە درێژی بچمە ناو باسەکەم ، بەلکوو پێشەکیەکەی چاپی یەکەم وبەرگی یەکەمی مێژوونامەکە ، ئاماژەم بە هەموو لایەنەکان کردووە بە شێووەیەکی لە بار لە بوارەکانی پەرەسەندن و پێشکەووتن ، بە پێی تێپەربوونی قۆناخەکان .

وادیارە مێژوونامەکە جێگای خۆی کردۆتەوە لە دەرونی خووێندەواران وسەرکەوتنی بە پلەی ٨٥ ٪ ی بە دەست هێناوە ، لە سەر باری کوردو کوردستان لەو هەموو بوارانەدا . بەڵگەش بۆ ئەمە بەرگی یەکەمی مێژوونامەکە بە تیراژی ٤٥٠٠ دانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان کڕاوەتەوە و بۆتە سەرچاوەیەکی سوود لێوەرگرتن وەك سەرچاوەیەك .

كه بووه هۆی ئەوەی كه داواكاری زۆری لە سەر بێت .

جا منیش بەو پەری دڵخۆشیەوه مێژوونامەكەم ، لە چوار بەرگدا دەخەمە بەردەستتان بە شێووەیەكی تێرو تەسەل لە هەموو بوارەجیاجیاكان . بە ناوێكی دیكە كە – ئینسكلۆپیدیای مێژوونامە – یە ئەمەش لە سەر داوای مامۆستایانی شارەزا بە هۆی لە خۆگرتنی هەموو بوارێك بەتایبەتی لە سەر كوردو خاكی كوردستان ، وەك بوارەكانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاین و جووگرافی و زمان و كەلتوورو مێژوو شووێنەوارو ئابووری و بازرگانی وكۆمەلایەتی و رۆشەنبیری و زانست و ئەدەب و گەردوون و یاساو شەڕو ئاشتی و بە بەڵگە نامەكان . ئافرەت و رووداوەكانی تیرۆرستەكان و فرۆكەو پزیشك و .

ئەوەی بتەوێ لە بەر دەستت دایە لە ناوەرۆكی مێژوونامەكەدا .

كە بەرگی یەكەم لە ١/١/ ٠٠٠١ دەست پێدەكات تا ٣١ / ١٢/١٩٠٠ ، هەروا بەرگی دووەم لە ١٩٠١/١/١ دەست پێدەكات تا ١٩٥٠/١٢/٣١ ، بەرگی سێیەم لە ١٩٥١/١/١ دەست پێدەكات تا ٢٠٠٠/١٢/٣١ ، هەروا بەرگی چوارەم لە ٢٠٠١/١/١ دەست پێدەكات تا ٢٠٠٧/١٠/٣١ . لە هەمان كات بە پێی پێویست وێنەكانیشی لەگەڵ دانراوە لەگەڵ نەخشە جیاجیاكان بە پێی رووداوو بەسەرهات و ئەنجام دانی بەرۆژو مانگ و ساڵ .

بەلام بۆ ئەوەی وێنەو نەخشەكان دووبارە نەبنەوە دەتوانرێت لە جێگەی دیكە سەیری بكەیت لە ناوە رۆكی ئینسكلۆپیدیای مێژوونامەكەدا . لە بەر ئەوەی دانەنراوە ، یا وێنەكە دەست نەكەوتووە یا وێنەكە زۆر كۆن بووە ، لە هەمان كات نەم ویستووە وێنەكان دووبارە ببنەوە .

وەك بەڵگەیەكی راست و دروست و رێك و پێك . لە هەمان كات داوای لێبووردن لە خوێنەرانی هەڵگری ئەم كتێبە دەكەم لە هەر كەموو كوریەك ، لە بەر ئەوەی مرۆڤ گەر هەڵە نەكات پێش ناكەویت .

لە كۆتایی هیوادارم خزمەتێكی بچووكی كتێبخانەی كوردی و خووێنەری كوردم كردبێت لە كوردستان و وولاتانی دراوسێی كوردستان و هەرێم و ناوچەو جیهان .

عـــەلی كـــەندی

نووسەری ئینسكلۆپیدای مێژوونامە

٣١ / ١ / ٢٠٠٩

بەرەو چەندین ئینسکلۆپیدیا کە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە

پارێزەر/ تارق جامباز

ئەم خەمخۆریە تاقە کەسییە کە لایەن مامۆستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە ، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆرو ئارامیەکی ئەیووبیانەی گەرەکە ، لە بەر ئەوەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لە خۆدەگرێ .

لە وولاتاندا بۆ هەر بوارێك لەم بوارانەدا دەزگایەك بە کۆمەڵێ پسپۆرو شارەزاو لێزان بەماوەیەکی دیاریکراو بەمەرجێ هەموو کاتێکیان بۆ جۆرێك لەجۆرەکانی ئینسکلۆپیدیا تەرخان دەکەن وەك (ئینسکلۆپیدیای زمان ، فۆلکلۆر ، سیاسەتمەداران ، شاعیران ، رۆژنامەنووسان ، ...هتد) .

ئەم ئینسکلۆپیدیانە لە کتێبخانەکانە و لەسەر تۆری ماڵپەرەکان هەن و هەروەختێ یەکێك ویستی لە چ بوارێك پێویستی پێی هەبێ ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ ، بەڵام بەداخەوە لایەنی پەیوەندار لە کوردستان چ حکوومەت و دەزگاکانی تایبەتمەند نەمزانیووە پلانێکیان بۆ ئەم بوارانە هەبێ کە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی زانیارییەکان لەلایەن خەمخۆرانەوە بەووردی و قووڵی بنووسرێنەوەو پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ ، ئینجا چاپ و بڵاوبکرێنەوەو جارێ خەرمان بەرەکەتی زمانی کوردی بەهەموو شێووە زارەکانی کۆنەکراونەتەوەو تاکو لەبەردەست دابێ ، ئەوجا دەزانین چ زمانێکی زەنگین و رەنگینمان هەیە .

لە بەر ئەوەی زمان ناسنامەو گیانی نەتەوەیە هەر نەتەوەیەك بێ ، بۆیە هەرچەندی بایەخ و گرنگی و بەها بەزمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکە کە لە کوردستان دەژین بدرێ هێشتا کەمە ، چونکە هێندەی تر هزرو رۆناکبیری و ووشیاری نەتەوایەتی پێگەیشتن و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەبینێ و گەر خاك نیشتمان و وولات بێ ، ئەوا زمان گیانەکەیەتی و هەڵگری ناسنامەی تایبەمەندیەتی لەنێوو زمانانی جیهاندا هەیە .

ئەندامی پەرلەمانی کوردســـــتان
باشــــــووری کوردستان – هەولێر
٢٠٠٩/٨/١٠

کارێــــکی کەلتــــووری مـــــەزن

الزمان
AZZAMAN.COM

... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە :
((ئینسکلۆپیدیایە - مێژوونامە))
قەلایەکی کلتووری مێژووی مەزنە ، وەکو
قەلاکەی شاری مێژوو - هەولێر - ،
هەردەم زیندووە ،
بەلێ ، کارگە پیشەسازییەکەی
مامۆستا عەلی کەندی ، مەزنترین
سەرمایەی کوردو کوردستان و مرۆڤایەتییە .
لە لایەنی دارشتن و زمانەوانییەوە ، خۆزگە
باشتر بوایە ..
مومتاز حەیدەری
٢٠٠٩/٧/٧

٠٠٠ ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە :

((ئینسکلۆپیدیایە – مێژوونامە))

قەلایەکی کلتووری مێژووی مەزنە ، وەکو قەلاکەی شاری مێژوو – هەولێر – ، هەردەم زیندووە .

بەلێ ، کارگە ووشە سازیەکەی مامۆستا عەلی کەندی ، مەزنترین سەرمایەی کوردو کوردستان و مرۆڤایەتیە . لە لایەنی دارشتن و زمانەوانییەوە ، خۆزگە باشتر بوایە .

مومتاز حەیدەری

باشووری کوردستان – هەولێر

٢٠٠٩/٧/٧

پـــــــێشەکی

لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری مێرگ چەند تێبینیەکم لە سەر چاپی یەکەمی کتێبی – مێژوونامە – ی نووسەر – عەلی کەندی – نووسیبوو ، دیارە ئەمەش لە بایەخی بەرهەمەکەی کەم ناکاتەوە ، چونکە ئەگەر بزانم کتێبێك لاوازە و کەم بایەخە کاتی خۆم و خوێنەرانی پێ ناکوژم و هەر لە سەری نانووسم ، بەلام دیارە کتێبەکەی نووسەر عەلی کەندی لەم جۆرە نییە ، پاش ماوەیەك عەلی کەندی بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و باسی لەوە کرد کە مێژوونامەکەی کردووە بە چوار بەرگ و دەیەوێت بۆی بەسەردا بچمەوە و پێشەکی بۆ بنووسم .

منیش خۆشحالی خۆم پێشانداو کاتێکمان بۆ یەکتر بینین دانا ، ئەوە بوو ئێوارەیەك سەردانی بارەگای کۆمەلەی رۆشنبیری مێژوویی کوردستانی کردو دلخۆش بووم بەوەی کە هاورێیەکی نوێم بۆ پەیدابوو ، بەلام بینیم کە چوار بەرگەکە زۆر گەورەن و ژمارەی لاپەرەکانی زۆرە ، بۆیە داوای کاتێکی باشم کرد بۆ ئەوەی بتوانم پێداچوونەوەی بۆ بکەم ، بەلام دیارە ئەویش بە پەلە بوو بۆیە بریارمدا لە کاتێکی کەمتردا ئەرکەکەم ئەنجام بدەم ، بەلام بە هۆی سەرقالیم و کەمی کات و گەورەیی بابەتەکە لە چوار بەرگدا نەمتوانی بە تەواوی بەسەر بابەتەکەدا بچمەوە ، بۆیە لەوانەیە ئەم بەرهەمە وەکو بەرهەمێکی تر لە هەلەی چاپ و هەندێ جاریش هەلەی زانیاریش بەدەرنەبێت ، بەلام لە هەمان کات کارێکی مەزنە بە ماندووبوونێکی زۆر ئەنجام دراوە .

نووسەرێکی دلسۆزی وەك عەلی کەندی پێی هەلساوە ، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات ، بە تایبەتی

کە هێشتا کتێبخانەی کوردی لە زۆر بواردا هەژارەو، ئێستاش نەوەی نوێ لە کوردستانی ئێراقدا پتر هەر زمانی کوردی دەزانن ، بۆیە چاپکردنی کتێبی کوردیش لە هەموو بوارەکاندا بەشداریکردنە لە بەرەو پێشبردنی رەوتی رۆشنبیری

کوردی ، بۆیە داوا لە خوێنەران و رەخنەگرانی کورد دەکەم کە بە بایەخەوە سەیری ئەم بەرهەمە بکەن و بیخوێننەوە و لە سەری بنووسن و لایەنە چاك و خراپەکانی بە دیار بخەن ، تاوەکو گەر هەر کەم و کوریەکیشی هەبێت لە چاپەکانی تردا راست بکرێتەوە .

نووسەر کارێکی زۆر باشیش دەکات کە نووسینی خۆی پێش چاپ کردن بە خەڵکانی تر پێشان دەدات ، چونکە مرۆڤ ناتوانێت هەموو هەڵەکانی خۆی ببینێ ، لە کۆتایشدا هیوادارم کە عەلی کەندی ئەم توانا باشەی هەیەتی لە بواری کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بە مێژووی کورد و لێکۆڵینەوەی مێژوویدا بەکاربهێنێت . بەمەش بابەتەکانی نووسینی لە باشەوە بەرەو باشتر دەچێت و هەر نووسەرێکیش لە پرۆسەی نووسیندا بریتیە لە چەند قۆناخێك .

د . محەمەد عەبدوڵلا کاکە سوور

جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژووی کوردستان و

سەرنووسەری گۆڤاری مێژوو و

سەرۆکی بەشی مێژوویی ئێواران / کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی

سەلاحەدین ٢٥ /٧/٢٠٠٩

پێشـەكی

دوكتۆر مارف خەزنەدار

فەرهـەنگی زمـان و ئـەدەب و زانـستی و هونـەر بەهــەموو بابەتەكانیـەوە، هــەروەها ئەنسیكلۆپیدیاو رێبەری هەموو شتێك و بیبلیۆگرافیای تایبـەتی و گشتی لەگـەڵ گۆڕان و پێشكەوتنی كۆمـەڵ نرخیـان گرانترو پێویـستیان زیـاتر دەبـێ. ئەگـەر لـەڕۆژگاری ئـەمڕۆی تەكنۆلۆجیاو ئەنتەرنێت و مۆبایل بیری كەسانێك بۆ ئەوە بچێ سەرچاوەكانی فەرهـەنگی زمانو ئەنسیكلۆپیدیاو بیبلیۆگرافیا ئـەو نرخـەیان نامێنـێ، یا كـەس پێویـستی پـێ یـان نابـێ بەهەڵـە چـووە، چـونكە هێـشتا ئـەم ئامـارە تـازە داهاتوانـە بەسـەرهاتو كـردەوەو پاشماوەی مەدەنیەتی چەندان هەزار ساڵەی ژیانی ئادەمزادیـان تۆمـار نـەكردووە لـەمرۆڤی نیاندرتالەوە تا ئادەمزادی سەردەم.

ئەمە ماوەیێكی زۆری دەوێ، جگە لـەوەی ئەم ئامارانـەش لەبەردەستی هـەموو كەسێك نـین، تـەنیا خوێنـدەوار كـەڵكیان لێ وەردەگـرێ. ئـەدی نەخوێنـدەوار لەسـەر رووی زەوی ژمارەیـان چـەندە! نـەك تـەنیا ئەمـە، بـەڵكو بەتایبـەتی لەهـەموو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتو كوردستان ژمارەی نەخوێندەوار چەندە!

لەبـەر ئـەوەی ئـەو سەرچـاوانەی باسـم لێـوەكردن لـەناو كۆمـەڵی ئێمـەی كـوردەواری بایەخیان پێ نەدراوە، لەم لایەنەوە نامەخانەی كوردی هەژارە، لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێتەوە یەكێ لە مەرجە هەرە گرنگەكان ئەگەر كۆمەڵە خەڵكێك خۆیـان بە نەتـەوە (الأمـة Nation) بـزانن پێویـستە تۆمـاری زمـانو ئـەدەبو مێـژوو و جوگرافیـاو كولتـووری نەتەوەیی یان هەبێ، ئەوەی ئەم هـەموو مەرجە كولتووریانـە دەپارێزێ و ڕێكـی دەخا ئـەو كارەیە كە بەشێكە كەوتۆتە ئەستۆی عەلی كەندی.

تاقیكردنـەوە لـەناو كـوردەواری ئێمـەدا لـەم بابەتـەوە كەمـە، ئـەوەی كـراوە لـەو پلەیـەدا نییە بـاوەڕی تـەواوی پـێ بكـرێ، چـونكە دوو هـۆی سـەرەكی دوژمنـی ئـەم جـۆرە كـارە زانـستییانەن، یەكـەمیان ئیدۆلۆجییـەتو دووەمیـان سـۆزی نەتـەوەیی (قـەومی)، ئـەم دیاردانە هەوێنی كاری داهێنانی ئەدەبی و هونەرین، بەڵام پێویستە زۆر دووربن لـە كـاری لێكۆڵینـەوەی زانـستی، بەتایبـەتی فەرهـەنگو ئەنـسیكلۆپیدیا. لـەناو میللـەتانی كـەم

پێشکەوتوودا شوێنەواری ئەم دوو ڕەوشتە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیە تا پلەیێك دەمێنێ.

عەلی کەندی خۆی لەم کارە قورس و پڕ هەوەس و بە کەڵکە داوە، بۆ ئەوەی ئەم لایەنەی نامەخانەی کوردی هەندێ دەوڵەمەند بکا. بەناوی ڕێز لێنانەوە پێی خۆش بوو دوو قسەی بۆ بکەم، منیش بەناوی ڕێز لێنانەوە پێویستە داواکاریەکەی بهێنمە دی.

ئەم کارەی دانەر بەبێ سەرچاوە نەگەیشتۆتە ئەنجام. ئەم سەرچاوانەش دەکرێن بە دوو بەشەوە، سەرچاوەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی. ئەوانەی ڕۆژئاوا مەرجی ڕاستی و بابەتیان تێدا هەیە، بەڵام سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان، بەتایبەتی کوردییەکان هەندێ جار جێی متمانە نین، چونکە ئیدیۆلۆجییەت و سۆزی نەتەوەیی تیایاندا کاری خۆیان کردووە، لەو کاتەی ئەو جۆرە فیکرو سۆزە پێویستە لەکاری لەم بابەتەوە دوور بکەونەوە، هەر چۆنێ بێ ئەگەر شێوازی ئیدیۆلۆجی و عاتیفی لەهەندێ جێگە لەم کارە گرنگەدا بەرچاو بکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان بەتایبەتی کوردییەکان .

هەروەها ئەم دیاردەیە هەندێ جار لەسەرچاوە ئەوروپاییەکانیش دەکەونەبەرچاو، بەوەی ئەو کتێبانەی لەزمانانی ئەوروپاییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لەهەندێ شوێن ئەمانەتی زانستیان تێدا وون بووە یا بەشێوەیێك دەسکاری کراون.

هەر چۆنێ بێ ڕۆشنبیری کورد عەلی کەندی کارێکی گەورەی کردووە، ئەمە تەنیا لە کتێبی "مێژوونامە"دا ناکەوێتە ڕوو، بەڵکو لەپێش ئەوە هەندێ کاری دیکەی لەم بابەتەوە بەرهەمی ئەو کۆششە بووەو بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەکارەکەی دا بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگ‌و ئەنسیکلۆپیدیای بەکەڵکی دیکە.

لەم مەیدانە گرنگەی کولتووری هەموو نەتەوەیێك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە. ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە، بەڵکو لەهەموو گێتی دا سوود بەخوێندەوارو ڕۆشنبیران دەگەیەنن، کەچی نووسینەکانیان دەبن بەسەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك، بەڵام ناویان ناچێتە ناو بیبلیۆگرافیای ئەو کتێبانەی خاوەنیان سوود لەکارە فەرهەنگیەکانیان وەردەگرن.

دەسخۆشی لەبەڕێز عەلی کەندی دەکەم ، هیوام وایە لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ، هەمیشە ئەوەی کردوویەتی بەکەمی بزانێ بۆ ئەوەی زیادی بکا.

هەولێر : مەڵبەندی ڕووناکی

٤ ی مایسی ٢٠٠٧

دەســپێك بۆ چاپی یەكەم

خووێنەری بەڕێز :- ئەوەی دەیخەمە بەر دەستتان كارێكی مێژوویی گرنگە لە مێژووی ڕووداوەكانی كوردو كوردستانو وولاتانی جیهان لە ٢٠٠١/١/١ زاینی تاكوو ٢٠٠٦/٦/١ بەپێی قۆناخە تێپەر بووەكانی پەرەسەندنو پێشكەووتنو گەشەكردن لە هەموو بوارە جیاجیاكانی نەتەوەییو نیشتمانیو ڕامیاریو ئابووریو سەربازیو زمانو مێژوو كەلتوورو دابو نەریتو شووێنەوارو شارستانیەت.لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەرەو دامەزراندنی كەسایەتی تاكو خێزانو بنەماڵەو كۆمەڵگاو نیشتمانو نەتەووەو زمانو مێژوو و دابو نەریتو كەلتوورو شووێنەوارو بەرەو شارستانیەت، بەپێی قۆناخە یەك لە دوای یەكەكان .

كە هەر هەمووی لە ئەنجامی كێشەو ململانێی بەردەوام بووە چ لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشتو سەلماندنی بوونی خۆییو چ لە ململانێی ناو خوودی مرۆڤایەتی . لەپێناو پێك هێنانی یەكەم:- نیشتمانو، دووەم :- نەتەووەو دووایی بە چەسپاندنی سنوورو دەسەلاتو دەووڵەتو بەرەو دامو دەزگاكان .

كوردیش نەتەوەیەك بووە لەپێشەوەی بەر لە نەتەوەكانی دیكەی سەر زەوی لەناو ئەو كێشەوململانێیەدا خوولایتەوە ، كورد بەر لە ٢٨٤٥ ساڵ خاوەنی ٢٧ وویلایەتی خۆیی بووەو ٢٧ سەرۆكو شانشین دەسەلاتداریەتی نیشتمانو گەلەكەیان كردووەو بەردەوام بوونە لە پاراستنی دەسەلاتەكەیان ، كە پایتەختەكەیان هەمەدانی ڕۆژهەلاتی كورستان بووە، خاكی كوردستانو گەلەكەی سەرچاووەی یەكەمی بە دەست هێنانی باری پیشەسازیو كشتووكاڵو بناسازیو بازرگانی بوونەو سەرچاووەی پەرەسەندنو پێشكەووتنو

گەشـەکردنی گـەلانی دیکـە بوونـە . بـە تایبـەتی سـۆمەری و بابلی و هـەروا،...
هەتا لە بوواری نووسین بەهەموو بووارەکانی کە بەر لەو مێژووەی سەرەوە لەسەر
خاکی کوردستان گەلەکەی نووسین و خوێندنی بەدەست هێناوە . لە بەرئەوەی
مێژوو و جووگرافیا جەستەیەکی زیندووی هاوبەشن لە دوو ڕێگای هاوسەنگ بە
سەلماندنی بوونی یەکیان بۆ ئەویدیکە بە پێچەوانەش ڕاستە.

جا هەر کارێکی سەربازی یاخوود نەتەوەیی . یاخوود جووگرافی و ئابووری
، کە ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی هەبووەو هەیە لە کاردانەوەی لەسەر لایەنەکەی دیکە بە
هۆی دابەش بوونی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بەدوو بەشی دژ بەیەکتر لەسەرەتای
سەرهەڵدانی مرۆڤ و کۆتایی نایەت تا کووتایی مرۆڤ ئەویش بە نەمانی ژیان
لەسەر زەویدا . زانستەکانی مێژوو سرووشت و کۆمەلایەتی ئەوەیان سەلماندووە
کە مێـژوو گەنجینەیەکـە و باش و خـراپ دەچێتە نـاو لاپـەرەکانی... مێـژووی
پەرەسـەندنی قۆناخـە یـەك لـە دووای یەکـەکانی مرۆڤایـەتی لـە کـرداره نالـەبارو
لەبارەکان ... لە نێوان چەووسانەووەو چەووسێنەرەوە ... لە داگیرکـردن و لە
ڕزگار کردن... لە سەرکەووتن و لە ژێرکەووتن و بەزاندن... لەئاوەدان کردنەووەو
لـە وێرانکـردن ... لـە دەووڵەمەنـد بـوون و لـە بەهـەژار کـردن... لـە بـوون و لـە
مـردن... لـە سـەرهەڵدان و لـە تووانـەوە ... لـە قەدەخـەکردن و لـە مـاوەدان ... لە
دادپەروەری و لە ستەمدیدەیی ... لەدزین و تالانکردن و لە یارمەتیدان و پێدان و
دابـین کـردن... لـە ڕاسـت گـۆیی و لـە ناڕاسـتی و فـرت و فێـل ... لەخۆشـی و لـە
کارەسات ... لەداگیرکردن و لە ئازادکردندا.

ئەمانـە هەرهـەمووی بەکاری مێـژوویی دەچێتە ژوورەکانی تۆمارکردن هـەر
یەکــەو لــە لاپــەرەکانی خــۆی بــەجیاو ، هــەر یــەکێش لەووانــە بەیەکــەوە
بەستراووەنەتەووەو هێزیش نیە بتووانێ یەك دێر لە دێرە تۆمارکراوەکانی

مێـژووی تۆمـار کـراو بـشێووێنێ، چـونکە بـە ملیۆنـەها لاپـەڕە خـۆی تۆمـار کردووەو بێ ئەوەی کرداری کارەکە هەستی پێ بکات لە بەرامبەریدا.

بـەڵام لـە دوای خۆتۆمـار کردنـەکانی وردە وردە خـۆی دەردەخـاتو راسـتو چـەووتەکانو بـاشو خراپـەکان بـە رووی کـرداری کارەکـە دا دەداتـەوە بـەپێی قۆناخە یەك لەدوای یەکەکاندا .

خووێنـەری بـەڕێز :- چ سرووشـتو چ مـرۆڤ ، دوو جەمـسەری بەیەکـەوە بەسـتراون لەخـەباتو هاوبەشـی بەیەکـەوە ژیـانو یـەکیان بـەبێ ئەویدیکـەیان بەمردوو دەمێنێتەوە ، لەهەمان کات دژ بە یـەکترن لـەپێناو خزمـەتکردنی یـەکتری لە نـاو هـەر یەکیان ، بە مانایـەکی دیکـە، کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی خـۆی لـە خۆیـدا کێـشەو ململانێیـە لـە دوو جەمـسەردا ، هـەروا لـەناو سرووشتیـشدا... بـەپێی یاسـاکانی کۆمـەڵو سرووشـت وەك یاسـاکانی (وحـدة وصـراع الاضـداد- نفـي نفي- كمية و نوعية- الشكل والمحتوى- الصدفة والضرورة).

جا لە بەرئەوە بەپێی پەرەسەندنی تەمەن ، پـەیتا پـەیتا سـاتەکانو کاتـەکانو رۆژەکـانو چـاخەکان ، سـەرکردەکان دێـنو دەڕۆنو رادەبـوورن... چـونکە هـەر کارێك گەر سەرەتای هـەبێت کۆتـایی هەیـەو بەپێچەوانەش زۆر راستە ... لەبەر بـوونی کێـشەو ململانـێو تـەنگ و چەلەمەی نێـوان ئـایینو زانـست لەناوچـەو هـەرێمو جیهـان ، لـە پێنـاو سـەرکەووتنی یـەکیان بەرامبـەر ئەوویدیکـەیانو لەناووبردنی یەکیان بەرامبەر ئەوویدیکەیان بەردەوامە .

ئـەوەی مـن بـیری لێدەکەمـەووەو کردوومەتـەوە . هـیچ شـتێك کۆتـایی نیـەو مالانهایەیەو هەردەم لـە گۆڕیندایە بۆ گـۆڕانێکی دیکـە ، گـەر وونـیش بێـت لـە قۆناخێـك بـۆ قۆنـاخێکی دیکـە... واتـە مێـژوو خـوول دەخوواتـەووەو ژیـانیش بەردەوامـەو بـەردەوام دەبـێ ، گـەر قـەدەری لێـك ترازانـی گـۆی زەوی لەگـەڵ کۆمەڵەی رۆژەکانی دیکەو بە بوونی بەزریانێکی خوڵاویو بەرەو ئەستێرەیەکی دیکەی بەهێزتر، ئەوکات ژیان لە سەر ئەو زەویە کۆتـایی دێت لـە سەر ئەم هەسارەیەدا .

دڵنیاشم لەوەی کە ژیان لە سەر ئەستێرەی دیکە لە گەردوون دا هەیە وەك ئێستای ئێمەو هەمان باروو دۆخ دەگرێتە خۆ، بەڵام لە شێوەو شێوازێکی دیکە ، بە هەمان یاساکانی کە لە سەرەوە باسم کردووە . کە ئەو پێنج یاسایە بەندە بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو سرووشت... سەرجەم رۆژەکانی هەفتەو مانگو ساڵ پڕن لە رووداو کارەساتی پڕ لە خۆشیو ناخۆشی و فرمێسك رشتنو پێکەنین لە هەموو بووارو لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیان چ بە نەخشێنراو چ بەخۆڕسکیەوە.

خووێنەری بەڕێز:- بەر پابوونی رووداوەکان چ ناخۆشو جەرگبڕبن یاخوود رووداوی مووژدەبەخشو دلخۆشکەر بن ... لاپەرەکانی مێژوو بەدەست پاکیو بەئەمانەتەوە لە لاپەرەکانی رۆژنامەی ژیانی خۆی تۆماریان دەکات ، گەر تۆو هەر کەسێکی دیکەو لایەنێكو هێزێكو بنەماڵەیەك بەرگری لە خۆی بکات... چونکە مێژوو لە گەڵ پەرەسەندنی ژیان بەردەووامە، مرۆڤ مێژوو دورست دەکات بەپێچەوانەش راسترە ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکاتو مردنی بۆ نیە ، تەنیا مرۆڤ و ئاژەڵو گیان لەبەروو دارووددرەختو شاخو داخ نەبێت . کە بوونو مردنی تیا بەردەوامە هەر یەکەو بەپێی بارودۆخی تەمەن . کارووانی پەرەسەندنو پێشکەووتنی مرۆڤایەتی لە قۆناخە جیاجیاکاندا ، کە نەتەوە سەرهەڵدەدەنو دەتووێنەوە ، چیاو شاخو دۆڵ تەخت دەبنو چیاو دۆڵو شاخی دیکە سەرهەڵدەدەن ، دەریا لەجێگەی خۆی وون دەبێو لەجێگەی دیکە سەر هەڵدەدەن . هەروا بەرامبەر بە سرووشتو گەردوونو مرۆڤ و کەشو هەواو ئەستێرەکان ، کە هەر هەمووی بە یاساکانی سەرەوە بەستراوەتەوە ،. لەهەمان کات مێژووش لەناو ئەو یاسایانە لەکارەکانی خۆی بەردەوام دەبێ ، لە بە ئەنجام گەیاندنی کاری فەرمانبەریەتی خۆی لەکاتوساتەکانو کاری ئەمرۆی ناخاتە رۆژی دوواتر لەهەموو بووارە جیاجیاکاندا.

جا بە هەر حاڵ ئەمرۆ بەچاوی خۆمان دەبینین ، کەباروودۆخی ناوچەو هەرێمە جیاجیاکانو وولآتانی جیهان بەقۆناخێکدا تێپەدەڕێت کە لەژێر دەستی

سەرەك كۆمارو شانشینو ئەمیرو سەرەك پارتو گرووپو رێكخراوی نەتەوەییو نیـــشتمانیو ئیـــسلامیو كۆمەڵایـــەتیو ئـــابووریو بنەماڵـــە بـــەبوونی داد پەروەریو نەبوونی دەكەوونە بەر دەستی سزای گەل بەپێی تۆماركراوەكانی مێژوو بۆ دادگایكردنیان لەدزینی سامانە هەمەجۆرەكانی گەل ونیشتمان .

هـــەروا لـــە هـــەموو بـــوارە جیاجیاكـــانو هـــەنگاوونان بـــەرەو چەســـپاندنی دادپـــەروەری بەرێنماییـــەكانی مێـــژوو، بـــەراماڵینی بـــیروو بۆچـــوونی چـــەوتی خۆپەرســـــتیو خۆویـــــستیو فەســـــادو دزی وگەنـــــدەڵی، بەهێنانەكایـــــەوەی دادپەروەری لەكارو ژیانو لەئەركو مافدا...!!

بۆ مێژوو دەڵێم تـوركو فـارسو عـەرەب ، لـە هـەمووكاتو سـاتێكدا دووژمنـی یـەكتر بوونـە بـەپێێ رووداوەكـانی مێـژوو . لـە هـەموو بووارەجیاجیاكـان،.. تـەنیا لەسـەر چاسـەرەنەكردنو پێشێل كردنـی مـافی كـورد ، هاووخـەباتو هاووبـەشو هاووخـــەمی یـــەكتر بوونـــە ، . بەتایبـــەتی لـــە دوای دروســـت كردنـــی ســـنووری جووگرافی وولاتەكانیان لەسـەر خـاكی گـەلانی هەرێمەكە بەتایبـەتی لـە سـەرخاكی كوردســـتان...!. ســـەركردایەتی كـــوردیش بگـــرە لـــە ســـەرەتای بـــوونی دەســـەلاتیان لەســـەر تـــیرەو هـــۆزو ئیمـــارتو بنەماڵـــەو پـــارتو رێكخـــراو لـــە هـــەموو بـــووارە جیاجیاكان دژی یـەكتر بوونـەو مێـژوو بـوونی گـەلو نیشتمانیان پڕكردۆتـەوە لـە شەڕی خۆكووژیو كێشەو ململانێ ، لـە ئاسـانكاری كـردن بـۆ دووژمنـانی گـەلو نیشتمان، تەنیا لە سەر دەسەلاتو سامان كۆك بوونە .

كـە ئەمـەش دوو هۆكـاری سـەرەكی بنـەڕەتی بوونـە لـە نەگەیـشتنی كـورد بـە وولاتێكـی سنووورداری قـەووارە سـەربەخۆ . وەك وولاتـانی دیكـەی جیهـان، كـە كـورد لەكیـشووەری ئاسـیا لەنەتـەوە یەكەمـەكانی ئـەو كیـشووەرە بوونـەو دوا نەتەوەش بوونە لە بەدەستهێنانی وولاتێكی سەربەخۆدا..!!..!!..

جـا هیـووادارم لـەناوەرۆكی پێشەكیەكەم گەیـشتبن ، كـە ئـەوەی لەتووانامـدا هـــەبووەو دەســـتم كـــەوتووە لـــە مێـــژووی رووداوەكـــانی كـــوردو كوردســـتانو داگیركـەرانی كوردسـتانو نـاووخۆی كوردسـتان و گـەلانی جیهـانم كۆكردۆتـەوە

بەرۆژو مانگ‌و ساڵ لەو کتێبە تۆمارم کردووە بەدڵنیاییەوە .

دڵنیاشم لەوەی کە مێژووەکان لە ٩٩٪ راستن بەپێی مێژووی سەرچاوە کوردیەکان‌و عەرەبیەکان‌وبە تایبەتی بیانیەکان ، وەك لە کۆتایی کتێبەکە سەرچاوەکان هەمووی تۆمار کراوە ... لە هەمان کات بەشێوەیەکی رێك‌و دورست لە زجیرەیەکی یەك لە دووای یەك‌و ساڵ بەساڵ بەپێی دەست کەووتن‌و بروا پی بوون تۆمارکراون..

خووێنەری بەرێز:- لە کۆتاییدا هیووادارم خزمەتێکی بچووکی مێژووی گەل‌و نیشتمانەکەم‌و سەرجەم مێژووی گەلانی دیکەی جیهان‌و مرۆڤایەتیم کردبێ ، بە دەووڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی ، هیووادارم کە ئەم کتێبە ببێتە هۆکارێکی زیاتر دەووڵەمەند کردن‌و پەرەپێدان بە پەرتووکخانەی کوردی‌و بیانی لە هرێم و ناوچەکەدا . بەتایبەتی ووڵاتانی دراووسێیی داگیرکەری کوردو خاکی کوردستان ، بە تێگەیشتنیان لە راستیەکان و هەڵەی رابردوویان‌و گەرانەوە بە گرتنەبەری بنەماکانی ژیانی بەیەکەوەی سەردەمیانە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی خۆیی‌و بوونی دراووسێیەتی برایانە .

هیوادارم کە یارمەتی دەرم بن لە هەر رەخنەیەك یاخوود کەمووکووریەك کە لەناوەرۆکی کتێبەکەم بەدی دەکرێ.. تا بە هاووکاری‌و یارمەتی ئێووەی بەرێز راستبکرێتەوە ، بۆ زیاتر پووختکردنی ، کە مایەی خۆشحاڵی‌و دەستخۆشییە...

ئەویش بە پەیووەندی کردن بەژمارە مۆبایلی ٤٥٤٨٠٩٨ یاخوود ئاریافۆنی ژمارە / ٠٦٦٠٢٥٣٣٥٢٢.

لە گەڵ رێزم بۆ هەڵگری ئەم مێژوونامەیە.

عەلی کەندی

باشووری کوردستان – هەولێر

١/ ٣/ ٢٠٠٣

١٩٥٢

١٩٥١/١/٤ لە ماوەی شەڕی نێوان کۆریای باکوورو کۆریای باشووری لە ئەنجامی ئەو شەڕە پایتەختی کۆریای باشوور- سیئۆڵ- کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووپای مللی کۆریای باکوور لە وڵاتەکەدا .

١٩٥١/١/٩ کردنەوەی بارەگای سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری نیورۆك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

١٩٥١/١/١١ بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەی خەبات بە زمانی کوردیو عەرەبی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق ، کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە باری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو پەیوەندی کۆمەلگای ئێراق بەهەموو پێك هاتەکان لە وڵاتەکەدا .

١٩٥١/٥/١ خۆماڵی کردنی پاڵێووگەکانی نەوتی ئێران ، لە لایەن ڕژێمی شانشاهی محەمەد رەزا شا ، کە زۆربەی پاڵێووگە نەوتیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی شا لە ئێرانی بەرکەووت لە هەرێمەکەدا .

١٩٥١/٥/٤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کێشووەری ئاسیا خوولی یەکەمی یارییەکانی

ئاسیا ئەنجام درا لە شاری نیودەلهی پایتەختی هندستان کە ١١ وولات بە شداری تێدا کردو یاریزانی مەلەوانزانی سەنگافورە - نیوتش کوّل- یەکەم یاری زان بوو لە یارییەکانی ئاسیا سەرکەووتنی بە دەست هێنا. لە ماوەی ١٥٠٠-م - لە رۆژی کردنەوەی پالەوانیەتیەکە بەرامبەر بە وولاتانی بەشدار بوو لە کێشووەرەکەدا .

١٨/٥/ ١٩٥١ کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامۆژگاری ئەو وولاتانەی کرد کە بە گەمارۆ خستنە سەر ئەو وولاتانەی کە هەلدەستن بە بەرهەم هێنانی چەکی هەمە جۆری جەنگی کۆمەلْ کووژی و وێرانکردن لە وولاتە جیا جیاکانی جیهاندا .

١٩٥١/٦/١٠ سۆسـیال ئینتەرناسـیۆنالْ رێکخراوەیەکی جیهانیە و زۆرینەی پارت و رێکخراوە سۆسیالستی و کرێکاریەکانی جیهان لەخۆ دەگرێ ... سۆسیال ئینتەر ناسیۆنالْ بەم فۆرمەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهان ، یەکەم کۆنگرەی خۆی لە شاری فرانکفۆرتی ئەلمانیا گرێدا ... و - مۆرگان فلیپسی - وەك یەکەم سەرۆکی خۆی دیارکرد .

ئەم رێکخراوەیە تاکوو ئێستا لە رۆژی دامەزراندنیەوە هەشت کەس سەرۆکایەتی کردووە ... دوای سەرۆکی - جۆرج پاپاندۆری - سکرتێری پارتی پاسۆکی یۆنانی کە لە سالی ٢٠٠٦ سەرۆکایەتی ئەم رێکخراوە دەکات ... ئەم رێکخراوەیە درێژکراوەی international workers association پەیوەندی کرێکارانی جیهانە کە لە ١٨٦٤/٩/٢٨ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دامەزراوە . ئەویش لە پێناو کۆکردنەوەی رێکخراوە سۆسیالستەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا . ئەویش پاش چەندین گۆرانکاریە جۆراوجۆرەکان و ئەم رێکخراوە ٥٧ سالە کاردەکات .

جێگەی باسکردنە کە بەشداری ٧٠٠ کەسی ئەندام لە ١٥٠ پارت و ڕێکخراو لە ١٢٠ وولاتی جیاواز لە جیهان سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ٦/٣٠ تا ٢٠٠٨/٧/٢ لە شارۆچکەی - لاگۆنسی - نزیک شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان ئەم ڕێکخراوەیە کۆنگرەی بیست و سێیەمی خۆی گرێدا ... لە دوای گفتووگۆ کردن لە سەر بابەتە سەرەکیەکانی ئەم کۆنگرەیە و لەکۆتایی سکرتێری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و سەرەك کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی بەجێگری سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرا. کە ئەمەش بارێکی گونجاو بوو بۆ داهاتووی گەلی کوردستان و پەیوەندیەکانی کورد لە گەڵ وولاتانی جیهان و بە پێچەوانەشدا کاردانەوەی کاریگەری خۆی هەیە لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانی لەکوردستان .

٦/٢٥/ ١٩٥١ مۆر کردنی ڕێکەووتننامەی نێوودەووڵەتی لە بارەی بارودۆخی پەنابەران ، لە ئەنجامی دەربەدەری میللەتان لە لایەن دەسەڵاتدارانی وولاتەکەیان بە هۆی نادادوەرانەو بەند کردنیان.

١٩٥١/٦/٣٠ گرێدانی کۆنگرە بە ناوبانگەکە لە شاری فرانکفۆرتی وولاتی ئەڵمانیا سازدرا ، ئەم کۆنگرەیە بە یەکەم کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆناڵ دادەنرێت ، کە ٣١ پارتوڕێکخراو بەشداریانتێدا کرد ، کە نووێنەری کیشووەرەکانی ئەوروپاو ئەمەریکاو ئاسیایان دەکرد... مەبەستمان ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆناڵە S1 ، کە ڕێکخراوێکی نێوودەووڵەتیە ، بۆپارتو ڕێکخراوە سۆسیال دیموکراتو دیموکراتی سۆسیالیستیەکان . ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٨٦٤ دامەزراوە ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٧٢

جـارێکی دیکـە ڕێکخراوەتـەوەو بـە ئینتەرناسـیۆنالی یەکـەم ناسـراوە لـە جیهانـدا ، لـە سـالی ١٨٨٩ دا ئینتـەر ناسـیۆنالی دووەم دامـەزرا بەسـەر پەرشتی زاناو ناوداری جیهانی و هاوڕێی مارکس ، فردریك ئینگلش.

ئـەویش تـا سـالی ١٩١٦ بـەردوام بـوو، دوای ئـەوە لـە سـالی ١٩٢٣ بـە سەرپەرشـتی یەکیـەتی سـۆڤیەت ، کـە ڕابەرایـەتی دامەزرێنـەری ڕژێمـی سۆشیالیـست لـە ڕووسـیا – لیـنین – و پـارتی کۆمۆنیـستی سـۆڤیەت کۆنگرەیـەکی دیکـەیان سـازداو خـۆی بنیـاد نایـەوە ، بەمـەش ئینتـەر ناسـیۆنالی سـێیەم ڕاگەیانـدرا بـە نـاوی – کۆمـەنترین– دوای ئـەوە بـە هـۆی هەلگیرسـانی جـەنگی دووەم جیهـان لێـك هەلووەشـایەوە لـە کێـشووەرەکەو جیهاندا .

١٩٥١/٧/١٥ کۆچـی دوایـی نووسـەرو ڕوونـاکبیری نەتـەوەیی مامۆسـتای – جـەلادت بەدرخان – لە ئاوارەییدا لە ڕۆژئاوای کوردستانی لێکدراوە بە سووریا لە شاری –دیمەشق– ی پایتەختی سووریا.

<u>تێبینی:–</u> لە ناوەرۆکی کتێبەکە خەبات و تێکۆشانی ئە و بەماڵەیە بە شێوەیەکی دیار نووسراوەتەوە .

١٩٥١/٩/٨ مـۆرکردنی ڕێکەوتننامـە لـە نێـوان ئەمـەریکاو یابـان لـە دوای کـشانەوەی هێزەکـانی سـووپای ئەمـەریکا لـە یابـان ، دوای ئـەوە مـافی بـە ئەمـەریکادا بەدامەزراندنی بنکەی سەربازی لە سەر خاکی یابان بە پێی ڕێکەووتنەکەدا .

١٩٥١/١١/٢ گرێدانی کۆنگرەی ئەسینای پایتەختی یۆنان دژی ڕژێمی ئیمپریالیزمی جیهانی ، کە کەسایەتی ناوداری کورد خاتوو - ڕەوشەن بەدرخان- بە نووێنەری کورد لە کوردستان بە وتەیەك بەشداری تێدا کرد ، ئەویش لە سەر بارو دۆخی کێشە هەڵواسراوەکانی گەلی کوردستان بوو لە کۆنگرەکەدا .

بەڵام کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان بە گشتی بە پێی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکانی پەرەسەندن و پێشکوتن نە چۆتە پێشەوە لە بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانی بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا لە عەرێم و ناوچەو کێشوەرەکەدا ، وەك ئەو وڵاتانەی کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهان بە دەستیان هێناوە ، کە ژمارەی دانیشتووان و رووبەری خاکەکەیان بە قەدەی ڕێژەی دانیشتووان و رووبەری خاکی کوردستان نیە لە کێشوەرەکەدا لە گەڵ چەندین بواری دیکەدا .

١٩٥٢

١٩٥٢/١/٢ وڵاتی لیبیا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بەدامەزراندنی ڕژێمی شانشینی دەستووری ، کە شانشین ئیدریسی یەکەم دەسەڵاتی لیبیای

گرتە دەست لە سەر وولاٌتەكەدا ، ئەویش لە شاری – تەرابلس – ی پایتەخە ، كە ژمارەی دانیشتووانەكی ، ١,٧٧٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە لە شارەكەدا .
هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاٌتەكەی ،٥,٩٠٠,٠٠٠ ملیۆن كەسـە . هـەروا رووبەری خاكی وولاٌتەكەی ، ١,٥٧٩,٥٤٠ ملیۆن كیلۆ مەتر چوار گۆشـەیە .
هەروا چڕی دانیشتووانەكەی /٩ نۆ كەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەكانی ، عەرەبی بەر بەر ٩٧٪ . لە دانیشتووانی وولاٌتەكەدا .

١٩٥٢/٢/٦ هەموار كردنی ڕێنمایەكانی سووێند خواردنی شانشینەكانی بەریتانیا ، كە شانشین ئەلیزابیت سووێندی یاسایی خوارد بە سەرۆكی بالاٌی ڕایەڵەی كۆمەنوولسی بەریتانیاو هاوبەشی ئازاد لە رایەلەی وولاٌتانی كۆمەنوولس لە بەریتانیا .

شایانی باسە كە شانشین ئەلیزابیت دەسەلاٌتی فیتۆی هەیە لـە هـەر كارێكی بڕیاردان‌و یاسا لە ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا .

بەلاٌم ماوەی زیاتر لـە ٤٠ سـاڵە ، خۆی دوورە پـەرێز گرتـووە بۆ سـەقامگیر كردنــی دیمــوكراتی و مــافی مــرۆڤ و ئازادیــەكانی گــەلانی بــەریتانیا و دەسەلاٌتە یـەك لـە دوای یەكـەكانی نێوان پارتی كرێكاران و پارێزگـاران لـە رامیاریەتی وولاٌتەكەدا .

١٩٥٢/٢/٢٠ شانشین جۆرجی شەشەمی شانشینی بەریتانیا كۆچی دوایی كردو شانـشین ئەلیزابیت جێگەی گرتەوە ، تاكوو تەواو بوونی ئەو مێژوونامـە لـە دەسـەلاٌت بەردەوام بوو لە سەر بەریتانیادا.

١٩٥٢/٣/٣ سـەرۆك وەزیرانـی ڕژێمی شانـشینی لـە ئێراق سالح جـەبر سـەردانی شـێخ مەحمودی نەمری كرد لـە شـاری سلێمانی‌و بەیەكەوە وێنـەیان گرتـوو بـاری ئێراق‌و كوردو ناوچەكەیان هەڵسەنگاند لـە پێنـاو بـەرەو پێـشبردنی كێـشە هەڵوواسراوەكاندا .

١٩٥٢/٥/٥ سـەرەك وەزیرانـی ئێـراق –سـالح جـەبر– لـە گەشـتێكی دا بـۆ شـارەكانی كوردســتان ، وەك پارێزگـاكـانی كـەركوك‌و هــەولێرو كۆیـەو سـلێمانی بـە پێشوازی لێكردنـی لەلایـەن كەسـایەتیە كـوردو ئاغاكـانی دزەیـی‌و هـەرێمی كوردســتان ، لـە پێنـاو بـەهێز كردنـی جـێ پێگـەی خـۆی نـەك یارمەتیـدان

بەچارەسەری کێشەی کورد لە کوردستان .

١٩٥٢/٥/٢٦ مۆرکردنی ڕێکەووتننامـە لـە نێـوان وولاتـانی داگیرکـەری ئـەڵمانیا لـە دوای جەنگی دووەمی جیهان .
کـە ئەمـەریکاو بـەریتانیاو فەڕەنساو یەکیـەتی سـۆڤیەت ، بـە کـشاندنەوەی هێزەکانی سووپایان لە ئەڵمانیادا ، کە دوای ئەوە تـەنیا هێزەکانی سـووپای ئەمەریکا لە ئەڵمانیا مانەوە تاکوو تەواوبوونی ئەو مێژوونامەیە.

١٩٥٢/٦/١٢ کۆچـی دوایـی نووسـەرو ڕۆشـنبیرو شـاعیری نیـشتیمان پـەروەری گـەڵ ، مامۆسـتا مـەلا عەبدولکـەریم ناسـراو بـە – موفتی پێنجوێنی– لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان– گـۆڕی مامۆسـتای کـۆچ کـردوو لـە گۆڕسـتانی حـاجی شـێخە لـە شاری پێنجوێنە لە پارێزگای سلێمانی .
مامۆسـتا لـە سـاڵی ١٨٨١ لـە گوندی بیستانەی سەر بەقەزای پێنجوێن لە باشووری کوردسـتان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە

١٩٥٢/٦/١٣ کۆمیتـەی – وەزەی ئـەتۆمی ئیـسرائیل – دامـەزرا . پـاش ئـەوە بـە چـەند مانگێك واتە لە مانگی /١/١٩٥٣ پرۆتۆکۆلی هاوکاروی گۆڕینـەوەی زانیاری لە نێوان فەرەنساو ئیسرائیل لـە بواری تـەکنۆلۆژیای ئـەتۆمی مۆرکرا . ئـەم پەیوەندیە دوو قۆڵیە لە بواری زانستی ئەتۆمی تاگەیشتە ئەوەی کەلـە سـاڵی ١٩٥٥ ، فەرەنسا بە یەکەمین ڕێکتەری ئـەتۆمی بـە ئیـسرائیل بفرۆشـێت ، لـە ناوچـەی دەیمومـەی باشوری ئیسرائیل دابمـەزرێنیّ ، دوای ئـەوە لـە سـاڵی

١٩٦٠. ئیـسرائیل بـە یارمـەتی وولاتـە یـەکگرتووەکان رێکتەرێکیدیکـەی ئەتۆمی لەباشووری تەلئەبیب دامەزراند .

١٩٥٢/٦/١٨ هەڵووەشاندنەوەی ڕژێمی شانشینی لە میسر بەڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر.

١٩٥٢/٧/١١ کۆچی دوایی مێژوونووسی نـاوداری کـورد – محەمـەد عـەلی عـەونی– لـە قـاهیرەی پایتـەختی میسر... شایانی باسـە ئـەو زانایـە بـوو، کـە شەرەفنامەی وەرگێڕایە سەر زمـانی عـەرەبی... ئـەم بنەماڵەیـە لـە ڕەسـەندا دانیـشتووی بـاکووری کوردسـتان بوونـە... گۆڕەکـەی لـە تەکیـەی شـێخ مغاوەرە لەچیای . مقتەمیە ... شایانی باسە لەهەندێ نووسراوەی رۆژی کۆچی دوایی ئەم کەسایەتیە بە٤/٧ دادەنێن لەو وولاتەدا.

جێگەی روونکردنەوەیە کە ئەم کەسایەتیە بەرێزە کوری حاجی عەبدولقادر عەونیە . نووسەرێکی بەرزو نیشتیمانپەروەرێکی کوردە ، لە ساڵی ١٨٩٧ لە شاری – سووێرەکە–ی سەر بە پارێزگای دیابەکر – ئامەد – لە باکووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، پلەی یەکەم و دووەمی خوێندنی لە تورکیا تەواو کردووە .

دوای ئەوە بەرەو وولاتی میسر دەچێت ولە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر لە زانکۆی ئەزهەری ئاینی خوێندوویەتی و بروانامەی بە کەلۆرێسی لە زانستە ئیسلامیەکان وەرگرتووە لە زانکۆکەدا .

دوای ئەوە دەستی کردووە بە خوێندن لە بەشی جووگرافیاو بەشی مێژوو لە کۆلیژی ئاداب لە شاری قاهیرە . زمانەکانی تورکی و فارسی و فەرەنسی و عەرەبی بە باشی زانیووە ، ئەم کەسایەتیە لە گەڵ بنە ماڵەی بەدرخانیەکان بەشداری کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون بە هۆی بیرووباوەری

کوردو کوردستان .
هەروا لە بەر ئەوە رژێمی تورك ماوەی پێ نەداوە بگرێتەوە باکووری کوردستان ، ... تادوا ساتەکانی لە ژیانیدا لە دیووەخانی شا فاروق کاری کردووە ، شای میسر ، کە لە بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشا بووەو ناسراو بوونە بە بنەماڵەی خدێووی ، بە وەرگێری زمانە رۆژهەلاتیەکان دامەزراوە ، هەروا ئەم کەسایەتیە کوردە شەرەفنامەی لە زمانی فارسی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بە هۆی گرنگی ئەو دانراوەیە لە ساڵی ١٩٥٨ لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی میسر بە چاپکەیەندراوە لەم وولاتەدا.
هەروا وەرگێرانی خوولاسەی مێژووی کوردو کوردسان و مێژووی دوەل وئیماراتی کوردی ماموستا ئەمین زەکی بۆ زمانی عەرەبی . هەروا لە چاپدانەوەی بەشی دووەمی — مەشاهیر الاکراد — ی ماموستا ئەمین زەکی بەگ ... نووسینی کێشەی کورد — بەلەج شێرکۆ . لە گەڵ چەندین دەست نووس و وەرگێراندنی نووسراوو دانراوی نووسەرە بە ناوبانگەکانی کورد ، لە پێناو دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی و عەرەبی و بیانی لە جیهاندا .

١٩٥٢/٧/١٩ پێشبڕکێی یاریەکانی جامی جیهانی— ئۆڵەمپیات — لە شاری هلسنکی پایتەختی فیلەندە بەرێوەچوو، کە بەردەوام بوو تاکوو ٨/٣ هەمان ساڵ لە نێوان یاریزانانی یانەکانی وولاتانی بەشدار بوو لە وولاتە جیا جیاکان لە جیهاندا .

١٩٥٢/٧/٢٣ بەرپا بوونی شۆڕشی میسر بە سەرکردایەتی محەمەد نەجیب دژی رژێمی شانشینی لە میسر ، کە شانشین فاروق شانشینی میسر بوو لە نەوەی بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشای دامەزرێنەری وولاتی میسر بوو ، کە بەنەژاد کوردو لە پارێزگای دیاربەکری باکووری کوردستانی ژێر دەسەلاتی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕوویان لەو وڵاتە کرد بوو کە ناسرا بوون بە بنەماڵەی خدێووی لە جیهاندا .

١٩٥٢/٩/١٥ هێزەکانی سووپای بەریتانیا پەلاماری ئەریتیریای دا ، لە ئەنجام داگیریان کردو سەرپەرشتییان دەکرد ، وەك هەرێمێکی ژێر ئامۆژگاری نەتەوە یەکگرتووەکان . تا ئەو کاتەی لەگەڵ ئەسیووبیا یەکیان گرت لە یەك وڵاتی سەربەخۆدا لە جیهاندا.

١٩٥٢/١١/٢١ محەمەد مەحمود سەواف لە هەوڵی ئەوە دابوو کە لە بواری ڕاگەیاندن جێگایەك بۆ بیروو باوەڕی ئیخوان موسلمین بکاتەوە ، لەم ڕۆژەدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەفتەنامەی بەناوی – الاخوة الاسلامية – بڵاوکردەوە ، کە خۆی سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو .

ئەویش بە هۆی پەیوەندی باشی لەگەڵ حکوومەتی شانشینی لە ئێران ، بەو هۆیەوە توانی ڕەزامەندی لە وەزارەتی پەروەردە وەربگرێ ، کە گۆڤارەکە لەنێوو هەموو خووێندنگاکاندا دابەش بکرێ لەووڵاتەکەدا.

١٩٥٢/١١/٢٢ گەورەترین ڕاپەڕینی گەلانی ئێراق لە شاری بەغدای پایتەخت ئەنجامدرا ، بە بەردەوامی تێکۆشان دژی دەسەڵاتی شانشینی لە ئێراقی هاوپەیمانی بەریتانیاو ئەمەریکادا.

١٩٥٢/١٢/٣١ شاعیرو ڕووناکبیری نەتەوەو نیشتمانپەروەر مامۆستا – بەختیار زیوەر – کۆچی دوایی کرد لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان کە ڕۆڵی بالای هەبوو لەرۆشنبیرکردنی گەلی کوردستان .

جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە مامۆستا ی ناودار بەختیار زێوەر ناوی تەواوی – فائیق عەبدوللامحەمەد مەلا رەسووڵ– ە , لە ناو شاعیرانی کوردا گەلێکی ئەو

تۆمان هەن ناویان لە بەرهەمیان بلاوترە ، یەکێك لەوانەش مامۆستا — بەختیا زێوەر — ە ئەم شاعیرە هەر وەك ژیانی بە ناخۆشی و پڕ لە ئازارو نەخۆشیەوە بردۆتە سەر و زووش مالئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی کرد لە هەرێمەکەدا.

هەروا پاش مەرگیشی و تا ئەمڕۆش هەموومان لە خۆیی و لە بەرهەمی رەنگینی بێ دەنگ بووین . جێگەی داخە نووسەرو رۆژنامەنووس و شاعیرو هونەرمەندانی کورد لە ماوەی ژیانیاندا رێزیان لیناندرێ ، بەلام دوای ئەوەی کە مالئاوایی یەکجارەکی دەکات ، ئەوکاتە لە لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤاروشاشەکانی تەلەفزیۆن بە دوو دێڕ باسی دەکرێ . بەلام دوای چی...؟...!.

ئەم شاعیرە کوری مامۆستای شاعیر زێوەر ئەمەندیە ، کە لە سالی ١٩٠٨ لە شاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەلهێناوە ، سەرەتای ژیانی مندالی وەك مندالانی دیکەی کورد خوێندنی لە — حوجرەی — فەقێیایەتی بردۆتە سەر ، دوای ئەوە چووەتە قوتابخانە و پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواوکردووە .
دوای ئەوە چووەتە شاری بەغدا و بەشداری لە خولێکی برینپێچی ئاژەلان — موزەمید بەیتەری — کردووەو چۆتە سەر ئەو ئیشە ، هەروا لە کاری فەرمانبەری لە ناوچەکانی سلێمانی باش گەراوەو ماوەیەك لە شارۆچکەی پردێ بووە ، لە سالی ١٩٤٦ کاتێ قوتابخانەی ناوەندی شەو لە شاری سلێمانی کرایەوە ، بێ گوێدانە تەمەن مامۆستا بەختیار بوو بە قوتابی و لە سالی ١٩٤٨ پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو دەکات .

هەروا لەو سالەدا بە هۆی کۆچی دوایی باوکیەوە ، تەواو بە دەست نەخۆشیەکەیەوە . کە زۆر سەرەتای دیار دەبێ و کاری لێدەکات و ناچار دەبێ روو لە شاری بەغدا دەکات و لەوێ نەشتەر گەری مێشکیان بۆ کردووە ، پاش ئەو نەشتەرگەریە بە شەش مانگ ، واتە لە ١٩٥٢/١٢/٣١ مالئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی دەکات لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان و، گۆرەکەی لە گۆرستانی جۆگا لە تەك باوکیەوە بە خاك سپێردراوزە لە شارەکەدا.

هەروا بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە هەژارە و نیشتیمانپەروەرە لە دیوانە دەست نووسەکەیدا دوو پلە بۆ بەرهەمی خۆی دادەنێ .

یەكەم:- لە ١٩٢٨/٩/١٥ دەست پێدەكات تا ساڵی ١٩٥٠ ، كە دوا پارچە هونراوەی نووسیووەو پاش ئەوە نەخۆشی لەو دووساڵەی دوایی ژیانبدا رێگای نووسینی نەداوە . ئەم دابەشكردنەش شاعیر خۆی هەر لە بەر ئەویە كە لە سەر دەمی لاویدا شیعری ووتووەو پاشان وازی لێهێناوە و پاش دە ساڵێكی دیكە دەستی داوەتەوە شیعر نووسین لە هەرێمەكەدا .

دووەم:- دوای واز هێنانی لە شیعر دووبارە دەگەرێتەوە و دەست بە نووسینەوەی شیعر دەكات ، ئەمەش لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بوو لە ساڵی ١٩٤٥ . دیوانە شیعرەكەشی لە لایەن مامۆستا مەحمود زێوەر لە ساڵی ١٩٧٠ بە چاپگەیەندراوە . ئەم شاعیرەش چەند ووتاری لە سەر خۆیی و شیعرەكانی نووسراوە لە گۆڤارو رۆژنامەكان لە لایەن نووسەرو شاعیرانی گەلەكەمان لە باشووری كوردستاندا .

سەرچاوە:- سوود لە گۆڤاری - رۆژڤار - ژمارە/٤٦ وەرگیراوە.

١٩٥٣

١٩٥٣/٢/١٥ كۆچی دوایی كەسایەتی ناوداری پارێزگای هەولێر - سالح عەبدوڵلا سالح محەمەد- ناسراوە بە - سالح ئەیاغ - لە عەشیرەتی - ئایغ - ی هەولیری لە شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری كوردستان . ناوبراو چەندین - خان - ی لە شاری هەولێر هەبووە وشارەزابووە لە جیا كردنەوەی مەڕو ماڵاتی خراپ لە باشەكان وخەڵكی لە كاتی كرینی مەرومالات وەك شارەزایەك لەگەڵ خویان دەیانبرد , بە ناوی ئەیاغ ناوبانگی دەركردووە وناسراوە .

هەروا ئەم کەسایەتیە گەورەی عشیرەتی – ئایغ– بووە کە مانا کوردیەکەی – زیندیە – ، واتە نویٚ بونەوە ، کە ئەم ووشە تورکیەی بۆ دانراوە تەنها مەبەست ئەوە بوە کە ئەم عشیرەتە لە ترسی عوسمانیەکان و بۆ خۆ گونجاندن ئەو ناوەی بۆ دانراوە ، کە ئەمە ناوی عەشیرەتەکەیە لە پارێزگای هەولێرو بەو ناوە ناسرابوون . لە بەر ئەوە ئەو کەسایتیەو بنەماڵەکەیان ناوزەند بوونە بە ناوی ئایغ .

هەروا دایکی سالح ئەیاغ کە ناوی خاتوو – گورجی – بووە ئافرەتێکی ناسراو بووە لە پارێزگاکانی کوردستان مووسڵ ، نەك بە تەنیا پارێزگای هەولێر بە کاری بازرگانی کردنی بە کووتاڵ فرۆشتن و شارەزایی باشی هەبووە لەم بوارەدا .

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە سالح ئەیاغ یەکێك بووە لە دامەزراندن و بنیاتنانی گەرەکی تەیراوە، کە ئەو کاتە ئەو گەرەکە چۆل بوو کەسی تیانەبوو بەهۆی نەویرانیان لەبەر دزی و پیاوی خراپ ... لەو کاتەش تاهیر ئاغا بە سالح زیندی دەلیٚ تۆ پیاوێکی لیٚ هاتوو چاونەترسی برۆ خانوو بۆ خۆت لەسەر سامانی من بکە بەبیٚ بەرامبەر ، ئەویش دەست بە دروست کردنی خانووەکە دەکات لەو گەرەکە .

دوایی وردە وردە خزم و برادەری لیٚ کۆدەبنەوەو دوایش تاهر ئاغاش زیاتردەست بە دروستکردنی خانوو بەرە دەکات لەو گەرەکە و ناوزەند دەبیٚ بە ناوی تاهیر ئاغا .

هەروەها سالح ئەیاغ بەیتارێکی باش بووە وخەڵکی رویان تێکردووە و کۆرێکی بەناو قەرەنی ئەم پیشەی لیٚ فێردەبێت و تا ساڵانی ٢٠٠٦ لەم پیشەیە بەردەوام بووە .

کە گەلی کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان بەر شالاوە درندانەکانی دوژمنانی نیشتمانی کورد کەوتوون لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە بەتورککردن و بەعەرەبکردن و بە فارس کردن وبەر تواندنەوەی ناسنامەی کوردایەتی ونیشتیمانی و کەوتوونە چ لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکانی رۆمان مەگۆل و فارس و عوسمانی و بەتایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی / ١٩١٤، کەتاکوو ئێستاش بەردەوامن لەناوبردن وزراندنی ناسنامەی کورد بەهەموو هۆز و

تیره و بنەماڵەو خێزان و کەسایەتیە ناودارو لێهاتووەکانی کوردستان .

یـەك لەوانـەش ئـەم عەشـیرەتە سـنووردارە کـە لـە بـەر هـۆی بـارو دۆخ و قۆناخـەکان نـاوی عەشیرەتەکە زینـدی بووە بە ئایغ... کە لـە بنـەرەتا نـاوی عەشـیرەتی زینـدی بـووە وەك عەشـیرەتەکانی دیکـەی سـەر سـنووری کوردسـتان کـە هەنـدێك بینـووو پروپاگەنـدەیان کـردووە کەئـەم عەشـیرەتە تورکیـەو ئەویـدی عەرەبیـە ئـەوەیان فارسـیە ... بـەڵام هـەمووی بـۆ لـەناو بردنی ناسنامەو بونی کورد بووە لەسەر خاکی کوردستان .

بـەڵام خـۆراگری و ئازایـەتیان لـە نەدۆرانـدنی ناسـنامەی کوردایـەتیان بـەردەوام بوونـە لەروونکردنـەوەی بـاری عەشـیرەتەکە و بـەرگری کردنیـان لەناسنامەی کوردایەتی لە هەموو بارەدۆخێك .

گەر بەراوردێك بکەین لە نێوان مێژوو وخەبات و تێکۆشان و سەرهەلدانی تیرەو هۆزەکانی کوردستان وا دەردەکەوێ ئەو عەشیرەتە کە ناوی بنەرەتی زیندیـە دەگەڕێتـەوە سـەر یـەکێك لەبنەماڵـەکانی دیـارکراوبوو هەرچـەند بەلگەیەکی فەرمی نیە بۆ ئەم راستیە .

بە هەر حاڵ ئەو عەشیرەتە کە تائێستا لە پارێزگای هـەولێر و سلێمانی و هـەتا لـەباکووری کوردسـتان بونیـان هەیـە و کوردن و نکوڵی لـە کوردایـەتی خۆیـان وعەشـیرەتە کـەو بنەماڵـەوخێزان ناکـەن و بـەردەوامن لـە سـەر بوونی کوردایـەتیان کـە هـەر لـەو بۆنـەوە لەروانگـەی گرنگـی دانـی بـەرێز مـسعوود بـارزانی بـە عەشـیرەتەکانی کـورد و تورکمـان و گـەلی کوردسـتان بەگـشتی بەرێز شێخ ادهـم بارزانی کـە سـەرۆکی عـشائری کوردسـتان بـو لـە مـانگی/ ٢٠٠٦/٥ ، چەند کەسایەتی لەبنەماڵەو خێزانی ئەو عەشیرەتە بـانگ هێشت کـرد بۆچـۆنیەتی بـاری ئـەو عەشـیرەتە و یارمـەتی دانیـان بـە پێـی ئـەو بارودۆخە ی کە گەلی کوردستان پیێدا تێپەر دەبێ .

ئێستاش شێخ تارق نوێنەرایەتی ئەو عەشیرەتە دەکات لە هەموو بوارەکانی پەیوەندی و کێشەو گرفتەکان بە هەلسوراندنی کـارە پێویـستەکان لـە پێنـاو گەشـە پێـدان و بـەرەو پـێش بـردن و لـە سـەر ئامـانج و ئاواتـەکانی گـەلی کوردستان و گێرانوەی نازناوی عەشیرەتکە بۆ سەر ناوی رەسەنی خۆی لە هەرێمی باشووری کوردستان .

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لە ١٩٥١/١/١ تـــا ٢٠٠٠/١٢/٣١

عــەلی کــەندی

بەرگی سێیەم – چاپی دووەم
بـــژارکـــراو و پتـــرکـــراو
باشـــووری کوردســـتان – هەولێر
٢٠٠٩ - ٢٧٠٩

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

نووسینی: عەلی کەندی

دیزاینی بەرگ: دانەری مێژوونامەکە – عەلی کەندی

کۆمپیوتەر: نووسینگەی هیوا بۆ کۆمپیوتەر

بەرگ: بەرگی سێیەم ٢٠٠٩

چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٩

چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێر

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

نرخ: بۆ هەرچوار بەرگ (٢٠٠٠٠) دینارە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی(٢٢٥٥) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە.

بۆ هەر رەخنەیەك یان پێشنیارێك یان هەر زانیارییەك لە هەڵەو بەسەرچوون ئاگادارمان بکەنەوە بە ژمارەی مۆبایل/ ٤٥٤٨٠٩٨ ، یان ژمارەی ئاریافۆنی / ٠٦٦٢٥٣٣٥٢٢- یان ئیمێلی:Alikendi@yahoo.com

دەسپێك بۆ چاپی دووەم

لە گەڵ پەرەسەندن وپێشکەووتن و گەشەکردن و بووژانەوەی بەردەوام بە پێی تێپەر بوونی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و جووگرافی و زمان و مێژوو وکەلتوورو داب و نەریت و شووێنەوارو شارستانیەت ، و بازرگانی و پیشەسازی وکشتووکاڵ و..... هی دیکە .

ئەمەش پێداویستی ژیان بە زانیاری تەواو لەم بوارانەدا هەیە ، لە پێناو هەڵسەنگاندن و شێکردنەوەی رووداو بەسەرهاتەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکان و گوونجاندنی لەگەڵ ئێستا دا ، ئەویش لە پێناو هێنانە کایەوەی بارێکی لە بارەو گوونجاوتر بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی .

بە دابین کردن و سەقامگیرکردن و مسۆگەر کردنی داد پەروەری کۆمەلایەتی و دانان بە مافی مرۆڤ و چارەسەر کردنی کێشە تەشەنە دارەکانی لەو بوارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن ، بە تایبەتی لە بوارەکانی نەتەوەیی ونیشتمانی و زمان و مێژوو و مێژووی جووگرافی و کەلتوور داب ونەریت و شووێنەوارو شارستانیەت وئاین وچارەسەر کردنی لە رێگەی دەست لەناو دەستدا و رازی بوون بە بەرامبەرەکە ، کە سەرچاوەی چارەسەری هەموو کێشەکانە ، بە دوورکەوتنەوە لە هەرەشە لێك کردن و پەلاماردانی یەکتری و بە پێچەوانەشەوە لە رێگەی گفتووگۆو دایلۆگ ودانی مافە زەوت کراوەکان لەلایەن دەسەلاتداران .

جا من نامەوێ بە درێژی بچمە ناو باسەکەم ، بەلکوو پێشەکیەکەی چاپی یەکەم وبەرگی یەکەمی مێژوونامەکە ، ئامارژەم بە هەموو لایەنەکان کردووە بە شێووەیەکی لە بار لە بوارەکانی پەرەسەندن و پێشکەووتن ، بە پێی تێپەربوونی قۆناخەکان .

وادیارە مێژوونامەکە جێگای خۆی کردۆتەوە لە دەرونی خووێندەواران وسەرکەوتنی بە پلەی ٨٥ ٪ ی بە دەست هێناوە ، لە سەر باری کوردو کوردستان لەو هەموو بوارانەدا . بەڵگەش بۆ ئەمە بەرگی یەکەمی مێژوونامەکە بە تیراژی ٤٥٠٠ دانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان کڕاوەتەوە و بۆتە سەرچاوەیەکی سوود لێوەرگرتن وەك سەرچاوەیەك .

کە بووە هۆی ئەوەی کە داواکاری زۆری لە سەر بێت .

جا منیش بەو پەری دڵخۆشیەوە مێژوونامەکەم ، لە چوار بەرگدا دەخەمە بەردەستتان بە شێووەیەکی تێرو تەسەل لە هەموو بوارەجیاجیاکان . بە ناوێکی دیکە کە – ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە – یە ئەمەش لە سەر داوای مامۆستایانی شارەزا بە هۆی لە خۆگرتنی هەموو بوارێك بەتایبەتی لە سەر کوردو خاکی کوردستان ، وەك بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاین و جووگرافی و زمان و کەلتوورو مێژوو شووێنەوارو ئابووری و بازرگانی وکۆمەلایەتی و رۆشەنبیری و زانست و ئەدەب و گەردوون و یاساو شەڕو ئاشتی و بە بەڵگە نامەکان . ئافرەت و رووداوەکانی تیرۆرستەکان و فرۆکەو پزیشك و .

ئەوەی بتەوێ لە بەر دەستت دایە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکەدا .

کە بەرگی یەکەم لە ١/١/ ٠٠٠١ دەست پێدەکات تا ٣١ / ١٢/١٩٠٠ ، هەروا بەرگی دووەم لە ١٩٠١/١/١ دەست پێدەکات تا ١٩٥٠/١٢/٣١ ، بەرگی سێیەم لە ١٩٥١/١/١ دەست پێدەکات تا ٢٠٠٠/١٢/٣١ ، هەروا بەرگی چوارەم لە ٢٠٠١/١/١ دەست پێدەکات تا ٢٠٠٧/١٠/٣١ . لە هەمان کات بە پێی پێویست وێنەکانیشی لەگەڵ دانراوە لەگەڵ نەخشە جیاجیاکان بە پێی رووداوو بەسەرهات و ئەنجام دانی بەرۆژو مانگ و ساڵ .

بەڵام بۆ ئەوەی وێنەو نەخشەکان دووبارە نەبنەوە دەتوانرێت لە جێگەی دیکە سەیری بکەیت لە ناوە رۆکی ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکەدا . لە بەر ئەوەی دانەنراوە ، یا وێنەکە دەست نەکەوتووە یا وێنەکە زۆر کۆن بووە ، لە هەمان کات نەم ویستووە وێنەکان دووبارە ببنەوە .

وەك بەڵگەیەکی راست و دروست و رێك و پێك . لە هەمان کات داوای لێبووردن لە خوێنەرانی هەڵگری ئەم کتێبە دەکەم لە هەر کەموو کوریەك ، لە بەر ئەوەی مرۆڤ گەر هەڵە نەکات پێش ناکەویت .

لە کۆتایی هیوادارم خزمەتێکی بچووکی کتێبخانەی کوردی و خووێنەری کوردم کردبێت لە کوردستان و وولاتانی دراوسێی کوردستان و هەرێم و ناوچەو جیهان .

عــەلی کــەندی

نووسەری ئینسکلۆپیدای مێژوونامە

٣١ / ١ / ٢٠٠٩

بەرەو چەندین ئینسکلۆپیدیا کە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە

پارێزەر/ تارق جامباز

ئەم خەمخۆریە تاقە کەسییە کە لایەن مامۆستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە ، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆرو ئارامیەکی ئەیووبیانەی گەرەکە ، لە بەر ئەوەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لە خۆدەگرێ .

لە وولاتاندا بۆ هەر بوارێك لەم بوارانەدا دەزگایەك بە کۆمەڵێ پسپۆرو شارەزاو لێزان بەماوەیەکی دیاریکراو بەمەرجێ هەموو کاتێکیان بۆ جۆرێك لەجۆرەکانی ئینسکلۆپیدیا تەرخان دەکەن وەك (ئینسکلۆپیدیای زمان ، فۆلکلۆر ، سیاسەتمەداران ، شاعیران ، رۆژنامەنووسان ، ...هتد) .

ئەم ئینسکلۆپیدیانە لە کتێبخانەکانە و لەسەر تۆری ماڵپەرەکان هەن و هەروەختێ یەکێك ویستی لە چ بوارێك پێویستی پێی هەبێ ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ ، بەڵام بەداخەوە لایەنی پەیوەندار لە کوردستان چ حکوومەت و دەزگاکانی تایبەتمەند نەمزانیووە پلانێکیان بۆ ئەم بوارانە هەبێ کە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی زانیارییەکان لەلایەن خەمخۆرانەوە بەووردی و قووڵی بنووسرێنەوەو پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ ، ئینجا چاپ و بڵاوبکرێنەوەو جارێ خەرمان بەرەکەتی زمانی کوردی بەهەموو شێووە زارەکانی کۆنەکراونەتەوەو تاکو لەبەردەست دابێ ، ئەوجا دەزانین چ زمانێکی زەنگین و رەنگینمان هەیە .

له بەر ئەوەی زمان ناسنامەو گیانی نەتەوەیە هەر نەتەوەیەك بێ ، بۆیە هەرچەندی بایەخ و گرنگی و بەها بەزمانی كوردی و زمانی نەتەوەكانی دیكە كە لە كوردستان دەژین بدرێ هێشتا كەمە ، چونكە هێندەی تر هزرو رۆناكبیری و ووشیاری نەتەوایەتی پێگەیشتن و پێشكەوتنی بەخۆیەوە دەبینێ و گەر خاك نیشتمان و وولات بێ ، ئەوا زمان گیانەكەیەتی و هەڵگری ناسنامەی تایبەمەندیەتی لەنێوو زمانانی جیهاندا هەیە .

ئەندامی پەرلەمانی كوردســــتان
باشـــــووری كوردستان – هەولێر
٢٠٠٩/٨/١٠

کارێــــکی کەلتــــووری مــــەزن

٠٠٠ ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە :

((ئینسکلۆپیدیایە – مێژوونامە))

قەلاّیەکی کلتووری مێژووی مەزنە ، وەکو قەلاّکەی شاری مێژوو – هەولێر – ، هەردەم زیندووە .

بەڵێ ، کارگە ووشە سازیەکەی مامۆستا عەلی کەندی ، مەزنترین سەرمایەی کوردو کوردستان و مرۆڤایەتیە . لە لایەنی داڕشتن و زمانەوانییەوە ، خۆزگە باشتر بوایە .

الزمان
AZZAMAN.COM

... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە :
((ئینسکلۆپیدیایە - مێژوونامە))
قەلایەکی کلتووری مێژووی مەزنە، وەکو
قەلاکەی شاری مێژوو - هەولێر -،
هەردەم زیندووە،
بەڵێ، کارگە پیشەسازییەکەی
مامۆستا عەلی کەندی، مەزنترین
سەرمایەی کوردو کوردستان و مرۆڤایەتییە.
لەدیمەنی داڕشتن و زمانەوانییەوە، خۆزگە
باشتر بوایە..
مومتاز حەیدەری
٢٠٠٩/٧/٧

مومتاز حەیدەری

باشووری کوردستان – هەولێر

٢٠٠٩/٧/٧

پـــــــــێشەکی

لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری مێرگ چەند تێبینیەکم لە سەر چاپی یەکەمی کتێبی – مێژوونامە – ی نووسەر – عەلی کەندی – نووسیبوو ، دیارە ئەمەش لە بایەخی بەرهەمەکەی کەم ناکاتەوە ، چونکە ئەگەر بزانم کتێبێك لاوازە و کەم بایەخە کاتی خۆم و خوێنەرانی پێ ناکوژم و هەر لە سەری نانووسم ، بەڵام دیارە کتێبەکەی نووسەر عەلی کەندی لەم جۆرە نییە ، پاش ماوەیەك عەلی کەندی بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و باسی لەوە کرد کە مێژوونامەکەی کردووە بە چوار بەرگ و دەیەوێت بۆی بەسەردا بچمەوە و پێشەکی بۆ بنووسم .

منیش خۆشحاڵی خۆم پێشانداو کاتێکمان بۆ یەکتر بینین دانا ، ئەوە بوو ئێوارەیەك سەردانی بارەگای کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی کوردستانی کردو دڵخۆش بووم بەوەی کە هاورێیەکی نوێم بۆ پەیدابوو ، بەڵام بینیم کە چوار بەرگەکە زۆر گەورەن و ژمارەی لاپەرەکانی زۆرە ، بۆیە داوای کاتێکی باشم کرد بۆ ئەوەی بتوانم پێداچوونەوەی بۆ بکەم ، بەڵام دیارە ئەویش بە پەلە بوو بۆیە بریارمدا لە کاتێکی کەمتردا ئەرکەکەم ئەنجام بدەم ، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیم و کەمی کات و گەورەیی بابەتەکە لە چوار بەرگدا نەمتوانی بە تەواوی بەسەر بابەتەکەدا بچمەوە ، بۆیە لەوانەیە ئەم بەرهەمە وەکو بەرهەمێکی تر لە هەڵەی چاپ و هەندێ جاریش هەڵەی زانیاریش بەدەرنەبێت ، بەڵام لە هەمان کات کارێکی مەزنە بە ماندووبوونێکی زۆر ئەنجام دراوە .

نووسەرێکی دڵسۆزی وەك عەلی کەندی پێی هەڵساوە ، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات ، بە تایبەتی

کە هێشتا کتێبخانەی کوردی لە زۆر بواردا هەژارەو، ئێستاش نەوەی نوێ لە کوردستانی ئێراقدا پتر هەر زمانی کوردی دەزانن ، بۆیە چاپکردنی کتێبی کوردیش لە هەموو بوارەکاندا بەشداریکردنە لە بەرەو پێشبردنی رەوتی رۆشنبیری

کوردی ، بۆیە داوا لە خوێنەران و رەخنەگرانی کورد دەکەم کە بە بایەخەوە سەیری ئەم بەرهەمە بکەن و بیخوێننەوە و لە سەری بنووسن و لایەنە چاك و خراپەکانی بە دیار بخەن ، تاوەکو گەر هەر کەم و کوریەکیشی هەبێت لە چاپەکانی تردا راست بکرێتەوە .

نووسەر کارێکی زۆر باشیش دەکات کە نووسینی خۆی پێش چاپ کردن بە خەڵکانی تر پێشان دەدات ، چونکە مرۆڤ ناتوانێت هەموو هەڵەکانی خۆی ببینێ ، لە کۆتایشدا هیوادارم کە عەلی کەندی ئەم توانا باشەی هەیەتی لە بواری کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی بەڵگەنامەی تایبەت بە مێژووی کورد و لێکۆڵینەوەی مێژوویدا بەکاربهێنێت . بەمەش بابەتەکانی نووسینی لە باشەوە بەرەو باشتر دەچێت و هەر نووسەرێکیش لە پرۆسەی نووسیندا بریتیە لە چەند قۆناخێك .

د . محەمەد عەبدوڵلا کاکە سوور

جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژووی کوردستان و

سەرنووسەری گۆڤاری مێژوو و

سەرۆکی بەشی مێژوویی ئێواران / کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی

سەلاحەدین ٢٥ /٧/ ٢٠٠٩

پێشـەکی

دوکتۆر مارف خەزنەدار

فەرهــەنگی زمــان و ئــەدەب و زانــستی و هونــەر بەهــەموو بابەتەکانیــەوە، هــەروەها ئەنسیکلۆپیدیاو ڕێبەری هەموو شتێك و بیبلیۆگرافیای تایبـەتی و گشتی لەگـەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمـەڵ نرخیـان گرانترو پێویـستیان زیـاتر دەبێ. ئەگـەر لـەڕۆژگاری ئـەمڕۆی تەکنۆلۆجیاو ئەنتەرنێت و مۆبایل بیری کەسانێك بۆ ئەوە بچێ سەرچاوەکانی فەرهـەنگی زمانو ئەنسیکلۆپیدیاو بیبلیۆگرافیا ئـەو نرخـەیان نامێنـێ، یـا کـەس پێویستی پـێ یـان نابێ بەهەڵـە چـووە، چـونکە هێشتا ئـەم ئامـارە تـازە داهاتوانـە بەسـەرهاتو کـردەوەو پاشماوەی مەدەنیەتی چەندان هەزار ساڵەی ژیانی ئادەمزادیـان تۆمـار نـەکردووە لـەمرۆڤی نیاندرتالەوە تا ئادەمزادی سەردەم.

ئەمە ماوەیێکی زۆری دەوێ، جگە لـەوەی ئـەم ئامارانـەش لەبەردەستی هـەموو کەسێك نـین، تـەنیا خوێنـدەوار کـەڵکیان لێ وەردەگـرێ. ئـەدی نەخوێنـدەوار لەسـەر ڕووی زەوی ژمارەیــان چــەندە! نــەك تــەنیا ئەمــە، بــەڵکو بەتایبــەتی لەهــەموو ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاسـتو کوردستان ژمارەی نەخوێندەوار چەندە!

لەبـەر ئـەوەی ئـەو سەرچـاوانەی باسـم لێـوەکردن لـەناو کۆمـەڵی ئێمـەی کـوردەواری بایەخیان پێ نەدراوە، لـەم لایەنـەوە نامەخانـەی کوردی هـەژارە، لێرەدا پێویـستە ئەوەمان لەیاد نەچێتەوە یەکێ لە مەرجە هەرە گرنگـەکان ئەگـەر کۆمەڵـە خـەڵکێك خۆیـان بە نەتـەوە (الأمـة Nation) بـزانن پێویـستە تۆمـاری زمـانو ئـەدەبو مێـژوو و جوگرافیـاو کولتـووری نەتەوەیی یان هەبێ، ئەوەی ئەم هـەموو مەرجە کولتووریانـە دەپارێزێ و ڕێکـی دەخـا ئـەو کارەیە کە بەشێکە کەوتۆتە ئەستۆی عەلی کەندی.

تاقیکردنـەوە لـەناو کـوردەواری ئێمـەدا لـەم بابەتـەوە کەمـە، ئـەوەی کـراوە لـەو پلەیـەدا نییـە بـاوەڕی تـەواوی پـێ بکـرێ، چـونکە دوو هـۆی سـەرەکی دوژمنـی ئـەم جـۆرە کـارە زانــستییانەن، یەکــەمیان ئیدۆلۆجییــەتو دووەمیــان ســۆزی نەتــەوەیی (قــەومی)، ئــەم دیاردانە هەوێنی کاری داهێنانی ئەدەبی و هونەرین، بـەڵام پێویـستە زۆر دووربن لـە کـاری لێکۆڵینــەوەی زانــستی، بەتایبــەتی فەرهــەنگو ئەنــسیکلۆپیدیا. لــەناو میللــەتانی کــەم

پێـشکەوتوودا شـوێنەواری ئـەم دوو ڕەوشـتە سـایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیـە تـا پلـەیێك دەمێنێ.

عـەلی کەنـدی خـۆی لـەم کـارە قـورس و پـڕ هـەوەس و بـە کەڵکـە داوە، بـۆ ئـەوەی ئـەم لایەنەی نامەخانەی کوردی هەندێ دەوڵەمەند بکا. بەناوی ڕێـز لێنانـەوە پێـی خـۆش بـوو دوو قسەی بۆ بکەم، منیش بەناوی ڕێز لێنانەوە پێویستە داواکاریەکەی بهێنمە دی.

ئەم کـارەی دانـەر بەبێ سەرچاوە نەگەیشتۆتە ئـەنجام. ئـەم سەرچاوانەش دەکرێن بـە دوو بەشـەوە، سەرچـاوەی ڕۆژئـاوایی و ڕۆژهـەڵاتی. ئەوانـەی ڕۆژئـاوا مـەرجی ڕاسـتی و بابەتیان تێدا هەیە، بـەڵام سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیـەکان، بەتایبـەتی کوردییـەکان هەندێ جار جێـی متمانـە نـین، چـونکە ئیدیۆلۆجییـەت و سـۆزی نەتـەوەیی تیایانـدا کـاری خۆیـان کردووە، لەو کاتەی ئەو جۆرە فیکرو سۆزە پێویستە لەکاری لەم بابەتـەوە دوور بکەونـەوە، هـەر چۆنێ بێ ئەگـەر شێوازی ئیدیۆلۆجی و عـاتیفی لەهەنـدێ جێگـە لـەم کـارە گرنگـەدا بەرچاو بکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان بەتایبەتی کوردییەکان .

هـەروەها ئـەم دیاردەیـە هەنـدێ جار لەسەرچـاوە ئەوروپاییـەکانیش دەکەونەبەرچـاو، بـەوەی ئـەو کتێبانـەی لـەزمانانی ئەوروپاییـەوە وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمـانی کـوردی لەهەندێ شوێن ئەمانەتی زانستیان تێدا وون بووە یا بەشێوەیێك دەسکاری کراون.

هەر چۆنێ بێ ڕۆشـنبیری کورد عـەلی کەنـدی کـارێکی گـەورەی کـردووە، ئەمـە تـەنیا لـە کتێبـی "مێژوونامـە"دا ناکەوێتـە ڕوو، بـەڵکو لـەپێش ئـەوە هەنـدێ کـاری دیکـەی لـەم بابەتەوە بەرهەمی ئەو کۆششە بووەو بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەکارەکەی دا بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگو ئەنسیکلۆپیدیای بەکەڵکی دیکە.

لـەم مەیدانـە گرنگـەی کولتـووری هـەموو نەتـەوەیێك عـەلی کەنـدیش دەبێتـە سـەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە. ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە، بەڵکو لەهـەموو گێتـی دا سوود بەخوێنـدەوارو ڕۆشـنبیران دەگەیـەنن، کەچـی نووسـینەکانیان دەبـن بەسەرچـاوەی بنـچینەیی بـۆ هـەموو جـۆرە بەرهـەمێك، بـەڵام ناویـان ناچێتە نـاو بیبلیۆگرافیـای ئـەو کتێبانەی خاوەنیان سوود لەکارە فەرهەنگیەکانیان وەردەگرن.

دەسخۆشـی لەبـەڕێز عـەلی کەنـدی دەکـەم ، هیـوام وایـە لەسـەر کارەکـەی بـەردەوام بـێ، هەمیشە ئەوەی کردوویەتی بەکەمی بزانێ بۆ ئەوەی زیادی بکا.

هەولێر : مەڵبەندی ڕووناکی

٤ ی مایسی ٢٠٠٧

دەســپێك بۆ چاپی یەکەم

خووێنەری بەڕێز :- ئەوەی دەیخەمە بەر دەستتان کارێکی مێژوویی گرنگە لە مێژووی ڕووداوەکانی کوردو کوردستان و وڵاتانی جیهان لە ٢٠٠١/١/١ زاینی تاکوو ٢٠٠٦/٦/١ بەپێی قۆناخە تێپەڕبووەکانی پەرەسەندن و پێشکەووتن و گەشەکردن لە هەموو بوارە جیاجیاکانی نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕامیاری و ئابووری و سەربازی و زمان و مێژوو کەلتوورو داب و نەریت و شووێنەوارو شارستانیەت.لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەرەو دامەزراندنی کەسایەتی تاک و خێزان و بنەماڵەو کۆمەڵگاو نیشتمان و نەتەووەو زمان و مێژوو و داب و نەریت و کەلتوورو شووێنەوارو بەرەو شارستانیەت، بەپێی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان .

کە هەر هەمووی لە ئەنجامی کێشەو ململانێی بەردەوام بووە چ لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و سەلماندنی بوونی خۆیی و چ لە ململانێی ناو خوودی مرۆڤایەتی . لەپێناو پێك هێنانی یەکەم:- نیشتمان و، دووەم :- نەتەووەو دوایی بە چەسپاندنی سنوورو دەسەڵات و دەووڵەت و بەرەو دام و دەزگاکان .

کوردیش نەتەوەیەك بووە لەپێشەوەی بەر لە نەتەوەکانی دیکەی سەر زەوی لەناو ئەو کێشەوململانێیەدا خوولایتەوە ، کورد بەر لە ٢٨٤٥ ساڵ خاوەنی ٢٧ وویلایەتی خۆیی بووەو ٢٧ سەرۆك و شانشین دەسەڵاتداریەتی نیشتمان و گەلەکەیان کردووەو بەردەوام بوونە لە پاراستنی دەسەڵاتەکەیان ، کە پایتەختەکەیان هەمەدانی ڕۆژهەڵاتی کورستان بووە، خاکی کوردستان و گەلەکەی سەرچاووەی یەکەمی بە دەست هێنانی باری پیشەسازی و کشتووکاڵ و بناسازی و بازرگانی بوونەو سەرچاووەی پەرەسەندن و پێشکەووتن و

گەشەکردنی گەلانی دیکە بوونە . بە تایبەتی سۆمەری و بابلی و هەروا،...
هەتا لە بوواری نووسین بەهەموو بووارەکانی کە بەر لەو مێژووەی سەرەوە لەسەر خاکی کوردستان گەلەکەی نووسین و خوێندنی بەدەست هێناوە . لە بەرئەوەی مێژوو و جووگرافیا جەستەیەکی زیندووی هاوبەشن لە دوو ڕێگای هاوسەنگ بە سەلماندنی بوونی یەکیان بۆ ئەویدیکە بە پێچەوانەش ڕاستە.

جا هەر کارێکی سەربازی یاخوود نەتەوەیی . یاخوود جووگرافی و ئابووری ، کە ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی هەبووەو هەیە لە کاردانەوەی لەسەر لایەنەکەی دیکە بە هۆی دابەش بوونی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بەدوو بەشی دژ بەیەکتر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و کۆتایی نایەت تا کووتایی مرۆڤ ئەویش بە نەمانی ژیان لەسەر زەویدا . زانستەکانی مێژوو سرووشت و کۆمەلایەتی ئەوەیان سەلماندووە کە مێژوو گەنجینەیەکەو باش و خراپ دەچێتە ناو لاپەرەکانی... مێژووی پەرەسەندنی قۆناخە یەك لە دووای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە کردارە نالەبارو لەبارەکان ... لە نێووان چەووسانەووەو چەووسێنەرەوە ... لە داگیرکردن و لە ڕزگار کردن... لە سەرکەووتن و لە ژێرکەووتن و بەزاندن... لەئاوەدان کردنەووەو لە وێرانکردن ... لە دەووڵەمەند بوون و لە بەهەژار کردن... لە بوون و لە مردن... لە سەرهەڵدان و لە تووانەوە ... لە قەدەخەکردن و لە ماوەدان ... لە دادپەروەری و لە ستەمدیدەیی ... لەدزین و تالانکردن و لە یارمەتیدان و پێدان و دابین کردن... لە ڕاست گۆیی و لە ناراستی و فرت و فێل ... لەخۆشی و لە کارەسات ... لەداگیرکردن و لە ئازادکردندا.

ئەمانە هەرهەمووی بەکاری مێژوویی دەچێتە ژوورەکانی تۆمارکردن هەر یەکەو لە لاپەرەکانی خۆی بەجیاو ، هەر یەکێش لەووانە بەیەکەوە بەستراووەنەتەووەو هێزیش نیە بتووانێ یەك دێر لە دێرە تۆمارکراوەکانی

مێـژووی تۆمـار كـراو بـشێوێنێ، چـونكه بـه ملیۆنـه‌ها لاپـه‌ڕه خـۆی تۆمـار كردووه‌و بێ ئه‌وه‌ی كرداری كاره‌كه هه‌ستی پێ بكات له به‌رامبه‌ریدا.

بـه‌ڵام لـه دوای خۆتۆمـار كردنـه‌كانی ورده ورده خـۆی ده‌رده‌خـات و ڕاسـت و چـه‌ووته‌كان و بـاش و خراپـه‌كان بـه ڕووی كـرداری كاره‌كـه دا ده‌داتـه‌وه بـه‌پێی قۆناخه یه‌ك له‌دوای یه‌كه‌كاندا .

خووێنـه‌ری بـه‌ڕێز :- چ سرووشـت و چ مـرۆڤ ، دوو جه‌مـسه‌ری به‌یه‌كـه‌وه به‌سـتراون له‌خـه‌بات و هاوبه‌شـی به‌یه‌كـه‌وه ژیـان و یـه‌كیان بـه‌بێ ئه‌ویدیكـه‌یان به‌مردوو ده‌مێنێته‌وه ، له‌هه‌مان كات دژ به یه‌كترن له‌پێناو خزمه‌تكردنی یه‌كتری له نـاو هـه‌ر یه‌كیان ، به مانایـه‌كی دیكه، كۆمه‌ڵگای مرۆڤایـه‌تی خـۆی لـه خۆیدا كێـشه‌و ململانێیـه لـه دوو جه‌مـسه‌ردا ، هـه‌روا لـه‌ناو سرووشتیـشدا... بـه‌پێی یاسـاكانی كۆمـه‌ڵ و سرووشـت وه‌ك یاسـاكانی (وحـدة وصـراع الاضـداد- نفـي نفي- كمية و نوعية- الشكل والمحتوى- الصدفة والضرورة).

جا له به‌رئه‌وه به‌پێی په‌ره‌سه‌ندنی ته‌مه‌ن ، پـه‌یتا پـه‌یتا سـاته‌كان و كاتـه‌كان و ڕۆژه‌كـان و چـاخه‌كان ، سـه‌ركرده‌كان دێـن و ده‌ڕۆن و ڕاده‌بـوورن... چـونكه هـه‌ر كارێك گه‌ر سه‌ره‌تای هـه‌بێت كۆتـایی هه‌یـه‌و به‌پێچه‌وانه‌ش زۆر ڕاسـته ... له‌به‌ر بـوونی كێـشه‌و ململانـێ و تـه‌نگ و چه‌له‌مه‌ی نێـوان ئـایین و زانـست له‌ناوچـه‌و هـه‌رێم و جیهـان ، لـه پێنـاو سـه‌ركه‌وتنی یـه‌كیان به‌رامبـه‌ر ئه‌وویدیكـه‌یان و له‌ناووبردنی یه‌كیان به‌رامبه‌ر ئه‌وویدیكه‌یان به‌رده‌وامه .

ئـه‌وه‌ی مـن بـیری لێده‌كه‌مـه‌ووه‌و كردوومه‌تـه‌وه . هـیچ شـتێك كۆتـایی نیـه‌و مالانهایه‌یه‌و هه‌رده‌م لـه گۆڕینداپه بۆ گـۆڕانێكی دیكـه ، گـه‌ر وونـیش بێـت لـه قۆناخێـك بـۆ قۆنـاخێكی دیكـه... واتـه مێـژوو خـوول ده‌خوواتـه‌ووه‌و ژیـانیش به‌رده‌وامـه‌و بـه‌رده‌وام ده‌بـێ ، گـه‌ر قـه‌ده‌ری لێـك ترازانـی گـۆی زه‌وی له‌گـه‌ڵ كۆمه‌ڵه‌ی ڕۆژه‌كانی دیكه‌و به بوونی به‌زریانێكی خۆڵاوی و به‌ره‌و ئه‌ستێره‌یه‌كی دیكه‌ی به‌هێزتر، ئه‌وكات ژیان لـه سـه‌ر ئـه‌و زه‌ویـه كۆتـایی دێـت لـه سـه‌ر ئـه‌م هه‌ساره‌یه‌دا .

دڵنیاشم لەوەی کە ژیان لە سەر ئەستێرەی دیکە لە گەردوون دا هەیە وەك ئێستای ئێمەو هەمان باروو دۆخ دەگرێتە خۆ، بەڵام لە شێووەو شێووازێکی دیکە ، بە هەمان یاساکانی کە لە سەرەوە باسم کردووە . کە ئەو پێنج یاسایە بەندە بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سرووشت... سەرجەم رۆژەکانی هەفتەو مانگ و ساڵ پڕن لە رووداو کارەساتی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی و فرمێسك رشتن و پێکەنین لە هەموو بووارو لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیان چ بە نەخشێنراو چ بەخۆڕسکیەوە.

خووێنەری بەڕێز:- بەر پابوونی رووداوەکان چ ناخۆش و جەرگبڕبن یاخوود رووداوی مووژدەبەخش و دلخۆشکەر بن ... لاپەرەکانی مێژوو بەدەست پاکی و بەئەمانەتەوە لە لاپەرەکانی رۆژنامەی ژیانی خۆی تۆماریان دەکات ، گەر تۆو هەر کەسێکی دیکەو لایەنێك و هێزێك و بنەماڵەیەك بەرگری لە خۆی بکات... چونکە مێژوو لە گەڵ پەرەسەندنی ژیان بەردەووامە، مرۆڤ مێژوو دورست دەکات بەپێچەوانەش راسترە ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات و مردنی بۆ نیە ، تەنیا مرۆڤ و ئاژەڵ و گیان لەبەروو داروودرەخت و شاخ و داخ نەبێت . کە بوون و مردنی تیا بەردەوامە هەر یەکەو بەپێی بارودۆخی تەمەن . کارووانی پەرەسەندن و پێشکەووتنی مرۆڤایەتی لە قۆناخە جیاجیاکاندا ، کە نەتەوە سەرهەڵدەدەن و دەتووێنەوە ، چیاو شاخ و دۆڵ تەخت دەبن و چیاو دۆڵ و شاخی دیکە سەرهەڵدەدەن ، دەریا لەجێگەی خۆی وون دەبێ و لەجێگەی دیکە سەر هەڵدەدەن . هەروا بەرامبەر بە سرووشت و گەردوون و مرۆڤ و کەش و هەواو ئەستێرەکان ، کە هەر هەمووی بە یاساکانی سەرەوە بەستراوەتەوە ،. لەهەمان کات مێژووش لەناو ئەو یاسایانە لەکارەکانی خۆی بەردەوام دەبێ ، لە بە ئەنجام گەیاندنی کاری فەرمانبەریەتی خۆی لەکات وساتەکان و کاری ئەمرۆی ناخاتە رۆژی دوواتر لەهەموو بووارە جیاجیاکاندا.

جا بە هەر حاڵ ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەبینین ، کەباروودۆخی ناوچەو هەرێمە جیاجیاکان و وولاتانی جیهان بەقۆناخێکدا تێپەدەڕێت کە لەژێر دەستی

سەرەك كۆمارو شانشینو ئەمیرو سەرەك پارتو گرووپو ڕێكخراوی نەتەوەیی و نیــشتمانی و ئیــسلامی و كۆمەڵایــەتی و ئــابووری و بنەماڵــە بــەبوونی داد پەروەری و نەبوونی دەكەوونە بەر دەستی سزای گەل بەپێی تۆماركراوەكانی مێژوو بۆ دادگایكردنیان لەدزینی سامانە هەمەجۆرەكانی گەل ونیشتمان .

هــەروا لــە هــەموو بــوارە جیاجیاكــانو هــەنگاوونان بــەرەو چەسـپاندنی دادپــەروەری بەرێنماییــەكانی مێــژوو، بــەرامالینی بــیروو بۆچــوونی چــەوتی خۆپەرســـتی و خۆویـــستی و فەســـادو دزی وگەنـــدەڵی، بەهێنانەكایـــەوەی دادپەروەری لەكارو ژیانو لەئەركو مافدا....!!

بۆ مێژوو دەڵێم تورکو فارسو عەرەب ، لە هەمووکاتو ساتێکدا دووژمنی یەكتر بوونە بەپێێ ڕووداوەكانی مێژوو . لە هەموو بوارەجیاجیاكان،.. تەنیا لەسەر چاسەرەنەكردنو پێشێل كردنی مافی كورد ، هاووخەباتو هاووبەشو هاووخەمی یەكتر بوونە ، . بەتایبەتی لە دوای دروست كردنی سنووری جووگرافی وولاتەكانیان لەسەر خاكی گەلانی هەرێمەكە بەتایبەتی لە سەرخاكی كوردستان...!. سەركردایەتی كوردیش بگرە لە سەرەتای بوونی دەسەڵاتیان لەسەر تیرەو هۆزو ئیمارتو بنەماڵەو پارتو ڕێكخراو لە هەموو بووارە جیاجیاكان دژی یەكتر بوونەو مێژوو بوونی گەلو نیشتمانیان پڕكردۆتەوە لە شەڕی خۆكووژیو كێشەو ململانێ ، لە ئاسانكاری كردن بۆ دووژمنانی گەلو نیشتمان، تەنیا لە سەر دەسەلاتو سامان كۆك بوونە .

كە ئەمەش دوو هۆكاری سەرەكی بنەڕەتی بوونە لە نەگەیشتنی كورد بە وولاتێكی سنووورداری قەووارە سەربەخۆ . وەك وولاتانی دیكەی جیهان، كە كورد لەكیشوەری ئاسیا لەنەتەوە یەكەمەكانی ئەو كیشووەرە بوونەو دوا نەتەوەش بوونە لە بەدەستهێنانی وولاتێكی سەربەخۆدا..!!..!!..

جا هیووادارم لەناوەڕۆكی پێشەكیەكەم گەیشتبن ، كە ئەوەی لەتووانامدا هەبووەو دەستم كەوتووە لە مێژووی ڕووداوەكانی كوردو كوردستانو داگیركەرانی كوردستانو ناووخۆی كوردستان و گەلانی جیهانم كۆكردۆتەوە

بەرۆژو مانگ‌و ساڵ لەو کتێبە تۆمارم کردووە بەدڵنیاییەوە .

دڵنیاشم لەوەی کە مێژووەکان لە ٩٩٪ راستن بەپێی مێژووی سەرچاوە کوردیەکان‌و عەرەبیەکان‌وبە تایبەتی بیانیەکان ، وەك لە کۆتایی کتێبەکە سەرچاوەکان هەمووی تۆمار کراوە ... لە هەمان کات بەشێووەیەکی رێك‌و دورست لە زجیرەیەکی یەك لە دووای یەك‌و ساڵ بەساڵ بەپێی دەست کەووتن‌و برووا پێ بوون تۆمارکراون..

خووێنەری بەرێز:- لە کۆتاییدا هیووادارم خزمەتێکی بچووکی مێژووی گەل‌و نیشتمانەکەم‌و سەرجەم مێژووی گەلانی دیکەی جیهان‌و مرۆڤایەتیم کردبێ ، بە دەووڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی ، هیووادارم کە ئەم کتێبە ببێتە هۆکارێکی زیاتر دەووڵەمەند کردن‌و پەرەپێدان بە پەرتووکخانەی کوردی‌و بیانی لە هرێم و ناوچەکەدا . بەتایبەتی وولاتانی دراووسێیی داگیرکەری کوردو خاکی کوردستان ، بە تێگەیشتنیان لە راستیەکان و هەڵەی رابردوویان‌و گەرانەوە بە گرتنەبەری بنەماکانی ژیانی بەیەکەوەی سەردەمیانە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی خۆیی‌و بوونی دراووسێیەتی برایانە .

هیوادارم کە یارمەتی دەرم بن لە هەر رەخنەیەك یاخوود کەمووکووریەك کە لەناوەرۆکی کتێبەکەم بەدی دەکرێ.. تا بە هاووکاری‌و یارمەتی ئێووەی بەرێز راستبکرێتەوە ، بۆ زیاتر پووختکردنی ، کە مایەی خۆشحاڵی‌و دەستخۆشییە...

ئەویش بە پەیووەندی کردن بەژمارە مۆبایلی ٤٥٤٨٠٩٨ یاخوود ئاریافۆنی ژمارە / ٠٦٦٠٢٥٣٣٥٢٢.

لە گەڵ رێزم بۆ هەڵگری ئەم مێژوونامەیە.

عەلی کەندی

باشووری کوردستان – هەولێر

٢٠٠٣/٣/١

۱۹۵۲

٤/ ۱/ ۱۹۵۱ لە ماوەی شەڕی نێوان کۆریای باکوورو کۆریای باشوورو لە ئەنجامی ئەو شەڕە پایتەختی کۆریای باشوور– سیئۆل- کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووپای مللی کۆریای باکوور لە وڵاتەکەدا .

۱۹۵۱/۱/۹ کردنەوەی بارەگای سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری نیورۆك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

۱۹۵۱/۱/۱۱ بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەی خەبات بە زمانی کوردی و عەرەبی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق ، کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە باری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو پەیوەندی کۆمەلگای ئێراق بەهەموو پێك هاتەکان لە وڵاتەکەدا .

۱۹۵۱/٥/۱ خۆماڵی کردنی پاڵێووگەکانی نەوتی ئێران ، لە لایەن ڕژێمی شانشاهی محەمەد رەزا شا ، کە زۆربەی پاڵێووەگە نەوتیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی شا لە ئێرانی بەرکەووت لە هەرێمەکەدا .

۱۹۵۱/٥/٤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کێشوەری ئاسیا خوولی یەکەمی یارییەکانی

ئاسیا ئەنجام درا لە شاری نیودەلهی پایتەختی هندستان کە ١١ وولات بە شداری تێدا کردو یاریزانی مەلەوانزانی سەنگافورە - نیوتش کۆل- یەکەم یاری زان بوو لە یارییەکانی ئاسیا سەرکەووتنی بە دەست هێنا. لە ماوەی -١٥٠٠م - لە رۆژی کردنەوەی پاڵەوانیەتیەکە بەرامبەر بە وولاتانی بەشدار بوو لە کێشووەرەکەدا .

١٩٥١/٥/١٨ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامۆژگاری ئەو وولاتانەی کرد کە بە گەمارۆ خستنە سەر ئەو وولاتانەی کە هەڵدەستن بە بەرهەم هێنانی چەکی هەمە جۆری جەنگی کۆمەڵ کووژیو وێرانکردن لە وولاتە جیا جیاکانی جیهاندا .

١٩٥١/٦/١٠ سۆسیال ئینتەرناسیۆناڵ رێکخراوەیەکی جیهانیە و زۆرینەی پارت و رێکخراوە سۆسیالستی و کرێکاریەکانی جیهان لەخۆ دەگرێ ... سۆسیال ئینتەر ناسیۆناڵ بەم فۆرمەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهان ، یەکەم کۆنگرەی خۆی لە شاری فرانکفۆرتی ئەلمانیا گرێدا ... و - مۆرگان فلیپسی - وەك یەکەم سەرۆکی خۆی دیارکرد .

ئەم رێکخراوەیە تاکوو ئێستا لە رۆژی دامەزراندنیەوە هەشت کەس سەرۆکایەتی کردووە ... دوای سەرۆکی - جۆرج پاپاندۆری - سکرتێری پارتی پاسۆکی یۆنانی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ سەرۆکایەتی ئەم رێکخراوە دەکات ... ئەم رێکخراوەیە درێژکراوەی international workers association پەیوەندی کرێکارانی جیهانە کە لە ١٨٦٤/٩/٢٨ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دامەزراوە . ئەویش لە پێناو کۆکردنەوەی رێکخراوە سۆسیالستەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا . ئەویش پاش چەندین گۆرانکاریە جۆراوجۆرەکان و ئەم رێکخراوە ٥٧ ساڵە کاردەکات .

جێگەی باسکردنە کە بەشداری ٧٠٠ کەسی ئەندام لە ١٥٠ پارت و ڕێکخراو لە ١٢٠ وولاتی جیاواز لە جیهان سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ٦/٣٠ تا ٢٠٠٨/٧/٢ لە شارۆچکەی – لاگۆنسی – نزیک شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان ئەم ڕێکخراوەیە کۆنگرەی بیست و سێیەمی خۆی گرێدا ... لە دوای گفتووگۆ کردن لە سەر بابەتە سەرەکیەکانی ئەم کۆنگرەیە و لەکۆتایی سکرتێری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و سەرەك کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی بەجێگری سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرا. کە ئەمەش بارێکی گونجاو بوو بۆ داهاتووی گەلی کوردستان و پەیوەندیەکانی کورد لە گەڵ وولاتانی جیهان و بە پێچەوانەشدا کاردانەوەی کاریگەری خۆی هەیە لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانی لەکوردستان .

١٩٥١/٦/٢٥ مۆر کردنی ڕێکەووتننامەی نێوودەووڵەتی لە بارەی بارودۆخی پەنابەران ، لە ئەنجامی دەربەدەری میللەتان لە لایەن دەسەڵاتدارانی وولاتەکەیان بە هۆی نادادوەرانەو بەند کردنیان.

١٩٥١/٦/٣٠ گرێدانی کۆنگرە بە ناوبانگەکە لە شاری فرانکفۆرتی وولاتی ئەڵمانیا سازدرا ، ئەم کۆنگرەیە بە یەکەم کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆناڵ دادەنرێت ، کە ٣١ پارتورێکخراو بەشداریانتێدا کرد ، کە نووێنەری کیشووەرەکانی ئەوروپاو ئەمەریکاو ئاسیایان دەکرد... مەبەستمان ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆناڵە S1 ، کە ڕێکخراوێکی نێوودەووڵەتیە ، بۆپارتو ڕێکخراوە سۆسیال دیموکراتو دیموکراتی سۆسیالیستیەکان .

ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٨٦٤ دامەزراوە ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٧٢

جـارێکی دیکـه ڕێکخراوەتـەوەو بـە ئینتەرناسـیۆناڵی یەکـەم ناسـراوە لـە جیهانـدا ، لـە سـاڵی ١٨٨٩ دا ئینتـەر ناسـیۆناڵی دووەم دامـەزرا بەسـەر پەرشتی زاناو ناوداری جیهانیو هاوڕێی مارکس ، فردریك ئینگڵش.
ئـەویش تـا سـاڵی ١٩١٦ بـەردەوام بـوو، دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٩٢٣ بـە سەرپەرشـتی یەکیـەتی سـۆڤیەت ، کـە ڕابەرایـەتی دامەزرێنـەری ڕژێمـی سۆشیالیـست لـە ڕووسـیا – لیـنین – و پـارتی کۆمۆنیـستی سـۆڤیەت کۆنگرەیـەکی دیکـەیان سـازداو خـۆی بنیـاد نایـەوە ، بەمـەش ئینتـەر ناسیۆناڵی سێیەم ڕاگەیانـدرا بـە نـاوی – کۆمـەنترین– دوای ئـەوە بـە هـۆی هەڵگیرسـانی جـەنگی دووەم جیهـان لێـك هەڵووەشـایەوە لـە کێـشووەرەکەو جیهاندا .

١٩٥١/٧/١٥ کۆچـی دوایـی نووسـەرو ڕوونـاکبیری نەتـەوەیی مامۆسـتای – جـەلادت بەدرخان – لە ئاوارەییدا لـە ڕۆژئاوای کوردستانی لێکدراوە بە سووریا لـە شاری –دیمەشق– ی پایتەختی سووریا.

تێبینی:– لە ناوەرۆکی کتێبەکە خەبات و تێکۆشانی ئە و بەماڵەیە بە شێوەیەکی دیار نووسراوەتەوە .

١٩٥١/٩/٨ مـۆرکردنی ڕێکەوتننامـە لـە نێـوان ئەمـەریکاو یابـان لـە دوای کـشانەوەی هێزەکـانی سـووپای ئەمـەریکا لـە یابـان ، دوای ئـەوە مـافی بـە ئەمـەریکادا بەدامەزراندنی بنکەی سەربازی لە سەر خاکی یابان بە پێی ڕێکەووتنەکەدا .

١٩٥١/١١/٢ گرێدانی کۆنگرەی ئەسینای پایتەختی یۆنان دژی ڕژێمی ئیمپریالیزمی جیهانی ، کە کەسایەتی ناوداری کورد خاتوو – ڕەوشەن بەدرخان– بە نووێنەری کورد لە کوردستان بە وتەیەك بەشداری تێدا کرد ، ئەویش لە سەر بارو دۆخی کێشە هەڵواسراوەکانی گەلی کوردستان بوو لە کۆنگرەکەدا .

بەڵام کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان بە گشتی بە پێی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکانی پەرەسەندن و پێشکوتن نە چۆتە پێشەوە لە بە دەست هێنانی مافە رەواکانی بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا لە عەرێم و ناوچەو کێشووەرەکەدا ، وەك ئەو وڵاتانەی کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهان بە دەستیان هێناوە ، کە ژمارەی دانیشتووان و رووبەری خاکەکەیان بە قەدەی ڕێژەی دانیشتووان و رووبەری خاکی کوردستان نیە لە کێشووەرەکەدا لە گەڵ چەندین بواری دیکەدا .

١٩٥٢

١٩٥٢/١/٢ وڵاتی لیبیا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بەدامەزراندنی ڕژێمی شانشینی دەستووری ، کە شانشین ئیدریسی یەکەم دەسەڵاتی لیبیای

گرته دەست لە سەر وولاّتەکەدا ، ئەویش لە شاری — تەرابلس — ی پایتەخە ، کە ژمارەی دانیشتووانەکی ، ١,٧٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە لە شارەکەدا .
هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەکەی ،٥,٩٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاّتەکەی ، ١,٥٧٩,٥٤٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە .
هەروا چڕی دانیشتووانەکەی /٩ نۆ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، عەرەبی بەر بەر ٩٧٪ . لە دانیشتووانی وولاّتەکەدا .

١٩٥٢/٢/٦ هەموار کردنی ڕێنمایەکانی سووێند خواردنی شانشینەکانی بەریتانیا ، کە شانشین ئەلیزابیت سووێندی یاسایی خوارد بە سەرۆکی بالاّی ڕایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیاو هاوبەشی ئازاد لە رایەلەی وولاّتانی کۆمەنوولس لە بەریتانیا .

شایانی باسە کە شانشین ئەلیزابیت دەسەلاّتی فیتۆی هەیە لە هەر کارێکی بڕیاردان و یاسا لە ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا .

بەلاّم ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە ، خۆی دوورە پەرێز گرتووە بۆ سەقامگیر کردنی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی گەلانی بەریتانیا و دەسەلاّتە یەك لە دوای یەکەکانی نێوان پارتی کرێکاران و پارێزگاران لە رامیاریەتی وولاّتەکەدا .

١٩٥٢/٢/٢٠ شانشین جۆرجی شەشەمی شانشینی بەریتانیا کۆچی دوایی کردو شانشین ئەلیزابیت جێگەی گرتەوە ، تاکوو تەواو بوونی ئەو مێژوونامە لە دەسەلاّت بەردەوام بوو لە سەر بەریتانیادا.

١٩٥٢/٣/٣ سەرۆك وەزیرانی ڕژێمی شانشینی لە ئێراق سالح جەبر سەردانی شێخ مەحمودی نەمری کرد لە شاری سلێمانی و بەیەکەوە وێنەیان گرتوو باری ئێراق و کوردو ناوچەکەیان هەڵسەنگاند لە پێناو بەرەو پێشبردنی کێشە هەڵوواسراوەکاندا .

١٩٥٢/٥/٥ سەرەك وەزیرانی ئێراق —ساڵح جەبر— لە گەشتێکی دا بۆ شارەکانی کوردستان ، وەك پارێزگاکانی کەرکوك و هەولێرو کۆیەو سلێمانی بە پێشوازی لێکردنی لەلایەن کەسایەتیە کوردو ئاغاکانی دزەیی و هەرێمی کوردستان ، لە پێناو بەهێز کردنی جێ پێگەی خۆی نەك یارمەتیدان

بەچارەسەری کێشەی کورد لە کوردستان .

١٩٥٢/٥/٢٦ مۆرکردنی ڕێکەووتننامە لە نێوان وولاتانی داگیرکەری ئەڵمانیا لە دوای جەنگی دووەمی جیهان .
کە ئەمەریکاو بەریتانیاو فەڕەنساو یەکیەتی سۆڤیەت ، بە کشاندنەوەی هێزەکانی سووپایان لە ئەڵمانیادا ، کە دوای ئەوە تەنیا هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە ئەڵمانیا مانەوە تاکوو تەواوبوونی ئەو مێژوونامەیە.

١٩٥٢/٦/١٢ کۆچی دوایی نووسەرو ڕۆشنبیرو شاعیری نیشتیمان پەروەری گەڵ ، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ناسراو بە - موفتی پێنجوێنی- لە هەرێمی باشووری کوردستان- گۆڕی مامۆستای کۆچ کردوو لە گۆرستانی حاجی شێخە لە شاری پێنجوێنە لە پارێزگای سلێمانی .
مامۆستا لە ساڵی ١٨٨١ لە گوندی بیستانەی سەر بەقەزای پێنجوێن لە باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە

١٩٥٢/٦/١٣ کۆمیتەی - وەزەی ئەتۆمی ئیسرائیل - دامەزرا . پاش ئەوە بە چەند مانگێك واتە لە مانگی /١/١٩٥٣ پرۆتۆکۆلی هاوکاروی گۆرینەوەی زانیاری لە نێوان فەرەنساو ئیسرائیل لە بواری تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی مۆرکرا . ئەم پەیوەندیە دوو قوڵیە لە بواری زانستی ئەتۆمی تاگەیشتە ئەوەی کەلە ساڵی ١٩٥٥ ، فەرەنسا بە یەکەمین ڕێکتەری ئەتۆمی بە ئیسرائیل بفرۆشێت ، لە ناوچەی دەیمومەی باشوری ئیسرائیل دابمەزرێنێ ، دوای ئەوە لە ساڵی

١٩٦٠. ئیـسرائیل بـه یارمـەتی وولاّتـه یـەکگرتووەکان رێکتەرێکیدیکـەی ئەتۆمی لەباشووری تەلئەبیب دامەزراند .

١٩٥٢/٦/١٨ هەڵووەشاندنەوەی ڕژێمی شانشینی له میسر بەڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر.

١٩٥٢/٧/١١ کۆچی دوایی مێژوونووسی نـاوداری کـورد – محەمـەد عـەلی عـەونی– لـه قـاهیرەی پایتـەختی میسر... شایانی باسـه ئـەو زانایـه بـوو، کـه شەرەفنامەی وەرگێڕایه سەر زمـانی عـەرەبی... ئـەم بنەماڵەیـه لـه ڕەسـەندا دانیـشتووی بـاکووری کوردسـتان بوونـه... گۆڕەکـەی لـه تەکیـەی شـێخ مغاوەره لەچیای . مقتەمیه ... شایانی باسه لەهەندێ نووسراوەی رۆژی کۆچی دوایی ئەم کەسایەتیه به٧/٤ دادەنێن لەو وولاّتەدا.

جێگەی روونکردنەوەیه که ئەم کەسایەتیه بەرێزە کوری حاجی عەبدولقادر عەونیه . نووسەرێکی بەرزو نیشتیمانپەروەرێکی کوردە ، له ساڵی ١٨٩٧ له شاری – سووێرەکە–ی سەر به پارێزگای دیابەکر – ئامەد – له باکووری کوردستان چاوی به جیهان هەڵهێناوە ، پلەی یەکەم و دووەمی خوێندنی له تورکیا تەواو کردووە .

دوای ئەوە بەرەو وولاّتی میسر دەچێت وله شاری قاهیرەی پایتەختی میسر لـه زانکۆی ئەزهـەری ئـاینی خوێندوویـەتی و بروانامـەی بـه کەلۆرێـسی لـه زانسته ئیسلامیەکان وەرگرتووە له زانکۆکەدا .

دوای ئەوە دەستی کردووە به خوێندن له بەشی جووگرافیاو بەشی مێژوو له کۆلیژی ئاداب له شاری قاهیرە . زمانـەکانی تـورکی و فارسـی و فەرەنسی و عەرەبی به باشی زانیووە ، ئەم کەسایەتیه له گەڵ بنه ماڵەی بەدرخانیەکان بەشداری کردووە له دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون به هۆی بیرووباوەری

کوردو کوردستان .
هەروا لە بەر ئەوە رژێمی تورك ماوەی پێ نەداوە بگرێتەوە باکووری کوردستان ، ... تادوا ساتەکانی لە ژیانیدا لە دیووەخانی شا فاروق کاری کردووە ، شای میسر ، کە لە بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشا بووەو ناسراو بوونە بە بنەماڵەی خدێووی ، بە وەرگێری زمانە رۆژهەڵاتیەکان دامەزراوە ، هەروا ئەم کەسایەتیە کوردە شەرەفنامەی لە زمانی فارسی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بە هۆی گرنگی ئەو دانراوەیە لە ساڵی ١٩٥٨ لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی میسر بە چاپگەیەندراوە لەم وولاتەدا.
هەروا وەرگێرانی خوولاسەی مێژووی کوردو کوردسان و مێژووی دوەل وئیماراتی کوردی مامۆستا ئەمین زەکی بۆ زمانی عەرەبی . هەروا لە چاپدانەوەی بەشی دووەمی – مەشاهیر الاکراد – ی مامۆستا ئەمین زەکی بەگ ... نووسینی کێشەی کورد – بەلەج شێرکۆ . لە گەڵ چەندین دەست نووس و وەرگێراندنی نووسراوو دانراوی نووسەرە بە ناوبانگەکانی کورد ، لە پێناو دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی و عەرەبی و بیانی لە جیهاندا .

١٩٥٢/٧/١٩ پێشبڕکێی یاریەکانی جامی جیهانی– ئۆڵەمپیات – لە شاری هلسنکی پایتەختی فیلەندە بەرێوەچوو، کە بەردەوام بوو تاکوو ٨/٣ هەمان ساڵ لە نێوان یاریزانانی یانەکانی وولاتانی بەشدار بوو لە وولاتە جیا جیاکان لە جیهاندا .

١٩٥٢/٧/٢٣ بەرپا بوونی شۆڕشی میسر بە سەرکردایەتی محەمەد نەجیب دژی رژێمی شانشینی لە میسر ، کە شانشین فاروق شانشینی میسر بوو لە نەوەی بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشای دامەزرێنەری وولاتی میسر بوو ، کە بەنەژاد کوردو لە پارێزگای دیاربەکری باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕوویان لەو وولاتە كرد بوو كە ناسرا بوون بە بنەماڵەی خدێووی لە جیهاندا .

١٩٥٢/٩/١٥ هێزەكانی سووپای بەریتانیا پەلاماری ئەریتیریای دا ، لە ئەنجام داگیریان كردو سەرپەرشتییان دەكرد ، وەك هەرێمێكی ژێر ئامۆژگاری نەتەوە یەكگرتووەكان . تا ئەو كاتەی لەگەڵ ئەسیووبیا یەكیان گرت لە یەك وولاتی سەربەخۆدا لە جیهاندا.

١٩٥٢/١١/٢١ محەمەد مەحمود سەواف لە هەوڵی ئەوە دابوو كە لە بواری ڕاگەیاندن جێگایەك بۆ بیروو باوەڕی ئیخوان موسلمین بكاتەوە ، لەم ڕۆژەدا یەكەم ژمارەی گۆڤاری هەفتەنامەی بەناوی – الاخوة الاسلامیة – بڵاوكردەوە ، كە خۆی سەرنووسەری گۆڤارەكە بوو .

ئەویش بە هۆی پەیوەندی باشی لەگەڵ حكوومەتی شانشینی لە ئێران ، بەو هۆیەوە توانی ڕەزامەندی لە وەزارەتی پەروەردە وەربگرێ ، كە گۆڤارەكە لەنێوو هەموو خووێندنگاكاندا دابەش بكرێ لەوولاتەكەدا.

١٩٥٢/١١/٢٢ گەورەترین ڕاپەڕینی گەلانی ئێراق لە شاری بەغدای پایتەخت ئەنجامدرا ، بە بەردەوامی تێكۆشان دژی دەسەلاتی شانشینی لە ئێراقی هاوپەیمانی بەریتانیاو ئەمەریكادا.

١٩٥٢/١٢/٣١ شاعیرو ڕووناكبیری نەتەوەو نیشتمانپەروەر مامۆستا – بەختیار زیوەر – كۆچی دوایی كرد لە شاری سلێمانی لە باشووری كوردستان كە ڕۆڵی باڵای هەبوو لەڕۆشنبیركردنی گەلی كوردستان .

جێگەی ڕوونكردنەوەیە كە مامۆستا ی ناودار بەختیار زێوەر ناوی تەواوی – فائیق عەبدوڵلاّمحەمەد مەلا ڕەسووڵ– ە , لە ناو شاعیرانی كوردا گەلێكی ئەو

تۆمان هەن ناویان لە بەرهەمیان بلاوترە ، یەکێك لەوانەش مامۆستا – بەختیا زێوەر – ە ئەم شاعیرە هەر وەك ژیانی بە ناخۆشی و پڕ لە ئازارو نەخۆشیەوە بردۆتە سەر و زووش مالئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی کرد لە هەرێمەکەدا.

هەروا پاش مەرگیشی و تا ئەمرۆش هەموومان لە خۆیی و لە بەرهەمی رەنگینی بێ دەنگ بووین . جێگەی داخە نووسەرو رۆژنامەنووس و شاعیرو هونەرمەندانی کورد لە ماوەی ژیانیاندا رێزیان لیناندرێ ، بەلام دوای ئەوەی کە مالئاوایی یەکجارەکی دەکات ، ئەوکاتە لە لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤاروشاشەکانی تەلەفزیۆن بە دوو دێر باسی دەکرێ . بەلام دوای چی...؟...!.

ئەم شاعیرە کوری مامۆستای شاعیر زێوەر ئەمەندیە ، کە لە سالی ۱۹۰۸ لە شاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەلهێناوە ، سەرەتای ژیانی مندالی وەك مندالانی دیکەی کورد خوێندنی لە – حوجرەی – فەقێیایەتی بردۆتە سەر ، دوای ئەوە چووەتە قوتابخانە و پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواوکردووە .

دوای ئەوە چووەتە شاری بەغدا و بەشداری لە خولێکی برینپێچی ئاژەلان – موزەمید بەیتەری – کردووەو چۆتە سەر ئەو ئیشە ، هەروا لە کاری فەرمانبەری لە ناوچەکانی سلێمانی باش گەراوەو ماوەیەك لە شارۆچکەی پردێ بووە ، لە سالی ۱۹٤٦ کاتێ قوتابخانەی ناوەندی شەو لە شاری سلێمانی کرایەوە ، بێ گوێدانە تەمەن مامۆستا بەختیار بوو بە قوتابی و لە سالی ۱۹٤۸ پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو دەکات .

هەروا لەو سالەدا بە هۆی کۆچی دوایی باوکیەوە ، تەواو بە دەست نەخۆشیەکەیەوە . کە زۆر سەرەتای دیار دەبێ و کاری لێدەکات و ناچار دەبێ روو لە شاری بەغدا دەکات و لەوێ نەشتەر گەری مێشکیان بۆ کردووە ، پاش ئەو نەشتەرگەریە بە شەش مانگ ، واتە لە ۱۹٥۲/۱۲/۳۱ مالئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی دەکات لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان و، گۆرەکەی لە گۆرستانی جۆگا لە تەك باوکیەوە بە خاك سپێردراوزە لە شارەکەدا.

هەروا بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە هەژارە و نیشتیمانپەروەرە لە دیوانە دەست نووسەکەیدا دوو پلە بۆ بەرهەمی خۆی دادەنێ .

یەکەم:- لە ١٩٢٨/٩/١٥ دەست پێدەکات تا ساڵی ١٩٥٠ ، کە دوا پارچە هونراوەی نووسیووەو پاش ئەوە نەخۆشی لەو دووساڵەی دوایی ژیانبدا رێگای نووسینی نەداوە . ئەم دابەشکردنەش شاعیر خۆی هەر لە بەر ئەویە کە لە سەر دەمی لاویدا شیعری ووتووەو پاشان وازی لێهێناوە و پاش دە ساڵێکی دیکە دەستی داوەتەوە شیعر نووسین لە هەرێمەکەدا .

دووەم:- دوای واز هێنانی لە شیعر دووبارە دەگەرێتەوە و دەست بە نووسینەوەی شیعر دەکات ، ئەمەش لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بوو لە ساڵی ١٩٤٥ . دیوانە شیعرەکەشی لە لایەن مامۆستا مەحمود زێوەر لە ساڵی ١٩٧٠ بە چاپگەیەندراوە . ئەم شاعیرەش چەند ووتاری لە سەر خۆیی و شیعرەکانی نووسراوە لە گۆڤارو رۆژنامەکان لە لایەن نووسەرو شاعیرانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستاندا .

سەرچاوە:- سوود لە گۆڤاری - رۆڤار - ژمارە/٤٦ وەرگیراوە.

١٩٥٣

١٩٥٣/٢/١٥ کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری پارێزگای هەولێر - سالح عەبدوڵلا سالح محەمەد- ناسراوە بە - سالح ئەیاغ - لە عەشیرەتی - ئایغ - ی هەولیری لە شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان . ناوبراو چەندین - خان - ی لە شاری هەولێر هەبووە وشارەزابووە لە جیا کردنەوەی مەڕو ماڵاتی خراپ لە باشەکان وخەڵکی لە کاتی کرینی مەرومالات وەك شارەزایەك لەگەڵ خویان دەیانبرد , بە ناوی ئەیاغ ناوبانگی دەرکردووە وناسراوە .

هەروا ئەم کەسایەتیە گەورەی عشیرەتی – ئایغ– بووە کە مانا کوردیەکەی – زیندیە – ، واتە نویٚ بونەوە ، کە ئەم ووشە تورکیەی بۆ دانراوە تەنها مەبەست ئەوە بوە کە ئەم عشیرەتە لە ترسی عوسمانیەکان و بۆ خۆ گونجاندن ئەو ناوەی بۆ دانراوە ، کە ئەمە ناوی عەشیرەتەکەیە لە پارێزگای هەولێرو بەو ناوە ناسرابوون . لە بەر ئەوە ئەو کەسایتیەو بنەماڵەکەیان ناوزەند بوونە بە ناوی ئایغ .

هەروا دایکی سالح ئەیاغ کە ناوی خاتوو – گورجی – بووە ئافرەتێکی ناسراو بووە لە پارێزگاکانی کوردستان مووسڵ ، نەك بە تەنیا پارێزگای هەولێر بە کاری بازرگانی کردنی بە کووتاڵ فرۆشتن و شارەزایی باشی هەبووە لەم بوارەدا .

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە سالح ئەیاغ یەکێك بووە لە دامەزراندن و بنیاتنانی گەرەکی تەیراوە، کە ئەو کاتە ئەو گەرەکە چۆل بوو کەسی تیانەبوو بەهۆی نەویرانیان لەبەر دزی و پیاوی خراپ ... لەو کاتەش تاهیر ئاغا بە سالح زیندی دەلیٚ تۆ پیاوێکی لیٚ هاتوو چاونەترسی برۆ خانوو بۆ خۆت لەسەر سامانی من بکە بەبیٚ بەرامبەر ، ئەویش دەست بە دروست کردنی خانووەکە دەکات لەو گەرەکە .

دوایی وردە وردە خزم و برادەری لیٚ کۆدەبنەوەو دوایش تاهر ئاغاش زیاتردەست بە دروستکردنی خانوو بەرە دەکات لەو گەرەکە و ناوزەند دەبیٚ بە ناوی تاهیر ئاغا .

هەروەها سالح ئەیاغ بەیتارێکی باش بووە وخەڵکی رویان تێکردووە و کۆرێکی بەناو قەرەنی ئەم پیشەی لیٚ فێردەبێت و تا ساڵانی ٢٠٠٦ لەم پیشەیە بەردەوام بووە .

کە گەلی کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان بەر شالاوە درندانەکانی دوژمنانی نیشتمانی کورد کەوتوون لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە بەتورککردن و بەعەرەبکردن و بە فارس کردن وبەر تواندنەوەی ناسنامەی کوردایەتی ونیشتیمانی و کەوتوونە چ لە ژێر دەسەلاٚتی ئیمپراتۆریەتەکانی رۆمان مەگۆل و فارس و عوسمانی و بەتایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی / ١٩١٤، کەتاکوو ئێستاش بەردەوامن لەناوبردن وزراندنی ناسنامەی کورد بەهەموو هۆز و

تیره و بنەماڵەو خێزان و کەسایەتیە ناودارو لێهاتووەکانی کوردستان .

یـەك لەوانـەش ئـەم عەشـیرەتە سـنووردارە کـە لـە بـەر هـۆی بـارو دۆخ و قۆناخـەکان نـاوی عەشیرەتەکە زینـدی بووە بە ئایغ... کە لـە بنـەرەتا نـاوی عەشـیرەتی زینــدی بــووە وەك عەشــیرەتەکانی دیکــەی ســەر ســنووری کوردسـتان کـە هەنـدێك بینـووو پروپاگەنـدەیان کـردووە کەئـەم عەشیرەتە تورکیـەو ئەویـدی عەرەبیـە ئـەوەیان فارسـیە ... بـەڵام هـەمووی بـۆ لـەناو بردنی ناسنامەو بونی کورد بووە لەسەر خاکی کوردستان .

بـەڵام خـۆراگری و ئازایـەتیان لـە نەدۆرانـدنی ناسـنامەی کوردایـەتیان بـەردەوام بوونـە لەروونکردنـەوەی بـاری عەشـیرەتەکە و بـەرگری کردنیـان لەناسنامەی کوردایەتی لە هەموو بارەدۆخێك .

گەر بەراوردێك بکەین لە نێوان مێژوو وخەبات و تێکۆشان و سەرهەڵدانی تیرەو هۆزەکانی کوردستان وا دەردەکەوێ ئەو عەشیرەتە کە نـاوی بنـەرەتی زینـدیـە دەگەرێتـەوە سـەر یـەکێك لەبنەماڵـەکانی دیـارکراوبوو هەرچـەند بەڵگەیەکی فەرمی نیە بۆ ئەم راستیە .

بە هەر حاڵ ئەو عەشیرەتە کە تائێستا لـە پارێزگـای هـەولێر و سلێمانی و هـەتا لـەباکووری کوردسـتان بونیـان هەیـە و کـوردن و نکـوڵی لـە کوردایـەتی خۆیـان وعەشـیرەتە کـەو بنەماڵـەوخێزان ناکـەن و بـەردەوامن لـە سـەر بـوونی کوردایـەتیان کـە هـەر لـەو بۆنـەوە لەروانگـەی گرنگـی دانـی بـەرێز مـسعوود بـارزانی بـە عەشـیرەتەکانی کـورد و تورکمـان و گـەلی کوردسـتان بەگـشتی بەرێز شێخ ادهـم بارزانی کـە سـەرۆکی عشائری کوردسـتان بـو لـە مـانگی/٥/٢٠٠٦ ، چەند کەسایەتی لەبنەماڵەو خێزانی ئەو عەشیرەتە بـانگ هێشت کـرد بۆچـۆنیەتی بـاری ئـەو عەشـیرەتە و یارمـەتی دانیـان بـە پێـی ئـەو بارودۆخە ی کە گەلی کوردستان پیێدا تێپەر دەبێ .

ئێستاش شێخ تارق نوێنەرایەتی ئەو عەشیرەتە دەکات لە هەموو بوارەکانی پەیوەندی و کێشەو گرفتەکان بە هەڵسوراندنی کـارە پێویـستەکان لـە پێنـاو گەشـە پێـدان و بـەرەو پـێش بـردن و لـە سـەر ئامـانج و ئاواتـەکانی گـەلی کوردستان و گێرانوەی نازناوی عەشیرەتکە بۆ سەر ناوی رەسەنی خۆی لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٥٣/٢/١٨ دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ، لە باشووری کوردستان.

١٩٥٣/٣/٥ کۆچی دوایی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و دەوڵەتی سۆڤیەت – جۆزێف ستالین – کە سەرکەوتنی لە جەنگی دووەمی جیهان بە دەست هێنا لە گەڵ وڵاتانی تەوەرەی هاوپەیمان دژی ئەڵمانیای فاشی .

ئەویش بە بەرز بوونەوەی باری ڕامیاریەتی لە ڕامیاریەتی نێوودەوڵەتی و دەست پێکردنی سەرەتای شەڕی سارد ، لە نێوان بلۆکی سۆشیالیست و بلۆکی سەرمایەداری لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو جیهاندا .

١٩٥٣/٣/٦ لە دوای کۆچی دوایی ستالین – نیکیتـــا خرۆتـــشۆف – بەرپرســـیاریەتی پـــارتی کۆمۆنیستو دەسەڵاتی باڵای سۆڤیەتی گرتە دەست .
دوای ماوەیـەك دەسـتی کـرد بـە دادگایی کردنـی ستالینو سـزادانی لــە دوای کۆچــی دوایــی کردنیــدا ، لــەدوای شەســتەکان دووبـارە دانیـان بـەڕۆڵی سـتالین نـا ، ئـەویش لەبـەرگری کردنـی ڕاسـتی لـە دەسەلاتو گەلانی سۆڤیەتو جیهاندا .

١٩٥٣/٤/٧ گەلانی کەمبۆدیا لە دوای هــــەوڵو کۆشـــــشو قوربانیـــەکی بـــێ وێنـــە وولاتـــی کــــــەمبۆدیا سـەربەخۆیی خـۆی بەجیابوونـــەوە لـــە کۆمەڵـەی نیـشتمانی فەرەنـسی وەك وولاتێکـی سـەربەخۆ ڕاگەیانـد لـە کێـشوورەکەو جیهانـدا . لـە شـاری – فنۆمبیتـە – ی پایتـەخت بـە نـاوی شانشیی کەمبۆدیا ، تا لە ساڵی ١٩٧٠ ئەویش بە هەڵووشانەوەی ڕژێمـی شانـشینی و ڕاگەیانـدنی ڕژێمـــی کۆمـــاری کـــەمبۆدیا . کـــە ژمـــارەی دانیشتووانی شاری فنۆمبیتە ، ٩٥٠,٠٠٠ هەزار کەسە.
هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکە ، ١١,٩٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هـەروا

رووبەری خاکی وولاّتەکەی ، ١٨١,٠٤٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە. هەروا چڕی دانیشتووانەکە ، ١٧٠ کەس لە میل چوار گۆشەدا . هەروا نـژادەکانی ، خەمیر ٩٢٪ . دانیشتووانە ڤیتنامیەکان ٥٪ . دانیشتووانە چینی ١٪ . لە وولاّتەکەدا .

١٩٥٣/٤/١٢ کۆچی دوایی خانمە ئافرەتی ناوداری کورد حەپسەخانی نەقیب لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان .
کە ئافرەتێکی ناوداری کوردی تێکۆشەرو خەباتگێڕ بوو لەبەرگری کردن لە مافی کوردو ئافرەتی کوردو زمانی کوردی ، ئەویش بە کردنەوەی قوتابخانە و ڕێکخراوی ئافرەتان لە هەرێمەکەدا .

١٩٥٣/٥/١١ بەرپابوونی خۆپیشاندان لە شاری مەهاباد لە رۆژهەلاّتی کوردستانی ژێر دەسەلاّتی شا لە ئێران ، دژی رژێمی شا ، کە بووە هۆی کووژرانی چەندین هاوولاّتی کوردو دەستگیرکردنی بەدەیان هاوولاّتی دیکەو خۆپیشاندانەکە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو ، کە عەبدوڵلاّ ئیسحاقی سەرپەرشتی دەکرد لە شارەکەدا .

١٩٥٣/٦/١٢ لە ڕۆژهەلاّتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاّتی فارس لە ئێران خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام درا ، لە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی لەلایەن گەلی کوردستان و بە بەرگری کردن لەگەلّ و نیشتمان و ناسنامەی نەتەوەیی کورد ، لەپاراستنی مێژوو زمان و داب و نەریت و کەلتوورو شارستانیەتی کوردی لە کوردستاندا .

١٩٥٣/٦/٢١ ســــــــــــەرکردەو سیاســـەتمەداری نـاوداری پاکستان و جیهان و لـە نـژاد کـورد خـاتوو – بـەنازیربۆتۆ – لـە خێزانێکی تێکۆشەر و سۆشــیال دیمــوکرات لــە شارۆچکەی لارکاناس سند چاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە و کــچە گــەورەی ســەرەك وەزیرانــــی پاکــــستان – زولفەقار عەلی بۆتۆ بووە .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە ئـەم بنەماڵەیـە لـە بنـەڕەتا کـوردی ڕۆژهـەڵاتی کوردســتانی ئێـران بوونـەو لـە شـاری کرمانـشا بـەرەو پاکـستان کۆچـیان کردووە ... خاتوو بەنازیر بۆتـۆ یەکـەم ئافرەتی موسلمان بووە کـە پۆسـتی سـەرەك وەزیرانـی پاکـستان بگرێتـە دەسـت لـە ڕێگـەی هەڵبـژاردن بـۆ دوو خـولی سـەرەك وەزیـران کـە یەکـەمجار لـە سـاڵی ١٩٨٨ و دووەم جـاریش لـە سـاڵی ١٩٩٣ ، بـەڵام بـەهۆی خـستنە پـاڵ بـەتاوانی گەنـدەلی لەدەسـەڵات لابراوە . خاتوو بەنازیربۆتۆ لە ساڵی ١٩٩٨ تـاکوو گەرانـەوەی بۆ پاکستان لە ٢٠٠٧/١٠/١٨ لە وولاتـی دوبەی ژیانی بە سەربردووەو بەردەوام بووە لـە سەرکردایەتی کردنی پارتی گەلی پاکستان .

خــاتوو بــەنازیر بۆتــۆ دوای کۆتــایی هێنــانی خوێنــدنی لــە پاکــستان . خوێنـدنی بـالای لـەزانکۆکانی ئۆکسفۆردی بـەریتانیاو هـارڤۆردی ئـەمـەریکا تەواوکردووە

خــاتوو بــەنازیر بۆتــۆ لەســاڵی ١٩٨٧ مێــردی بــە عاســف عــەلی زارداری کردووە و خاوەنی سێ منداڵە .

باوکی خاتوو بەنازیر بۆتۆ لەلایـەن سـەرەك کۆمـاری پاکستان محەمـەد زیـا ئەلحـەق لـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە سێدارەدراوە ... خـاتوو بۆتـۆ لـە کۆنفرانـسی

سۆسیال ئینتەر ناسیۆنالْ چاوی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی و سەرۆك کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی کەوتووە .
خاتوو بۆتۆ لە ۲۰۰۷/۱۲/۲۷ لە لایەن ئیسلامیە توند رەوەکان و دەسەڵاتی پەروێز موشەرەف سەرۆك وەزیرانی پاکستان لە شاری روالبەندی تیرۆرکراو دوای خۆی کورە گەورەکەی جێگەی گرتەوە بەرابەری پارتی گەلی پاکستان .

۱۹٥٤/۷/۲٥ گرێدانی کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی ئێراق ... ئەمەش دوا بەدوای پێك هێنانی چەندین لێژنەی ئاشتیخواز لە شارو قەزاو ناحیەکانی ئێراق ... لەبارودۆخێکی گونجاو دروستکار بوو بۆ گرێدانی کرنگرەی یەکەم لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵ دەدرا کە کۆنگرەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا بێت نەك بەنهێنی .
بەلام نەتوانرا ئەویش بە هۆی هەڵویستی حکومەتی پاشایەتی لە ئێراق بە بەر هەڵستی کردن و لە هەمان کات دژی هەموو جۆرە بیروو بۆ چوون و بیرۆکەیەکی لەو جۆرە بوو ... بەمەبەستی دەست نیشانکردنی ئەندامەکان کە لەم بەرێزانە پێك هاتوون :- تەلعەت شیبانی — فاروق برتۆ - دکتۆرە نەزیهلە دلێمی - سەفا حافز - سەلاح خالس - کەمال عومەر - نەزمی - عەتشان زیلول .
دوای ئەمە دەستیان کرد بە ئامادەکردنی راپۆرتی تایبەت لەلایەن کارەکانی لێژنەکان و ئامادەکردنی بۆ گفتووگۆکردن لە سەری ... کە زۆربەی کارەکانی لە ماڵی کەمال عومەر نەزمی ئەنجام دەدرا لە شاری بەغدا

هەروا سەبارەت بە رۆڵی کورد لەم کۆنگرەیەدا لە پێناو بە شداری کردن ، ئەویش لەرێگەی چەند ئەندامێکی چالاك و توانادار بەشداریان کرد کە لەم بەرێزانە پێکهاتبوون :- ئیراهیم ئەحمەد - محەمەد زیاد ئاغا - شێخ لەتیف شێخ مەحمود حەفید - ئیسماعیل حەقی شاوێس - عەبدوللا گۆران - مەسعوود محەمەد .
لە دوای ئەوە کۆنگرەکە کە گرێدرا بەئامادە بوونی - ۱۰۳ - ئەندام کە نوێنەری زۆربەی شارەکانی ئێراقی تیابەشدار بوو :. دوای تەواو بوونی

كۆنگرەكە عەزیز شەریف بە سكرتێری گشتی بزووتنەوەكە هەڵبـژێردرا لـە ئێـراق و ئامانجـەكانی لـە بەیاننامـەی كۆتـایی بلاوكرایـەوە بـە سـەر گـەلانی ئێراق.

١٩٥٣/٧/٢٧ لە دوای هەوڵە بەردەوامەكان ئەویش بە مۆركردنی رێكەووتننامە لە نێوان كۆریـای بـاكوورو كۆریـای باشـوور لـە دوای چـەندین شـەڕی خوێنـاوی لـە نێوانیانـدا ، لـە ئـەنجام بـووە هـۆی مـۆركردنی ئـەو رێكەووتننامـە ، بـە سەرپەرشـتی نووێنـەری نەتـەوە یـەكگرتووەكان - ئـەمیرال هاربـسۆن - و هـەروا لەلایـەن كۆریـا بـاكوور- ژەنـەراڵ نـام ئیـڵ - كـە لـە ئـەنجامی شـەڕی نێوانیان بووە هۆی شەهید كردنی زیاتر لە ملیۆنێك مرۆڤ ، لە نێوان هەردوو كۆریای دابەشكراو لە نێوان ئەمەریكاو سۆڤیەت لەنیمچە دوورگە كوریادا .

١٩٥٣/٨/١٦ شـای ئێـران محەمـەد ڕەزا شـا بـەرەو بەغـدای پایتـەختی ئێـراق هـەڵات و دوای ئەویش بەرەو ڕۆما .
ئـەویش بـە هـۆی ئـەو كودەتـا سـەربازییەی كـە لەلایـەن سـەرۆكی حكوومەت محەمەد سدقی ، كە دژی شـــای ئێران و دەســـەڵاتەكەی ئەنجامیـدا ، بـەڵام دوای سـێ ڕۆژ كودەتایەكـە هەرەسـی هێنـا و شـا گـەڕاوە بـۆ ئێـران . لەهـەمان كـات بـەهۆی خۆمـاڵی كردنـی نـەوت لـە ئێـران خۆپیـشاندان ئـەنجام دراوجـەماوەری كـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی كوردسـتان بەشداریان تێیدا كرد ، هێمنی شاعیریش بەهەلبەستێك گوتی:-
دەبڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیووەی ڕێگەت بێت" .

١٩٥٣/٨/١٩ بەهۆی كاردانەوەی كودەتا سەربازییەكەی محەمەد سدقی لە ئێران و بەهێز بـوونی جـێ پێگـەی دەسـەڵاتی شـا ، ئـەویش بەپـشتیووانی ئەمـەریكا لـە بریارێكی بۆ دارو دەستەكەی ، كە هەڵسان بەدەستگیر كردن و پـەلاماردانی ئەندامانی پارتی دیموكراتی كوردستانی ژێر دەسەڵاتی سا لە ئێران و بەند كردنیان لە هەرێمەكەدا .

١٩٥٣/٨/٢٧ کورسی پاپاوی ، واتە دەسەڵاتی فاتیکان چەندین پەیمانی جۆراو جۆری لە دوای پەیمانی لاتران مۆر کرد لەگەڵ وولاتانی بیانی ، کە پەیمانی پێنجەمی لەگەڵ شانشینی ئەسپانیا مۆر کرد. لە پێناو بەرەو باشبردنی پەیووەندیەکانیندا .

١٩٥٣/١١/٦ شاعیری ناوداری سەدەی نۆزدەم تۆماس دیلات لە شاری نیورۆکی ئەمەریکا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

١٩٥٣/١١/٢٠ کارەکانی جەنگی هندچینیەکان کە کۆلۆنێلی فەرەنسی سەرکردایەتی دەکردو سووپاکەی پێکهاتبوو لە-٥٠٠٠- هەزار سەربازو توانی دەشتاییەکانی ناوخۆ بەدرێژی - ٢٠- کیلۆمەتر داگیر بکات ، کە ئەو دەشتاییانەش ناوزەند بوو بە- دیان بیان فوو- لە ناوچەکەدا .

١٩٥٤

١٩٥٤/٤/٢ مۆرکردنی زنجیرەیەك لە رێکەووتن و پەیمانی هەمەلایەن لە نێوان وولاتان بە تایبەتی رێکەووتن نامەی نێوان رژێمی سەربازی تورکیا ورژێمی شانشینی لە پاکستان ، بە رێکەووتن نامەی یارمەتی سەربازی و ئەمنی ، هەروا پەیمانی هاوکاری گۆڕینەوە زانیاری لە نێوان تورکیاو ئێراق لە ١٩٥٥/٢/٢٤ ، هەروا پەیمانی نێوان ئێراق و ئەمەریکا لە ١٩٥٢/٤/٢١ ، هەروا پەیمانی نێوان ئێراق و بەریتانیاو دوای ئەوە ئەو پەیمانە بووە پەیمانی بەغدا.

١٩٥٤/٤/٢٩ وەزارەتی ئەرشەد عومەری دامەزرا ، کە پابردووی پڕ بوو لە ئازاردانی گەلانی ئێراق . بەتایبەتی گەلی کورد لەسەر خاکی دێرینی خۆی بەر لە هەموو نەتەوەکانی هەرێم و ناوچەکەدا .

١٩٥٤/٥/٨ وولاتی ڤێتنام دابەش کرا بە دوو بەشی باکوورو- باشوور ، کە کۆمۆنیستەکان حووکمرانی باکووریان دەکرد بەپشتیووانی یەکیەتی سۆڤیەتو ، هەروا بەشی باشوور حووکمرانی دەکرد بەپشتیووانی ئەمەریکا ، کە ئەمەش بووە هۆی هەلگیرسانی شەڕێکی خوێناوی بێ وێنە لە مێژووی جەنگی گەلانی داگیرکراو بەرامبەر بەسەرمایەدارو ئیمپریالیزمدا.

١٩٥٤/٥/١٢ مۆرکردنی بەرەی هەڵبژاردن لە نێوان ، پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و پارتی سەربەخۆیی ئێراق و پارتی نیشتمانی دیموکراتی و پارتی سەرکەووتنی ئاشتی ، لە پێناو بەشداریکردن لە هەلبژاردنی ئەنجوومەنی نووێنەرانی پەرلەمانی ئێراق .

١٩٥٤/٥/١٥ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤارەی هەتاو لە شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٥٤/٧/٢١ وولاتــــــــــــی لاووس سەربەخۆیی خۆی بە دەرچـــوونی لـــە ژێـــر دەسەڵاتی فەرەنسا وەك وولاتێکـــی ســـەربەخۆ ڕاگەیانـــد ، دوای ئـــەوە لەلایەن وولاتانی جیهان دان بەســـەربەخۆییەکەی نرا ، بەپێی پەیمانی مۆرکراوی ژنێڤ. ئەویش لە شاری – ڤیانتیان –ی پایتەخت ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی، ٦٠٠,٠٠٠ هەزار کەسە.

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ،٥,٩٩٠٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ،٢٣٦,٨٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا ژێری دانیشتووانەکەی ،٦٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ،لاولووم ٦٨٪ . لاوسووتك ٢٢٪ . لاوسوونگ ٩٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٥٤/٧/٢٢ یەکەم کۆنگرەی جوولانەوەی ئاشتی لە ئێراق گرێدرا – حرکە السلم ف العراق – بەبێ ئاگاداری ڕژێمی شانشینی لە ئێراق ، کە جوولانەوەیەکی ئاشتی خوازی و بەرگری بوو لە ماف و ژیان و چەوسانەوەی گەلانی ئێراق دەکرد بە هاوکاری و پشتیووانی جوولانەوەی ئاشتی لە جیهاندا .

١٩٥٤/٧/٢٧ بە پێی ئەو ڕێککەووتنامەی کە لە شاری ژنێف مۆرکرا ، بە وەستاندنی شەڕو دابەشکردنی ڤێتنام بۆ دوو هەرێمی ڤێتنامی باکوورو ڤێتنامی باشوور لە سەر هێلی پانی/١٧ ، هێزەکانی سووپای فەڕەنسا لە هەرێمی

باشوور لە ڤێتنام کشانەوە ، لەدوای ئەوەی کە ڤێتنامی باشوور دانی بەسەربەخۆیی ڤێتنامی باکوورنا.

شایانی باسە کووژراوانی شەڕی نێوان ڤێتنامیەکان و ئەمەریکا و فەڕەنسا ، کە -٩٠٠٠- هەزار کووژراوی فەڕنسی و-٤٠٠٠٠- هەزار دیل ... بەلام کووژراوەکانی - ئەلفیت منە- ٥٠٠٠٠٠- هەزار لەگەڵ -٩٠٠٠- هەزار دیل . هەروا یارمەتیەکانی ئەمەریکا کە بۆ فەڕەنسای خەرجکرد لەو شەڕە گەیشتە - ٩٤٠- بلیۆن فرنگی فەڕەنسی لەپێناو سەرکەووتنیان بەسەر ڤێتنام ، بەلام لەئەنجام هێزەکانی سووپای ئەمەریکا و فەڕەنسا هەلاتنیان بەخۆوە دیت بەرامبەر شۆڕشگێرە خۆراگرکانی ڤێتنام لە کێشووەرەکەدا .

١٩٥٤/٨/٣ سەرەك وەزیرانی ئێراق سالح جەبر چەندین جار دەستی لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکانی ئەو رۆژگارەدا تێکەڵ دەکرد ، بە تایبەتی دژی بڕیارە ناهەموارەکانی کابینەی دوانزەمی نوری سەعیدو هەلووەشاندنەوەی پارتەکەی خۆی ، بەلام چ نوری سەعیدو چ سالح جەبرو پەرلەمانیش دووژمنی گەلانی ئێراق و بەتایبەتی گەلی کورد بوونە لە هەرێمی باشووری کوردستان . لەپێناو خزمەتکردنی رژێمی شانشینی لە ئێراق و پاوان کردنی دەسەلات و پلەو پایەو پوول لەسەر چەوساندنەوەی گەلانی ئێراق.

١٩٥٤/٩/٣ ئیدارەی ئەمەریکا کە بینی حکوومەتی دکتۆر موسەدەق بەم ئاسانیە و بە کودەتایەکی کارتۆنی رووخاو شا بەدەسەلاتی تەواو گەراوە سەر دەسەلات . بە پێەوانەی داخستنی هەموو دەرگایەکی یارمەتی لەحکوومەتی میللی دکتۆر موسەدەق دەستی بە یارمەتی دانی سەرەك حکوومەتی ئێران - زاهیدی - کرد .

بێجگە لە یارمەتی راستەوخۆی ئەمەریکا کە جارێکیان ٢٣,٤٠٠,٠٠ ملیۆن دۆلارەی بەناو یارمەتی دا بەحکومەتی زاهیدی ... بۆ رۆژی دواتر بەفەرمانی سەرۆکی ئەمەریکا - ئەیزنهاوەر ٤٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلارەیان بەخۆرایی پێشکەش بە رژێمی کوودیتا کرد .

دوای ئەوە دوو جار بانکی نێوو دەولەتی قەرزی بۆ شا وەرگرت ... کە جاری یەکەم ٧٢ ملیۆن دۆلار بوو ، جاری دووەمیش ٤٢ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بوو بۆ رژێمی شایەتی لە ئێران .

سەرچاوە :- پەنجا ساڵ خەبات - جەلیل گادانی - ل/١١٧ بەرگی یەکەم .

١٩٥٤/٩/٨ پـەیمانی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا - سـینۆ- کـە پـەیمانێکی هـەرێمی سـەربازیە ، کـە سـەر بـە بنـەمای بـەرگری کۆمکـاری هاوبەشـە لـە نێـوان وولاتــەکانی ئەمــەریکاو بــەریتانیاو فەرەنــساو ئوســترالیاو نیوزلەنــداو پاکستان‌و تایلانـد فلیپین مۆرکرا ، لـە شـاری مـانێلای پایتـەختی کۆمـاری فلیپین .

ئەو هاو پەیمانیە بەیەکێك لە پەیمانەکانی سەربازی دەژمێردرێت . کە لە دوای جـەنگی دووەمـی جیهـان ئـەنجام بدرێت ، بـە ئامۆژگـاری ئەمـەریکا ، لەپێناو وەستان بە بەرگری کردن لەشەپۆلەکانی بیری کۆمۆنیستیەت بـەرەو جیهان لە ڕێگەی جیهانگەری سۆشیالیستی لەجیهاندا .

١٩٥٤/٩/١٥ لەو کاتەی کە نوری سەعید لە گەڵ سـەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسـر لـە شاری قاهیرەی پایتـەختی میسر کۆبونـەوە ، کـە نووسـەری نـاوداری عـەرەب - محەمــەد حەســەنێن هــەیکل - لــە کتابەکــەی بەناونیــشانی - ســنوات الغلیان- لە لاپەڕە/ ٣١٨-٣٢١ ، ی کتێبەکەیدا دەڵێ:-

نـوری سـەعید بـە بـیری یززباشـی عوسمـانی بـیری دەکـردەوەو لەوکاتـەش هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیای قەیسـەری دەووری شارۆچـکەی خانـەقینی گرت‌و لەهەمان کات ڕواندزیشیان داگیر کردبوو، بەوهۆکارەو بیانووە کۆنانە عەبدولناسـر ڕازی بکـات ، ئـەویش بـەبوونی ترسـناکی ڕاسـتەوخۆ لەسـەر ئێراق‌و هەرەشە لێکردن بە ڕوودانی جەنگێکی دیکەی جیهان .

بـەڵام سـەرەك کۆمـاری میـسر جـەمال عەبدولناسـر لەوەڵامـدا بـە نـوری سەعیدی گوت :-

هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی ئاوا ئاسان نییە ، کە ئەم کێشە کێشەی ڕواندز

نەبووە لەباشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق ، بەڵکوو کێشەو ململانێی بەردەوامی نێوان ئەو دووسەرکردە عەرەبە بووە ، بەڵام جەمال عەبدولناسر لە وەڵامدانەوەی بۆ نوری سەعید گوتی:- ترسی ئێمە ڕووسیا نییە بەڵکوو ئیسرائیلە ، نوری سەعید ڕاستەوخۆ وەڵامی داوەو گوتی:-

ئەی ڕووس ، بەڵام جەمال عەبدولناسر گوتی:- ڕووسیا جێگەی ترس نییە ئێستاو ئەوانیش لەئێمە دوورن و وڵاتی دیکەمان لەنێوانە ، نوری سەعید لەوەڵامدا گوتی:- ئەمە ڕاستە بەرامبەر بە وڵاتی میسر ، بەڵام بەرامبەر بەئێراق ڕاست نییە ، لەبەر ئەوەی لە نێوان ئێمەو ڕووسیادا چیاکانی ڕواندزە کە درێژی ٣٠ کیلۆمەترە لەسەر سنووری ئێراندا .

هەروا لە مشتوومڕی نێوان هەردووکیان نوری سەعید نەخشەیەکی گەورەی لە پێش جەمال عەبدولناسر داناو لەو کاتەش نوری سەعید هەستا سەر پێی و جەمال عەبدولناسر تەماشای وێنەی نەخشەکەی کردو تەماشای ناوچەی ڕواندزیشی کرد لە سەر نەخشەکەدا ، کە سنووری دەوڵەتی دروستکراو لە نێوان ئێراق و تورکیا و ئێران لە سەر خاکی کوردستانە لە کێشووەرەکەدا .

١٩٥٤/١٠/٣١ پارتی نیشتمانی جەزائیر شۆڕشی دژی داگیرکەری فەرەنسا ڕاگەیاندو بەردەوام بوو تاکوو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی جەزائیر لە ناوچەو کێشووەرەکەدا ، کە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە ملیۆن و نیوێك لە هاووڵاتیانی هەژاری شۆڕشگێڕی جەزائیرو بەسەدان هەزار زامدارو دەربەدەربوونیان بۆ وڵاتانی دراوسێی جەزائیر لە ناوچەکەدا

١٩٥٤/١١/١ دەست پێکردنی کارە جەنگیەکان و هۆکاری ئەو کارە بەرپابوونی شۆڕش بوو لە جەزائیر بەکاردانەوەی لەسەر باروودۆخی شۆڕشەکانی مەغریب وتوونس بوون ، لەوکاتەی کە هێزەکانی سووپای فەرەنسا هەڵاتنی لەسەر دەستی شۆڕشگێڕانی ڤێتنامی بەخۆوە دەدیت لە وڵاتەکەو ناوچەکەدا .

١٩٥٤/١١/١١ بۆ یەکەم جار لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان قوتابخانەی دواناوەندی پیشەسازی لە دوای تەواوکردنی دەرگاکانی بۆ

خووێندن كرایەوە لەپارێزگاكەدا .

١٩٥٤/١١/٢٩ گرێـدانی كـۆنگرەی وولاَتـانی ئارەزومەندانـەی ئاشـتیخواز لـە مۆسـكۆی پایـەختی یـەكێتی سۆڤیت ، ئەویش بە مۆركردنی هاوپەیمانی سـەربازیو هەروا لە١٢/٢ هەمان ساڵ راگەیاندنی كۆتایی كۆنگرەكە بلاوكراوە ، دوای دووهەفتە ئەنجوومەنی پەیمانی باكووری ئەتلەسی. لە خوولی سێزدەی ، كە هێزەكـانی خـۆی پـر چەك بكات لەچەكی ئـەتۆمیو مووشكی دوورهاوێژو لەجۆرەكانی دیكەی سەربازیدا . لە هەرێم و ناوچە جیا جیاكان لە جیهاندا

١٩٥٥

١٩٥٥/١/١ بـۆ یەكـــەم جـــار لـــە مێـــژووی دانیـــشتووانی پارێزگـــای یـــەریڤانو دەوورووبەرەكەیـدا ، كـە ئـەو بەشـە كوردسـتانەیە لكێنـراوە بـە كۆمـاری ئـەرمینیای سۆڤیەتی پێشوو لـە ناوچـەكەدا ، كـە زیـاتر لـە ١٧٠٠٠ هـەزار كیلۆمـەتر چوار گۆشـەی داگیر كـردووە بـەپێی پـەیمانی جـێ بـەجێكراوی لۆزانی١٩٢٣/٧/٢٤ ، لە پارێزگای یەریڤانی كوردستان ڕادیۆی دەنگی كورد پەخشی خۆی بلاو كردەوە بە سەرپەرشتی جاسمی جەلیل ، لە كاتژمێر شەشی ئێوارەو كە بووە هۆی كاردانـەوەی گـرنگ لـە بـەرەو پێشبردنی باری نەتەوەیی كورد لە كوردستان.

١٩٥٥/٢/٢ پەیمانی بەغدا بەناوی پەیمانی – سەنتۆ – لە نێوان رژێمەكانی توركیا و ئێراق و ئێران و پاكستان و ئەمەریكا و بەریتانیا مۆركرا ... چەندین برگەو خـاڵی دژ بـە جولاَنـەوەی رزگـاریخوازی كـوردی تیـا دیـاریكرابوو ، بـە شـێوەیەكی نـا راسـتەوخۆ لـە پێنـاو گـەماڕۆدانی كـورد بـە پێـی برگـەو خاڵەكانی پەیمانی سەعد ئابادی ساڵی ١٩٣٧ لە كێشەوەرەكەدا .

١٩٥٥/٢/٢٤ لەوكاتـەی كـە پـەیمانی بەغـدا مـۆركرا ، وولاَتـانی ڕۆژئـاوا نەیاندەویـست ئەفغگانـستان بخەنـە نـاو ئـەو جـۆرە پەیمانانـە . سـەرەڕای ئـەوەی كـە ئەفگانستان لەفەلەكی ڕامیاریەتی ڕۆژئاوا دەخوولایەوە لە كێشووەرەكەدا .

دوای جـەنگی دووەمـی جیهـان خواسـتی نەخـشەی نـوێی دابەشـكردنی جیهان بوو ، لە لایەن وولاَتانی هاوپەیمانو تەوەری شەڕكەر.

لەگـەڵ ئەوەشـدا یارمـەتی ڕووسـەكان بـۆ ئەفگانـستان لـە هـەموو بوارەكـان

پلەی یەکەمی گرتبووە دەست کە لە ٦٥٪ بوو ، هەروا لەوکاتەدا یارمەتیەکانی ئەمەریکا بۆ ئەفگانستان لە ٢٣٪ تێنەدەپەڕی لەهەمووبواری یارمەتیەکان ، لەوکاتەش وولاتانی ڕۆژئاوا تەنیا سەیرکەری تەواوی جمووجۆڵی هێزەکانی سووپای ڕووس بوون ، کە بەرەو ناوخاکی ئەفگانستان هەنگاویان دەنا لە ناوچەکەدا .

١٩٥٥/٢/٢٤ مۆرکردنی ڕێکەووتنامە لە نێوان ڕژێمەکانی شانشینی لە ئێراق و شایەتی ئێران و تورکیاو پاکستان و بەریتانیا ، بۆ لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەکوردستانی گەورەی دابەشکراو بە سەر دەوڵەتانی ئێران و تورکیاو ئێراق و سووریا لە ناوچەکەدا .

١٩٥٥/٤/٣ دەسەلاتدارانی حکوومەتی فەرەنسا یاسای فریاکەووتنی ڕاگەیاند بە هۆی لێك ترازانی باری پەیووەندیەکانی کۆمەلایەتی لە گەڵ دام و دەزگاکانی میری ، لە ئەنجامی خۆپیشاندان و پێکدادان لە دەووروبەری شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

١٩٥٥/٤/١٨ کۆچی دوایی زانای بلیمەتی بە ناوبانگی جیهانی- ئەلبێرت ئەنیشتاین - لە شاری برنسڤۆن لە وویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا.

شایانی باسە خەڵك لە نوێووە دەربارەی ئەنیشتاین دەدوان و زانکۆکان پێشبڕکێیان بوو لە پێناو دەستکەووتنی دەماغی ئەم زانایە مەزنەدا لەجیهان.

ئەم زانا بلیمەتە لە ساڵی ١٨٧٩ لە وولاتی ئەڵمانیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە بنەماڵەیەکی جوولەکەدا .

١٩٥٥/٤/١٨ گرێدانی کۆنگرەی ئاسیاو ئەفریکیا لە شاری - بانکۆکی ئەندۆنیسیا - کە سەرجەم وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سەربەخۆییان بە دەست هێنا لە دوای جەنگی دوومی جیهان و جەنگەکانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا ، لە

ئـەویش بەجـەخت کـردن لـە سەرقەلاچـۆکردنی ڕەگەزپەرسـتی و کێـشەی نەتەوەیی و داگیرکردن لە کێشووەرەکاندا .

بەڵام کوردو خاکە دابەش کراوەکەی لە هەموو ڕێکەووتن و یارمەتی دان و هاوکارییەك کەوتبووە پشت پەرژینی داگیر کردن و چەوسانەوەو جینۆساید ، لەلایـەن داگیرکـەران بـەهۆی دەروازەی سـێ لایەنـەو بـەپیتی خـاك و هەلکەووتـەی جـووگرافی و کـەش و هەواولـە بـاری ناوچـەکەیدا ، هـەروا ترسانیان لە دوا ڕۆژی دەسەلاتی کوردلە ناوچەکەدا .

شـایانی باسـە ٢٩ وولات بەشـداریان تێـداکردوو جمـال عەبدولناسـر وەك سـەرەك کۆماری میسر بەشداری تێداکرد ، کە لـەو کات لـە گەشـتێکیدا لـە پاکـستان بـەرەو ئەندۆنیـسیا دە گـەڕاوە لـە پێنـاو بەشـداری کردنـی لـە کۆنگرەکەدا .

١٩٥٥/٥/١٤ مۆرکردنی پەیمانی وارشـۆی سـەربازی لـــە پایتــــەختی هۆلەنـدا لـە نێـوان وولاتـــــــانی سۆشیالیـــــستی بەســــەرکردایتی یەکیەتی سۆڤیەت ، بەرامبەر بەپەیمانی ناتۆ لە نێوان وولاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا .

مۆرکردنی پەیمانی وارشـۆ بارێکی دیکەی دروستکرد لە پەیووەندیە هەمە لایەنەکان لە نێوان هەردوو پەیمانی وارشـۆ و ناتۆدا لـە جیهان ، ئەمەش لە دوای جەنگ و دەستپێکردنی شەڕی سارد ، لە نێوان هەردوو جەمسەری دژ بە یەکتردا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ڕێکەوتننامەیەکی سەربازی بوو .

کە لـە نێـوان یەکیـەتی سـۆڤیەت و ، ئـەڵمانیای ڕۆژهـەلات و ، ئـەڵبانیا و ، بوولگاریاو، چیکسلۆڤاکیاو ، هـەنگاریاو ، پۆڵەنداو ، ڕۆمانیادا گرێدرا لـە کێشووەرەکەدا .

هـەروا مەبەسـت لـەم ڕێکەوتننامەیـە پێـك هێنـانی هاوکاریـە ڕامیاریـە

سەربازیەکان بوو لە نێوان ئەو وولاتانەدا .
ئەویش بە زیاد کردنی هێزەبەرگریەکان لە بەرامبەر هێرشی دەوولەتە رۆژئاوایەکان بوو ، بە پێی ئەم رێکەووتنامەیە هەر کام لە لایەنەکان هێرشی کرایە سەر ئەرکی وولاتانی ئەندام بوو کە دەبوایە بە هەموو هێزو کەرەسەکانی بەر دەستیان پشتیووانیان لێکردبایا وهاوکاری یەکتریان بکردبایە .
دوای ئەوە ئەلمانیای رۆژهەلات لە سالی ١٩٦٨ لەو پەیمانە کشایەوە ، دوای سەربەخۆیی وەرگرتنی چەندین وولات لە یەکیەتی سۆڤیەت و گۆرانکاریەکانی سەردەمی نویٚ وکۆتایی هاتنی شەڕی سارد ، ئەم رێکووتننامەیە لە مانگی /١٩٩١/٧ هەلووەشێندرایەوە لە کێشووەری ئەوروپای رۆژهەلاتدا .

١٩٥٥/٥/١٥ مۆرکردنی پەیمان لە نێوان ئەو وولاتانەی کە نەمسایان داگیر کردبوو بەپێی ئەو پەیمانە لێی چوونە دەرەوە ،کە – رووسیاو فەرەنساو ئەمەریکاو بەریتانیا – بوون ، دوای ئەوە نەمسا لە ژێر سایەی رژێمێکی سۆشیالیستی هەنگاوی بەرەو گەشەکردنو پێشکەووتن دەنا لە بورەکانی ئابووریو بازرگانیو رامیاریو کۆمەلایەتیدا.

١٩٥٥/٦/٣٠ کۆنگرەی نێوو دەوولەتی لە شاری لەندنی پایتەختی بەریتانیا گرێدرا ، بەسەرپەرشتی چنینو بەریتانیا بە دوورخستنەوەی ئارەزوومەندانەو ، لە هەمان کاتدا داوای لە نووێنەرانی قووبرسی کرد.
ئەویش تەنیا داوەتی نووێنەری تورکیاو یۆنانی کرد ، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی نێوان تورکیاو یۆنان لەسەر هەرێمەکانی قووبرسی دانیشتووانی تورکیو قووربرسی دانیشتووانی یۆنان لە ناوچەکەدا .

١٩٥٥/٧/٢٤ کۆچی دوایی ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنیستی سووریا خالد بە گداش کە لە نژاد دا کوردبوو.

١٩٥٥/٨/٧ درێـــژ کردنـــەوەی مـــاوەی یاســـای فریاکـــەوتن لەلایـــەن دەســـەڵاتدارانی حکوومەتی فەرەنسا ، ئەویش بەهۆی ناهەمواریو ئارام نەبوونەوەی بارو دۆخەکە لە شاری پاریسو دەووروبەری لە فەرەنسا.

١٩٥٥/٨/١٢ ڕۆمان نوسی ناوداری ئەڵمانیو جیهانی- تۆرمانمان – لە شاری لۆبیکی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە.

١٩٥٥/٨/٢٥ کۆچی دوای شاعیری نیشتیمان پەروەری ناوداری کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان مەحمود مەلا ئەمین مەلا ئەحمەد ناسراو بە – بێخودی شاعیر – لەشاری سلێمانی .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ... بێخودی شاعیر لە ساڵی ١٨٧٨ لە شاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە و قۆناخەکانی خوێندنی ئایینی دانرا بوو ، کە خوێندنەکەش لە زانستی ئایینی و زمانی عەرەبی بەردەوام بوو .

- لە ساڵی ١٩٠٠ و لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کاروباری دادگای هەلەبجەی پێسپێردرا .

دوای ئەوەش چەند ساڵێك مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بووە ... زۆربەی ژیانی لە گەشت بردۆتە سەر .

١٩٥٥/١٠/٨ مام جەلال تاڵەبانی نامەیەکی ئاراستەی سەر کردەی کورد مستەفا بارزانی کرد ، کە ئەو کات لە یەکیەتی سۆڤیەت بوو ، لە بارەی بارودۆخی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق.

١٩٥٥/١٠/٢٦ بڵاو کردنەوەی دەستووری نەمسا ، ئەویش بە ڕاگەیاندنی بێ لایەنی بەردەوام و سەربەخۆبوونی لە پاراستنی ئەو سەربەخۆییە بە هەر ڕێگایەك بێت و نە بەسترانەوەی بە هیچ پەیمانێك و ڕێکەوتنێکی سەربازی ، هەروا ماوە نەدان بە دامەزراندنی بنکەی سەربازی لەسەر خاکی نەمسا لەلایەن وڵاتانی زلهێز لەجیهاندا .

١٩٥٦

١٩٥٦/١/١ وولاّتی سوودان سەربەخۆیی خۆی لە دوای گفتووگۆیەکی کێشەدار لە نێوان حکوومەتی بەریتانیاو میسرو دەسەلاّتدارە هۆزو تیرەکانی سوودان وەك وولاتێكی سەربەخۆ لە شاری — خەرتووم — ی پایتەخت ڕاگەیاند ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٩٩٠,٠٠ هەزارکەسە . بەلاّم تاکوو ئێستاش ئەو کێشەو گرفتانە کۆتایی پێ نەهاتووە و بەرەو ئالۆزترو نالەبارتر هەنگاو دەنێ لەباشووری سوودانو هەرێمی دارفۆر لە وولاّتەکەدا.

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەکەی ،٣٢,٨٩٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاّتەکەی ، ٢,٥٠٥,٨١٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٣٤ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، زیاتر لە ٥٠ کۆمەڵی نژادی تیا دەژی ، کە هەمووی لە باکووری رۆژئاواو لە باشووری ئەفەریکیە پێست رەشەکانن .

هەروا لە سوودان کورد نیشتە جێن لە هەرێمی کودڤان ، کە کەووتۆتە سەر سنووری دارڤوور و لەوێ ژیان بەسەر دەبەن ، کە ژمارەیان لە ٧٥٠٠٠ هەزار کەس زیاترە و تاکوو ئێستا داب و نەریت و زمان و کەلتووری خۆیان پاراستووە لە وولاّتەکەدا .

<u>تێبینی</u>:— بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە بۆ کتێبی ئینسکلۆبیای کوردستان و وولاّتانی جیهان ، لە دانانی — عەلی کەندی

١٩٥٦/٢/٢٥ لە دوای وەرگرتنی دەسەلاّتی پارت و حکوومەت لە سەر یەکیەتی سۆڤیت لەلایەن نیکیتە خرۆتشۆڤ ، لە دوای مردنی ستالین بۆ یەکەم جار لە مێژووی رژێمی سۆسیالیستی یەکێتی سۆڤیەت خرۆتشۆڤ ستالینی تاوانبار کرد ، لە هەڵسو کەووتو رەفتارو هەڵوویستەکانی لە ماوەی دەسەلاّتی و بە لە

سێدارەدانی بەسەدان کادرو سەرکردە لە گەلانی سۆڤیەتی دژ بەخۆی ، کە بڕیاری دادگایی کردنی ستالین لەناو گۆڕەکەیدا .
دوای ئەوە بڕیاری گواستنەوەی گۆڕەکەی درا لە گۆڕەپانی سوور لە شاری مۆسکۆی پایتەخت لەتەك گۆڕی دامەزرێنەری یەکێتی سۆڤیەت لینین بۆ جێگایەکی دیکە لە شارەکەدا .
شایانی باسە کە تاکوو ئێستا لە ڕووسیای یەکگرتوو دوو بیروبۆچوونی جیاواز هەیە ، لەبارەی ماوەی دەسەڵاتی ستالین لەسەرکردایەتی کردنی یەکێتی سۆڤیەت لەلانی سەرکەوتنی وژێرکەوتنیدا ... بەڵام منیش دەڵێم سەرەتا توندرەوی دەسەڵاتی ستالین و مردنی نەبووایە هۆکارەکانی گۆڕینی بارودۆخی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ جیهان و هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت زۆربەگران لەسەر جیهان دەوەستا لەهەمووبوارە جیاجیاکاندا .

١٩٥٦/٢/٢٨ – انباء شرق الاوسط – کۆمپانیایەکی میسریە بۆ دەنگووباس و ڕۆژنامەگەری لە وولاتەکەدا ، کە بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی میسری دامەزراوە لەو ڕۆژەدا ، ئەویش لەپێناو گەیاندنی تەواوی دەنگووباس و ڕووداوەکانی عەرەب بەرەو جیهان و بەپێچەوانەشەوە. لە بوارەکانی هەمە ڕاگەیاندندا .

١٩٥٦/٣/٢٠ لە دوای خەبات و تێکۆشانێکی زۆری گەلانی توونس ، لە ئەنجام توانی سەربەخۆیی خۆی بە دەرچوونی لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسا ڕابگەیەنێ وەك وولاتێکی سەربەخۆ و حەبیب بورقێبە یەکەم پۆستی سەرۆك وەزیرانی گرتە دەست لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی توونس لە کێشووەرەکەو جیهاندا.
ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – توونس – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانی شارەکە ، ١,٧٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی

دانیـشتووانی وولاتەکـەی ، ١٠,١٧٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە . هـەروا رووبـەری خاکی وولاتەکەی ، ١٦٣,٦١٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٦٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هـەروا نژادەکانی ، عەرەبی بەربەر ٩٩٪ لە وولاتەکەدا

١٩٥٦/٣/٢١ یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەناوی – نۆکسە– لە شاری میونخی ئەڵمانیا ، لەلایەن بروسکە ئیبراهیم لەتیف عەلی و ئەحمەد نەقیب ، دامەزراو لەکارەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ساڵی ١٩٧٧ خۆی هەڵووەشاندەوە.

١٩٥٦ /٣/٢٣ وولاتـــــی پاکـــــستان سیستەمی ڕژێمی کۆماری ڕاگەیاند لە دوای بەدەست هێنـــانی ســـەربەخۆیی لەوولاتەکەیدا . لە شاری – ئیسلام ئاباد –ی پایتەخت ، کـــــە ژمـــــارەی دانیـــــــشتووانەکەی ، ٢٩٠,٠٠٠هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـەی ، ١٤٥,٥٠٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە . هـەروا رووبـەری خـاکی وولاتەکـەی ، ٧٩٦,١٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٤٥٢ کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەکانی ،بنجای سندی ، بەشتۆن ، بالووش ، کورد ، کوردەکان لە ناوچەی کوێتەی سەر سنووری نێوان ئەفگانستان و پاکستان دەژین ، کە لە رابردوو لە ژێر زەبرو زەنگی رامیاریەتی جینۆساید دەربەدەر کراون لە وولاتەکانیاندا.

تێبینـی:– بـۆ زانیـاری زیـاتر دەتـوانی بگەڕێیتـەوە سـەر کـتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و وولاتانی جیهان ، لە دانانی – عەلی کەندی

١٩٥٦/٤/١٧ نووسینگەی پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان– کۆمفۆرم – هەڵووەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیەند ، کە ڕێکخراوەیەکی ئوومەمی پارتە کۆمۆنیستەکان بوو . کە جێگـەی ڕێکخـراوی کۆمـەنترێنی گرتبـووەوە بـە سـەرکردایەتی دیمترۆڤـی

دامەزرێنەری کۆماری بوولگاریا بە کۆمەنترێنی سێیەم ، کە لەلایەن سکرتێرو سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤیەت- خرۆتشۆف- ئەویش لە دوا کۆبوونەوەی هەڵیووەشاندەوە ، کە ووتی:-

کۆمۆنیستەکان پێویستیان بە هیچ ڕێکخراوێکی ئوومەمی نیەو هەر پارتێکی کۆمۆنیستی سەربەخۆیە لە هەلسووڕاندنی کاروباری خۆی بە پێی بنەمای پێك هاتەو بارو دۆخی لەناو وولاتەکانیاندا.

١٩٥٦/٤/٢٨ دوای دوانزە ساڵ لە دەربەدەری و چاودێریکردن داو پاش دەرچوونی بڕیاری پەرلەمانی یەکیەتی سۆڤیەت ، سەبارەت بە هەڵگرتنی یان لابردنی بڕیاری ڕاگوێزانی تایبەت لە سەر بالکارو کوردو تورك و تەتارو کریم و خێمەنشینەکانی ، کە لە سەردەمی شەڕی نیشتمانی گەورەدا دوورخرابوونەوە ئازادکران .

١٩٥٦/٥/١ لە دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی بەردەوام لە هەرێمەکەدا ، کۆمەڵەی زانستی و هاریکای کورد لەلایەن دکتۆر نوری دەرسیمی و ڕەوشەن بەدرخان دامەزرا ، لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی تورکیا.

١٩٥٦/٥/٢ وێستگەی تەلەفزیۆن بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراق لە شاری بەغدای پایتەخت پرۆگرامەکانی خۆی پەخش کرد لە وولاتەکە بەرەو ناوچەو وولاتانی دەووروبەرو جیهاندا .

١٩٥٦/٦/١ جاڕدانی مافی منداڵان و ڕۆژی ڕێزگرتنی و بەخێووکردنی منداڵان ڕاگەیەندرا ، لەهەموو بوارەجیاجیاکانی پەرەپێدان و گەشە پێکردن و پەروەردە کردنی منداڵان لە جیهان.

١٩٥٦/٦/٧ لـه دوایِ گەیـشتن بـه رێكــــــــەوتن و ئەنجامــــــدانی كۆبوونــــــــەوەی ژمارەیەك لە زانایانی تـۆپی پێـی ئـەفریكیا لـــــه هـــــوتێلی ئەفینیـدای لشبۆنەی

پایتـەختی پورتوگـال بەسـترا ، كـه لەوانـه ئەنـدازیار عەبدولعـەزیز عەبـدوڵڵا سـالمو كـابتن محەمــەد لـەتیفو یوســف محەمــەد لــه میــسر...دكتــۆر عەبدولحـەلیم محەمـەدو دكتـۆر عەبـدولرەحیم شـدادو بـەدەوی محەمـەد لـه سودانو فەرید فیل لە باشووری ئەفریكیا، ئەویش بە دامەزرانـدنی دەسـتەی كارگێڕی تۆپی پێی كیشوەری ئەفریكیا لە وولاّتەكەدا .

١٩٥٦/٦/٢٣ لە رێگای راپرسی بە دەنگی گەلانی میسر، كە ئەویش بەپشتگیری كردنـی جەمال عەبدولناسر بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆماری میسرله وولاّتەكه ئەنجامدرا.

١٩٥٦/٧/١٩ هەرسێ لایەنی بەریتانیاو ئەمەریكاو بانكی نێوودەوڵەتی ناڕەزایی خۆیان راگەیاند ، بە یارمەتی نەدانی پـرۆژەی بەنـداوی – ئەسـوانی سـتراتیژی– لـه وولاّتی میسر ، كە یـەكێتی سـۆڤیەت ئەنجامدانی ئـەو پرۆژەیـەی خـستبووه ئەسـتۆی خـۆی . كـه كاردانەوەی داهـاتووی ئابووری و بازرگانی باشـی بـۆ میسر هەبوو بۆ وولاّتەكه و وولاّتانی دیكه لە جیهاندا .

١٩٥٦/٧/٢٦ سەرەك كۆماری میسر جەمال عەبدولناسر یەكەم كـاری لـه دوای وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرەك كۆمـاری كـەناڵی سوێـسی خۆمـاڵی كـرد ، ئـەویش بـه ڕاگەیاندنی لە شاری ئەسكەندەریە ، بەبێ ئـەوەی بزانـێ داهـاتووی خۆمـاڵی كردنی كەناڵی سوێس بە چ ئەنجامێك دەگات لە وولاّتەكەو لە گـەڵ وولاّتـانی ناوچەكە و جیهاندا .

١٩٥٦/٧/٢٧ لـە دوای ئـەوەی کـە سـەرۆك کۆمـاری میـسر جـەمال عەبدولناسـر کـەناڵی سوێسی – بەنداوی سوێسی – خۆماڵی کرد ، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هێرشی سێ لایەنە بکرێتە سەر میسر ، لە لایەن بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل ، کـە سـۆڤیەت پـشتگیری لێکـردو بـووە هـۆی لێـك ترازانـدنی پەیووەندی لە نێوان میسرو وولاتانی هێرشبەرلە ناوچەو هەرێم و جیهاندا .

١٩٥٦/٨/١٦ پـاش گفتووگۆیـەکی حـەوت رۆژی لـەنێوان – ١٧– خووێنـدکار بەدەستپێشخەری نورەدین زازاو بڕیاریان دا بەدامەزراندنی کۆمەڵەیەك بۆ خووێندکارانی کورد ، بەناوی کۆمەڵەی زانستی خووێندکارانی کورد لە ئەوروپا . ئەویش لە کۆنگرەی یەکەم راگەیایەندرا ، کەتاکوو ١٩٧٥/٨/٢٨ – ١٧–کۆنگرەی بەست ، کە دوا کۆنگرەی لە شاری بەرلینی رۆژئاوا بوو لە ئەڵمانیا .

١٩٥٦/٨/١٦ لـە دوای خۆمـاڵی کردنـی کـەناڵی سـوێس لەلایـەن سـەرەك کۆمـاری میسر جەمال عەبدولناسر ، لـە سـەر داوای وولاتـانی پەیووەندیـدار کۆنگرەی لـە شاری لەندەن گرێدراو بڕیاری کۆنگرەکە .

ئەویش بە دامەزراندنی دەستەیەکی نێوودەوڵەتی بوو بۆ هەڵسووراندنی

کاروباری بەنداوی سوێس لەگەڵ ڕژێمی کۆماری میسر ، ئەویش بەناوی – هیئـە المنـتفعین – لەگـەڵ دان نـان بـە مـافی سـەربەخۆیی میـسر لـە سـەر بەنداوی سوێس و مۆرگەکردنی داهاتی دادپەروەری بۆ میسرو ڕەوانەکردنی لیژنەیـەك بـۆ میـسر بەسـەرکردایەتی – ڕۆبـرت منـزیس– سـەرەك وەزیرانـی ئوسـتراڵیا بـەئاگادارکردنی میـسر بـەو بڕیـارە... بـەڵام میـسر ئـەو بڕیـارەی ڕەتکردەوەو بووە هۆی دروست بوونی کێشە لە نێوان ئەمـەریکاو بـەریتانیاو فەڕەنسا .

لەسـەر داوای بـەریتانیاو فەڕەنـسا ئەنجوومـەنی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە ١٠/٥ هـەمان ساڵ بڕیاریـدا ، کـە بڕیارەکـە شـەش خـاڵی لـەخۆگرتبوو ، لـە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکە ، لـە سـەر دەریـاوانی وولاّتـانی جیهـان دانـی ماف بەهەردەوڵەتێك دەدات بەتایبەتی میسر لە ناوچەکەدا .

١٩٥٦/٨/١٦ ئەو نەخشەی کە – ڕیس بیری– نیشانی کرد بوو بۆ ئەمـەریکا کـە کۆنترین نەخشە بووە لە بواری جووگرافیا لە جیهاندا ، لە مێزگردێکی وێستگەیی لـە زانکـۆی جۆرجتـاون لـە ئەمـەریکا ئەنجامـدرا ، لـە سـەر نەخشەکانی – ریـس بـیری – کـە هـەموو جـووگرافی ناسـان بەشـداریان تێـدا کردبـوو بـەناوی– اکتشاف خارق العادة – کە ناوزەندی نەخشەکە دەکا.

١٩٥٦/٨/٢٦ گرێــدانی کۆبوونەوەیــەکی گــرنگ لــە وێــستگەی ڕادیــۆیی لــە زانکــۆی جۆرجتـاون لـە وویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا لەسـەر نەخـشەکانی – ڕیس بیری– کە لەو کاتەی دەووڵەتی عوسمـانی لـە سـەردەمی سـەرکەووتنی دابوو لە بەسەرکەووتنی هێزەکانی لە هـەموو بوارێکدا ، بەتایبـەتی لـەبواری جووگرافیا.

کـە لـەو کـات ناوێـك دەرکـەووت بـە نـاوی – ریـس بـیری – لـە سـەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان سەلیمی یەکەمو سلێمان قانوونیدا ، کـە ریـس بیری لـەو کاتە سەرکردەی دەریایی عوسمانی بوو.

کە زانایەکی جووگرافی ناسی زیرەك بوو ، لـە سـاڵی ١٤٦٥ لـە دایك بـووەو لـە سـاڵی ١٥٥٤ کۆچـی دوایـی کـردووە ، زانایـەکی سـەرکردەی پێـشەوەی نەخـشە کـێش بـووە لەئـەدەبی جووگرافیـای عوسمـانی ، کـە لـەوکات دوو نەخشەی کێشابووله سەر جیهاندا .

یەکـــەمیان :- لـــە ئـــسپانیا وڕۆژئاوای ئـــەفریکیاو زەریـــای ئەتلەســـی و کـەنارەکانی ڕۆژهـەڵات لـە هـەردوو ئەمـەریکا ، کـە پێشکەش بەسـوڵتانی سـەلیمی یەکـەمی کردبـوو ، لـە میـسر لـە سـاڵی ١٥١٧ ، کـە ئێـستا لەمۆزەخانەی توویقۆیە لە شاری ئەستەمبوڵ ، کە ڕووبەری نەخەخشەکەش - ٦٠×٨ سم - و مۆری - ریس بیری- لەسەرنەخشەکە هەیە .

دووەمیـان :- لە بارەی کـەنارەکانی ئەتلەسیە لەگریلاندا بۆ فلۆریـدا ، کە ڕووبەرەکەی - ٦٨×٦٩سم- ە ، کە ئەویش لەمۆزەخانەی - توویقیو- یە لەشـاری ئەسـتەمبۆڵی تورکیـا ، کـە ئـەو نەخـشەیە بـە کـۆنترین نەخـشە لەجیهانـدا دادەنرێـت ، کـە - ریـس بـیری- نەخشەی بۆ کێشاوە ، ئـەوەی سەرەوە تەواو دەکرێت .

دوای ئـەوە بەشـداربووانی کۆبوونەوەکـە لەسـەر ئـەوە ڕێـك کـەووتن ، کـە نەخـشەکانی ریـس بیری لەئەمـەریکا - اکتـشاف خـارق للعـادة - کـە ڕیـس بیری بەر لە دۆزینەوەی ئەمەریکا لەلایـەن کۆلۆمبـۆس دەیزانـی کـە ئەمـەریکا هەیە بەر لە ٢٧ ساڵ پێش کۆلۆمبس ، کە هەڵسا بە دۆزینەوەی کێشووەری ئەمەریکا .

تێبینی :- ئەم نەخشانەی کە لە سەرەتای سەردەمی سەرهەڵدانی دەسەلاتی عوسمانی لە بوون و دەست نیشانکردنی کێشوەرەکان .

١٩٥٦/٩/١٣ مێژووی کۆمپانیـای - IBM - دەگەڕێتـەوە بۆ سـاڵی ١٨٩٦ کە - هیرمـان هۆلبرت - کۆمپانیایـەکی بۆ وەبەرهێنانی ئامێری ژمێرکـاری پێك هێنـا ... ئـەم ئـامێرە کـاری ژماردنیـان بـە ئـەنجام دەگەیانـد لـە ڕێگـەی ئـەو کارتـە کونکراوانـەی کـە دراوەکـان و زانیاریـەکانی لـە سـەربوون ... هـەروا ئـامێری دروست دەکرد کە لە سەر ژمێری و دەنگداندا لە ئەمـەریکا بەکاردەهاتن .

لە ساڵی ١٩٢٤ ناوی ئەم کۆمپانیایە گۆردرا بۆ کۆمپانیای - IBM - کە ئـەو کـات زۆر لـە کارەکـانی کۆمپانیاکـە تایبەتمـەنکرابوون بـۆ ئـامێرە بەکارچـووەکان کـە لـە دامەزراوەکانـدا لـە کـاردابوون ... کـاری وەکـوو تاقیگەری و ڕیزکردن و کونکردنە ناو کارتەکانی کە بۆ تواندن و هـەڵگرتنی دراوەکان بەکاردەهاتن .

لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجاکان یەکەم کۆمپیوتـەری بەرهەم هێنا - ٧٠١

-١٤٠١ – بەکەرەســەکانیەوە – بیرگــە Drum memory – پەیکــەری موگناتیسی چاپکەر printer لە زنجیرەی ئەو کۆمپیووتەرانەی بەرهەمی هێنا جۆری RAMAC 305 IBM ، بوو کە هەڵگری یەکەم دیسك دریڤ بوو ، ئــیتر دروســتکردن و بــەرەو پێــشبردنی کۆمپیوتــەر رۆژ لــە دوای رۆژ پەرەسەندنی بەخۆوە بینیووە لە هەموو بوارەکانی ئەم ئامێرەدا .

١٩٥٦/٩/١٧ بۆ یەکەم جار لەپارێزگای سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان و و لە شاری سلێمانی یانەی وەرزش بۆ وەرزشوانانی شاری سلێمانی دامەزرا ، لەپێناو ئەنجامدانی یارییە هەمە جۆرەکانی وەرزشی لەپارێزگاکەدا .

١٩٥٦/٩/٢٨ فەرەنــساو بــەریتانیا وەك هاوســەرگیریەکی تەمــەن بــە ســاڵا چــوو لــە کێشوەرەکەدا ... لەلایەك دژی یەکترن لە پێناو لە ناوبردنی یەکیان بەرامبەر ئەودیکەیان و لەلایەکی دیکە بێ هاوکاری و یارمەتی یەکتری ناتوانن لە هــەموو بوارەکــانی رامیــاری و ئــابووری و بازرگــانی و ســەربازی و پەیوەندیەکانیان و پەیوەندیان لەگەڵ دەرەوەی وولاتەکانیان .

لە دوای خۆماڵی کردنی کەناڵی سوێس لە لایەن سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر و پشتگیری کردنی شۆرشی گەلانی جەزائر دژی فەرەنسا ، لە لایەکی دیکە بە هاوکاری ئەمەریکا و بەریتانیاو ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر کەناڵی سوێس ، لە پێناو داگیرکردن و گەراندنەوەی ئەو خەرجیانەی کە فەرەنسا لەو کەناڵەی خەرج کردبوو .

ئەمانــە هــەمووی بوونــە هۆکــاری کاردانــەوە لــە ســەر بــاری ئــابووری و بازرگــانی و ژێرخــانی ئــابووری فەرەنــساو بــەرپابوونی بــارێکی دژواری ئابووری لە وولاتەکەدا .

ئەمەش وایکرد کە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەنێوان – ئەیدەن و سکرتێری دەســەلاتی ئــەوکاتی بــەریتانیا – سیرنۆرمان بــروك – بــە داواکردنــی لــە بــەریتانیا بەچــوونە رێــزی حکوومــەتی شانــشینی بــەریتانیا لــە رایەڵــەی کۆمــەنوولس بەســەرکردایەتی خــاتوو – شــا ئــەلیزابیت . ئــەم پەیوەندیــە تەلەفۆنیــەش بــووە بەڵگەنامەیــەکی بــە هێــز لــە نێــوان هاوســەرە پــیرەی سەردەمەکانی سەدەی بیستەمی رابردوو لە نێوانیادا .

سەرچاوە:– دار الحیاە . لە ٢٠٠٧/١/١٦ .

۱۹۵٦/۱۰/۹ قارەمان و سەرکردەی نەتەوەیی بزووتنەوەی کورد شێخ مەحمودی حەفید دڵە گەورەکەی لە لێدان وەستاو ماڵئاوایی لە گەڵ و نیشتمانەکەی کرد لە نەخۆشخانەی – حەیدەرییە– لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق و لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان بەخاک سپێردرا.

تێبینی :– مێژووی ژیانی شێخ مەحمودی حەفید لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە بخوێنەوە –
عەلی کەندی .

۱۹۵٦/۱۰/۲۱ هێرشی سێ لایەنەی ئەمەریکاو بەریتانیاو ئیسرائیل بۆ سەرکۆماری میسر ئەنجامدرا ، بە هۆی خۆماڵی کردنی بەنداوی سوێس لەلایەن سەرەک کۆماری میسر جەمال عەبدولناسر لە وڵاتەکەدا .

۱۹۵٦/۱۰/۲۲ گەلانی کۆماری هەنگاریا– مەژەر ، هەڵسان بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی ناکاوی دژ بە دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان لە بۆدابستی پایتەختی هەنگاریا – مەژەر ، لە پێناو ڕژێمێکی دیموکراتی فرەلایەن .
بەڵام هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت ئەو ڕاپەڕینەی لە ناو برد دووبارە پشتگیری لەهەمان دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانی لایەنگیری خۆی کرد لە وڵاتەکەدا
، کە ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی دەر برین لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهان ، بەتایبەتی ئەمەریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوای سەرمایەداری بێ ئەوەی گۆڕانکاری دیموکراتی لەدەسەلاتی کۆمۆنیستەکان بکرێت لە ڕێزگرتنی

بیروو بۆچوونی گەلانی وولاتەکەو کێشووەرەکەدا .

١٩٥٦/١١/٦ وەستانی شەڕی نێوان وولاتانی هێرشبەر بۆ سەر میسر بەهۆی خۆمالی کردنــی بەنــداوی ســوێس ، بــە بڕیاروهاوکــاری ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیەندرا.

١٩٥٦/١١/١٦ لــــە دوای چـــوونە دەرەوەی هێزەکــــانی ســـووپای فەرەنـــساو ئەسنپانیا لـە وولاتـی مــەغریب ، بــە هــۆی توونــــدو تیــــژیو ململانــێ لــە نێــوان گـــەلانی مـــەغریب ، هێزەکانی سووپای بێگانە بووە هۆکاری ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وولاتی مەغریب بەسەرکردایەتی محەمەدی پێنجەمو بوونی بەشانشینی مەغریبو ڕاگەیاندنی ڕژێمی شانشینی تاکوو تەواو بوونی ئەو مێژوونامە دەسەلاتی شانشینی بەردەوام بوو لەلایەن شانشین محەمەد لە سەر وولاتەکەدا.
ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری -ربات- ی پایتەخت ئەنجامدرا ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٢٥٠,٠٠٠ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکــەی ، ٢٩,٨٨٠,٠٠٠ ملیــۆن کەســە . هــەروا ڕووبــەری خــاکی وولاتەکــەی ، ٤٤٦,٥٥٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشــەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٧٤ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، عەرەبی بەر بەر ٩٠٪ . ئەمازیغی ٩٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٥٦/١١/٢٢ پێشبڕکێی جامی یاریەکانی جیهانی - ئۆلەمپیات- لە شاری ستۆکهۆلم- مسلیورن ، ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ٨/ ١٢ هەمان سال . لە نێوان یاریزانانی وولاتانی بەشدار بوو لە جیهاندا .

١٩٥٦/١٢/١٦ ـە دوای دەربەدەرکردنی گەلانی ژێردەسەلاّتی سۆڤیەت بەسەرکردایەتی ستالین ، دوای ئەوە هەوڵی گەڕانەوەی گەلانی دەربەدەرکراو درا ، ئەویش بە دروستکردنەوەی قەوارەی ئۆتۆنۆمی کە لە سەردەمی ستالین ڕاگوێزرابوون .

کە چی ناوی کورد لە گەلّ ناوی ئەو گەلانە دا نەهاتبوو وناوی کۆماری کوردستانی سووریش هەر هیچ و بەڵکوو هەوڵی گەڕانەوەشیان بۆ نەدراوە ، گەر ناوی کوردی لە ڕیزی گەلانی دی بنوسرابایە ، بێ گومان کوردیش دەیتوانی وەك گەلانی دیکە مافە زەوتکراوەکەی بۆ بگەڕێتەوە ، بەلاّم کورد لەدوای هەڵووەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت هەلوومەرجی لەباری بۆ گونجابوو ...بەلاّم ..!.

١٩٥٦/١٢/٢٣ هێزەكـــانی ســــووپای فەرەنساو بەریتانیا لە سەرداوای ئەمینداری گـــــشتی نەتــــــەوە یـــــــەككرتووەكان و ســـــەرۆكی ئەمـــەریكا ئەیزنهاوەرو سەرۆكی سـۆڤیەت خرۆتـشۆف لـــە وولاتـــی میـــسر كشانەوە ، دوای سێ مــــانگ هێزەكــــانی ئیــــــسرائیلیش كـــشانەوەو تــــەنیا هێزێكـــــــــــــی نێوودەوڵـــــــەتی لەشاری شەرم شێخی میسر مایەوە ، بۆ ئەوەی ئیسرائیل بتوانێت كارە دەریایەكانی ئەنجامبدات بەرەو وولاتان ، لە ڕێگەی دەریای سوورو ڕۆژهەلاتی ئەفریكیا و باشووری ئاسیاو ڕۆژهەلات لە وولاتانی دیكەی جیاهانیدا .

١٩٥٧

١٩٥٧/١/١ بۆ یەكەم جار پردی شارۆچكەی تەق تەقی سەر بەقەزای كۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری كوردستان كرایەوە ، كە قەزای كۆیەو دەووروبەری دەبەستەوە بە پارێزگای كركوك و بەغدا. كە ڕۆڵێكی ئابووری هاتوو چۆی باشی هەبوو بۆ دانیشتووانی ناوچەكە لە هەرێمەكەدا .

١٩٥٧/٢/١٠ ســـەرەك وەزیرانـــی ســـوودان – ســـەید ئیسماعیل ئەزهـــەری – یەكـــەم پالەوانیەتی كێشووەری ئەفریكیای لە شاری خەرتومی پایتەختی سوودان

کـردەوە ، بـە ئامـادەبوونی ۳۰ هـەزار هانـدەر ، ئـەویش بەسـەرکەووتنی هەڵبژاردەی یانەی وەرزشی کۆماری میسری عەرەبی لەیاریەکاندا.

۱۹۵۷/۳/٦ وولاتـی گانا سـەربەخۆیی خـۆی لـە نـاو بـە ئەندام بـوونی لـە ڕایەلـەی کۆمەنوولـسی بـەریتانیا ڕاگەیانـدو- کـوامی نکرۆمـا- بەیەکـەم سـەرەك کۆماری گانا هەلبژێردرا . لـە شـاری - ئـەکرا - ی پایتـەخت ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ۱,۷۸٥,۰۰۰ ملیـۆن کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـەی ، ۱۹,٥٤۰,۰۰۰ ملیـۆن کەسـە . هـەروا رووبـەری خـاکی وولاتەکـەی ، ۲۳۸,٥٤۰ هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چـڕی دانیـشتووانەکەی ، ۲۱۲ کـەس لـە یـەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، ئـەکان ٤٥٪ . مۆشـی، داگۆمیا ١٧,٥٪ . لـە وولاتەکەدا .

۱۹۵۷ /۳/۹ لـە دوای هـەوڵێکی بـەردەوام ، ئـەویش بـە مـۆرکردنی ڕێکەووتننامـەی دامەزرانـدنی بـەرەی نیشتیمانی لـە ئێـراق ، لـە نێـوان پارتـە ڕامیـاریو نەتەوەییو زانستیو کۆمەلایەتی ، بە هاوکاری ئەفسەرە ئازادیخوزەکان .
کـە لـە ئـەنجام بـووە هـۆی ڕووخانـدنی ڕژێمـی شانـشینی لـە ئێـراقو ڕاگەیانـدنی ڕژێمـی کۆمـاری بەسـەرکردایەتی سـەرکردەی عەبدولکـەریم قاسم... شـایانی باسە کە لەو بەرەیـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کە سەرکردایەتی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردسـتانی لکێنراو بەئێراقی دەکرد ، بەشداری لەو بەریە نەکرد .
ئـەویش بـە هـۆی بیری شـۆڤێنی لایەنـە عەرەبـەکان ، کـە لـە پارتـە جـۆراو جۆرەکـان پێـك هـاتبوو، بـەلام ڕێکـەووتنی دووقـوڵی لـە گـەڵ پـارتی کۆمۆنیستی ئێراق مۆر کرد ، بە پێی پرۆگرامی بەرەی مۆرکراو لە نێوان

ئەو پارتانەدا ...؟...!.

١٩٥٧/٣/٢٥ وەزیرەکـــــانی دەرەوەی ئیتالیاو ئەلمانیای ڕۆژئاواو بەلـــژیکاو فەرەنـــساو لۆکـــسمبۆرگ و هۆلەنـــدا ، ڕێکـــەووتنی دامەزرانـــدنی کۆمەڵـــەی ئـــابووری

ئـەورووپیان مـۆرکرد . لـە گـەڵ پـەیمانی دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی ئـەتۆمی ئەورووپی یۆرانۆمیان مۆر کرد لە کێشووەرەکەدا .

هەر لە هەمان کاتدا بازاڕی ئەورووپای هاوبەش لە لایەن وولاتـانی تواناداری ئـابووری و بازرگـانی ، واتـە زلهێزەکـانی هەمـەجۆر لـە بـوارە جیاجیاکـان ڕاگەیەنـدرا لـە پێنـاو پتـەو کردنـی باری ئابووری و بازرگانیـان لـە جیهـانی بازرگانی و پیشەسازی و ئەلکترۆنی سەردەمیانەدا ... هتد.

١٩٥٧/٤/١٥ لێدوانەکـــەی ســـکرتێری گـشتی پارتی کۆمۆنیـستی ســۆڤیەت و ســەرۆکی بـالای دەســـەلاتی دەوڵـــەتی ســـۆڤیەت – نیکیتـــە خرۆتشۆف– لە ڕۆژنامـەی – پرافـدا– ی زمانحالی پـارتی کۆمۆنیـــستی ســـۆڤیەتدا دەڵێـت :– بـیری ئێمـە واتـە مارکـسیەت ، داگیری هـەموو هەسـت و هۆشـی مـرۆڤ لـە ســـەر زەوی دەکـــات و

دووپاتی دەکەینەوە، کە بیری کۆمۆنیستی بەهێزترین بیرەو سـەرکەووتنی لەدوا ڕۆژدا مسۆگەرە لە سەر جیهاندا.

١٩٥٧/٥/١٢ کۆچـی دوای شـاعری کلاسـیکی کـورد – عەبدولجـەبار ئاغـا حـاجی مـەلا عەبدولرەحمان تەها دۆغرەمەچی – ناسراو بە – جەبارکانی – لە شاری هەولێرلە باشووری کوردستان .

جێگەی باسکردنە کە ئەم شاعیرە لە ساڵی ١٨٩٢ لە قەڵای هەولێر ، لە باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە.

یەکەم نووسینی بە ناوی – لەیلا و مەجنوون – بوو ، کە لە ساڵی ١٩٦٠ لە لایەن مامۆستا موکریانی بە چاپگەیاندراوە ، هەروا دیوانی کانی لە ساڵی ١٩٧٢ . دوای ئەوە دیوانی شعری لە ساڵی ١٩٨٠ بەچاپگەیندراوە ، کە لە لایەن موەفەق ئەکرەم کانی کۆکراوەتەوە بە ناوی هۆنراوەی – نیشتمان وعەشق و دڵداری –.

ئەم شاعیرە هیچ بروانامەیەکی خوێندنی نەبووە و نەخوێندەوار بووە ، بەڵام بەهۆی زیرەکی و تووانای خۆی فێری خوێندەواری کردووەو هەر بەو هۆیەش لە کارگێریەکانی هەولێر بە فەرمانبەر دامەزراوە ، هەروا لە کارەکانی شعر نووسین بەردەوام بووە تا ماڵئاوایی لە گەڵ و نیشتیمان کردووە لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان .

١٩٥٧/٥/٢٨ دامەزراندنی ڕێکخراوی – الاتحاد القومی – بە سەرکردایەتی ئەنوەر سادات و بە چاودێریکردنی لەلایەن کەمالەدین حوسێن ، کە پارتێکی سۆسیالیستی بوو لە وڵاتی میسردا .

١٩٥٧/٦/٢٥ یەکەم کنێسەی ئەرمەنەکان لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن دورستکردنی تەواو بوو ، بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاینی ئەرمەنە مەسیحیەکان .

شایانی باسە کە ڕۆژی شەهیدی ئەرمەنی ڕۆژی ١٩١٥/٤/٢٤یە ، کە ڕۆژی ڕەشکردنەوەی ئەرمەن و کورد بوو لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی تورکیاو ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ئەوکات لە کێشوەرەکەدا.

کە زیاتر لە ١٫٥ ملیۆن و نیوو ئەرمەنی کووژران و دەربەدەر کران بەرەو وڵاتانی دیکەی دەورووبەر ، بەتایبەتی سووریاو لوبنان و ئێراق و ،

کووژرانی زیاتر لە ٣٠٠٠٠ هەزار کوردیش بەهەمان شێووە لە هەرێمەکەدا .

تێبینی:- من مردی ئێووە زندی ، ڕۆژێك دێت کوردو ئەرمەن بە وولاتی سەربەخۆیی خۆیان شاد دەبنو تورکیش پارچە پارچە دەبێت بەرەو لاوازیو تەنگی سنووری دەبێتەوە ، وەك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی باوی نامێنێ چونکە تورك ماوەی ٩١٠ ساڵە بوونی هەیە ، ئەویش لەرێگەی کارە نا مرۆڤانەی بەتورك کردنو داگیرکردنی خاکی گەلانی دیکە بەتایبەتی کوردستان .

کە خاوەنی هیچ دابو نەریتو کەلتوورو زمانو مێژوو نەبووینە ونین ، تەنیا خاوەنی کەلتووری شەڕو داگیر کردنو سووتاندنو وێرانکردنی مولكو سامانو نەتەوەکان بوونەو ، ئەمەش مایەی شەرمەزاریەو دواڕۆژ ئاواتەکانیان دەبیتە پەتی لە سێدارەدانی خۆیان لە ناوچەکەو کێشووەرەکەدا .

١٩٥٧/٧/١ سەرژمێری گشتی دانیشتووان لە ئێراق ئەنجامدرا- ئامار- کە لە پارێزگای کەرکوك ٥٣٪ کوردو ٢٨٪ عەرەبو ٢١٪ تورکمان بوونە ، سەرەڕای بە عەرەب کردنو داگیر کردنو ڕاگوواستنی کوردو هێنانی عەرەبی هاوردە بۆ جێگەیان لەلایەن رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێراقیو بەتایبەتی رژێمی بەعس ، لە دوای وەرگرتنی دەسەلاتی دڕندانەییان لە ١٩٦٣/٢/٨ .

کە تاقانەی بێ وێنە بووە لە هەموو بوارە جیاجیاکان بە تایبەتی لە لایەنی نەتەوەییو نیشتیمانیدا .

کە ئەویش لە ساڵەکانی ١٩١٩-١٩٢٠ دانیشتووانی کورد لە پارێزگای کەرکوك ٨٥٪ بووە بە پێی بەلگەنامە مێژووییەکانی کۆمەڵەی گەلانو لیژنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵەی گەلانو نەخشەی کەرکوكو ئاماری عوسمانیەکان . کە ڕووبەری پارێزگای کەرکوك ٣٥٥ر٢٠هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشە بووە ، کە رژێمی بەعس بە ئارەزووی خۆی هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای پارێزگاکەی داوە لە هەرێمی باشووری کوردستاندا .

١٩٥٧/٧/١ لە ئەنجامی کۆتایی ئاماری دانیشتووانی ئێراق بەم شێوەیەی خوارەوە بوو ٤٨,٣ ٪ دانیشتووانی پارێزگای کەرکوك بوون... بەلام ئەم ڕێژەیە لە

ئامـاری ۱۹۷۷ بووەتـە ۳۷,۵۳ ٪ ... بـەڵام بـە پێـچەوانە ڕێـژەی عـەرەب لـە ۲۸,۲ ٪ زیادی کردووە لە ئاماری ۱۹۷۷ بۆ ٤٤,١٤ ٪...هـەروا تورکمـان لـە ئاماری ۱۹۵۷ ، ۲۱,٤ ٪ بوو ، بەڵام لە ئاماری ۱۹۷۷ بووەتە ١٦,١٣ ٪.

کـەم بوونـەوەی ڕێـژەی کـورد و تورکمـان بـە پێـی ئـەو دوو ئامـارە بـە هـۆی دەرکـردن و کۆچپێکردنی کـوردو تورکمـان بـووە لـە پارێزگـای کـەرکوك و هێنانی عەرەب و نیشتەجێ کردنی و دابین کردنـی هـەموو پێداویستیەکانی جێ نشین ودامەزراندنیان لە دام و دەزگا میریەکان ، بەتایبەت لە کۆمپانیـای نـەوتی باشـوور و قەدەغـەکردنی کـوردو تورکمـان بـە نیـشتەجێ بوونیـان لـە پارێزگاکە بەتایبەت لەناو شارەکەدا...؟..!؟

۱۹۵۷/۷/۵ بۆ یەکـەم جـار لـە شـاری سـلێمانی ، لـە باشـووری کوردسـتان هەڵبـژاردنی دەستەی بەڕێووەبردنی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان ئەنجام درا .

ئەویش بە هەڵبژاردنی کۆمیتەی نواندن و، کۆمیتـەی مۆزیکـاو ، گـۆرانی و ، کۆمیتــەی نیگــارو ، هــەڵکۆڵین و ، کۆمیتــەی ئــەدەبی ، لــە نــاو ئەنـدامانی کۆمەڵەدا.

۱۹۵۷/۷/۲۰ بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری– هیوا– لە شاری بەغدا ی پایتـەختی ئێراقدا .

۱۹۵۷/۷/۲۵ کۆمەڵـەی دامەزرێنـەری حـەبیب بورقێبـە ، کـە پۆسـتی سـەرەك کۆمـاری توونسی گرتە دەست ، کە بووە هۆی بنەماڵەی – بای– لـە دەسـەلاتداریەتی توونس لابەرێ لە وڵاتەکەدا .

١٩٥٧/٧/٢٩ دامەزراندنی ڕێکخراوی ، ئاژانسی وزەی ئەتۆمی– وکالة طاقة الذرية– کە ڕێکخراوێکی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانەو ١٨ وولأت لە وولأتانی جیهان مۆریان لەسەر یاسای ئەو ڕێکخراوەیە کردووە ، دوای ئەوە کۆمەڵەی گشتیﻧەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١/١٤ هەمان ساڵ ڕەزامەندی لە سەر دامەزراندنی کردووە.

١٩٥٧/٧/٢٩ گرووپێکی دانیمارکی لە شوێنەوارنناسان سەردانی قەزای ڕانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان کردوو لەوێ چوونە سەر گردی – شمشار – و هەروا لە ساڵی ١٩٥٩ دووبارە ڕوویان لەو دەڤەرە کردوو چەندین جێگەی شوێنەواریان پشکنی لە بەر گرنگی دۆزراوەکان کە ٢٤٥ تابلۆی نووسراویان دۆزیەوە ، کە هەموو باسی لەشکرو کرین و فرۆشتن و نامەی دۆستانە بوون ، کە لە سەر بەردی ناوچەکە نووسرابوون ... لە ئەنجامی پشکنین وا دەرکەوت کە ئەم گردە پایتەختی ناوچەکە بووەو ناوی گردەکەش –سووشرا– بووە . پاشای ناوچەکەش ناوی –کوار– بووەو بە پێی نووسراوی سەر تابلۆ بەردینیەکە دۆستایەتی لەگەڵ پاشای

ئاشووری – شمش ئەدد – هەبووە بەر لە ٨٤٠ پێش زایین .

هـەروا لـەو ناوچـەیە دوو پەرستگا هـەبووە یـەکیان لـەگردی– قوورەشین – ئەویدیکـەش لـەگردی – باسنووسـیان –بـووە کـە مێژووەکـەیان بـۆ ٣٠٠٠ هـەزار سـاڵ بـەر لـەزایین دەگەڕێتـەوە . هـەروا لـە گـردی دوو گردکـان کێڵـە نووسراوەیەك دۆزراوەتەوە کە هی سەردەمی بابلیەکان بووە .
جێگـەی روونکردنەوەیـە کـە دروسـتکردنی بەنـداوی دووکـان کـە کەوتۆتـە دەشتی بێتوێن لەقەزای رانیە هۆکارێکی گرنگی ژێر خانی ئابووری بوو بۆ ئێراقی ئەوکات بە تایبـەتی لـە بوونی وزەی کارەباو چەندین لایـەنی دیکـە … رووبـەری ئـەم کەنداوە نزیکـەی رووبـەری ٧٢ گونـدی لـە خۆگرتبـوو کـە کەوتۆتــە ژێـــر ئـــاوی دەریاچـــەی دووکـــان و دانیـــشتووانی ئـــەم گوندانـــە گواسترانەوە بۆ شاری رانیەو گوندەکانی دیکەی دەشتەکەو کۆمەڵگاکان .
جگە لەو گوندانەش , جێگەو شووێنی شووێنەوارێکی زۆری ناوچەکەی ژێر ئاوکـەوتن , تـەنها ئـەو چـەند شـووێنەوارە نـەبێ کـە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر ئەنجامـدراوە… ئـەمیش ئەمانـەن :–گـردەدێم – گـردی کەمـەریان – گـردی سنووســیان – گردیشمـــشارە – گـــردی قوورەشـــینە … هـــەروەك وەك لـــە ســـەرەوە باســـمان کـــردن . لـــە گـــەڵ ئەوەشـــدا زۆر کـەلوو پـەلی نایـابی لێـیٚ دۆزراونـەوە وەك – سـەدان گـۆزەی جـوانی بچووکوو گـەورە کـە هەنـدێکیان لەشێوەی گیاندار دروستکرابوون .

هــەروا هــەزاران بــەردی ســنوانی رەش و قــاوەیی بــۆ تاشــین و بــرین بەکارهاتوون ، و سەدان مۆرووی جوانی لەبەردوو قوور دروستکراوو سەدان مەنجەڵ و کەل و پەلی خواردەمەنی لەو شوویێنانە دۆزراونەتەوە .

هــەروا دۆزراوەی گردەکانی دیکە مێژوویان لــە ۳۰۰۰ هــەزار ساڵ تــا ٦۰۰ ساڵ پێش زایین دەگەرێتەوە .

پاشــای ســۆمەری – شــۆلگ – ی نــاوی ناوچــەکەی بــە نــاوی – هــەرێمی شمرمــەم – ناوزەنــد کــردووە ، کــە شــەری لــە گەڵــداکردوون و ناوچــەکەیان داگیرکردووە لە ساڵەکانی ۲٥۰۰ ساڵ بەر لە مێژووی زایین . ئەم ناوچانەی کــە باســمــان لێــوەکردوون هــەمووی لــە دەشــتی بیتــوێنی ســەر بــە قــەزای رانیەنەلە هەرێمەکەدا .

هەروا گوندی سەرسیان کە لە هەموو لایەکەوە بە زنجیرە شاخ دەروە دراوە و لەلای رۆژهەڵاتی شاخی ئاسۆس و لەلای رۆژئاوا چەند زنجیرە شاخێکی پەراگەندە هەیە وەکوو شــاخی – حاجیلە – شیشار – و بەشێك لــە شــاخی کۆسەرەت لە نزیك قەسرۆك لە باشووری شــاخی کۆســرەت و بــاکوور شــاخی کێوەرەشە .

جــا وەنــەبێ شــوویێنەوارەکان تــەنیا لــەپێ دەشــتەکان بووبێــت ، بــەڵکوو لەسەرتاســەری شــاخەکانیش هــەمووی شــوێنەواری کــۆنن و لــە قوولــەی

سەربازی و خانوو سەنگەرە ، لە پێناو بەرگری پێلەخۆکردن کە گرنگترین لەوانەش شووێنەواری دەربەندی رانیەیە کە لە نووسراوە مێژووییە کۆنەکان و بە پەردە دەربەندی – قەرەبۆل – و دەربەندی – رەمکان –ناویان هاتووە لە ناوچەکەدا .

ئەم دەربەندە ستراتیژیە لە نێوو هەردوو شاخی ئاسۆس و شاخی کێوەرەش دایەو زێی بچووك بە ناوەندی ئەو دووشاخە تێدەپەرێ... ئەمەیە خاکی کوردستان بە پەنتاییەکەی و بە درێژاییەکەی لە سەر رووبەرەکەی کە ٥٢٨ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو بنەوان و سەرچاوە و خاکی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیە لە سەر گۆی ئەو زەویە کە ئێستا لە سەر زەوی دەژین ... بەڵام داخەکەم ....!...؟...

سەرچاوە :–المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة – الرحلة الرابعة ل/٣٣,٣٤,٣٥. – طة باقر – فؤاد سفر ... سومر مجلد /٢٦ اکتشافات من حوض دوکان دکتور بنهام ,ل/٣٠ .

١٩٥٧/٧/٢٩ گۆرانی بێژوو مۆزیکا ژەنی بە ناوبانگی کورد – ئەحمەد کایا – لە شاری مەلاتیەی باکووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەحمەد کایا بەهۆی رامیاریەتی شۆڤینی و نژاد پەرستی لە زمانی شیرینی دایك بێ بەشکراوە ، سەرەرای ئەوە کوردایەتی خۆی لەبیر نەکردووەو هەموو کات و ساتێك هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانەکەی وای لێکردبوو کە هەموو گۆرانیەکانی لە پێناو بەرزراگرتنی ناسنامەی گەلی کوردستان و خاکی کوردستان بووە .

گۆرانیەکانی زۆربەیان گۆرانی رامیاری بووەو لە شیعرەکانی شاعیری بەناوبانگی تورکیا نازم حکمەت بووە ... هەروا تووشی ئێش و ئازارو زیندانی بووە لەلایەن رژێمی تورکیای سەربازی ... لەدوا کۆتاییەکانی ژیانی هەوڵیدا کە گۆرانی بەکوردی تۆماربکات و چەندین ئاهەنگی لەشارەکانی ئەلمانیاو سویدو بەلژیکا و پاریس گێراوە ... تاکو لە ساڵی ٢٠٠٤ بە هۆی نەخۆشی دڵە گەورەکەی لەکار وەستا بووە هۆکاری ماڵئاوای کردن لەگەل و نیشتیمان و تەرمەکەی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەتەك

دەرهێنەری كوردی بەناوبانگ – یەلماز گۆنای – بەخاك سپێردرا .

١٩٥٧/٨/١ نێردەیـەكی دانیمـاركی سـەر پەرشـتی هاوبەشـی دەزگـای كارلیـسبێرك و دەزگای پەرەپێدانی لێكۆڵینەوەی حكومەتی دانیماركی دەستی بەپشكنینی شوێنێك كرد بەناوی گردی شمشارە ...بۆ ئەنجامە ئاركیۆلۆژە گشتیەكانی گردی شمشارە كە نێردەی دانیماریكی لەو شوێنە هەواری لێ هەڵدا ئەو زنجـیرە نیـــشتەجێكردنەی لـــە جـــۆرە جەرمودایـــەو مێـــژووی پـــێش نیشتەجێكردنی حەسـوونە دەگەرێتـەوە و لـە بـارێكی ئاسـۆییدا لـەگردی شمـشارە دۆزرایـەوە كـە بەڵگەیـەكی گرنگـی نوێیـەو بـۆ پەیوەنـدی لـەنێوان قۆناخـــەكانی جـــەرمۆو حەســـونەی رۆژهـــەڵاتی نزیكـــی پـــێش مێـــژوو ...دۆزینەوەی دیكەزۆر گرنگ هەبووە ئەو كۆمەڵە لەخشتە كە ژمارەیان ١٤٦ خـشتە . كەبـە پـیتی مێخـی نوسـراون و لـە٧,٣٠ و ٨,٥ دۆزراونەتـەوە لـە ناوچەكەدا.

١٩٥٧/٨/١٧ بەهۆی چەندین كێشەو گرفتو بیری نەتەوەیی ، چەند سەركردەیەكی لقی هەرێمی كوردستانی پارتی كۆمۆنیستی ئیراق چوونە ناو ریزەكانی پارتی دیمـوكراتی كوردسـتان ، لەوانـە كـەمال فوئـاد، سـاڵح حەیـدەری، حەمیـد عوسمان.

١٩٥٧/٨/٢١ كۆچی دوایی زاناو شاعیری نیشتمانپەروەری كورد مامۆستا – مەلا خدری دەشتی– لە گوندی خەرابە دراو ، لـە قـەزای مـەخموری سـەر بـە پارێزگـای هەولێر لە باشووری كوردستان .

١٩٥٧/١٠/٤ یەكەم مانگی دەستكرد لە لایەن پـسپۆران و زاناكـانی سـەربازی و مـــەدەنی یەكیـــەتی ســـۆڤیەت بـەرەو ئاسمـان رەوانـەكرا ، بـە نـــاوی – ســـبۆتنیك ١– كـــە كێشەكەی ١٨٣,١٧رەتـل بـوو ، لە گەڵ سووڕانەوەی بە دەووری زەوی لە ماوەی ٩٦,١٧ چركەدا . كە بووە هـۆی بـارێكی لـە بـار

بۆ هێزەکانی سووپای سۆڤیەت و دەسەڵاتی لە جیهاندا .

١٩٥٧/١٠/٨ بالوێزی تورکیا لە ئێراق ، یاداشتێکی ئاراستەی حکوومەتی ئێراقی کرد ، ئەویش لە چۆنیەتی خەرجکردنی ئاوی فورات لە بووژانەوەی داهاتی ئاستی هێزی وزەی کارەبا .

شایانی باسە زێی دیجلەو فورات لەشاخە بەرزەکانی ئاراراتی باکووری کوردستان هەڵدەقوڵێ و هەر بەناو خاکی کوردستان دا دەسووڕێتەوە بۆ ناو خاکی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیاو وولاتانی سووریاو ئێراق ، تا لە کەنداو دەکاتەوە ، ئەو خاکەی کە بەسەر چوار دەووڵەت و نیوو

دابەشکراوە ، بە سەر ئێراق و سووریاو تورکیاو ئێران و ئەرمینیا ، بە پێی جێ بەجێکردنی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە لایەن وولاتانی هاوپەیماندا...؟...!.

١٩٥٧/١٠/١٨ لافاوە مەزنەکەی شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان روویدا ، کە لە ئەنجامدا زیاتر لە – ٤٠ – هاووڵاتی گیانیان لەدەست داو زیاتر لە –

٧٤- خانوو رووخان ، کە مەزەندەی زیانی سامانی ئەو کات بەنیوو ملیۆن دینار مەزندە دەکرا لە شارەکەدا .

١٩٥٧/١١/٣ ئەو ناوە لە مێژوودا ناونداربوو لە تووێژینەوەکانی گەردوونی دەرەوەی مانگە دەستکردەکان ، کە ئەمەش ناوی سەگێك بوو لە تیسی - وولف- کە لە ناو دووەم مانگی دەستکردی رووسیان دانا بە ناوی - سبوتنیك- کە مانگێکی دەستکردبوو کێشەکەی ١١٢٠ کیلۆگرام بوو ، کە ئەو سەگە لەناو خەزانەیەکی پڕ لەئۆکسجین دانرا لەگەڵ خواردنو دوای بەرزبوونەوەی لەرۆژی ١١/١٠ی هەمان مانگ پەیوەندی مانگە دەستکردەکە پچرا ، بە هۆی نەمانی ئۆکسجین کە لە مێژوودا یەکەم ئاژەڵە رەوانەی گەردوون کرابێت لە جیهاندا .

١٩٥٧/١١/٧ دامەزراندنی حزبی دەعوەی ئیسلامی لە ئێراق ....ئەم دامەزراندنەی لە ماڵی یەکێ لە کەسایەتیە ناودارەکانی ئیسلامی مەزهەب شیعەبوو لە شاری نەجەف ...کە هەشت کەس ئەم سەرکردایەتیەیان پێك هێنا ... کە محەمەد باقر سەدر یەکێك بوو لەو سەرکردانەو، هەروا محسن حەکیم و مەهدی حەکیم و کوری محسن حەکیم ... کە باوکی لە ساڵی١٩٨٦ لە وولاتی سوودان تیرۆرکرا ...هەروا لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیکە لە شارەکەو پارێزگاکانی کەربەللاو دیوانیەو حیلە ... لە باشووری ئێراق .

سەرچاوە :- الحرکە الاسلامیە فی کردستان العراق . د.محەمەد نوری بازیان - چاپی یەکەم /٢٠٠٦.

١٩٥٨

١٩٥٨/١/٤ کەووتنە خوارەوەی مانگی دەستکردی گەردوونی یەکیەتی سۆڤیەت- سبۆتنیك /١- لە بۆشایی ئاسمان بەرەو زەوی . لە دوای دروست بوونی چەند گرفتێکی تەکنیکی لە ناو مانگە دەستکردەکەدا لە بۆشایی ئاسماندا

١٩٥٨/١/٥ شانشین فەیسەڵ شانشینی ئێراقی دورستکراو ، سەردانی شاری جەلەولای لە هەرێمی باشووری کوردستان کرد ، بە هۆی ڕوودانی لافاوێکی گەورەو وێرانکردنی چەندین گەڕەك لە شارەکەدا.

١٩٥٨/١/٦ سەرەك کۆماری ئێراق و دامەزرێنەری ڕژێمی کۆماری عەبدولکەریم قاسم پلانی شۆڕشی لەم ڕۆژە داڕشت ، ئەویش لە پێناو لەناو بردنی بنەماڵەی شانشین و ڕاگەیاندنی شۆڕش ، لەوکاتە کە یادی دامەزراندنی سووپای ئێراق دەکرایەوە لە گۆڕەپانی شا ئاهەنگە دەکرا... بەڵام زۆربەی ئەفسەرە ئازادەکان ماوەیان پێنەدرا بە هۆی کووشتنی خەڵکێکی زۆر لە گۆڕەپانەکەدا.

١٩٥٨/١/١٥ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی – شەفەق– لە پارێزگای کەرکوکی باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق.

١٩٥٨/١/١٨ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی هەفتەنامەی ئازادی – الحریە– لەلایەن یوسف مەلەکی لە شاری بەغدا.

١٩٥٨/١/٢١ کۆچی دوایی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی نەتەوەیی کورد – مەعروف چاووك – کە هەڵگری بەڵگەنامەی مافپەروەر بووە .
جێگەی باسکردنە کە ماملآستا چاووك لە ساڵی ١٨٨٥ لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، کە کوری گچکەی کەسایەتی ناوداری

کورد حاجی مەولود ە کە ناسراوە بە – بەدیع ئەلزەمان – کە ئەو بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە سەر هۆزی باڵەك و لە گوندی سرێشەی سەر بە شاری رواندزە لە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان .

دوای ئەوە لە سەر کارەکەی دوورخراوەتەوە بۆ وولاتەکانی بۆرماو هندی چینی ، دوای بەردان و گەڕانەوەی بوو بە سەرۆکی دادگای سەرەتایی لە کەرکوك ، دوای ئەوە کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی پێداچوونەوەی یاسایی لە ئێراق .

تێبینی :– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ کتێبی ئەعلام ئەلکورد ئەالئێراق – جەمال بابان .

١٩٥٨/١/٣١ ئەمەریکا یەکەم مانگی دەستکردی بەرەوبۆشایی ئاسمان ڕەوانەکرد بە ناوی – ئیکسبلورا/١– کە کێشەکەی ١١٤,٣ ڕەتل بوو، کە ماوەی پێچوونی سووڕانەوەی بەدەووری زەوی ١١٤,٨ چرکە بوو، لە ئاکام بووە هۆی پێشبڕکێی نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمەریکا لە بەرەو داگیرکردنی گەردوون .

١٩٥٨/٢/١ ڕاگەیاندنی یەکیەتی لە نێوان کۆماری میسرو کۆماری سووریا بە ناوی کۆماری عەربی یەککگرتوو ، بە سەرۆکایەتی سەرۆك کۆماری میسر جەمال عەبدولناسر لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر لە ناوچەکەدا.

١٩٥٨ /٢/١٤ شانشینی ڕژێمی ئێراق شانشین فەیسەلی دووەم و شانشینی ڕژێمی ئوردن شانشین عبدالله بن طلال یەککگرتنی ئێراق و ئوردنیان ڕاگەیاند کە ئامۆزاو برازای یەکتر بوون و لەبنەماڵەی شێخ حسن علی سعوودین و لەدایك بووی دوورگەی بیابانی عەرەبین لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست .

١٩٥٨/٢/٢٨ بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – پێشکەوتن– لە شاری بەغدا.

١٩٥٨/٥/٥ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق ، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی سەرکەووتنی لایەنگرانی دەوڵەت و کاندیدەکانی سەر بە یەکگرتنی شانشینی لە ئێراق و شانشینی لە ئوردن.

١٩٥٨/٥/١٩ کەسایەتی ناوداری کورد – ئەحمەد موختار بابان – پۆستی سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق گرتە دەست لە سەر وولاتەکەدا .

١٩٥٨/٧/١٤ سەرەك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا – ونستۆن چرچل– ئەو کاتە تەمەنی لە ٨٤ ساڵی دابوو... ئەو سەرۆکی کۆنگرەی قاهیرەی پایتەختی میسر بوو ، بەڕاکێشانی ئەندازیاری قەوارەی ڕامیاری ئێراقی ڕووخاو ، هەر ئەویش بەپووخت کردنی هەڵساو مۆریکرد ، کە بەکارێکی سەربازی دانرا لە ساڵی ١٩٤١ ، لەو کاتەی کە لەژێر ترسناکی ژێرکەووتن بوو لە دەستی فاشیەکان لە ڕێگەی عەرەبە نەتەوەیە شۆڤینیەکان.

شایانی باسە کە عەبدولکەریم قاسم لە شارۆچکەی سووێرەی ڕۆژهەڵاتی بەغدا لە ساڵی ١٩١٤ لە باوکێکی عەرەبی و داکێکی کورد لەدایك بووەو لەخێزانێکی هەژاری شارۆچکەکەدا .

خووێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندو لەشاری بەغدا تەواو کردووەو دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٢ پەیوەندی بەئەکادیمیای سەربازی لەبەغدا کردووە و چۆتە ڕیزی سووپای ئێراق ، چەندین پۆستی لە ناو سووپای وەرگرتووە ، دوای ئەوە چۆتە کۆلێژی ئەرکان لەساڵی ١٩٤٠و لەساڵی ١٩٤١ ڕەوانەی بەریتانیا کراوە بۆ تەواو کردنی خووێندنی سەربازی ، هەروا لە ساڵی ١٩٤٨ بەشداری لە شەڕی فەلەستینی کردووە لەگەڵ هێزەکانی سووپای ئیسرائیل و عەرەب لە هەرێمەکەدا .

١٩٥٨/٧/١٤ بــــەرپابوونی شۆڕشـــــی ١٤/تەمووزی/١٩٥٨ لە ئێراق ، ئەویش بە ڕووخاندنی ڕژێمی شانــشینی لــــە ئێــراق و ڕاگەیاندنی ڕژێمی كۆماری بە ســەركردایەتی عەبدولكــەریم قاسم لــە ئێــراق بــەهاوكاری بەرەی نیشتمانی یەككرتوو و ئەفــسەرە ئازادیخوازەكــانی سووپای ئێـراق و كەسـایەتیە ناودارەكـــانی دیموكراتخـــوازانی ئێـــراق.. لـــە هـــەمان ڕۆژ بریـــاری هەلووەشاندنەوەی یەككرتنی هەردوو شانشینی ئێراق وئوردن ڕاگەیەندراو بووە هـۆی نائومێـدی وڵاتـانی عـەرەبی بەتایبـەتی شانشینی سعوودیەو ئوردن و لەدەست دانی رژێمەكەیان لە ئێراقدا .

١٩٥٨/٧/١٨ سەرۆك كۆماری میسر جەمال عەبدولناسر هەموو جیهانی سەرسام كرد , كە لـە مۆسكۆوە لەرێگەیدا بۆ قاهیرەی پایتـەختی میسر بەرەو دیمەشقی پایتـەختی سـووریا فـری ... چونكە لەوكاتـەدا هـەموو كەسـێك وای هەسـت كرد كە – جەمال عەبدولناسر – پاش سەردانەكەی بۆ یەكیەتی سۆڤیەت لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق بنیشێتەوە , بەلام یـەكێك لەوكۆڕانكاریانـەی كـە لـە كۆتـایی پەنجاكانـدا یارمـەتی جەمـسەر بەندییـەكانی ڕۆژهـەلاتی ناوەراسـتیدا كاریگـەری لـە سـەر داهـاتووی ناوچـەكە دانـا .رەتكردنـەوەی سەرەك كۆماری ئێراق – عەبدولكەریم قاسم – بوو بۆ نیشتنەوەی فرۆكە تایبەتیەكەی عەبدولنا سر لـە شاری بەغدا ، بە بەهانـەی ئەوەی كـە داوا كاری عەبدولناسر بۆ سەردانیكردنی بەغدا لەكاتێكی نەگونجاودا نیە .

جێگەی روونكردنەوەیە كە سەرەتای هـەر گرفتێك كە دەست پێدەكات لـە ناكـاو چـەندین داواكاریـە لـە نێـوان سـەركردەكان لـە وڵاتـە جیاجیاكـان لەجیهان ...لەوانەش :–

هەندێك لە ئەفسەرەکانی سووپای ئێراق کەبەناوی ئەفسەرە ئازاد یخوازەکان ناسرابوون لەپەیوەندیدا بوون لەگەل سەرۆکی میسر —جەمال عەبدولناسر— بۆ ئەوەی هاوکاریان بکات بەگۆرینی دەسەلاّتی رامیاری لە ئێراق ... ئەو ئەفسەرانەش دەیانوویست گۆرنکاریەکە لە ئێراق ئەنجام بدەن کە عەبدولناسر هاوکاریان بکات ... کە بە هەمان شێوازی ئەو رامیاریەتی لە ئێراق بگرنە بەر .

ئەو ئەفسەرانەش لە ژێر فەرماندەی عەبدولکەریم قاسم بوون کە ئەویش یەکێك بوو لەو ئەفسەرانی کە خاوەنی تۆمارێکی پاك بوو لە ریزەکانی سووپای ئێراق لە هەموو بوارەکانی سەربازی .

بەلاّم عەبدولناسر وەلاّمی داواکانی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی نەداوەو بیٚ ئومێدی کردن ،... لەبەر ئەوەی بریاری هاوکاری کردنی پەیوەندی بە— ئەیزنهاوەری — سەرۆکی ئەمریکا بووبێت... چونکە گەر هاوکاری ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی بکردایە ئەوا دەبوو دژایەتی بیرو بۆچوونی ئەیزنهاوەری بکردایە... و دووچاری رووبەرووبوونەوە دەبوو .

لەبەر ئەو هۆکارە عەبدولناسر خۆی لەو جۆرە هاوکاریکردنە دوورخستەوە ... لەوانە هۆکارێکی دیکەش بەربەستە بووبێت لە پێش یارمەتی نەدانەکە ، ئەویش بەنەبوونی زانیاری لە سەرباری نوێی ئێراق و ئەفسەرە ئازادیخوازەکان.

لەبەر ئەوەی عەبدولناسر شۆرشگێرێکی عەرەبی نەبووە لە پێناو یەکیەتی نەتەوەی عەرەبدا تێکۆشابێت . ئەنجامەکان هەر چۆنێك بووبێت و ئامانجەکانی خۆی پا بەند بوون بوو بە کۆمەلێك پرنسیپی دیاریکراو کە لە ناویاندا دوو دلّی لە بەرامبەر پشتگیریکردنی کودەتاکاندا .

کودەتا سەربازیە شۆرشگێرە ئاشتیخوازەکەی دژبە رژێمی پاشایەتی لە

ئێراق چەند ئاماژەیەكی لە خۆ گرتبوو... ئەو كودەتا سەربازیە ئاشتیخوازە كە یەكەم كودەتابوو لەرۆژهەلاتی ناوراستداو لە هەمان كات یەكەم شۆرشی گەلانی ئیراق بوو لە رووداوێكی تەواوو كتووپری سەر سوورهێنەر بوو لە هەرێم و ناوچەو جیهاندا .

گرنگی لەو كودەتا شۆرشكێریە ئەوە بوو هیچ جۆرە پەیوەندیەك لە نێوان سەركرەی ئەو كودەتایە و سەركردەی وولاتانی دیكەی دراوسێی وناوچەو جیهان نەبوو ... جگە لە عەبدولكەریم قاسم كە دووسالْ بەر لەو كودەتایە پەیوەندی لەگەلْ بەرپرسانی میسر هەبووە .

لە گەلْ ئەوەشدا یەكەم هەنگاوی سەرۆك كۆماری میسر جەمال عەبدولناسر پاش بیستنی ئەم كودەتایە بریاریدا بە هەموو هێزەكانی سووپا –كۆماری عەرەبی یەكگرتوو– بە بەرزراگرتنی خۆ ئامادەباشی ... هەروا بریاریدا بەرەوانە كردنی یەكەی سەربازی بۆ سەر سنووری سووریا و ئیراق .

دوای ئەو كارانەش لە راگەیاندنێكی كۆماری دا نینا بە كۆماری نویْ لە ئێراق و دەسەلاتی عەبدولكەریم . ئەویش بە پێی پەیماننامەی پارێزگاری عەرەبی هاوبەش كە كۆمكاری وولاتانی عەرەبی دەریكرد بوو... بەم پێیە عەبدولناسر لەراگەیاندنێكیدا گووتی :– پەلاماردانی ئێراق لە هەر لایەنێك بێت پەلاماردانی كۆماری عەرەبی یەكگرتووە لە ناوچەكەدا

سەرچاوە:– كتێبی بۆ چی عەبدولكەریم قاسم نە یهێشت فرۆكەكەی عەبدولناسر لەبەغدا بنیشێتەوە / دانانی وەسفی ئەلتەل– بیروت.

١٩٥٨/٧/٢٠ بە بۆنەی سەركەووتنی شۆرشی تەمووزو لە گۆرنانی رژێمی شانشینی لە ئێاقدا ، لێبووردنی گشتی بۆ زیندانیەكانی رژێمی شانشینی لەئێراق لەلایەن عەبدولكەریم قاسم راگەیاندرا ، كە زۆربەی زیندانە رامیاریەكان لە كوردو كۆمۆنیستەكان بوون لە وولاتەكەدا.

١٩٥٨/٧/٢٢ حكوومەتی نوێی شورش لە ئێراق راگەیاندنێكی بلاوكردەوە بە دەرچوونی ئێراق لەیەكیەتی بنەمالەی هاشمیو هەر یاساو رێنماییەكی لەو بارە دەرچووبێت هەلووەشێندرایەوە.لە ئێراق لە گەلْ وولاتانی پەیووەندار لە جیهاندا .

١٩٥٨/٧/٢٧ بۆ یەكەم جار لە دەستووری نوێی دەسەلاتی كۆماری لە ئێراق لەبرگەی /٣ی دەستورەكە دان دەنێ بە مافی هاوبەشی كوردو عەرەب لەسەر خاكی

ئێراق ، کە کورد نەتەوەی دووەمی لکێنراو بەئێراق بووە لە سەرخاکی خۆی کە کوردستانە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لە ماددەی/١ ی دەستوورەکەدا هاتووە – دەوولەتی ئێراق کۆمارێکی سەربەخۆیەو بە سەربەخۆیەکی تەواو لە هەموو بوارەکاندا – بەلام جێگەی داخە کە لە ماددەی/٢ ی دەستوورەکەدا هاتووە و دەلێ:–

ئێراق پارچەیەکە لە ئوومەی عەرەبی . ئەم ماددەیە ماددەی /٣ ی دەستوورەکە سووك دەکات لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی لە رووی نەتەوەیی و نیشتیمان ، لە هەمان کاتدا لە ماددەی/٣ ی دەستوورەکەدا کە دەلێ:–

کوردو عەرەب هاوبەشن لەو نیشتیمانە و دەستوور بریاری لە سەر دەدات بە مافەکانی نەتەوەیی لە ژێر سنووری ئێراق ، بەلام باسی نیشتیمانی کورد ناکات لە دەستوورەکەدا ، کە ماددەی/ ٣ی بەندە بە مافی کورد لە ئێراقدا .

١٩٥٨/٨/٧ دەرچوونی چەندین بریاری رێکخەری سەردەمی لە لایەن حکوومەتی نوێی کۆمۆنیستی لە چینی مللی ، ئەویش بە دامەزراندی کۆمیۆنی چینی لەلادێکان ، واتە – کۆمەلەی هەرەوەزی جووتیاران – بەدابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیارو رووبەری کۆمیۆنی چینی زیاتر لە ٦٤٠٠٠ کیلۆمەتر چوار گۆشەبوو، کە ٤٦٠٠ خێزان لەسەری دەژیان ، هەر کۆمیۆنێکیك زیاتر لە ١٠ هەزار کرێکاری کشتووکالی کاری تیادەکات . کە هەموو ئەو خێزانە جووتیارانە لەسنووری ئەو کۆمەلەیە دەگرێتە خۆی ، لەهەمان کات ئەو کۆمیۆنانە هاندران لەپێناو ئەنجامدانی کاری پیشەسازی ئاسنو جۆرەکانی دیکەو تاکوو ئێستاش لەو بوارەدا بەردەوامە لە وولاتەکەدا .

١٩٥٨/٨/٢١ سەر کردەی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد مستەفا بارزانی و شاندە یاوەرەکەی لە پەناهەندەیی مۆسکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەتی جێ هێشتو بەرەو کۆماری ئێراقی نوێ گەڕایەوە ، لە ڕێگەی کۆماری ڕۆمانیا کەوتە ڕێ ، کە میرحاج و ئەحمەد خۆشەوی لە گەل دابوو. لە پێناو گەیشتنەوەی بۆ هەرێمی باشووری کوردستاندا .

١٩٥٨/٨/٢٤ ئەمیندارو یەکێك لە دامەزرێنەرەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی – میشێل عەفلەق – بە یاوەری فوئاد رەکابی گەیشتنە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، لەپێناو یەکیەتی عەرەب و گرتنە دەستی دەسەلات لە ئێراق ، بەداڕشتنی نەخشەی پیلانیگێڕی شۆڤینی و نژاد پەرستی لەوولاتەکەدا.

١٩٥٨/٨/٢٩ مستەفا بارزانی لە براگی پایتەختی هۆلەندا بروسکەیەکی ئاراستەی سەرەك کۆماری نوێی ئێراق عەبدولکەریم قاسم کرد ، بە بۆنەی سەرکەووتنی شۆڕشی تەمموز . لە پێناو چارەسەری کێشە دورستکراو هەلوواسراوەکانی رژێمی شانشینی رووخێندراوو مافی مرۆڤ و گەلانی ئێراق ، بەتایبەتی گەلی کورد لەباشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق.

١٩٥٨/٩/٢ سەرەك کۆماری ئێراقی نوێ عەبدولکەریم قاسم وەلامی بروسکەکەی مستەفا بارزانی دایەوەو هیوای خواست کە بەدلخۆشی بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی ، لە پێناو بەشداری کردنی لە بنیاتنانەوەی ئێراقی نوێ و هاوخەباتی کوردو عەرەب لەولاتەکەدا .

١٩٥٨/٩/٢٨ ڕۆمان نووسی فەرەنسی دەرکەوتووی بەناوبانگی فەرەنساو جیهان میشێل هویلیبیل لەناوچەی ڕینۆبۆنی فەرەنسا چاوی بە جیهان هەلهێناوە لە وولاتەکەدا .

١٩٥٨/٩/٣٠ لـە پێنـاو بنبڕکرنـی دەرەبـەگو ڕژێمـی دەرەبەگایەتیـدا لـەم ڕۆژە دا یاسـای چاکسازی کشتووکاڵی لە مێژووی ئێراق و بۆ یەکەم جار ڕاگەیاندرا ، کە لە ١,٩٢ کرێکـاری کـشتووکاڵی گرتـەوە بـە بەدەسـت هێنـانی پارچـە زەوی کـشتووکاڵی... کـە لەوکاتـە لـە٩١٪ زەوی کـشتووکاڵی لەدەسـت درەبـەگو خاوەن سامانەکانی زەوی بوون لـەکێخوای گونـدو ئاغاکانو سـەرەك هـۆزوو تیرەکان ، کە بەر لەو یاسایە هەندێکیان ٢٥٠ هەزار دۆنم زەوی لەبـەر دەسـتا بوولە خاکی وولاّتەکەدا .

لەهەمان کات شێخە عەرەبەکان هەندێکیان نزیکـەی یـەك ملیۆن دۆنم زەوی کشتووکاڵی لەبەر دەستا بوو ، یەك لەوانە عجیل یاوەری شێخی عەشیرەتی شـەمەر ، کـە ١٠٠ هـەزار دۆنم زەوی داگـیر کردبـوو لـە ڕۆژئـاوای ئێـراق و هەرخۆشی دانیشتووی وولاّتی سعوودیە بوو.

جگـە لـەداگیرکردنی خـاکی کوردسـتان بەتایبـەتی لـەپاریزگای مووسـڵو کەرکوكو دیالەو کووت ، ئەویش بەهەڵووەشاندنەوەی داواکاری عەشائیری عـەرەبو دوولایەنــە لەیاســادا لەلایــەن عەبدولکــەریم قاســم لــە پێنــاو یارمەتیــدانی جووتیــاری هــەژارو کرێکــارە کــشتووکاڵیەکانو بوونیــان بەجووتیار لە ڕژێمی کۆماری نوێی ئێراقدا.

١٩٥٨/١٠/٢ وولاّتــــــی کینیــــــا ســـەربەخۆیی خـــۆی لـــە ئەنجامی ڕاپرسی گەلانی کینیا بە جیابوونەوەی لە فەرەنـــسا ڕاگەیانـــدو– ســـیکتۆ – بـــووە یەکـــەم ســــــەرەك کۆمـــــاری وولاّتەکــــەو بـــــەرەو دامەزرانـــــدنی یەکـــــەم دووڵەتی مارکسی هەنگاوینا لە کێشوەری ئەفریکیاو دەسەڵاتی تاکڕەویو یەك پارتی ڕاگەیاند لە وولاّتەکەدا .

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – نـایرۆبی – پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی

دانیشتووانەکەی ، ١,٩٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەکــەی ، ٢٩,٩٠٠,٠٠٠ ملیــۆن کەســە . هــەروا رووبــەری خــاکی وولاّتەکــەی ،٥٨٠,٣٧٠ هــەزار کیلـۆ مــەتر چـوار گۆشــەیە . هــەروا چـڕی دانیشتووانەکەی ،١٣٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، لۆهیا، لوو ، کیکۆیۆ ، کەمیا . لە وولاّتەکەدا .

١٩٥٨/١٠/٥ دەســـــتگیرکردنی عەبدولـــــسەلام محەمــەد عــارف لەلایــەن ســەرەك کۆمـــاری ئێـــراق عەبدولکـــەریم قاســـم و بــە دوورخـــستنەوەی لــە یەکیــەتی عــەرەب ، لــە هــەمان کــات دوورخستنەوەی پارتی بەعس لە دەوورووپــشتی دەســەلاّتی نــوێی عەبدولکەریم قاسم لە وولاّتەکەدا .

١٩٥٨/١٠/٦ پاش زیاتر لە دوانزە ساڵ لە دەربەدەریو ئاوارەییو پەناهەندەیی بارزانی مستەفا بە فڕۆکە لـە بەنـدەری بەسرە گەیشتەوە شاری بەغدای پایتـەختی ئێراق ، کە لە ڕێو ڕەسمێکی گەرمدا پێشوازی لـە لایـەن جـەماوەری گـەلانی دانیــشتووانی شــاری بەغــدا لــە عــەرەب و کــورد و نەتــەوەکانی دیکــە لــە شــارەکەدا لێکــراو بــووە هــۆی کاردانــەوەی کاریگــەر لــە ســەر داهــاتووی پێکهاتەکانی گەلانی ئێراق .

١٩٥٨/١٠/٧ لە دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکیەتی سۆڤیەت سەردانی سـەرەك کۆماری نوێی ئێراق عەبدولەکریم قاسمی کرد لـە کۆشـکی کۆماری لەشـاری بەغدا.

١٩٥٨/١١/٤ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەعس لـە ئێراق عەبدولسەلام محەمـەد عـارف لە لایەن دەسەڵاتی نوێی کۆماری ئێراق دەستگیر کرا ، بە هاوکاری لـە گـەڵ پــارتی کۆمۆنیــستی ئێــراق بــۆ دژایــەتی کردنــی پــارتی بەعــسی عــەرەبی سوشیالیست لە ئێراقدا .

١٩٥٨/١٢/١٠ رادیۆی کوردی بۆ یەکەم جار پەخشی خۆی بە ئیران و جیهان بلاو کردووە ، بۆ ماوەی نیوو کاتژمێر لە وێستگەی رەسمی رادیۆی فارس و دوایی بووە دوو کاتژمێر بە هەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی بەرنامەکانی خۆی بەخشی دەکرد... لە سالی ١٩٦٣ بەفەرمانی رژێمی شا پەخش راگیرا .

لە سالی ١٩٧٩ دەستی بە پەخش کردن کردووە ، دوای سەرکەوتنی شۆرش ئیسلامی لە ئێران و دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٨٣ تاکوو ئێستا بەشی کوردی لە وێستگەی سەرەکی لە تارانی پایەتەختی ئێران بەردەوامە لە پرۆگرامەکانیدا .

١٩٥٨/١٢/١٨ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری مانگانەی – العربی – کووێتی لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری کووێت .

جێگەی ئامارە پێکردنە کە گۆڤاری ئەلعەرەبیە لە لایەن نووسەرو رۆژنامە نووسی ناوداری عەرەبی دکتۆر – زەکی – سەرپەرشتی دەکرا .

ئەم گۆڤارەش بە باشترین و لێهاتووترین گۆڤار دادەنرێت لە

ووڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکان ، بە تایبەتی لە بوارەکانی خزمەتکردنی نەتەوەی عەرەب و ئیسلام ، بە رۆشنبیرکردنەوە لە دوای نەوەکانیدا و بۆتە گۆڤارێکی نەك هەر بۆ عەرەب ، بەلکوو بۆ عەرەب و جیهان لە هەموو بوارەکاندا .

تێبینی :– بوونی گۆڤارو رۆژنامە و کتێب هۆکاری رۆشنبیریەتی ئەو نەتەوەیە لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا بە تایبەتی لە هەر دوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

١٩٥٩

١٩٥٩/١/١ دامەزراندنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە کووبا بە پشتیووانی ئەمەریکا لەلایەن سەرۆکی ڕژێمەکە باتیستا بە پێشوازی لێکردن لێی لەلایەن ئەمەریکا ، کە بووە هۆی گەندەڵیەکی بۆگەن لە دام و دەزگاکانی ڕژێمەکە لە کووبا ، دوای ئەوە لە ئەنجامی شۆڕشی

کۆمۆنیستی بەسەرکردایەتی فیدل کاسترۆ، کە باتیستا بەرەو ئەمەریکا هەڵات و کاسترۆ دەسەڵاتی ڕژێمێکی کۆمۆنیستی دامەزراندرا. لەدوورگەی کووباو دژ بەئەمەریکا لە وڵاتەکەدا .

١٩٥٩/١/٢٥ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی – طريق الشعب – لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، کە زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقەو تاکو تەواو بوونی ئەو مێژونامە لەبلاو کردنەوە بەردەوام بووە .

بەڵام لە دوای کودەتای بەعسیەکان بە دەیان گیروگرفتی ڕاگرتن و ڕێگە لێگرتنی هاتۆتە پێش لە ئێراق دوای ئەوە لەشاخ وشارۆچکەکان لە کوردستان و وڵاتانی سوشیالیستی و وڵاتی سووریا ماوە ماوە بڵاودەکراوە ، کە ڕۆڵی باڵای هەبووە لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بارودۆخی ئێراق و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی و پالپشتی کردن لە کوردو مافی کورد لەسەر خاکی کوردستان.

١٩٥٩/٢/١٠ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – ڕزگاری– لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ، کە ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە بەرەوپێش بردنی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی بە ڕۆشنبیر کردنی گەلی کورد لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا.

١٩٥٩/٢/١١ دامەزراندنی یەکیەتی فیدراڵ لە نێوان ژمارەیەك لە ئیمارات و شێخەکانی

عـەرەب بـە نـاوی – یەکیـەتی باشـووری عـەرەب – لـە باشـووری دوورگـەی عـەرەبی دوای ئەوە لەگەڵ بەریتانیا پەیمانی پاراستنی ئەو یەکیەتیەیان کە بەیەکیانی بەستبووەوە مۆرکرد. لە دوورگەکەدا .

١٩٥٩/٢/١٦ وەرگرتنی پۆستی سەرەك وەزیرانی کۆماری کووبا لە لایەن دامەزرێنەری کۆماری کووبا فیدل کاسترۆ لە وولاتەکەدا .

١٩٥٩/٢/١٦ دامەزراندنی یەکیەتی گشتی قوتابیان لە ئێراق ، لەلایەن پارتی کۆمۆنیست و لایەنە دیموکراتی و نیشتمانپەروەرانی ئێراق لە کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنی لە ئێراق.

١٩٥٩/٢/١٧ گرێدانی دوا کۆبوونەوەی کۆنگرەی تایبەت بە سەربەخۆیی قووبرس و تایبەتمەندی لە گرێدانی کۆنگرەی دەستووری لە دوورگەی نویٚ ، لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، کە بۆ یەکەم جار قووبرسیەکان بەشداریان تێدا کرد بەنووێنەرایەتی – ئەسقەف مەکاریۆس – لەپاڵ یۆنانیەکان دکتۆر – کۆتشاک – ونووێنەری تورکەکان لە دوورگەکەدا .

١٩٥٩/٢/١٩ لە دوای تێگەیشتنی سەرۆکی یۆنان – ئەسقەف مەکاریۆس – کە یۆنان لەلابالی پرۆژەو رەتکردنەوەی پرۆژەی رێکەووتنەکە ناوەستێت و پرۆژەی دەستووری پێشنیار کراوی مۆرکرد لە پاڵ دکتۆر – کۆتشاک – و سەرۆکەکانی حکوومەتی بەریتانیاو یۆنانیەکان و تورکیا .
لە بارەی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی هەردوو هەرێمی قووبرسی و تورکی و یۆنانی لەهەرێمەکەدا.

١٩٥٩/٢/٢٧ کۆچی دوایی سەرۆك هۆزی – عەشیرەتی – بندیان کێخوا عەدۆی ئازیکەندی سەر بە ناحیەی قەراجی سەر بە قەزای مەخمووری سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان ، ئەم کەڵە مێردە زۆر زیرەك و خزم دۆست و هۆشمەند بووە .

لــە بــەر ئــەو هۆکارانــە خزمەکانیشی لایەنگری ئەو بوونە ، بۆیە لە ناو ئەم هەموو دووژمنکاریانەدا ، توانی بە سەر بەرزانە بژی و شووێنی خۆی بکاتەوەو خزمەکانی بپارێزی و داکۆکیان لێبکات .لە هەموو بوارە جیا جیاکانیدا لە پارێزگای هەولێر لە ناوچەکەدا

شایانی باسە هۆزی بندیان لە چوار تیرە پێکهاتووەو دانیشتووی پارێزگای هەولێرن کە لەم چوار تیرەیە پێك هاتوون ١- تیرەی حەسەنی . ٢- تیرەی سۆفی بەکری . ٣- تیرەی ناسری . ٤- تیرەی فەقێیی . لە هەرێمی باشووری کوردستاندا .

١٩٥٩/٢/٢٨ ڕاگەیاندنی فەرمانی جیاکردنەوەی بەشی لێکۆلینەوەی کورد بەسەرپەرشتی دۆستی کورد یوسف پەیکارۆڤیچ توربیلی.

١٩٥٩/٣/٣ شاعیری ناوداری کورد شێخ سەلام شێخ ئەحمەد شێخ عەبدولکەریم شێخ محەمەد ناسراو بەشێخ سەلام لە باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە مامۆستای شاعیر لە سالی ١٨٩٦ لە گەرەکی – دەرگەزێن – لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەلهێناوە . بەلام نووسەرو زاناکانی کورد وەك مامۆستا مارف خەزنەدارو گیو موکریانی سالی لە دایك بوونی بە سالی

١٨٩٨ دادەنێن

١٩٥٩/٣/٨ هـەرەس پێهێنـانی جوولانـەوەی عەبـدولوەهاب شـەواف لەشـاری مووسڵ بـە نـاوی – جوولانـەوەی شــەواف– ی بەعــسیکان دژی ڕژێمــی کۆمــاری نــوێو کۆمۆنیستەکان بەپالپشتی ڕژێمی سـووریا، هـەر بـەو هۆیـە ڕژێمـی سـووریا ڕامیاریـەتی دڕندانـەی بەرامبـەر بـەکورد گرتـە بـەرو بەسـەدان خێزانـی دانیـشتووانی کورد لەناو شاری مووسڵ ڕەویان کرد بە تایبـەتی لـەدوای هـەرەس هێنـانی جوولانەوەکە بۆناوچەکانی دیکەی کوردستان بۆ پارێزگـای هـەولێرو قـەزای دهۆك لەباشووری کوردستان.

١٩٥٩/٣/٢٤ مۆرکردنی پەیمانی ناوەندی ، کە شێوازێکی پێشکەوتووتربوو لـە پـەیمانی بەغدا لە دوای کشانەوەی ئێراق لەو پەیمانـەو بارەگاکـە لـە بەغـدا گوسـتراوە بۆ شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا .

کـە ئـەو پـەیمانـە تورکیـاو ئێـرانو پاکستانو بـەریتانیای لـەخۆ گرتبـوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمـەریکا وەك چاودێر بەشداری تێداکردبوو ، بـە تایبـەتی لە هەردوو لێژنەی ئابووریو سەربازیدا .

لە گەڵ ئەوەشـدا ئـەو پـەیمانـە لێژنەیـەکی هـەبوو کـە لـە وەزیرانـی دەرەوەی وڵاتانی ناو ئەو پەیمانە پێکهاتبوو لە ناوچەکەدا .

١٩٥٩/٣/٢٤ یەکەم دادگای شۆڕش لە ئێراقی نــویٚ دەســتی پێکــرد ، بــە دادوەری فـازل عبـاس مەهـداوی بــە ســەرۆکی دادگــاو ، ماجـد محەمەدئــەمین بـــە داواکـــاری گــشتی دادگــا لــە ئێــراق بــۆ دادگایی کردنـی کەسانی دژ بە دەسـەڵاتی نوێی کۆماری ئێراق و پـــارتی کۆمۆنیـــست لـــە وولاتەکەدا .

١٩٥٩/٤/٤ بڵاو کردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامـەی – خـەبات – لـە شـاری بەغـدای پایتــەختی ئێـراق ، بـە زمـانی عـەرەبی و کـوردی ، کـە زمانحـاڵی پـارتی دیموکراتی کوردستان بوو – لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق لـە ناوچەکەدا .

١٩٥٩/٤/٦ حکوومەتی شوڕشی نوێی ئێراق بڕیارێکی دەرکرد بەدەرچوونی ئێراق لە ناوچەی ئیسترلین و گۆڕینی هەبووەکانی ئێراقی ئیسترلینی و داهاتـەکانی داهاتووی لە نەوت و زێڕو دراوی بیانیدا .
کـە ئەمـەش بـووە هـۆی هەژانـدنی بازاڕەکـانی لەنـدەن و دارایـی پایتـەختی بـەریتانیا و بـووە هــۆی بەربوونــەوەی کەســایەتی دینــاری ئێراقــی لــە بازارەکــانی جیهانــدا... کــە عەبدولکــەریم قاســم و وتوویــەتی لــە ئــازادی ئازادکراوەکان.

١٩٥٩/٤/١٤ دامەزراندنی پارتی – کاژیك– لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی ژیانـەوەو یەکیەتی کورد لە باشووری کوردستان.

١٩٥٩/٤/١٥ گرێـدانی یەکـەم کـۆنگرەی گـشتی کۆمەڵـەی جووتیـاران لـە شـاری بەغـدای پایتــەختی ئێـراق کــە لەلایــەن پــارتی کۆمۆنیـست ولایەنــە دیمــوکراتی و نیـشتمانی و نەتەوەییەکانەوە لەپێکهاتـەی گـەلانی ئێـراق پێـك هـاتبوون لـە وولاتەکەدا .

١٩٥٩/٤/١٦ گەڕانەوەی هەڤاڵانی بارزانی بۆ ئێراق لە یەکیەتی سۆڤیەت ، کە زیاتر لە دوانزە ساڵ لە دەربەدەری و پەناهەندەیی ژیانیان بە سەر برد ، کە بە باخیرەیەکی سۆڤیەتی – گرۆزیا – لەبەندەری بەسرە پێیان نایە سەر خاکی ئێراق کە ژمارەیان ٧٥٥هاوڵاتی بوو لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ کۆماری نوێی ئێراق .

پاپۆڕی گرۆزیا

١٩٥٩/٥/١ سەرەك کۆماری ئێراق عەبدولکەریم قاسم ووتارێکی بەبۆنەی/١ ئایار لە هۆڵی گەل لە شاری بەغدا خووێندەوە ، کە هەمووی هەڕەشە بوو دژ بە پارتی کۆمۆنیست و ڕژێمەکە و بە هەموو شێووەیەك دژیان وەستاو بووە هۆی سەرەتای سەرهەڵدانی لێك ترازاندنی پەیوەندی لە نێوان قاسم و پارتی کۆمۆنیست لە ئێراق ،

لە هەمان کات بەرپابوونی دژایەتی لە نێوان هەردوو پارتی بەعس و کۆمۆنیست بە پاشگەز بوونەوە لەمافەکانی کوردو بەرو مەرگەسات بردنی گەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی کورد لە باشووری کوردستان.

١٩٥٩/٥/١ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ئازدی لەشاری سلێمانی لە باشووری کوردستان .

١٩٥٩/٥/١ بە هۆی لە بارچوونی بارودۆخی ئێراق و پەیوەندی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست ، پارتی نیشتمانی دیموکراتی ئێراق وەستانی جموجۆلی

خۆی و كاره جۆراوجۆرەكانی پارتەكەی ڕاگەیاند له وولاٌتەكەدا .

١٩٥٩/٦/٣ ڕاوێــژكاری وەزارەتــی نــاووخۆی ئێــراق لــه حكوومــەتی بــەریتانیا – سێركێهنان كۆرۆنۆالیس – له شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، كۆچی دوایی كردووه .

جێگــەی روونكردنەوەیــه كــه كۆرۆنــوالیس لــه ١٨٨٣/٢/١٩ لــه شــاری نیورۆكی ئەمەریكا له دایك بووه .

باوكی نووسەرو ڕۆژنامه نووسێكی ناسراوو بووه ، زانكۆی ئۆكسفۆردی تەواوو كردووه ، هەروا زمانی عەرەبی خووێندووه ، له ساڵی ١٩٠٦ دا له سوودان و دوای ئەوه له میسر و عەربستانی سعوودی كاری كردووه و له شەڕەكانی وولاٌتەكەیدا دژی هێزەكانی سووپای عوسمانی له سووریا و فەلەستین بەشداری كردووه

هــەروا لــه ســاڵی ١٩٦١ بۆتــه كۆلۆنێــل و كراوەتــه بەرێوەبــەری – بــیرۆ– مەكتەبی ، عەرەبی به ناوبانگ له ساڵی ١٩١٩ پەیوەندی نزیكی له گەڵ شا فەیسەڵی یەكەمدا هەبووه و له مانگی /١٩٢١/٦ له گەل ئەودا هاتۆته ئێراق و بۆته ڕاوێژكاری وەزارەتی ناوخۆی ئێراق ... دوای ئەو هەموو كارانه له ساڵی ١٩٣٥ خۆی خانەنشین كردووه و بەو بۆنەیەوه شا غازی ووسامی ڕافدەینی پیٚ بەخسیووه .

له گەڵ بەر پابوونی جەنگی دووەمی جیهان ، گەراوەتەوه سەر كار و له مانگی /١٩٤١/٤ تا مانگی /١٩٤٥/٣ بۆته بالوێزی بەریتانیا له ئێراق .

ئەم مرۆڤه لەم ماوەی كه له ئێراق ڕاوێژكاروو كاربەدەست بووه ، ڕۆڵی بالاٌی هەبووه له هەموو بوواره جیاجیاكان به تایبەتی له بوواری كێشەی كورد له هەرێمی باشووری كوردستانی لكێندراو و به ئێراق... هەر وەك له ڕاپۆرت و نامه جیاجیاكان دەردەكەوێت له سەر كێشەی كورد .

واته له نێوان بیروو بۆچوونەكانی حكوومەتی شایەتی له بەغدا ، و كورد له هەرێمی باشووری كوردستان .

تێبینی :– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوه سەر كتێبی – كوردو كوردستان ه بەلگەنامەكانی بەریتانیا – له ئاماده كردنی – دكتۆر مەزهەر ئەحمەد .

١٩٥٩/٦/١١ بەستنی یەکەم کۆنگرەی یەکیەتی گشتی لاوانی دیموکراتی لە ئێراق .

١٩٥٩/٦/٢٥ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – نەورۆز– لەلایەن مامۆستا کەمال میرزا کەریم لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان.

١٩٥٩/٦/٢٦ کۆچی دوایی نووسەرو رۆژنامەنووسی بەناوبانگی کورد – یوسف مەلەکی تەلکێفی – لە دوای ماندووبوون و هەوڵی زۆر لەکاری رۆژنامەو دەرکردنی چەندین رۆژنامەو گۆڤار، لە دوای ئەو کارە بە نەخۆشیەکی کووشندە کۆتایی بەژیانی هات ومالئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی کردو ئاواتەکانی نەهاتەدی ، لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٥٩/٦/٣٠ بەهۆی بیروو بۆچوونی جیاوازو نەگەیشتن بەهێلی هاوسەنگ سەر کردەی کورد مستەفا بارزانی ، بڕیایدا بە دوورخستنەوەی چوار لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەوانیش ئەمانەبوون. عەلی عەبدوڵڵاو ، عومەر مستەفاو ، حلمی عەلی شەریف ، لە هەمان کات بەدوورخستنەوەی چوار ئەندامی بیرۆی رامیاری ئەوانیش... هەمزە عەبدوڵڵا و، سالح حەیدەری و ، خەسرەو توفیق و نەژاد ئەحمەد بوون لە پارتەکەدا .

١٩٥٩/٧/١ دەست بەسەرا گرتنی کتێبەکەی – موسا عەنتەر – ئەویش بە هۆی نووسینی پەرتوکەکەی بە ناوی – پەلەوەری شەمشەمەکوێر– کە لە رۆژنامەی – تقدم الوطن– دا بلاوکرابووەوە.

١٩٥٩/٧/٨ گرێدانی کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی یەکیەتی گشتی سەندیکای کرێکاران لە ئێراق ، کەسەرکردەکانی سەندیکاو ئەندامەکانی زۆربەی زۆریان لە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق بوون ، ئەویش بەهۆی بالا دەستیان لەدەسەلات و ئێراقدا.

١٩٥٩/٧/١٤ لایەنە برژوازیەکانی داگیرکردنی کۆمپانیای نەوت و سەرکردایەتی دەسەلات لە ئێراق بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم و هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی دان لە نێوان پێکهاتەکانی ئێراق ، بە تایبەت لە نێوان کوردوتورکمان و ئاشووریدا ، کە ئەوەش بووە هۆی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان کوردو تورکمان و ئەرمەن و ئاشوور، کە لە ئەنجام – ٣٧– هاوولاتی لە ئەرمەنەکان و ئاشووریەکان لە شاری کەرکوك شەهید کران لە باشووری کوردستان .

١٩٥٩/٧/١٥ ڕێکخراوەکــانی ســەر بــە لیژنــەی نــاوخۆی کــەرکوکی ســەر بــەپارتی کۆمۆنیستی ئێراق ، هانی کوردەکانیان دەدا لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی تورکمانـەکان ، کـە ئەمـەش بـووە هـۆی شـەڕو پێکدادانو دورسـت بـوونی بارێکی ناهەموار لە نێوان تورکو کوردو بە دروست بوونی مەرگەسات بۆ شــارەکەو بــاری نەتــەوەیی لــە پارێزگــای کــەرکوك لەهــەرێمی باشــووری کوردستان .

کــە تــاکوو ئێــستاش ئــەو کارەســاتە لــە هەســتی پێکهاتــەی شــارەکە دەزرینگێتەوەو باسی لێووە دەکرێ لە ئێراق و دەرەوی ئێراقدا .

١٩٥٩/٧/٣١ ڕێکخراوی ئیتای بەرهەڵستکاری شانشینی لە ئیسپانیا ، لە سەر دەستی ژمارەیــەك لــەو قوتابیــە توندڕەوانــە دامــەزرا ، کــە لــە گروپــی – ئــەکین– جیابوونــەوە و ڕێکخــراوی – ئــەکین– یــش لــە بنەڕەتــدا لــەپارتی نەتــەوەیی باســکی فــەرمانڕەوا جیاببوونەتــەوە ، ئــەوە بــووە شــێوازێك بــۆ ڕووبــەروو بوونەوەی تەمیلی پارتی نەتەوەیی باسك بەداواکردنی جیا بوونـەوە... ئـەم ڕێکخراوەیــە نــاوی – ئوســکادی تــا ئەســکاتاســونا–ی لێنــرا ، واتــە خــاکی باسكو ئازادی لە هەرێمەکەدا.

١٩٥٩/٩/١٠ گرێــدانی کــۆنگرەی یەکــەمی یەکیــەتی مامۆســتایانی کوردســتان لــە شارۆچکەی شەقلاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان ، ئــەویش لــە پێنــاو یەکخــستنی بــیروو بــۆ چوونو خزمــەتکردنی پــەروەردەو پەرەپێدانی لـە کوردسـتان ، لـە هـەموو بوارەکـان سـەرەڕای بـیروو بۆچوونی جیاوازی هەمەلایەن .

١٩٥٩/٩/٢٠ لە سێدارەدانی سـەرەك وەزیـران پێشووی ئێراق محەمـەد سـەعید قـەزاز بـە هۆی هەلوویستو بیرووبۆ چوونی لە ئێراق لە شاری بەغدا

١٩٥٩/٩/٢٨ بڕیـاری دامەزرانـدنی ئاژانـسی دەنـگو باسـی کۆمـاری ئێـراق بڵاوکـراوە بەدەرچوونی نارەسمیو پەیوەندی بەخوودی وەزیری ڕاگەیاندنەوە هەبوو ، ئــەویش بــە دابــین کردنــی بوودژەیــەکی تایبــەتو دامەزرانــدنی ئەنجوومـەنێکی کـارگێری ، کـە لـە ١١/٩/هـەمان سـاڵ ئـەم دەزگایـە دەسـت بەکاربوو لەپێناو پەرەپێدانی باری ڕاگەیاند لە ئێراقدا .

١٩٥٩/١٠/٧ پیلانی تیرۆر کردنی سەرەك کۆماری ئێراق عەبدولکەریم قاسم لـە شـەقامی ڕەشید لـە شاری بەغدا ، لـە لایـەن سـەدام حوسێن ئـەنجام دراو لـە ئاکـام

سـەرەك کۆمـار زامـدار بـوو، دوای ئـەو کـارە تیرۆریـە تیرۆریـست سـەدام حوسێن بەرەو سووریا هەلاتو لەوێش بەرەو کۆماری میسر .

هــەر لــەوێ پەیوەنـدی بـە بـالوێزی ئەمـەریکا کـرد ، لـەپێناو یارمـەتی دانی وڕووخانـدنی ڕژێمـی عەبدولکـەریم قاسـمو لـە ئاکـادا گرتنـە دەسـتی دەسەلات لەلایەن بەعسیەکان لە١٩٦٣/٢/٨ ئەنجامدرا لە ئێراقدا .

١٩٥٩/١١/١ بڵاوکردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی گۆڤـاری – هیـوای کوردسـتان – لـە شـاری سلێمانی لەلایەن یەکیەتی قوتابیان لە هەرێمی باشووری کوردستان

١٩٥٩/١١/١ گرێـــــدانی کۆبوونەوەیـــــەکی بەرفراوانی هەمەلایەنەی رامیـاریو نەتـەوەیی و کۆمەلایـەتی ، لـە شـاری پەکینی پایتـەختی چینی میللی لە بـاری کـوردو کێـشەی کـورد ، کـە مامۆسـتا سـەید ئـەنوەر مـائی لەوکۆبوونـەوە بەشـداری تێـداکرد ، بـە باسـکردنی یەکـەم دەسـەلاتی کوردی بەناوی – لۆ لۆ – لە دەڤەری هالمـانو زاگـرۆس تـاکوو هـەکاری ونزیکەی – ١٤٠ – ساڵ دەسەلاتداریەتی کردووە .

دوای ئـەویش دەسـەلاتی گووتیـەکان لەناوچـەی ئـارارات بەگـشتی وئـەو دەسەلاتە دابەشی چوار ئیماراتی بچووك بوون وەك :– کاشـای ، سیتانی، نـایری , سـوویاری– هـەروەك لـە سـەردەمی گووتیـەکانی ئیمـاراتی خەلـدوونی دروسـت بـووە لـە گـەڵ ئیمـاراتی – کالـدی–، دوای ئـەوانیش ئیمپراتۆریەتی میدیا دامەرزا لەناوچەی – ئیکتابان– ی هەمـەدانی ئێستا لە رۆژهەلاتی کوردستاندا .

ئـەو ئیمپراتۆریەتـە کوردیـە رێکەوتنامـەی بـەرگریان لەگـەڵ بابلیـەکان مـۆرکرد ، لـەپێناو پـەلاماردانی ئیمراتۆریـەتی ئاشـووری ، لـە ئـەنجام ئیمپراتۆریەتی میدیا توانی دەسەلاتی خۆی فراوان بکاتو شووێنەواری نـــەمرودی ئێـــستا لـــە نزیـــك شـــاری مووســـڵ بکاتـــە پایتـــەختی ئیمپراتۆریەتەکەیدا لە کێشووەرەکەدا.

١٩٥٩/١١/٢٠ بـە فـەرمی ئەنجوومـەنی ئاسایـــشی نەتـــەوە یـەکگرتووەکان جارنامـەی مافـــەکانی منـــدالآنیان راگەیاند.
بە پێی ئەو رێکەوتنامەیە هــەموو منــدالێك خـاوەن ماف بەخشینی هەیە .
ئــەویش بــێ جیاکـاری رەگەزو رەنگ و ئایین . ئەگەر سەنجێك لە جیهانی مندالآن بدەینەوە دەبینین مندالْ کائینێکی پر بەرائەتە و دلْپاکی و جوانییە . پەروەردەکردنی منـدالْ بە دروستیلە
هـەموو بوارەکـانی پێگەیانـدن ... کە نەوەیەکی بەرهـەمهێن و بە توانایە لـە ئایندە دێتە بەرهەم . لەبەرئەوەی بوونی ژیان لە پەرەسەندن و پێشکەوتن و گەشـەکردنە لـە هـەموو بوارەکـانی رامیـاری و نەتـەوەیی و نیـشتیمانی و مێــژوو زمــان و کــەلتوور و داب و نــەریت و شــووێنەوار بەنــدە بــەنوێ بوونەوەی مرۆڤ وەك سەرچاوەی کانیا و .
لـە بـەر ئـەوەی گـەر کـانی ووشـك بـوو ژیـان تیـای مـسۆگەر نابێـت و هـەر جێگایەکیش ئاوی تیا نەبێت ژیانی تیا نابێت .
مندالْیش سەرچاوەیەکی گرنگە وەك ئاو بۆ بەردەوامی ژیـان .. نـەبوونی مندالْ نەبوونی بەردەوامی ژیانەو لەهەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان و کارو ماف و پەرەسەندن و پێشکەوتن لە هۆش و هەستی نوێیدا لەسەر گۆی زەویدا .

١٩٥٩/١١/٢٥ دوای ئەوەی کە محەمەد مەحمود سەواف لە بەندیخانە ئازاد کراو گەیشتە سووریا ، کەوتە نواندنی چالاکی و بەرهەڵستکاری و هەوڵدان لە پێناو دروستکردنی بەرەیەکی بەرهەڵستکار دژی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم لە ئێراقدا .

هەر لەم چوار چێوەیە دا نامەیەکی ئاراستەی سەرەك کۆماری میسر جەمال عەبدولناسرکرد لەبارەی بارودۆخی ئێراق ، بەترسناکی دەرچوون لەکاروانی عروبە نیشاندا بوو لەهەموو بوارەکان لە ناوچەکەدا .

١٩٦٠

١٩٦٠/١/١ وولاتی کامیرۆن سەربەخۆیی خۆی لەدوای دان پێنانی لەلایەن فەرەنسا ڕاگەیاند بەناوی کۆماری کامیرۆن. لە شاری -یاوەند- ی پایتەخت ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,١٨٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە لە شارەکەدا .

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١٥,٨٨٠,٠٠٠ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١٧٥,٤٤٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٨٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، کامیرۆنی ٣١٪ . بنتۆی ئیستیوائی ١٩٪ . کیردی ١١٪ . فوولانی ١٠٪ . بەنتووی باکووری رۆژ ئاوا ٨٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/١/٤ کۆچی دوایی نووسەری ناوداری فەرەنسی - ئەلبێرت کامۆ- کە خاوەنی خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی ساڵی ١٩٥٧ی پێ بەخشراوەو لە ڕوداوێکی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەست دا ، کە ئێستاش نووسینەکانی لە بواری فەلسەفی و ئەدەبی کاردانەوەی خۆی ماوەو بەهادارە لەڕووی بیروو هەستو بۆچوونە جیاجیاکان لەجیهاندا.

١٩٦٠/١/٩ پارتی دیموکراتی کوردستان داوای مۆڵەت پێدانی پارتەکەی ئاراستەی

وەزارەتـی نـاوخۆی ئێـراق کـرد ، دوای یـەك مـانگ ڕەزامەنـدی کـرا لەسـەر مۆڵـەت پێـدانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـەکارکردن بـە شێووەیەکی فەرمی لە ئێراق و بەتایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان .
کـە ئـەوکات نووێنەرایـەتی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـوردی بـە تـەنیا لـە ئەستۆدا بوو لەباشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراقدا .

١٩٦٠/١/٩ سـەرەك کۆمـاری میسر جـەمال عەبدولناسـر بـەردی بناخـەی بەنـداوی بـاڵای ئەسوانی دانـا لـە سەر زێـی نیل ، لـە پێنـاو پتـەو کردنـی ژێرخـانی ئـابووری میسر ، لە بوارەکانی کشتووکاڵو پیشەسازی بەتایبەتی کشتووکاڵ .
شـایانی باسـە ئـەم بەنـداوە لەلایـەن یـەکێتی سـۆڤیەت دروسـتکرا ، کـە گـووژمـەی خـەرجییـەکانی - ٣٢٠- ملیـۆن جوونـەی میـسری بـوو لـە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/١/١٩ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی دووەم لە نێوان ئەمەریکاو یابان بە ڕێکخستنی بـاری یاسـایی بـۆ بنکـەکانی هێـزی سـووپای ئەمـەریکاو مانـەوەیان لـە نـاو خاکی یابان - ژاپۆن - لە دوای جەنگی دووەمی جیهان لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/٢/١٣ بـۆ یەکـەمجار فەرەنـسا تاقیکردنـەوەی چـەکی ئـەتۆمی بـە سـەرکەوتوویی ئەنجامـدا . شـایانی باسـە ئامانجـەکانی ژەنـەراڵ دیگـوڵ لـە دروسـتکردنی چەکی ئەتۆمی بریتی بوون ، یەکـەم :- لـە پاراسـتنی هەیبەتی گەورەی فەرەنسا دووەم :- هاوپەیمانیەتی و یەکیەتی دووبارەی ئەوروپا . سێیەم :- بەسـتنەوەی پاشـکۆ بوونی ئـەڵمانیای خۆرئـاوا بـۆ فەرەنـسا و ئەوروپا و ڕەخساندنی ڕۆڵێکی سەربەخۆ بۆ ئەوروپا لە جیهان .

١٩٦٠/٢/١٧ لــە دوای ڕێکــەووتنی سـەرکردەکانی دەسـەلاتداریەتی کۆنگـۆ لەگـەڵ دەسـەلاتدارانی ڕژێمـی شانـشینی بەلـژیکا ، کـە کۆنگـۆ مـافی سـەربەخۆیی

هەیە لە مانگی/ ٦/١٩٦٠ لە وولاّتەکەدا .

١٩٦٠/٣/١٢ وولاّتـــی مۆریـــشیۆس سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـدو پـارتی کـاری مۆریـــشیۆس دەسـەلاتداریەتی وولاّتەکـەی گرتـە دەسـت تـاکوو هەلبژاردنـەکانی ئەنجوومەن و سەرۆکایەتی

لە سالّی/ ١٩٨٢ لە وولاّتەکەدا ، لە شاری – مۆرت لیۆس – ی پایتەخت ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ،١٧٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . کـە وولاّتـی مۆریشیۆس لە ژێر دەسەلاّتی شانشینی بریتانیا مایەوە تا مانگی/١٩٩٢/٣ ئینجا بووە وولاّتێکی کۆماری سەربەخۆ لە کێشوەرەکەدا .

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەکەی ، ١,٥٤٠,٠٠٠ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاّتەکەی ، ١,٨٦٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا نـژادەکانی ، هینـدە مۆریتانیـەکان ٦٨٪ . کریـۆل ٢٨٪ . لـە گـەلّ چـەندین گرووپی دیکەی نژادی . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢١٣٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

١٩٦٠/٣/٢٣ کۆچی دوایی زاناو روناکبیری کورد – سەعید نوورسی – ... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە – سەعید نوورسی – لە ساڵی ١٨٧٦ لە گوندی نوورسی سەر بەپارێزگای بەدلیس لە باکووری کوردستان چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ... هەر لە منداڵیەوە کەسێکی هەڵکەوتوو و بلیمەت بووە ... لە بەرامبەر زیرەکیەکەیدا نازناوی – سەعیدی مەشهوور – و دواتریش – بدیع الزمان – ی لێنرا ... لە سەردەمی حکومرانی عوسمانیەکاندا بەشداری چالاکانەی شەڕەکانی دژ بە ڕووس و ئینگلیزی کردووە .

ئەم کەسایەتیە بە دەیا کۆنگرەو کۆنفرانسی جیهانی لە وڵاتانی میسر و مەغرب و ئەردەن و مالیزیا و ئەندۆنۆسیا سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی سەعیدی نوورسی ئەنجامدراوە ، کتێب و نووسراوەکانیشی بۆ زمانەکانی ئەڵمانی و زمانی دیکە وە وەرگێردراون ... لە نێوو جیهانی ئیسلامیدا و ئەوانەی کە سەبارەت بە سەعیدی نوورسی نووسیویانە ئەوەیان بە نوێکەرەوە یان پێشەوای زانستی یان بە ئەولیاو فەیلەسوف و چاکسازی ئاینی ناوزەندکردووە .

جالێرەدا بابێینە ناو مەبەست لەو نووسینەدا ئەویش :- گروپێکی ئیسلامی تورکی کەبە گروپی – فەتحوللا گولەن – دەناسرێن و خۆیان بە موریدی شێخ سەعیدی نوورسی دەزانن . هەرچەندە خۆیان بە پارتی رامیاری نازانن ، بەڵام کۆنترۆڵی چەندین دامەزراوەی گرنگی تورکیایان کردووەو کاریگەری گەورەشیان هەیە لەسەر رامیاریەتی تورکیاو ململانێ رامیاریەکانی ئەو وڵاتە .

چالاکی ئەم گروپە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا سەرانسەری جیهانی گرتووەتەوەو چەندین ساڵێکیشە لە ژێر ناوی کردنەوەی کۆلێژی خوێندنی

نموونەییــەوە شــوێن پێـی خۆیــان لەهــەرێمی باشــووری کوردســتاندا ب ەهێزکــردووەو دەکــەن و پەیوەندیــشیان لەگــەڵ هەنــدێك لــە پارتــە کوردستانیەکاندا هەیە . بە تایبەتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەم هەرێمەدا کـە ئـەوانیش پـارتی دیمـوکراتی کوردســتان و یەکیــەتی نیــشتیمانی کوردستانە . ئەویش بە کردنەوەی قوتابخانەو کۆلیژ .کە سەر بە گوڵەن و گوڵەنیەکان وجێگەی دڵخۆشکە نین ...؟.بەڵام ...کورد...!.

ئەندامێکی پێشووی ئەم رێکخراوەش ئەوە بە مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەی کورد ناو دەبات ... کە گوڵەن لەگوندی – کوروجلار – لە پارێزگای ئەرزەرۆمی باکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٤١ لەدایك بووەو لەنژاد تورکەو خۆی بەرابەری دووەمی شووێنکەوتووانی سەعیدی ننوورسی دادەنرێت . بەڵام بە هۆی ناوبانگە زۆرەکەیەوە ئێستا ئەو گروپە بە شووێنکەوتووانی گوڵەن دەناسرێن ، نەك کۆمەڵەی نوورسی و شووێنکەوتووی نوورسی .

لـە گـەڵ ئەوەشـدا کـە گوڵـەن هەرچـەندە خـۆی بەشـووێنکەووتەی سـەعیدی نوورسـی کـورد دەزانێـت , بـەڵام مـەیلێکی نەتـەوەیی زۆری بـەلای تورکـدا هەیـەو ، تا ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ پارتی نژاد پەرستی تورکیا – MHD - و پارتە شۆڤینیەکانی دیکە پەیوەندیان زۆر خۆشبووە .

ئەوەی بە هێزەکانی سووپای تورکیا نەکرا ، ئەوا گوڵەنیەکان لەکوردستان کردیان ...؟...!.

لـە سـاڵی ١٩٨١ بەدواوە کە کۆمـەڵی گوڵـەن هێدی هێدی لـە پێك هاتـەی حکوومـەت و دەوڵـەتی تورکیـا دەسـەڵاتیان رووی لـە زیـادبوون کـرد ... بــەجۆرێك سـووپا هۆشـداری دایــە —MHDو ناچـاری کـردن لەگوڵـەن دووربکەونەوە .

لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠ دامەزراوەی سەربازی لە تورکیا بۆ پاراستنی هەژموونی خۆی , ئامادەبوو دەست بۆ هەر شتێك درێژبکات ... بۆیە گوڵەن و کۆمەڵەکـەی گوڵـەن لـە گۆرەپـانی رامیـاری کـشانەوەو روویـان لــە پـەروەردەکردنی گـەنجانی تـورك کـردوو دەسـتیان بەبڵاوکردنـەوەی بـیری خۆیان لەسەرانسەری جیهان کرد .

فەتحوللا گوڵەن هەر چەند لە قۆناخی سەرەتاییدا وازی لەخوێندنی فەرمی هێناوەو رووی لە قوتابخانە ئایینیەکان کردووە .

بەڵام کاریگـەرە بـەتێزە فەلسەفەیەکانی فەیلەسوفی ئـەلمانی — ئـەمانۆئیل کانت — هەر بۆیە زۆر کەس بە ئیسلامیەکی عەلمانی ناوزەند دەکەن ... بە بیروبۆچـوونی چـاودێرانیش گوڵـەن دەیـەوێت لـە نێـوانی شارسـتانیەتی ئەوروپیدا شتێکی نوێ دروست بکات . کە پێی دەوترێت ئیسلامی تورك ... کە دینداریـەکی میانرەوانەیەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتـەوە کە ئایین بابەتێکی کەسییەو نابێت تێکەڵی رامیاری بکرێت .

لـە بـەر ئـەوەی بـەبروای گوڵـەن زیـان بـە هـەردووکیان دەگـات ... لەگـەڵ ئەوەشدا ناوەندە عەلمانیەکانی تورکیا باوەر بەم بانگەشەی گوڵەن ناکەن , و پێیان وایە کە ئەو لە پشتەوە کاری رامیاری دەکات ... عەلمانیەکانی تورکیا دەڵـێن گــەر گوڵەنیــەکان نەبوونایــە پـارتی دادو گەشــە پێـدان هــەرگیز نەیدەبردەوە .

هــەروا نەجمــەدین ئەربــەکانیش لــە لێدوانێکیـدا گووتووبـووی — گوڵــەن مامۆستای رامیاری ئەردۆگانە — ئێستا ناوبانگی گوڵەن لە تورکیا خەریکە جێگــە بــەناوبانگ و پێگــەی ئــەتاتورك لێــژ دەکــات و بەشــێکی زۆری تورکەکانیش بەباوکی روحی خۆیـان دەزانـن ... تـەنیا لـە تورکیا زیاتر لە ٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن لایـەنگرو هـەواداری هەیە لـە زۆر باریـشدا وەك دەوڵـەت

رەفتار دەکات .

بۆ نموونە لەبری سلێمان دەمیریلی سەرۆکی کۆماری پێشووی تورکیا ئەو لەگەڵ پاپای ڤاتیکان کۆبوۆوە ... هەروا بە هۆی بەهێزی و توانا جۆراوجۆرەکانی دەستی بەسەر هەندێك دام و دەزاگای گرنگی تورکیا دا گرتووە لەوانە :- پەروەردەو راگەیاندن و پۆلیس .

جا من نامەوێ زۆر بەدوورو درێژی باس لەوە بکەم ، بەڵام ئەم رێکخراوەیە واتە گولەنیەکان ئێستا لە تورکیا ١٢٧ قوتابخانەو ٦ زانکۆیان هەیەو زۆربەی کارە پەروەردەیەکان لەبەشە ناوخۆییەکانداو لە کۆبونەوەکاندا - کە ئەوان بەگاڵتە ناویدەبەن - ئەنجامدەدرێت ٥٧١ بەشە ناوخۆیی و ٤٧١ کورسی خوێندنیان هەیە لە کۆری گاڵتەدا - سوحبەت - هەروا لە ئەستەمبوڵ ٢١ کورسی زمانی و پەروەردەیی هەیەو رۆژی ٢١ ی هەموو مانگێك نوێنەرایەتی کۆلێژەکان لە شاری ئەستەمبوڵ کۆدەبنەوە ... گروپی گوڵەنیەکان لەسەرانسەری جیهاندا جگە لە ئێران و یۆنان , چالاکی ئابووری و پەروەردەییان هەیەو لە ئەمەریکا و ئەوروپا ٧١ و لە جەمسەری باکوور ٢ قوتابخانەیان هەیە ... ئەمە لەلایەك و ... لەلایەکی دیکە - موونزور گوڵەنیەکان سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ گوڵەنییەکان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەڵێت :-

یەکگرتوو گوولەنییەکان لەباشووری کوردستان لەترسی دەزگا هەواڵگەریەکانی کوردستان لەیەکتر نزیك نابیتەوە ... بەڵام ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلاکی - سەلاحەدین بەهائەدین - لەهەموو سەردانەکانی کە بۆ تورکیا دەکات لەگەڵیاندا کۆدەبێتەوەو پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ گوڵەنییەکاندا هەیە.

هەروا دوروکات دەڵێ :- یەکگرتوو بەهاوکاری و یارمەتی گوڵەنییەکان لەشارەکانی ئەنکەرەو ئەستەمبوڵ نووسینگەی کردۆتەوە ... جگە لەوەش یارمەتیەکانی دارایی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەباشووری کوردستان لەسەر پارتە دەسەڵاتدارو بەتواناکانی تورکی و دەوڵەتە ئیسلامی و عەرەبیەکانەو هەوڵەکانیشیان لە پێناو لەباربردنی بزوتنەوەی

رزگاریخوازی كوردە لـە هـەموو بوارەكانـدا بەتایبـەتی لـە بواری نەتـەوەیی و نیشتیماندا .

لە بەر ئەوەی فەتحوڵلاَ گولـەن خۆی پیوەندیـەكی بـە هێزی لـە گـەڵ ئیدارەی ئەمەریكا هەیە و ئەمەریكا بە پاڵپشتی خۆی دەزانێ و ئەمەریكاش گولەن بـە پشتیووانی خۆی دەزانێ ... بەڵام بە هەرحاڵ گولەن كەسایەتیەكی توركیەو بـیروو بـۆ چـوونەكانی بــە هێزكردنــی نەتــەوەو خــاكی توركــە و هــەموو هەوڵەكانی لە پێنـاو گەڕاندنـەوەی رامیایـەتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیەكانـە نەك هەر لە توركیای ئیستا بەلكوو لە هەرێم و ناوچەو جیهان .

ئەویش بە بیروو هەستێكی شۆڤینیانە نەك مرۆڤانە و ترسناكی لـە دوا رۆژدا زیاتر بە دەردەكەوێت .

ئەم نووسینەش بۆ زانیاری و لە هەمان كات بۆ میژووە

١٩٦٠/٤/١ یەكەم مانگی دەستكرد ، كە مانگێكە كەشناسی گـەردوونی بوو بـە نـاوی – تیرۆس/١– بەرەو بۆشایی ئاسمان بەرز كرایـەوە لـە بنكـەی كیب كانـا فیراڵ لە ئەمەریكادا .

١٩٦٠/٤/٤ وولاتـــــی ســـــەنیگال سـەربەخۆیی خـۆی لـەناو یەكیـەتی كۆنفـدراڵی مـالی ڕاگەیانـد ، بـەڵام لـەدوای دوو مـانگ لـەو یەكیـەتیـە دەرچـوو بەسـەرۆكایەتی – لیۆپۆلـــد ســـینگۆ– لـــە وولاتەكەیـدا. ئـەویش لـە شـــاری – دەكـــار –ی پایتـەخت ، كـە ژمـارەی دانیـشتووانەكەی ، ١,٧٣٠,٠٠٠ ملیـۆن كەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەكـەی ، ١٠,٦٤٠,٠٠٠ ملیـۆن كەسـە . هەروا رووبەری خاكی وولاتەكەی ، ٧٥,٩٥٤ هەزار كیلۆ مەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ١٤٠ كـەس لـە یـەك میـل چـوار گۆشـەدا . هەروا نژادەكانی ، ئەلۆف ٣٦٪ . فوولانی ١٧٪ . سریر ١٧٪ . ئۆكۆلیۆ ٩٪ .

مندینگیۆ ٩٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/٤/٢٧ وولاتی تۆگۆ سەربەخۆیی خۆی بەدەرچوونی لە ژێر دەسەلاتی فەرەنسا ڕاگەیاند ... پێکهاتەی تۆگۆ لەدوو بەشی دانیشتووان پێك هاتیە ئەویش هۆزەکانی پانتۆ لە باشوورو هۆزی مامینیە لەباکووردا ، ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – لۆمی – پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٦٤٠,٠٠٠ هەزار کەسە.

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٥,٣٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٥٦,٧٩٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٤٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ئیوو ، مینا ، کایی ، زیاتر لە ٣٠ هۆزی دیکەی تیا دەژی ، لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/٥/٥ دامەزراندنی پارتی ئیسلامی ئێراق ... ئەم حزبە یەکەم حزبی ئیسلامیە لە ئێراق کە مۆلەتی کارکرنی بە شێووەیەکی فەرمی بە دەست بێنێ ... دوای مۆلەت وەرگرتنی دەستکرا بە هەلبژاردنی سەرکردایەتی ئەم حزبە ، کە بە سەرۆکایەتی مامۆستا– نوعمان عەبدولرەزاق سامەرانی – و ئەندامانی ئیبراهیم مونیر و وەلید ئەعزەمی و چەندین کەسایەتی دیکە بوو .

ئەم پارتە ئیسلامیە ڕامیاریە تووانی لەگۆڕەپانی ئێراق ڕۆلی خۆی ببینێ بەتایبەتی لە دوای ڕووخاندانی ڕژێمی بەعس لە ئێراق لە سالی /٢٠٠٣ ، کە ئەمینداری گشتی ئەم حزبە دکتۆر محسن عەبدولحەمید ڕۆلێکی بالای گێرا لە بەرەو پێش بردنی باری ئێراق ، کە خۆی ئەندامی ئەنجومەنی مەجلیسی حوکمی ئێراقی – بوو .

هەروا یەکێك لەو نۆ کەسەی کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەیان گرتە دەست

بە پێی پیشە دیاریکراوەکان لە ئێراقدا .

سەرچاوە:- الحركه الاسلاميه فى كوردستان العراق - د.محەمەد نوری بازیانی /چاپی یەکەم /٢٠٠٦

١٩٦٠/٥/١٧ پێـــشەوای نیـــشتمانی- پـاترس لۆمۆمبا- لـە دوای خـەبات و تێکۆشـانێکی بـێ ووچان وولاتی کۆنگۆی لە ژێـــر دەســـەلاتی بەلـــژیکا ڕزگـار کـرد بـە وولاتێکـی سەربەخۆ بە ناوی کۆماری کۆنگــۆی دیمــوکراتی، لــە شـــاری - کینـــشاسا -ی پایتـەخت کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٤,٣٩٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە لەهەرێمەکەدا .

هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـەی ، ٥٨,٢٨٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە .
هەروا ڕووبەری وولاتەکەی ، ٢,٣٤٤,٨٨٥ ملیۆن کیلۆ مـەتر چوار گۆشەیە .
هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٦٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، زیـاتر لـە ٢٠٠ هـۆزو خێـل و تیرەیـە کـە زۆربـەیان لـە تـیرەو هۆزەکانی بانتۆیە . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/٥/٢١ ڕژێمـــی شانـــشینی لـــە ســـووریا ســـینەمای - عـــامورد- ی لەلایـــەن سیخووڕەکانی سووتاند ، کە بەسـەدا قوتـابی کـوردی تیـا بـوو ، ئـەویش لـە ئاکـامی ڕێپێـوان بـوو بـە پـشتگیری کردنیـان لـە شۆڕشـی جـەزائیر دژی داگیرکەری فەرەنسا لە وولاتەکەیاندا .

١٩٦٠/٥/٢٧ بەرپابوونی کودەتـای سـەربازی لەلایـەن ژەنەڕاڵـەکانی سـووپای تورکیـا کـە زیـاتر بـووە هـۆی دەسـتگیر بوونیـان بـە دژایـەتی کردنـی کـوردو بـاری نەتـەوەیی و نیـشتمانی بـەرەو خـراپتر هـەنگاونان نـەك باشـتر لـە بـاکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی تورکیا.
جێگەی باسکردنە کە بەرپابوونی کودەتاکەی ژەنـەراڵ - جـەمال گۆرسـیل- لـە تورکیـا و بـە هـۆی ئـەو کودەتایـە پـارتی دیمـوکراتی تورکیـا تووشـی

دڵەراوکێ بوو ، لە ئەنجام زۆربەی ئەندامانی وسەرکردەکانی لەناو چوون لە هەرێمەکەدا .

١٩٦٠/٥/٣١ یەکەم هەڵبژاردن لە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی ئەنجامدرا بە هەڵبژاردنی – پاترس لۆمۆمبا – بە سەرەك وەزیران لە ئاکامی بەدەست هێنانی ٣٥ کورسی لەکۆی ١٣٧ کورسی پەرلەمان ، کە سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی کۆنگۆی نیشتمانی بوو ... دوای ئەوە حکوومەتی فرەلایەن لە وڵاتەکە ڕاگەیەندراو بەرەو دیموکراتیەت هەنگاوینا.

١٩٦٠/٦/٧ کۆچی دوایی نووسەری کتابی – کورد – باسیلی نیکیتن ، کە هاوخەمی کوردو مەرگەساتەکانی بووە... شایانی باسە ئەم نووسەرە ناودارو بەهرەدارە ، زمانی کوردی بە شێوەیەکی باش فێر ببوو لە پێناو تێگەیشتن و کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی باری کوردو کوردستان لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا.

١٩٦٠/٦/٢٠ وڵاتی مالی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بەناوی کۆماری سوودان و دوای ئەوە ناوی وڵاتەکەی گۆڕی بۆ ناوی کۆماری مالی لە ٩/٢٢/ی هەمان ساڵ لە کێشووەرەکەدا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – باماکۆ – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٧٩٠,٠٠٠ هەزار کەسە لە وڵاتەکەدا . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی ، ١١,٥٩٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وڵاتەکەی ، ١,٢٤٠,١٩٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٤ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، نزیکەی ٥٠٪ دانیشتووانەکەی دەچنەوە سەر ڕەچەڵەکی ماندی کە لە هۆزەکانی – بمیاراو مالنکی و ساراکۆل – پێك هاتوون ،لە کۆمەڵەکانی دیکەی وەك فولاف و منینکا و سینۆتۆ و سۆنگای

و تەدارق پێك هاتوون لە وولاٌتەکەدا .

١٩٦٠/٦/٢٦ هــەرێمی مەدەغەشــقەری ژێــر دەســتەی فەڕەنـسا لـە دوای وەرگرتنـــی مـــافی ئۆتۆنۆمی لەلایەن کۆمەڵەی فەرنـــسی ، ســـەربەخۆیی خــۆی لــەم رۆژدا بــەناوی کۆمـــاری مەدەغەشـــقەر ڕاگەیانـــد.لـــە شـــاری ـ ئەنتانارینۆ ـ ی پایتەخت ،

کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ٩٨٨,٠٠٠ هەزار کەسە لە وولاٌتەکەدا .
هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاٌتەکــەی ، ١٥,٩٨٠,٠٠٠ ملیــۆن کەســە . هــەروا رووبــەری خــاکی وولاٌتەکــەی ، ٥٨٧,٠٤٠ هــەزار کیلــۆ مــەتر چــوار گۆشــەیە ، هــەروا چڕی دانیــشتووانەکەی ، ٧٠ کــەس لــە یــەك میــل چــوار گۆشــەدا . هــەروا نــژادەکانی ، زیــاتر لــە ١٨ هــۆزو تــیرەی تیــا دەژی لــە نــاو خاکی وولاٌتەکەدا .

تێبینی:ـ بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە سەر کتابی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و وولاٌتانی جیهان ـلە دانانی ـ عەلی کەندی .

١٩٦٠/٦/٢٨ خۆماڵی کردنی چاوگە نەوتیەکانی ئەمەریکا لەلایەن سەرەك کۆماری کووبای کۆمۆنیست ـ فیدل کاسترۆ ـ کە ئەو چاوگە نەوتیانە لەسەر خاکی کووبای ژێر دەسەلاٌتی داگیرکەری ئەمەریکا بوون ، بەر لە راگەیانـدنی سەر بەخۆیی کووبا لە کێشووەرەکەدا .

١٩٦٠/٧/١ دامەزرانـدنی پـارتی دیمـوکراتی کـورد لەلایـەن جـەمیل مـەحۆ لەبـەیروتی پایتەختی لوبنان راگەیانراو کاردانەوەی بەرچاوی هەبوو لەیەك ریزی کوردە دانیشتووانەکانی لوبناندا .

١٩٦٠/٧/٢ بلاٌوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی ـ بڕوا ـ لەشاری سلێمانی لەلایـەن مامۆستا میرزا.لە باشووری کوردستان .

١٩٦٠/٧/١١ هەڵگیرسانی شـەڕی نـاوخۆی نێـوان پێکهاتـەکانی کۆنگـۆ کینـشاسا کـە لـەو

کات دەسەڵاتی ناوەندی بەسەرکردایەتی –جۆزێف کازامۆ– بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی بەرهەڵستکار – لیۆبۆلدفیل – لەناوچەی کانتگای دەوڵەمەند بە سامانی سرووشتی و وولاتەکە بەرەو ئالۆزیو ناهەمواری هەنگاوی دەناو ئاکامەکەی وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری وولاتەکە بوو لە ناوچەکەدا.

١٩٦٠/٧/١٣ لەم رۆژەدا گۆڕی زانای ناوداری کورد – سەعید نەورەسی– یان لە گۆڕستانی شاری ئۆرفە لە باکووری کوردستان دەرهێناو بردیان بۆ شوێنێکی نادیار لە شاری ئەسپارتەی وولاتی یۆنان.

تێبینی:– دەتوانی لە جێگەی دیکە مێژووی ژیانی نەورسی و بیروبۆچوونی یاوەرانی بخوێنیتەوە .

١٩٦٠/٨/١ هەرێمی بەنین لە دوای بەدەست هێنانی مافی ئۆتۆنۆمی لەناو کۆمەڵەی فەرەنسیدا ، سەربەخۆیی خۆی بەسەرکردایەتی داهۆمی ڕاگەیاندو دوای ئەوە ئەو وولاتە هەژارە بەچەندین زنجیرە کودەتا یەك لەدوای یەکەکان هەنگاوینا لە پێناو بە دەست هێنانی دەسەڵات لە سەر وولاتەکەدا .

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – کۆتۆنۆ– ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,١٤٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە ، هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٦,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١١٢,٦٢٢ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٥٢ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ئەفەریکیەکان ٩٨٪ . هەروا زیاتر لە ٤٠ نژادی دیکەی جۆراوجۆری تیایە ئەویش :– تاجا ، بۆرووبا ، بریبا – هەندێ لە دانیشتووانەکەی ئەوروپین .

١٩٦٠/٨/٣ وولاٌتی نێجیریا سەربەخۆیی خــۆی لــەناو رایەڵــەی كۆمەنوولـــسی بـــەریتانیا راگەیانــد بـەناوی كۆمـاری نێجیریــا . لــه شـــاری – ئەبووجا – یپایتـەخت كـه ژمـارەی دانیـشتووانەكەی ، ٤٧٠,٠٠٠ هـەزار كەسـه لـه پارێزگاكەدا .

هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاٌتەكـەی ، ١٣٩,٩٦٠,٠٠٠ ملیـۆن كەسـه . هـەروا رووبـەری خـاكی وولاٌتەكـەی ، ٩٢٣,٨٥٣ هـەزار كیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیه . هـەروا چڕی دانیـشتووانەكەی ، ٣٣٤ كـەس لـه یـەك میـل چـوار گۆشەدا . هەروا نژادەكانی ، باریا . لایبۆ . هۆسا . فوولاتی . گەلی . لـه گـەڵ نژادی دیكه له وولاٌتەكەدا .

١٩٦٠/٨/٣ وولاٌتـی نـیجیر سـەربەخۆیی خـۆی لـه نـاو ڕایەڵــەی كۆمەنوولـــسی بـــەریتانیا ڕاگەیانــد ، كــه – هامــانی یــوری– بـه یەكـەم سـەرەك كۆمـاری نیجـر هەلبـژێردراو پەیوەنـــدی دۆســـتایەتی و هاوكاری لەگەڵ فەرەنسا هـەر بـەردەوام بـوو ... بـۆ زانـین

كۆمـاری نیجریـاو كۆمـاری نیجـر هەریەكـەیان وولاتێكـی سـەربەخۆی لێـك جیاوازن.

ئـەم راگەیاندنــەش لـه شـاری – نیـامی – پایتـەخت بـوو ، كـه ژمـارەی دانیـشتووانەكەی ، ٥٧٠,٠٠٠ هـەزار كەسـه . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاٌتەكــەی ، ١٠,٣٧٠,٠٠٠ ملیــۆن كەســه . هــەروا رووبــەری خــاكی وولاٌتەكـەی ، ١,٢٦٧,٠٤٤ ملیـۆن كیلـۆ مەتر چوار گۆشـەیه . هـەروا چڕی

دانیشتووانەکەی ، ٢١ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، هۆسا ٥٦٪ . گرما ٢٢٪ . فولا ٩٪ . تۆراق ٨٪ . لە وولاتەکەدا .

تێبینی :- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان – لە دانانی نووسەرو رۆژنامەنووس / عەلی کەندی .

١٩٦٠/٨/٤ مێـــژوونووس و روونـــاکبیری ناوداری نەتەوەی کورد مامۆستا – ڕەفیق حلمی – کۆچی دوایی کردووە ، کە خاوەنی کتێبی – یاداشتەکان – ە و ڕۆڵێکی گرنگی لــــە نووســـینی مێـــژووی ڕووداوەکانی گەلی کورد و خاکی کوردســـتان هــەبووە لــە ژێــر دەسەلاتی داگیرکەران لە هەرێمی باشووری کوردستاندا .

١٩٦٠/٨/٥ وولاتـــی ڤۆلتـــای بـــالا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، بە ناوی کۆماری بۆرکینا فاســـۆ ، کـــە – مـــۆریس بامۆگۆی – بە یەکەم سەرەك کۆمـــاری بۆرکینافاســـۆ هەلبژێردرا لە وولاتەکەدا . ئەویش لە شاری –واگدۆگۆ – ی پایتەخت ، کە ژمارەی دانیـشتووانەکەی ،٩٤٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکەی ، ١١,٨٩٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٢٨٤,٢٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ١١٢، کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، موسیرەمل ٤٨٪ . مـۆلادنی ١٠٪ . گۆرمـا ٥٪ . هـەروا زیـاتر لـە ٥٠ نـژادی تیـا دەژی . لـە وولاتەکەدا.

١٩٦٠/٨/٧ بڵاوكردنــەوەی دوا ژمارەی ڕۆژنامــەی – هیـوای كوردسـتان– لـە باشـووری كوردستان ، كە ژمارە ١٢ ی بوو لە هەرێمەكەدا .

١٩٦٠/٨/٧ هــــەرێمی كـــــووت دیڤــــوار ســـــــــەربەخۆیی خـــــــــۆی بەدەرچوونی لەژێر دەسەڵاتی فەرەنــسا ڕاگەیانــدو – فیــسە بوانیــە – بەیەكــەم ســـەرەك كۆماری وواڵتەكە هەڵبــژێررا ، كە لە كاسـۆلیكی ڕۆمـانی بـوو لە ووڵاتەكەدا .

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – ئەبیـدجان – ی پایتـەخت بـوو ، كـە ژمـارەی دانیـشتووانەكەی ،٣,١٨٦,٠٠٠ ملیـۆن كەسـە هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەكەی ،١٦,٨٦٠,٠٠٠ملیۆن كەسە . هەروا ڕووبەری خاكی وولاتەكەی ، ٢٢٢,٦٢٢ هەزار كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ١٣٥٤ كـەس لـە یـەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەكانی ، زیـاتر لـە ٦٠ كۆمەڵەی نژادی تیا نیشتەجێیە لە وولاتەكەدا .

١٩٦٠/٨/١١ وولاتــی تــشاد ســەربەخۆیی خـــــــــۆی ڕاگەیانــــــــــــد بەســەركردایەتی – فرانـــسوا تۆمبالیا– كە لەجوولانـەوەی هێنانـەدی سـەربەخۆیی بـوو، لەهــەمان كـات بـووە یەكــەم سەرەك كۆماری ووڵاتكە ، كە لە پـارتی پێشكەووتنی تشاد

بوو ، كە لە مەسیحیە كاسۆلیكەكانی باشووری تشاد بوو. لە وولاتەكەدا .

ئـەم ڕاگەیاندنــەش لـە شـاری – نجامینـا –ی پایتـەخت بـوو ، كـە ژمـارەی دانیـشتووانەكەی ، ٩٧٠,٠٠٠ هـەزار كەسـە ، هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی

وولاتەکەی ، ٨,١٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١,٢٨٤,٠٠٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/٨/١٢ وولاتی ئەفریکیای ناوەند سەربەخۆی خۆی ڕاگەیاند سەرەڕای کێشەو گیروگرفتی ناوخۆیی هەمەلایەن لە وولاتەکەدا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – بەنگی – پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٥٨٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣,٩٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٦٢٢,٩٨٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٦ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، بایا ٣٤٪ . باندا ٢٧٪ . مەنگیا ٢١٪ . سارا ١٠٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/٨/١٥ کۆنگۆ برازافیل سەربەخۆیی خۆی بە دەرچوونی لەژێر دەسەلاتی کۆمەلەی فەرەنسیدا ڕاگەیاندو– ئابیە فولبیریۆلۆ– بەیەکەم سەرەك کۆماری وولاتە کە هەلبژێردرا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – برازاڤیل – بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,١٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ،٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٣٤٢,٠٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ،

٢٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، کۆنگۆلی ٤٨٪ . سنگا ٢٠٪ . تیك١٧٪ . میۆشی ١٢٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/٨/١٦ هەرێمی قووبرس سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو ئەسقەف مەکاریۆس بە یەکەم سەرەك کۆماری وولاتەکە هەڵبژێردرا. ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – نیکۆسیا – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٢٢٠,٠٠٠ هەزار کەسە ، هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٨٥٠,٠٠٠ هەزار کەسە و لە و ژمارەیەدا ١٥٤٠٠٠ هەزار کەس تورکینە لە دوورگەکەدا . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٩٢,٢٥٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . بەڵام تورکەکان ٣,٣٣٥هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیان داگیر کردووە . هەروا چڕی دانیشتووانەکە ٢٢٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، یۆنانی ٨٥٪ . تورکەکان ١٥٥ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/٨/١٧ وولاتی گابۆن سەربەخۆیی خۆی بەدەرچوونی لەژێر دەسەلاتی کۆمەلەی فەرەنسیدا راگەیاندو- لیۆن میا- بەیەکەم سەرەك کۆماری وولاتەکە هەلیژێردرا ، لەلایەن دیموکراتخوازەکانی

سەربەفەرەنساو بارودۆخی وولاتەکەی بەرەو گەشەپێدان برد بەرێووە بەتایبەتی لەبواری ئابووری و دیموکراتی و کۆمەلایەتی لە وولاتەکەدا.

ئەم راگەیاندنەش لەو شاری – لیبرفیك – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٣٢٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١,٥٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکەی ، ٢٦٧,٦٦٧ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چری دانیشتووانەکەی ، ١٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

١٩٦٠/٨/٢٥ پێشبرکێی یاریەکانی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات – لە شاری رۆمای پایتەختی ئیتالیا ئەنجام دراوبەردەوام بوو تاکوو ٩/١١ هەمان سال .لە نێوان یانە وەرزشیەکانی بەشدار بوو لە جیهاندا .

١٩٦٠/٩/١٠ رێکخراوی وولاتانی بەرهەم هێنەری نەوت دامەزرا بە ناوی رێکخراوی – ئۆپێك– بە تایبەتی لە وولاتانی عەرەبی ، کە ئێراق و ئێران یەکێك بوون لەو وولاتانەو نەوتی خاکی کوردستانیان بەجیهان دەفرۆشت و پارەکەشیان بەچەك و تەقەمەنی دەداو کوردو خاکی کوردستانیان پێ وێران دەکردو تاکوو ئێستاش بەردەوامن لەو کارە نامرۆڤانەیە لە سەر خاکی کوردستاندا .

١٩٦٠/٩/١٧ پێشەواو سەرکردەو دامەزرێنەری کۆماری ئەفریکیا پاتریس لۆمۆمبا لە وویلایەتی دالاس کووژرا .

١٩٦٠/١٠/٤ هــــــەرێمی لیـــــسۆتۆ بەدەرچوونی لەژێر دەستی باســــــۆتۆلاند بــــــووە شانــشینەکانی لیــسۆتۆی سەربەخۆلە کێشووەرەکەدا . ئـــەم راگەیاندنـــەش لـــە شـــــاری – مــــــازرۆ–ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیــــــــــشتووانەکەی ، ٤٨٥,٠٠٠ هــەزار کەســـە . هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاتەکــەی ، ٢,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسـە . هـەروا رووبـەری خاکی وولاتەکـەی ، ٣٠,٣٥٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٣٦ کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەکانی ،سۆتۆ ٩٧٪ . ئەورویی ٢٪ . ئەسپانی١٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/١٠/١٧ لە دوای سەرکەووتنی کودەتا سەربازیەکەی تورکەکان لە ٥/٢٧ هەمان ساڵ سەرکردە نوێیەکانی کودەتا یاسایەکیان دەرکرد لە ژێر ژمارە/١٠٥ ئەویش بــە گواســتنەوەی ئــەوخێزانو کەســانەی کــە گومانیــان لێــدەکرێت لــە جمووجـۆڵی نەتـەوەییو نیـشتمانی بگوازرێنـەوە بۆپارێزگاکـانی بـاکووری تورکیـا ، کــە ئەمــەش یاسـایەکە لەیاسـاکانی بــە تــورك کــردن لــەباکووری کوردستانو لەگەڵ چەندین یاساو ڕێنمایی دیکەی دژ بە کوردو کوردستان.

١٩٦٠/١١/٣ بەهۆی ئـاڵۆزیو لێـك ترازانـی بـارودوخی ئێـراق ، سـەرکردەی باشـووری کوردستان مستەفا بارزانی سەردانی یەکیەتی سۆڤیەتی کـردو لـەو سـەردانە چاوی کەووت بە سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەت– خرۆشۆفو بریماکۆف– لـە شـاری مۆسـکۆی پایتـەختی یەکیـەتی سـۆڤیەت ، ئـەویش لـەپێناو گفتووگـۆ کردن لەسەر کێشەو مافە ڕەواکانی کورد لەباشووری کوردستان.

بارزانی لە کاتی سەردانەکەی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت کە سەردانی یەکێ لە دامەزراوەکانی ئەم وولاتە کردووە لە ساڵی ١٩٦٠دا

١٩٦٠/١١/١١ ژەنەراڵ جەمال گۆرسیلی تورك لە پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٠ دا کە بووە سەرەك کۆمار سەردانی شاری دیاربەکری لە باکووری کوردستان کرد ، لە باڵکۆنی پێرگەی شارەوانی رووی لە دانیشتووان کردو گووتی : -

خەڵکی رۆژهەلات وەرن هۆشتان بێننەوە سەر خۆتان ئێووە تورکن و کورد نین ... هەروا گۆرسیل لە پێشەکیەکەیدا کە بۆکتێبی - ناوچەکانی رۆژهەلات و مێژووی ڤارنۆ - بە پێنووسی - سرف فرات - ی نووسیبوو - دەڵێ :- خەڵکێکی ئاوا هەن کە خوودی کەسیتیەکی تایبەتی بێ و پێی بگوترێ کورد هەر لەو دونیایەدا نییە.

ئەو ژەنەراڵە تۆرانیە تورك هۆشدار دەکاتەوەو دەڵێ :- دەبێ ئەوان بزانن چالاکی - کوردیزم - تەنیایە ، کە ئەویش مەبەستی هەیە بەلاوازکردن و وێرانکردنی تورکیایە ، ئەگەر ئەو رۆژەی ناوچەکانی رۆژهەلاتمان لە دەست بچن ئەوا سەختە خۆمان لەناوەراست و رۆژئاوای ئەنادۆلیشدا بگرینەوە ...

دوای ئەوە بە رۆژنامەنووسێکی سویدی گوت :-

ئەگەر ئەو تورکە کیویلکانە بێدەنگ نەبن - واتە کورد - لەشکر لەکاوڵکردنی شارو گوندەکانیان سل ناکاتەوەو زەریای خوێنیان لێ دروست دەکەین و خۆیان وولاتەکەیان حەلووشدەکەین ... ئا ئەمەیە تۆرانیەکان نەك تورکمان .

تێبینی:- مەبەست ئەو كەسانەیە كە تورك نین و لە نەتەوەی دیكەن و خۆیان كردۆتە تورك ...؟...!.

١٩٦١/١١/٢٠ لە گەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتی ئیدارەی ئەمەریكا لەلایەن جۆن كەندی ، ئـەویش بەخووێندنـەوەی وتارێـك لـە بـەر بـەفرو بـاران لەبـەر دەرگـای كۆنگرێسی ئەمەریكا ، ئەویش بە بەڵێن دانی بۆ گەلانی ئەمەریكا .

كە دژی بڵاوبوونەوەی كۆمۆنیستیەت لەجیهان دا بوەستێ تـاكوو ئاواتـەكان دێنەدی بەتاقیكردنەوەی ئەمەریكا تاكوو دەبێتە ئەستێرەیەك لەسەر گەلانی جیهان لە جیهاندا .

١٩٦٠/١١/٢٤ كەسایەتی نـاوداری كـورد - حەمـدی بابـان - لـە شـاری سـلێمانی لـە باشـووری كوردسـتان كۆچـی دوایـی كـردووە. گۆڕەكـەی لـە گۆڕسـتانی سـەیوانە لـە شارەكەدا .

جێگەی باسكردنە كە نـاوی تـەواوی ئـەم كەسـایتیە - ئەحمـەد حەمـدی محەمـەد رەشـید پاشـا مـەعروف بابـان -ە و لـە سـاڵی ١٨٧٠ چـاوی بـە جیهـان هەڵهێناوە

.

١٩٦٠/١١/٢٨لـە دوای كـشانەوەی هێـزی سـوپاو دامو دەزگـا كارگێڕیـەكانی فەرەنـسا لـە مۆریتانیـا ، مۆریتانیـا سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیانـد سـەرەڕای بەرهەڵـستكاری لێكـردن لەلایـەن وڵاتـانی ڕۆژئـاوا ، دوای ئـەوە لـە سـاڵی١٩٦١ بـووە ئەنـدام لـە ڕێكخـراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان ، ئـەم

ڕاگەیاندنەش لە شاری – نواکشۆت – ی پایتەخت ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٨٦٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣,٢٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکەی ، ١,٠٢٥,٢٢٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، عەرەب ٧٥٪ . پێست رەش ٢٥٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٠/١٢/١ گرێدانی کۆنگرەی دووەمی پارەتە کۆمۆنیستیەکانی جیهان لە شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەت ... هەر لەو کۆبوونەوە پارتە کۆمۆنیستەکانی عەرەب ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان بلاوکردەوە. لە بارەی باری هەرێم و ناوچەو جیهاندا .

١٩٦٠/١٢/١٣ لە دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆی نێوان سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی و سەرکردەکانی یەکیەتی سۆڤیەت ، بارزانی و شاندە یاوەرەکەی بەرەو باشووری کوردستان گەڕاوە .
بۆ ئەوەی پشتگیری لە داواکانی کورد بکرێت بە هۆی بەرژەوەندی تایبەتی دەسەلاتی سۆڤیەت لەئێراق و ناوچەکەدا .

١٩٦٠/١٢/١٤ دەرچوونی بڕیاری ژمارە /٥٥ لە بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئەویش بە پێدانی سەربەخۆیی بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە ژێر دەستی داگیر کردنن... لەوانە کوردو خاکی کوردستان ، کە داگیر کراوە لە نێوان تورکیاو ئێران و ئێراق و سووریاو ئەرمینیا ، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤لە لایەن وولاتانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی بەریتانیا ی مەزن لە و کات لە هەرێمەکاندا ...بەلام . کورد ....!.

هەروا لە هەمان رۆژو لە هەمان کۆبونەوە ئەویش بە دەرچوونی بڕیاری ژمارە /١٥١٤ لە برگە دووی/ د/ ١٥٥ ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەگرتووەکان ، بە پێدانی مافی سەربەخۆیی بۆ وولاتان و گەلانی ژێر دەستە بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارە /٥٥ لە سەر وولاتانی پەیوەندار لە جیهاندا.

١٩٦١

١٩٦١/٢/٢٢ وەزیری دەرەوەی بەریتانیای ئەو کات- دۆگلاس هۆم - نامەیەکی ئاراستەی ماکمیلان کرد بە نهێنی بۆ وەزیری ئەمەریکا - هارۆلدو ئەتکینسۆن و سەرەك وەزیران... لەناو نامەکەدا دەڵێ:-

پێویستە لە سەر ئەمەریکا باش ئەوە بزانێ ، کە ناتوانرێ بەرگری لە دوورگەی هۆنگ کۆنگ بکرێت بەچەکی ئاسایی ، بەڵکوو هێرش کردنە سەر چینی میللی بەچەکی ئەتۆمی بێ ، کە چارەسەری کێشەکە دەکات ، لەو کاتەی کە چینی میللی بیەوێت هێرش بکاتە سەر دوورگەکە. لە ناوچەکەدا

١٩٦١/٤/١٢ ڕەوانە کردنی یەکەم مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی مانگی دەستکرد بۆ بۆشایی ئاسمان لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەت ، کە ئەویش زانای بەناوبانگی گەردووناسی سۆڤیەتی یووری گاگارین بوو ، لە گەڵ هەندێك لە ئاژەڵ وەك سەگێكو مەیموونێك . لە مانگە دەستکردەکەدا .و دوای تەواو کردنی ئەو کارەی کە پێی سپێردرابوو ئەنجامی داو بەرەو زەوی گەڕایەوە لە وولاتەکەدا .

١٩٦١/٤/١٦ ئیدارەی ئەمەریکا هەوڵیدا کۆماری کووبا داگیر بکات لە ڕێگەی پیاوەکانی لە کووبا ، ئەویش بە فڕۆکەکانی جەنگی سەربازی و یارمەتی ڕاستەوخۆ ، کە کردەوەکەش ناونرا بە – جەنگی کەنداوی بەرازەکان – کە تێیدا هەرەسی هێنا بە هەرەسێکی شەرمەزاری کە تاکوو ئێستاش باسی لێووە دەکەن .

هەروا ئەمەریکا هەڵسا بە کووشتنی سیخورەکەی خۆی سەرەك وەزیرانی ڤێتنـام لـە ١٩٦٣/١١/١، – نیگـۆدین دیـم – ... هـەروا ئیـدارەی ئەمـەریکا هەڵسا بەکردەوەی دوژمنکاری دژی کۆماری – لاووس – بەبۆنەی پشتگیری ئەو حکوومەتەی کە لایەنگیری خۆی لە ساڵی ١٩٦٤ کە ٦٤ هـەزار سـەربازو ئەفسەری سووپای ئەمەریکا بەشداری تێداکرد لەگەڵ ١٥٠٠ ، فرۆکەو ٤٠ کەشتی جەنگی .

هـەروا چـەکی کیمیـاوی لـەو کـردەووە سـەربازیە بـەکارهێنا دژی گـەل و

١٩٦١/٤/٢٧ وولاتی سیرالیۆن سەربەخۆیی خۆی لەناو ڕایەلەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاندو بووە خاوەن دەستووروو پەرلەمان ، لەژێر سایەی تاجی شانشینی لە بەریتانیا. ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – فریتاون – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٧٤٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٥,٨٦٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٧١,٧٤٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢١١ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، تمنی ٣٧٪ . مندی ٣٥٪ . خێلەکانی دیکە ٢٨٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦١/٥/٣ لە دایك بوونی ژنە شۆخ و سەرکردەو شۆڕشگێری کورد خاتوو لەیلا زانا ، لە گوندی باخچە لە باکووری کوردستان ، لەتەمەنی مندالیدا شوو بە مەهدی زانا دەکات ، مەهدی زانا کە لە سالی ١٩٧٧ بە سەرۆکی شارەوانی شاری ئەمەد – دیار بەکر– هەلدەبژێردرێت، لەدوای کودتا سەربازییەکەی تورك لە ١٩٨٠/٩/١٢ مەهدی زانا دەستگیر دەکرێت بە – ٣٦– سال زیندانی دەکرێت ، دوای – ٩– سال ئازاد دەکرێت ، لەیلا زانا لە سالی ١٩٨٨ دەستگیر دەکرێت و دوای بەربوونی لە سالی ١٩٩١ لەسەر

لیــستی پــارتی ڕەنجــی دیمــوکراتی بــە ئەنــدامی پەرلــەمانی تورکیــا هەڵدەبــژێردرێت ، لەســەر بــەکارهێنانی دروشمــەکانی کــوردو ســوێند خواردنی بەزمانی کوردی لە ١٩٩٦/٨/٢١، دادگای پاراستنی ڕژێمی تورکیا لەئەنکەرە بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی هزری جوودا خوازی ، حکوومی ١٥ساڵ زیندانی بۆ لەیلا زانا دەردەکرێت .

١٩٦١/٥/١٠ کۆچی دوایـی کەسایەتی نـاوداری کـورد مامۆسـتا - مـەلا کاکـە حەمـەی حاجی سـەیفولا - کە نـاوبراو کەسایەتیەکی دیـار بوو لـە پێنـاو فێرکردنـی گەلەکەی ، کە بەگوندەکانی پارێزگای سلێمانیدا دەگەڕا تاکو خەڵك فێری خووێندەواری بکات لە باشووری کوردستاندا .

١٩٦١/٥/٢٧ بە هـۆی ئەنجامـدانی کودەتـای سـەربازی لـە تورکیـا سـەرەتا جـەلال بـەیار سـەرەك کۆمـارو عـەدنان مەنـدەوی سـەرەك وەزیـران ، دوای ئـەوە ئەنـدامانی حکوومــەت و بەڕێوەبەرایــەتی دیمــوکراتی و پەرلــەمانتاران لــە دوورگــەی یاسسی زیندانی کران.

١٩٦١/٦/١٥ لە ئاکامی کێشە لە نێوان هۆزی بارزانیەکان و زێباری لە هـەرێمی باشـووری کوردستان ، کە بووە هۆی هێرشکردنە سەر هۆزی زێباری لەلایەن چەکدارە بارزانیەکان و ناچار کردنی چەکدارە زێباریەکان بـەرەو تورکیا هـەنگاو بنـێن لە ناوچەکەدا .

١٩٦١/٦/١٩ وولاتی کووێـت سـەربەخۆیی خـــۆی لەلایـــەن بـــەریتانیا ڕاگەیاندو شـێخ سـالم سـەباح بـــووە ئـــەمیری کوویـــت ، ئەویش لەت ڕسی دەسـەلاتی کۆمـاری نـوێی ئێـراق ، کـە ســـەرەك کۆمـــاری ئێـــراق عەبدولکـــەریم قاســـم داوای

کووێتی دەکردەوە بەهۆی بوونی بەقەزایەکی ئێراقی بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا.

ئـەم ڕێکەووتنـەش لـە شـاری – کووێـت – ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٣٧,٨٥٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولآتەکەی ، ٢,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خـاکی وولآتەکـەی ، ١٧,٨٢٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٣١٢ کـەس لـە یـەك کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، کـووێتی ٤٥٪ . عـەرەبی وولآتـانی دیکـە ٤٠٪ . نـژادەکانی کاردەکـەن ١٥٪ . کـە کوردیش یەکێکە لە دانیشتووانەکان لە کووێت . لە وولآتەکەدا .

١٩٦١/٦/٢٥ دامەزرێنـەرو سـەرەك کۆمـاری ئێراقـی نـویٚ – عەبدولکـەریم قاسـم – لـە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند ، کە کوێت بەشێکە لە ئێراق و دەبێ بگەڕێتـەوە سـەر خـاکی دایك . جا بە ئاشتی بێت یاخوود بەجەنگ ... کە ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە کوێتیـەکان بڕوایـان بـە پەیوەندیـەکان و دەسەلآتەکانی ئێراق نەمێنێ . لە دوای ئەم ڕاگەیاندنەدا

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە حکوومـەتی کوێت لـە ١٩٦١/٦/٢٨ داوایـەکی ئاراستەی کۆمکاری عەرەبی کرد ، دژی ئێراق و داوای کرد کە کوێت ببێتـە ئەندام لەم کۆمکارەدا .

هـــەر بـــەم هۆکـــارە کۆمکـاری عـەرەبی لـە ١٩٦١/٧/٢٠ ڕەزامەنـدی خـۆی لـە سـەر بوونی کوێت بە ئەنـدام لـەم کۆمکـارە کـــرد ... دوای ئـــەوە داوای لـە ئەنجومـەنی ئاسایـشی سـەر بەنەتـەوە یـەکگرتووەکان و ، لـە هـەمان کـات نەتـەوە یـەکگرتوەکان کـرد ، بـۆ جـاری دووەم کـە ببێتـە ئەنـدام لەنەتـەوە یەکگرتووەکان و لە ١٩٦١/١١/٣٠ ئەم داوایە لێکۆڵینەوەی لە سەر کرا لـە دوای کـشانەوەی هێزەکـانی سـووپای بـەریتانیا لـەکوێت . بـەلآم لـەم

کۆبونەوەدا میسر رەزامەندی کرد .

بەڵام ئێراق دژی ئەو داوایە وەستاو کوێتی ناوزەند کرد بەوەی کە دەوڵەت نیە و بەشێکە لە خاکی ئێراق بە پێی بەڵگەنامە مێژوویەکان و کە ببووە ژێر دەستەیەکی بەریتانی لە دوای رێکەوتنی شێخ موبارك سەباح لە گەڵ بەریتانیا لە ١٨٩٩/١/٢٢، کە ئەم رێکەوتنەش بە شێوەیەکی نهێنی مابووەوە ... کوێت لە ١٩٦١/٥/١٤ بووە ئەندام لەرێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان بەرەزامەندی کۆمەڵەی گشتی لەسەر داوای نەتەوە یەککرتووەکان .

سەرچاوە:– العربي – ژمارە /٥٩٦ – ٢٠٠٨/٧ .

١٩٦١/٧/١ ووڵاتی سۆماڵ پێك هاتبوو لە دووبەشی ژێردەسەڵاتی شانشینی بەریتانیاو ئیتالیا، کە هەردوو بەشەکە سەربەخۆییان ڕاگەیاند بەناوی کۆماری سۆماڵ، ئەویش بەڕێککەوتنی باکوری کەنداوی عەدەن لەدوای دان پێنانیان لەلایەن بەریتانیاو ئیتالیا.

ئەم راگەیندنەش لە شاری – مەکادیشۆ – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,١٥٥,٠٠٠ملیۆن کەسە. هەروا ژمارەی دانیشتووانی ووڵاتەکەی ، ١٠,١١٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە ، هەروا رووبەری خاکی ووڵاتەکەی ، ٦٣٧,٦٦٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە ، هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٩ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، سۆماڵیە رەسەنەکان ٩٨٪ . هەروا دانیشتووانی سۆماڵ دابەش دەبن بەسەر ١٠٠ خێڵ زیاتر لە نێوان باکوور و باشووردا لە ووڵاتەکەدا .

١٩٦١/٧/٢ نووسەرو رووناکبیرو ڕۆمان نووسی جیهانی – هەمەنگوای – کاتژمێر ٧/٣٠دەقیقە خۆی کووشت ، ئەویش لەئەنجامی چەند کێشەی دیار نەبووی

لەناخی دەروونی ژیانیدا.
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەو نووسەرە ئەمەریکیە بە ناوبانگەی سەدەی بیستەمە .
ئەم کەسایەتیە لە ١٨٩٩/٥/١٢ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، لە – نۆک بادک – ی ویلایەتی ئەلینۆی لە ئەمەریکا . دوای تەواو کردنی قۆناخەکانی خوویندن و دەرچوونی لە قوتابخانەی بالا – ئەرنست هەمەنگوای – وەك نووسەر لە دامەزراوی – کەنساسی سیتی ستار – دامەزراوە .
هەروا لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان و لە ساڵەکانی ١٩١٤ – ١٩١٨ ، وەکوو خۆبەخشێك لە کۆمەڵەی خاچی سووری نێوو دەووڵەتی لە ئیتاڵیا کاری کردووە بە پیشەی شوفێر ، بە لێخوورینی ئوتومبێلی فریاکەووتن و وەکوو کرێکاریش کاری دەکرد ، لە ئەنجامی ئەو کارانەیدا بە سەختی زامدار دەبێ . ئەم کارانەو جەنگی یەکەم بووە هۆکارێك لە نووسینەکانی هەمەنگوای .
دوای ئەوە هەمەنگوای لە ساڵی ١٩٢١ روو لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا دەکا ، لەو ووڵاتەش چاوی بە ژمارەیەك لە نووسەری ئەمەریکا دەکەوێت ، لەوانەش – فرەنسیس سکۆت فینزگیرالد – و – ئەزراباوەند – و – گیر ترودشتاین – دوای ئەوەش هەمەنگوای بووە گووتەبێژی سەرەکی کۆمەڵەیەك نووسەری بچووك .ئەوانەی کە دووچاری بێئوومێدی ببوون . کە بە نەوەی – وونبوو –ناو زەند ببوون لەو ووڵاتەدا .
دوای ئەو هەموو کارانە هەمەنگوای یەکەم کاری ئەم کەسایەتیە نووسینی سێ چیرۆك و ١٠ هوونراوە بوون لە ساڵی ١٩٢٣ . دوای ئەوەش کۆمەڵێك کورتە چیۆکی لە ساڵی ١٩٢٤ ی دیکەی لە بارەی ئەزموونوکانی خوودی خۆی نووسیەوە . کەچی ئەرنست هەمەنگوای هێشتا لە تەمەنی لاویەتیدا

بوو و لە باكووری –میتشیگان – ژیانی بەسەر دەبرد .
دوای ئـەوە هەمـەنگوای دوو چـیرۆكی درێـژی بـڵاو كـردەوە ، كـە بـەم دوو چـیرۆكە ناوبـانگی دەركـرد ، كـە ئـەو دوو چـیرۆكەش – خـۆریش هـەروەها هەڵدێت – لـە سـاڵی ١٩٢٦ ، كە ئەم چیرۆكە وەك وێنـەی كۆمەڵە كەسێكی ئەمەریكا دەكێشی ، لەوانەی وەكوو ئەندامانی كۆمەڵەی – ئەوەی وونبوو – تووشـی بێئوومێدی ببـوون . هـەروا چیرۆكی – وداعـا للسلام – یش كـە لـە رۆژانی جەنگی یەكەمی جیهانی ئەو كاتەی كە لە ئیتاڵیا بوو.
دوای ئـەوە ئەرنـست هەمـەنگوای لـە سـاڵی ١٩٢٧ گەرایـەوە ئەمـەریكا و لـە ساڵەكانی ١٩٣٠ دوو كۆمەڵە كورتە چیرۆكی لە ئەمەریكا بڵاو كردەوە ، ئەم چـیرۆكانەش – شـوێنێكی پـاك كـە بەباشـی رووناكـە – ژیانـە ئاسـوودە كورتەكـەی فرانـسیس ماكۆمبـەر – بەفری كیلیمنگـارۆ– دوای ئـەوە دەسـتی كرد بە نووسینی چەند رۆمانێك لەوانە :–
مردن لە كۆتایی رۆژەكە لە ساڵی ١٩٣٢ . گردەكـانی ئەفـەریكیای سـەوز لـە سـاڵی ١٩٣٥ . لـە چیرۆكی یەكەمـدا بـاس لـە شـەڕی قوچێكی نێـوان گایـان دەكـات و چـیرۆكی دووەمـیش باسـی گەشـتێكی راوكـردن دەكـات لـە ئەفەریكیادا .
دوای ئـەوە هەمـەنگوای لـە سـاڵی ١٩٣٦ روو لـە ئەسـپانیا دەكـات ، وەكـوو پەیامنێرێك تیشكەكانی جەنگی دەخستە سـەر هەواڵـەكانی شـەڕی ناوخۆی ئەو وولاتەدا ، ئەم هەڵەی خستە بەر دەست بە نووسـینی رۆمانـەكانی وەك :– زەنگەكان بۆ كێ لێ دەدرێ – ئەم رۆمانەشی لـە سـاڵی ١٩٤٠ بلاوكـردەوە . كـە ئەمـەش تایبـەت بوو بـە شـەڕی ئەمـەریكا لـە دژی هێزەكـانی فاشـی لـە ئەسپانیا كە بە یەك لە باشترین نووسینەكانی دادەنرێت .
دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٩٥٢ چیرۆكێكی درێـژی بـە ناونیـشانی – پیرەمێـردو دەریـا – ی نووسـی . كـە لـە سـەر ئـەو چیرۆكە لـە سـاڵی ١٩٥٣ خـەڵاتی – بوولێتزەر –ی پێ بەخشرا . هەروا لە ساڵی ١٩٥٤ خـەڵاتی نۆبلی لـە ئاداب پێ بەخشرا .
دوای ئـەوە چـەندین كـاری پـیرۆزی دیكـەی بـە ئـەنجام گەیانـد و لـە دوای

ساڵەکانی پەنجا ، ئەم کەسایەتیە ناودارە جیهانیە بە توانایە تووشی نەخۆشی جەستەی دەروونی دەبێ و تاکوو کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ .
دوای ماڵئاوایی کردنیشی چەندین بەرهەمی نایابی لە دوای خۆی بە جێهێشت ، کە بۆتە کەلتوورێك بۆ کۆمەڵگاکانی گەلانی جیهان ماوەتەوە لە هەموو بوارەکانیدا.

١٩٦١/٧/١٨ ڕێکخراوی ئیتا یەکەم کردەوەی سەربازی خۆی دژی ڕژێمی شانشینی ئیسپانیا ئەنجامدرا ، کە شەمەندەفەرێکی کردە ئامانج بە لێدانی تیمێك کە لە لایەنگرانی ژەنەڕاڵ فرانکۆی دکتاتۆری هەڵگرتبوو لە ناو وولاَتەکەدا .

١٩٦١/٧/٢٠ ڕژێمی شۆڤینی بەر چاوتەنگ لە سووریا دەستی کرد بە ڕەشبگیری گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانی لکێنراو بە سووریا ، بەشێووەیەکی فراوان‌و دەست نەپاراستن لە مامەلەکردن لەگەڵ خێزانە کوردەکان لە وولاَتەکەدا .

١٩٦١/٧/٣٠ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، بیرخەرەوەیەکی ئاراستەی دەسەلاَتی قاسم کرد لە پێناو جێبەجێکردنی مافەکانی کوردو دان پێنانی، بەلاَم داوا کە پشتگۆی خرا لە لایەن سەرەك کۆمارو دەسەلاَتی ناوەندی لە شاری بەغدا.

١٩٦١/٨/١ گرێدانی کۆنگرەی یەکەمی وولاَتانی ریکخراوی – عدم الانحیاز– لەشاری بەلگراد بە بەشداربوونی ٢١وولاَت ئەنجامدرا... کۆنگرەی دووەمی لە٥/١٠/١٩٦٢ گرێدا لە قاهرەی پایتەختی میسر بە بشداربوونی ٤٧ وولاَت‌و ١٠وولاَت لە ئەمەریکای لاتینی بەشداری لەو کۆنگرەیەدا تێداکرد.

١٩٦١/٨/١٣ بەهاندانی یەکێتی سۆڤیەت دەزگای پۆلیسی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی ، هەڵسا بە دروست کردنی دیواری بەرلین لە پێناو بەربەستەکردن لە رێگای ئەوانەی کە لەئەڵمانیای دیموکراتی بەرەو ئەڵمانیای رۆژئاوا دەپەڕینەوە . کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکاو هاوپەیمانان هەستیان بەوەکرد ، کە یەکێتی سۆڤیەت پەرەی بە بەرزبوونەوەی شێوازی شەڕی سارد دەدات دژی جەمسەری سەرمایەداری لەرۆژئاوادا.

١٩٦١/٨/٢٩ بلاَوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی هەولێر لە باشووری کوردستان لە شاری هەولێر بە زمانی کوردی لە هەرێمەکەدا .

١٩٦١/٩/٦ بەهۆی هەڵوویستی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمو بە سەرهەڵدانی کیشەو ململانێی رامیاریو نەتەوەییو نیشتمانی ، لە نێوان پارتو رێکخراوە ئێراقیەکان لە لایەكو جێ بەجێ نەکردنی مافەکانی کورد لەلایەکی دیکەدا . کە ئاکامی بووە هۆی خۆپیشاندان لە هەموو گوندو شارۆچکەو شارەکانی کوردستان و بەرەو هەلگیرسانی شۆڕشی ئەیلول هەنگاوی دەنا ، لە هەموو بوارەکانی خۆئامادەکردن لە لایەن گەلی کوردستان لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٦١/٩/١١ بلێسەی شۆڕشی ئەیلول لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ڕاگەیەندرا ، بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانیو لە هەمان کات هێزەکانی سووپای ڕژێمی ئێراق پەلاماری شاری دەربەندیخانی دا بە هێزی سووپاو فڕۆکە جەنگیەکان .

١٩٦١/٩/١٢ هێزەکانی سووپای ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم پەلاماری ناوچەکانی دەربەندی بازیانوکۆیەو دۆڵی خەلەکانیدا بەهێزی فڕۆکەی جەنگیو بۆردومان کردنی ، کە بووە هۆی شەهید بوونو زامدار بوونی بەدەیان هاوولاتیودەربەدەربوونی دانیشتووانی ناوچەکان .

١٩٦١/٩/١٤ لەوکاتەی کە سەرۆکی ئەمەریکا جۆن کەندی بەرامبەر بە مامۆستایانی کۆلێژی سەربازی لە شاری واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا ووتی:-

١- دەبێ ئێمە یەکیەتی سۆڤیەت ناچار بکەین بە گۆڕینی.

٢- رژێمــی كۆمۆنیــستی رژێمێكــی جەماوەریــە و لەوپــەڕەی ئاســوودەدا دەژی و دژی هەژاریــە پێویــستە بــەرەو هەژاری بیرێ .

٣- كۆمەڵگایەكــە لەیەكــسانی دەژی وجیــاوازی چینایەتی رەت دەكاتــەوە لەجیهاندا.

١٩٦١/٩/١٦ فڕۆكە جەنگیەكانی ڕژێمی ئێراق بۆردومانی ناوچەی بارزان و دەووروبەری كرد لەگەڵ مەلبەندی سەرۆك بارزانی لە هەرێمی باشووری كوردستان .

١٩٦١/٩/١٧ ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان هێزی پاراستنی ڕەوانەی كۆنگۆ كینشاسا كــرد... لــەئاكامی كێــشە دژوارەكــان لـــە نێــوان هێزەكــانی نەتـــەوە یەكگرتووەكان و هێزی تاوانباری تشوومی.

كــە بــووە هــۆی كۆچــی دوایــی ســكرتێری نەتــەوە یــەكگرتووەكان - داج همرســۆلد- لــە ڕووداوی كەوتنــە خــووارەوەی فڕۆكەكــەی ، كــە دەچــوون بەرەو بەشداربوونی لە كۆنگرەی ئاشتی لە جیهاندا لەگەڵ مۆرس تشۆمیدا لە ناوچەكەدا .

١٩٦١/٩/٢٣ ســەرەك كۆمــاری ئێــراق عەبدولكــەریم قاســم یــەك لایەنــە بــوونی پــارتی دیمــوكراتی كوردســتانی هەڵووەشــاندەوە ، بــەهۆی ســەركردایەتی كــردن و هەلگیرســاندنی شۆڕشــی ئــەیلول ، بــە ســەركردایەتی مــستەفا بــارزانی لــە باشــووری كوردســتان بــە پاڵپــشتی و پالەپەســتۆی عــەرەبی شــۆڤێنی و بــەر چاوتەنگەكان لە ناوچەكەدا.

١٩٦١/١١/٢٣ کردنـەوەی بەنـداوی — تۆنێـــــــل — ی دەربەنـــــدیخان لـــــە ئاهـــەنگێکی گـــەورە لـــە لایەن سەرەك کۆماری — عەبدولکـــەریم قاســـم — کە بە فرۆکەی تایبەتی خۆی هاتە فرۆکەخانەی شـێرکەت لـە وویـّشەوە گەیشتە ئاهەنگەکە بۆ کردنەوەی بەنداوەکە .

جێگەی باسکردنە کە بەنداوی دەربەندیخان پرۆژەیەکی گرنگە بۆ گرێدانی گەرمەسێر بە کووێستانەوە ، تاقە هێلی هاتوو چۆشە بۆ سەنتەری پارێزگا لە گەرمیانەوە . بەنداوی دەربەندیخان لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٥ لە لایەن رژێمی پاشایەتی لە ئێراق دیزاینتی بۆ کراوە بە دروستکردنی ، کە لە سەرەتاوە ، دراوە بە کومپانیە فەرەنسیەکان و ، دوای ئەوانیش دراوە بە کومپانیە بریتانیەکان .

بەلاّم بە هۆی باری ئێراق و بەر پابوونی شۆرشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨/ ، بووە هۆی وەستانی لە کارکردن لە پرۆژەکەدا ، دوای ئەوە سەرەك کۆماری ئێراقی نوویٚ عەبدولکەریم قاسم دای بە کومپانیە بەلژیکیەکان و تاکوو تەواو بوونی لەم رۆژەداو کردنەوەی ، ئەم پرۆژەیەش گرنگیەکی ئابووری گرنگی هەبوو و هەیە بۆ ئێراق و ناوچەکەدا ، کە لە هەرێمی باشووری کوردستان .

بەنداوی دەربەندیخان سەرچاوەیەکی دووەمی ووزەی کارەبایە لە باشووری کوردستان و سەر بە پارێزگای سلێمانیە ، کە لەوکات دروستکردنی ئەم بەنداوە ماندوو بوونێکی زۆری ویستووە بە هۆی هەلکەووتەو شوێنی جووگرافی ناوچەکەو لە هەمان کاتدا بەستنەوەی هەردوو ناوچەی گەرمیان و کووێستانە لە باشووری کوردستان .

١٩٦١/١٢/٢٤ بۆ یەکەم جار تۆری کارەبا گەیشتە شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان ، ئەویش لەگەڕەکی خالدیە بوو

لە شارەکەدا.

١٩٦٢

١٩٦٢/١/١ وولاتی ساموا سەربەخۆیی خۆی لەناو رایەلەی کۆمەنوولسی بەریتانیا بەشێووەیەکی رەسمی راگەیاند. ئەم راگەیاندنەش لە شاری – ئابیا – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٣٥,٧٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣٤٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٢,٨٣١ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی .٣٢٦ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ساموانی ٩٤٪ . نەتەوەی تێکەلاو ٤٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٢/١/٢٦ رۆژنامەیەکی ئەلمانی کە لە شاری – کۆلن– دەردەچوو ... نووسیویەتی:– یەکیەتی سۆڤیەت پشتگیری کوردەکان دەکات بەفرۆکەو چەكو تەقەمەنیو ئازوقەیان بۆ رەوانە دەکات– کە ئەمەش لەپێناو شێوواندنو پروپاگەندەی نالەبار بوو ، لەپەیوەندیەکانی سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلولیو نێوو دەوولەتی لەناوچەو هەرێمەکاندا.

١٩٦٢/٢/٤ راگەیاندنی بریاری رێکخراوی وولاتانی ئەمەریکا بەدەرکردنی کۆماری کووبا لەو رێکخراوە لە دوای هەلسان بەشۆرش ، سەرەرای ئەوەی کە هیچ بریارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دووپاتی ئەو کارەو نارەزاییەی دەرنەبرییووە لە هیچ بەلگەو بریارەکانیدا .

١٩٦٢/٢/١٠ مۆرکردنی رێکەووتننامەی هاوکاری بە گۆرینەوەی زانیاری سیخووری لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەتو ئەمەریکا ، بە گۆرینەوەی فرۆکەوانی ئەمەریکا بە سیخووری سۆڤیەت ، کە هەریەکەیان سیخوورەکانی یەکتریان زیندانی کردبوو لە وولاتەکانیان.

١٩٦٢/٢/١٢ سەرۆکی ئەمەریکا جۆن کەنەدی لەلێدوانێکی ڕەسمیدا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر کارە جۆراو جۆرەکانی یەکیەتی سۆڤیەت دەربڕیو داوای کشانەوەی هێزەکانی سووپای سۆڤیەتی کرد ، ئەویش لە ئەنجامی گفتووگۆی چڕ لە نێوان ئەمەریکاو سۆڤیەت ڕێککەوتن لەسەر هەلنەگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهان لەسەر دوورگەی کووبا مۆرکرا.

١٩٦٢/٣/١٨ ڕائدی گەردوونی سۆڤیەتی بۆ یەکەم جار مەله له گەردوون بکات که ناوی – ئەلکسی لیونوف– بوو ، که کەشتیەکەی بۆماوەی ٢٠ دەقیقه جێهێشت.

١٩٦٢/٣/١٨ له دوای گۆڕینی کارەکانی شۆڕشی جەزائرو بەردەوام بوونی بەشۆڕشی نهێنی، دوای ئەوه ئەو شۆڕشە لەقۆناخی نهێنی خۆی گوواستەوە بۆقۆناخی ئاشکرا ، کێشەی جەزائیر چووە ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخوولی ساڵی ١٩٥٩، دوای ئەوه بەپێکهێنانی وەزارەتی گوواستنەوە بە چوونە ناوگفتووگۆ لەگەڵ نوێنەری فەڕەنسا ، ئەویش کۆتایی هات بەمۆرکردنی ڕێککەوتنامەی ئیڤیانو ڕاگەیاندنی وەستانی شەڕو سەرۆکی فەڕەنسا دیگول دانی بە جەزائیری سەربەخۆنا له ناوچەکەدا

١٩٦٢/٤/٢٣ کۆچی دوای نووسەرو شاعێرو چیرۆك نووسی ناوداری کورد مامۆستا نەجمەدین مەلا غەفور ... جێگەی باسکردنه که مامۆستا نەجمەدین له ساڵی ١٨٨٩لەشاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... خوێندەواری لەحووجرەو مزگەوتەکان فێربووە ... ژیانێکی سەیرو سەمەرەو پڕ له نهێنی له قەلەندەر خانەکەی که

ناوی نـابوو – کەشتی نـووح – بەسـەر بردووە ، سـەرەتای ژیـانی لـوغزێکی سەرسورمێن بووە.

ئـەم نووسـەرە لـە سـاڵی ١٩٢٦ تـا ١٩٣٢ بەشـداری لەنووسـینی گۆڤـاری زاری کرمـانجی دا کـردووە کـە لـە ١٩٢٦/٥/٢٥ تـاکوو وەسـتانی لـە سـاڵی ١٩٣٢ لەلایەن حوسێن حوزنی موکریـانی لەرواندوز بلاودەکرایـەوە . کـە ٢٤ ژماری لیّ بلاّوکراوەتەوە... ئەم نووسەرە لە زۆربەی ژمارەکان بابەتی جۆراو جۆری بلاوکردۆتەوە .

لـە رۆژی مردنـی دەرگـای کەشـتی نـووحی داخـستووە تـاکوو ٥/٥ کـەس هەواڵی نەزانیووە تاکوو ئاگاداری پۆلیس کراوەتـەوە دەرگـای ماڵەکـەی ئـەم نووسەرە قەلەندەرە شکێندراوەو لاشەیەکی بیّ گیـان کـە پـشیلە کـەی لایـەك لـە دەمـوو چـاوی خـواردووە ، لـە نەخۆشـخانە کـاری پێویـستی بـۆ ئـەنجام دراوە و دوای مردنـی بـە ٢٠ سـاڵ ، واتـە لـە سـاڵی ١٩٨٢ بەرهـەمێکی بەناوی – شاعرەبەناوبانگەکان – بلاوکراوەتەوە .

١٩٦٢/٦/٥ کۆچی دوایی رووناکبیرو پەروەردەگارو تێکۆشـەری کـورد عەبدوللا عـەزیز هـەولێری ، لـە تەمـەنی ٥٨ سـالیدا لـە شـاری هـەولێر لـە هـەرێمی باشـووری کوردستان .

شـایانی باسـە ئـەم روونـاکبیرە نـاوی تـەواوی – عەبدوللاعـەزیز حەمـە رەحیمی – ئەردەلانیە و لە سالی ١٩٠٤ لـە شـاری هـەولێر چاوی بـە جیهان هەلهێناوە ... ئەم بنەماڵە لە سەردەمی باپیری لە شاری مەهاباد لـە هـەرێمی رۆژهەلاتی کوردستان رویان لە هەولێر کردووەو لێی نیشتە جیّ بوونە .

ئـەم روناکبیرە خوێنـدنی سەرەتایی و ناوەنـدی لەشـاری هـەولێرو کـەرکوك تـەواو کـردووە ، خوێنـدنی خانـەی مامۆسـتایانی لـە شـاری بەغـدا تـەواو کردووە ، لە سالی ١٩٥٤ بۆتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی وبە بەهۆی هەلوێستی کوردایەتی لەگەلّ مامۆستا رەفیق حلمی لـە عمـارە دامـەزراوە ... هـەر بـەم هۆیـە پەیوەنـدی تـەواویان هـەبووە بـەروناکبیروو نووسـەرە شۆرشگێرەکانی کورد لە کوردستان .

ئەم رووناکبیرە لەگەلّ دروست بوونی کۆمەڵەی خۆییبون بۆتە ئەندامی ئەم

کۆمەڵەیە ، دوای ئەوەی کە پارتی هیوا دامەزراوە لە ساڵی ١٩٣٩ بووەتە ئەندامی چالاکی ئەو پارتە ، لە سەر داوای مامۆستا رەفیق حلمی چووتە رووسیا لە پێناو پەیوەندی کردن بە کوردەکانی رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سووریا و پەیوەندی کردووە بە میرجەلادەت بەدرخان بۆ یەکخستنی خەباتی کوردایەتی

ئەم رووناکبیرە سێ بەرهەمی بە پێزی هەیە ، ئەویش ١- کارەساتی بارزان . ٢ - زەرەری جگەرەکێشان . ٣- دیوانێکی شعری نیشتیمانی ، ئەمەیان دەستنووسە وکتێبەکانی دیکەی چاپکران وبەردەوام بوو لەخەبات تاکوو مالئاویی لەگەل و نیشتیمان دەکات .

١٩٦٢/٦/٧ پارتی سوشیا لیستی یەکگرتووی ئەڵمانیای رۆژئاوا لە بڵاوکراوەیەکیدا نووسیویەتی:- ئەڵمانیای رۆژئاوا راهێنان بە کوردە ئاوارەکان دەکات لەسەر چەکی هەمە جۆر ، بۆ ئەوەی بکرێن لەپێناو رووخاندنی رژێمی عەبدولکەریم قاسم لە ئێراق.

١٩٦٢/٦/١٨ شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانی مامۆستا - ئەسیری - لە شاری کەرکوک کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێ دەنێژرێت ، کە ناوی راستی خۆی - عەبدولخالق سەید حوسێن- ـە هەر لەشاری کەرکوک لە باشووری کوردستان لەساڵی ١٨٩٥ لەدایک بووەو بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی کردووە لە شارەکەدا .

١٩٦٢/٧/١ وولاتی رواندا سەربەخۆیی خۆی بە جیابوونەوەی لە بەلژیکا راگەیاند و پۆستی سەرەك کۆمار لەلایەن تیرەی هۆتیەکان گرترا دەستەوە ، لەو کات بۆرەندی و رواندا یەك دەووڵەت بوون و لە

ئەنجامی کێشەو ململانێی نێوان هۆزەکان لێك جیابوونەوە ، لەهەمان کات بۆرەندی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بەهۆی کێشەو ململانێی نێوان هۆزەکانی تووتسی و هۆتۆ لەهەرێمەکەدا.

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – کمبالا –ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٤٦٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٨,٩٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٢٦٢,٣٣٨ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٨٨١ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، هۆتیەکان ٨٠٪ . تووتسیەکان ٢٠٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٢/٧/٥ وولاتی جەزائر سەربەخۆیی خۆی بەرزگار بوونی لە ژێر دەستی داگیر کەری فەرەنسا ڕاگەیاندو فەرەنساش بەفەرمی دانی بەسەربەخۆیی جەزائر نا ، بە کۆمای جەزائری دیموکراتی لەدوای جەنگێکی

خووێناوی کە زیاتر لە ١/٥ ملیۆن هاوولاتی جەزائر شەهید کران لە وولاتەکەدا .

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – جەزائر – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٣,٨٥٤,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣٣,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٢,١٨٣,٧٠٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٣٥ کەس لە یەك کیلۆ نەتر چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، عەرەبی بەر بەر ٩٩٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٢/٧/٩ هێزەکـانی سـووپای ڕژێمــی حکوومــەتی ئێـراق بــە هەڵــە سـنوورەکانی تورکیایان بۆردومان کرد لەجیاتی بۆردومان کردنی ناوچەکانی کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، ئەویش لە بنکەکانی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لە هەرێمەکەدا .

شـایانی باسـە درێـژایی سـنووری نێـوان ئێـراق و تورکیـا لەسـەر خـاکی بـاکوورو باشـووری کوردسـتانی دابەشـکراوو داگیرکـراوی نێـوان هـەردوو ڕژێمە شۆڤێنیەکەیە بەپێی جێ بەجێکراوی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤دا .

١٩٦٢/٧/١١ بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی جیهـان پەخـشی تەلـەفزیۆنی ئاسمـانی – سەتەلایت– کرا لە جیهان لە ڕێگەی مانگی دەستکرد .

١٩٦٢/٨/٥ هونەرمەنـدو رووناکبیرو ئەکتـەری نـاوداری سـینەمایی – مـارلین مـۆنرۆ– کۆچـی دوایـی کـرد ، بـەڵام ئێـستاش زەردخەنـەی سـیحراوی لـە مێـشکی ملیۆنەها کەس دایە.. شایانی باسە مارلین مۆنرۆ لە شۆقەکەی خۆیدا لە شاری لۆس ئەنجلۆس لە ئەمەریکا

بە مردوویی دۆزرایەوەو دوای پشکنینی پزیشکی دەرکەووت کە ژمارەیەك لەحەبی خواردبوو ، بە هۆی باری نالەباری دەروونی . کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی لە شوقەکەیدا .

١٩٦٢/٨/٦ وولاتی جامایکا سەربەخۆیی خـــۆی لـــەناو ڕایەڵـــەی کۆمەنوولـــسی بـــەریتانیا ڕاگەیانـدو سـەرۆکی پـارتی گەلی نیشتمانی – ئەسکەندەر پۆرستافت – پۆستی سەرۆك کۆمـاری وولاتەکـەی گرتـە دەســــتو پرۆگرامــــی سۆشیالیستی پەیرەو کرد ، لە پێناو بووژاندنەوەی هەمە لایەنەی وولاتەکە بەتایبەتی لەبواری ژێرخانی ئابووری و بازرگانی لە وولاتەکەیدا .

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – کینجسـتن – ی پایتـەخت بـوو کـەژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٦٦٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکەی ، ٢,٩٨٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١٠,٩٩٠هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چـڕی دانیـشتووانەکەی ، ٧٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەکانی ، ئەفریکی ٧٦٪ . ئەفرۆ ئەورووپی ١٥٪ . سپی پێست وچینی ٩٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٢/٨/٣١ وولاتـی ترینیـدادوتوباگۆ سەربەخۆیی خۆیان لەناو ڕایەڵـەی کۆمەنوولـسی بەریتانیا بەدەست هێنا ، بـەبڕیاری دەسـەڵاتی شانـشین ئـەلیزابتی شانـشینی بـەریتانیاو ئەنجوومـەنی لـۆرداتی بەریتانیا لـە وولاتەکـەدا . ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شاری – پۆرت ئۆف سبینی– پایتـەخت بـوو ، کە ژمـارەی دانیشتووانەکەی ٤٦,٧٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـەی ، ١,٣٧٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە . هـەروا ڕووبـەری خـاکی وولاتەکـەی ، ٥,١٢٨ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٦٩٠ کـەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ڕەش پێستەکان ٤٥٪ . هندی دوورگەی هندی ڕۆژهەڵات ٤٠٪ . تێکەڵاوەکان ١٥٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٢/٩/١١ ئاژانـسی تاسـی سـۆڤیەتی بـۆ یەکـەم جـار ڕایگەیانـد بـە چەسـپاندنی مووشـەکەکانی مامناوەنـدی بنکـە سـەربازیەکان لـە سـەر خـاکی کووبـا دژی ئەمەریکا لە وولاتەکەو کێشووەرەکەدا .

١٩٦٢/٩/٢٦ بـەرپابوونی کودەتـای سـەربازی لەلایـەن عـەلی عەبـدوڵڵا سـاڵح لـە وولاتـی یەمەن بەڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماریو هەڵووەشاندنەوەی ڕژێمی شانـشینی ،

بە سەرکردایەتی ئیمام بەدر ئەحمەدو بەرەو هەندەران هەڵات و بۆ ڕۆژی دوایی دەسەڵاتی میسر دانی بەو کودەتایە نا لە وڵاتەکەیدا .

١٩٦٢/١٠/٥ لە ئەنجامی هەڵبژاردن لە پارێزگای حەسەکەی وڵاتی سووریای دروستکراو لە سەر خاکی گەلانی وڵاتەکە ، بە تایبەتی خاکی کوردستان ١٥٠,٠٠٠ هەزار حێزانی کورد ناسنامەیان لێ وەرگیراوەو بە دانیشتووانی دەرەکیان ناوزەند کردن لە ڕۆژئاوای کوردستانی لکێنراو بە سووریا ، ئەویش بەپێی پەیمانی جێبەجێکراوی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ مۆرکراو لە لایەن هاوپەیمانانەوە .

١٩٦٢/١٠/٩ وڵاتی ئۆگەندا سەربەخۆیی خۆی لەناو ڕایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاندو- یملتۆن ئۆپریت- لە پارتی کۆنگرەی گەلی ئۆگەندا ، یەکەم پۆستی سەرەك وەزیرانی حکوومەتی ئۆگەندای گرتە دەست لە سەر وڵاتەکەدا .

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری - کەمبالا - ی پایتەخت بوو کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,١٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی ، ٢٣,١٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وڵاتەکەی ، ٢٣٥,٨٨٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٥٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، زیاتر لە پێنج هۆزو تیرەی نژادی تیا نیشتە جێیە لە وڵاتەکەدا .

١٩٦٢/١٠/١٠ هێزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان چەند تەکنیکارێکی بەریتانیان بەدیل گرت ، کە لە توێژینەوەی چاوگەکانی نەوت دەگەڕان لەخاکی هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق.

١٩٦٢/١٠/١٦ سـەرۆکی ئەمـەریکی جـۆن کەنـەدی ئاگـادار کـرا ، کـە یەکیـەتی سـۆڤیەت هەڵساوە بـە دامەزرانـدنی مووشـەکی ئـەتۆمی لـە سـەر خـاکی کووبـاو ئـەم کارەش بووە هۆی دورست بوونی کێشەی مووشەکی ئەتۆمی لە نێوانیاندا .

١٩٦٢/١٠/١٦ فەیلەسوفی دیاری زانست و ئەدەبی فەرەنسی و جیهان – گاستۆن باسلار – لـە شـاری پاریـسی پایتـەختی فەرەنـسا کۆچـی دوایـی کـردووە ... شـایانی باسکردنە کە باسلار لە ساڵی ١٨٨٤، لەخێزانێکی هـەژاری شاری پاریـسی پایتەختی فەرەنسا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... کە بـاوکی پینـەدۆز بـووە ... هەروا زۆر بەناخۆشی دەیتوانی گوزەرانی خێزانەکەی دابین بکات و بۆیە لە زویەکەوە گاستۆن لە فەرمانگەی پۆستە دادەمەزریٚ .
بـەڵام بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی خـۆی باسـلار تـوانی لەسـاڵی ١٩١٢ ، بەشـی بیرکـاری لـە زانکـۆی ئێـواران تـەواو بکـات ... کاتێـك کـە جـەنگی یەکـەمی جیهـان لەسـاڵی ١٩١٤ بـەرپا دەبـیٚ دەکرێـت بەسـەربازو ڕەوانـەی بـەرەکانی جەنگ دەکرێت .
هەروا لەساڵی ١٩٢٠ مۆڵەت یسانس لە فەلسەفە بەدەست دێنیٚ ... لەساڵی ١٩٢٢ بەشی کیمیا دەخوێنیٚ ، پلەی دکتۆرا بەدەست دێنیٚ لەساڵی ١٩٢٧ ، دوای ئـەوە لەسـاڵی ١٩٤٠ لـە زانکـۆی دیگـۆڵ لـە شـاری پـاریس وانـە دەڵێتەوە ، دوای ئەوەش لـە سـاڵی ١٩٥٤ وەك یـەك لـە مامۆسـتا دیارەکـانی فەلسەفە لەزانکۆی – سۆربۆن – درێژە بەوێنـە دەدات ... دوای ئـەوە بەهـۆی زیرەکی دەبێتە ئەندامی ئەکادیمیای زانستی ئاکاری و رامیاریـەکان ... ئـەم فەیلەسـوفە چـەندین بەرهـەمی بـەپێزو بەرچـاو لـە ژیانیـدا دەنووسـیٚ و بڵاودەکاتەوە وەك:–
عـەقلی زانـستی لەسـاڵی ١٩٣٤ . ٢ – پێکهـاتنی عـەقلی زانـستی لەسـاڵی ١٩٣٨ . ٣ – مادیـــەتی عـــەقلانی لەســـاڵی ١٩٥٣. ٤ – شـــێکردنەوەی دەروونی بۆ ئاگرلە ساڵی ١٩٣٧. چەندین بەرهـەمی بەبـەهاو بـەنرخی دیکـە لەژیانیدا.

١٩٦٢/١٠/١٨ فرۆکـە سـیخوریەکانی ئەمـەریکا وێنـەی دامەزرانـدنی ئـەم مووشـەکانەی سۆڤیەتی بە وێنە وەرگرت ، کە لە سەرخاکی کووبا دامەزرا وەك ئەوانەی کە

لەسەرخاكی سۆڤیەت بوون

١٩٦٢/١٠/٢٢ سەرۆكی ئەمەریكا جۆن كەنەدی فەرمانیدا بە چاودێری كردنی دەریایی توونـد لەســەر دوورگــەی كووبـا ، ئــەویش بــە قەدەخــەكردنی كەشــتیە جەنگیەكانی سۆڤیەت ، بە گەیاندنی پێداویستییەكانی جەنگ‌و مووشەك بۆ كووبا ، لە هەمان كات هەڕەشەی سەربازی كردە سەر سۆڤیەت‌و بووە هۆی كشاندنەوەی زانـاو مووشـەكەكان لـەكووباو دوور كەووتنـەوەیان لەشــەڕی سێیەمی جیهانیدا .

١٩٦٢/١١/١٤ وولاتی ئەریتریا بووە بەشێك لە ئەسیووبیا ، ئەویش لـە دوای سێ سالٚ لـە تێكۆشان‌و خەباتی بێووچانی گەلانی ئەسیوبیا كە زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ هـەزار هــاوولاتی كــووژران ، لــە ئاكــامی شــەڕی دژواری نێــوان هــۆزو تــیرە دەسـەلاتدارەكان تـاكوو ئیمپراتـۆر هیلاسیلاسـی لـە دەسـەلات لابـرا لەلایـەن بەرەی ڕزگاری گەلانی ئەریتریا و ئەسیووبیا.

١٩٦٢/١١/١٨ شاعرو رووناكبیری نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و چینی چەوساوە لـە باشووری كوردستان مامۆستا-گۆران-كۆچی دوایی كرد.
جێگەی باسكردنە كە مامۆستا گۆران ناوی تەواوی – عەبدوللا بەگ سلێان بەگ عەبدوللا بەگ – ەو نازنــاوی شــاعیری – عەبـدوللا گـۆران – ە یـاخوود گــۆران . ئــەم شــاعیرە لــە شارۆچكەی هەلەبجەی شەهید لە سالی ١٩٠٥ چاوی بە جیهان هەلٚهێناوە ، بنە مالەكەی لە بەگزادەی میران بەگن ، لـە ناوچـەی مەریوان لـە رۆژهـەلاتی كوردسـتان و عینایـەتوولا بـەگی ئـەمانوولا بـەگیان بـە خـۆیی و خێزانەكـەی روو لـە شـاری سـلێمانی لـە باشـووری كوردسـتان دەكـەن و لـە دەڤـەری قـەرەداخ نبـشتەجێ دەبـن لـە ناوچەكەدا

له دوای ئەوه مامۆستا گۆران له لای باوکی دەست به خوویندن دەکات به خوویندنی قرئان و نامیلکەکانی ئاینی . دوای ئەوه له مزگەووتی پاشای هەلەبجه دەبێته فەقێ و تەنانەت ماوەیەکیش به – فەقێ عەبدوللا – ناسراوه له شارۆچکەکەو شارەکاندا .

له دوای مردنی باوکی له ساڵی ۱۹۱۹ واز له خوویندن دێنێ و له نێوان ساڵەکانی ۱۹۲۲– ۱۹۲۵ کار دەکات له پێناو دابین کردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەیدا .

دوای ئەوه مامۆستا گۆران بۆ یەکەم جار له ساڵی ۱۹۲۵ به مامۆستای قوتابخانەی هەلەبجه دادەمەزرێت و له ساڵی ۱۹۳۷ له قوتابخانەکانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوه ، دوای ئەوه راژەکەی ئەگوازێتەوه بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوه له بەشی رێگاو بان وتا دەستگیر کردنی بۆ یەکەم جار له ساڵی ۱۹۵۱ دا ، دوای ئەوه له بەندیخانه ئازاد دەکرێ و له ساڵی ۱۹۵۲ دەگەرێتەوه بۆ شاری سلێمانی و دەبێته بەرپرسی رۆژنامەی – ژین – تا مانگی /۹/ ۱۹۵٤ . له شاری سلێمانیدا.

هەروا له ۱۹۵٤/۱/۱۷ دووباره له لایەن دەسەلأتدارانی رژێم دەستگیر دەکرێت تا له ۱۹۵٦/۹/۱۲ ئازاد دەکرێ . دوای ئەوه بۆ جاری سێیەم له ۱۹۵٦/۱۱/۱۷ دادگای عوورفی له شاری کەرکوك بریاری زیندانی دەدات و تا ۱۹۵۸/۸/۱ و ئازاد دەکرێ .

دوای ئەوه له ساڵی ۱۹۵۹ سەرپەرشتی گۆڤاری – شەفەق – دەکات به ناوی – بەیان – دەری دەکات تا ساڵی ۱۹٦۰ ، دوای ئەوه له ناوەراستی ساڵی ۱۹٦۰ روو له شاری بەغدا دەکات و دەبێته وانه بێژ له بەشی کوردی له کۆلیژی ئاداب له زانکۆی بەغدا . هەروا به ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی ئازادی . له ساڵی ۱۹٦۲ تووشی نەخۆشی گەدە دەبێ و نەشتەرگەری بۆ دەکرێ . دوای ئەوه دەگەرێتەوه شاری سلێمانی و له ۱۱/۱۸ ماڵئاوایی له گەل و نیشتیمانەکەی دەکات له شارەکەدا .

۱۹٦۲/۱۲/۱٤ دەرچوونی بریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوه یەکگرتووەکان به ژمارە/۱۸۰۳ بەسەربەخۆیی سامانه سروشتیەکان و راگەیاندنی سەربەخۆیی داهاتوی گەلان و مسۆگەری جێبەجێکردنی مافه ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری له وولأتانی جیهان .

۱۹٦۲/۱۲/۲۰ رۆژنامەی – سەندی تەلگراف– نووسیوویەتی:– گرنگترین گیروگرفتی

کوردەکان کێشەو ناکۆکی ناوخۆیانەو بۆتە گەورەترین کۆسپ لە پێش پێك هێنانی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم.

١٩٦٢/١٢/٢٠ رۆژنامەی – سەندەیی تەلەگراف – لە بابەتێکدا بلاوی کردۆتەوەو دەلیٚ :– گرنگترین گیروگرفتی کوردەکان کێشەو ململانیٚ و ناکۆکی ناوخۆیانەو بووەنە کۆسپی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لە کوردستان .

جا من نامەویٚ زۆر بچمە ناو نووسینەکە لە بەر ئەوەی وەك رۆژنامەکە ئاماژەی پێکردووە راستە ، لە سەرەتای بوونی دەسەلاتی کوردی بگرە لەگوندو ناوچەو هەرێم بەبنەماڵەو کەسان و ئیمارات و دەسەلاتی هەرێمی . بە تایبەتی لە دوای راپەرینەکەی بەهاری /١٩٩١ کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان – نەوشیروان مستەفا – دەلیٚ :– ئێستاکە بەو رابردووەدا دەچمەوە کە پێموایە ئێمە دەبوایە – سەرکردایەتی یەکیەتی – هەڵوێستی دیکەمان هەبوایە سەرەرای هەموو دوژمنایەتی و ناکۆکیەکانمان – مەلا مستەفا – بەگەورەترین سەرکردەی کورد دانەنرا لەو رۆژەدا لە جیاتی ئەوەی هێرشی بکەینە سەر , پەیمانی پرسەو سەرەخۆشیمان بۆ بنەماڵەی بارزانی و ئەندام و لایەنگرانی بناردایە , ئەگەر چی بەدنگیشمانەوە نەدەهاتن .

بەلام ئەوەمان بکردایەتە بۆنەیەك و داوایان لیٚ بکەین کە لاپەرەیەکی تازە بۆ یەکیەتی و پارتی بکەونەوەو بانگیان بکەین بۆ ئاشت بووەنەوەی نەتەوەیی , بەلام نەمانکرد . چونکە لە ژێر کاریگەری رووداوەکانی هەکاریدا – کاس و تاسا – بووین وبیرمان لە هیچ نەدەکردەوە – تۆڵە – نەبیٚ ، لە ناو ئێمەشدا هەبوو ئەم مردنەیان بە – تۆڵەی خودای – دادەنا .

ئەمەیە راستی کە سەرکردایەتی کورد لە سەرتای بوونیەوە تاکوو کۆتایی

تـەواو بـوونی ئـەم مێژوونامەیـە ، هـەموو کـات بیریـان لەتۆڵـە وەرگرتنـەوە کردووە بەنهێنی گەر بە ئاشکرا بارو دۆخیان بۆ نەگونجابێت ، بە تایبەتی لە بوارەکانی رامیاری و ئابووری و دەسەڵات و سامان بە خۆزاڵکردن یەکیان بەرامبـەر ئەویدیکـە و بـیرو بۆچـوونە بـێ تواناکـانیش خراونەتـە پـشت و بوارێکی رووخاو بە هیچیان دانەناون تەنیا بەپێی بەرژەوەندیەکانیان نەبێت .

١٩٦٣

١٩٦٣/١/١٢ بـە هـۆی بـارودۆخی نـا لـە بـاری گـەلانی ئێـراق ، بـە تایبـەتی گـەلی کـوردو لێـك ترازانـــی پەیوەنـــدی نەتـــەوەیی و کۆمەڵایـــەتی و نـــەمانی بـــڕوا بـــەباری رامیـــاری و دەرکـــەوتنی هەڵوویـــستی جۆراوجـــۆر ، ئـەوە بـوو کۆمـەڵێك چـەکدار لەپێـشمەرگەکانی شۆڕشـی ئـەیلول کـە ئـەو کاتـە پێیـان دەگـووتن کۆمەڵـە ، بەدەسـت کـــێش و بەهانـــدان و پـــشتیووانی هەنـــدێ لـــەخزمی نـــا لـــەبارو نەخۆشەوویـستەکانی پـەلاماری سـەرەك عەشـیرەتی سـیان - هـادی ئاغـا ئەحمـەد ئاغـا - درا لـە مەڵبەنـدی عەشـیرەتەکە، کـە گونـدی سـەر بەشـاخی ناوچەی کەندیناوەی سەربە ناحیەی دیبەگەی پارێزگای هەولێر لـە هـەرێمی باشووری کوردستاندا.

ئـەویش لـە ئـەنجامی شـەڕێکی کـوورت و بـە بریـندار کردنـی پێـشمەرگەو دوایـی سـووتاندنی ماڵەکـەی هـادی ئاغـا و لـە ئاکـام خـۆی بـە دەسـتەوەدا ، دوای ئەوە بەرەو چیاکانی ماکۆك و کارۆخی ناوچەی بێتواتەیان برد .

لەو کاتیشدا مستەفا بارزانی لە نزیك گوندی بێتواتە بوو ، هـەروا دوو جـار چـاوی کـەووت بـە هـادی ئاغـاو لـەئاکامی گفتۆگـۆی نێوانیـان لـەبارەی

گرتنی و باری ناوچەکە ، دوای ئەوە بارزانی ماوەی بەهادی ئاغا دا بەئازاد کردنی و بەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی..؟! ... بەڵام لێرەدا لە ١٩٦٣/٢/٥ لە دەوورووبەری گوندی بێتواتەی سەربەقەزای رانیەی پارێزگای سلێمانی ، گیانیان پێ لە دەستدا.

شایانی باسە لە دوای ئەوە ئەو کارە ئەنجام درا لە لایەن خزمانی عەشیرەتەکە ، کە ئەوان بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن . نەك چەکدارانی شۆڕشی ئەیلول ، چونکە ئەو راپۆرت و مشتوو مڕە بە هۆی دژایەتی کردنی ئەو کەسایەتییە بووە ، نەك لە بەر ئەوەی هادی ئاغا دژی شۆڕشی ئەیلول بوو بێت و بە پێچەوانە ، گەر ئەم کەسایەتییە لەژیان بمابایە باری ناوچەی کەندێناوە دوور نەبوو بەو ئەنجامە نەدەگەیشت لە هەرێمەکەدا .

بەڵام ناو و ناتۆرەو وتەی ناشیرین بەناوی هادی ئاغا ئەنجامەکەی بووە هۆی سەر لێشووانی عەشیرەتەکەو لێك ترازان و شەرمەزاری و تاکو ئێستاش ئەم کێشەو شەرمەزاریە بەردەوامەلە ناو عەشیرەتەکەدا .

عەشیرەتی سیان لەپارێزگای هەولێر دانیشتووانی زیاتر لە – ٢٧- گوندی تەواوی عەشیرەتەکەیە ، جگە لە دانیشتووانەکانی شاری هەولێرو کەرکوك وشارو شارۆچکەکانی وەك مەخمورو دیبەگەو قووشتەپەودوبز ، جگە لەقەزای کۆیەو رانیەو قەلادزێ ...هەروا لە رۆژئاوای کوردستانی لیکێندراو بە سووریاو رۆژهەڵاتی ژێر دەسەڵاتی رژێمی فارس لە ئێران .

شایانی باسە ئاوەدان کردنەوەی گوندی سەربەشاخ بەر لە-٣٠٠- ساڵ زیاترەو بەر لەویش دانیشتووی گوندی پونگینەی نزیکی بووە .. ئەو گوندە ئێستا – ٢٧- بیری نەوتی بەرهەم هێنەری تیایەو رووبەری خاکی گوندەکە نزیکەی- ١٢- هەزار دۆنم زەویە... دوای ئەوە رژێمی بەعس لە ئێراق ئەو گوندەی لەساڵی ١٩٧٥ بەچەند رۆژێك پێش شکستی شۆڕشی ئەیلول راگوێزراوە بۆ شاری هەولێرو دەورووبەری .

جێگەی باسکردنە کە هادی ئاغا ئەحمەد ئاغا بەهۆی ئازایەتی عەشیرەتەکەو لێهاتووی کەسایەتیەکەی هیچ هۆزو کەسایەتیەك لە پارێزگای هەولێرو کەرکووك نەیاتوانیە شان لەشانی ئەو کەسایەتیە بدن ،

بەهۆی ئازایەتی وبالادەستی لە ناوچەکەو ڕێزی تایبەتمەندیو بالای هەبووە لەنێوو کەسایەتی داموو دەزگاکانی ڕژێمی شانشین لە ئێراق ، هەروا لە دوای شۆڕشی – ١٤– تموزیش لە ئێراقدا .

بەلام بارودۆخی نوێی ئێراق کاردانەوەی نالەباری کردەسەر هەلوێستەکانی ، ئەویش بەهۆی نەمانی بڕوا بەبارو دۆخە لە بارچووەکەدا .

شایانی باسە تەرمی ئەو کەسایەتیە لە١٩٩٠/٧/٢٨ هێنرایەوە گوندی سەربەشاخ و گۆرەکەی لەگۆرستانی گوندەکەیەو زیاتر لە – ٥٠٠– ئۆتۆمبێل بەشداری ڕێورەسمی بەخاك سپاردنی هادی ئاغای کرد لە هەموو چینو توێژو سەرەك عەشیرەتو کەسایەتی لە پارێزگای هەولێردا..

١٩٦٣/٢/٨ بیرۆی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان بروسکەیەکی ئاراستەی بارزانی مستەفا کرد ، کە تیایدا هاتووە .

لەو بڕوایەداین کە دەرفەت بە تەواوی لە بارە بۆ لێدانی دووژمن ، پێش ئەوەی شووێن پێی خۆی قایم بکات ...پێوویستە ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی شۆڕشەکەمان و ئامانجەکانی گەلی ئێراق بەگشتی و گەلی کوردستان لە باشووری کوردستانبەتایبەتی ، لە دوای کودەتایەکە لەلایەن بەعسیەکان لە ئێراقدا .

١٩٦٣/٢/٨ ئەنجامدانی کودەتا بەدناوەکەی سەربازە بەعسیەکان دژی ڕژێمی کۆماری بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم

لە ئەنجام سەرکەووتنو بووە هۆکارێکی ترسناك بەرەو لێك ترازانی باری پێك هاتەکان لە گەلانی ئێراقو پەیوەندی

کۆمەلایـەتیو ڕامیـاریو ئـابووری ، بەتایبـەت نەتـەوەی کـوردو خـاکی کوردستانو بە سەرەتای دەست پێکردنی تەواوی بەعەرەبکردنو گۆڕینی دیمووگرافیـای جـووگرافی خـاکی کوردسـتان ، کـە بەڕاگوواسـتنی کـوردو جێگە گرتنەوەیان بەعەرەبی هاوردە ، لە ناوچەکانی دیکەی ئێراقو گەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی کورد لە کوردستان .

کە ئەویش کەوتە بەر شالاوی ئاگرو ئاسنو کووشتنو لە سێدارەدانو گوللە باران کـردن ، لەلایـەن ئـەو ڕژێمـە بەعـسیە شـۆڤێنیە بەرچـاو تەنگـە بـە بەرزکردنەوەی دورشمی – امة عربیة واحدة ذات رسالة خالدة – – وحدة – حریة اشتراکیة – ئەمە لە شێوازدا

بەڵام لە ناوەرۆك بە پێچەوانە بوو لە هەموو بوارە جیاجیاکان . بەتایبەتی لـە بـواری نەتـەوەییو نیشتمانی تـاکوو رووخانـدنی ئـەو رژێمـە بۆگەنـە لـە ٢٠٠٣/٤/٩ لەپرۆسـەیەکی ئـازادکردن لەلایـەن ئەمـەریکا و هاوپـەیمانان لـە ناوچەکەو جیهاندا .

١٩٦٣/٢/١٠ سـەرکردایەتی پارتی دیمـوکراتی کوردســتان لــە بروســکەیەکدا پیرۆزبـــایی بەســـەرکەووتنی کودەتاکـــە کـــردو داوای لـــە حکوومـەت کـرد کـە دان بـە مـافی ئۆتۆنـۆمی بـۆ کـورد بنێـت و شـــاندێکی فـــەرمی بـــۆ گفتووگۆکردن لەگەڵیاندا بنێرێتە شاری بەغدا .

جێگەی ئامـاژە پێکردنە کە دوو ڕۆژ دوای کودەتاکە – سالح یۆسفی – بە نـاوی بیرۆکـەی رامیـاری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و شۆرشـی کـورد بروسـکەیەکی ئاراسـتەی سـەرکردایەتی رژێمـی نـوێ لـە ئێـراق کـرد لـە هەرێمەکەدا .

گـەر بـەراوردێکی ئـەو دوو بـۆ چوونەی بەعـسیەکان و پـارتی دیمـوکراتی

کوردسـتان بکـەین ، زۆر بـە سـاکارانە لـەوە دەگـەین کـە بەعـسیەکان چـەند شـارەزاییانەو بـە پـلان بـۆ کارەکـانی خۆیـان لـە چـوونە سـەر دەسـەلآت جوولاونەتـەوەو پارتیـان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بـەکار هێنـاوە بـە بـێ بـە دەستەوەدانی تەنیا یەك بەلگەش .

پـارتیش چـەند بـڕوای بـە بـەڵنێکی دەمـی بەعـسیەکان کـردووەو هـەموو توانایەکی خۆی تەرخان کرد بوو بۆ سەرکەوتنی بەعسیە کودەتاچیەکان لە ئێراق . ئەمەش بە بەراورد کردن لە گەڵ رۆژانی ٢/١٣ی هەمان ساڵدا .

١٩٦٣/٢/١٣ نوێنـەری کـورد لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان جـەلال تاڵـەبانی بـەرەو قـاهیرەی پایتـەختی میسر بەرێکـەوت و چـاوی کـەوت بـە سـەرۆك کۆمـاری میـسر – جـەمال عەبدولناسر – لەو گەشتە ئەو راسـتیە بـۆ نوێنـەری کـورد دەرکەوت کە ئەویش درۆزانی و دووروویـی بەعـسیەکان بـوو لە ئێراق بەرامبەر بەگەلی کورد و کێشە رەواکەیدا .

دوای گەرانـەوەی جـەلال تاڵـەبانی لـە قـاهیرە بەکۆمـەڵێك بـیروڕای باشـی جـەمال عەبدولناسـر بەرامبـەر بەکوردو لـە کۆرێکی رۆژنامەوانیدا تاڵـەبانی ئەوەی ئاشکرا کرد ، کـە بـەعس و عەبدولسـەلام هـیچ نیازێکی چارەسـەری کێشەی کوردیان نیە . چونکە کاتێك لە سەرەتای ١٩٦٣ دا ئێراق و سووریا و میـسر گفتووگۆیـان بـۆ یەکیـەتی عـەرەب دەسـت پێکـرد ، لەلایەکـەوە بیانوویـان بـۆ جێبـەجێ نـەکردنی پـرۆژەی داخـوازی کـورد دەگێڕایـەوە بـۆ بارودۆخی کۆبوونەوەی قاهیرەو وەرگـرتنی رەزامەنـدی میسرو . سووریاش لەلایـەکی دیکـەوە ... کاتێـك جـەمال عەبدولناسـر داوای بەشـداری کردنـی نوێنـەری کوردی دەکـرد لـە کۆبوونـەوە سـێ قۆڵیەکـە ... ئێراق دژی ئەو بۆ

چوونه وەستاو کێشەی کوردیان بەمەسەلەیەکی تایبەت بەنێوخۆی ئێراق باس کرد ...!..؟.

١٩٦٣/٢/١٩ بەرێزان جەلال تاڵەبانی و ساڵح یوسفی بە نووێنەرایەتی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان سەردانی شاری بەغدایان کرد ، لە پێناو گفتووگۆ کردن لەگەڵ رژێمی بەعسی نوێ داو چاویان کەووت بەسەرەك وەزیرانی رژێمی بەعس – تاهیر یەحیا – لەپێناو چارەسەری کێشەی مافەکانی کورد لە باشووری کوردستان ، بەڵام سەردانەکەیان بێ سوود بوولە گەڵیان لە دوای گەرانەوەیان بۆ باشووری کوردستان .

١٩٦٣/٢/٢٢ ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان جەلال تاڵەبانی و فوئاد عارف بەنووێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ شاندی فەرمی حکوومەتی بەعسی نوێ لە ئێراق بە سەرۆکایەتی عەلی سالح ئەلسەعدی سەردانی شاری قاهیرەی پایتەختی میسریان کرد بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و هاوکات بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلە بۆ وتووێژکردن لەگەڵ سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسردا .

ئەویش لەباری یەکێتی سێ قۆڵی عەرەبییەوە ، لەو سەردانەدا جەلال تاڵەبانی و فوئاد عارف چاویان بە سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر کەوت بە ئامادە بوونی عەلی سەبری سەرەك وەزیرانی میسر .

داوایان لێکردن کە بەڵێن لە حکوومەتی نوێی ئێراق وەربگرێت بەبەردەوامی ئاشتی و داخوازیەکانی کورد جێ بەجێ بکاتلە باشووری کوردستان .

سەرۆکی میسر دژایەتیکردنی خۆی بۆ هەرچەشنە نیازو داخوازیەکی جووداخوازی پێ ڕاگەیاندن و پشتیووانی خۆی بۆ مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێووەی ئۆتۆنۆمیدا دەربڕی و ئامۆژگاری هەردوولایەنی کرد ، کە ڕێگاچارەی ئاشتیانە بگرنە بەر بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان ...بەلام ...!...!.

١٩٦٣/٢/٢٤ لە کاتی گفتووگۆی نێوان میسرو سووریا وئێراق لە پێناو مۆرکردنی پەیمانی وەحدەی عەرەبی ... سەرك كۆماری میسر جەمال عەبدولناسر چاوی کەوت بەشاندێکی کوردی بەسەرۆکایەتی فوئاد عارف کە ماوەی چاوپێکەوتنەکە کاتژمێرێك و نیووی خایاند .

لە کاتی گفتووگۆی نێوانیان جەمال عەبدولناسر گوێی لە داواکاریەکانی شاندی کورد گرت لە سەر چارەسەری کێشەی کورد کە هەندێ هەلوێستی نادیار لەو گفتووگۆیە بەدی دەکرا ... دوای ئەوە سەرۆکی میسر هەلوێستی خۆی بەرامبەر بەکێشەو چارەسەری مافی کورد لە یەکێ لە وتارەکانی دیاریکرد .

ئەویش لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی – لۆمۆندی – فەرەنسی و گووتی :– کورد گەلێکی برانە بۆ عەرەب و ماق خۆیان پێدراوە بە مافی ئۆتۆنۆمی و ڕەزامەندی لە سەر چارەی کێشەی کورد کرد لە ئێراق و چارەسەرێکی گونجاو وەك چۆن لە وولاتانی سۆشیالیستی چارەی کێشەی نەتەوایەتی کراوەو هەتا بە مافی سەربەخۆیی لە چوارچێووەی سنووری ئێراق بەڕاەزامەندی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عەرەب بە هاوکاری کردنی یەکتری دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و کۆنەپەرستی و داوای هاوکاری و یارمەتی پتەوی برایانەی لە نێوان کوردو عەرەبی کرد لە ناوچەکەدا .

ئەم چاوپێکەوتنەش کاردانەوەی کاریگەری کردە سەر هەردوو ڕژێمی

شایانەی ئێرا ن و تورکیا ... بەو هۆکارە رۆژنامەی – حریت – ی تورکی لە ١٩٦٣/٤/٢٤ ، نارەزایی خۆی بەرامبەر بەهەڵوێستی سەرەك كۆماری میسر عەبدولناسر دەربری و لەوە ترسان كە كێشەی كورد لەناوخۆی ئێراق بچێتە دەرەوەو لایەنی نێوو دەوڵەتی وربگرێت .

هەروا ئێرانیش بە هەمان شێووە نارەزایی خۆی راگەیاندو مەترسی گەیشتە دەسەلاتەكیانیان كە ئەو دوو رژێم و رژێمەكانی دیكەی كورد و خاكی كوردستانیان پێ لكێندراوە ، درێخیان نەكردووە لەرامیاریەتی رەشكردنەوەی كوردو بەكارهێنانی رامیاریەتی جینوسايد بەرامبەر بە گەلی كوردستان .

تێبینی :– تاكایە گەر وێنەكان لە گەڵ هەنێ مێژوو دانەنراوە بەلام لە جێگەی دیكە وێنەكان دانراون و بۆ ئەوەی وێنەكان دووبارە نەبێتەوە . لە بەر ئەوەی لە ناوڕۆكی بەرگەكانی وێنەكان دانراوەن .

١٩٦٣/٢/٢٤ لە دوای سەركەوتنی كودەتای بەعسیەكان ، ئەویش بە دەستگیر كردنی سكرتێری پارتی كۆمۆنیستی ئێراق سەلام عادل لە لایەن ڕژێمی بەعسی لە ئێراق لە سێدارە درا.

جێگەی باسكردنە كە ناوی تەواوی سەلام عادل – حوسێن ئەحمەد رەزا – یە و لە ساڵی ١٩٢٤ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . هەروا لە ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە پارتی كۆمۆنیستی ئێراق كردووە و پلە بە پلە بەرز بۆتەوە تا بۆتە سكرتێری گشتی پارتەكە لە ئێراق .

١٩٦٣/٢/٢٥	لە کاتی سەردانەکەی جەلال تاڵەبانی و شاندە یاوەرەکەی لە میسر چاوی بە سەرۆکی جەزائیر ئەحمەد بن بلە کەوت ، بۆچوونەکانی ئەمیش لە چوارچێوە گشتیەکەی بۆچونەکانی جەمال عەبدولناسر بوو . بەداخەوە کاری شاندەکە شتێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە کە شایانی باسکردن بێت . بەهۆی بیروبۆچون و هەڵوێستی شۆڤینانەو بەرچاوتەنگی عەرەب
١٩٦٣/٢/٢٨	لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە شاری قەلادزێ مستەفا بارزانی رایگەیاند ، کە رەزامەندی لە سەر چوونی جەلال تاڵەبانی نەکردووە بۆ سەردانی شاری قاهرەی پایتەختی میسر ، لە هەمان کات ئەوەشی راگەیاند . گەر رژێمی بەعسی نوێ مافی کورد جێ بەجێ نەکات ئەوا سەربەخۆی کوردستان رادەگەیەنین لە هەرێمەکەدا.
١٩٦٣/٣/١	ڕژێمی بەعسی نوێ لە ئێراق لە ژێر گوشاری هەرەشەی سەرکردایەتی کورد دا بە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ ، لە ڕاگەیاندنێکی بڵاوی کردەوە کە تیایدا هاتبوو، ...وەکوو دانپێدانانێك بە پەیوەندیەکانی برایەتی و هاورێیەتی لە نێوان کوردو عەرەب ، ئەوا شۆڕشی رەمەزان سوورە لە سەر نەهێشتنی هەموو پاشماوەی یەکی حکوومەتی قاسمی گۆڕبەگۆڕ ، بە بەڵێندانی بەدابینکردنی مافەکانی کورد ، بەڵام هەڵوویستی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەوە توندتر بووە...لەبەرامبەر دا بارزانی داوای جێ بەجێکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کردو مۆڵەتی سێ ڕۆژی بە حکوومەتی ئێراقدا . گەر نا شۆڕش دەست پێدەکاتەوە لە هەرێمەکەدا.
١٩٦٣/٣/٤	شاندێکی ڕژێمی بەعسی نوێی لە ئێراق بەسەرکردایەتی تاهیر یەحیا سەردانی مستەفا بارزانی کرد ، لە گوندی کانیماران بۆ ماوەی سێ کاتژمێر ، کە مستەفا بارزانی

ڕاپۆرتێکی لەبارەی مافی گەلی کورد لە باشووری کوردستان پێشکەش بە شاندەکە کرد ، لەپێناو جێبەجێکردنیدا ... بەڵام بەعس مافی نەك نەتەوەو خاك پێشێڵ دەکات بەڵکوو مافی مرۆڤو هەتا ئاژەلیشی پێشێل دەکرد لە ئێراق و ناوچەکەدا .

١٩٦٣/٣/٦ وەزیری دەرەوەی ئێراق تالب موسی شبیب لە بارەی داخوازیەکانی کوردەوە تیشك دەخاتە سەر ئەو بوارەو کاتێك گووتی:- ئەو داخوازیانەی بارزانی بەلای ئێمەوە بیانووگرتنە بۆ ڕێگەگرتن لە ئاشتی وجێگەی شك و گوومانیشە لە بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ، کە نایانەوێ یەکێتی ئێراق و نەتەوەی عەرەب بپارێزن .

ئەمەش دوای چەندین گفتووگۆ لە ئێراق ولە قاهیرەی پایتەختی میسر ، بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی ڕژێمی بەعس نوێ بووە لە ئێراق بە هاوکاری و هاوئاهەنگی وولاّتانی عەرەب و وەستان دژی مافەکانی گەلی کوردستان.

١٩٦٣/٣/٨ بەرپابوونی کودەتای سەربازی بەعسیەکان لە وولاّتی سووریا بە هەمان شێووەو شێووازو ناوەرۆکی کودەتای سەربازی بەعسیەکان لە ئێراق ، کە هەردوو پارتی بەعسی عەرەبی سووری و ئێراقی گورگ و لە پێستی مەڕدا دەخوولێنەوە و دژی گەلانی وولاّتەکانیان بوون ، بە تایبەتی گەلی کورد و خاکی کوردستان .

شایانی باسە کە خاکی داگیر کراوی ژێر دەسەلاّتی ڕژێمی سووریا ١٨,٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەو ، هەروا خاکی داگیر کراوی ژێر دەسەلاّتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ٨٤,٠٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە ، هەروا ئێشتا زیاتر لە ٩,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن کورد لە سەر خاکی ڕۆژئاواو باشووری کوردستاندا نیشتەجێن و هەروا بە سەدا ساڵ بەر لە مێژووی زایینیدا .

١٩٦٣/٣/٩ لە ڕاگەیاندنێکی سەرکردایەتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق دانینا بە مافی دەسەلاّتی لامەرکەزی بۆ کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، ئەویش بەچارەسەر کردنی کێشەکە بەپێی ئارەزوو بیروو بۆچوون و هەلووێستی شۆڤێنیانەی خۆیان لە شێووازو لەناوەرۆکدا ، کە

وەڵامدانەوەیەکی دیکەیان هەبوو بەرامبەر بە ڕەشکردنەوەی ناسنامەی کوردو خاکی کوردستان .

١٩٦٣/٣/٩ سەرکردایەتی ڕژێمی بەعسی نوێ لە ئێراق لەڕاگەیاندنێکدا یەك لایەنە دانی بە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی پڕۆژەی نا ناوەندیەتیداو بە ناوی -یاسای پارێزگاکاندا- بڵاوکردەوە .

ئەو پڕۆژەیە جگە لە باسکردنی نیووەچڵی چەند مافێکی کارگێڕی و زمانەوانی زیاتر نەبووە ، بەڵکوو لانی کەم داخوازیەکانی گەلی کوردی تێدا ڕەچاو نەکرابوو لە هەرێمەکەدا .

١٩٦٣/٣/١٦ حکوومەتی نوێی کودەتای بەعسیەکان لە چوارچێووەی ڕاگەیاندنی بەرنامەی خۆیدا بەڵێنی دا ، کە دۆزی کورد لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستاندا بە ئاشتیانە و لە ڕێگای گفتووگۆوە چارەسەر بکات لە ئێراقدا.

١٩٦٣/٣/١٨ شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و بە ئەندامیەتی سالح یوسفی و لوقمان بارزانی گەیشتنە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، لە دوای گەیشتنیان زنجیرەك کۆبوونەوەو وتووێژیان ئەنجامدا .

لە گەڵ گەوورە بەرپرسانی حکوومەت و حزبیدا ، وەك ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك وەزیران و تاهر یەحیا و عەلی سالح ئەلسەعدی و حازم جەواد و تالب شبیب و سالح مەهدی عەماش و حەردان تکریتی گفتوگۆکان بەڕێووەچوو لە نێوانیاندا لە شاری بەغدا.

ئەویش وایان دەزانی کە شاندەکە تەنیا بۆ پیرۆزباییە ، شاندی کوردی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمیان ئاراستەی سەرکردایەتی نوێی کودەتاکەران کرد ، ئەوانیش ئەوان پرۆژەکەیان پەسند نەکرد و داوایان لە شاندەکە کرد ، کە داخوازیەکانیان دوابخەن ، بە بیانووی ئەوەی کە کاری گرنگتریان لەبەردەست دایە ، کارەکەش هەنگاونان بوو بۆ سەرخستنی پرۆژەی یەکێتی نەتەوەی عەرەب ، کە بەسێ قۆلی لە نێوان ئێراق و سووریا و میسر دەست پێ دەکات .

شایانی باسه لەم بارەیەوە دیڤید ماکداول دەڵێت :-

بۆخوودی ڕژێم له کۆدا ئۆتۆنۆمی کورد مەسەلەیەکی لاوەکی بوو ، خەمە گەوورەکانی ڕژێم هەم ناسریەکان و هەم بەعسیەکان مەسەلەی یەکێتی عەرەب بوو له ناوچەکەدا .

١٩٦٣/٣/١٨ گرێدانی کۆنگرەیەکی بەرفراوان و له ئەنجامی کۆنگرەکە کۆمیتەیەکی ٣٥ ئەندامی دەستنیشانکرا بۆ داڕشتنی پێشنیارەکان ، که دواتر پەسەندکران و له کۆتاییدا یاداشت نامەیەك بۆ حکوومەت ئامادەکرا که بڕیارەکانی کۆنگرەی لەخۆ گرتبوو . هەروا شاندێك بەسەرۆکایەتی جەلال تالەبانی هەلبژێردرا ، ئەویش به گەیاندنی پڕۆژەی پەسەندکراوی کۆنگرەی پسپۆڕیدا .

دوای ئەوە شاندەکه له ٣/٣٠ هەمان ساڵ گەیشتنه شاری بەغداد له ٣/٣١ شاندەکه لەگەڵ شاندی دەستنیشانکراوی حکومەت لەماڵی ڕەشید عارف یەکەم کۆبونەوەیان ئەنجامداو بڕیار لەسەر چەند هەنگاوێك درا.

١٩٦٣/٤/٤ بڵاوکردنەوەی دەستووری کاتی دوای کودەتاکەی ٨ ی شووبات لەلایەن سەرکردایەتی ڕژێمی بەعس له ئێراق بەپێی خواسته هەمه جۆراو جۆرەکانیان له وولاتەکەدا .

١٩٦٣/٤/٧ مۆرکردنی بەڵگەنامەی- الدولة الاتحادية - له نێوان ڕژێمه شۆڤینیەکانی میسرو سووریاو ئێراق له شاری قاهیرەی پایتەختی میسر ...هەر لەو کاته ئاڵای ئێراق له سەر ڕۆشنایی ئەو یەکیەتیه بەرز کراوه ، که ئاڵاکه ڕەش و سپی و سوورو سێ ئەستێرەی بەرز له سەر پارچه سپییەکه دانرا ، که ئەمەش بووه هۆی زیاتر چەوسانەوەو وێرانکردن و ئەشکەنجه دانی گەلانی ئێراق به تایبەتی گەلی کورد له سەر خاکەکەیدا .

له بەر ئەوەی کوردو خاکی کوردستان نه بەشێکه له ئوومەی عەرەب ونه

خاکی عەرەبەو نەخاکی دروستکراوی بە زۆری ئێراق ، بەڵام بارودۆخەکە بە پێی گۆڕانکاریەکان خۆی دووبارە دەکاتەوەو بیروو بۆچوون و هەڵوویست و دەسـەڵات و خـاکی داگیرکـراو لەلایـەن عـەرەب ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـەرەو کەمبوونەوەو تەسك بوونەوە هەنگاو دەنێ لە ناوچەکەدا .

١٩٦٣/٤/٨ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە دوای ڕازی بوونی لە سەر مافی لامەرکەزی ، یاداشتێکی ئاراستەی نووێنەری وولاتانی میسرو سووریاو ئێراق کرد ، لە میسر لەو کاتەی گفتووگۆی دامەزراندنی یەکیەتی عەرەبی لەنێوانیان بەردەوام بوو.. بەڵام ئەخلاقی عەرەب ڕیك دەکەوتن لەپێناو ڕێك نەکەوتن .

جێگـەی ڕوونکردنەوەیـە کـە جـەلال تاڵـەبانی سـەرۆکی شـاندی کـورد ، بیرخەرەوەیـەکی لـەم بارەیـەوە پێـشکەش کـرد ، کـە تیـادا هـاتووە :— لـە بارێکدا گـەر ئێراق لـەم بارودۆخـەی ئێستایدا بمێنێتـەوە ، ئەوا کورد لەو مافانە زیاتر داوا ناکات کە ڕژێمی ئێراق لە ١٩٦٣/٣/١١ دا دەست نیشانی کردوون .

خۆ ئەگـەر ئێـراق بچێتە نێـوو فیدراسـیۆنێکی عارەبـان ئـەوا دەبێـت کـورد ڕژێمێکی ئۆتۆنۆمی بەر فراوانی بۆ دیار بکرێت . بەڵام گەر ئێراق لە گەڵ دەووڵەتێك یان چەند دەووڵەتێکی دیکەی عەرەبیدا یەکیەتیەکی تەواوی پێك هێنا و خۆی تێدا تواندەوە ، ئەوا دەبێت کوردی ئێراق لە گەڵ ئەو دەووڵەتە یەك گرتووەدا وەك پارێزگاریەك کە بوون و قەوارەی بپارێزرێت .

هـەروا پابەنـد بێـت و بیر لـە جیابوونـەوە نەکرێتـەوە ... بـەڵام لـە ڕاستیدا گفتووگـۆ سـێی قۆڵیەکـەی میـسر و سـووریا و ئێـراق لـە شـاری قـاهیرەی پایتەختی میسر ئەوەی نیشان دەدا کە سەرانی بەعسی لە ئێراق گەمەیەکی دوولایەنـەیان دەگرتـە بـەر و هـەرگیز مەبەسـتیان نـەبووە بەڕاسـتی لـە گـەڵ کورد ڕێککەون لە ناوچەکەدا .

سەرچاوە:— کریس کۆچێرا — س .پ. ل/٢٠١

١٩٦٣/٤/١٧ ڕاگەیانـدن بـە مـۆرکردنی ڕێکەووتننامـەی یەکیـەتی عـەرەبی لـە نێـوان ڕژێمەکانی میسرو سووریاو ئێراق لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسردا...

جێگـەی روونکردنەوەیـە کـە هەرسـێ وولاّتـی بـە نـاو عـەرەبی ، وولاّتـی فـرە نەتەوەو وولاّتی فرە ئایینن ، بە تایبـەتی سووریاو ئێراق کە دانیشتووانی ئەم دوو وولاّتـە لـە کوردو عـەرەب و تورکمـان و کلـدۆ ئاشـووری و ئەرمـەنی پێك هاتوون لە وولاّتەکانیاندا.
نەتەوەکانی غەیرە عەرەب بەر لە عـەرەب نیشتەجێی ئەم وولاّتانـە بوونـە بـە سەدا ساڵ ، هەروا میسریش ... بەلاّم هۆکاری سـەرەکی و بنـەرەتی بـوونی عـەرەب لـەو وولاّتانـە لـە رێگـەی فتووحـاتی ئیـسلامی و دوای ئـەویش دەسـەلاّتی سـەلاحەدینی ئـەیوبی و دوای ئەویش ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا .
دوای ئەوانە دروستکردنی دەووڵەتەکانی عەرەبی ، بە تایبـەتی لـە سـووریاو لـە ئێـراق و دەسـەلاّتە شـۆڤینیە یـەك لـە دوای یەکـەکان بـوون ، ئـەویش بـە هاوکـاری و بـە هاپـشتیووانی و بـە یارمەتیـدانیان لـە لایـەن بـەریتانیاو ئەمـــەریکا و هاوپەیمانـــەکانیان لـــە ئـــەورووپای رۆژئـــاواو مەلۆتکـــەکان و نۆکەرەکانیان لە ناوچەکەدا .
دوای هەموو ئەوانەش بە تایبەتی کورد بە هـۆی کێشەی ناوخۆی کـورد لـە شـەڕو ململانـێ لەسـەر بەرژەوەنـدی و خـۆ دەووڵمەنـد کـردن ، نـەك بـۆ ڕزگارکردنی گەلی کوردستاندا .

١٩٦٣/٤/١٧ مـــۆرکردنی بـــەیانی مێــژوویی لــە کاتــژمێر یـەکی بـەیانی لـە رۆژی چوارشـەمە ، لـە شـاری قـــاهیرەی پایتـــەختی میسر لە نێوان میسرو سووریاو ئێراق بەناوی خـواو ئوومـەی عـەرەبی مـۆرکرا... لـە سـەرەتای

کۆبوونەوەکە سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر پێنووسەکەی گرتە دەسـت گـووتی:– بسم الله الـرحمن الـرحیم – و بـەناوی خـوای گـەورە ، بـەناوی ئوومـەی عـەرەب داوا لـەخوای گـەورە دەکـەین سـەرکەوتوومان بکـات

لەویەکیەتیەدا .

بەڵام محەمەد حەسنێن هەیکل بابەتێکی لەرۆژنامەی ئەهرامی رۆژی ٥/٢٨ هەمان ساڵ بڵاوی کردەوەو تێیدا هاتبوو:- ئەو بەڵگە نامەیە یەکیەتی عەرەبی نیە - هەروا پرۆژەی یەکیەتی نییە ، بەڵکوو نەخشەیەکی کارکردنە بەرەو یەکیەتی . ئەو پرۆژە بووە هۆکاری بەرزکردنەوەی کەسایەتی جەمال عەبدولناسر لەهەرێمەکان.

١٩٦٣/٤/١٩ بۆ یەکەم جار لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان دامەزراندنی رێکخراوی کۆمەڵەی کورد ڕاگەیەندرا.

١٩٦٣/٤/٢٢ کووشتنی سەرۆکی ئەمەریکا جان ئیڤ خۆن کەنەدی لە شاری دالاسی وویلایەتی تیکساس لە ئەمەریکادا ، بە دەستی لیهاوری ئسوالد... شایانی باسە جۆن کەنەدی لەساڵی ١٩٤٦ وەك بەرپرسی پارتی دیموکراتی بوولستون هەڵبژێردرا ، لەساڵی ١٩٥٣وەك

سیناتۆر چووە ناو ئەنجوومەنی سنای ئەمەریکا ، جۆن کەنەدی لە ساڵی ١٩٥٧خەڵاتی ئەدەبی بولیتزی وەرگرتو لە ساڵی ١٩٦٠ لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا بەسەرۆکی ئەمەریکا هەڵبژێردرا.

١٩٦٣/٥/٦ رۆژنامەی پرافدای زمانحالی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ، بابەتێکی لە سەر بارودۆخی شۆرشی ئەیلولو ئێراق بڵاوکردەوە ، بەتایبەت بەباش باسکردنی باری کوردی بەرەو بەرزبوونەوی نرخاند لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٦٣/٥/١٣ پێــشەوای پــارتی نیــشتیمانی دیمــوکراتی ئێــراق - کامــل چادرچی- یاداشتێکی ئاراستەی سەرکردایەتی ڕژێمی بەعس لە ئێراق کرد ، لە پێناو پەلەکردن لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد ، ئەمــەش لــە دوای گەڕانــەوەی شــاندەکەیان بــوو لــە ناوچــەی بیتــوێن - چــوارقورنە- لــە باشووری کوردستان ، سەر بە پارێزگای سلێمانی . بە تەواو بوونی گفتووگۆی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و شاندەکەش کە لەحوسێن جەمیل ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی نیشتمانی و محەمەد ڕەزاو فائق سامەرائی و فەیسەڵ حەبیب خەیزەران و لەچەندین کەسایەتی دیکە پێك هاتبوون.

کامل الچادرچی

١٩٦٣/٥/٢٥ بەردەوام بوونی گفتووگۆی سێ قۆلی لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر ، بە بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی یەکیەتی عەرەب ، کە حکوومەتی نوێی ڕژێمی بەعس لە عێراق پێشنیاری کرد ، کە شاندی کوردی ڕاستەوخۆ چاوی بە سەرەك جەمال عەبدولناسر بکەوێتلە شاری قاهیرەی میسدا .

بەلاَم لە ڕاستیدا ئەوسەردەمە بەعسی لە هەڵوویستی ناسر سەبارەت بە هەر جۆرە تەنازولێك بۆکورد دەترسان... لەگەڵ دەربڕینی خۆشحاڵیان بە شاندی شۆڕشی ئەیلول ، سەرەك ناسر ڕوو دەکاتە جێگری سەرك وەزیرانی ئێراق عەلی سالح ئەلسەعدی و وەزیری دەرەوە تالب شەبیب و وەزیری بەرگری سالح مەهدی عەماش ، کە بەڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا دەڵێت:- هیچ کەسێك ناتوانێت بوونی ئەم گەلە ئینکار بکات لە باکووری ئێراقدا .

١٩٦٣/٥/٢٥ گرێدانی کۆنگرەی سەرۆکەکانی وولاتانی ئەفریکای سەربەخۆ لە شاری ئەدیس ئەبابای پایتەختی ئەسیوبیا ، لە نێوان وولاتانی کیشوەری ئەفریکیا ، ئەو کۆنگرەیە بووە ڕێگە خۆشکەری کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی وولاتــانی ئــەفریکیا ، ئــەویش بــەمۆرکردنی بەڵگەنامــەی -

ڕێکخراوی یەکیەتی ئەفریکیا — لە کێشووەری ئەفەریکیادا .

١٩٦٣/٦/٣ کۆچـی دوایـی نووسـەرو شـاعیرو ئـەدیبیی نـاودارو کەسـایەتی تورکیـا — نـازم حیکمـــەت — کـــە بـــە دیاریـــدەترین کەســایەتی ئـەدەبی تـورکی لـە سـەدەی بیــستەم دەناســرێت و بــە پێــشەنگی نوێکردنـــەوەی شــیعری تــورکی لــە قەلــەم دراوە . لە سەر دەستی ئەم

کەسـایەتیە شـیعری تـورکی خـۆی لـە قۆنـاخی کلاسـیکی گواسـتەوە بـۆ قۆنـاخێکی دیکـەدا بـەرەو ئاسـۆی فراوانـی شـیعری ئـازاد هـەنگاوینا ، ئەویش بە نوێکردنـەوەی زمـان و داهێنـان لـە شـێوەو شـێوازێکی شـیعری نوێی تورکیدا .

جێگەی باسکردنە کە ئەم شاعیرو نووسەرە لـە سـاڵی ١٩٠٢ چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە . باپیری نـازم حیکمـەت کـە نـاوی پاشـا مەولـەوی بـوو دەسـتی شـیعر نووسـینی هـەبوو ، هـەروا حیکمـەت پاشـای بـاوکی فەرمانبەر بوو لە کونسلخانەی تورکیا لە شاری هامبرۆگی ئەڵمانیا ، کە فەرمانبەرێکی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بووە .

هەروا دایکیشی کە ناوی جەلیلە هانم بوو وێنەکێش بوو ، لە هەمان کات پیـانۆژەنیش بـوو و خوێنـەرێکی ئـەدەبیاتی فەرەنـسی بـووە ، نـازم حیکمەت لە خێزانێکی رۆشنبیرو پڕ لە کتێب و کتێبخانە بووە . هەر لـە منداڵیەوە گویچکەکانی بە سروودی نیشتیمانی و ئاینی راهتبوو ، لە ناو کتێب و سەرچاوەکانی ئەدەبیاتی تورکی و فەرەنسی دەخولایەوە ، هەر لە هەرەتی منداڵیەوە دەستی بە شیعر دانان کردووە . کە لـە تەمـەنی ١٣ ساڵاندا بووە یەکەم هونراوەی نووسیووە کە لەو کاتەی ئاگر لە ماڵێکی نزیـك ماڵەکـەیان بـەردەبێت ، کـە ئـەم رووداوەش دەبێتـە هـۆی بـەرز

بوونــەوەی ســۆزی ئــەم شــاعیرە بــە ســەر ئــەو کارەســاتەدا شــیعرێك دەنووسێت

هەروا بۆ یەکەم جار بە دەست پێکردنی بە خوێندن لە قوتابخانەیەکی فەرەنسی دەبێت لە شاری ئەستەمبوڵ . دوای ئەوە دەچێتە کۆلیژی دەریاوانی . بەڵام بە نالەباری باری تەندروستی ناچار دەبێ واز لە کۆلیژ بهێنێت . دوای ئەوە وەك مامۆستا لە شاری پۆلۆ لە رۆژهەڵاتی تورکیا دادەمەزرێت .

لە ساڵی ١٩٢٢ روو لە یەکیەتی سۆڤیت دەکات و لە شاری مۆسکۆ پەیوەندی بە چەندین شاعیرو نووسەرو رۆشنبیر دەکەوێت و دەبێتە هاورێیان . هەر دوای ئەوە نازم حیکمەت دەچێتە کۆلیژی زانستەکانی ئابووری و زانستی و کۆمەڵناسی . هەر لەوکاتیش بیری مارکسی لینینی دەبێتی رێگەی خەبات لە نووسین تێکۆشانیدا . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٤ دەگەرێتەوە تورکیا .

هەر بە هۆی بیروو بۆ چوونی مارکسیت لە لایەن رژێمی کەمال ئەتاتورك بریاری دەستگیر کردنی بۆ دەردەچێت بەڵام لە ساڵی ١٩٢٦ رزگاری دەبێت و بەرەو رووسیای سۆڤیت دەروات . و لەو شارە دەست دەکا بە نووسینی شیعر بە پێی بیرو هەستەکانی لەو بوارانەی کە بروای بۆ دەگونجێت ،

دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٢٨ لێبووردنی گشتی لە لایەن رژێمی تورکیا دەردەچێت دوو بارە دەگەرێتەوە تورکیا ،لە بەر ئەوەی کە ئەندامێکی چالاك و دیاری پارتی کۆمۆنیستی تورکیا دەبێت و لە کار کردنی ئازادانە قەدەخەکرابوو ، دوای ئەوە دەستگیر دەکرێت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٩ –١٩٣٦ ، کە ئەو کاتانەی ژیانی لە بەندیخانە دەبردەسەر-- ٩ – – کتێبی بلاو کردەوە ، کە –– ٥–– پێنج کتابیان کۆمەڵە شیعر بوون و ––٤ –– کتابیان دەقێکی درێژی شیعر بوون . کە ئەم بەرهەمانەی شۆرشێك بوون دژی شیعری کلاسشیك و لە هەمان کات شۆرشێك بوون دژی عەقلیەتی دیکتاتۆریەتی پیاوانی رژێم .

هەر بەم هۆکارەش جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٣٨ لە لایەن رژێمی تورکیا

دەستگیر دەکرێتەوە ، کە بە ٢٨ سزای بەندکردنی بۆ دەرچواندرا . ئەم کەسایەتیە لە کارەکانی بەردەوام بوو تا ماڵئاوایی لە گەلانی ئازادیخواز کرد لە ناو تورکیادا .

١٩٦٣/٦/٤ رژێمی بەعسی لە ئێراق ، سەد هەزار دیناری ئێراقی چاپی سویسری کردە پاداشتی ئەو کەسەی کە بتوانێ بارزانی تیرۆر بکاتو لە هەمان کات هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان و زیاتر لە ٢٠٠ گوندی سووتاندو بەسەدان هاوولاتیان شەهید کردو دەستگیر کردو دەربەدەر کرد ، کە ئەم کردارانە بووە هۆی دورستکردنی ترس لە هەڵسووکەووتی گەلی کورد لە باشووری کوردستان

١٩٦٣/٦/٩ هێزەکانی سووپاو هەم رژێمی نوێی بەعس بەسەرکردایەتی زەعیم سەدیق و سەرۆك جاسم گەمارۆی شاری سلێمانی داو بووە هۆی شەهید کردنی زیاتر لە – ٢٦٧ – هاووڵاتی شارەکە ، لەتەمەنو رەگەزە جیاجیاکان لەباشووری کوردستان.

هەروا لە کاتی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشو رژێمی بەعس لە ئێراقدا و بەفەرمانی زەعیم سەدیق مستەفا سەرکردەی سووپای رژێمی بەعسی لە ئێراق ، لە ئوردوگای سلیمانی لەباشووری کوردستان شەهید حاجی باقی دەستگیر دەکات و شەهیدی دەکاتو هەر لەوێ لەگەڵ ٨٢ هاووڵاتی کورد لە گۆڕی بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵ دەکرێت لە ناوچەکەدا.

تەنیا جل و بەرگە سەر بازیەکە ناسراوەتەوە ئەویش – زەعیم سەدیقە کە یەکێك بووە لە و ئەفسەرە دڕندانەی دەسەلاتی بەعس

١٩٦٣/٦/١٠ هێزەكانی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق دەستی کرد بە هەڵگیرساندنی شەڕ لە گەڵ پێشمەرگەکانی شۆرشی ئەیلولو پێشمەرگە بە هەموو توانایەك بەرگریان لە بوونی کوردو کوردستان دەکرد .

سەرەڕای هەوڵەکانی پێشەوای پارتی نیشتمانی دیموکراتی ئێراقی کامل چادرچی ، لە پێناو چارەسەری کێشەی کورد لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق.

١٩٦٣/٦/١١ بەردەوام بوونی شالاوی هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەعسی نویٚ لە ئێراق بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستانو نزیکەی ٨٧٠ گوندی وێرانکراد بە تایبەتی لە پارێزگای هەولێر و پارێزگای کەرکوك لە هەرێمەکەدا .

١٩٦٣/٦/١٣ هێزەكـانی سـووپاو پاسـەوانی نەتـەوەیی و جاشـە خۆفرۆشـەکانی کـورد هێرشـیان کـردە سـەر گونـدەکانی ناوچـەی کەنـدێناوەی سـەر بەناحیـەی دیبەگـەی سـەر بەقـەزازی مـەخموری پارێزگـای هـەولێری لـە باشـووری کوردسـتان ، پـر لـە سـامانی سروشـتی– نـەوت– لـە ئـەنجام بـووە هـۆی سووتاندنو تالانکردنی زیاتر لە ٢٥ گوندو، جگە لە شەهید کردنی بـەدەیا هـاوولاتیو دەسـتگیر کـردنو دەربـەدەر کـردن ، کـە سـەرەتای ڕاگـوێزانی گونـدەکانی قـەزای مـەخمور بـوو لـە ناحیـەی قـەراجو گـوێڕ بەتایبـەتی لـە کەندێناوە...!..؟.

١٩٦٣/٦/١٤ یەکـەم ئـافرەت لـە مێـژووی جیهـان بەکەشـتیە گەردوونیـەکان بـەرەو ئـاسمـان ڕەوانەکرا کەخاتوو – ڤالنتینا تریشکۆڤا – بوو لەگەڵ بیکۆ فسکیو لەگەڵ سیٚ زانـای دیکـەی گـەردوون ناسـی سـۆڤیەتی، کـە بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ بەدەووری زەوی دەسووڕانەوە.

جێگـەی باسـکردنە کە خـاتوو ڤالنتینـا لـە دوای گەرانـەوەی بۆ سـەر زەوی و گەیشتنەوەی بۆ بارەگای تایبەتی لە بنکـەی گــــەردوونی لــــە کۆمــــاری جۆرجیــا ، داوایــان لێکــرد بخوازە مالی دونیا و پلەو پایە . بـەلاّم ئـەم خاتوونـە لـە وولاّمدا گووتی:- ئـەم کـارەی کـە پێـی هەلّسام ئـاواتی خـۆم بـوو لـە ژیـان و سەلماندنم بوو بۆ کۆمەلّگای مۆڤایەتی، کە ئافرەت جیاوازی نیە لە گەلّ پیـاو لـە هـەموو بوارەکـانی ژیـان ، تـەنیا یـەك بـار نـەبێت ، کـە ئێمـە رەگـەز مێینەین و جیاوازیمان هەیە لە گەلّ پیاواندا.

بلاّم ئێمە دایکین و نەوە پێدەگەیەنین ، کە ئەویش مرۆڤایەتیە و ئەوەندەم بەسە لە ژیاندا ...

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش باس بکەم ، کە خۆم رووبەروو چاوم کەوتووە بەو ئافرەتە شۆخ و شەنگە لە شاری مۆسکۆی پایتـەختی سۆڤیەتی جاران ، کە لـەو کـات مـن لـە پـەیمانگای زانستە کۆمەلاّیەتیەکانی سـەر بـە ئـەکادیمیای زانـستی سـۆڤیەت لـە سـالّەکانی ١٩٧٥ – ١٩٧٧ دەم خووێنـد لـە سـاری مۆسکۆدا .... نووسەر .

١٩٦٣/٦/١٥ ئەنـدامی سـەرکردایەتی پـارتی بەعـسی شـۆڤینی لـە ئێـراق – عـەلی سـالح سەعدی – لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دەلێت :- شەری باکووری ئێراق تەنها ٢--٣ مانگێك دەخایەنێت , درێژەدانی جەنگی دژ بەکورد بەم هۆش وگۆشەوە شی دەکەینەوە .

دوای ئـەوە مـام جـەلال تالّـەبانی سـەبارەت بـەم هەلّوێستە دەلێ :- لێـرەدا دەتـوانین بلّـێین گـەر بەراسـتی ئێمـەش ئێـراقین و لـە مـاف و ئەرکەکانـدا

یەكسانین ئەوا بۆمان هەیە ئەوەی ئێووە دەیڵێن ئێمەش بیڵێین .
بۆمان هەیە ئەوەی بۆ ئێووە رەوایە داوی بكەن , ئێمەش داوای بكەین , بۆچی بۆ ئێراقییەك ئەشێ داوای تواندنەوەی گیانی ئێراقیی بكات و وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ كۆتایی پێ بێنێ , بەڵام بۆ ئێراقیەكی دیكە بۆی نیە داوای جوودا بوونەوەی بەشەكەی خۆی بكات لەوكیانەدا بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆ نووسینی لە سەر پێك بێنێ لە ناوچەكەدا .

١٩٦٣/٦/٢٣ ڕژێمی بەعسی نوێی دەسەڵاتدار ٤٣ قارەمانو تێكۆشەری پارتی كۆمۆنیستی ئێراقی لە شاری كەركوك لە سێدارەدران لە هەرێمی باشووری كوردستان .

١٩٦٣/٦/٢٩ ڕژێمی بەعس لە ئێراق لە پەلامارێكی دڕندانەی دوور لە هەستی مرۆڤایەتی ٨٣ هاووڵاتی كوردی زیندەبەچاڵ كرد لەژنو منداڵو گەنجو پیر لە شاری سلێمانی لە باشووری كوردستان.

١٩٦٣/٦/٣٠ فڕۆكەكانی جەنگی سووپای ڕژێمی بەعسی لە سووریا هاوكاری فڕۆكە جەنگیەكانی سووپای ئێراقی كرد ، ئەویش لە پێناو بۆردومانكردنی ناوچەكانی باشووری كوردستانی لكێنراو بەئێراق لە بنكەو بارەگاكانی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لە هەرێمەكەدا .

١٩٦٣/٧/٢ ئەندامی سەركردایەتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق سالح مەهدی عەماش هێرشەكانی سووپای ئێراقی بۆ سەر شۆڕشی كورد لەباشووری كوردستانی لكێنراو بەئێراق ، بەوە ناوزەند كرد . كە سەیرانێكی نیشتمانی هێزەكانی سووپای ئێراقە لەپێناو بەهێزكردنی مەشقی سەربازی لەوڵاتەكەدا.

١٩٦٣/٧/٣ بەرپابوونی جوولانەوەی چەکداری لە سەربازگەی ڕەشید لە لایەن حسن سەریح - محەمەد حەبیب- دژی دەسەڵاتی نوێی بەعس لە ئێراق ، کە داوای لە پارتی کۆمۆنیستی ئێراق کرد بۆ پشتگیری کردنی ، بەڵام بەهۆی نەبوونی هەڵوێست لەلایەن پارتی کۆمۆنیست هەولەکەی هەرەسی هێناو دوایی لە سێدارە درا...!...!.

١٩٦٣/٧/٩ وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت - ئەندرێ گرۆمیکۆ - بیر خەرەوەیەکی ئاراستەی ڕژێمی بەعس لە ئێراق کرد ، لە بارەی ڕەفتارو کردەوە نامرۆیەکانی دژ بەگەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی کورد لەباشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق.

١٩٦٣/٧/١٩ شەهید کردنی سەرکردەو کەسایەتی ناوداری کوردو پارێزگای هەولێر - جەمال حەیدەری - لەلایەن ڕژێمی بەعسی نوێی دەسەڵاتدار لەگەڵ دوو لەهەڤاڵانی - محەمەد سالح عەبەلی-ئەبوو سەعید-.

شایانی باسە شەهید جەمال حەیدەری لەپایزی ساڵی ١٩٢٦ لەشاری هەولێر لە باشووری کوردستان ، لە گەرەکی عارەبان لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرو شۆرشگێر لەدایک بووە لەشارەکەدا.

جێگــەی باســکردنە کــە جــەمال حەیــدەری جــەبار هــەر لــە ســەرەتای هەرزەکاریــەوە لــە بــاڵی جووڵانــەوەی نەتــەوەیی دیمــوکراتی کــورد کــاری کردووە ، دوای ئەوە پەیووەنــدی بە پــارتی شــۆڕش کــردووە و ئــەم پارتــەش ئاواتــەکانی شــەهید جــەمال حەیــدەری نــەدەهێنا ئاســتی ئامانجــەکانی لــە هەرێمەکەدا .

لە دوای تەواو کردنی خووێندنی ناوەندی لە شاری هەولێر ، چووە خانــەی مامۆستایانی باڵا – زانکۆی پەروەردەی ئێستا ، لە ساڵی ١٩٤٥ ... ئەمەش بــووە هــۆی گۆرانکاریــەکی باش لــە ژیانیدا ، کــە بــووە هــۆی ئــەوەی لــە گــەڵ قوتابیــە کۆمۆنیــستەکان تێکــەڵاو بێــت . دوای ئــەوە چــووە ریــزی پــارتی ڕزگاری نیشتیمانی و پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و بەردەوام بوو لە خەبات تا رۆژی شەهید کردنی لە لایەن رژێمی بەعسی لە ئێراق .

هــەروا شــەهید جــەمال حەیــدەری لــە دوای ســاڵێك لــە خانــەی مامۆســتایان چووە کۆلیژی ماف ، لەو کاتەش یەکێك بوو لە قوتابیە زیرەك و بەتواناکان لــە یەکیــەتی قوتابیــان لــە مــانگی/١٩٤٨/١٠ دەستگیر کــرا لــە گــەڵ ســەدا لــە قوتابیەکان .و دوای ئەوە بریاری زینداني کردنی بۆ دەرکرا و مــاوەی پێــنج ساڵ لە زیندان مایەوە لە زیندانەکانی ئەبوو غرێب و نووگرە سەلمان.

بلاّم بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی تواني لــە مــانگی /١٩٥٣/٥ دەربازبێــت لــە دەست پیاوانی زیندانەکە ، کە لەو کات بە هۆی نەخۆشی چارە سەر دەکــرا لە نەخۆشخانەی زیندانەکەدا .

ئــەم کەســایەتیە شۆڕشــگێرە رۆڵــی بــاڵای هــەبووە لــە ریزەکــانی پــارتی کۆمۆنیست لە هەموو بوارە جیا جیاکان و پلە بە پلە قۆناخەکانی دەبری تــا بە بوونی بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و دوایی بوونی بە ئەندامی بیرۆی ئــەم پارتــە و بــەردەوام بــوونی لــە خــەبات و درێخــی نــەکردن لــە بــەرگری کــردن لــە چینی هەژارو کاسبکار و جووتیارو کریکار ، جگە لەوەش لە هــەموو بــواری نەتەوەیی و نیشتیمانی کورد لە ریزی ئەم پارتە تێکۆشەرەدا .

١٩٦٣/٨/٦ بەرپابوونی شەڕی سەر لە نوێ لە نێوان رێکخراوەکانی چەکدارانی قووبرس لە گەڵ دەست تێوەردانی هێزەکانی ئاسمانی سووپای رژێمــی تورکیا ، کە

بووە هۆی کووژرانی زیاتر لە- ٥٥- کەسی یۆنانیو -١٠- کەسی تورکیو دەربەدەر بوونی بەهەزاران کەسو چۆڵ کردنی بەدەیان گوندنشینی تورکەکان لە هەرێمەکەدا.

١٩٦٣/٨/١٠ هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق شارۆچکەی زاخۆو دەوورووبەری داگیر کرد لە باشووری کوردستان ، کە بەویستی خۆیان مامەلەیان لەگەڵ جەماوەری ناوچەکە دەرکرد.

١٩٦٣/٨/١٢ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی هاوکاری لە نێوان ڕژێمی شاهەنشاهی ئێرانو ڕژێمی تورکیا ، ئەویش بۆ لێدانی شۆڕشو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتو باکووری کوردستانی دابەشکراو بەسەرهەردوو ڕژێم بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا .

١٩٦٣/٨/١٦ ئاژانسی – تاسی – سۆڤیەتی بابەتێکی لە زاری بەرپرسانی بالآی یەکێەتی سۆڤیەت بلاوکردەوە ، دژ بە هەڵسو کەووتو رەفتارەکانی رژێمی بەعس لە ئێراق ، ئەویش بەنیگرانی سەرکردەکانی سۆڤیەت بەرامبەر ئازاردانی گەلانی ئێراق ، بەتایبەتی شالآوەکانی بۆ سەرکوردو پارتی کۆمۆنیست لە ئێراقدا.

١٩٦٣/٨/١٦ هێزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول فڕۆکەیەکی جەنگی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق خستە خوارەوە لە دەشتی هەولێر لە پارێزگای هەولێر لە لایەن پێشمەرگەکانی ئیبراهیمە فەندی لە گوندی بنسلآوەی گچکە لە ڕۆژهەلآتی هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٦٣/٨/١٧ کۆماری مەنگۆلیا کێشەی کوردی خستە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، بەلآم بەهۆی بەرژەوەندیەکانی ئابووری و بازرگانی لەوکات ناچارکرا پێشنیاکەی بکشێنێتەوە ئەویش لەدوای ١٨ڕۆژ، و بەناچار کردنی لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەت لە ریکخراوەکەدا .

١٩٦٣/٩/٥ ئەحمەد حەسەن بەکر سەرەك کۆماری ڕژێمی بەعسیو عەبدولسەلام محەمەد عارف ، بە یەکەوە هەڵسان بەسووڕانەوە لە ناوچەکانی هەرێمی باشووری کوردستان ، لە سەر بنکەو بارەگاکانی هێزی سەربازی لەناوچەکانی کە شەڕیان تێدا دەکرا ، لە گەڵ پێشمەرگەکانی شۆڕشی

ئــەیلول ، کــە یاوەرەکــانی ســالح مەهــدی عــەماش و حــەردان تکــریتی و عەبدولرەحمان عارف و ئیبراهیم عەبدولرەحمان داودو سوبحی عەبدولحەمید بوون لە و سەردانەیاندا .

١٩٦٣/٩/٩ مۆکردنی رێکەووننامەی یەکێتی و هاوکاری لە نێوان هێزەکانی سووپای رژێمی بەعسی لە سووریاو هێزەکانی سووپای رژێمی بەعس لە ئێراق ، لـەپێناو گـەمارۆو بەرەنگاربوونـەوەی هەڕەشـەی پێـشمەگەکانی شۆڕشـی ئەیلول لە باشووری کوردستاندا.

١٩٦٣/٩/١٢ مۆرکردنی پەیمان لە نێوان رژێمی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا ، کە بە سێ قۆناخ، ئەویش بۆ بە گەیشتن بە کۆتایی پرۆسەی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا . دیاری کرا ، کە بەم شێوەی خوارەوەیە ئەویش :-

١- لە پێنج/٥ ساڵ تا / ١٠دە ساڵ بۆ ئامادەکاری لە مەجەکاندا .

٢- هـەروا ١٢دوانـزە سـاڵ بـۆ قۆنـاخی تێپـەڕبوون بـە سـەر رێکەووتنەکە لـە نێوانیاندا .

٣- قۆنـاخی دوایـی بـۆ بەئەنـدام بـوون لـە یەکیـەتی ئـەوروپادا ... هـەروا بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە چەندین ئۆرگانی هاوبەش بۆ رێکخستن و ئامادە کردنی تورکیاو دامەزراندنی. .

شـایانی باسـە نـاوەڕۆکی ئـەم پەیمانـە سێ بابـەتی گرنگـی لـەخۆ دەگـرت وەکوو هـەنگاوە سـەرەتاییەکانی پرۆسـەی بە ئەندامبوون لە قەڵـەم دەدرێت ئەویش:-

١- گومرکی هاوبەش .

٢- بابەتە پەیوەندارەکان بەئابووریەوە .

٣- بابــەتی بەرزکردنــەوەی ئاســتی بەرهەمــەکانی کــشتووکاڵ بــەپێی مۆدیلەکانی ئەوروپا.

شایانی باسە تورکیا وولاتێکە کە بەشی -٨٪- لەخاکەی دەکەوێتە ناو کێشوەری ئەوروپا.

١٩٦٣/٩/٢٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان وێستگەی دەنگـی کوردسـتانی ئێـراق پەخـشی خـۆی بـە کوردسـتان و ئێراق وناوچـەو جیهان بلاوکردەوە ، لـە شـاخە بـەرزەکانی کوردستان زرینگایـەوە لـە گوێـی هەموو کوردێک و نیشتمان پەروەرێکی ناوچەو هەرێم و جیهان لەلایەن پارتی

دیموکراتی کوردستان لە هەرێمەکەدا .

١٩٦٣/١٠/١٨ لە دوای هەشت حەفتە لە سووڕانەوەکەی عەبدولسەلام محەمەد عارف بە ناوچەکانی هەرێمی باشووری کوردستان ، هەڵسا بە کودەتایەکی سەربازی دژی برادەرەکانی لە پارتی بەعسی لە ئێراق.

١٩٦٣/١٠ /٢٢ شاندی هەردوو سەرکردایەتی ڕژێمی بەعسی لە سووریاو لە ئێراق لە شارۆچکەی زاخۆ کۆبوونەوە ، ئەویش بە مەبەستی لەناو بردنی شۆڕشی ئەیلول ، کە لەو کات کە سووریا ٣٠٠٠ هەزار سەربازی بە هەموو جۆرە چەکێکی نوێی ئەوکات خستە خزمەت هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، لەهەمان کات کۆماری میسریش بڕیاریدا بە هاوکاریکردن بۆ لێدانی پێشمەرگەکان و بنکەو بارەگاکانی شۆڕشی ئەیلول لەباشووری کرودستان.

١٩٦٣/١١/١ سەرۆکی دەسەڵاتی ڕژێمی باشووری ڤێتنام لە لایەن شۆڕشگێڕە باکووریەکان لە ناو برا ، کە ئەمەریکا پشتگیری تەواوی لە ڕژێمی باشووری ڤێتنام دەکرد لە وولاتەکەدا .

١٩٦٣/١١/١٨ کۆمەڵێك لە سەربازە بەعسیەکان بەسەکردایەتی عەبدولسلام محەمەد عارف هەڵسان بەکودەتای سەربازی ، دوای ئەوە هەوڵی لە ناوبردنی شۆڕشی کوردیان دا بەهەموو توانایەك ، بەڵام نەیان توانی و رامیاریەتی توانای وەستانی شەڕی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول گرتەبەر لە هەرێمی باشووری کوردستان

١٩٦٣/١١/١٨ ئەنجام دانی دووەم کودەتای سەربازی بەعسیەکان لە نێوان خۆیان لەئێراق و دژی یەکتری لەپێناوی دەسەڵاتە داپلۆسێنەرەکەیان. دژی گەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی کوردستان .

١٩٦٣/١٢/٩ کۆچی دوایی شاعیری زاناو کەسایەتی ناوداری کورد مامۆستا – سەفوەت مەلا مستەفا حاجی مەلا رسول دیلیژەیی – کە دەکاتە باوکی دکتۆر – عزەدین مستەفا رەسول– لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان.

١٩٦٣/١٢/٩ هونەرمەندی مەقام بێژی ناسراوی کورد – مام سێووە – لە شاری کۆیسنجقی سەر پارێزگای هەولێر ڕۆشنبیران کۆچی دوایی کرد لە باشووری کوردستان.

جێگەی باسکردنە کە مام سێوە لە ساڵی ١٨٩١ لە شارۆچکەی کۆیە چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . و ناوی تەواوی سلێوە خواجە یەڵدا سلێوەیە . سەرەتای دەست پێکردنی بە مەقام دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥١ . هەروا لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ کۆمەڵەی بوژاندنەوەی هونەرەجوانەکان هەڵبژێردراوە

١٩٦٣/١٢/١٠ وولاتی زنزیبار سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بەناوی کۆماری زنزیبار ئەویش بە دەرچوونی لەژێر ئینتیدابی بەریتانیاو دوایی لەگەڵ کۆماری تەنـژنیکا یەکیان گرت بەناوی کۆماری تەنزانیای یەکگرتوولە کێشوەرەکەدا .

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – دۆدۆما – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٨٦٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣١,٨٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٩٥٤,٠٣٧ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٨٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ئەفەریکیەکان ٩٩٪ . هەروا زیاتر لە ١٠٠ هۆزن لە هۆزی بانتۆیەکان . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٣/١٢/١٢ وولاتی کینیا سەربەخۆیی خۆی لەناو رایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاند ، بە سەرکردایەتی شۆڕشگێری لێهاتوو کیناتا، کە بووە یەکەم سەرەك کۆماری وولاتەکەدا... ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – نایرۆبی – پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ،١,٩٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٢٩,٩٠٠,٠٠٠ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٥٨٠,٣٧٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٣٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، زیاتر لە چوار هۆزی نژادی تیایە لە وولاتەکەدا .

تێبینی:– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان / عەلی کەندی

١٩٦٤

١٩٦٤/١/١٧ سەرەك کۆماری میسری عەرەبی جەمال عەبدولناسر لە کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی وولاتانی عەرەبی لە شاری قاهرەی پایتەختی میسر ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە هێرشەکانی هێزی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان دەربری ، ئەویش بەهۆی چارەسەرنەکردنی کێشەکان لە وولاتەکەدا .

١٠/ ٢/١٩٦٤ رێکەوتننامەی وەستانی شەڕ لە نێوان سەرەك کۆماری ڕژێمی بەعسی لە ئێراق عەبدولسەلام محەمەد عارف و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزنی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان مۆر کرا... بەڵام ...؟ ....!.

١٩٦٤/٢/٢٧ لە ئاکامی ترس گەیشتن بە کەووتنی تاوەری – پیزا – لە شاری پیزای ئیتاڵیا ، کە ناوزەندە بە تاوەری – زەنگی کاتدراییە – لە شاری پیزای

ئیتاڵیا . که حکوومەتی ئیتاڵیا داوای هاوکاریکردنی کرد لە پێناو ریگە گرتن لە نە کەووتنی ئەو تاوەرە .

هەر بەم هۆکارە هەڵسا بە پێك هێنانی لیژنەیەکی چەند لایەنە لە ئەندازیارو بیرکارنناس و پسپۆرو مێژوونووسان لە دوورگەکانی – ئەزوریس – کۆبوونەوە لە پێناو چارە سەر کردنی ئەو گرفتەی کە لە ئەو تاوەرە هەیە . ئەویش بە گفتووگۆ کردن لە پێناو سەقامگیر کردنی ئەو تاوەرە لە وولاتەکەدا.

جێگەی روونکردنەوەیە کە تاوەری شاری پیزا لە ئیتاڵیا لە ١١٧٣/٨/٩ دەستکرا بە دروستکردنی ، لە پاش دانی رووناکی بە نهۆمی سێیەم لە ساڵی ١١٧٨ دا . دوای ئەوە ئەو تاوەرە لار بووەوە ، ئەمەش وایکرد کە کارەکانی بونیاتنان بۆ ماوەی سەدەیەك بووەستێنرێت و لە ساڵی ١٢٧٢ بە مەبەستی هەموارکردنی بە گۆشە چوار نهۆمی دیکەی لە سەر دروستکرا ، بۆ ئەوەی لاریەکەی بەرەو راستکردنەوە بروات .

بەڵام لە ساڵی ١٣٠١ دوا نهۆمەکان رووناککرانەوە و ئاژیرش لە سەر تاوەرەکە دانرا ، واتە زەنگی لێدان . ئەم تاوەرە بەرزییەکەی ٥٥ مەترە لە سەر ئاستی زەوی ، هەروا بارستاییەکەی ١٤،٥٠٠ بە تەن دەخەملێندرێت ، ئێستا لاربوونەوەکەی ب ٥/٥ پلە دەخەملێندرێت ، تاوەرەکەش زیاتر ل ١٧٤ ساڵ لە دروستکردنی خایاندووە بە هۆی ئەو گرفتە .

هەر بەو هۆکارانە لە مانگی/١/١٩٩٠ دەرگاکانی ئەم تاوەرە لە بەر دەم گەشتیاران داخرا . بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر لە ٢٠٠١/١٢/١٥ دووبارە دەرگاکانی بۆ گەشتیاران والآ کرا .

١٩٦٤/٣/٢٧ لە دوای گفتووگۆی چڕو بەیەکخستنی هەوڵوویست بووە هۆی یەکگرتنی سێ پارتی کوردی لە باشووری کوردستان– پارتی گەلی کوردو ، کۆمەڵەی ئازادیو ، ژیانەوەو یەکیەتی کورد – کاژیك– وناوی پارتی نوێ هەر بە– کاژیك – مایەوە لەکوردستان.

١٩٦٤/٤/٤ لە دوای جیابوونەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان – جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد– لە باشووری کوردستان ،

لە کۆنفرانسی لابالی جیابوونەوەکە لە شارۆچکەی ماوەت ئەنجامدرا . بە دەربڕینی نارەزایی لەو کۆنفرانسە بەرامبەر بەگفتووگۆی وەستانی شەڕ لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و ڕژێمی نوێی بەعسی لە ئێراقدا .

ئەولێك ترازانەش لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بووە سەرەتای سەرهەڵدانی بیروو بۆچوونی جیاوازو دروست بوونی چەندین پارت و گروپی دیکەی کوردی لە باشووری کوردستان .

کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو کێشەیە تەشەنەی دەکردو بەردەوام بوو تاکوو ئەمڕۆش ، کە ئاسەوارەکانی کاردانەوەی باشی نەبووە لەهەموو بوارەکان لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخواز کورد لەکوردستاندا.

١٩٦٤/٤/٩ بەهاندان و دنەدانی ئێرانیەکان بەتایبەتی - پەژمان - کۆنفرانسی ماوەت دەبەسترێ و بریاردرا بەسەندنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە - مەلا مستەفا - بەڵام لە دوای کۆنفرانس بریارەکان نەچوونە ناوجێ بەجێکردنەوە ... بارزانی مستەفا لە گەڵ ڕژێمی بەعس لە ئێراق دەکەوێتە گفتووگۆو کۆمەڵێك ڕێوو شووێن دیاری دەکەن بۆ گەرانەوەی حکوومەت , لە بەرامبەردا چەندین پۆست بدرێ بەکوردو زمانی کوردی بکرێتە زمانی ڕەسمی و چەندین خاڵی دیکە .

بەڵام باڵی - م .س - ڕێگری دەکەن لە هاتنەوەی سووپای ڕژێمی بەعس و هەر بۆیە بارزانی مستەفا بروسکەیەك دەنێرێ بۆ گشت لایەك و تیایدا هاتووە:-

ڕێگە بدەن بامیری بگەرێتەوە بۆ قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان , هەر کەسێك ڕێگەیان لێ بگرێت ڕێگەی لەمن گرتووە , هەر کەسیش ڕێگە لەمن بگرێت ڕێگەی لێدەگرم - لە پاش ئەم بروسکەیە

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەستیان بە هەڵوێست وەرگرتن کردوو کەوتنە سوورانەوەو قسەکردن بۆ خەڵکی کوردستان سەبارەت بە بروسکەکە , ژمارەیەکی زۆر لە ناو – م .س –دا ئەم بروسکەیان بە فرسەتێکی باش دەزانی بۆ جیابوونەوەیان .

بەڵام هەندێکی دیکەیان پێیان باش نەبوو لەوانەش – ئیبراهیم جەلال – عەلی مووراد – تالب موریاسی – کە رایان وابوو جیا بوونەوە دەیان باتەوە بۆ سەردەمی سەفەوی و عوسمانی , یەکێك لە پێشمەرگە دێرینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لـــــــە ئاستی بەرپرسیاریەتی لق بووە و گووتی :–

راستە شۆرشی ئەیلول قوتابخانە بوو , بەڵام مامۆستاکانی وانەی دوو بەرەکیان دەووتەوە ... دوای ئەوەی کە مەلا مستەفا لە کۆنفرانسی ماوەت نیگران دەبێ ... بە هاوکاری سووپای رژێمی بەعس لە ئێراق هێرش دەکەنە سەرناوچەکەو ناچاریان دەکەن بچنە ناو خاکی ئێران و ئێرانیش چەکیان دەکەن و رەوانەی هەمەدانیان دەکات و تەنها رێگە دەدات سەرکردەکانی وەك – ئیبراهیم ئەحمەد – و – جەلال تاڵەبانی – و – جەمیل رۆژبەیانی – و چەندینی دیکە بچنە شاری تاران .

لەوێش ساواك نەك هەر دەست بەرداریان نابێت بەڵکوو وەك لە هەموو کات و ساتەکانی جمووجۆڵ و هەڵسان و دانیشتنیان چاودێری دەکرێ لە لایەن ساواك .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە رۆڵی ساواك لە رێکەوتنامەکان لە گەڵ دەوڵەتی ئێراق , زۆر جار لەبەر هەندێ هۆکاری بچووك رێکەوتنامەکان لە گەڵ ئێراقدا سەری نەگرتووە , کە دیووە ئاشکراکەشی بۆ راگەیاندنەکان و رای گشتی باس کراوە .

بەڵام دیووە نادیارەکەی هەروا ماوەتەوە و زۆرینەی خەڵك لێی بەئاگانەبوون ... یەکێك لەو رێکەوتنامەیە لەگەڵ دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم دابوو کە بە پێی ماددەی/٣ ی دەستووری ئێراقی راگەیاندراوی دەووڵەت دەکرێ کە کوردیش ماف نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆیان هەبێت . ساواك زۆر پشتیوانی لەکوردەکان دەکرد بۆ چەسپاندنی ئەو بریارەو لە ژێرەوەش دنەی ئێراقیان داوە تا نەچنەکاتی جێ بەجێکردنەوە .

هەر بۆ ئەم مەبەستە پەژمان دەڵێت :- داوام کرد لە سەرووی خۆم - بە زووترین کات بەر لەوەی هەڵ لە دەست بدەین دەبێت لەگەڵ رابەران و گەورە پیاوانی کوردی حزبی ئێراقی ووتوویژ دەست پێ بکەین و ئەوانە دنە بدەین و برۆنە دەرێ و بچنە مەڵبەندەکانی باکوورو لە ناوچەیەکی شیاو دا دەست بەکۆکرنەوەی لایەنگرانی خۆیان و ماف خۆیان لە دەوڵەتی قاسم بخوازن تا کوردەکان بەناوی نەتەوە بەعەرەب بناسرێن ... بۆ ئەو مەبەستەش قسە لەگەڵ خوودی - شا - دەکرێت و ئەویش رەزامەندی دەنوێنێ بەمەرجێ نابێ هەوڵەکە بگاتەوە بە دەوڵەتی ئێراق .

هەروا لە گفتووگۆ کردنی لە گەڵ شادا - پەژمان - باس لەوە دەکات کە ئەگەر رابەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری ئێمە وەرگرن بە سوودی ئێمەیەو دەتوانین سوودیان لێوەربگرین , لە سەرەتاوە هەندێك کۆمەکیان دەکەین ... ئەگەر پاش جووڵانەوەی یارمەتییان دەدەین , ئەگینا لێیان دەبرین.

عیسا پەژمان ئەفسەرێکی پێشکەوتووی دەزگای ساواکی ئێران بوو ... کە بە ئەندازیاری ناکۆکی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی مستەفا بارزانی دادەنرێت و ئەندازیاری رێکەوتنامەی جەزائری ساڵی ١٩٥٧ ، و یەکێك لە سەر سەختترین ئەو سیخورانەی کە لە مێژووی خۆیدا زەبری کوشندەی لە جولانەوەی رزگاریخوازی کورد داوە لەباشووری کوردستان بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی لەکێشووەرەکەدا .

تێبینی : ئەم زاراوەیە کورت کراوەی - سا زمان اگلاعات وامنیت کشور - ە واتە - رێکخراوی بەئاگابوون و هێمنایەتی وولاتە - کە مەبەست ئێرانەو لە ساڵی ١٩٥٧ ئەم رێکخراوە دامەزراوە لە رێگەی دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی .

١٩٦٤/٤/١٩ لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرەکانیان بەیانێکیان لە دژی مستەفا بارزانی راگەیاند بەلادانی لە رێرەوی شۆرش تاوانباریان کردو هەر دوای ئەوە لە ٤/٢٤ هەمان ساڵ عەلی کەمال و رەشید عارف و مەجید عەلی بۆ ناوبژیوانی کردن پێك هێناوەی ئەو دوو لاباڵە گەیشتنە لای مستەفا بارزانی .

بەلام بارزانی مەرجی ئەوەی بۆ دانان کە پێویستە بەنووسین دان

بەوەدابنێن کە ئەوانە خیانەتیان لە پارتی و شۆرشی ئەیلول کردووە ... جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە بری ئەوە لە ٦/٢٦ هەمان ساڵ راگەیاندنێکیان راگەیاند و تیایدا داوایان لە ئەندامانی پارتی کرد لە دژی مستەفا بارزانی بووەستنەوە ... کە بیانووش ئەوە بوو کە سەرەك کۆماری ئێراق سەلام عارف lemon دا گووتویەتی :-

ئێمە لەگەڵ بارزانی رێکەوتووین ... بەڵام ئەندامانی پارتی لابالی جەلال تاڵەبانی بازرگانی شەرو سیخووری ئیمپریالیزمن ... ئەمەش زیاتر بواری بەو لابالەدا کە هەنگاو بنێن بەرەو لە جیابووەودا .

دوای ئەوە لەکۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە مانگی /١٩٦٤/٨ بەسترا لەو کۆنگرەیە بریاری دوورخستنەوەی ١٤ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی درا لەوانە - ئیبراهیم ئەحمەد - جەلال تاڵەبانی - حلیمی شەریف - نوری شاوێس - عەلی عەبدوڵلا - عومەر دەبابە - عەبدوڵلا ئیسماعیل ، مەلاماتۆر - عەلی عەسکەری - نوری ئەحمەد تەها - عەلی حەمدی - سمایل عارف و هەندێکی دیکە ....- لەم کۆنگرەیە کە ٨ هەشت کەس نوێنەری ٢٠ هەزار ئەندام بوون کە بەشداریان تێداکرد .

٢٩٦٤/٤/٢٦ هەردوو وولاتی ناسراو بە ناوی کۆماری زنزیبارو تەنژنیکا یەکیان گرت بەناوی رەسمی کۆماری تەنزانیای یەکگرتوو ، کە زنزیبار مافی ئۆتۆنۆمی لەناو سنووری ئەو وولاتە یەکگرتووە پاراست بەپێی رێەوتننامەکەیان لەو وولاتەدا .

١٩٦٤ /٥/٤ بلاوکردنەوەی دەستووری کاتی نوێی رژێمی بەعسی لە ئێراق ، کە لە برگەو مادەو خالەکانی هیچ مافێکی دیاریکراوی بۆ نەتەوەی کورد کە دووەم نەتەوەیە لە ئێراق لەنەتەوەو لە خاك دیاری نەکردبوو لەباکووری ئێراقدا. واتە باشووری کوردستان .

١٩٦٤/٥/٢٢ کورسی پاپاوی ، واتە دەسەڵاتی فاتیکان چەندین رێکەووتننامەو پەیمانی جۆراو جۆری لەدوای پەیمانی لاتران مۆر کرد لەگەڵ وولاتانی جیهان ، کە پەیمانی حەوتەمی لە گەڵ کۆماری توونس مۆر کرد لەکێشووەرەکەدا .

١٩٦٤/٥/٧ شۆڕشگێڕو قارەمان و پێشەوای هندستان - جواهر لال نەهرۆ- کۆچی دوایی کرد .
لە دوای خەباتێکی بێ وێنەو بێ ووچان دژی زوڵمو زۆرداری لە لایەن وولاتانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی بەریتانیای ئەو کات لە کێشوەرەکەدا .

جواهر لال نهرو

١٩٦٤/٧/٦ وولاتی مالاوی سەربەخۆیی خۆی لەناو ڕایەلەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاند ، بەناوی کۆماری مالاوی ، لەهەمان کات سەرکردەی وولاتەکەو کەسایەتی ناودار- پاندا - پۆستی سەرەك کۆماری گرتە دەست ، لەپێناو بەرەو پێش بردنی باری ڕامیاری و ئابووری وکۆمەلایەتی لە وولاتەکەدا .

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری - لۆنگویە - ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٣٥٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١١٨,٤٨٤هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٦٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، هۆزەکانی بانتۆ زۆربەی زۆری دانیشتووانی وولاتەکەن . لە ناوچەکەدا .

١٩٦٤/٧/١٧ یەكەم سەرهەڵدانی شەڕی خۆ كوژی لە نێوان لاباڵی دەستەی جیابووەوە لە پارتی دیموكراتی كوردستان بەسەركردایەتی مام جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد ، و سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە شارۆچكەی ماوەت لە نزیك سلێمانی دەستی پێكرد.

شایانی باسە لەو رۆژەدا دژایەتی كەووتە ناوەندی سەركردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد . لە باشووری كوردستان لە داهاتووی كوردو كوردستان و بەڵكوو بگرە لە هەموو كوردستان.

١٩٦٤/٧/٣١ یەكەم وێنەی زەوی ، بۆ یەكەم جار لە مێژوودا لە سەر مانگ گیراوەو پەخش كرا ، لەلایەن كەشتی ئاسمانی ئەمەریكی – رینگۆ-حەوت- لە هەرێم و ناوچەو جیهاندا .

١٩٦٤/٩/١٥ كورسی پاپاوی ، واتە دەسەڵاتی فاتیكان چەندین پەیمانی جۆراو جۆری لە دوای پەیمانی لاتران مۆر كرد لەگەڵ وولاتانی جیهان ، كە پەیمانی شەشەمی لەگەڵ كۆماری هنگاریا – مەجەر مۆركرد لە نێوان دەسەڵاتەكانیاندا .

١٩٦٤/٩/٢١ وولاتی ماڵتە سەربەخۆیی خۆی لەناو ڕایەلەی كۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاند بەناوی كۆماری ماڵتە لە كێشووەرەكەدا. لە شاری – مالڤا – ی پایتەخت ، كە ژمارەی دانیشتووانەكەی ، ١٠٥,٠٠٠ هەزار كەسە .

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەكەی ، ٥٧٠,٠٠٠ هەزار كەسە . هەروا رووبەری خاكی وولاتەكەی ، ٣١٦ كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە ، هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٤٦٥٥ كەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . لە وولاتەكەدا .

١٩٦٤/١٠/٩ سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول بۆ یەكەم جار لە ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش ، یاسای بەرێوەبردنی ناوچەی ئازاد كراوەكانی

بڵاوکـردەوەو دەسـتی بـە کارەکـانی خـۆی کـرد لـە ڕێکخستنی کاروبـاری جەماوەری لە جێ بەجێکردندا. لە هەرێمی باشووری کوردستاندا .

١٩٦٤/١٠/١٠ پێشبڕکێی یاریەکانی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات – لـە تۆکیـۆی پایتـەختی یابـان – ژاپـۆن – ئەنجامـدراو بـەردەوام بـوو تـاکوو ١٠/٢٤ هـەمان سـاڵ. لـە نێوان یانە وەرزشیەکانی وولاٌتانی بەشدار بووەکان لە جیهاندا .

١٩٦٤/١٠/١٦ چینی مللـی یەکـەم تاقیکردنـەوەی چەکی ئـەتۆمی ئەنجامـدا بـەگوری /٢٠ کیلـۆن تـەن ، هـەروا چـینیەکان بـەخێرایی هێـزی بۆمبـەکانیان زیـادکردو ئەنـدازەکانیان کـەمکردەوە . ئـەویش لـە تاقیکردنـەوەی ١٩٦٧/٦/١٧ دا تاقیکردنـەوەی چین بـۆمبێکی گـەرما – ئـەتۆمی تەقانـدەوەو کـە گورەکـەی ٧,٣ تەن بوو .

ئەمـەش دەکـرێ مـاوەی سـێ سـاڵی یەکـەمین تاقیکردنـەوەی ئـەتۆمی تـا یەکەمین تاقیکردنەوەی ناوکی , بەخوولی هەشت ساڵەی ئەمەریکاو خوولی پێنج ساڵەی بەریتانیاو خوولی چوار ساڵەی یەکیـەتی سۆڤیەت ، ڕەوتی چالاکی و کارکردن لە سەر بەرنامـەی دروستکردنی چەکی ئـەتۆمی . هـەروا تەقانـدنیان لــە سـونگەی دەسـتپێکردنی شۆڕشـی کـەلتووری گـەورەی پرۆلیتاریا لە ئەیلولی/١٩٦٥ وەستێنرا , دوای ئـەوە چین لـە سـاڵی ١٩٨٠ یەکەمین تاقیکردنەوەی موشەکی بالیستی کێشووەری ئەنجامدا کە لە ساڵی ٢٠٠١ نزیکەی ٢٠ دانە لەو موشەکەی هەبوو لە وولاٌتەکەدا .

١٩٦٤/١٠/٢٤ وولاٌتی زامبیا سـەربەخۆیی خـــۆی لـــەناو ڕایەلـــەی کۆمەنوولـــسی بـــەریتانیا ڕاگەیاند ، بەناوی کۆماری زامبیـــا بەســـەرۆکایەتی – کـــنس کاونـــدە – کـــە بـــەریتانیا یارمـــەتی دەری بـــوو لـــەبواری ئـابووری و

ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی هەمە لایەنە لە وولاّتەکەدا.

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – لۆناکـا – ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیشتووانەکەی ، ۱,۸۹۰,۰۰۰ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەکـەی ، ۱۰,٦۷۰,۰۰۰ ملیـۆن کەســە . هـەروا ڕووبـەری خـاکی وولاّتەکـەی ، ۷٥۲,٦۱٤ هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چـڕی دانیشتووانەکەی ، ۳۷ کەس لە یەك مبل چوار گۆشەدا . هەروا نـژادەکانی ، ئەفەریکیەکان ۹۹٪ . ئەورووپی۱٪ . لە وولاّتەکەدا .

۱۹٦٤/۱۱/۱٦ بـلاّو کردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامـەی – وێـژە – لەلایـەن شـەوکەت زەنگەنە لەشاری سلێمانی لە باشووری کوردستان .

۱۹٦٤/۱۲/۱۰ لە کۆتایی کۆنگرەی پارێزەرانی عەرەبی لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ڕاگەیاندنێکی بلاّو کردەوە ، کە عەرەبستان و کیلیکاو ئەسکەندەرۆنە خـاکی عەرەبە ، کە ئەمـە بووە هـۆی کـارتێکردنی زیـاتر لـە بـاری شـۆڕشـی کـورد لـە کوردستان .

شاری بەغدا لە ساڵی ۱۹٦٤ دا

بەلاّم عەرەب بەبیری شۆڤێنی و بەرچاو تەنگی نەتەوەیی ، کە لە دوورگـەی بیابانی عەرەب بەهۆی فتووحاتی ئیسلامی وبە زەبری شمشێری ژەهراوی

وەشاندن‌و ، لە هەمان کات ئاسانکاری کردن بۆیان لەلایەن گەلانی دیکە ، بەتایبەتی کورد لە ناوچەکە توانیان خاکی گەلان داگیر بکەن .
چونکە نەسنووری ئێستای سووریاو نە ئێراق‌و نە فەلەستین‌و نیووەی زیاتر لەخاکی ئوردن عەرەبی تیا نەبووەو خاکی عەرب نیەو نەبووە .
کـــە خـــاکی کـــوردو ئاشـــووری‌و ئـــارامی‌و ئەرمـــەنی بـــووەو، ئەسکەندەرۆنەوکیلیکا خاکی کوردو کردستانەو مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوەو . نابێ عەرەب گەر بە ئاشتی‌و بەیاسا بێت یاخوود بە قوربانی‌و شۆڕش بێ ، دەبێ بگەڕێنەوە جێگەی باو باپیرانیان کە دوورگەی بیابانی عەرەبیە لە کێشووەرەکەدا ....؟؟؟؟!!.

١٩٦٤/١٢/٢٥ شاعیرو رووناکبیری مارکسی‌و دیموکراتی‌و نیشتیمانپەروەری ئێراق نەك عەرەبی – بدر شاکر سەیاب – کۆچی دوایی کردووە . لە شاری بە سرای باشووری ئێستای ئێراق .

١٩٦٥

١٩٦٥/١/١٤ کۆمەلێك لە ئەندامانی پەرلەمانی سووید پێشنیاریان ئاراستەی حکوومەتی سووید کرد ، لە پێناو بەرزکردنەوەی کێشەی کورد بۆناو گفتووگۆکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێوو دەوڵەتیەکان ، ئەویش بەتاوانبارکردن و مەحکوم کردنی چەوساندنەوەی گەلی کوردستان لە لایەن تورکیاو ئێران و ئێراق .

١٩٦٥/١/٢٤ ســـەرەك وەزیرانـــی بـــەریتانیای پێـــشوو – چێرچـــل– کۆچـــی دوایی کردووە لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، کە یەکێك بووە لـە سـەرکردە جیهانیـەکانو بەشـداری تـەواوی لـە جـەنگی دووەمـی جیهـان کـردووەو ڕۆڵـی کاریگـــەری هـــەبووە لـــە دابەشـــکردنی کـــوردو خـــاکی کوردســـتان ، بـــە یارمـــەتیو پشتگیری وولاتانی داگیرکەری کوردستان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

١٩٦٥/٢/١٠ لـە سـەر داوای سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئـەیلول ، مـانگرتنی گـشتی لەباشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق ئەنجامدرا ، ئەویش دژی شەڕو ڕژێمی بەعسی لە ئێراق.

١٩٦٥/٢/١٨ کۆمـــاری گامبیـــا ســەربەخۆیی خۆی لـەناو ڕایەلـــەی کۆمەنوولـــسی بـــەریتانیا ڕاگەیانـــد لەلایـــەن بـــەریتانیاو – داودا جاوارا – لە پارتی پێـــشکەوتنی گـــەڵ پۆســـتی ســـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی وەزیرانـی گرتـە دەسـت لـە ژێـر دەسـەڵاتی فرەلایـەنی لـە وولاتەکەدا .

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – بنگـوڵ – ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیشتووانەکەی ، ٢٨٦,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکەی ، ١,٦٤٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبـەری خاکی وولاتەکـەی

، ١١,٣٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٤٧٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشەیە . هەروا نژادەکانی ، ماندینکا ٤٥٪ . فوولا ٢٠٪ .وئلۆف ١٦٪ . رەگەزی ئەفریکیشی تیایە . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٥/٣/٢١ دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەناوی – فۆکسە – کە لەلایەن مامۆستا جەمال نەبەزو شەهید لەتیف عەلی وبروسکە ئیبراهیم ، لە شاری میونیخ لە ئەلمانیا، راگەیەندرا .

١٩٦٥/٥/٧ شاعیری نەتەوەیی و چینی چەوساوەی ناوداری کورد مامۆستا – قانع – کۆچی دوایی کردووەو گۆڕەکەی لە گوندی لەنگەدێیە لەناوچەی شلێرە لە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان .

جێگەی باسکردنە کە مامۆستا قانع لە سالی ١٨٩٨ چاوی بە جیهان هەلهێناوە لە ناوچەی مەریوان لە رۆژهەلاتی کوردستان . ئەویش دوای ئەوەی دەرەبەگەکانی ناوچەی مەریوان باوکی ئەم شاعیرەیان ئاوارە کردو ملك و مالیان داگیرکردن . بە دەم ئەو لێقەوماویەوە وەکو منالی دەربەدەریەك لە رۆژی ١٥/ئەیلولی هەمان سالْ لە ئاوایی – ریشێن – لە بناری شارەزوور ، لە دوای ١٤ خوشك چاوی بە جیهان هەلدێنیْ .

هەروا لە تەمەنی ٤٠ رۆژیدا باوکی کۆچی دوایی ئەکات و پیْ رەوکە ئەبیْ دایکیشی کۆچی دوایی ئەکات و مامەکانی نازی ناکێشن .

١٩٦٥/٦/١٩ لە دوای بوونی – ئەحمەد بن بلە – بە سەرۆك کۆماری جەزائرو دەست پێکردنی بەچەندین کاری خۆمالیْ کردنی پرۆژەو کارگەو کەلووپەلی بێگانە ، بە تایبەتی فەرەنسا لە سەر خاکی کۆماری جەزائیر . لە پێناو

بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری .

بەڵام دوایی لەلایەن هاوڕێ بەرهەڵستکارەکەی – هەواری بۆمیدیان – دەستگیر کرا ، بۆ ماوەی ١٥ساڵ زیندانی کراو هەواری بۆمدیان پۆستی سەرەك كۆماری گرتە دەست لەجەزائیردا .

١٩٦٥/٧/١١ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەرێمی باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا لە لایەن فائق بۆجاخ ڕاگەیەندرا... بەڵام دوای ماوەیەك لەلایەن میتی ڕژێمی تورکیا تیرۆر کرا لە هەرێمەکەدا .

١٩٦٥/٧/٢٦ وولاتی مەلدیف سەربەخۆیی خۆی لە ناو ڕایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاند لەهەرێمەکەدا . لە شاری – مالیە – ی پایتەخت کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٦٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣٢٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٢٩٨ کیلۆ مەتر ژوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٧٣٩ کەس لە یەك میل چوار گۆشودا .

١٩٦٥/٧/٣٠ دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر دەستیكرد بەگرتنی ئیخوان موسلمین و لەوانەش – سەید قوتب – و دوو لە براكانی ، دوای دادگاكردنیان لە لایەن دادگای میسر بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆدەركردن و بڕیارەكە بە جێ بە جێكردنی ئەنجام درا ، سەرەڕای هەوڵەكانی وڵاتانی ئیسلامی بە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین لە جیهانی ئیسلامیدا . بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەبیدا .

١٩٦٥/٨/٩ وڵاتی سەنگافورا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند لەدوای ڕێكەوتن لە نێوان نەتەوە جیاجیاكانی وڵاتەكەو كۆتایی هێنان بەكێشە هەڵوواسراوە بنەڕەتیەكانی نەتەوەیی و هەنگاونان بەرەو بنیاتنانەوەی وڵاتەكیان .

لە شاری – سەنگافورە – ی پایتەخت ، كە ژمارەی دانیشتووانەكەی ٣,٥٥٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەكەی ٤,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ڕووبەری وڵاتەكەی ، ٦١٨ كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ١٩٢٤٦ كەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەكانی ، چینیەكان ٧٧٪ . مالیۆ ١٦٪ . هندی

٧٪ . له وولاتەکەدا .

١٩٦٥/٩/٧ سەرەك وەزیرانی ڕژێمی بەعسی له ئێراق عەبدولرحمان بەزاز دەستی کرد به گۆڕانکاری له پێنج بڕگەی دەستووری کاتی نوێی بەعسی لـه ئێراق ، که له بڕگەی /١٩ی ناو دەستوور دیاریکرا . بەوەی که کورد مافی خۆی هەیەو پێویسته بەبرایەتیو تەبایی بژی لەناو گەلی ئێراقو یەکیەتی نیشتمانی ئێراقدا... بەلام ...؟.

١٩٦٥/٩/٧ لـه سـەر پێـشنیاری یەکیـەتی سـۆڤیەت ، ئـەویش بـه کۆتـایی هێنـان بەکێـشەکانی نێـوان هنـدو پاکـستان ، بـه دەسـت پێکردنـی گفتووگـۆی نێوانیان له شاری تەشقەندی پایتەختی ئۆزبەکستان ، که ئەنجامی بووه هۆی مۆرکردنی ڕێکەووتنیان.

١٩٦٥/٩/١١ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد له باکووری کوردستانی لکێنراو به تورکیا لەلایەن کۆمەلێك لەڕۆشنبیرانی کورد لـه هەرێمەکـەدا.لـه پێنـاو بەرگری کردنیان له مافەکانی گەلی کوردستان .

١٩٦٥/٩/٢٣ شانـشینی ئوردن – شاحوسـێن کـوڕی تـەلال – سـەردانی شـاری تارانی پایتـەختی ئێرانـی کـرد ، لـەو سـەردانەیدا شـا حوسـێن داوای یارمـەتی لـه شـاو بـەر پرسانی ئێران کرد ، که ڕژێمی شاهەنـشاهی یارمـەتی کـوردو شۆڕشـی کـورد لەباشـووری کوردسـتانی لکێنـراو بـەئێراق نەدات، بەلکوو هاوکاری لەگەل دەسەلاتی بەعسی له ئێراق بکات ، لەپێناو گەمارۆدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد له باشووری کوردستان.

١٩٦٥/٩/٢٥ ڕژێمی تورکیای شۆڤێنی دورستکراوو داگیرکەری خاکی گەلان به تایبەتی خـاکی بـاکووری کوردسـتان ، ئـەویش بـه پـشتیووانی بـەریتانیا . کـه ئەوکاتو ئەمەریکای ئێستاو هاوپەیمانانی له سالی ١٩٦٥دەستی کرد به

دورستكردنی ٢٢ بەنداو لە سەر زێی فووراتو دیجلە لە هەرێمەكەدا .

ئەمە نەخشەی دروستكردنی ئەم بەنداوانەیە لە باكووری كوردستان

شایانی باسە كە ئەو دوو زێییە لە شاخەكانی ئاراراتی باكووری كوردستان هەڵدەقولێو بەرەو ڕۆژئاوای كوردستانی لكێنراو بەسووریا و دوایی بەرەو خاكی باشووری كوردستانی لكێنراو بە ئێراق دێتە خوارێ ، كە هەمووی هەر بەناو خاكی كوردستان دەسووڕێتەوە تاكوو لە كەنداوی بەناو عەرەب دەكاتەوە ، ئەمەیە خاكو ئاوی كوردو كوردستان .. بەڵام ... بەڵام داخەكەم ...؟ . سەركردەكانی كورد ؟؟؟؟....!

١٩٦٦

١٩٦٦/١/٢ گرێدانی كۆنگرەی هەرسێ كیشوەری ئەفەریكیاو ئاسیاو ئەمەریكای لاتینی ، لە شاری هاڤانای پایتەختی كووبا ، كە٥٠٠ نووێنەری وولاتانی هەرسێ كیشوەركە بەشداریان تێداكرد ، لەكۆتایی كۆنگرەكە بڕیاری دامەزراندنی ڕیكخراوێك بە ناوی – ڕێكخراوی هاوكاری گەلانی ئەفریكیاو ئاسیاو ئەمەریكای لاتینی مۆركرا ، كە شاری هاڤانا بووە بارەگای سەرەكی ئەوڕێكخراوەیە لەجیهاندا .

١٩٦٦/١/٨ ئۆردگانی پارتی كۆمۆنیستی كۆماری ئەرمەنستان ، كە ڕۆژنامەی – كۆمۆنیست – ە لە یادی – ٣٥– ساڵەی دامەزراندنی فێرگەی باڵای

پـەروەردەی پـشت قـەوقازی كوردیـدا ، بەبڵاوكردنـەوەی ئـەو ژمارانـەی كـە ئێمە لەم كورتە وتارەدا هێناومانتەوە .

بۆ ئەم مەبەستەش كە رۆژنامەی ناوبراو ناونیشانێكی بە پێزوو جوانی بۆ وتارەكـەی هەڵبـژاردووە – ئاسـنگەری كـادرە ئینیلیگینـسیای كـورد – بـە بۆنەی یادی – ٣٥ – ساڵەی دامەزراندنی فێركاری باڵای پەروەردەی پشت قەوقازی كوردیەوە ئەنجامدا لە وڵاتەكەدا.

١٩٦٦/١/١٠ لە ئەنجامی گفتووگۆی نێوان نووێنـەرانی حكوومـەتی پاكستانو هندستان بە سەرپەرشتیو یارمەتی یەكیەتی سۆڤیەت لە شاری تاشقەندی پایتەختی ئۆزبەكـستان ، لـە ئاكامـدا بەیـەك گەیـشتن . ئـەویش بـە مـۆركردنی رێكەووتننامەی ئاشتیان ڕاگەیاند ، بە ناوی لێدوانی تاشقەندو گەڕانەوەیان بۆ پەیوەندی ئاسایی لە نێوان هـەردوو وڵاتـی دژ بەیـەكتریو شـەڕكەركە ، كە هۆكاری كێشەی نێوانیـان لـە سـەر داگیر كردنو دابەشكردنی هـەرێمی كەشمیر بوو لە نێوانیاندا .

١٩٦٦/١/١٩ یەكـەم ئافرەت لـە هینـدسـتان پۆسـتی سـەرەك وەزیرانـی وڵاتەكـەی گرتـە دەسـت، ئـەویش خـاتوو – ئەنـدێرا گانـدی – بـوو ، كـە كـچی جـەواهیر لال نەهرۆ بوو، باوكی یەكەم سەرەك وەزیرانی هند بوو لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هندستان ، دوای ئەوە كوڕەكەی ڕاگیف گاندی پۆستی سـەرەك وەزیرانی لـە هنـد گرتـە دەست... شایانی باسە ئەو بنەماڵەیە لەسـەرەتاوە دۆستی كورد بوونە دژی داگیركەرانو دووژمنانی كورد لە كوردستان .

١٩٦٦/١/٢٧ بۆ یەكەم جار كۆنگرەی بووژانەوەی پیشەسازی ئەفریكی لە شاری قاهرەی پایتەختی میسر گرێدرا ، لە سەر داوای ڕێكخراوی نەتەوە یەككرتووەكان . كە ٢٢ وڵاتی ئەفریكی بەشداریان تێداكرد ، لەگەڵ نووێنـەرانی ڕێكخراوە تایبەتیەكانی دەستەی جیهانی وەك :–

ریكخـراوی تەندروسـتیو ، كـشتووكاڵو كـارو چـەندین و ، ڕێكخـراوی دیكـەی جیهـان ، كـە كۆنگرەكـە بەردەوام بـوو تـاكوو ٢/٩ی هـەمان سـاڵ لـە نێوان كۆنگرەواناندا .

١٩٦٦/١/٢٨ لە دوای بەرزبوونەوەی کێشەی نێوان هەردوو باڵی سەرکردایەتی کورد بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانی ، لە ئاکامدا جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی لەگەڵ رژێمی بەعس رێکەوتن و ناوزەند بوون لەلایەك بە جەلالیەکان و لە لایەکی دیکەش بە شەست و شەشەکان بەلایەنگیری کردنی رژێمی داپڵۆسێنەری بەعس لە ئێراق ، لە هەموو بوارەکان و وەستان دژی شۆرشی گەلی کوردستان لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٦٦/٢/٧ شاندێکی ڕژێمی بەعسی لە ئێراقی ئەوکات ، بە سەرکردایەتی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە – عەدنان پاچەچی – سەردانی تورکیای کرد ، دوای سێ ڕۆژ ڕاگەیاندنێکی بڵاو کردەوە ، ئەویش بەپاراستنی یەکیەتی خاکی ئێراق و تورکیا ، کە هەردوو ڕژێمی شۆڤێنی داگیر کەری خاکی کوردستانن بەڕووبەری ٣١٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەو زیاتر لە ٠٠٠ر٠٠٠ر٢٦ملیۆن کورد لە سەر خاکی خۆی ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێکەووتنی دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە لە کوردستاندا .

١٩٦٦/٢/٢٣ سەرەك کۆماری سووریا – حافز ئەسەد – یەکێك بوو لە هەڵگیرساندنی کودەتای سەربازی بە سەرکردایەتی ، ئەمین حافز ، دوای چەند ڕۆژێك لەکودەتایەکە حافز ئەسەد بووە وەزیری بەرگری سووپای سووریا تاکوو بوونی بە سەرەك کۆماری ڕژێمی بەعس لە سووریا.. . دوای ئەوە بە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی چەپرەوە بەعسیەکان لە سووریا دژی دەسەڵاتی حافز ئەسەد ، بەڵام ئەو کودەتایە سەرکەوتوو نەبوو بەشێووەیەکی بەردەوام تاکوو لە ساڵی ١٩٧٠ حافز ئەسەد دەسەلاتی تەواوی گرتەدەست بەلابردنی نەیارانی لە دەسەلات لە وولاتەکەدا .

١٩٦٦/٣/١٨ لە ژمارەی /٥٥٣ ی رۆژنامەی – البلد – ی ئێراقی بلاوکرابووەوە ، کە ئەو کوردانەی لە مستەفا بارزانی جیابوونەتەوە لە پێش هەموویان جەلال تاڵەبانی ئامادەیی خۆیان پێشانداوە لەگەڵ رژێمی بەعس لە ئێراق رێکەوتوون و هێمنی بگەرێننەوە باکووری ئێراق .

واتە هەرێمی باشووری کوردستان و وەستان دژی شۆرش ... هەر وەك لەکۆنگرەی بێماری لاباڵی جەلال تاڵەبانی کە لە ٨/٢٨ ی هەمان ساڵ

گرێدرا بوو به پشتگیری كردن له رژێمی بەعسی لەئێراقدا بكەن ...!...؟...

١٩٦٦/٣/٢٥ كۆچی دوایی كوردناس و رۆژهەڵاتناسی ناوداری سۆڤیەتی بەناوبانگ – مینۆرسكی – له شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا... شایانی باسه مینۆرسكی توانیوویەتی لەچەندین لایەن بوونی كورد له هەموو بواره جیاجیاكان بەرز بنرخێنێ ، به تایبەت لەبواری نیشتمانی و نەتەوەیی و زمان و كەلتوورو مێژوو و داب و نەریت شارستانیت و شوێنەوار له كوردستان.

١٩٦٦/٤/٨ دەزگا پەیوەندداره‌كانی تۆمارگەی رژێمی بەعس له سووریا ناسنامەی زیاتر له ١٠,٠٠٠ هەزار ناوی خێزانه كوردەكانی دانیشتووی رۆژئاوای كوردستانی لكێنراو به سووریا به ناوی بزربوون لەناو بەرن و ئەم وڵاته كه ١٨,٠٠٠ هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشه لەخاكی كوردستان و زیاتر له ٢,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن مرۆڤی كوردی كەووتۆته ژێر دەسەڵاتەكەیان ، لەناو تۆمارگەكانی دەووڵەتی سووریا ، كه له ئەنجام بێ ناسنامه ماونەتەوه له هەرێمەكەیاندا . كه به دانیشتووانه بیانیەكان دادەنێن له لایەن رژێمی سووریادا .

ئەمە وێنەی شاری قامۆشلۆیە ، جگە لەو شارە بەلکو لە شارەکانی حەما و حوومس و گوندو شارۆچکەو شارەکانی دیکەش بە عەرەبکردن و راگواستن و وونکردنی ناسنامەی کورد دزراون و سوتێندراون لە رۆژئاوای کوردستان .

جێگـەی باسـکردنە کە دوای ئـەوە لـە ٤/١٠ ی هـەمان سـاڵ دەر کـەووت کە رژێمی بەعسی لە سووریای هاوبەشی رامیاریەتی رژێمی بەعسی لەئێراق زیاتر لە – ١٠- هەزار ناوی هاووڵاتیانی رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بەسووریای سووتاند ، لەشارەکانی حەلەب و حەماوحوومس وشارۆچکە و گوندەکان ، بەناوی ئەوەی بزرکراوە لەنێو تۆمارەکانی تۆمارگای رژێمی بەعسی لە سووریا ، کە لە ئەنجام ئەو ژمارە هاوڵاتیانە تاکوو تەواو بوونی ئەو مێژوونامەیە بێ ناسنامەن لەو وڵاتەدا

١٩٦٦/٤/١٣ سەرەك کۆماری رژێمی بەعسی لە ئێراق عەبدولسەلام محەمەد عارف لە پیلانێکی نەخشە دارێژراو لە لایەن لاباڵی بەرهەستکارانی لە ناو فرۆکە تایبەتیەکەی خۆی لە ئاسمان ئاگری تێبەر دراو گیانی لە دەست دا . لە ناو خاکی ئێراقدا .

١٩٦٦/٤/٢٢ لە دوای بە دەست هێنانی سەربەخۆیی سووریا رێکەووتنی دورستکردنی بەنداوی تەبەقەی لە گەڵ یەکیەتی سۆڤیەت مۆرکرد لە سەر زێی فوورات ، دوای تەواو بوونی بە هاوکاری لەگەڵ تورکیا لە بەرهەمی هەمەجۆری نێوانیان ، بێ ئەوەی رژێمی بەعسی لە ئێراق ئاگادار بکرێت .

شایانی باسە زێی فوورات لەچیاکانی ئاراراتی خاکی باکووری کوردستان هەڵدەقوڵێ و هەر بەخاکی کوردستاندا دەسوورێتەوە تا لە دەریای کەنداو

دەکاتەوە لە ناوچەکەدا .

١٩٦٦/٥/٧ سەرەك وەزیرانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق عەبدولرەحمان بەزاز لە گەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دەستی کرد بەگفتوگۆ ، لە پێناو چارەسەر کردنی کێشە ڕەواکانی گەلی کوردستان ، کە لەو کات کوردو کوردستان بەرشاڵاوی بە عرەبکردنو گۆڕینی دیموگرافیای خاکی کورستان کەوتبوو ، لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە ژێر ڕژێمی بەعسی راسترەوو شۆڤێنی بەهاوکاری هاوپەیمانەکانیان .

١٩٦٦/٥/١٢ بەرپابوونی داستانی شەڕی هندرێن لە باشووری کوردستان لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی سووپای ئێراق ، کە لە پێشمەرگەکانی لێژنەی هەرێمی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقو پارتی

دیموکراتی کوردستان پێك هاتبوون ، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای ئێراق شکێندران بە سەرکەووتنی هێزی پێشمەرگەو ڕیسوابوونو هەڵاتنی سووپای رژێمی بەعسی لە ئێراق ، لەگەڵ جاشە خۆفرۆشەکانی دژ بەخاکی گەلی کوردستان.

١٩٦٦/٥/٢٦ وولاتی گۆیانا سەربەخۆیی خۆی لەلایەن بەریتانیا ڕاگەیاندو ناوی وولاتەکەی لە جۆیانای بەریتانی گۆڕی بۆ کۆماری جۆیانا لەناو ڕایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری

-گۆرگتاون —ی پایتخت بوو ، کەژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٢٩٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١,١٤٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٢١٤,٩٦٩ هەزار کیلۆ مەتر چوار چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١١ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، هندی دوورگەی هیندی رۆژهەلات ٥٠٪ . نژادە تێکەلاوەکان ١٢٪ . هندی ئەمەریکی ٦٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٦/٦/٥ لە دوای ڕەوانەکردنی کەشتی گەردوونی ئەمەریکی ژیمتی/١-٩ و لە دوای بڕینی ماوەیەکی زۆر لە دەووری زەوی لە بۆشایی ئاسمان دوای ئەوە — بۆچین- توانی ماوەیەکی بەرچاو بەپێ لە سەر مانگ بخولێتەوە لە ماوەی ١٢٥لە سەر مانگدا لە بۆشایی ئاسماندا .

١٩٦٦/٦/١٣ لە کارێکی دژ بە کوردو خاکی کوردستان و هەلوویستی نامەردانەی دووژمنانی کورد ، کە ئەویش بووە هۆی پەلاماردانی کەسایەتی شۆڕشگێر و پێشمەرگەی خۆراگری گەلی کوردستان بە شەهید کردنی — ئیبراهیمە فەندی — لە دەڤەری مەرگەی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان .

جێگەی باسکردنە کە مامۆستا ئیبراهیمە فەندی ناوی تەواوی — ئیبراهیم ئیسماعیل عوومەر — ە و لە گوندی — گردەپان — ی ناحیەی قەراجی سەر بە قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر لە سالی ١٩٢٢ چاوی بە جیهان هەلهێناوە ، دوای ئەوە بە چەند سالێك خێزانەکەی روو لە شاری هەولێر دەکەن و لێی نیشتەجێ دەبن . هەروا لە تەمەنی پێنج سالان روو لە قەتابخانە دەکات بۆ خووێندن لەو شارەدا .

مامۆستا ئیبراهیمە فەندی لە ساڵی ١٩٤١ ژیانی هاوسەرگیری پێکەوەنا ، دوای ئەوەی کە باوکی ماڵئاوایی یەکجارەکی لە خێزانەکەی دەکات ، مامۆستا ئیبراهیم ناچار دەبێ روو لە بنکەکانی پۆلیس بکات بە دامەزراندنی بە هۆی باری بژێوی ژیانی خێزانەکەو بنەماڵەکەیدا . هەر لە کاری پۆلیسیش خوێندن تەواو دەکات لە قوتابخانەی شەوانە لە شارەکەدا .

دوای ئەم ماندووبوونە چەندین جێگەو شوێن دەکات لە بە ئەنجامگەیاندنی کاروباری پۆلیسی لە شارۆچکەکانی کوردستان و دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٧ دەیگەرێننەوە ناو شاری هەولێر . دوای ئەوەی کە شۆڕشی ئەیلول هەڵدەگیرسێ ، مامۆستا ئیبراهیمە فەندی لە ساڵی ١٩٦٢ لە شەوێکی ساردی زستان بە خۆیی و پۆلیسەکانی بنکەی پۆلیسی خانەقا لە ناو شاری هەولێر روو لە شاخەکانی کوردستان دەکەن و دەچنە ریزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول لە هەرێمی باشووری کوردستان .

هەروا ئەم کەسایەتیە لە ریزی پێشمەرگە و سەر پەل و لق و هێزی دەشتی هەولێر هەڵوویستی بوێرانەی هەبووە لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی و خۆشەویست و لێهاتوو بووە لەم بوارەداو لە بوارەکانی دیکەی گەل و نیشتیمانەکەیدا .

دوای ئەوە بە هۆی تواناو لێهاتوویی دەکرێتە بەرپرسی هێزی کاوە لە ناوچەی خۆشناوەتی ، دوای ئەوە کارەکەی دەگوازرێتەوە ناوچەی رانیەو لە چەندین داستان بەشداری دەکات ، تا لە داستانێکی گەوورە سەر کەوتوو دەبێ ، دوای ئەوە لە لایەن دوژمنانی گەل و نیشتیمان و لە لایەن کوردە خۆفرۆشەکان لە مەرگەی پشدەر لە ٦/١٣ تیرۆر دەکرێت و دەچێتە ریزی کاروانی شەهیدانی کوردو کوردستان لە باشووری کوردستاندا .

١٩٦٦/٦/١٣ لە دوای هەوڵکی زۆر شاندێکی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە سەرکردایەتی – حەبیب محەمەد کەریم و ، ساڵح یوسفی و ، موحسین دزەیی ، سەردانی شاری بەغدایان کرد ، لە پێناو گفتووگۆ کردن بەچارەسەر کردنی ماف و کێشەی کورد لەباشووری کوردستان ، بەڵام

هەوڵی شاندەکە لەگەڵ بەرپرسانی دەسەڵاتی ناوەندی رژێمی بەعس بێ سوود بوو لە شاری بەغدا لە ئێراقدا .

١٩٦٦/٦/٢٤ لە دوای گەرانەوەی شاندی کورد لە شاری بەغدا ، مستەفا بارزانی بەسەرۆکایەتی کردنی شاندێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ، کە پێك هاتبوون لە – حەبیب محەمەد کەریم ، علی عەبدوڵلا، فاخر جەلال ، سالح یوسفی– سەردانی شاری بەغدایان کردو لە لایەن سەرەك کۆماری ئێراق عەبدولرحمان محەمەد عارف پێشوازی لێکران ، لە پێناو گفتووگۆی چارەکردنی کێشەکانی کورد لەباشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق.

١٩٦٦/٦/٢٩ رێکەووتننامەی شەڕ وەستان لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و سەرەك کۆماری ئێراق عەبدولرحمان محەمەد عارف مۆر کرا ، کە ئەو رێکەووتنە ناوزەند بوو بەرێکەووتننامەی ٢٩ی حوزەیران . لە باشووری کوردستان و ئێراق و ناوچەکەدا .

١٩٦٦/٧/٤ سەرکردایەتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، نارەزایی خۆی بەرامەر بە ڕژێمی شایەتی لە ئێران دەربڕی ، ئەویش بەهۆی یارمەتی دانی شۆڕشی ئەیلول لە باکووری ئێراق لەلایەن ڕژێمی شا لە ئێران بە سەرکردایەتی محەمەد ڕەزا شا .

١٩٦٦/٧/٤ تیرۆرکردنی تێکۆشەرو کەسایەتی کورد سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باکووری کوردستان – فائق بۆجاخ - لە لایەن جەندرمەکانی ڕژێمی تورك لە تورکیا لە هەرێمەکەدا .

١٩٦٦/٧/١٠ لە هەوڵە بێ ووچانەکانی مستەفا بارزانی بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەکانی کورد لە باشووری کوردستان و ڕزگار بوون لە مەرگەساتەکان ، لەلای خۆیەوە بڕیاریدا بەدانەوەی چەکە قورسەکانی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ، بە دەسەڵاتی رژێمی بەعس لە ئێراق ، بەمەرجێ رێکەووتنامەی ٢٩ی حوزەیران جێبەجێ بکات، کە ئەویش داننان بەکورد لە هەرێمی باشووری کوردستان بوو بەمافی ئۆتۆنۆمی لامەرکەزی راستەقینە لە ئێراقدا .

۱۹٦٦/۹/۳۰ وولاّتـــــی بووتــــسوانا سـەربەخۆیی خـۆی لـەناو رایەڵـــەی كۆمەنوولـــسی بـــــەریتانیا ڕاگەیانــــد لەبەریتانیا ، دوای ئەوە لە سـاڵی ۱۹٦۷ بـووە ئەندام لـــە ڕێكخـــراوی نەتـــەوە یەككگرتووەكان ،دوای ئـەوە نـــاوی وولاّتەكـــەی لـــە بووتـسوانا لانـد گـۆڕی بـۆ كۆمـاری بووتـسوانا ، لـە هـەمان كاتـدا – سـیرتس خامـا – هەلبـژێردرا بـە سەرەك كۆمار لەژێر دەستووریكی سەرۆكایەتی ۱۰۰۰ لە وولاّتەكەدا لە شاری– گابوورۆن –ی پایتەخت ، كە ژمارەی دانیشتووانەكی،۱۹٥,۰۰۰ هەزار كەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەكەی ، ۱,۹٤۰,۰۰۰ ملیۆن كەسە . هـەروا ڕووبـەری خـاكی وولاّتەكـەی . ٥٨۱,۷۳۰ هـەزار كیلـۆ مـەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ۹ كەس لـە یەك میل چوار گۆشـــــەدا . هـــــەروا نـــــژادەكانی ، بووتـــــسوانیەكان ۹۰٪ .كالنگا،باساروا،كالاگادی ۱۰٪ . لە وولاّتەكەدا .

۱۹٦٦/۱۰/۲۸ ســـــەرەك كۆمـــاری ڕژێمـی بەعـسی لــە ئێـراق عەبـدولرحمان محەمـەد عـارف لــە ســـــەربازگەی – مـەفرەق– لــە نزیـك شارۆچـكەی ڕوانـدز لــــە باشــــووری كوردســتان ، چـاوی

بە بارزانی کەووت و یەکتریان خەڵات کردو بیروو بۆچوونی خۆیان لەبارەی مافەکان و کێشە هەڵوواسراوەکانی کورد یان ئالووگۆڕ کرد لەپێناو چارەسەرکردنی لە ئێراقدا .

١٩٦٦/١٠/٣٠ لە دایك بوونی سەرکردەی تیرۆرستی ئیسلامی عەرەب ، ناسراو بە زەرقاوی ، کە ناوی تەواوی – ئەحمەد فزەیل نزال– بووە لە شارۆچکەی – زەرقا– وولاتی ئوردن ، کە نزیکەی ٢٥ کیلومەتر لە ڕۆژهەلاتی شاری عەمانی پایتەختی ئوردن دوورە لە وولاتەکەیدا .

١٩٦٦/١١/١٣ سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سووریا – خالد بەگداش – بە نژاد کورد لە ڕاگەیاندنێکی بلاوی کردەوە ، کە یەکیەتی عەرەب بڕبڕەی پشتی ڕامیاریەتی کۆمۆنیستە لەوولاتەکەیدا .

کەچی ڕۆژێ لە ڕۆژان ناوی کوردو کوردستان وەك نەتەوەیەکی داگیر کراو لە پرۆگرامی پارتەکەی دا نەهاتووە ، ئەویش لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەو مافی نەتەوەیی هەتا بەسەر زاریشی دانەدەهات بڵێ من کوردم و بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەڵ و نیشتمانەکەم دەکەم...!.

١٩٦٦/١١/٢٠ وولاتی بربادۆس سەربەخۆیی خۆی لەناو ڕایەلەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاندو لەساڵی ١٩٦٧ بووە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری –بریگتۆن– ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١١٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣٢٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٤٣٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٩٠١ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ئەفریکی ٨٠٪ . ئەورووپی ٤٠٪ . تێکەڵاو ١٦٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٦٧

١٩٦٧/١/١٧ هونەمەند جۆن لینۆن لە دوای ژەنینی چەند پارچە مۆزیکایەك دەستی کرد بەنووسینەوەی هۆنراوەی گۆرانی– ئادای ئینتی لفی– کە دواتر بە هۆی ئەم گۆرانیـە بە هـرەوە ناوبانگی زۆری بەم گۆرانیە دەرکـرد لـە بـەرەو بە جیهـان بـوون ... شـایانی باسـە دوای – تێپـەڕبوونی – ٤٠– سـاڵ بەسـەر خانـەی – نۆنهافرپترڤیلـد – کـە بـەنیازی فرۆشـتنی ئـەم کاغەزیـەی کـە هۆنراوەکـەی لەسـەر نووسـراوەو هەڵوواسـراوە بـۆ فرۆشـتنی ئـەو کاغـەزە بەدوو ملیۆن دۆلار.

١٩٦٧/٢/١٤ فـەرمانی کـارگێری بـە ژمـارە/٧٦٣٥/٦ بـە دەرچـوونی لـە لایـەن رژێمـی تورکیا و لە رۆژنامەی فەرمی تورکیا بلاوکرایەوە ، ئەم فەرمانە یاساییە بـە رامیاریـەتی چەوسـاندنەوە دە بەخـشێت . بەمـەش رامیاریـەتی چەوساندنەوە گەیاندرا بە چل و پۆپەکان ، حکوومەتی سلیمان دیمیریل ، لـە کۆتـایی مـانگی /١٩٦٨/١ ی هـەمان سـاڵ بریـاری لـە سـەر ئـەم فەرمانەداو پەسندی کردوو ، ناوینا بە – یاسای رێکخستنی رۆشنبیری – بە پێی ئەم یاسایە زمانی کوردی بە تەواوی قەدەخەکرا لە تورکیا .
ئەم یاسایە هەموو کارێکی زانستی و کتێب و گۆڤار و رۆژنامە و بەلگە نامەیـەکی بـە کـوردی نووسـراو قەدەخـە دەکـات و تەنانـەت گـۆرانی کوردیش لـە سـەر کاسێت و قـەوان و هـەر ئامێرێکی دیکـەی تۆمارکردن قەدەخـە دەکـات .سـەرەرای ئـەم هـەموو چەوسـاندنەوە و تـەنگ پێهەلچنینەش ، لە رووی زانستیەوە ئەوە یەکلا بۆتەوە کە زمانی کوردی زمانێکی هیندۆگرمانیە و یکجار دوورە لە زمانی تورکیدا.
هـەروا ، دەڵـێ :– ئەمـەو جگـە لـەوەی کـە لـە ٨٥٪ ی خـەلکی بـاکووری کوردستان ئاخاوتنی پێدەکەن ، کە کارێکی یەکجار زۆری کردۆتە سەر زمـانی تـورکی هاوچـەرخ ... زانـای ئـەلمانی – ئەنـدریاس تیـسە – ی پسپۆر لە لێکۆڵینـەوەی تـورکی ئەمـەی لـە لێکۆڵینەوەیەکیدا لـە سـاڵی

١٩٦٤ لە ڤیێنا بلاوی کردۆتەوە ، دەربارەی ووشەی کوردی و فارسی لە زمانی تورکی و ئازربایجانی ، یەکلای کردۆتەوەو سەلماندوویەتی ... هەروا لە بەر ئەم هۆکارانە رژێمی تورکیا لە لایەن رۆژنامەو رێکخراوە تورکیە شۆڤینیەکانەوە هان دراون کە بەردەوام بن لە سەر رامیاریەتی پاکسازی کورد لە باکووری کوردستانی لکێدراو بە تورکیا .

هەروا دەڵێ:- رژێمی تورکیا خۆی بە خۆی ئاگری دوژمنکاریەتی کوردی خۆش کردووە ، نەك کورد ، کە بە ئاشکرا تورکی هانداوە کە بە کۆمەڵ کورد بکووژن و رایانگوێزن ، بێ ئەوەی دەسەڵاتی دادگای تورکی وورتەی لێووە بێت . یان رای گشتی جیهانی ئاورێك لە دۆزی کورد بداتەوە . هەروا لە چوار چێوەی درێژەی ئەم پرۆسەیە توانەوەو چەوساندنەوەیەدا دەنگی وەها بەرز بوونەوە کە هەزارو یەك کەسەرو داخ دەربرن کە لە جەنگی جیهانیدا و لە گەڵ کووشتنی بە کۆمەڵی ئەرمەنیەکاندا لە ساڵی ١٩١٥ دا . کوردیش بەر بە کۆمەڵ کوژیەکە کەاتووە ، بەڵام وەك ئەرمەن نەبووە .

هەروا بۆ ووێنە رۆژنامەی – ئوتووکن – هەرەشەی لە هاووڵاتیانی ناوچەکانی باکووری کوردستان کردووە ، کە واز لە داواکردنی زمانی تایبەتی و قوتابخانەو بەرنامەی رادیۆیی و کەناڵی بلاوکردنەوە و گۆشکردنی کورد بە چیرۆك و ئەفسانەی کوردی بهێنن .

جێگەی باسکردنە کە تورك و زمانەکەی وەك مرۆڤێکی تەمەن گەورەو تاکوو ئێستا مردووە ، لە بەر ئەوەی تورك و نەتەوەکەی لە گەڵ سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدا بوونی ئاینی ئیسلام ، پەیتا پەیتا بەرەو دروستبوون هەنگاوینەوە لە هەرێمەکەدا .

لە هەمان کات زمانی تورکی لە دوای دامەزراندنی کۆماری توکیا لە دوای ساڵی ١٩٢٩ دا ، زمانی تورکی بە پیتی لاتینی دەنووسرێت و لە ٧٥٪ ی زمانی کوردی فارسی و عەرەبیە و خاوەنی زمان و کەلتوور نەبوونە .

گەر بگەڕێینەوە سەر بەڵگەنامەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ماوەی دەسەلآتی تاکوو هەرەس هێنانی بە باشی ئەوە دەسەلمێنیٚ کە نەتەوەی تورك و زمانی تورکی دروستکەرە نەك خۆرسکە ، ئەویش لە ئەنجامی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی و پێك هاتەی نەتەوایەتی دروست بووبیٚ ، وەك کورد ، بەلآم بە داخەوە بە درێژایی مێژوو سەرکردەکانی کورد بە پاراستنی دەسەلآت و سامان ڕێگر بوونە لە بەردەم گەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی .

باشترین نموونەش لە ماوەی دامەزراندنی دەوڵەتەکانی کوردیان پێوەوە لکاوە ، تاکوو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ . کە سەرکردەکانی کورد لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا . هەموو کاتێك دژی یەکتر بوونە لە سەر حیسابی گەلی کوردستان .

ئا لێرەدا ئەویش بە شەڕی کورد کووژی و دروستکردنی تەگەرەو کۆسپ لە بەردەم مافەکانی گەلی کورد ، ئەویش بە خۆدەوڵەمەند کردن بە پاوانکردنی سامانی گەل و پاراستنی کەسایەتی و بنەماڵەو سەرکردایەتیەکانیان بە لە دەست نەچوونیان و چەندین لایەنی دیکە لە کوردستان بەرامبەر دوژمنانی کورد لە ناوچە و جیهان .

١٩٦٧/٢/١٤ فەرمانی کارگێری بە ژمارە/٧٦٣٥/٦ بە دەرچوونی لە لایەن ڕژێمی تورکیا و لە ڕۆژنامەی فەرمی تورکیا بلاوکرایەوە ، ئەم فەرمانە یاساییە بە رامیاریەتی چەوساندنەوە دە بەخشێت . بەمەش رامیاریەتی چەوساندنەوە گەیاندرا بە چل و پۆپەکان ، حکوومەتی سلیمان دیمیریل ، لە کۆتایی مانگی /١٩٦٨/١ ی هەمان ساڵ بریاری لە سەر ئەم فەرمانەداو پەسندی کردوو ، ناوینا بە – یاسای ڕێکخستنی ڕۆشنبیری – بە پێی ئەم یاسایە زمانی کوردی بە تەواوی قەدەخەکرا لە تورکیا .

ئەم یاسایە هەموو کارێکی زانستی و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و بەلگە نامەیەکی بە کوردی نووسراو قەدەخە دەکات و تەنانەت گۆرانی کوردیش لە سەر کاسێت و قەوان و هەر ئامێرێکی دیکەی تۆمارکردن قەدەخە دەکات

.سەرەرای ئەم هەموو چەوساندنەوە و تەنگ پێهەلچنینەش ، لە رووی زانستیەوە ئەوە یەکلا بۆتەوە کە زمانی کوردی زمانێکی هیندۆگرمانیە و یکجار دوورە لە زمانی تورکیدا.

هەروا ، دەڵێ :- ئەمەو جگە لەوەی کە لە ٨٥٪ ی خەلکی باکووری کوردستان ئاخاوتنی پێدەکەن ، کە کارێکی یەکجار زۆری کردۆتە سەر زمانی تورکی هاوچەرخ ... زانای ئەلمانی - ئەندرباس تیسە - ی پسپۆر لە لێکۆڵینەوەی تورکی ئەمەی لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڤیینا بلاوی کردۆتەوە ، دەربارەی ووشەی کوردی و فارسی لە زمانی تورکی و ئازربایجانی ، یەکلای کردۆتەوەو سەلماندوویەتی ... هەروا لە بەر ئەم هۆکارانە رژێمی تورکیا لە لایەن رۆژنامەو رێکخراوە تورکیە شۆڤینیەکانەوە هان دراون کە بەردەوام بن لە سەر رامیاریەتی پاکسازی کورد لە باکووری کوردستانی لکێدراو بە تورکیا .

هەروا دەڵێ:- رژێمی تورکیا خۆی بە خۆی ئاگری دوژمنکاریەتی کوردی خۆش کردووە ، نەک کورد ، کە بە ئاشکرا تورکی هانداوە کە بە کۆمەڵ کورد بکووژن و رایانگوێزن ، بێ ئەوەی دەسەلاتی دادگای تورکی وورتەی لێووە بێت . یان رای گشتی جیهانی ئاورێك لە دۆزی کورد بداتەوە . هەروا لە چوار چێوەی درێژەی ئەم پرۆسەیە توانەوەو چەوساندنەوەیەدا دەنگی وەها بەرز بوونەوە کە هەزارو یەك کەسەرو داخ دەربرن کە لە جەنگی جیهانیدا و لە گەڵ کووشتنی بە کۆمەڵی ئەرمەنیەکاندا لە ساڵی ١٩١٥ دا . کوردیش بەر بە کۆمەڵ کوژیەکە کەاتووە ، بەلام وەك ئەرمەن نەبووە .

هەروا بۆ ووێنە رۆژنامەی - ئوتووکن - هەرەشەی لە هاوولاتیانی ناوچەکانی باکووری کوردستان کردووە ، کە واز لە داواکردنی زمانی تایبەتی و قوتابخانەو بەرنامەی رادیۆیی و کەناڵی بلاوکردنەوە و گۆشکردنی کورد بە چیرۆك و ئەفسانەی کوردی بهێنن .

جێگەی باسکردنە کە تورك و زمانەکەی وەك مرۆڤێکی تەمەن گەورەو تاکوو ئێستا مردووە ، لە بەر ئەوەی تورك و نەتەوەکەی لە گەڵ سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدا بوونی ئاینی ئیسلام ، پەیتا پەیتا بەرەو دروستبوون

هەنگاوی ناوە لە هەرێمەکەدا .

لە هەمان کات زمانی تورکی لە دوای دامەزراندنی کۆماری توکیا لە دوای ساڵی ١٩٢٩ دا ، زمانی تورکی بە پیتی لاتینی دەنووسرێت و لە ٧٥٪ ی زمانی کوردی فارسی و عەرەبیە و خاوەنی زمان و کەلتوور نەبوونە .

گەر بگەڕێینەوە سەر بەڵگەنامەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ماوەی دەسەلاتی تاکوو هەرەس هێنانی بە باشی ئەوە دەسەلمێنێ کە نەتەوەی تورك و زمانی تورکی دروستکەرە نەك خۆرسکە ، ئەویش لە ئەنجامی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی و پێك هاتەی نەتەوایەتی دروست بووبێ ، وەك کورد ، بەڵام بە داخەوە بە درێژایی مێژوو سەرکردەکانی کورد بە پاراستنی دەسەلات و سامان رێگر بوونە لە بەردەم گەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی ، باشترین نموونەش لە ماوەی دامەزراندنی دەوڵەتەکانی کوردیان پێوە لکاوە ، تاکوو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ . کە سەرکردەکانی کورد لە باکوور و باشوور و رۆژهەلات و رۆژئاوا . هەموو کاتێك دژی یەکتر بوونە لە سەر حیسابی گەلی کوردستان .

تا لێرەدا ئەویش بە شەڕی کورد کووژی و دروستکردنی تەگەرەو کۆسپ لە بەردەم مافەکانی گەلی کورد ، ئەویش بە خۆدەوڵەمەند کردن بە پاوانکردنی سامانی گەل و پاراستنی کەسایەتی و بنەماڵەو سەرکردایەتیەکانیان بە لە دەست نەچوونیان و چەندین لایەنی دیکە لە کوردستان بەرامبەر دوژمنانی کورد لە ناوچە و جیهان .

١٩٦٧/٤/٨ کۆچی دوایی هونەرمەندی شێوەکاری کوێتی و عەرەبی محەمەد دەمخی لە شاری کوێت ، بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری کوێت ... شایانی باسە کە هونەرمەندی شێوەکاری محەمەد دەمخی لە ١٩٤٣/٢/١٥ لە فەریج عەبدوللا کە یەکێکە لەگەڕەکەکانی شاری کوێت چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

ئەم هونەرمەندە هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵیەوە دەستی کردووە بەهونەرە بەهرەدارەکەی و بەدەیا تابلۆی بەرهەم هێناوەو بەشداری لەچەندین ڤیستیڤاڵی هونەری شێوەکاری دیکەی کردووە لەکوێت و لە

وولاتانی دیکەی عەرەبی و لە رۆژهەلاتی ناوەراست .

١٩٦٧/٥/٦ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی – التاخی– لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ، بەهۆی باری لەباری ئەوکات لە ئێراق.

١٩٦٧/٥/١٥ کۆچی دوایی پێشەنگی شێوەکارە ریالیزمەکانی ئەمەریکا – ئیدوار هۆپێر – ... جێگەی باسکردنە کە هۆپێر لە مانگی/١٨٨٢/٧ لە بازرگانێکی شاری – نیاك – ی نزیك رووباری هدسۆنی سەر بە شاری نیورۆکی ئەمەریکا چاوی بەجیهان هەلهێناوە ... هەر لە تەمەنی مندالیەوە حەزو بەهرەی نیگارکێشی لێ بەدیار دەکەوێ و لە سالی ١٨٩٩ بریاردەدات رێگای هونەری بکاتە رێبازی ژیانی .

سەرەرای ئەوەی کە باوکی زۆر هەولی لەگەلدا کە وەك خۆی فێری پیشەی بازرگانی بێت کە داهاتووی ژیانی باشتر مسۆگەر دەکات ... بەلام ئارەزوو هەستی هۆپێر زۆر لەوە جیاوازتر بوو ... هەر لەو کاتەدا روو لە قوتابخانەی هونەری لە شاری نیورۆك دەکات و لەو قوتابخانەیەدا مامۆستا – ولیەم میریس – لە سالی ١٨٤٩ – ١٨١٦ ی شوێن کەوتووی سارجنت کاری دەکرد .

هەروا لە سەر دەستی – رۆبەرت هنری – ١٨٦٩ – ١٩٢٩ کە یەکێك بوو لە باوکەکانی ریالیزمی ئەمەریکا – دەخوێنی و پێی کاریگەر دەبێت کە لە دوای رۆبەرت هنری کە لە هەموو کەس زیاتر کاری تێکردووەم .

هەروا لە سالی ١٩٠٦ دەگاتە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنساو پاش بە سەربردنی چەند مانگێك لەگەشت بۆ شارەکانی لەندەنی پایتەختی

بەریتانیاو ئەمستردام و برۆكسل دەكات ...كاردانەوەی تابلۆی – پاسەوانی شەوانە – ی رامیرانتیش لە مۆزەخانەی رجگس لە ئەمستردام كار لە هەستی هونەری دەكات .

لە ساڵی ١٩١٠ دەگەڕێتەوە ئەمەریكاو لە شاری نیورۆك نیشتەجێ دەبێت و هێندەی پێ ناچێت لەرەوتی نوێخوازی نزیك دەبێتەوەو جارێكی دیكە روو لە ئەوروپا دەكاتەوەو سەردانی چەندین وولات دەكات .

ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی كە یادگاریەكانی ئەوروپا دەكاتە تابلۆ یەكێك لەمانە تابلۆی – سوارپلۆ – ی ناوبوو كە لە ساڵی ١٩١٤ كێشای . دوای ئەوە چەندین تابلۆی كێشا لەوانە تابلۆی – پردی مانهاتن – خۆری بەیانی – بركلین – لە ساڵی ١٩٢٠ یەكەمین پێشانگای تایبەتی خۆی لە یانەی وێتنی دەكاتەوە ، لە ساڵی ١٩٢٣ هاورێی قوتابخانەی – خاتوو جۆنیفسن – دەهێنێ ... لە ساڵی ١٩٢٤ دووەم پێشانگای لە هۆڵی ریپینی لە شاری نیورۆك دەكاتەوە . ئەم هونەرمەندە لەكارە هونەریەكانی بەردەوام دەبێت لە ماوەی ژیانی تاكوو ماڵئاوایی لە هونەر دۆستان و وولاتەكەی دەكات لە ئەمەریكا.

١٩٦٧/٥/١٨ حكوومەتی میسر داوای لە رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان كرد بە كشانەوەی هێزەكانی سووپای كە –٢٤٠٠– سەربازبوون ، كە مابوونەوە لە دوای شەڕی كەنالی سوێس لە ساڵی/١٩٥٦ ، لە هەمان كات ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان داواكەی میسری جێبەجێكرد بە كشاندنەوەی هێزەكانی لە ٥/٢١ی هەمان ساڵ و لە ٥/٣١ی هەمان ساڵ رێككەووتننامەی هاوكاری سەربازی لە نێوان شانشینی ئوردن و حكوومەتی میسر مۆركرا.

دوای ئەوە رژێمی بەعسی لە ئێراق لە ٦/٤ی هەمان ساڵ چووە ناو ئەو رێكەووتنە ، كە ئاكامی بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ٥/ حوزەیران لە نێوان هێزەكانی سووپای ئیسرائیل و هێزەكانی سووپای وولاتانی عەرەبی لە ناوچەكەدا .

لە ئاكامی شەڕی نێوان هێزەكانی سووپای هاوبەشی عەرەبی و ئیسرائیل بووە هۆی لەناوبردنی – ٤٠٠– فرۆكەی جەنگی و مەدەنی میسر لەناو

فرۆکەخانــەی میـسرو وێرانکردنــی -٧٠٠- دەبابـەی میـسرو -١١٠- دەبابەی ئوردن‌و - ٣- ژێرئاوی میسری.

ئەمەیـە شۆڕشـی ئوومـمەی عـەرەبی- کـە رووبـەرووی خـاکی ئیـسرائیل بـەر لەشـەرەکە - ١٣- هـەزار کیلۆمـەتر چوار گۆشـە بـوو کـە چـی لـە دوای ئـەو شـەڕە رووبـەری خـاکی ئیـسرائیل بـووە - ٤٢-چل‌و دووهـەزار کیلۆمـەتر چوار گۆشە لە ناوچەکەدا .

١٩٦٧/٦/٥ هەڵگیرسانی جەنگی نێـوان هێزەکـانی سووپای ئیسرائیل‌و هێزەکانی هاوبەشی سـووپای وڵاتـانی عـــەرەبی ، کـــە هێزەکـانی سـووپای ئیـسرائیل پـەلاماری میـــسرو ســـووریاو ئــوردونی داو ، لــە ئـەنجام بـووە هـۆی داگیر کردنـی کـەرتی ڕۆژئـــاواو داگـــیر کردنـی شـاری قـوودس بـە نـاوی جـەنگی/٦ سـتە حـوزەیران لـە ئـەنجام هێزەکـانی سـووپای عـەرەبی بەسـەرکردایەتی میـسر پاشەکـشەیان پێکـراو هێزەکانی سووپای ئیسرائیل سـەرکەوتنیان لەهـەموو شـەڕەکانی بەدەسـت هێنا بەرامبەر بە وڵاتانی عەرەبی لە ناچەکەدا.

١٩٦٧/٦/١٠ ڕاگرتنی جەنگی نێوان هێزەکانی سووپای ئیسرائیل و هێزەکانی سـووپای هاوبەشـی وڵاتـانی عـەرەبی ، ئـەویش بەیارمـەتی‌و هاوکـاری ڕێکخـراوی نەتەوە یەککگرتووەکان‌و ئەمەریکاو وڵاتی میسر .

کە سەرکردایەتی سەرەکی هێزەکانی وڵاتانی عەرەبی دەکـرد لـە شـارەکەو ناوچەکەدا .

١٩٦٧/٦/٢١ لە دوای کۆتای شەڕ لە نێوان میسرو ئیسرائیل ، سەرەك ئەرکانی سووپای ڕووسیا – مارشال زاخارۆف– گەیشتە میسرو دەستکرا بەگفتووگۆ لە نێوان بەر پرسانی ڕووسیاو میسر.
لە ئەنجامدا دەسەلاتدارانی میسر ڕوویان وەرگیرا بەرەو ڕۆژهەلات و وولاتانی سۆشیالیست بەسەرکردایەتی جەمال عەبدولناسر سەرەك کۆماری میسری عەرەبی لە کێشووەرەکەدا .

١٩٦٧/٧/٦ شەهید کردنی بەرپرسی لیژنەی ناوخۆی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لە لقی هەرێمی کوردستان – رەئوف حاجی قادر– لە بەر دەرگای سەرای سلێمانی لە باشووری کوردستان لە لایەن پیاوانی رژێمی بەعس لە ئێراق لە شارەکە دا.

١٩٦٧/٧/١٢ گرێدانی کۆنگرەی وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات لە مۆسکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەت ، بە هەلسەنگاندنی کێشەو گرفتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، دوای ئەوە کۆنگرەکە گوواستراوە بۆ شاری بۆدایست ، کە ئەوکات ئەلکسی کۆسجینی سەرەك وەزیرانی سۆڤیەت بوو بەشداری لەوکۆنگرەیە کردو دوور لەوەی باسی کێشەی کوردو کوردستان و ئێش و ئازارەکانی بکرێت لەکۆنگرەکەدا .

١٩٦٩/٧/١٧ هەلدانی موشەکی زەبەلاحی ساتۆرن /٥ کەکەشتی ئەپۆلۆ /١١ و سێ کەشتیوانەکەی لەخۆگرتبوو .

١٩٦٩/٧/٢٠ کەشتیوان نیل ئارمسترۆنگ ... ئەو کەسەیە کە بۆ یەکەمجار شوێن پێی خۆی لە سەر خاکی مانگ بەجێ بهێلێ .

١٩٦٩/٧/٢١ یەكـەمین كـەس كە لـە سـەر رووی مـانگ نیشتەوە – نیل ئارمـسترۆنگ – ی ئەمەریكی بوو كە لە كاتژمێر ٣,٥٦ خولەكدا . نەك یوری گارگارینی رووس ، كـە ئـەو تـەنیا بـەدەووری زەویـدا سـورایەوە بـۆ مـاوەی یـەك كاتـژمێرو ٤٨ خولەك لە گەردوون.

تێبینی :– وێنەكەی لە جێگەی دیكە دانراوە لە ناوەرۆكی كتێبەكەدا

١٩٦٧/٧/٢٩ گرێـدانی كـۆنگرەی لووتكـەی وولاّتـانی عـەرەب لـە شـاری خـەرتوومی پایتەختی سوودان ، ئەویش بە بەلێندان لەلایەن سعوودیەو كووێت و لیبیا ، بە قەرەبوو كردنەوەی میسر لەو زیانەی كە لەشەڕی لەگەڵ ئیسرائیل لێی كەووتەوە.

ئـەویش سـعوودیە بـە ٥٠ ملیـۆن جوونـەی ئیسـتەرلینی و كووێت بـە ٥٥ ملیـۆن جوونـەی ئیستـەرلینی و لیبیا بە٣٠ ملیـۆن جوونـەی ئیستـەرلینی، بـەلاّم سـووریا بـە هـۆی دژایـەتی كردنـی سـعوودیە هیـچی بـەر نەكـەوت لەقەرەبووەكەدا.

١٩٦٧/٨/٣ ئەنجامـدانی دوو خۆپیـشاندانی گـەوورە لـە پارێزگـای سـیواس و دیاربـەكر دژی رژێمـی توركیـای داگیر كـەر لەلایـەن گـەلی كورد لـەباكووری كورسـتانی داگـیر كـراوی ژێـر دەسـەلاّتی رژێمـی توركیـا ، كـە پـارتی دیمـوكراتی كوردستان سەرپەرشتی ئەو خۆپیشاندانەی دەكرد لە هەرێمەكەدا .

عزيز الحاج حيدر

١٩٦٧/٩/١٧ بــه هــۆی بــارو دۆخــی ئێــراق و ناوخۆی ئەو پارته له ئاكامدا بووه هــۆی كــەرت بــوونی پــارتی كۆمۆنیــستی ئێــراق ، كــه بــه ترسناكترین كەرت بوون دادەنرێت له مێژووی پارتی كۆمۆنیست ، به ســەركردايەتی عــەزيز حــاج ، كــه دوای ئەوه بووه ڕاوێـژكاری ســەرەك كۆمـاری ڕژێمـی بەعسی لـه ئێراق سەدام حـسێن و نوێنــەری ئەو لـه وولاته جیاجیاكانی جیهان .

١٩٦٧/٩/٢٨ هەڵووەشاندنەوەی ئەو یەكیەتیـەی كـه لـه ساڵی ١٩٥٨ لـه نێوان كۆمـاری میسرو كۆماری سووريا مۆركرا بوو ، ئەويش بەهۆی لێكترازانـی پەيوەنـدی لـه نێـوان وولاتەكانيانـدا ، لەدەسـەڵاته گـۆڕاوه جياجياكـان و كاردانـەوەی شۆڕشـی ١٤ی تـەموزو كودەتـا يـەك لـەدوای يەكـەكانی ئێـراق و سـووريا ، لەلايەن بەعسيەكان و دلخۆش نەكردنی ڕژێمه جۆراو جۆرەكانی وولاتـانی عەرەبی ودورسـت بـوونی دلگرانـی و توونـدڕەوی و تـاك ڕەوی لەدەسـەڵات لەناوچەو هەرێمەكەدا.

١٩٦٧/١٠/٨

خەباتگێڕو قارەمانو تێکۆشەری جیهانی مامۆستا – دکتۆر گیڤارا – زامدار کراو دوای شەهید کردنی لە ١٠/٩ ، هێزەکانی هاوپەیمانان هەر لێی دەترسانو نەیان دەتوانی بچنە سەر تەرمەکەی.... دکتۆر گیڤارا لە خێزانێکی ڕۆشنبیری دەوڵەمەند بووەو ژیانی خۆی بۆ ڕزگار کردنی گەلانی چەوساوە تەرخان کرد بوو لەجیهاندا.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە دەستەیەك پارتیزان ، کە لە ١٧ کەس پێك هاتبوون کە – چێ گیڤارا – سەرکردایەتی دەکردن و لە دۆڵی بۆرۆ خۆیان حەشاردابوو ، لە ئەنجامی شەڕێکی دژوواردا لە گەڵ سووپای پۆلیڤیا – چێ گیڤارا – بە بریندارى لە گەڵ دوو لە هاوسەنگەرەکانی دیکەیدا لە نزیك گوندی – کێبرادا – بە دیل دەگیرێن .

هەروا لەم شەڕەدا تەنها ٦ شەش کەس لە پارتیزانەکان ڕزگاریان دەبێ ... کە لە ژیانێکی زۆر سەختدا دەژیان بێ ئەوەی پەیووندیان بە هیچ لایەن و کەسێکەوە هەبێت و لە برسیەتیشدا خەریکی خواردنی کژوگیاو دارودرەخت و ئاژەڵی کێوی بوون ، بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ و نزیکەی ٩٠٠ کیلۆ مەتر زەویان بە پێ بری تاکووگەیشتنە سنووری وولاتی تشیلی ئەمڕۆ ، بەم هۆکارە سێ لە هاوسەنگەرەکانی مامۆستا گیڤارا ، لە ژیان ماونەتەوە ، کە هەموو ژیانیان لە پێناو ڕزگار کردن وسەربەخۆییدا بوو ، دژی ڕژێمی سەرمایەدار لە جیهاندا .

١٩٦٩/١٠/٢٤ لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن بەعسیەکان لە ١٧-٣٠-١٩٦٩/٨ ڕامیاریەتی خۆیان بەشێووە شێوازێکی دیکە لە پێناو بەرەو بەهێزکردنی

جێ پێگەی خۆیان لە سەر ئێراق :-

هەروا بە هۆی چەندین هۆكاری دیكە لەوانە وەرگیرانی بیروو بۆ چوونیان بەرەو كۆمەڵگاكانی سۆشیالستی و دووركەوتنەوەیان لە وولاتانی رۆژئاواو بە هێزكردنی پەیوەندیەكانیان لە رامیاریەتی دەرەوەیان .

هـەروا رامیاریـەتی ناوخۆیـان بـە تایبـەتی بەرامبـەر بـەكوردو مافـەكانی چەندین هـەنگاوی دڵخۆشـكەریان بـەرەو پێشەوەنا لەوانـە ... كردنـی رۆژی نـەورۆز لـە ٣/٢١ بـەرۆژێكی فـەرمی بەچـەژنی نـەورۆزی كـورد و ، كردنـی زمـانی كوردی بەزمانی فەرمی لـە ئێراق شـان بـە شـانی زمـانی وعـەرەبی و كردنەوەی زانكۆی سەلاحەددین لە شاری سلێمانی لە باشووری كوردستان و هـەروا دەركردنـی چـەند رۆژنامـەو گۆڤار بە زمـانی كـوردی لـە لایـەن ئـەو رژێمە ... ئامانج لەو هەڵوێستانە ئەوە بوو كە جەماوەری گەلی كورد بەلای خۆیاندا رابكێشن .

بەڵام زۆری نەخایاند پـەردەیان لـە سـەر رووی خۆیـان لاداو كەوتنـە هێـرش بردن بۆ سەر گەلی كوردستان و درێژەیان بەشەڕو وێرانكردنی هەرێمەكەدا ... ئەمەش دوای ئەوە هـات كـە زانیـان كـورد بـەو چـەند هەڵوێـست و كارانـە رازی نین لە هەرێمەكەداو لە ژێر دەسەڵاتی بەعس لە ئێراق .

بەڵام دوای ئەوە بەهەوڵ و تەقەلای خێرخوازانی نـاوەوەو دەرەوە ، بـەعس گەیشتە ئەو بروایەی كە ناتوانێت بەئاگرو ئاسن شۆرشی كورد لە ناوبەرێت – و رووی رامیاریەتیەكان و هەڵوێستەكانیان بەرامبـەر بـە گـەلی كوردسـتان گۆری و لە ئاكامی گەیشتن بە قۆنـاخی دەسـت پێكردنـی گفتووگۆ لـە نێوان سەركردایەتی شۆرش و حكوومەتی ناوەندی لە بەغدا .

كـە ئاكامەكەشـی راگەیانـدنی رێكەوتنامـەی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠/ ی لێكەوتەوە لە وولاتەكەدا .

١٩٦٧/١١/٢٠ لە هەرێمی یەمەنی باشوور سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بە ناوی کۆماری یەمەنی دیموکراتی ، لە دوای ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست... دوای ئەوە یەمەنی باکووریش سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، بەناوی کۆماری یەمەنی عەرەبی و لە ئەنجام هەردوو یەمەنی باکوورو باشوور بوونەوە یەك لەدەوڵەتێکی یەکگرتوو لە ٢٢/٥/ ١٩٩٠ بەهەوڵ و یارمەتی وڵاتانی جیهان و دورست بوونی بارودۆخی گوونجا ، بەتایبەتی لەدوای هەرەس هێنانی یەکیەتی سۆڤیەت ، کە یەمەنی باشوور کۆمارێکی سۆشیالیستی سەر بە یەکیەتی سۆڤیەت بوو لە هەرێمەکەدا.

ئەم یەکگرتنەوەیەش لە شاری – سەنعا – ی پایتەخت ئەنجام درا ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی ، ٢٠,١٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وڵاتەکەی ،٥٢٧,٩٧٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٨٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، عەرەب ١٠٠٪ . لە وڵاتەکەدا .

تێبینی:– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان – لە دانانی عەلی کەندی – دانەری مێژوونامەکە .

١٩٦٧/١١/٢٢ دەرچوونی بڕیاری ژمارە/٢٤٢ لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایش نێوودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان ، ئەویش بەدانانی بە

بـوونی دەووڵـەتی ئیـسرائیل و دانـان بـەمافی چارەنووسـی گـەلی فەلەسـتین شان بەشانی دەووڵەتی ئیسرائیل لەهەرێمەکەدا .

١٩٦٧/١٢/١٢ شەهید کردنـی دامەزرێنـەری رێکخـراوی یەکیـەتی قوتابیـانی کوردسـتان – ئەحمـەد عەبـدوڵڵا – کـە نـاوبراو دانیـشتووی شـاری ئامێـدی بـوو سـەبە پارێزگای دهۆك . کە لـەکۆنگرەی چوارەمی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو لێپرسراوی ناوچەی بووە لە بادینان لە باشووری کوردستاندا .

١٩٦٧/١٢/١٩ دامەزرانــدنی ئەنجوومــەنی مەزهــەب شــیعەکانی لوبنــان ، بەیــەکێ لــە دەستکەووتە گرنگەکانی دادەنرا ، لە بەر ئەوەی ئیمام موسا سـەدر تـوانی ئەنجوومەنەکە بکاتە دیارییەك بۆ شیعەکانی لوبنان .

جگە لەوەی کە دامەرزانـدنی ئەنجوومـەنی باشـوور لـە ١٩٧٠/٨/٢٧ لـە ژێـر گووشاری جەماوەر بەرێبەرایەتی ئیمام موسا بوو .

بەتایبەتی پاش مانگرتنی گشتی لە ١٩٧٠/٥/٢٦ ، کەیەکێکی دیکە بوو لـە دســـەتکەووتەکانی مەزهـــەب شـــیعەکان ، ئـــەم هەولآنـــەش بـــووە هـــۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئایینیو نەتەوەیی لە لوبنان ، کە تاکوو ئێستاش ئـەو کێشەیە کاردانەوەی لەسەرگەلانی لوبناندا هەیە لە ناوچەکەو جیهاندا .

١٩٦٨

١٩٦٨/١/٢٣ هێزەکانی سووپای کۆریای باکوور پـەلاماری کەشـتی سـیخووڕی سـەربازی هێزەکـانی سـووپای ئەمـەریکای داو دەسـتی بـە سـەردا گـرت، ئـەویش لـە ئەنجامی کێشەی نێوان کۆریای باشوورو کۆریـای باکوور بووبەپـشتگیری ئەمەریکا لە کۆریای باشوور لەدوورگەکەدا.

١٩٦٨/١/٣١ وولاتـــی نـــۆرۆ سـەربەخۆیی خـۆی ڕگەیانـد ، بـە نـاوی كۆمـاری نـۆرۆ لـە كێشووەرەكە وجیهانـدا ، دوای ماوەیـەكی كـەم توانی ژێرخانی ئابووری گەشە پێ بدات ، ئەویش

بەهۆی دۆزینەوەی فۆسفات لە دوورگەكەدا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – یارین– كە گەرەكێكی گەورەیە ، لە هەمان كاتا بەندەرێكی گەورەی ئەم وولاتەیـە ، ژمـارەی دانیـشتووانی ئـەم وولاتـە ٣٥,٠٠٠ هـەزار كەسـە و ڕووبـەری خـاكی ئـەم كۆمـارەش ٢١ كیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا نـژادەكانی ، نوورانیـەكان ٦٠٪ . باسـفیكی هـە دیكـە ٢٦٪ . چینی ٨٪ . ئەوروپی ٨٪ . لە وولاتەكەدا .

١٩٦٨/٤/١٣ سـەرەك عەشـیرەتی عـەرەبی – تـەی– شـێخ حەنـەش داگیركـەری ناوچـە كوردیـەكان ، بە تایبـەتی ناوچـەی كەندێناوەی سـەر بە قەزای مـەخموری پارێزگای هەولێر لە باشووری كوردستان ، لە پێناو خۆسەپاندن وخۆ كردن بە خاوەنداریەتی لە سەر خاكی كورد .

دوای ئەوە لەلایەن هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان لـە دەشتی هـەولێر لەناو برا لە هەرێمەكەدا .

١٩٦٨/٥/٥ شەهید كردنی دوو تیكۆشەرو شۆڕشگێری ڕۆژهەلاتی كوردستانی داگیر كراوی ژێر دەسەلاتی فارس لە ئێران لەلایەن لایەنگرانی ڕژێمی شالە ئێران لە هەرێمەكەدا.

١٩٦٨/٥/٢٩ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندی نێوو دەوولەتی لە گەڵ ڕۆدیسیا ڕاگەیاند ، لە بواری ئابووریو بازرگانی و هاتوچۆو مۆلەت پێ نەدانی بەپاسەپۆرتو چوونە ناو ڕۆدێسیا ، واتە هاتوو دەرچۆ قەدەخەكرا.

١٩٦٨/٧/١٧ لابالێ ڕاستڕەوی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە ئێراق کودەتای کۆتایی ئەنجام دا ، دژی هەڤاڵانی جیاواز لە بیروو بۆچوون و لە ئەنجام لێی سەرکەووتن ، لە هەموو بوارەکانی دەسەلات و پارت... شایانی باسە ئەو لابالە راستڕەوە لەدسەڵات بەردەوام بوو تاکوو رووخاندنی لە لایەن هێزەکانی وولاتانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە لە ٢٠٠٣/٤/٩ لە ئێراق.

١٩٦٨/٨/١ کۆچی دوایی دۆستی کوردو خەمەکانی و پێشەوای پارتی نیشتمانی دیموکراتی ئێراقی – کامل چادرچی – لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، بەمەش کورد کەسایەتی و پشتیووانێکی بەوەفای لەدەستدا لە ئێراق و ناوچەکەدا.

١٩٦٨/٨/٢٠ لە دوای دورست بوونی جوولانەوەی بەرهەڵستکاری لە پۆلەندا دژی دەسەلاتی کۆمۆنیستەکان و هێزەکانی سووپای پەیمانی وارشۆ ، ئەو جوولانەوەیەی لە ناو بردو رامیاریەتی بەهاری براگی گرتەبەر دژی هەرجوولانەوەو بیروو بۆچوونێکی دەسەڵاتەکەیان .

١٩٦٨/٨/٣٠ کۆچی دوایی نووسەرو مێژوو نووسی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد مامۆستا – سالح قەفتان – لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشوری کوردستان.

١٩٦٨/٩/٦ وولاتی سوزیلنده سەربەخۆیی خۆی بەجیابوونەوەی لەژێر پارێزراوی بەریتانیا ڕاگەیاند لەناو کۆمەنوولسی بەریتانیا و بەئەندام بوونی لەناو کۆمەنوولسی بەریتانیاو ڕژێمی شانشینی ڕاگەیاند

بە سەرکردایەتی سۆبۆزای دووەمو بووە شانشینی وولاتەکە.

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری -میابین- ی پایتەخت ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٦٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ،١,١٨٨,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١٧,٢٦٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ١٦٧، کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ئەفەریکی ٩٧٪ . سوازی . زولو . تونگا . شنگان . ئەوروپە ٣٪ لە وولاتەکەدا .

١٩٦٨/٩/٢٤ ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بە ڕەسمی دانینا بە جەژنی نەورۆز لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، بەلام لە ناوەندو باشووری ئێراق نازەند بوو بەجەژنی دارو درەخت ، بەلام سەرەڕای ئەوەش لە باشووری ئێستای ئێراق بە تایبەتی عەرەبی مەزهەب شیعە ئەو ڕۆژ بەجەژنی نەورۆز دەزانن و بەردەوامن لە ئاهەنگ گێران بەر لە ئایینی ئیسلامیش گەلانی دانیشتووی ناچەکە بە لە هاتنی عەرەب لە ڕێگەی فتوحاتی ئیسلامی تاکوو ئێستا لە ناوچەکەدا .

١٩٦٨/١٠/٩ سەرەك کۆماری ئێراق و ئەمینداری گشتی پارتی بەعس لە ئێراق ئەحمەد حەسەن بەکر لە لێدوانێکیدا ووتی:-

ئێمە بەدەستێکی پۆلاین لە دووژمنەکانمان دەدەین -، واتە مەبەستی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە ، ئەویش بەهۆی بەرزی

توانای کورد لەبەرگری کردن لەمافە ڕەواکانی کوردو کوردستان .

١٩٦٨/١٠/١٢ بڵاوکردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی گۆڤـاری – نـور– بـە سەرپەرشـتی عومـەر دەبابە ، کە ئەوکات زمان حاڵی پارتی شۆڕشگێری کوردستان بوو ، بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی ، کە هاوپەیمانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بوون لە ئێراقدا ، کە لابالێ جیابوونەوە بوون لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستاندا .

١٩٦٨/١٠/١٢ وڵاتـی کینیـای ئیستوائی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، ئـەویش بـە دەرچـوونی لــــەژێر دەســـــەڵاتی ئەسپانیاو– ماکیاس نگوما – بـــووە یەکـــەم ســـەرەك کۆماری گینیای ئیستوائی، کە لە هۆزی –مانژ– بوو، بـەڵام لــە دوای وەرگرتنــی دەســــەڵات ڕامیاریـــەکی شۆڤێنی بەرچاوتەنگی نەتەوەیی گرتە بەر ، بەرامبەر هۆزی – بۆبی–کە بووە هۆی دروست بوونی تەنگـژەی ڕامیـاریو ئـابووریو لێـك ترازانـی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو داخستنی کەنیسەکان لە وڵاتەکەدا .
ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – مـالایۆ–ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٨٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمارەی دانیـشتووانی وڵاتەکەی ، ٥٨٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وڵاتەکـەی ، ٢٨,٠٥١ کیلۆ مـەتر چوار گۆشـەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٥٣٢ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نـژادەکانی ، فانژ ٨٥٪ . یۆبی١٠٪ . لە وڵاتەکەدا .

١٩٦٨/١٠/١٢ پێشبڕکێی یاریەکانی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات– لە شاری مەکسیکۆی پایتەختی مەکسیك ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ١٠/٢٧/ هـەمان سـاڵ ، لە نێوان یانەکانی وەرزشی لە وڵاتانی بەژدار بوو لە جیهاندا.

١٩٦٨/١٠/٢٣ بۆیەکەم جار لە مێژووی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق زانکۆی سەلاحەدین لە پارێزاگی سلێمانی دەرگای کرایەوە بە دامەزراندنی لەلایەن دەسەڵاتی نوێی ڕژێمی بەعس ، لە ئەنجامی هەوڵو خەباتی بەردەوامی گەلی کوردستان .

١٩٦٨/١١/١٦ ڕۆژنامەی بە ناوبانگی فەرەنسی – لۆمۆند– بابەتێکی لە سەرباری دەسەڵاتو هەڵس وکەوتی ڕژێمی شاو پەیوەندی لە گەڵ دانیشتووانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی شا لە ئێرانو دژایەتی ڕژێمی شایەتی لە ئێران بڵاوکردەوە ، بە هێرش کردنە سەر کوردی ڕۆژهەڵات لە کوردستان .

١٩٦٨/١٢/٢٨ هێزەکانی ئاسمانی سەربازی ئیسرائیل ، کە پێکهاتبوون لە هەشت فڕۆکەی جەنگی ئیسرائیل . پەلاماری فڕۆکەخانەی نێوودەوڵەتی بەیروتی پایتەختی لوبنانیان داو لەئەنجام ، بووە هۆی تێك شکاندنی فڕۆکە بازرگانیو گەشتو گوزاریەکانی لوبنان ، کە ژمارەیان ١٣ فڕۆکە بوو بەنرخی ٤٣/٨٠٠ ملیۆن دۆلار کرا بوو جگە لە زیان لێکەوتنی فڕۆکەخانەکە لە وڵاتەکەدا .

١٩٦٨/١٢/٣١ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان ئیسرائیلی تاوانبار کرد بە هەڵسانی بە بۆردومان کردنی فڕۆکەخانەی بەیروتی نێوودەوڵەتیو دروستکردنی بەکارێکی نایاسایيو دوور لەیاساکانی نێوو دەوڵەتی ، کە بەرامبەر بە لوبنان ئەنجامیاندا .

١٩٦٩

١٩٦٩/١/٢٥ سەرەتای دەست پێکردنی گفتووگۆ لە نێوان شۆرشگێرانی ڤیتنامی بە سەرکردایەتی هۆشی منەو حکوومەتی ئەمەریکا لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

١٩٦٩/١/٢٧ ڕاگەیاندنی پارتو حکوومەتەکانی وڵاتانی سۆشیالیستی ، کە شەش وڵات ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەیان بڵاوکردەوە ئەوانیش ، کە یەکیەتی سۆڤیەتو ، ئەڵمانیای دیمەکراتیو ، پۆڵەنداو ، تشیکۆڤاکیاو ، مەژەرو ، بوولگاریا ، داوای چارەی کێشەی فەلەستینیان بەشێوەیەکی

دادپەروەرانە کرد ، بە ناوزەند کردنی کە مافی خۆیەتی ، لە بەر ئەوەی ڕێکخراوێکی تێکۆشەرو خەباتگێڕی نیشتمانی دژ بەئیمپریالیزمە لە ناوچەکەدا .

١٩٦٩/٣/١٠ تیرۆر کردنی سەرکردەو پێشەوای زنجیەکان– مارتن لوسەر کینگ– لە وولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا... شایانی باسە ئەم مرۆڤە بەرگری لە مافی مرۆڤو دژ بە هەموو جۆرە چەوساونەوەیەکی رەگەز پەرستی بوو لە هەموو بوارەکان لە جیهاندا.

١٩٦٩/٤/١٧ سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی کۆماری تشیك ئەسکەندەر دویشیك دەستی لە سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی تشیك کێشاوە ، ئەویش بەهۆی کێشەو ململانێی جیاواز لەبیروبۆچوون ، دوای ئەو هۆزال جێگەی گرتەوە . کە بووە هۆی دەرکردنی سێیەکی ئەندامانی پارتەکەو گەمارۆدانی ڕۆژنامەکان لە وولاتەکەدا .

١٩٦٩/٤/٢٠ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری رزگاری لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٦٩/٥/٢٣ ئیمام موسا سەدر بەسەرۆکی ئەنجوومەنی مەزهەب شیعەکانی لوبنان هەڵبژێدرا ، لەپێناو جێبەجێکردنی مەبەستو خواستەکانی لەناو پێك هاتەوو ئایینەکانی لوبنان ، لەنێوان مەزهەب شیعەو سوونەی ئیسلام ، جێگەی باسکردنە کە ئیمام موسا سەدەر لە نەتەوە فارسەو لە دایك بووی ئێرانە .

١٩٦٩/٥/٢٧ شاری دهۆك لە قەزایەکی سەر بە پارێزگای مووسڵ کرا بە پارێزگاو لە پارێزگای مووسڵ جیاکرایەوە لە باشووری کوردستان.

١٩٦٩/٧/٢٠ بۆ یەکەم جار لە مێژووی زانایانی ئەمەریکا مرۆڤ توانی لە سەر مانگ بێتە خواریو بەپێ بڕوات ، ئەویش ئەمەریکی بوو بە ناوی – نیل ئەرمسترونج– لە وولاتەکەدا .

١٩٦٩/٧/٢٤ بۆ یەکەم جار لەمێژووی جیهان کەشتی ئەپۆلۆ/ ١١ گەڕاوە سەر زەوی لەدوای چوونە سەر مانگ بە ئەنجامدانی کارە دیاریکراوەکان.

١٩٦٩/٨/١٩ لە دوای کۆچی دوایی ستالین لە ١٩٥٥/١٢/١٣ دا ، کۆنترۆل و چاودێریان لە سەر ئەڵمانەکانی دانیشتووی ژێردەسەلاتی سۆڤیەت هەڵگرت ، بەلام

لێبووردنی تەواویان لەم ڕۆژە بۆ دەرچوو بواریان نەدانێ بگەڕێنەوەو قەوارەکەیان پێك بهێننەوە . تەنانەت لە کۆماری کازاخستانیش پەرلەمان بڕیاری مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەلمانەکانی ڕاگوێزراوی ئەو کۆمارە لەچوارچێوەی کازاخستان دەرکرد ، ئەویش جێ بەجێ نەکرا .

سالآنی هەفتای سەدەی بیستەم ژمارەیەکی زۆر لەو ئەڵمانیانە گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەلآتی سەربە یەکێتی سۆڤیەت ، لە ساڵی ١٩٨٩ سەد هەزار کەس و ، لە ساڵی ١٩٩٠ سەدوپەنجا هەزار کەسی دیکەیان گەڕانەوە ئەلمانیاو ئەم کۆچە بە کۆمەڵ تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە کێشووەرەکەدا .

١٩٦٩/٩/١ لە ئەنجامی سەرکەووتنی کودەتای سەربازی ، کە لەلایەن سەرهەنگ موعەمەر قەزافی ئەنجامدرا .

ئەویش بە هەڵووەشاندنەوەی ڕژێمی شانشینی و شانشین ئیدریس لە سەر کورسی شانشینی هێنرا خوارێ و ڕژێمی کۆماری لە لیبیا ڕاگەیاندراو تاکوو ئێستاش قەزاف لە دەسەلآت بەردەوامە لە سەر وولآتەکەدا .

<u>تێبینی:-</u> بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان .

١٩٦٩/٩/١٦ هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق هێرشیان کردە سەر گوندی - سووریای- لە سێگۆشەی سنووری نێوان ئێران و ئێراق و تورکیای خاکی کوردستان ، لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەیە نزیکەی ٦٠ هاووڵاتی لە دانیشتووانی گوندەکە گوولە باران کران و بە سەدان دەربەدەر بوون لەگەڵ خێزانەکانیان لە ناوچەکەدا .

١٩٦٩/٩/١٩ شاندێکی ڕژێمی ناوەندی بەعس لە بەغدا ، کە پێك هاتبوون لە سامر

	عەزیز نەجم و فوئاد عارف چوونە ناوپردان بۆ چاوپێکەووتنیان بە بارزانی ، لە پێناو گفتووگۆ کردنیان لە سەر باری کوردو چارەی کێشە هەڵوواسراوەکانی مافی کورد لە باشووری کوردستان.
١٩٦٩/٩/٢٥	ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە پایتەختی شانشینی مەغریب دامەزرا ، کە ئێستا -٥٦- وولاتی ئیسلامی تێیدا ئەندامە ، ئەمەش بەهۆی سووتاندنی مزگەووتی ئەقسا بوو لە فەلەستین لە١٩٦٩/٨/٢١ی هەمان ساڵ لەلایەن چەند کەسانێکی توندڕەوی جوولەکە لە ئیسرائیل .
١٩٦٩/١٠/١٥	دەبوایە شەڕی ناوخۆی سۆماڵ بەرپا ببووایە ، ئەویش بەهۆی تیرۆرکردنی سەرۆك – کووشتنی –و تووڕەیی جەماوەر. بەڵام هۆکاری هەڵنەگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لەئەنجامدانی کودتایەکی سەربازی ئاشتیانە بوو ، ئەویش بەدیاری کردنی سنوورێك لە بارودۆخی سۆمال و دامەزراندنی – ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش- بەسەرکردایەتی محەمەد سیاد بەری لە وولاتەکەدا .

لەپەنجەرە گەڕاوەو لە دەرگا چووە دەرەوە...؟.

١٩٦٩/١٠/٢٤	لە دوای وەرگرتنی دەسەلاّت لە لایەن بەعسیەکان لە ١٧-٣٠-١٩٦٩/٨ رامیاریەتی خۆیان بەشێووە شێوازێکی دیکە لە پێناو بەرەو بەهێزکردنی جێ پێگەی خۆیان لە سەر ئێراق :- هەروا بە هۆی چەندین هۆکاری دیکە لەوانە وەرگیرانی بیروو بۆ چوونیان بەرەو کۆمەڵگاکانی سۆشیالستی و دوورکەوتنەوەیان لە وولاتانی رۆژئاواو بە هێزکردنی پەیوەندیەکانیان لە رامیاریەتی دەرەوەیان .

هەروا رامیاریەتی ناوخۆیان بە تایبەتی بەرامبەر بەکوردو مافەکانی چەندین هەنگاوی دڵخۆشکەریان بەرەو پێشەوەنا لەوانە ... کردنی رۆژی نەورۆز لە ٣/٢١ بەرۆژێکی فەرمی بەچەژنی نەورۆزی کورد و ، کردنی زمانی کوردی بەزمانی فەرمی لە ئێراق شان بە شانی زمانی وعەرەبی و کردنەوەی زانکۆی سەلاحەددین لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان و هەروا دەرکردنی چەند رۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی لە لایەن ئەو رژێمە ... ئامانج لەو هەڵوێستانە ئەوە بوو کە

جەماوەری گەلی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن .

بەلام زۆری نەخایاند پەردەیان لە سەر رووی خۆیان لاداو کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر گەلی کوردستان و درێژەیان بەشەڕو وێرانکردنی هەرێمەکەدا ... ئەمەش دوای ئەوە هات کە زانیان کورد بەو چەند هەڵوێست و کارانە رازی نین لە هەرێمەکەداو لە ژێر دەسەلاتی بەعس لە ئێراق .

بەلام دوای ئەوە بەهەوڵ و تەقەلای خێرخوازانی ناوەوەو دەرەوە ، بەعس گەیشتە ئەو بروایەی کە ناتوانێت بەئاگرو ئاسن شۆرشی کورد لە ناوبەرێت — و رووی رامیاریەتیەکان و هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بە گەلی کوردستان گۆری و لە ئاکامی گەیشتن بە قۆناخی دەست پێکردنی گفتووگۆ لە نێوان سەرکردایەتی شۆرش و حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا . ئاکامەکەشی راگەیاندنی رێکەوتنامەی ئاداری سالی /١٩٧٠ ی لێکەوتەوە لە وولاتەکەدا .

١٩٦٩/١٢/٣١ دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، بەهۆی گۆڕینی رامیاریەتی ڕژێمی بەعس لە ئێراق بەرامبەر کوردو بەرەو چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو بوارە جیا جیاکان لە باشووری کوردستان.

١٩٦٩/١٢/٣١ شاندێکی رژێمی بەعسی لە ئێراق ، کە لە حەردان تکریتیو عەبدولخالق سامەرائی وتاریق عەزیز پێك هاتبوون ، سەردانی ناو پردانیان کرد ، لە پێناو گفتووگۆکردن لەگەڵ بارزانیو سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول ، ئەویش لەپێناو گەیشتن بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەباشووری کوردستانی لکێندراو بەئێراق.

١٩٧٠

١٩٧٠/١/٩ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاری لەشاری بەغدای پایتەختی ئێراق.

١٩٧٠/١/١٠ جێگــری ســـەرۆکی ئەنجوومـــــەنی ســــەرکردایەتی شۆڕشـــی ڕژێمـــی بەعس لە ئێراق سەدام حـــسێن ، چـــووە دیدەنی بارزانی کە لە نـــاوپردان چـــاویان بەیەك کەوت بۆ گفتووگۆکردن ، لەپێناو چارەسەر کردنی مافەکانی کورد لەباشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق لە ناوچەکەدا .

١٩٧٠/٢/١٠ بۆ یەکەم جار لە ئێراق یەکیەتی نووسەرانی کورد دامەزراندنی خۆی لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ڕاگەیاند، لەپێناو کۆکردنەوەی نووسەران لە یەکیەتیەکی پتەوی خەباتگێڕ، لەپێناو بەرز کردنەوەی هەستو هۆشمەندیەتی نەتەوەیی و نیشتمانی و زمانو مێژوو دابو نەریتو کەلتوورو شارستانیەتو شووێنەوار لەباشووری کوردستاندا .

١٩٧٠/٢/١٩ ئەرشێفەکانی بەریتانیاو فەرەنساو بە تایبەتی ڕووسیای پێشووی قەیسەری و دوایش سۆڤیەت دەوڵەمەندترین ئەرشێفن لە جیهان بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان ، لەو بەڵگەنامانەی کە لەوێ پارێزراون کە بە هەزاران بەڵگەنامە لە سەر کوردستان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەن . کەتاکوو ئێستا بڵاونەکراونەتەوە یاخوود بەدەست کورد نەکەوتووە و یەکێك لەو بەڵگەنامانەش ئەمەی خوارەوەیە کە :-

لە ژووری دەبلیوو/١٣٢ بۆ بەڕێز پی تارئیم هینگلیف لە بەشی ناوەراستی ناوین ... داوننیل ستریت ئێس تی ڕۆژئاوا بە ناونیشانی :- ئێراق و دۆزی کورد . لە پەیوەندی تەلەفۆنی نێوانماندا باسمان لەو نووسینەی بریماکۆف کرد کە لە ڕۆژنامەی پراڤدای سۆڤیەتی زمان حاڵی پارتی کۆمۆنستی سۆڤیەت لە ١٩٧٠/١/٢٩ بڵاوکرابووەوە ... دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد . لەخوارەوە ئەو بۆچونانەی کە لە پەیوەندی تەلەفۆنی بەڵێنم

پێدابووی دەیخەمەروو :-

١- ئێستا لە شاری بەغدا بەشێوەیەکی ئاشکرا و فراوان دژایەتی حکوومەت بەدی دەکرێت . کە لە لایەن دەزگای هەواڵگەری ئەمەریکاو هێزە بیانیەکانی دیکە بایەخی پێدودرێت .

٢- لە سەرچاوەیەکی ئاگادارو باوەرپێکراو زانراوە , کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکە گفتووگۆ لە نێوان نوێنەرانی حکوومەتی بەغداو بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە ئارادایەو سەرکەوتوانە بەرێوەدەچێ ... و لە سەر چەندین بابەتی گرنگ پێکهاتوون ، ئەگەر گفتووگۆکان بەم شێوەیە بەرێووە بچن و هەردوو لا بەوپەری لەخۆبووردن و تێگەیشتن و متمانەکردن وبەیەکتری باس لە پلان و شێوازی چارەسەر کردنی کێشەکان دەکەن و سەرکەوتوو دەبن لە ئەنجامدا .

٣- لە کۆتاییدا چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد بۆتە بەربەستێکی گرنگ لە بەشداری نەکردنی پارتی کۆمۆنیست و رێکخراوە چالاکەکانی دیکەی وولات لەحکوومرانی وولات لەگەڵ حزبی بەعسی رەگەز پەرست و پرۆسەی وولات و پێشکەوتنی دەگەرێتەوە بۆ چارەسەری کێشەکان و هاوکاری سەرجەم هێزو لایەنەکانی ئێراق

٤- ئێراق گەیشتۆتە ئاستێکی مێژوویی گرنگ و باش دەزانێت کە یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵ شێووە چارەسەرکردنێکی ئاشتیانەو دیموکراسیە بۆ کێشەی کورد کە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئایندەی ئێراق و ، گەلانی سۆڤیەت خۆشحاڵ دەبن بە بینینی هەر سەرکەوتنێك سەبارەت بەو کێشەیە کە بەشێکە لە هۆکاری بەهێزبوونی رژێمی نەتەوەی لە ئێراق و سەرکردایەتی کردنی عەرەبە رەگەزپەرستەکان دژی ئیمپریالیەت .

K A bishop بەشی سۆڤیەت ... بالیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا .

١٩٧٠/٣/٥ مۆرکردنی رێکەووتنامەی قەدەخە کردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ٤٣ وولات لە وولاتانی پەیوەندداەکان لەجیهان و بەجێبەجێکردنی

ئەو ڕێکەووتننامەیە لە جیهاندا .

١٩٧٠/٣/١١ ڕاگەیاندنی ڕێکەووتننامەی ئادار بە داننان بە مافی ئۆتۆنۆمی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان و بلاوکردنەوەی لەلایەن سەرەك کۆمارو سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێمی بەعس ئەحمەد حەسەن بەکر، ئەمەش لە دوای گفتووگۆی چڕو هەوڵێکی بێ ووچان بوو ، لە نێوان سەرکردایەتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە هەرێمی باشووری کوردستان و هاتنە کایەوەی باریکی دڵخۆکەر لە ئێراقدا .

جێگەی روونکردنەوەیە کە ڕێکەوتننامەی ئاداری/١٩٧٠ گەر خەباتی بەردەوامی بۆ بکرایە لە لایەن سەرکردایەتی ئەو کاتی شۆڕشی ئەیلول ، زۆر پیرۆزتر و باشتر بوو لە یاساکانی ئیدارەی دەووڵەتی ئێراق .

لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە ئێراق بە سەر کردایەتی سەدام حوسێن و دەستووری هەمیشەیی ئێراق لە دوای دەنگدان لە سەری لایەن گەلانی ئێراق .

لە بەر ئەوەی گەر بەراوردێك لە گەڵ ڕێکەووتننامەی ئاداری/١٩٧٠ بکرێت لە گەڵ یاسای ئیدارەی دەووڵەتی ئێراق و دەستووری هەمیشەیی ئێراق ، هێشتا ڕێکەووتننامەی ئادار کێشەی کەمتر بوو لە جێ بە جێکرنیدا لە نێوان کوردو دەسەلاتی ناوەندی لە ئێراقدا . وەك ئەوەی خەبات و کۆشش و کێشەو ململانێ لە سەر ماددەی /١٤٠ ی دەستووری ئێراق و ماددەی /٥٨ ی یاسای ئیدارەی دەووڵەتی ئێراق لە نێوان دەسەلاتی نوێی دوای سەدام و سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان دەکرا .

لە بەر ئەوەی کورد چ لە بەند و خاڵ و برگەکانی ڕێکەوتننامەی ئادار و ماددەی /٥٨ لە یاسای ئیدارەی دەووڵەت و ماددەی /١٤٠ لە دەستووری هەمیشەیی ئێراق ، بە خۆی کێشەی بۆ خۆی دروستکردیە بە هەڵگرتنی پشکۆیەکی ئاگر ، یا خوود چەکێك و ڕووبەڕووکردنەوە بەرەو گەلی کورد بە ڕوو بەڕووکردنەوەی بە مافەکانی کورد لە باشووری کوردستان لە هەموو بوارەکان ، بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی و نیشتمانی لە هەرێمەکەدا .

لە بەر ئەوەی لە سەردەمی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئاداری /١٩٧٠ ناوچەی دابراو نەبوو چ لە پارێزگای کەرکوك و چ لە دیالە و چ لە موسل و چ لە هەولێر و ، گفتووگۆش لەگەڵ سەرکردەکانی بە عسی زۆر ئاسانتر بوون ، نەوەك سەرکردەکانی ئێراق دوای ڕووخاندنی سەدام لە ئێراقدا .

لە هەمان کات ئەو کاتە کێشەی هەردوو مەزهەب شیعەو سووننەی عەرەب نەبوو , هەروا کێشەی تورکمان نەبوو لە گفتووگۆکانیاندا , بوودژە و ڕێژە کەمتر دەبوو لەوەی ئێستا هەیە , تەنیا ئەوە نەبێ ، کە پارێزگای کەرکوك بە کارگێریەکی هاوبەش لە نێوان کوردو عەرەب دابەشکرا لە هەرێمەکەدا .

دەکرا کە ئەو کات ڕێژەی کورد لە پارێزگای کەرکوك زۆر لەوەی ئێستا

زیاتر بوو لە هەموو بوارە جیا جیاکان لە شارەکەدا , هەروا بە عەرەبکردن وئاوارە کردنــی وەك ئـەوەی ئێـستا هەیـە ئـەوکات نـەبوو لــە پارێزگــاو ناوچـەکانی باشـووری کوردسـتان بـە تایبـەتی لـە پارێزگـای کورکـوك لـە هەرێمەکەدا .

هەروا چەندین قەزاو ناحیە هـەر سـەر بـە پارێزگـای کـەرکوك و هـەولێرو دهـۆك و بـوون ، نـەك وەك ئـەوەی ئێستا ... هەروا لـە لایـەکی دیکـە کێـشەو ململانێـی نـاوخۆی کـورد لـە گـەڵ کـورد وەك دوای سـاڵی ١٩٨٠ نـەبوو ، لـە رووی کـورد کـوژی و مەرگەسـاتەکانی دیکـە لـە وێرانکردنـی ٤٥٠٠ گونـدو ئەنفال و کیمیا باران و هی دیکەش لە هەرێمەکەدا ...؟...!.

هەر ئەوەندە دەڵێم و ووتەکانیشم بۆ مێژووە لە بەر ئەوەی کتابەکەم بە ناوی ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەیە.

١٩٧٠/٣/١٤ کوونـسڵی ئەمـەریکا لـە شـاری تـارانی پایتـەختی ئێـران بروسـکەیەکی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کرد ، بە نـاوی – ئیسرائیل و کـورد– کە لە بروسکەکەیدا هاتووە:–

سەرەڕای من لە سعوودیە کار دەکەم ، بەڵام تاقیکردنەوەم لە سـەر کێشەی کورد لە ئێراق هەیەو دەمەوێ بەسێ خاڵ بۆتی روون بکەمەوە:–

١– دەبێ ئەوە باش بزانین کە شای ئێـران هـانی کوردەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی ئێراقـی داوە ، بە یارمـەتی دانیـان بـە پـارەو چـەك بـۆ راپـەڕین دژی رژێمـی بەعسی لە ئێراق ، سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا شای ئێران دەڵێ :– ئێمـەش کوردمان تیایەو بۆتە هەمان کێشە لە ئێران.

٢– دەبـێ ئـەوەش بـزانین کـە رژێمـی ئیـسرائیل پـشتگیری شـای ئێرانـی کردووە بۆ هاندانی کورد لە باکووری ئێراق بۆ نانەوەی راپەڕین دژی رژێمی ئێراق.

٣– بـەر پرسـی رۆژهـەڵاتی خـوارووی لـە وەزارەتـی دەرەوە هەرسـی هێنـا بـە ئاگـادارکردنی بالوێزمـان لـە تـاران هەڵسا بـە چـاوپێکەووتنی لـە گـەڵ شـای ئێران و هۆشداری کردەوە بەرامیاریەتی و هاندانی کورد لە ئێراق.

١٩٧٠/٣/٢٠ ڕۆژنامەنووسی ئەلمانی– ڕۆلف شکۆز– لە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند ، کە کوردەکان کۆمەنیستن و بزووتنەوەکەیان بە پەنجەی سۆڤیەت بەڕێوەوە دەچێت لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٠/٣/٢١ لە دوای مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی/١١ ئادارو بەو بۆنە لە شاری بەغدا خۆپیشاندانێکی ئاهەنگگیری مەزن ئەنجامدرا ، کەکوردە دانیشتووانەکانی شاری بەغداو لقی/٥ی شاری بەغدای پارتی دیموراتی کوردستان . بەشداریان تێدا کردو لە هەمان کاتیش جەماوەری پێکهاتەی شاری بەغداش بەشداریان تێدا کرد لەگەڵ بەعسیەکانیش ، کە ئاهەنگەکەش لە گۆڕەپانی – تحریر– کۆبوونەوە .
کە سەرەك کۆماری ئێراق ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام و مەسعوود بارزانی و ئیدریس بارزانی و چەندین کەسایەتی دیکە بەشداریان تێدا کرد بەوتار خووێندنەوە... بەڵام ...!.

١٩٧٠/٣/٢٢ گرێدانی کۆنگرەی یەکەمی وەزیرەکانی دەرەوەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی ، لە شاری نەژدی شانشینی سعوودیە ، ئەمەش لە دوای شەش مانگ لەسووتاندنی مزگەووتی ئەقسا بوو لە فەلەستین لەلایەن جوولەکە توندرەوەکان.

١٩٧٠/٣/٢٧ کۆچی دوایی هونەرمەندی لێهاتووی هەژاری مامۆستا ئیبراهیم سەعید مولود بەنازناوی – ئیبراهیم حەزین – لە شاری سلێمانی ... شایانی باسە

ئەم هونەرمەندە لە سالّی ١٩١٧ لەگەرەکی بازارە بچکۆڵەی شاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... لە ژیانیدا دوو جار ژنی هێناوە کە لە ژنی یەکەمی ١٢ منداڵ هەبووە ... حەزین ماوەیەك لە هەولێر ژیان بەسەر دەبات .

مامۆستا حەزین لە ژیان بەدەیا کاری کردووە لە پێناو دابینکردنی بژێووی ژیان ... مامۆستا حەزین لە ساڵی ١٩٤٣ – ١٩٤٤ بەیاوەری مامۆستا رەفیق دەچێتە بەغداو لەویٚ چەندین گۆرانی لە وێستگەی رادیۆی بەغدا لە بەشی کوردی تۆماردەکات .

١٩٧٠/٤/٦ بەرپرسی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی یەکیەتی سۆڤیەت– بریماکۆڤ – بابەتێکی لە ڕۆژنامەی پراڤدای زمانحالی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بلاّو کردەوەو تیایا گوتی:–

کێشەی کورد لە باشووری کوردستان کۆسپ دەخاتە پیش گۆڕانکاریەکان لە ئێراقی بەرەو چەپ ، کە ئەمەش پێوویستە لەسەر پارتی کۆمۆنیست هەولّ چارەسەرکردنی بدات لە ئێراقی بەرەو دیموکراسی و سۆشیالیستی لە هەرێمەکەدا.

١٩٧٠/٤/٢٤ بە هۆی پێشبڕکێی گەردوونی لە نێوان وولاّتانی جیهان ، کۆماری چینی مللی یەکەم مانگی دەستکردی وولاّتەکەی بەرەو بۆشایی ئاسمان ڕەوانە کرد لە وولاّتەکەیدا .

١٩٧٠/٥/١ لە کۆماری زیمبابۆی بەرەی ڕژێمی کۆماری ڕاگەیەندرا ، بەلاّم بووە هۆی بەرهەلّستکاری کردنی زۆر ، بۆ ئەو ڕاگەیاندنەو کاردانەوەی لە سەر پەیوەندی ناوخۆو نێوو دەوولەتی کرد ، کە نۆ وولاّت بنکەی کوونسلیەی تایبەتی خۆیان لەو وولاّتدا داخست لەوانە حکوومەتی ئەمەریکا.

١٩٧٠/٥/٤ جـەماوەری شـاری سـلێمانی و دەوورووبـەری لــە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ، تـەرمی نووسـەری چاکـسازی مـەلا نجمەدینیان لە شار گوواستەوە بـۆ چیای ئەزمـەر... شـایانی باسە ئەو نووسەرە لە ژیانیدا – ٩٠ – چـیرۆکی بـۆ منـدالآن نووسـیووەو – ٦٥٠٠ – هـاو وڵاتـی نەخووێنـدەواری کـوردی فێـری خووێنـدەواری کـردووەو – ٢٠٠٠ – هەڵبەسـتی هۆزانـەوانانی کۆکردۆتەوەو بەچاپی گەیاندووە لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٠/٦/٥ وولاتــی تونگــا ســەربەخۆیی خــۆی ڕاگەیانـد بەدەرچـوونی لـەژێر ڕژێمـی شانـشینی بـەریتانیا بـە ڕژێمـی شانـشینی تونگـا لـەناو کۆمەنوولـسی بـەریتانیا . ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – تۆنگۆئولـوف – ی پایتـەخت بوو ، کە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٢٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانەکەی وولاتەکـەی ، ١٢٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٧٥١ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە ، هەروا چڕی دانیـشتووانەکەی، ٣٩٨ کـەس لـە یـەك میـل چـوار گۆشـەدا . لـە وولاتەکەدا .

١٩٧٠/٦/١٠ دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان – کۆمەڵـە – لـە باشـووری

کوردســتانی لکێنـراو بـە ئێـراق ، ئـەویش لەلایـەن نەوشـیروان مـستەفاو ، شەهید ئارامو ، خالە شەهاب.

شایانی باسە لە گەڵ دامەزراندنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان یـەکیان گرت ، بە ناوی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان .

١٩٧٠/٦/١٩ پێدانی مۆڵـەتی دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی ڕۆشنبیری کورد لەلایـەن وەزارەتـی نـاوخۆی ڕژێمـی بـەعس لـە ئێـراق ، لـە دوای مـۆرکردنی ڕێکەووتنامـەی ١٩٧٠/٣/١١ لە ئێراقدا .

یەکـەم کـۆنگرەی ئـەو کۆمەڵەیـە لـە ١٠/١٢ هـەمان سـاڵ بەسـترا ، بـەئامادە بوونی ١٧٥ ئەنـدام لـە ئەنـدامانی کۆمەڵـە ، ئەویش لـە باخـچەی کۆمەڵـە لـە شاری بەغدا بە هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە ، ئەوانیش —:

بـەرێزان ١- سـالح یوسـف . ٢- مکـرم تالـەبانی . ٣- سـاماڵ مەجیـد .٤- یوسـف جـەمیل مـیران . ٥- رەفیـق چـالاك . ٦-کـریم دولـەت . ٧- عەبدولرەحمان عەزیز . ٨- د.ئیحسان فوئاد . ٩- د.معروف خەزنـەدار، لـە دوای ئەوە سالح یوسفی بە سەرۆکی کۆمەڵەو موکەرەم تالـەبانی بـەجێگری هەڵبژێردران.

١٩٧٠/٦/٢٣ گرێـدانی کـۆنگرەی یەکـەمی یەکیـەتی نووسـەرانی کـورد لەشـاری بەغـدای پایتەختی ئێراق ، لە دوای مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی/ ١١ی ئازاری /١٩٧٠ لەم وولاّتەدا.

١٩٧٠/٧/١٦ بڕیاردانی دەستووری نوێی ڕژێمی بەعس لە ئێراق لـە لایـەن سـەرکردایەتی بـەعس ، کـە تـەواوی دەسـەلاتە هەمـە جۆرەکـانی ڕژێـم بەسـەرەك کۆمـارو فەرمانـدەی شـۆڕش دەدات ، لــە هــەموو بـوارە جیاجیاکـان ، ئــەویش بەرتکردنەوەی دەستوورەکانی پێشوو، بە تایبـەتی دەسـتووری سـاڵ ١٩٥٨ لە ئێراقدا .

١٩٧٠/٨/٢٩ بۆ یەکـەم جار لـە مێژووی کـورد ، کـۆڕی زانیـاری کـورد لـە شـاری بەغـدای پایتەختی ئێراق دامەزرا .

کـە ڕۆڵێ سـەرەکی هـەبوو لـە بەرزکردنـەوەو شـیٚ کردنـەوەی زمـانو مێـژوو

داب و نەریت و کەلتوورو شارستانیەت و شووێنەواری کورد ، لە باشووری کوردستان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

١٩٧٠/٩/٢٤ حکوومەتی لوبنان مۆڵەتی کارکردنی ڕەسمی بە پارتی دیموکراتی کورد لە لوبناندا ، کە بە پارتی کورد ناسراوە ، شایەنی باسە ژمارەی دانیشتووانی کورد زیاتر لە ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار کەسە لە لوبنان و ڕۆڵی بەرچاوو گرنگیان هەیە لە پەیوەندیە هەمە لایەنەکانی کۆمەلایەتی ، لە گەڵ پێکهاتەکانی گەلانی لوبنان لە ئەرمەنی و عەرەب و دورزی لە وولاتەکەدا .

١٩٧٠/٩/٢٤ کۆچی دوایی لاوی تێکۆشەر و خۆراگر – سەلیم سەیدۆك – کە ناوی تەواوی عەبدوڵڵا حەسەن عیسا فەقێ وسوی جۆلە مێرگیە ... جێگەی باسکردنە کە ئەم گەنجە لە ساڵی ١٩١٠ لە قەڵای هەولێر لە باشووری کوردستان لەخێزانێکی هەژاری خۆراگری کوردایەتی چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ... هەروا لە ساڵەکانی ١٩٣٣ – ١٩٤٠ چەژنی نەورۆز لە قەڵای هەولێر لە ماڵی ئەو گەنجە ئاهەنگی بۆ دەگێردرا .

هەر بەم هۆکارە سەلیم سەیدۆك لە ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن حکوومەتی شایەتی ئێراق لە ڕێگەی دام و دەزگاکانی لە شاری هەولێر دەستگیر دەکرێت و بەو کارە تاوانباردەکرێت ... ئەمەش یەکەم گەنج بووە لە شاری هەولێر لەسەر ئاهەنگی جەژنی نەورۆز دەستگیر بکرێت .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەنجانی دیکەی کورد بەهەمان شێووە جەژنی نەورۆزیان لەخۆیان و گەل و نیشتیمانەکەیان پیرۆز کردووە ... لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستان بە تایبەتی لە باشووری کوردستان .

١٩٧٠/٩/٢٨ سەرەك کۆماری میسری عەرەبی جەمال عبدالناسر کۆچی دوایی کرد ، لە دوای شکست هێنانی لە شەڕی نێوان کۆماری میسرو دەووڵەتی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا .

١٩٧٠/١٠/١٠ وولاَتـــــی ڤیـــــژی ســـــەربەخۆیی خـــۆی بەدەرچـــوونی لـــەژێر دەســـــەلاَتی ڕژێمـــــی شانـــشینی بـــەریتانیا ڕاگەیاند ، لە هـەمان کات بـە مانـەوەی بـە ئەنـدام لـــــەناو ڕایەلـــــەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ، کـــە ســـەرۆکی پـــارتی هاوکاری ڤیژی – مارا–بووە یەکەم سەرەك وەزیرانی ڤیژی لەهەرێمەکەدا. ئـەم راگەیاندنـەش لـە شـاری –سـوڤا – ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٢١٥,٠٠٠ هـەزار کەسە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاَتەکەی ، ٨٥٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاَتەکەی ، ١٨,٣٣٣ کیلۆ مـەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ، ١١٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نـژادەکانی ، ڤیژیـەکان ٥٠٪ .هنـدی ٤٦٪ . لە وولاَتەکەدا .

١٩٧٠/١٠/٢٥ دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارە/٢٦٢٥ لـە پێناسـەکردنو سـەلماندنەوەی یاسـای نێوودەوڵـەتی ، ئـەویش بـە ماوەدانی مافی چارەسەری کێشەی میللەتان لە هەموو بوارە جیاجیاکان ، هـەتا بە مـافی دیـاریکردنی سـەربەخۆیی و دەرچـوونیان لـە ژێـر دەسـەلاَتە داگیرکەرەکان لە وولاَتە جیا جیاکان لە جیهاندا.

١٩٧٠/١١/٩ سەرۆکی پێشووی فەرەنسا– شارل دیگۆل– کۆچی دوایی کرد لـە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کە ڕۆڵێ گرنگی هەبوو لە ڕامیاریەتی ناوخۆو دەرەوەی فەرەنساو لە بنیاتنانەوەی ژێر خانی ئابووری فەرەنسا لەهەموو بوارەکاندا.

١٩٧٠/١١/١٦ کودەتای سەربازی لەلایەن سەرەك کۆماری سووریا حافز ئەسەد ئەنجامـدرا ، بە نـاوی شۆڕشـی ڕاسـتکردنەوەو گرتنـە دەسـەلاَتی تـەواو لەلایـەن حـافز

ئەسەد لە وولآتی سووریاو بە داخستنی دەرگای سنووری نێوان سووریاو لوبنان ، بە مەبەستی جێبەجێکردنی مەرامەکەیان لە ناوچەکەدا .

١٩٧٠/١١/٣٠ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان تاوانباری ئەوحکوومەتەیان کرد ، کە دان نانێن بەمافی چارەنووسی داهاتووی گەلانی دان پێنەدراو ، بە چەوسانەوەی لەسەر خاکی خۆیان بەپێی بڕیاری ژمارە/٢٦٤٩/د٢٥٠ ، بە تایبەتی گەلانی ئەفریکیای باشوورو ڕۆژهەلاتی ناوەراستو فەلەستین ، بە دەنگدانی/ ٧١ دەنگ بەرامبەر دژایەتی کردنی/ ١٢ دەنگو دەنگ نەدانی٢٨ ئەندامی کۆمەڵەی گشتی .

که بۆ یەکەم جارە دانینا بە مافی چارەنووسی داهاتووی گەلی لە دەوولەتی سەر بەخۆی فەلەستین لە ناوچەکەدا ، لەخوولی سالآنەی /٢٥ بەپێی بڕیاری/ ٢٦٧٢/ د٢٥٠ لە١٢/٨ی هەمان ساڵدا.

١٩٧٠/١٢/١٥ دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمافی سەربەخۆیی گەلآنو پەلەکردن لەو مافەو داننان پێی لە شەرعیەتی خەباتی گەلاندا ، لە پێناو سەربەخۆیی بەپێی ڕێنماییەکانی وولآتانی داگیرکەرو ماوەنەدان بە بڕیاردانی مافە زەوتکراو داگیر کراو ودان پێنراو ، بەخەباتی چەکداری گەلآنی ژێر دەستە... چ لە ژێر دەستی وولآتانی داگیرکەر بێت ، یاخوود لە هەرێمو ناوچە داگیرکراوەکان بێت ، واتە یەك لەوانە باری کوردو نیشتمانەکەی کە نموونەی کێشە هەلوواسراوەکانە لەناوچەو هەرێمو جیهاندا .

١٩٧٠/١٢/٢٠ لـه هەڵبژاردنـەكانی پەرلـەمان و سەرۆكایەتی كۆماری پاكستان ، كـه پـارتی گـەلی پاكـستان سەركەووتنی بەدەست هێنا ، بە رابەرایەتی زولفەقار عەلی بۆتۆ بە وەرگرتنی دەسەلاتی پاكستان ، كە لە بنەماڵەیەكی نەژاد كوردن .ئەم بنە ماڵەیە بەردەوام بوونـە لە خـەبات و تێكۆشـان لـە پێنـاو خزمەت كردنی گەلانی پاكستان بە چارەسـەر كردنی كێشەكانی

زوڵفیقار عەلی بۆتۆ

نەتـەوەیی و ئـاینی و مەزهـەبی و هـۆزو تیرەكـان لـە نـاوخۆی پاكـستان و دراوسێكانی بە تایبەتی لە گەڵ كۆماری ئەفگانستان .
لە بەر ئەوەی پەیووەندیەكی بە هێزی ئەم بوارانەی هەیە لـە كێشووەرەكەدا ، سەرەرای كەم و كوری و كێشەو ململانێی هەمەلایەن لە وڵاتەكەدا .

١٩٧١

١٩٧١/١/٢٦ لـە دوای كـشانەوەی هێزەكـانی سـووپای بـەریتانیا لـە هینـدو پاكـستان و داننان بەسەربەخۆییان ، كە لـەو كاتـە پاكستانی ڕۆژهـەلات بە نـاوی بنگال بـوو ، كـە لـە پاكـستانی ڕۆژئـاوا جیـابووەو دوای ئـەوە بـووە كۆمـاری بەنگلادێش .

١٩٧١/٣/١٧ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی سەرۆكایەتی كۆری زانیاری كورد لە شاری بەغدای پایتـەختی ئێـراق ، لەلایـەن كۆری زانیـاری ئێـراق و كـۆری زانیـاری كوردی ئەنجامدرا.

١٩٧١/٣/٢١ ئەنجامدانی كوودەتای سەربازی لە لایەن سـەركردەكانی سـووپای توركیـا و بووە هـۆی رووخـاندنی حكوومەتەكـەی – دیمیریـل – . ئـەم كوودەتایـەش وەكوو هەموو ئـەو كوودەتـا سـووپاییانەی كە لـە مێـژووی تـازەی توركیـا بە

خۆوەی بینی . هەروا کوودەتا چییەکان ئەمجارەش هۆی کوودەتاکەیان گێرایەوە بۆ – کوورت جوولوك – کێشەی کوردی لە ناوچەکانی رۆژهەلاتدا ، واتە باکووری کوردستان.

ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەو شێوازە نابەجێیانەی کە حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا دەرحەق بە دۆزی کورد بە کاریان هێناوە . پێدەچێت سووپایە تورکەکان ، هەمووی هەر بەم بیرە نابەجێیانە کار بکەن . لە کاتێکدا کە سوورن لە سەر حاشاکردن لە بوونی ماددی کورد ، لە ئامانجەکانیان بخوازێ ئەوا خێرا با دەدەنەوە و – بزاڤی کوردی – بەر جەستە دەکەن و بایەخی تایبەتی دەدەنێ لە وولاتەکەدا.

لە ئەنجامی ئەم کارە نابەجێیانەدا ، کە بزاڤی کورد بە کانگای هەموو گیرووگرفت و بەلاّ و نەگبەتیەك دادەنێ . سەر لە نووێ حووکمی عوورفی بەسەر ناوچەکانی باکووری کوردستان سەپێنراو کرا بە ناوچەی عەمەلیاتی سەربازی ... هەروا دەزگاکانی – تەجنید – یش ژمارەیەکی یە کجار زۆر سەربازی ئیجباریان بۆ ناوچەکە نارد بە بیانووی – بەگژ چوونەوەی عەمەلیاتی تیرۆرستی – کە – جوودا خووازەکانی کورد – ئەنجامی دەدەن . لە ناو سنووری تورکیا لە باکووری کوردستان .

هەر لەم ئۆپراسیۆنەدا هێرشێکی گرتنی بەرفرەوانی لە هەموو لایەکی کوردستانەوە دەست پێکرد ، ئەوە بوو کە تەنیا لە شاری دیاربەکر ٥٠٠٠ هەزار هاوولاّتی کورد دەستگیر کران ، سەرانی کوودەتای سالّی ١٩٧١ ، جگە لەوەی لە سەر هەمان رێبازی حکوومەتەکانی پێش خۆیان دەرۆیشتن ، نەخشەیەکی تازەشیان هێنایە گۆرێ ، کە بریتیبوو لە دامەزراندنی کۆمەلّێك پرۆژەی کشتووکالّی حکوومەتی لە دەوورووبەری سنووری هاوبەشی لە گەلّ ئێراق و سووریادا ، کە وەرزێرەکانی خەلکی دەڤەری رۆژئاوای بە زۆرینە تورك یان ئەو تورکە قووبرسیانەی کە بۆ تورکیا هەلاّتبوون و کاریان لەم پرۆژانەدا پێدەکردن .

جا لێرەدا مەبەستیش لەم کارەدا ئەوە بوو کە رۆلّەکانی کوردستانی تورکیا لە برا کوردەکانی ئێراق دابېرن ، بە تایبەتی کە لەو کاتەی مستەفا بارزانی

لە باشووری کوردستان ، پاش خەباتێکی دە ساڵی تووانی بوونی داننانی فەرمی حکومەتی ئێراق بە مافی ئۆتۆنۆمی کورد لە ئێراق بەدەست بێنێ لە ناوچەکەدا .

سەرچاوە:— کورد— گەلی لە خشتەبراو ی غەدر لیکراو — دکتۆر گوێنەر دێشتەر وەرگێرانی بۆ کوردی — حەمە کەریم عارف —چاپی دووەم/١٩٩٩٩ .

١٩٧١/٣/٢٣ گرێــدانی کــۆنگرەی نووێنــەرانی مەزهەبــە جوولەکــەکان لــە مۆســکۆی پایتــەختی یــەکێتی ســۆڤیەت ، دژی کــردەوە نالــەبارەکانی رێکخــراوی ســەهیۆنیزمی جیهــانی، بەرامبــەر بەگــەلان و ئایینــەجیاجیاکانی جیهــان بــە تایبەتی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا .

١٩٧١/٣/٣١ کووشتنی حەردان تکریتی لە کوویت لە نزیک باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە لایەن پیاوەکانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق.

١٩٧١/٥/٢٦ ڕۆژهــەڵاتی پاکــستان ســــەربەخۆیی خــــۆی ڕاگەیاند بەجیابوونەوەی لــە پاکستانی ڕۆژئــاواو ، کە ناوی خۆی نا بە ناوی وولاتــی بــەنگلادیش بــە پــشتگیری هینــد ، کــە شــێخ موجیــب ڕەحمــان پۆســـتی ســـەرۆکایەتی وولاتی بەنگلادیشی گرتە دەست ، کە سەرۆکی پارتی عەوامی بەنگلادیش بوو لە وولاتەکەدا .

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری — دەکا — بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٨,٧٦٨,٠٠٠ ملیۆن کەســە . هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاتەکــەی ، ١٤٥,٥٨٠,٠٠٠ ملیــۆن کەســە . هــەروا ڕووبــەری خــاکی وولاتەکــەی ، ١٤٤,٠٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار چوارگۆشەیە . هەروا نژادەکانی ، بەنگالی و بیهاری ٩٨ ٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٧١/٦/٢١ بۆ یەکــەم جار لــە مێــژووی ئیــسلام و پەرستگاکانی نووێــژی هــەینی لــە

مزگەووتی ئەزهەر لە قاهیرەی پایتەختی میسر ئەنجامدرا.

١٩٧١/٧/١٩ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی لەلایەن کۆمۆنیستەکانی سوودان بە سەرکردایەتی رائد – هاشم عەتا– و لە ئەنجام سەرکەووتنی بەدەستهێناو لیوا جەعفەر نومەیری دەستگیرکرد ، بەڵام ئەوجووڵانەوە بۆماوەی سێ ڕۆژ توانی خۆی ڕابگرێ و لایەنگیرانی جەعفەر نومەیری لە تیپەکانی سەربازی توانیان ئەوجووڵانەوە یە لە ناو بەرن بەیارمەی سووپای میسری لە وولاتەکەدا .

١٩٧١/٨/١٤ دەووڵەتی بحرێن سەربەخۆیی ڕاگەیاند ، بە ماوە پێدانی لەلایەن بەریتانیاو – شێخ سەلمان ئەلخەلیفە – دەسەڵاتی گرتە دەست لە سەر شێووازی ئەمیری لە بەحرێن . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – مەنامە– ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١٨٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٧٦٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٦٧٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا نژادەکانی ، بەحرێنیەکان ٦٣ ٪. ئاسیلیەکان ١٣٪ . عەرەب١٠٪ . ئێرانی٨٪ . لە وولاتەکەدا .

۱۹۷۱/۹/۳ وولاَتـــــی قەتـــــەر ســــەربەخۆیی لـــــە بەریتانیا بەدەست هێنا ، لە دوای دەرچوونی لە ژێر ئینتدابی بەریتانیا . ئــەم راگەیاندنــەش لــە شـــاری –دەوحـــە –ی پایتــەخت بـــوو ، کــە ژمـــــــــــارەی دانیـــــشتووانەکەی ،

٤١٥,٠٠٠ هــەزار کەســە . هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاَتەکــەی ، ٨٦٠,٠٠٠ هــەزار کەســە . هــەروا رووبــەری خــاکی وولاَتەکــەی ، ١١,٠٠٠ هــەزار کیلــۆ مــەتر چــوار گۆشــەیە . هــەروا نــژادەکانی ، عــەرەب ٤٨٪ . پکستانی ١٨٪ . هندی ١٨٪ . ئێرانی ١٦٪ . لە وولاَتەکەدا .

۱۹۷۱/۹/۲۹ چەند پیاوێکی ڕژێمی بەعسی لـە ئێـراق ، بە نـاوی مامۆسـتایانی ئـایینی هەولیاندا بە تیرۆر کردنی بارزانی لە بارەگای تایبـەتی خـۆی لـە باشـووری کوردستان ، لە حاجی ئۆمەران .

ئەویش بە ئامۆژگاری‌و یارمەتی سەدام حسێنی جێگری سەرەك کۆماری ڕژێمی بەعسی لەو کات . بەلاَم هەولَەکەیان سەری نەگرت‌و بە تیرۆر کردنی خۆیان‌و ریسوا کردنی دەسەلاَتدارانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق.

۱۹۷۱/۱۱/۹ بـالوێزی ئەمـەریکا لـە تـارانی پایتـەختی ئێـران ، بروسـکەیەکی ئاراسـەی وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکا لـە شـاری واشـنتۆن کـرد ، لـە بـارەی کـۆنگرە رۆژنامەوانیەکەی عەبدولغەنی ئەلراوی جێگری سەرۆکی ئێراقی پێشوو ، لە تاران لە ٩/٧ کە گووتی:–

رژێمی بەعسی لە ئێراق دژی ئاشتیەو هاوپەیمانی – مارکسی– لینینیە – . نـابێ بـڕوا بـەو رژێمـە بکرێـت لەلایـەن ئیـسلامی راسـتگۆ ، لـە بـەر ئـەوەی رژێمێکی دکتاتۆرە لەهەموو روویەکەوەو گوتی:–

نــەك هــەر دژی ئیـسلامە بـەڵکوو ، بـڕوای بـەعس بـوونی بـەهیچ ئـایین‌و

مەزهەبێك نیەو ڕۆژئاواییە لە هەموو بڕواکانی و هەتا لەداب و نەریت و ئەخلاق و گوتی:- دەسەلاتی بەعس دەسەلاتێکی ترسنۆکە.

١٩٧١/١١/١٣ سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەرێمی باشووری کوردستان - حەبیب محەمەد کەریم - کۆبوونەوەی لە گەڵ بەرپرسی باڵوێزی ئەمەریکا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان ئەنجامدا ، ئەویش بە پێشکەش کردنی داواکاریەکانی مستەفا بارزانی بۆ ئیدارەی ئەمەریکا ، لە بارەی چارەسەرکردنی باری مافەکانی کورد لە باشووری کوردستان دژی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق.

١٩٧١/١١/١٦ سەرەك کۆماری ڕژێمی بەعسی لە ئێراق - ئەحمەد حەسەن بکر- بەڵگەنامەی کاری نیشتمانی ڕاگەیاند ، کە چەندین کێشەی هەنووکەیی چارەسەر دەکردو بووە هۆی گرێدانی بەرە لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی لە ئێراق.

١٩٧١/١٢/٢ ئیماراتی عەربی یەککگرتوو سەربەخۆیی خۆی لە لایەن بەریتانیا بە دەست هێنا ، لە دوای دەرچوونی لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا بەکشانەوەی هێزەکانی سووپاو بنکە جەنگیەکانی سەربازی پیادەو دەریاو فڕۆکە لە ناوچەکەدا .

١٩٧١/١٢/٣ ئیمارتی عەرەبی یەککگرتنی خۆی لە گەڵ حەوت هەرێمی جیاجیا ڕاگەیاند ، ئەویش بە یەککگرتنی - شارقە ، ئەبووزەبی، دووبەی، راس الخیمە ، ئووم الفیون ، عەجمان ، ئەلفەجیرە- کە شارقە دووەم ئیماراتە لە ڕووبەر لە دوای ئەبووزەبی و دووبەی لە ئیماراتەکەدا.

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری - ئەبووزەبی- پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٨٤٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٢,٤٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە. هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ٨٣,٦٠٠، کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٧٦

کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

تێبینی:– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان – لە دانانی عەلی کەندی ، دانەری مێژوونامەکە .

١٩٧١/١٢/٦ بەردەوام بوونی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو قۆناخەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کێشەی نێوان ئیسرائیلو عەرەبو داننان بە ماف گەلی فەلەستین ، ئەویش بەپێی بڕیاری ژمارە/٢٧٨٧/د/٢٦٠، بەشەرعیەتی تێکۆشانی گەلی فەلەستین ، لەپێناو بەدەستهێنانی ماف چارەی خۆنووسیو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو ڕزگاربوون لە ژێر دەسەڵاتی سەهیۆنیزمی و ئیستعمارو جۆرەکانی دیکەی چەوسانەوە لەجیهاندا .

١٩٧٢

١٩٧٢/٢/٢١ جێگری سەرەك کۆماری ئێراقو سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لە ئێراق – سەدام حوسێن – چەند ئەفسەرێکی لە سووپای ئێراق تاوانبار کرد ، بە پەیوەندی کردنیان لە گەڵ ڕژێمی ئیسرائیل لە ئەنجام بە لە ناوی بردن ، یەك لەوانە – عەبدولغەنی ڕاوی– بوو لە وڵاتەکەدا .

١٩٧٢/٣/١ پێدانی مۆڵەت بە تیپی باواجی کۆیە بە ژمارە/٨٣٢ ، ئەمەش لە دوای بەرزکردنەوەی داوا بوو لە ١٩٧٠/٦/٣٠ ، دوای ئەمە ئەو تیپە مۆزیکایە خنجیلانە بووە تیپێکی بەرچاوو دڵگەشاوە و دڵخۆشی جەماوەری گەلی کوردستان ، بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان .

١٩٧٢/٣/٨ ڕژێمی بەعسی لە سووریای هاوخەباتو هاوخەمی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، پێنج قوتابی کوردی زیندانی کرد بۆ ماوەی دووساڵ لە زیندانەکانی سووریادا.

١٩٧٢/٣/٢٢ سێ کۆڕی هاوبەش لە ریازی پایتەختی شانشینی سعوودیە بەسترا ، لە نێوان پیاوانی یاسا ناسی مەسیحی لە ئەوروپاو زانا ئایینەکانی سعوودی ، بە سەرۆکایەتی وەزیری دادی سعوودی ، هەروا کۆبوونەوە لە نێوان وڵاتانی عەرەبیو وڵاتانی مەسیحی ئەنجامدرا ، لە پێناو بەرەو پێشبردنی پەیوەندی لە نێوان ئایینە جیاجیاکان لە جیهان ، دوای شکست هێنانی هێزەکانی سووپای عەرەب لە /٦ حوزەیران لە لایەن وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بە ئیسرائیل لە ناوچەکەدا .

١٩٧٢/٣/٢٧ سەرۆکی کۆماری سوودان – جەعفەر نومەیری – دەستی کرد بە پەیوەندی

کردن لـە گـەڵ وولاتـانی پەیوەنـدارو کنیـسەکانی مەسیحی لە جیهـان ، لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی کێـشە هەڵوواسـراوەکان ، لـە ئـەنجام بـووە هـۆی مۆرکردنی رێکەووتنی ئەدیس ئەبابا لە کێشووەرەکەدا .
دوای ئـەوە جەعفـەر نومـەیری ، هەڵـسا بـە دامەزرانـدنی – ئبیـل ئلـیر– سەرکردەی باشوور بە جێگری سەرەك کۆمارو دامەزراندنی سیٚ پارێزگای نویٚ بۆ بەڕێووەبەرایەتیەکانی باشوور لە دانیشتووانی ناوچەکەدا ، هـەروا چەندین وەزیـر لـە باشووریەکانی دامەزرانـد لـە پێنـاو چارەسـەری کێـشەی نێوان باشوورو دەسەڵاتی ناوەندی لە وولاتەکەدا.

عیسمەت کەتانی

١٩٧٢/٣/٢٨ لە بالوێزی ئەمەریکا لـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە شـاری نیویـۆرك بـۆ وەزیـری دەرەوەی ئەمەریکا... جۆرج بۆشـی باوك ، کە ئەوکاتە باڵوێزی ئـەمـەریکا بـووە لـە نەتـەوە یـەوکگرتووەکان و دەڵـیٚ:– عـسمەت کـەتانی یاریـدەدەری ئەمینـداری گـشتی نەتـەوە یەکگرتووەکان ، داوای لێکـردم کـە مـستەفا بـارزانی سـەرۆکی بزووتنـەوەی ڕزگـاری کـورد لـە باشـووری کوردسـتان نامەیـەکی هەیـە بۆحکوومـەتی ئەمـەریکا ، کـە لـەلای زیـد عوسمان– دۆستو ڕاوێژکاری مستەفا بارزانییە .
کە بـارزانی، دەیـەویٚ چاوپێکەووتن لەگـەڵ وەزیـر – کیـسنجەر – بکـاتو عسمەت کەتانی گووتـی:– من وەك بەرپرسێکی نێوودەووڵەتی قسە ناکەم ، بەڵکوو وەك کوردێك لەبەر ئـەوەی من پەیوەنـدیم لەگـەڵ زۆربـەی سـەرکردە کوردەکـان هەیـە لەهـەمان کـات عـسمەت کـەتانی داوای بـەنهێنی کردنـی ووتەکانی لێکردم .

١٩٧٢/٤/٨ مۆرکردنی رێککەووتنامە لە نێوان یـەکێتی سۆڤیەتو رژێمـی بە عسی لە

ئێراق ، ئەویش لە پێناو بەهێز کردنی جێپێگەی هەردوو لایەن لە ئێراق و ناوچەکەو بەرەو گەمارۆدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لە ١٩٧٢/٤/٧ شاندێکی یەکیەتی سۆڤیەت بە سەر کردایەتی سەرەك وەزیرانی سۆڤیەت – ئەلیکسی کۆسگین – گەیشتە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، لە دوای گفتووگۆی نێوان سەرکردایەتی رژێمی بەعسی لە ئێراق و شاندی سۆڤیەت ، ئەوە بوو کە لە ٤/٩ پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریان بۆ ماوەی /١٥ ساڵ واژوو کرد .

ئەمەش بۆ بە دەست هێنانی بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەت بوو ، لە بوارەکانی ستراتیژی و سەربازی و ئابووری و بازرگانی و کولتووریدا سەرکەووتنێکی گەوورە بوو لە ناوچەکەدا .

لە هەمان کات بووە هۆی ئەوەی کە سۆڤیەت توانی دەست گیر بکات لە سەر نەوتی ئێراق و سوودی گەوورەی لێوەر بگرێت ، هەروا نزیکەی هەموو چەك و تەقەمەنی جەنگی ئێراق لە سۆڤیەت دەکردرا ، هەروا ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی ئابووری لە ئێراق دەستکەووت و کەشتیە جەنگیەکانی سۆڤیەت لە دەریای کەنداو دەرگاکانیان بۆ کرایەوە لە ناوچەکەدا .

١٩٧٢/٤/١٦ بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرشی رژێمی بەعس لە ئێراق ، ماوەدان بەپێدانی مافی رۆشنبیری بۆ ئاشوورییەکان لە ئێراق . کە وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتی دەرچوونی رۆژنامەی ئاشووریدا بە زمانی خۆیان و دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی ئاشووری لە ئێراقدا ، ئەم هەنگاوەش لە دوای راگەیاندنی رێکەووتنامەی/ ١١ ئاداری/١٩٧٠ بوو. لەئێراق

١٩٧٢/٤/٢١ ئاهەنگ گێران بەبۆنەی یاد کردنەوەی دروستکردنی شاری ڕۆما لە٧٥٣/٤/٢١ی پێش زاینی ، لەلایەن دووبرای جمکەی لە دایك بوو، ئەوانیش – روموٚلۆس ، ریمۆس– بە ناوی کورەکانی خوای مارس ، خوای شەر، کەوا دەگێرنەوە کە ئەو دووبرایە لە لایەن گورگێك لە دارستانەکان بەخێوو کراون لە ناوچەکەدا .

١٩٧٢/٥/١١ دامەزراندنی ئەنجوومەنی خەلات بە ناوی – ئۆسکار – کە بارەگاکەی لە

شـاری – بیرقلـی هـەلیز – ە لـە شـاری لـۆس ئـەنجلۆس لـە ئەمـەریکا ...
شایانی باسە خەڵاتی ئۆسکار یاخوود خەڵاتی ئەکادیمیای هونەری سینەما
کـە بـەرزترین خـەڵاتی سـینەمایە لـە ئەمـەریکا و بـەگرنگترین خـەڵاتی
سینەمایی لەجیهانـدا دادەنرێـت ، لەلایـەن ئـەکادیمیای زانستی هونـەری
سینەما دەبەخشرێت کە ئەکادیمیای رێزلێنانە نەك فێرکردن .
هەروا کتێبخانەیەکی گەورەی هەیە کە زیاتر لە ١٠ هەزار فلیمی سینەمایی
لەخۆگرتووە جگە لـە ٣٠ هـەزار ناونیشانی پـەرتووکی لـە بـواری سینەما و
جگـە لـە نمـایش کردنـی فیلمـی بوارەکـانی ئـەو خەڵاتـە ، کـە هـەر هەفتـەی
فلیمێك نمایش دەکات لەو بارەگایەدا .
هەروا چەندین دەزگای خەڵات کردن لـە وڵاتـە جیاجیاکانی جیهانـدا هەیـە
وەك هندو ، بەریتانیاو ، فەرەنساو ، ئەسپانیا و ، چەندین وڵاتـی دیکـە...
بەڵام هیچ کامیـان نـاتوانن رکابـەری خـەڵاتی ئۆسکار بکات ... بـەڵام ئـەوەی
کە سەیرە ئەو پرۆژەیە کە لەلایـەن ئەکادیمیای ئەمـەریکی زانسـتی هونـەری
سـینەما داهێنـرا ، زۆر گرنگیـان پێنـەدا وەك پرۆژەیـەك دواخـرا و سـەریان
دەکرد .
بەڵام لە یەکەم ئاهەنگیدا دەردەکەوێ کە لە رۆژی ١٩٢٩/٤/١٦ سازکرا تاکو
ساڵی ١٩٥٣ کە بە سونگی گۆرانکاری ئەو خەڵاتە دادەنرێت ، کە ئـەو کاتـە
بـۆ یەکـەم جـار بـۆ هـەموو جیهـان راستـەوخۆ گوازرایـەوە تـا گەیـشتە ئـەو
قۆناخەی کە ساڵانە ٢ ملیار بینەر تەماشای دەکات . بردنـەوەی ئـەو خەڵاتـە
کاریگەریەکی زۆری هەیە چ بۆسەر کارە هونەریەکان چ بۆسـەر هونەرمەندان
خۆشـیان و کاردانـەوەی لەسـەر بەرهەمـە جۆراوجۆرەکـانی هونەرمەنـدانی
سینەماو داهاتی ئەو خەڵاتە بە بەرزبونەوەی لەکاتی بردنەوەی فلیمـەکانیان
بۆ ئەو خەڵاتە لە جیهان .

١٩٧٢/٥/١٨ لـە دوای بڕیـاری ژمـارە /٢٦٦٠ی خـوولی/ ٢٥ کۆمەڵـەی گـشتی نەتـەوە
یـەکگرتووەکان ، بـە رەزامەنـدی/ ٧٧ دەووڵـەتو نزیکـەی/ ٣٠ دەووڵـەتی
دیکـەش لـە سـەر بـەکار نەهێنانی چەکی ئـەتۆمیو تاقیکردنـەوەش مۆریـان
کـرد ، کـە دەبێتـە هـۆی دروسـت بـوونی کەشـێکی لـە بـار بـۆ پەیوەندییـە
نێوودەووڵەتیەکان لە جیهاندا .

١٩٧٢/٥/٣٠ سەرۆکی ئەمەرکیا – ریتشارد نیکسۆن– و راوێژکاری کاروباری ئاسایشی

نەتـەوەیی – هنـری کیـسنجەر – لـە لووتکـەی کـۆنگرەی نێـوان سـەرۆکی ئەمـەریکا و سـەرۆکی یەکیـەتی سـۆڤیەت – لیونێد بریـژنێف – لـە شـاری مۆسـکۆی پایتـەختی یەکیـەتی سـۆڤیەت دەگـەڕاوە وولاتەکـەی ، لـە سەردانێکی کوورتدا بۆ تاران کۆبوونـەوەی لە گەڵ شای ئێران ئەنجام دا ، ئەویش لە بارەی بارو دۆخی ناوچەو هەرێمو وولاتانی دراوسێی ئێراقو کێشەی کـوردو دیـاریکردنی هەڵوویـستی هاوبەشـیان لـەپێناو بـە لاواز کردنی ڕژێمی ئێراقی بۆبەرەنگار نەبوونەوەی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا .

١٩٧٢/٦/١ بلاو کردنـەوەی یەکـەم ژمارەی گۆڤاری نووسـەری نـوێ لەلایـەن یـەکێتی نووسەرانی کورد لە باشووری کوردستان.

١٩٧٢/٦/١٦ هەرچەندە پاڵپشتە نێوو دەوڵەتیەکان لە ئاستی جیاجیادا بۆ کوردو مەلا مستەفا لـە ئاستێکی زۆر بەرچاودا بـوو ... هـەر لـە ئیسرائیلەوە بگـرە تـا ئەمەریکا و بەریتانیاو تەنانەت مۆسکۆش .

بـۆ نمونـــە :– لـــەم ڕۆژەدا ئەمـــەریکا بڕیاریـــدا زۆر بـــەنهێنی بـــایی ١٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن دۆلار چـەك و تەقەمـەنی بداتـە کوردەکـان ... دیـارە ئەمەش لە پاش سـەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکا – کیسنجەر – دێت کە لە مانگی /١٩٧٢/٥ دا بۆ ئێران .

بەڵام بە هۆی هاتنە پێشەوەی بەرژەوەندی بالاتر بۆ ئێرانیەکان لەگەڵ ئەوەی شا هیچ پرس و رایەکی لەگەڵ بەرپرسانی خۆی نەکرد ، بە ناوبژوانی و سەرۆکی جەزائیر – هاواری بۆمدیەن – لە گەڵ جێگری سەرەك کۆماری ئێراق – سەدام حسین – رێکەوتنیان مۆرکردو سەرجەم ناکۆکیەکانیان خستە لاوە لە پێناو بەرژەوەندیەکانیان.

ئەمەش لە سەر حسابی کورد و خاکی کوردستان و بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو هوموو خەباتە ... لە بەر ئەوەش و هەر بۆیە بە زمانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی مستەفا – نسکۆ – بە سەر شۆرشی ئەیلول داهات و بە زمانی یەکیەتیش – ئاش بەتاڵ – کراو ناوزەند کرا ... ئەمەش راستیەکانی کێشەی ناوخۆی کورد دەسەلمێنێ کە کۆسپ بوونە لە بەردەم سەربەخۆیی کورد لە سەر خاکی کوردستان .

١٩٧٢/٦/١٨ بڵاو کردنەوەی گۆڤاری بیری نوێ – الفکر الجدید– لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، لەلایەن لێژنەی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیست لە ئێراق ، کە رۆڵی بەرچاوی هەبوو و هەیە لە بواری رۆژنامەوانی کوردی لە باشووری کوردستان.

١٩٧٢/٦/٢٥ رژێمی بەعسی لە ئێراق لە بریارێکیدا ماوەی دا بەدامەزراندنی ئەکادیمیای زمانی ئاشووری لە ئێراق.

١٩٧٢/٦/٢٦ کۆچی دوایی هونەرمەندو گۆرانی بێژی ناوداری نەتەوەو نیشتیمانی کورد– حەسەن زیرەك– لە رۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی فارس لە ئێران بە هۆی نەخۆشیەکی سەختو گۆرەکەی لە گۆرستانی شاری بۆتانە لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٢/٦/٢٨ دەست پێکردنی گفتووگۆکردن لە نێوان سەرۆکی پاکستان زولفەقار عەلی بۆتۆو سەرەك وەزیرانی هندستان ئەندیراگاندی لە شاری سیملای هندی ، کە دەکەوێتە لێوارەکانی چیای هەمەلایا بە دووری ٢٢٠ کیلۆمەتر لە باکووری شاری نیودەولهی پایتەختی هند ، لە پێناو گەیشتن بەچارەسەرکردنی کێشەکان ، کە لە ئەنجامی شەڕەکانی مانگی ١٩١٧/١٠ بەرپابوو لە گەڵ دابەشبوونی پاکستان و دامەزراندنی دەوولەتی بەنگلادیش.

شایانی باسە شاری سیملا ئەو بووە هۆی دا بە شبوونی نیمچە دوورگەی کیشووەری هندی لە ساڵی ١٩٤٥ لەدوای پێنج ڕۆژ لەگفتووگۆی نێوانیان و توانیان لە سەر چەندین خاڵی هاوبەش لە٧/٣ی هەمان ساڵ ڕێکەووتنی نێوانیان ئەویش بە مۆرکردنی و دوای ئەوە بڵاوکرایەوە ، کەخۆی لە پێنج خاڵ گرتبوو لە بەڵگە نامە مۆرکراوەکەدا .

١٩٧٢/٧/٣ سەرەك کۆماری پاکستان زولفەقار عەلی بۆتۆ دانینا بە کۆماری بەنگلادێشی نوێ و لە هەمان کات هەردوو دەسەڵاتی هندستان و پاکستان ڕێکەووتن لەسەر کشانەوەی هێزەکانی سووپای هەردوولا لە سەر سنووری نێوانیان ولە گەڵ دەووڵەتی نوێی بەنگلادیش بە چارەسەر کردنی کێشە هەڵوواسراوەکان.

١٩٧٢/٧/١٧ بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ، بیری نوێ ، کە لەلایەن لیژنەی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق دەردەچوو. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە شاری بەغدا .

١٩٧٢/٧/١٧ لـه سـەر داوای سـەرەك كۆمـاری میسر – ئەنور سادات – ئەویش بەكشانەوەی زاناكـانی سـۆڤیەت لـه میسر، ئـەو كـارەش لـەم ڕۆژە جێبـەجێكرا ، كـه بـووه هـۆی دروسـتبوونی كێـشەی نێـوان میـسرو سـۆڤیەت بـه هـۆی ئەویارمەتیانـەو بـێ وەفـایی میـسرو قـەرزەكانی و ڕووكردنـه ئەمەریكاو وولاتانی هاوپەیمان .

اعترفوا باسرائيل خارج الأطار العربي دون الرجوع إلى الجامعة العربية

١٩٧٢/٧/٢٧ بڵاوكردنەوەی یەكەم ژمارەی هەفتەنامـەی ڕێگـای كوردسـتان كـه زمانحـاڵی لیژنەی هـەرێمی كوردسـتانی پـارتی كۆمۆنیـستی ئێراق بووەو تـاكو ئێـستا لەدەرچوونی بەردەوامـه ، سـەرەڕای چـەندین جار لەپـچڕانی بـەهۆی بـاری رامیاری له باشووری كوردستان.

١٩٧٢/٨/٨ كۆچـی دوایـی شـاعیرو چـیرۆكنووس و وەرگێـر و ووتـارنووس مامۆسـتا عەبدولقادر محەمـەد عـەزیزجان ناسـراو بـه – قـەدری جـان – بـه نەخۆشـی هـەژانی مێـشك و گۆڕەكـەی لـه گۆرسـتانی مەولانـه خالیـد نەقشبەندی لـه شاری دیمەشق نێژراوە .

جێگـەی ئاماژەیه كه ئـەم شـاعیرە لـه سـاڵی ١٩١١ لـه شارۆچكەی دیرك لـه نزیك شاری ماردین له باكووری كوردستان چاوی بـه جیهـان هـەڵهێناوە ... خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لـه شارۆچكەكەی تـەواوكردوەو دوای ئـەوە بـه هـۆی بـاری رامیـاری ڕوو لـه ناوچـه كوردیـەكانی رۆژئـاوای لكێنـراو بـه سـووریا دەكـات . لـه شـاری سـەلەمیمیه خوێنـدنی خانـەی كـشتووكاڵی مامۆستایان تەواودەكات .

له ساڵی ١٩٥٧ ڕوو له مۆسكۆی پایتەختی ڕووسیا دەكات و لـەوێ چاوی به مستەفا بارزانی دەكەوێت ... دوای گەرانەوەی مستەفا بـارزانی بـۆ ئێـراق ئەویش ڕوو له شاری بەغدا دەكات و چاوی به مستەفا بارزانی دەكەوێ ...

ئەم شاعیرە لە ساڵی ١٩٣٩ خێزان پێکەوە دەنێ لە گەڵ کچە تورکێك ... لەدوای هاتنی بۆ ئێراق لە ساڵی ١٩٥٨ چەندین پارچە شیعر لە رۆژنامەو هەفتەنامە کوردیەکان وەك گۆڤاری روناهی – گەلاوێژ – رۆژنامەی ئازادی – ژینی کاکەی فەلاح بلاودەکاتەوە ... ئەم شاعیرە لە ژیانیدا بەردەوام دەبێ لە کارە هەمە لایەنەکانی لە پێناو گەل و نیشتیمانەکەیدا .

سەرچاوە:– رۆژنامەی خەبات ژمارە/٢٥٨١ .

١٩٧٢/٨/١٠ کۆمیۆنی پاریس زاراوەیەکی مێژوویەو لە مێژووی بوونی دەسەڵاتی فەرەنسا بەدوو رووداوی گرنگ دادەنرێت لە مێژوودا، ئەویش یەکەم بە رووخاندنی رژێمی شانشینو دووەم بەرپابوونی کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی ١٨٧١ لە فەرەنسا .

بەڵام کۆمیۆنی پاریس یەکەم رێکخراوەیەکی رامیاری بوو ، کە لە پاریس دامەزراو کاری کرد لە پێناو رووخاندنی ئەنجوومەنی نیشتمانی ، کە لەوکات پارتی پێشکەوتنی لێهاتەکایەوە بەناوی – چەپەك– و کۆمۆنەی دووەمی راپەرینێکی جەماوەری بوو لە دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆن لە١٨٧١/٣/١٨و بەردەوام بوو تاکوو ٥/٢٨ی هەمان ساڵ. لە وولاتی فەرەنسادا .

١٩٧٣/٨/٢٢ کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری کورد و نووسەرو بیرمەندی نیشتیمان پەروەر دکتۆر– محەمەد نوری دێرسمی – لە شاری حەلەبی سووریا ... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە دکتۆر نوری دێرسمی لە ساڵی ١٨٩٣ چاوی بە جیهان هەلهێناوە ... لە ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو شاری دێرسمی چوونەو لەو شارۆچکەیە جێ نشین بوونە کە ئێستا تورك بەو شارە دەڵێن – تونجیلی – ئەم کەسایەتیە بەشداری لە راپەرینەکانی کورد لە باکووری کوردستان کردووەو بەو هۆیەش تووشی راودونان و ئێش و ئازاربووە لە لایەن رژێمی تورك ... بەژداری لە راپەرینەکەی ساڵی ١٩٣٧ کردووە کە رژێمی تورکیا زیاتر لە ٢١٢ گوندی سوتاند و زیاتر ١٥٠٠٠ هەزار هاوڵاتی کوردی لەباکووری کوردستان شەهیدکرد لە گەنج و پیرە منداڵ و ئافرەتی کورد لە هەرێمەکەدا .

دوای ئەوە هەڵسا بەدانانی کتێبی – دێرسیم لە مێژووی کوردستان – و لە

ساڵی ١٩٥٢ لە شاری حەلەب بە چاپگەیەنرا... دوای ئەوە بووە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا کە لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزرا . ئەم کەسایەتیە نیشتیمان پەروەرە لە ماوەی ژیانی بەردەوام بووە لەخەباتکردن لە پێناو گەل و نیشتیمان لە هەموو بوارە جیاجیاکان بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

١٩٧٢/٩/٥ کۆمەڵێك لە ئەیلولی ئەسوەدی فەلەستینی ، کە ژمارەیان هەشت کەس بوو توانیان لە پەرژینی دەوورپێدراوی – گوندی یاریەکانی ئۆلۆمپی– پازدەن و گەمارۆی بدەن لە شاری میونخی ئەڵمانی، یەکێك لەو شووقانەی کە١٠یاریزانی ئیسرائیلی تێدابوو دەست بەسەریان بکەن ، کە ئەمەش بووە هۆی لێك ترازانی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئیسرائیل و جووڵانەوەی رزگاری فەلەستین.

١٩٧٢/١٢/١٢ دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارە /١٩٥٥ لەگەڵ چەندین بڕیارو یاسای دیکەی پشتگیری لە پێدانی مافی گەلانی ژێردەستە ، کە لەسەر وڵاتانی جیهان ئەرکێکی جێبەجێ کردنەو پێویستە پشت گوێ نەخرێت لە ئەنجام نەدانی لەلایەن وڵاتانی پەیوەندرادا لە جیهاندا.

١٩٧٣

١٩٧٣/١/١٥ هێزەکانی سووپای ئەمەریکا هێرشەکانی ئاسمانی بۆ سەر شارەکانی ڤیتنام راگرت لە پێناو رێگا ئاسان کردن بۆ رێکەوتنی ئاشتی ، بەپێی رێکەوتننامەی مۆرکراو لە ١/٢٧ی هەمان ساڵ لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا وەك رێکەتنێکی بەلگەیی .

کە لەلایەن ڤیتنامی باکوورو بەرەی رزگاری نیشتمانی – ئەلفیت کۆنگ– و ئەمەریکاو ڤیتنامی باشوور بەشایەتی چینی میللی و فەرەنساو بەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەت لە جیهان .

١٩٧٣/٢/٢٧ لە ئاکامی گفتووگۆی نێوان ئەمەریکاو ڤیتنام ، لە پێناو چارەسەری کێشەکان بە رێگەی ئاشتیانەو دیلەکانی دەستگیر کراوی سەربازی ئازاد کران ، کە لە جەنگی نێوان هەردوو لایەنی شەڕکەر دەستگیر کرابوون لە بەرەکانی شەڕدا .

١٩٧٢/٣/٩ پرۆژەی مافی ئۆتۆنۆمی بە پێی رێكەووتنامەی/ ١١ی ئادار پێشكەش بە دەسەڵاتی ناوەندی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق كرا ، بەڵام ئەو رێكەووتنەی جێبەجێ نەكردو لێی پاشگەز بووەوە .

ئەویش بووە هۆی لەبار چوونی بارو دۆخی ئێراق ، بەتایبەتی پەیوەندی لە نێوان سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە هەرێمی باشووری كوردستان و دەسەڵاتی ناوەندی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق.

١٩٧٣/٣/١٣ لە دەستووری ڕژێمی بەعس لە سووریادا ، بە ئاشكرا ئەوە دیاری دەكا . كە بەیەك چاو سەیری هاو وولاتیانی دانیشتووی سووریا ناكات ، سەبارەت بەوەی كە لە دەستوور دەسەڵاتەكان لەیەك جیانەكراونەتەوەو لەچەندین ماددەی دەستووریدا هەژموونی دەسەڵاتی جێ بەجێكردن زاڵ بووە بەسەر دەسەڵاتی یاسایی و دادوەریدا .

هەروا لەدەستوورەكە چەندین جیاكاری كراوە لە نێوان هاووڵاتیانی كوردو عەرەب لەنێوو ئەو جیاكاریانەش جیاكاری ڕامیاری و جیاكاری نەتەوەیی و جیاكاری ئاینیش .

لەبارەی جیاكاری دەستووری تەنها ڕەوایی داوە بە پارتی بەعس ، كە پارێكی خاوەن تایبەتمەندی شموولیە ، لێرەشدا ناڕەوایی و قەدەخەكردنی سەرجەم ڕاو بۆچوون و كاری سیاسی دیكە لەدەرەوەی پارتی بەعس دەسەپێنێ . لەماددەی ٨٤/١ لە دەستووری سووریادا هاتووە ، كە پاڵاووتنی سەرەك كۆمار تەنیا لە ڕێگەی پێشنیاری قیادەی قوتری پارتی بەعس دەبێت . هەروا لەدەستوورەكەدا دان بەهیچ نەتەوەیەكی غەیرە عەرەب نانێت ...هەروا لەماددەی /١ ی دەستووردا هاتووە ، كە سووریا بەشێكە لە ئوومەی عەرەبی و لەگەڵی عەرەب پێك هاتووە .

هەروا زمانی ڕەسمی تەنیا زمانی عەرەبیە ، هەروا ئامانجی دەستوورەكە بەهێزكردن و ڕۆشەنبیركردنی نەتەوەی بەناوی عەرەبە و هەموو یاساو مەرسووومێك و كۆبوونەوەیەك بەناوی عەرەب دەردەچێت و دان بەنەتەوەكانی دیكە دانانێت لە وولاتەكەو ناوچەكەدا .

١٩٧٣/٣/٢٩ هێزەكانی سووپای ئەمەریكا لە باشووری ڤێتنام كشانەوە ، كە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە شەڕی ڤێتنام لەلایەن ئەمەریكا كۆتایی پێهێنرا لە

وولآتەکەو ناوچەو جیهاندا .

١٩٧٣/٣/٢٠ ئاشکرابوونی پیلانەکەی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ لە ناو بردنی دەسەڵاتی سەرۆکی شیلی سلڤادۆر ئیلەندی ، کە دەسەلاتێکی مارکسی –لینینی بوو و هەنگاو نانی بەرەو ڕژێمی سۆشیالیستی دەنا لە وولآتەکەدا .

١٩٧٣/٦/١٨ کۆچی دوایی نووسەرو ڕۆناکبیری کورد مامۆستا – حەسەن فەهمی جاف – لە شاری بەغدا.
شایانی باسە ناوبراو نووێنەری شاری هەڵەبجەی شەهید بوو لە ئەنجوومەنی نووێنەرانی ڕژێمی شانشینی لە ئێراق .

١٩٧٣/٧/٩ تیرۆرکردنی سەرکردەی کورد عەلی شێرۆو هاوسەرەکەی خاتوو – زەرینە– خان لەباکووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی تورکیا.

١٩٧٣/٧/١٠ وولآتی بەهامز وەك وولآتەکانی جیهان سەربەخۆیی خۆی لەناو ڕایەلەی وولآتانی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاند... ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – ناساو– ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١٩٥,٠٠٠هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولآتەکەی ،٣٩٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولآتەکەی ،١٣,٣٢٩ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی

دانیشتووانەکەی ، ٧١ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، پێست رەشەکان ٨٥٪ . سپی پێستەکان ١٥٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٧٣/٧/١٧ بەیەکەوە نووساندنی کەشتی ئەپۆللوی ئەمەریکی لەگەڵ کەشتی سیۆزی رووسی لەگەردووندا ، لەپێناو ئەنجامدانی کارە هاوبەشیە زانستیەکانیان.

١٩٧٣/٧/١٧ بەرپابوونی کودەتای سەربازی لە ئەفگانستان بەسەرکردایەتی محەمەد داود ، کە لەو کات شانشین زاهرشا بەسەردانێك لە ئیتالیا بوو کودەتایەکەش سەرکەووتنی بەدەستهێنا ، ئەویش بەڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری و هەڵووەشاندنەوەی ڕژێمی شانشینی لە ئەفگانستان بەپشتگیری رووسیاو یەکەم وولاتیش هندستان بوو کە دانی بەوکودەتایە نا لە کێشووەرەکەدا .

ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر

١٩٧٣/٧/١٧ بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتوو لە نێوان سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق عەزیز مەحەمەد ، و ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی ئەحمەد حەسەن بەکرو سەرکۆماری ئێراق ، لە دوای مۆرکردنی ڕاگەیاندرا ، کە بووە هۆکارێکی نا لەبار بۆ سەر گەلانی ئێراق . بە تایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو دوایی پارتی کۆمۆنیست و گەلانی ئێراق ، بەتایبەتی گەلی کوردو نیشتمانەکەی بەرەو مەرگەسات هەنگاوینا لە وولاتەکەدا .

جێگەی شێکردنەوەیە کە مۆرکردنی بەرەی نیشتیمانی نەتەوەیی پێشکەووتن لە نێوان رژێمی بەعس و پارتی کۆمۆنیست لە ئێراق دوو هەڵەی گەوورەی لێکەووتەوە ، لە نێوان پارتی کۆمۆنیست و پارتی دیموکراتی کوردستان ، کە ئەو کاتە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری کوردی دەکرد لە هەرێمی باشووری کوردستاندا ئەویش :-

یەكەم :- پارتی كۆمۆنیستی ئێراق باش ئەوەی دەزانی كە پارتی بەعس لە سەر چ بنەماو ئامانجێك دامەزراوە لە هەموو بوارە جیا جیاكانیدا ، كە پارتێكی نەتەوەیی شۆڤینی بەرچاوتەنگی داپلۆسێنەرە ، و بەڵگەش ئەوە دەسەلمێنیٚ چ لە سووریا و چ لە ئێراق ، بە تایبەتی لە دوای كودەتا سەربازیەكانیان لە ١٩٦٣/٢/٨و لەئێراق و لە ١٩٦٣/٣/٨ لە سووریا و مامەلە كردنیان لە گەڵ گەلانی ئەو وولاتە بە زۆر دروستكراوە لە سەر خاكی گەلانی ئەو دوو وولاتە بە تایبەتی گەلی كوردستان.

هەروا هەڵوویستیان بەرامبەر بە گەلی كورد ، چ لە ئێراق و چ لە سووریا لە ناوچەكەدا . بە دروشمە پرشنگ دارەكانیان بە ناوی - ئوومە عەرەبیە واحیدە - زات رسالە خالیدە - وەحدە حووریە ئیشتراكیە - هەروا تاكوو ئێستا ئێراق و سووریا بە خاكی عەرەب و ئوومەی عەرەب دادەنێن و دان بە مافی گەلانی دیكەی ئەو وولاتە دانانێن ، بە تایبەتی گەلی كورد ، گەر دان بە مافی كوردیش دابنێن بە مافی نەتەوەیی دانانێن نەك بە مافی نیشتیمانەكەیدا .

لە دەستووری ١٩٥٨/٧/١٤ و رێكەووتننامەی ئاداری/١٩٧٠ دا هاتووە ، گەر بگرێینەوە سەری و بەراوردی بكەیت ....!...

لە بەر ئەوەی پارتی كۆمۆنیست نە دەبووایە یەك لایەنە ئەو بەرەیەی مۆر بكردایە بیٚ ئەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان بەشداری نەكردایە ، لە بەر ئەوەی پارتی كۆمۆنیست و پارتی دیموكراتی كوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیان ، بە تایبەتی لە دوای ساڵەكانی ١٩٥٠ تا مۆركردنی رێكەووتننامەی ئاداری/١٩٧٠ هاوبەشی خەبات بوون و لە یەك سەنگەر دژی داگیر كەرو زولم و زۆردارو ئەو پارتە بەعسە وەستا بوون ئەویش :-

ئە :- پارتی كۆمۆنیست لە پێناو رووخاندنی رژێمی بەعس و هێنانە دی

رژێمێکـی دیمـوکراتی فیـدرالی یـەکگرتوو ، کـە هـەموو گـەلانی ئێـراق بـە مافـەکانیان شـادبن و گـەلی کـوردیش بـە ئاواتـەکانی لـە ژێـر سـێبەری ئـەو رژێمەدا لە ئێراقدا .

ب :-پارتی دیمـوکراتی کوردسـتانیش لـە پێنـاو بـە دەسـت هێنـانی مـافی ئۆتۆنـۆمی تـەواو لە چوار چێوەی سنووری ئێـراق لـە هـەرێمی باشووری کوردستان لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا ، بە تایبەتی لە بواری نەتـەوەیی و نیشتیمانیدا .

دووەم :- لـە گـەڵ ئەوەشـدا نەدەبوایە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ، لـەو کات پارتی کۆمۆنیستی بە تـەنیا لـە گۆرەپانی رامیاری جێ بهێلابایە ، لـە بەر ئەوەی بە تـەنیا بـوو لـە گۆرەپانەکەدا . کە لـەو کاتـە یەکیـەتی سۆڤیت پاڵپشتی ئێراق و وەك دوای رووخاندنی سەدام بەهەڵستکار نەبوو لە ئێراق و ناوچەکەدا .

هەروا رێکەوتننامەی ئادار لەو کات و ساتدا زۆر بەهێزتر بوو لە بە دەست هێنانی مافەکانی کورد لە دەستووری هەمیشەیی دوای رووخاندنی رژێمـی سـەدام لـە ئێـراق و چـەندین کێشەی دیکـە ، هـەر وەك بـە روونکردنـەوەی رێکەوتننامەی / ١١ی ئادار ئامارژەم بۆ کردووە .

جا لێرەدا مێژوو ئەوەی سەلماند کە چۆڵکردنی گۆرەپانی ئێراق بە هـۆی روو وەرگێرانـی پـارتی کۆمۆنیـست و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە یـەکتری بـە تایبـەتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هەڵەیـەکی گـەورەی مێژوویی بوو ، بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتـەوەیی و نیشتیمانیدا ، کە ئەمەش بووە هۆکاری مۆرکردنی رێکەوتننامـەی جەزائر لـە ٣/٦ /١٩٧٥ و هـەرەس پێهێنـانی شۆرشـی ئـەیلول و مەرگەسـاتی لێکەووتـەوە لـە هـەموو بوارەکاندا .

لە بەر ئەوەی هەڵە کردن لە پێناو هەڵە ئامانجی رەشبینیە نەك گەشبینی ، جا لـە هـەر لایـەنێك بێـت ، بـە تایبـەتیش بۆ کـورد و لایـەنی کـوردی ، کـە زۆربەی هەڵەکان رێگە خۆشکەر بوون بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی دووژمنـانی گەلـە کوردستان نەك هـەر لـە ئێـراق بـەلکوو بگرە لـە سووریاو ئێران و تورکیاش.

لە بەر ئەوەی مێـژوو وزانستی مێژوو دایکی هـەموو زانستەکانی دیکەیـەو

شەرم لە کەس ناکات و نەفرەت لە هەڵەکان و ئەنجامدەری هەڵەکان دەکات لە هەموو لایەنەجۆراو جۆرەکاندا .

١٩٧٣/٩/٥ لە کۆنگرەی چوارەمی وولاتانی بێلایەن – عدم الانجیاز – کە ٧٦ وولاتی ئەندام بەشداری تێداکرد لە شاری جەزائیری پایتەختی جەزائر ، لەگەڵ بەشداربوونی سەرۆکی لێژنەی جێبەجێکردنی ڕێکخراوی فەلەستین بە ئەندامی چاودێرو بۆ یەکەم جار لە بریارەکانی وولاتانی بێلایەن تایبەت بەکێشەی فەلستین لە ژێرناونیشانی – باری ڕۆژهەلاتی ناوەراست و کێشەی فەلەستین– لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا .

١٩٧٣/٩/١١ بەپاڵپشتو هاوکاریو یارمەتیدانی ئەمەریکا کودەتای سەربازی لە وولاتی شیلی بەرامبەر بەدەسەلاتی سلڤادۆر ئەلەندی ئەنجامدراو لە ئاکام کودەتایە سەربازیەکە سەرکەووتنی بەدەست هێنا ، کە ئەمەش کاردانەوەی ناهەمواری کردە سەر بارو دۆخی شیلیو دەسەلاتی تاکرەوی توندو تیژی سەربازی لە وولاتەکە بەرو رژێمی دکتاتۆری هەنگاوینا لە ناوچەکەدا .

١٩٧٣/٩/١٢ دەستە بەرەکەی گازی ژەهراوی سەدام حوسێن– فرانز ڤان ئەنرات– لە سەرەتای دەست پێکردنی ژیانیەوە ، ئەگوواستریێتەوە بۆشاری ژنێفی سویسرا – لەوێ بۆ نووسینگەیەکی ئەندازیاری ئیتالی– سویسری هاوبەش ، کە نووسینگەیەکی ئەندازیاری نێوودەووڵەتی کیمیایی هۆلەندی ئەمەریکی بووە ، کە هەردوو دامەزراوەکە نەخشە کێشی کارگەکانیان دەکرد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

۱۹۷۳/۹/۲۲ کۆچی دوایی روناکبیرو شاعیری چیلی - بابلۆنیرۆدا ... جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم شاعیرە لە ساڵی ۱۹۰٤ لە وولاتی چیلی لە ئەمەریکای لاتینی چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ... هەر لە منداڵیەوە دایکی دەمرێ و لە تەمەنی ۱۳ ساڵیدا دەست دەکا بە هەڵبەست دانان . ئەم شاعیرە نەك هەر شاعیرێکی بەناوبانگ و کەسایەتیەکی نیشتیمان پەروەری وولاتەکەی بووە ، بەڵکوو شاعیرێکی لێهاتوو سەرکەوتووی جیهانیش بووە ... هۆکاری سەرکەوتنی ئەم مرۆڤە کە زمانی شاعیر زمانی ئەسپانی ئەمەریکای لاتینی و ئەمەریکای ناوەراست و مەکسیك و ئەسپانیاش بووە .

لە تەمەنی ۲۳ ساڵیدا کارەکانی کونسولی و بە بالیۆزی نوێنەری فەرمانبەریەتی رامیاری وولاتەکەی لە بۆرماو رانگۆن سیلان و هندستان و ئەندۆنوسیا و سەنگافوراو ئەرژەنتین و مەکسیك و ئیسپانیا و پاریسدا کردووە .

هەر لەم ماوەش بەشداری چەندین کۆرو کۆبوونەوەی کردووە لە ئیتالیاو فەرەنساو مەکسیك و گواتیمالاو کووبا و ئەمەریکاو یەکیەتی سۆڤیەت و پۆلۆنیا و هنگاریاو یۆگسلافیا و چین .

ئەمەش بۆتە هۆکاری بەهێزی شعر و هەڵبەست و گەیاندنی بیری رۆشنبیری بەجەماوەرو خۆ پێگەیاندن ... بەهۆی گەران و توانای رۆشنبیری لەچەندین رێکخراوی جیهانی ئەندام بووە لە دژی ئیمپریالیزم و چەوسانەوە و . لە پێناو دادپەروەری و سەربەستی و ژیانی کامەرانی مرۆڤ دا خەباتی کردووە .

ئەم شاعیرە چەندین کتێبی شعرو وتاری بەچاپگەیاندووەو بەرهەمەکانی تاکو ئێستاش جێگەی رۆشنبیرو تاقیکردنەوەن بۆ گەلانی چەوساوەی سەر گۆی زەوی لە هەموو بوارەکان لە جیهاندا .

١٩٧٣/١٠/٦ هەڵگیرسانی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای وولاّتانی عەرەبی بە سەر کردایەتی وولاّتی میسرو هێزی سووپای دەووڵەتی ئیسرائیل ، کە هێزە هاوبەشەکانی سووپای وولاّتانی عەرەبی لەو شەڕەش شکستیان هێنا ، هەر وەك جارانی پێشوو بەسەرکردایەتی کۆماری میسری عەرەبی لە ناوچەکەدا .

١٩٧٢/١٠/١٣ کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد مامۆستا – رەفیق چالاك – لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە رەفیق چالاك لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری سلێمانی چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ... ئەم کەسایەتیە هەر لە سەرەتای منداڵیەوە خولیای هونەرو ئەدەب بووە . مامۆستا چالاك لە نێوان ساڵی ١٩٤١ – ١٩٤٢ لە –دارالمعلمین الریفی – دەرچووەو بۆ یەکەم جار لە قوتابخانەی مەڵکەندی لە شاری سلێمانی دەست بەکاربووەو وانەی سروودی گوتۆتەوەو زۆر گرنگی بە سروودە کۆنەکان دەداو هەمووی تازە کردنەوە .

هەروا چەندین سروودی بەدەنگی خۆی تۆمارکردووە لەوانە – سەدەی بیستەم / لەهۆنراوەی بێکەسی شاعر – تادەست لەمل هیوا نەکەم / هۆنراوەی مامۆستا زێوەری شاعر – گەرچی تووشی رەنجەرۆیی /هۆنراوەی هێمنی شاعر – جەژنە جەژنی کوردستانە /لە هۆنراوەی /٤٤ گۆران – ئەی هەڤاڵانی رێگەی خەباتم / هۆنراوەی نوری دەشتی کە بۆ قەسابخانە خوێناویەکەی سلێمانی لە ساڵی ١٩١٣ ی گوتبوو... دوای ئەوە مامۆستا رەفیق چالاك لە ناوەندی ساڵی چلەکان لەگەڵ عەبدوللا گۆران و رەمزی قەزاز دەچنە شاری یافا لە فەلەستین بۆ کۆکردنەوەی ئێستگەیەکی کوردی .

بەڵام ئەو هەر زوو دەستی لەکار کێشاوەو گەراوەتەوە شاری سلێمانی و دووبارە دەستی بەکاری هونەری کردۆتەوەو شانۆگەری لە رێی نیشتیمانا لە پێنجوین پێشکەش دەکات و هەمان شانۆگەری لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری

هەولێر پێشکەش بەجەماوەر دەکات ... مامۆستا رەفیق چالاک لە ساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی بە وێستگەی کوردی بەغدا دەکات و وەکوو بێژەر , ئەکتەر , وەرگێر کاری تێدا دەکات.

لەهەمان کات تیپێکی شانۆگەری بۆ یەکەم جار لە وێستگەی کوردی دامەزراند ، کە چەندین ئەکتەری بە توانای لێ کۆکردەوەو تاکو ساڵی ١٩٥٦ بەردەوام بوو ... دوای ئەوە هەوڵەکانی مامۆستا رەفیق چالاک بەرچاوبوون لە بواری هونەردا ، کە ئەویش دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بوو لە سەرتای ساڵی ١٩٥٧ و زۆر لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی روو لەو کۆمەڵە دەکەن .

لە ١٩٥٧/٧/٥ بۆ یەکەم جار کۆمەڵەکە هەڵبژاردنی دەستەی کاری ئەنجام دەدەن کە رەفیق چالاک بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵدەبژێردرێ لەگەڵ حەوت ئەندام وجێگرەکەی ولیەم یۆحەننا .

ئەو کۆمەڵەیە کاری جوان دەکەن تاکوو ساڵی ١٩٦٢ ، دیسان هەڵبژاردنی کۆمەڵە ئەنجام دەدەن و دووبارە مامۆستا رەفیق چالاک بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵدەبژێردرێتەوە ... مامۆستا چالاک دەیا گۆرانی وبابەتی هەمەجۆری هونەری لە گۆڤارو رۆژنامەکان بلاوکردۆتەوە تا ئەو کاتەی ژیانی یارمەتی داوە خزمەتی گەل و نیشتیمانەکەی دەکات لە بواری هونەردا لە کوردستان .

١٩٧٣/١٠/١٥ بەهۆی بەرەو لە بارچوونی باری ئێراق و پەیوەندی لە نێوان سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول و رژێمی بەعسی لە ئێراق ئەویش بە سەرهەڵدانی بیری پاشگەزبوونەوە لە جێ بە جێنەکردنی بەیاننامەی /١١ ئادار ، مستەفا بارزانی داوای لە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا -کیسنجەر- کرد ، لەپێناو هێرش کردنە سەر هێزەکانی سووپای ئێراق ، بەلام ناوبراو ئەو داواییەی بارزانی رەتکردەوە بەهۆی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان لەناوچەو هەرێمەکەدا.

١٩٧٣/١٠/١٧ جێگری سەرەك کۆماری ئێراق سەدام حوسێن لە ووتارێکیدا گوتی:- پارتی دیموکراتی کوردستان ناتووانێت نووێنەرایەتی کورد بکات ،

ئەولێدوانەی سەدام بووە هۆی سەرهەڵدانی دژایەتی لە نێوان رژێمی بەعس و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٩٧٣/١٠/٢٢ بڕیاری ژمارە/ ٣٣٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان ، ئەویش بەڕاگرتنی راستەوخۆی شەڕی نێوان ئیسرائیل و وولاتانی عەرەبی و جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە /٢٤٢ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی لەهەرێمەکەدا .

١٩٧٣/١١/٦ لە کۆنگرەی وەزیرەکانی دەرەوەی وولاتانی بازاڕی ئەورووپای هاوبەش لە شاری- کوبنهاگن - ی پایتەختی دانیمارك ، لەو کۆنگرەیە هەڵوێستیان دیاریکرد بەرامبەر بە مافی گەلی فەلەستین لەچارەی کێشەکە بەڕێگەی ئاشتیانە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

١٩٧٣/١١/٢٩ دەرچوونی بڕیاری ژمارە/٢٩٣٦ لەخوولی/ ٢٧ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ، بە رەزامەندی کردن لە سەر پێشنیاری یەکێتی سۆڤیەت بە زۆرینەی دەنگ کرد ، بە ناوی ئەندامانی دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان ، ئەویش بە قەدەخەکردن لە بە کار نەهێنانی توند رەویی و داپلۆسین لە پەیوەندییەکانی نێوودەوڵەتی و . هەروا بەکار نەهێنانی چەکی ئەتۆمی لەهەموو کات و بارێکی نێوودەوڵەتی لە جیهاندا .

١٩٧٣/١٢/٧ لە دوای شەڕی / ١٩٧٣ی نێوان هێزەکانی سووپای ئیسرائیل و هێزەکانی سووپای وولاتانی عەرەبی، کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان سەر لەنوێ دووپاتی کردەوە بەمافی چارەی خۆنووسی گەلی فەلەستین و مافی یەکسانی <

ئەویش بەپێی بڕیاری ژمارە/٣٠٨٩/د٢٨٠ کە ئەو بڕیارە لە بە هێزی خۆی بەدەیاجار دووپاتی جێبەجێکردنی کراوەتەوە بەدەنگی/ ٨٧ ئەندام بەپێنەدانی ٩دەنگ و بێدەنگی/ ٣٣ بەرامبەر بە بڕیارەکە لە بەرژەوەندی رێکخراوی رزگاری فەلەستین.

١٩٧٣/١٢/٧ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان رەزامەندی کرد بەزۆرینەی /٨٨ دەنگ لەخوولی/ ٢٨ی دانیشتنەکە بەرامبەر/٢ دەنگ ئەویش - چینی میللی و ئەلبانیا-و بەدەنگ نەدانی / ٣٨ دەنگ، ئەویش بەئاگاداری ئەندامانی

هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایش ، لەپێناو کەم کردنەوەی بوودژەی سەربازی بەرێژەی –١٠٪. ئەویش بەدەست پێشخەری سۆڤیەت بوو ، لەپێناو یارمەتی دانی وولاتانی تازە پێگەیشتوو لە پێناو بوژانەوەی ژێرخانی ئابووریاندا .

١٩٧٣/١٢/١٢ دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککرتووەکان بە ژمارە /٣١٠٣ ودانان بەخەباتی گەلانی ژێر دەستەو داگیرکراو دژ بەئیستعمارو دەتبەسەراگرتنی بێگانەو ڕژێمە شۆڤێنیستە ڕەگەز پەرستەکان ، لەژێر کێشەی چەکدارەکانی نێوودەوولەتی بێت <

بۆ نموونە کوردو خەباتی کورد لەسەر خاکی داگیرکراوی خۆی لە نێوان چوار دەوولەتی شۆڤینی ، کە خەباتێکی عادیلانەو پێویستە لەلایەن نەتەوە یەککرتووەکان و وولاتانی پەیوەندیدار چارەسەر بکریت لە هەرێم و ناوچەو کێشووەرەکەدا .

١٩٧٤

١٩٧٤/١/١٥ بەستنی کۆبوونـەوە لـە نێـوان پـارتی دیمـوکراتی کوردستانی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان و پـارتی کۆمۆنـستی ئێـراق ، لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی پەیوەندییـە دژووارەکـانی نێـوان هـەردوو پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەرۆژهـەڵاتی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە باشـووری کوردستان .

١٩٧٤/١/٢٠ تێکۆشـەرو خـەباتگێری کـورد عـەزیز عقراوی ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان و ، هاشم عقراوی و ، ئیسماعیل مـەلا عـەزیز ئەنـدامانی لیژنـەی ناوەنـدی ، نامەیـەکی هاوبەشیان ئاراسـتەی بـارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد .
کە لەو نامەیە چەند رەخنەیەکیان لە بارزانی گرتبوو ، بە هـۆی جیاوازی بیروو بۆچوونیان لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنـەوەی رزگاریخوازی کورد لە دوای بەیاننامـەی/١١ ئـازار بـە دروسـت بـوونی بارودۆخـە ناهەموارەکـەی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی کوردو رژێمی بەعس لە ئێراق.

١٩٧٤/٢/١٠ بـەرپابوونی شـەڕی نێـوان هێزەکـانی سـووپای ئێـران و ئێـراق ، لـە سـەر سـنووری نیـوان هـەردوو دەوڵـەت کـە لـە سـەر خـاکی کوردسـتان و ، لـە ئاکامی ئەو شەڕە زیاتر لە ٦٥ سەرباز لە هەردوولا کووژران و شەڕەکەش بە بژیووانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەستێنرا

١٩٧٤/٢/١١ دەست پێکردنـی جوولانـەوەی – خـەمیری حـومر –ی کۆمۆمەنیستەکان بە بۆردومـان کردنـی شـاری – پنـوم پینـە –ی پایتـەختی کـەمبۆدیا ، کـە لـەو کاتەدا زیاتر لە – ٣.٠٠٠.٠٠٠ – ملیۆن هاوولاتی نیشتەجێێ بوون ، بە هۆی دووبەرەکی رامیاری لە سالانی/ ١٩٧٠ لـەلا باڵـەکانی لایـەنی باشـوور لە شەڕی ڤێتنام و لایەنگیرانی باکووری – خـەمیری حـومر– لـە ناوچەکەدا .. . کەئەو دووبەرەکیە بووە هـۆی دووبـەرەکی رامیـاری دەرەکـی و رامیـاری نـاوخۆیی و بووە هـۆی ئـەوەی ، کـە لـە پێشەوە هەلگیرسـانی شـەڕی نێـوان سـووپای کـەمبۆدیا و هاوپـەیمانانی لەگـەڵ هێزەکـانی ڤێتنـامی باشـوورو لەگەڵ جوولانەوەی خەمیری حومر لە ناوچەکەدا.

١٩٧٤/٢/٢٤ نووسراوی وەزارەتی نەوتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بە ژمارە/١٠٨٨/١١٧٢ ، ئەویش بەگوواستنەوەی ڕاژەو کاری فەمانبەریەتی کوردەکان لەدام و دەزگا نەوتیەکانی پارێزگای کەرکوك لە باشووری کوردستان ، بۆدام و دەزگاکانی دیکە بە تایبەتی دەرەوەی پارێزگای کەرکوك... ئەوەیە کە دەڵێن – تاکوو خاوەن ماڵ دزدەگرێ– دزخاوەن ماڵ دەگرێ..!..!.

١٩٧٤/٢/٢٧ وولاتی گرینادا سەربەخۆیی خۆی بە جیابوونەوە لە بەریتانیا ڕاگەیاند لەناو ڕایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیا. ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – گۆرژس –ی پایتەخت بوو ، کە

ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١١,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١٣٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٣٤٤ کیلۆ مەتر چواڕ گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٩٤٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . لە وولاتەکەدا .

١٩٧٤/٢/٢٨ کۆچی دوایی تێکۆشەرو خەباتگێری نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردی باکووری کوردستان – هانی بروسك – لە شاری عەممانی پایتەختی ئوردن ... شایانی باسە ئەم شۆڕشگێرە کوردە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم لە پارێزگای ئەرزەڕۆم لە باکووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوەو لە هۆزی – زرکان – ی کورد بووە . لە خوێندنەکانی ئایینی پلەی بەرچاوی بەدەست هێناوە لە سەر ڕێگەی سوفیەی نەقشەبەندی .

دوای ئەوە پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازی کردووە لە شاری ئەستەمبوڵ ، لەدوای تەواوکردنی خوێندنی سەربازی پلەی زۆرباشەی بەدەست هێناوەو

پلـەی شـەرەفی یەکـەمی وەرگرتـووە . دوای ئـەوە چـۆتە ریـزی سـووپای عوسمـانی بە پلەی ئەفسەرو بەشداری لـە هـەموو لـە شـەڕەکان کـردووە بـە تایبەتی لە جەنگی یەکەمی جیهانی .

لـە دوای کۆتـایی دەسـەڵاتی عوسمـانی کراوەتـە بەڕێوەبـەری نووسـینگەی سیخووری رۆژهەڵاتی خوارووی لە شاری تارانی پایتەختی دەوڵەتی فـارس ، لـە دوای هــەرەس هێنـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و دامەزرانـدنی دەووڵەتی تورك لە سەر خاكی گەلان لە لایەن مستەفا كەمال ئەتاتورك بە پشتیووانی وولآتانی هاوپەیمان ، هـانی بروسـك بـاوەری سـەربازی مسـتەفا كـەمال ئـەتاتورك بـە هـۆی ئازایـەتی و راسـتگۆیی و بەشـداری هـەموو شەڕەكانی دژ بە دەسەڵاتی نوێی تورك كردووە .

لـەدوای هەڵوەشـاندنەوەی دەسـەڵاتی خەلافـەتی ئیسلامی و راگەیانـدنی دەووڵـەتی علمـانی و ، راگەیانـدنی راپـەرین لـە بـاكووری كوردسـتان بـە سـەركردایەتی شێخ سـەعید لـە ١٩٢٥/٣/٧ هـانی بروسـك لـە ریزی سـووپا مۆڵـەت وەردەگـرێ و پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەكەی شـێخ سـەعید دەكـات . لـە دوای هەرەس پێ هێنانی شۆڕشی شێخ سەعید و لـە سێدارەدانی شێخ و هەڤاڵـەكانی ئـەمین بروسـك لەپـەتی سـێدارە رزگـاری دەبـێ و بـەرەو ئێـران رادەكات .

دوای ئەوەی ساڵێك بە سـەر دەبات لـە رێگـەی برادەرێكـی كـوردی فـەیلی و ئاشكرا بوونی لەلایـەن دەسـەڵاتی شـای ئێـران بـانگ دەكرێـت و گفتووگـۆی لەگەڵدا دەكات لـە بارەی باری كـورد لـە بـاكوورو رۆژهـەلات ولـە وەلآمێكـدا دەڵێت :-

وەك بنەماكـەت ئـال بەهەلـەوی كـە كـوردی سـوونئەو دوای ئـەوە روو لـە شاری مووسڵ دەكات ، بە فەرمانی شاو دەركردنی لە ئێران ، دوای ئەوە لـە سـاڵەكانی ١٩٢٨ - ١٩٢٩ بـەرەو سـووریا دەروات و هـەوڵی تیرۆركردنـی مـستەفا ئـەتاتورك دەدات و سـەیاریەكی كـرێ دەگـرێ و بـەرەو شـاری ئەستەمبۆڵ بەرێدەكەوێ و لەوێ پەیوەندی بـە هەنـدێ سـەربازی پاسـەوانی ئەتاتورك دەكـات ، كـە بـەر لـە هـەڵاتنی برادەری یـەكتر بـوون . كـە زۆربـەیان

کورد بوون . ئەویش بەدانانەوەی نارنجۆکێك لە بارەگای مستەفا ئەتاتورك بە تەقاندنەوەی لەکاتژمێر چواری ئێوارە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی .
بەلآم هەوڵەکەی هەرەس دێنێ و ئەو رۆژە مستەفا کەمال ئامادەی کارەکانی نابێت و نارنجۆکەکە دەتەقێتەوە ، دوای ئەوە زانرا کە ئەمین بروسك ئەم کارەی ئەنجام داوەو بری ٤٠٠ لیرە ی زێر بەخشرا بۆ ئەو کەسەی کە ئەمین بروسك بگرێ یاخوود بیکوژێ .
ئەویش بەرەو سووریا دەگەرێتەوەو لە رێگا یەکێك لە پاسەوانی فەرەنسی لەناوچەی جوڵان لە دوای پشکنین دەستگیری دەکەن و بەرەو شاری ئەستەمبوڵ رەوانەی دەکەنەوە . دوای ئەوە دەدرێتەدادگاو لەکاتی دادگایی کردنی زیاتر لە ١٠٠٠ کورد و تورك ئامادە دەبن و لە ئەنجام بریاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکرێ و رەوانەی بەندیخانەی ئەنادۆڵ دەکرێ و ماوەی چوار مانگ بەسەر دەبات و ، لەوێ پەیوەندی لەگەڵ بەرێوەبەری بەندیخانە پەیدا دەکات و یارمەتی هەلآتنی بۆ رێك دەخات و ئەمین بروسك بەرەو ئێران و دوایی بەرەو ئێراق و دوایی بەرەو سووریا رادەکات .
دوای ئەوە ئەمین بروسك لە ساڵی ١٩٣٦ روو لە ئوردن دەکات دوای ئەوە ژنێکی فەلەستنی دێنێ و دوو کورو کچێکی لێ دەبێ و کورەکەی ناوی دکتۆر هانی بروسکە ... ئەم شۆرشگێرە لەخەبات بەردەوام بوو تاکوو ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمان لە هەندەرانی دوور لە ولآتە دابەشکراوەکەی خۆی کە باکووری کوردستانە دەکات.

١٩٧٤/٣/٨ شـــاندێكی پـــارتی دیمـــوكراتی كوردستان ، كەپێكهاتبوون لە – دارا تۆفیق و ، ئیحسان شێرزادو ، فوئـاد عـارف – بـە سـەركرایەتی ئیدریس بارزانی سەردانی شاری بەغدایان كرد ، شاندەكەو ئیدرس بـــارزانی چـــاویان كـــەووت بـــە جێگـری سـەرەك كۆمـاری رژێمـی بـــەعس ســـەدام حوســـێن ، گفتووگـۆی نێوانیـان لـە بـارەی جێبـەجێكردنی رێككەووتننامـەی ئادار بوو ، بەڵام سەدام حوسێن لە وەڵامدا ووتی:-

بەیانی كۆنگرەی پارتی بەعس ئەنجام دەدرێ و وەڵامتـان دەدەینـەوەو بۆ رۆژی دوایی شاندكە گەڕایەوە كوردستان.

شـایانی باســه لـه رۆژانـی ٣/٥ و ٣/٧ ی هــەمان سـاڵ شـاندی پـارتی دیموكراتی كوردسـتان سەردانی شاری بەغدایان كرد بوو بە گۆڕینـەوەی نامـە لـە نێـوان سـەدامو بارزانی. بـەڵام هەوڵـەكان ئاكـامی بـەرەو هـەرەس هێنانی رێككەووتننامەی ئادارو گفتووگۆكان بوون لە هەرێم و وولاَتەكەدا .

١٩٧٤/٣/٨ كردنـەوەی فرۆكەخانـەی شـارڵ دیگـۆڵ سـەرۆكی فەرەنـسا لـە پاریـسی پایتەختی فەرەنسا.

١٩٧٤/٣/١١ بڵاوكردنـەوەی مـافی ئۆتۆنـۆمی كـارتۆنی بـۆ كـورد لەچـەند ناوچـەیەكی باشووری كوردستانی لێكندراوی بە ئێراق ، بێ ئەوەی پارتی دیمـوكراتی كوردستان بەشداری تێدا بكات . تـەنیا ئەو پارتـە كارتۆنیانـە نەبێـت . كە دەسەڵاتی بـەعس دایمەزراند بوون لە گـەڵ پارتی كۆمۆنستی ئێراق/ لقی هــەرێمی كوردســتان ، كـە بەشـداریان لـە ئەنجوومـەنی بـەناو یاسـادانان و جێبەجێكردنی ئەو مافە ئۆتۆنۆمییە كرد...!.؟.

١٩٧٤/٣/١٨ كۆتایی هاتنی گفتووگۆ لە نێوان سەركردایەتی ڕژێمی بەعسی لـە ئێراق و سـەركردایەتی شۆڕشی ئـەیلول ، بـە هـۆی پاشـگەز بوونـەوەی دەسـەلاتی ناوەندی ئێراق ، بە هۆی ڕێك نەكەووتن لە سەر شاری كەركوكی كوردستان . كـە ئەمـەش بـووە هـۆی لێك ترازانـی پەیوەنـدی سـەركردایەتی شـۆڕش و

ڕژێمی بەعس ، بە دەست پێکردنەوە بەبەردەوام بوونی شۆڕش لەلایەك و دارشتنی پیلانی دووژمنکاری دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەهەرێمی باشووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ئێراق و یاوەرەکانی ناوخۆیی و دەرەوە ی لە ناوچەکەدا .

١٩٧٤/٤/٩ مۆرکردنی پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتی لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، هەر لەو کاتەدا بەرپرسانی بالای سۆڤیەت داوایان لە بارزانی کرد ، کە هاوکاری ڕژێمی بەعسی بکات ، بەلام بارزانی ئەو داوایەی ڕەتکردەوە بە هۆی بیروو بۆچوونە نهێنیەکانی هەردوو لایەن دژ بە کوردو خاکی کوردستان.

١٩٧٤/٤/٢٤ بە هۆی لێك ترازانی پەیوەندی لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و ڕژێمی بەعسی لە ئێراق و بە هۆی خۆڕاگری و قارەمانیەتی جەماوەری قەزای قەلادزێ لە باشووری کوردستان لەلایەن داموو دەزگا سەربازی و ئەمنی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، بۆردومان کرا ، کە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە ١٥٠ هاوولاتی و قوتابی و زامدار بوونی بەدەیا هاوولاتی و قوتابی شارۆچکەکە لە ناوچەکەدا .

١٩٧٤/٤/٢٦ لە دوای بۆردومان کردنی شاری قەلادزێ ، ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بەوەش دلی دانەکەووت و هەلسا بە بۆردومان کردنی شاری هەلەبجە لە هەرێمی باشووری کوردستان ، ئەویش بە فڕۆکەکانی جەنگی سووپای ئێراق ، کە بووە هۆی وێرانکردنی شارەکەو شەهید کردنی ٥٢ هاوولاتی و زامدار کردنی بەدەیا هاوولاتی شارەکە،... لەهەمان ڕۆژیش بۆردومانی پردی گەلالەی کرد ، کە لە ئاکام بووە هۆی شەهید کردنی ٨٥ هاوولاتی وزامدارکردنی بەدەیا هاوولاتی دیکە لە هەرێمەکەدا .

شاری قەڵادزێ لە هەرێمی باشووری کوردستان

١٩٧٤/٤/٢٩ دووبارە هێزەکانی سووپای ئاسمانی ئێراق پردی گەڵاڵەیان بۆردومان کردوو لەئاکامدا زیاتر لە ٢٠ هاووڵاتی کورد لە گوندنشینی ناوچەکە شەهید کران لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٤ /٥/٤ لە دوای بۆردومان کردنی شاری قەلادزێ لە باشووری کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعس و دەسگیر کردنی بەدەیان کەس ، هەڵسا بە ئەنجام دانی لە سێدارەدانی خوێندکاران ، لەوانە خاتوو لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی ، کە بووە هۆی بەرز کردنەوەی هەست و هۆشمەندی نەتەوایەتی و نیشتمانی و پتەو کردنی گیانی قوربانیدان.

١٩٧٤/٥/١٢ لە کاتژمێر حەوتی ئێوارە لە بەندیخانەی ئەبووغرێب لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی لەسێدارەدران و بۆ ڕۆژی دوایی هەواڵی لە سێدارەدانەکە لە ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بڵاوکرایەوە ، کە لە ٢٩/٤ی هەمان ساڵ خاتوو لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی لەشاری بەغدا دەستگیرکرابوون.

١٩٧٤/٥/١٨ تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی بە تەقینەوەیەکی ئەتۆم لە ژێر زەویدا لەبیابانی ڕاجستان لە هندستان ئەنجامدرا کە گوڕەکەی بەرامبەر بوو بە گوڕەی ئەو بۆمبەی کەلە هیرۆشیما خرایە خوارەوە . هندستان بەیاننامەیەکی دەربارەی ئەو تەقینەوەیە ئەزمونیانە بڵاوکردەوە .

تیایدا جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە کە درێژەدان بەتوێژینەوەی تایبەت بەتەقینەوەی ئاشتیانەی ئەتۆم.

هندستان دووپاتی دەکردەوە کە ئامانج لەوە بریتیە لە سنورداركردنی ئاسەوارو دەرئەنجامی ئەو تەقینەوە ئەزمونیانە لە جێ بەجێکردنی پرۆژەی ئەندازیاری وەك دروستکردنی بەندەر دەرهێنان و سوودوەرگرتن لەسەرچاوەکانی گازی سروشتی و دەرهێنانی کانی و نەوت . ئەو ئامانجانەش بەپێچەوانەی ئارەزووی ئەمەریکاو یەکیەتی سۆڤیەت و دیدی گشتی بوونە لە جیهان لە وڵاتەکەدا .

١٩٧٤/٦/٤ دەست پێکردنی خۆپیشاندان لە شاری - پنۆم پینە- ی پایتەختی کەمبۆدیا ، کە بووە هۆی کووشتنی دوو وەزیرو لە ئاکام بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خووێناوی بۆ ماوەی زیاتر لە - ١٥- ساڵ لە وڵاتەکەدا .

١٩٧٤/٦/٢٤ سەرکردایەتی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە سووریا بەسەرکردایەتی جێگیری ئەمینداری حزب و سەرۆکی لێژنەی شەمەر کۆبونەیەکیان گرێداو بریارێکی رەگەز پەرستی بە ژمارە /٥٢١ دەرکرد .

شایانی باسە بە پێی ئەم بریارە کە دەبێت پشتێنەی عەرەبی لە سەر زەوی واقیع جێ بەجێ بکرێت و بەسەر خێزانە عەرەبەکان دابەش بکرێت کە لە پارێزگای حەلەب و رەقەوە هێنرابوون وخانووی نمونەییان بۆ دروستکرابوو ، کە نزیکەی ٤٠ کۆمەڵگا بوو لەوانە ١٢ کۆمەڵگا لەدیرك - مالکیە - و ١٢ کۆمەڵگا لەناوچەی قامیشلۆ ، ١٥ کۆمەڵگا لەناوچەی سەریّ کانی بوو .

ئەو زەویانەش بە سەر ئەو خێزانانەشدا دابەشکران و رووبەرەکەی نزیکەی ٨٠٠,٠٠٠ هەزار دۆنم زەوی بوو ، کە بە سەر ٤٥٠٠ خێزانی عەرەبدا دابەشکراوەو هەر خێزانێکی عەرەب رووبەری ١٥٠ - ٣٠٠ دۆنمی بەرکەوت ، کە دانیشتوانی کوردی رەسەن لە زەویەکانی بابوو وباپیرانی بەسەدان ساڵ بێ بەشکران .

سەرچاوە:- خەبات ژمارە/٢٥٨٧ .

١٩٧٤/٧/٥ هەندێ لە قەبارسەی یۆنانی سەربە – EOKA– هەوڵی کودتای سەربازیان دا دژی – ئەسقف مکاریۆس– بە بۆردمان کردنی کۆشکی سەرۆکایەتی و بەم هۆیەوە مردنی مکاریۆسیان راگەیاند . بەڵام کودەتاچیەکان نەیانزانی ، کە مکاریۆس لەلایەکی ترەوە هەڵاتووە بەرەو دێرە ئەسڵی رۆژئاوای دوورگەکە.. شایانی باسە دەست تێووردان و گێرەشێوێن بەپاڵپشتی رژێمی تورکیا بوو دژی گەلانی یۆنانی و قەباریسیەکان – هێلینیە– لە وڵاتەکەدا.

١٩٧٤/٧/١٥ بە پێی راگەیاندنێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان ، بە زمانی ئینگلیزی لە ئەوروپا ، کە لە ٧/١٥ تاکوو ٨/١ رژێمی بەعسی لە ئێراق/١٥٤٢ هێرشی سەربازی ئاسمانی بەفرۆکەکانی بۆ سەر کوردستان ئەنجام دابوو، کە ببووە هۆی کوژرانی زیاتر لە – ٤٨٥– هاووڵاتی و وێران کردنی – ٤٣٣– گوند لە ناوچە جیاجیاکان لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٤/٧/٢٠ لەئاکامی کێشەی نێوان پێك هاتەکانی گەلانی یۆنان و دەست تێووەردانی رژێمی تورکیا ، کە هۆکاری بووە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی سووپای رژێمی تورکیا پەلاماری دوورگەی قوبرسی داو لە ئەنجام داگیری کرد

١٩٧٤/٧/٣٠ مۆرکردنی رێکەووتنامەی وەستانی شەڕ لە نێوان تورکیاو یۆنان لەدوورگەی قووبرس لە نێوان تورکیاو یۆنان بەهاوکاری و هەماهەنگی بەریتانیا.

١٩٧٤/٨/١٨ فەرمانی – لێژنەی باڵای– ی کاروباری باکوور بە پێی بروسکەی ژمارە/٣٤٧/٢ کە ئاراستەی وەزارەتەکانی– ناوخۆو دارایی و بەرگری رژێمی بەعس کراوە ، لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی بەعس و دەووڵەت ئەویش بە – بلۆك کردنی سامانی چەسپاوو گواستراوە–موصادرة الاموال المنقولة وغير المنقولة– بۆ ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان بە شۆرشی رزگاری خوازی کورد لە باشووری کوردستان کردیە ، ئەویش بە گوواستنەوەی خێزانەکان و دابەشکردنیان بە سەرعەرەبە هاوردەکان.

١٩٧٤/٨/٢٢ جەماوەری پارێزگای هەولێر بە هۆی شەڕ لە نێوان پارتی دیموکراتی

کوردستان وپارتی کۆمۆنیستی ئێراق و پاشگەز بوونەوەی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق لە برگەو ماددەکانی ڕێکەووتنامەی/ ١١ی ئادارو جێ بەجێ نەکردن و ڕانەگەیاندنی مافی ئۆتۆنۆمی لە کاتی دیاریکراوی خۆی .

کە ئەمەش بووە هۆی ڕاپەڕین لە هەموو گوندو شارۆچکەو شارەکان و بە هەموو دام و دەزگا جۆراو جۆرەکانی لە باشووری کوردستان و هەڵکشان بەرەو شاخە بەرزەکانی باشووری کوردستان.

١٩٧٤/٩/٨ بەڕێوەبەری ئاژانسی موخابەراتی ناوەندی ئەمەریکا – ولیام کۆلب – ئەوەی ئاشکرا کرد کە موخابەراتی ئەمەریکی چ هەوڵێکی داوە بۆ رزگاربوونی لەدەست دەسەڵاتی سلڤادۆر ئەللندی سەرۆکی شیلی ... کە سەرۆکی ئەمەریکا نیکسۆن و ئیدارەی ئەمەریکا ماوەی دا بەخەرجکردنی ٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ جموجۆڵەکانی موخابەراتی ئەمەریکا لە شیلی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٠ – ١٩٧٣ ، ئەویش لە پێناو کۆسپ خستنە بەر کارەکانی حکوومەتی شیلی بەسەرکردایەتی ئەللندی لەووڵاتەکەدا ، تا ئەوکاتەی موخابەراتی ئەمەریکا توانی لە پلانە تیرۆرستیەکەی دژی ئەللندی و حکوومەت و پارتەکەو

جەماوەرەکەی رزگاربێت بەدامەزراندنی حکوومەتی دکتاتۆری بە سەرکردایەتی – مۆشییێ لە ووڵاتەکەدا .

هەروا ئەمەریکا ڕۆڵی باڵاو سەرەکی هەبوو لەدانی پلانی لە ناوبردنی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ ، ئەوە بوو لە کۆبوونەوەی ووڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت – ئۆپێك – لە شاری جەزائیری پایتەختی جەزائر . کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بوو لە ١٩٧٥/٣/٤ بە هاوکاری و بژێوانی لە نێوان هەردوو حکوومەتی بەعس لە ئێراق و حکوومەتی شا لە ئێران ، بە هاوکاری سەرۆکی جەزائر هەواری بۆمدیەن و

وەزیـری دەرەوەی جـەزائیر عەبدولعـەزیز بۆتەفلیقـه ، لەئاكامـدا بـووە هـۆی مـۆركردنی رێكەوتنامـه شـوومەكەی جـەزائیر لـه ١٩٧٥/٣/٦ لـه نێـوان شـای ئێـران محەمـەد رەزا شـا و جێگـری سـەرۆكی ئەنجوومـەنی بـەناو شۆرشـی ئێراق سەدام حوسێن ، كه بووە هۆی هەرەس پێهێنانی شۆرشی ئەیلول لـه باشـووری كوردسـتان ... هـەروا كۆنگرێـسی ئەمـەریكا لـه سـاڵی ١٩٧٥ نەخـشەیەكی بـۆ داگیركردنـی بیرە نەوتـەكانی كەنـداو ئامـادەكرد كـه ئـەو نەخشەیەش له پێنج خاڵ پێكهاتبوو ئەوانیش :-

١- دەست بەسەراگرتنی دەزگاكانی نەوت .

٢- پارێزگاری كردنی ئەو دەزگاو دامەزراوە نەوتیانه بۆماوەی چەند هەفته یاخوود چەند مانگێك یاخوود چەند ساڵێك .

٣- چاكردنەوەی كەل و پەله زیان لێكەوتووەكان بەكارێكی خێرا .

٤- بەگەرخـستنی دەزگـاو دامـەزراوەكانی نـەوت بـێ ئـەوەی پارمـەتی لـه خاوەنداریەتی ئەو دام و دەزگا نەوتیانه وەربگرێ .

هــەروا لێژنــەی بـاوەرپێكراو لــه ئەنجوومــەنی پیرانــی ئەمــەریكا لــه ١٩٧٧/٦/٢٣ ئەو داوایەی رەتكردەوە به راگرتنی بەرهەم هێنانی بۆمبی - نـیترۆن - ی كـه ئـەم بۆمبـه ترسـناكه ئـەوەی ژیـان لـه بـەره دەیكـوژێ بـێ ئـەوەی زیـان بەكـەل و پـەل و دام و دەزاگـاو باڵەخانـەو خانووبـەره بگەیـەنێ لەو جێگایەی كەلێی دەدا.

هـەروا ئەنجوومـەنی پیرانـی ئەمـەریكا لـه ١٩٧٧/٧/١٤ رەزامەنـدی كـرد لەسەر دروستكردنی بۆمبی نیترۆنی كه سەرۆكی ئەمەریكا جیمی كارتـەر دووپاتی ئەوەی دەكردەوە به پەله بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو بۆمبه كه ئـەم كارەش خەرجیەكانی دەگاته ٤٦ ملیۆن دۆلار لەخەزنەی ئەمەریكا .

هەروا سەرۆكی ئەمەریكا له ١٩٧٨/١٠/٢ دانی بەوە نا كه ئەمـەریكا بـۆ یەكــەم جــار مــانگی دەســتكردی ســیخووری دژی یەكیــەتی ســۆڤیەت بەكارهێناوە لەگەڵ چەندین وڵاتی دیكه لەجیهان .

هـەروا ئاژانـسی موخابـەراتی ناوەنـدی ئەمـەریكا لـه سـاڵی ١٩٧٨ هەڵـسا بەكوشـتنی ٩١١ كـەس لـەگانا لەكۆمـەڵی - معبـد الـشمس - كـه بـووە قەسابخانەیەكی ترسناك و موخابەراتی ئەمەریكاش بەوەی خۆی رزگاركرد ، بەناوی ئەوەی كه خۆیان كوشتووە...بەڵام بەپێچەوانه بوو لـەم وڵاتـەدا

هەروا ئیدارەی ئەمەریکا لە ١٩٧٩/١/٢٠ داوای لە ئاژانسی موخابەراتی ناوەندی ئەمەریکا کرد بەلێکۆلینەوەیەکی فراوان لەبارەی جمووجۆڵی جوڵانەوەی ئیسلامی لەجیهان .

هەروا راوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا برژنسکی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە ١٩٧٩/٨/٩ لەلیدوانێکیدا گووتی :- ئێمە ماوەی دووساڵ لەمەوبەر هەوڵمان داوە بە پێکهێنانی هێزێکی لێهاتووی فریاکەوتن بۆ چوونە ناوی بەپەلەی هەر وڵاتێك کە ئاژاوەو ئالۆزی تیابێت دژی بەرژەوەندیەکان ئەمەریکا لەو وڵاتەدا .

هەروا موخابەراتی ناوەندی ئەمەریکا لە مانگی/١٠/١٩٧٩ سەرۆکی کۆریای باشووری - باك جۆن ڤ -ی کوشت بە هۆی دژایەتی کردنی ئەمەریکا ... هەروا ئیدارەی ئەمەریکا لە بریارێکیدا لە ١٩٧٩/١١/١٢ ئەو پارەو پوولی هەبوو لە بانکەکانی ئەمەریکا بلۆکی کرد دژی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران ، هەروا ئەمەریکا دبلۆماتکارانی ئێرانی له١٣ /١٩٧٩/١٢ لە ئەمەریکا دوورخستەوە بەگەراندنەوەیان بۆ ئێران.

١٩٧٤/٩/٨ لەو کات جێگری سەرەك کۆماری ئێراق - سەدام حوسێن - بە بۆنەی ئاهەنگی ساڵرۆژی دامەزراندنی پارتی بەعس لە ئێراق ووتارێکی خوێندەوە و تێیدا بە گەرمی بۆ تورکیای روونکردەوە ، کە نەووتی ئێراقیان بە نرخێکی هەرزان پێ دەفرۆشێت وگووتی:-

ئێمە تورکیامان خستۆتە پلەی یەکەم ، واتە یەکێکە لە وڵاتانی دۆست ، نەك ئەوانەی پلە دوو ، هەر بەو بۆنەش تا ئێستا نەوتمان بۆ رەوانە کردووە و گشت خواستێکی داهاتووشیان پەسند کراوە لە لایەن ئێمەوە.

گەرچی تورکیا وەك یەکێك لەو دەووڵەتانەی کە گەورەترین پارچە خاکی کوردستان و گەلەکەی ژێر دەستکردووە ، نەك پشتیووانی لە چارەسەرێکی دادپەروەرانە لە کێشەی کورد نەکردووە ، بەلکوو لە بەرنامەکانی کارکردنیدا بەردەوام دژ بە شۆرشی ئەیلوول و داخوازیەکانی بووە و رامیاریەتی ئەو کاتیشی ئاشکرادەبێت کە دەیەوێت ئێران لە شۆرشەکە دوور بخاتەوە لە لە بری ئەوەی تەبایی و پەیووەندیەکی دۆستانەو هاوسێیانە لە نێوان ئێراق و ئێراندا دروستبکاتەوە . تەنانەت

بەر لە بەستنی پەیمانی جەزائر چەند کۆبوونەوەیەکیشی لە ئەستەمبۆڵ و ئەنکەرە بۆ ڕێکخستن لە ١٦ تـــا ١٩٧٥/١/٢٠ ئەنجامدرا.

لە بەر ئەوە تورکیا بە درێژایی جەنگ سنوورەکانی نێوان دەوڵەتەکەی و ئێراق توونـد داخسـت لـە دوای کارەساتەکەی هەرەسـپێهێنانی شۆرشـی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ ، کاتێ کە کورد پەنای بۆ سنوورەکانی تورکیا دەبرد ، تورکیا ڕێگای پێنەدان بچنە ناو خاکی وولاتەکە و دەری کردن .

هـەر لـە دوای ڕێکەوتننامـەی جـەزائر بـە چـەند ڕۆژێـك ، تورکیـا لـە گـەڵ ڕژێمـی بـەعس لـە ئێـراق ڕێکـەوتن و بـە دوو قـۆڵی لەشـکری بـەرفرەوانیان ڕەوانە کردە سەر خوارووی کوردستان و کەووتنە گیانی پێشمەرگەکان و کاوولکردنی ناوچە کوردنشینەکان ، بە تایبەتی ئەو شووێنانەی گومانی هەبوونی پێمەرگەی لێدەکرا .

١٩٧٤/٩/١٠ کۆمـاری گینیـا بیـساو سـەربەخۆیی خـۆی بەدەرچـوونی لـە ژێـر چنگی داگیرکەری ڕژێمـی پورتووگاڵ ڕاگەیاند ، کە – لویس کابراڵ – یەکەم پۆستی سـەرەك کۆمـاری گرتە دەست ، ئەمـەش لە ئـەنجامی مـۆرکردنی

ڕێکـەووتن بـوو لەگـەڵ حکوومـەتی لیـشبۆنەی پایتـەختی پورتووگـال لـە وولاتەکەو ناوچەکەدا .

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – بیـساو – ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ٢٨٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکەی ١,٥٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هـەروا ڕووبـەری خـاکی وولاتەکـەی ٣٦,١٢٠ کیلـۆ مـەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ١١٢ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

١٩٧٤/١٠/١٤ کۆمەڵـەی گـشتی ڕێکخـراوی نەتەوەیـەککرتووەکان بـەپێی بڕیـاری

ژمارە/٣٢١٠/د٢٩٠ بەداوەت کردنی نووێنەری ڕێکخراوی فەلەستین بە بەشداری کردنی لەگفتوگۆکانی کۆمەڵەی گشتی وەك چاودێر ، لە بارەی کێشەی فەلەستین لە کۆبوونەوە گشتیەکان ، بەهۆی ئەوەی کە ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستین لایەنی سەرەکی کێشەکەیەو ئەو بڕیارەش بەدەنگی /١٠٥وولات بوو لە کۆی دەنگی ١٣٨وولاتی ئەندام لە نەتەوە یەککگرتووەکان .

١٩٧٤/١٠/١٨ لە دوای مۆر کردنی ڕێکەوتننامەی نێوان دەسەلاتی کۆماری میسری عەرەبی و دەووڵەتی ئیسرائیل ، سەرەك کۆماری میسر ئەنوەر سادات ڕاگرتنی جەنگی یەکجارەکی لە نێوان میسرو ئیسرائیل ڕاگەیاند لە ناوچەکەدا .

١٩٧٤/١٠/٢٣ یەکەم کۆڕی شارستانیەتی لە نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئەنجامدرا.

١٩٧٤/١٠/٢٥ لە دوای کۆڕی یەکەم دووەم کۆڕی شارستانیەتی لە نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی لەبارەگای ڤاتیکان لەرۆمای پایتەختی ئیتالیا ئەنجام درا .

١٩٧٤/١٠/٢٩ لە دوای گرێدانی کۆڕی یەکەم و دووەم سێیەم کۆڕی جیهانی شارستانیەتی لە نێوان ئایینی ئیسلامو ئایینی مەسیحی لە ئەنجوومەنی کەنیسەکانی جیهان لە شاری ژنێف ئەنجام درا

١٩٧٤/١١/٢ چوارەم کۆڕی جیهانی شارستانیەتی لە نێوان ئایینی ئیسلامو ئایینی مەسیحی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئەنجامدرا.

١٩٧٤/١١/٤ پێنجەم کۆڕی شارستانیەتی لە نێوان ئایینی ئیسلامو ئایینی مەسیحی لە ئەنجوومەنی ئەورووپی لەشاری ستراسبۆرگ ئەنجام درا ... ئەم کۆڕانە بەستراونەتەوە بە دیایلۆگ لە نێوان ئایینی ئیسلام ومەسیحی لەجیهان لەپێناو چارەسەری کێشەکانیان.

١٩٧٤/١١/٨ بەپێی ئامۆژگاری یاسایی لیژنەی شەشەم ، کە داوای لە کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان کرد . بە داواکردنی لە وولاتانی ئەندامو بە لێکۆلینەوە لە توانای ڕازی بوونی وولایەتی بەخورتی واتە بە زۆر بۆ دادگایی دادپەروەری نێوودەووڵەتی و دەستگیر بوون بە بڕیارەکانیدا. لە وولاتە جیا جیاکانی جیهان .

١٩٧٤/١١/٢٤ مــــــــــــــۆرکردنی ڕێککەوتننامــەی ئاشــتی هاوبەشــی ڕاگەیانــدراو لــە نێــوان یــەکێتی ســۆڤیەت و ئەمـــــەریکا ، لــــە لایـــەن ســکرتێری گــشتی پــارتی کۆمۆنـــستی ســـۆڤیەت و ســـەرۆکی دەســـەڵاتی ســـۆڤیەت – بریجنیـــف– و سەرۆکی ئەمەریکا–جیرالد فـۆرد–و ، بـە ئامـادەبوونی ســــکرتێری گـــشتی ئەنجوومـەنی ئاشـتی جیهـان – ڕۆمـیش چـاندرا– لـە شـاری مـسکۆی پایتەختی سۆڤیەتدا .

١٩٧٤/١١/٣٠ کۆچــی دوایــی نووســەرو ڕوونـــاکبیرو شـــاعیری نـــاوداری هــەولێر عــەلی کەمال باپیر ئاغا لە شاری هـــەولێر لەباشـــووری کوردستان.
جێگـەی باسـکردنە کـە ئـەم کەسایەتیە لە ساڵی ١٨٧٧ لــە شــاری ســلێمانی لــە هـــەرێمی باشـــووری کوردسـتان چـــاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە .هـەروا وشـەی کـەمال نـاوی ناوزەنـد بوونیــەتی ، نــاوی تــەواوی خــۆی – عــەلی بـاپیر ئاغایـە و لـە عەشیرەتی جافـە ، سـەرەتای خوێنـدنی بـە خوێنـدنی زانـستەکانی ئـاینی بووە به فێر بوونی زمانی عەرەبی و ڕێنمایەکانی ئاینی و ئەدەبی فارسی .

سەردەمی لاویەتی لە گەڵ سەرکردەی کورد شێخ مەحمودی حەفید بووە ، هەروا لەو سەردەم فەرمانبەر بووە لە گومرگ لە بەغداو دوایی بووەتە سەرۆکی گومرگ لە شاری سلێنی ، هەروا لە سەر دەمی شێخ مەحمودی حەفید نوێنەری شێخ بووە وەك بالوێز و چەندین وولآت گەراوە . ئەم کەسایەتیە چەندین نووسینی هەبووە لە بواری شیعرو رامیاری و کۆمەلآیەتی لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٤/١٢/١٠ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەی ئەمەریکا بەڵگەنامەیەکی نهێنی بلاوکردەوە ، لە ژێر ناونیشانی - یادداشتی ئاسایشی نەتەوەیی- لێکۆڵەرەوەی ٢٠٠٠ ، کە بە زۆری بوژانەوەی ژمارەی دانیشتووانی جیهانی تەواو.

واتە زۆر بوونی مرۆڤ لە کاری ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیەکانی دواوەی دەریایی دەکات ... ئەم لێکۆڵینەوەیە بە سەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا - هندری کسنژەر- بووە کە لەو کاتە کە راوێژکاری نەتەوەی ئاسایشی ئەمەریکا بوو لە وولآتەکەو رامیاریەتی دەرەوە لە جیهان .

١٩٧٤/١٢/٢٧ کۆچــی دوایــی هونەرمەنــدو گــۆرانی بێــژی بــەناو بــانگی عەرەبی – فەرید ئەترەش – کە لــە نــەژاد کــورد بــووەو لــە سووریا بەرەو لوبنان‌و دوایی بـەرەو وولاتــی میسر چووە ، ئەویش بە هۆی هـەژاری تاکوو مردنی ، هەورا بێ هاوسەر بوو واتـە خێزانـدار نـەبوو... بـەلام ..!.

١٩٧٤/١٢/٣١ دامەزرانـدنی پـارتی سۆشیالیـستی کوردسـتان لـە بـاکووری کوردسـتانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی تورکیا.

١٩٧٥

١٩٧٥/٢/٦ کوردناس‌و رۆژهەلاتناسی هۆلەندی – مارتین ڤان– سەردانی باشووری کوردسـتانی لکێنـدراو بـە ئێراقـی کـرد ، لـە پێنـاو وەرگرتنـی زانیـاری هەمەلایەنــەی بــاری کــوردو بزووتنــەوەی رزگــاریخوازی گــەلی کــورد لەهەرێمەکەدا.

١٩٧٥/٢/١٣ هێزەکـانی ســوپای ڕژێمــی تورکیـا بـاکووری قووبرســی داگــیر کــردو دەوولـەتێکی فیـدرالێ بـۆ تورکـەکان لـەو ناوچـەیە دامەزرانـد ، کـە تـاکوو تـەواوبوونی ئـەو مێژوونامەیە هـیچ دەوولـەتێك لـە دەوولەتـەکانی جیهـان دانیان بەو دەوولەتە دورستکراوەی تورکیا نـەهێناوە ، تـەنیا تورکیا خـۆی نەبێت لە جیهاندا .

١٩٧٥/٢/٢٨

لــــــە ســــــەرداوای حکوومەتی میسرو لە رێگەی بالوێزی میسر لە بەیروتی پایتەختی لوبنــــان ، لــە٢٠/٢ی هــەمان ســاڵ – ســامی عەبـــــــدولرەحمان– بەنووێنەرایەتی مستەفا بارزانی گەیشتە شاری قاهرەی پایتـەختی میسرو چاوی کـەووت بەسـەرەك کۆمـاری میـسر – ئـەنوەر سـادات– ئـەویش بـە ئاگادارکردنـەوەی سـامی عەبـدولرحمان ، کـە رێکەووتننامەیـە لـە نێـوان

هــەردوو رژێمــەكانی ئێــراق و ئێـران لــە جــەزائیر لەئارادایــە دژی كــورد لــە باكوری ئێراق .

١٩٧٥/٣/٤ كۆبوونــەوەی وولاتــانی بەرهــەم هێنەری نەوت – ئۆپك – لە شاری جــەزائیر بــووە هۆكــاری نــوێ كردنــەوەی پەیوەنــدی لــە نێــوان رژێمــی ئێـران و رژێمــی ئێراق بە بــژیووانی ســەرۆكی جــەزائیر – هەواری بۆمیدیەن –، كە لەو كاتە سەدام حوسێن و محەمەد رەزا شا لــە جــەزائیر چــاویان بــە یــەكتر كــەووت و ســەرۆكی جــەزائیر بــە پــــشتیووانی وەزیــــری دەرەوەی ئەمەریكا هنری كیسنژەر پرۆگرامی رێككەوتنامەی جەزائیر یان دارشت ، لە نێوان هەردوو شاندی ئێراق و ئێران .

تێبینی :– وێنەكە هنری كسنژەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا یە

١٩٧٥/٣/٦ مۆركردنی پــەیمانی ســنووری زەوی و ئــاوی لــە نێــوان رژێمــی بەعــسی لــە

ئێراق بە سەركردایەتی سەدام حوسێن و شاهەنشاهی ئێران بە سەركردایەتی محەمەد رەزا شا لە ئێران ، لە شاری جەزائیری پایتەختی جەزائری ، بە بەشدار بوونی سەرەك كۆماری جەزائر هەواری بۆمدیان و وەزیری دەرەوەی جەزائر عبدالعزیز بۆتەفلیقە‌..و بەئامۆژگاری ئەمەریكاو بەریتانیاو هاوپەیمانەكانیان لە ناوچەو جیهان لە ناوچەكەدا .

كە ئەمەش بووە هۆی نسكۆ پێ هێنانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ، بە رابەرایەتی بارزانی مستەفا لە پیلانێكی نێودەوڵەتی لەسەر كوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردو كوردستان ، لە هەر چوار پارچەی دابەشكراو بەسەر ئێران و توركیاو ئێراق و سووریا و ئەرمینیای سۆڤیەتی ، بەپێی پەیمانی جێ بەجێكراوی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە لایەن هاوپەیمانان لە كێشوەرەكەدا.

جێگەی روونكردنەوەیە كە رێكەوتنامەی جەزائر بەم شێوەی خوارەوەیە ئەویش :-

لە ڕێكەوتی ٤ - تا ١٩٧٥/٣/٦ لە كۆتایی دانیشتنی ئەندامانی ڕێكخراوی - ئۆپێك - سەرۆكی جەزائیر هەواری بۆ مدیەن ڕاگەیاند ، كە شای ئێران محەمەد رەزا شا و جێگری سەرۆك كۆماری ئێراق سەدام حوسێن گەیشتوونەتە رێكەوتنێك .

بۆ ئەوەی كێشەكانی نێوان هەردوو وڵات چارەسەربكەن و دوای ئەوەش دەقی رێكەوتنەكە بەم شێوەیەی خوارەوە خوێندرایەوە :-

یەكەم:- هیماگوزاری كۆتایی لە سنوورەكان ، بە پێی پرۆتۆكۆڵی ئەستەمبول لەساڵی ١٩١٣ و كۆنووسی كۆبوونەوەكانی دەسنیشان كردنی سنوورەكان لە ساڵی ١٩١٤دا .

دووەم :– دەستنیشانكردنی سنوورەكانی ڕووباری ، بەپێی هێڵی تالۆگ لە ناوچەكەدا .
سێیەم :– هەردوو لایەن ، ئاسایش و دڵنیایی دوولایەنە ، سەر لە نوێ لە سنوورەكانی هاوبەشی بچەسپێنن ، هەروا چاودێری وورد و كاریگەریان بە سە سنوورەكانی هاوبەش هەبێت ، بە مەبەستی كۆتایی هێنان بەهەر جۆرە دزەكارییەكی ئاژاوەگێرانە ، بەبێ ڕەچاوكردنی سەرچاوەكەی .
چوارەم:– هەردوولا ، هەروا ڕێككەون، كە ڕێو شووێن و – خاڵەكانی – سەرەوە ، خاڵی لێك جیانەكراوەی ڕێگەچارەیەكی گشتگیرن و لە ئەنجامدا ، هەر چەشنە لادان لە یەكێك لە بەشە پێك هەێنەرەكانی ، بە دڵنیایی ناكۆك دەبێت لەگەڵ گیانی ڕێكەوتنەكەی جەزائر ، هەردوو لا لە پەیوەندی هەمیشەییدا دەبن ، لەگەڵ سەرەك كۆمار هیواری بوومدیەن و بەرێزیان لەكاتی پێویست هاوكاری برایانەی جەزائر ، بۆ جێ بەجێكردنی ئەم بڕیارانە دەخاتە ڕوو .
هەردوو لا ، بڕیاریانداوە كە پەیوەندی دراوسێیەتی و دۆستایەتی و كۆن ، نوێ بكەنەوە ، بەتایبەتی لەناوبردنی هەموو فاكتەرە نێگەتیڤەكان ، لە پەیوەندی نێوانیان و لە ڕێگەی ئالوو گۆڕی هەمیشەیی ڕووانگەكانیان ، سەبارەت بە بابەتی خوازراوە هاوبەشەكان و بە پەرەپێدانی هاوكاریی هاوسەنگ .

هەردوو لا ، بە شێوەیەكی فەرمی رایدەگەیەنن ، كە ناوچەكە دەبێت لە هەر جۆرە دەستێوەردانێكی دەرەكی دوور رابگرێت .
وەزیرەكانی دەرەوەی ئێراق و ئێران ، بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی جەزائر ، لە ١٩٧٥/٣/١٥ لە تاران كۆ دەبنەوە و مەرج و ڕێوو شووێنە پێوویستیەكانی كاری كۆمسیۆنی هاوبەشی ئێران و ئێراق دەستنیشان دەكەن ، كە پێویستە بڕیارەكانی

ڕێکەووتنی هاوبەش ، بەو شێوەیەی ، کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ، جێ بەجێ بکەن و بەپێی خواستی هەردوو لا ، جەزائیریش بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمسیۆنی هاوبەشی ئێران و ئێراق بانگهشت دەکرێن .

کۆمسیۆن ، بەرنامەی دانیشتن و شێوازی جێ بەجێکردنی کارەکانی خۆی دادەرێژێت و لەکاتی پێویست چەندین کۆبوونەوە ڕێکدەخرێت و کۆبوونەوەکان، بە نۆبە لە بەغداو تاران دەبەسترێن .

خاوەن شکۆی شای ئێران و بەڕێز سەدام حوسێن ، هەردوو پێزانینی قوولی خۆیان ، بۆ سەرۆك کۆمار هیوواری بۆمدیەن دەردەبڕن ، کە بە هەستێکی برایانە و بێلایەنانە ، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ڕێبەرانی هەردوو وڵات ، کەووتە کارو لە ئەنجامدا ، بەشدارییانکرد لە زیندووکردنەوەی قۆناخێکی نوێ ، لە پەیوەندی نێوان ئێران و ئێراق ، بە مەبەستی پاراستنی زیاتری داهاتووی ناوچە باسکرا .

لە کۆتایی خوێندنەوەی ئەو ڕێکەوتنامە لەلایەن شای ئێران محەمەد رەزا بەهەلەوی و جێگری سەرەك کۆماری ئێراق سەدام حوسێن و سەرەك کۆماری جەزائر هوواری بۆمدیەن لە ١٩٧٥/٣/٦ مۆرکرا لە شاری جەزائری پایتەختی جەزائر.

تێبینی:- دوای ئەوە چەندین ڕێکەووتنی دیکە لەنێوان سەرەك کۆماری ئێراق و شای ئێران و جێگرەکانیان و وەزیرەکانی دەرەوەو شاندەکانی نێوانیان لە هەموو بوارەکانی رامیاری و ئابووری و بازرگانی و ئاسایشی سنووری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی مۆرکران ، کە ئەمە هەر هەمووی دژی کورد و جووڵانەوەی ڕزگاری کورد بوو لەسەر خاکی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ... بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی کورد لەوکاتدا ....!...؟.

١٩٧٥/٣/٧ کۆچی دوایی نووسەرو شاعری کورد مامۆستا – قادر قرگەیی – لەشاری هەولێر لەهەرێمی باشووری کوردستان ... جێگەی ئامارژە پێکردنە کە لە سالآنی ١٩٣٠ – ١٩٤٠ جووڵەی رۆشنبیری لە ئاستێکی نزمدا بووە ... لەو بارودۆخە ناسروشتیەی کە گەلی کوردستان بە تایبەت ناوچەکە بەگشتی پێیدا تێدەپەرێ .

کە لەودۆخە رۆشنبیریەی ئەو سەردەمەدا ، کە چەند دانەیەك لە رۆژنامەو گۆڤار لەشارەکانی کوردستاندا بلاّودەکرایەوە ئەویش بەهۆی توانای خەمخۆران و دلّسۆزانی بە پەرۆشی چەند کەسانێك لەنێوانیاندا – پیرە مێردی شاعرو گیوی موکریانی و عەلائەدین سجادی و عەبدولقادر بەرزنجی و چەندین کەسایەتی دیکە. لەوانە مامۆستا عەبدولقادر قرگەیی کە ئەویش یەکێك بووە لەو نووسەرو شاعیرانەو بە پەرۆش و داواکاری و خواستی گەلەکەیدا هەنگاوی ناوە .

ئەم مامۆستایەش زیاتر لە ١٥ بەرهەمی خستۆتە بەر دەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردی لەکوردستان ... کە نووسینەکانیشی لە دوو توێی کتێبێکدا لەچاپدراون و بۆتە ئەرشیفێکی بەسوودی گەل و نیشتیمان لە کتێبخانەکانی کوردستان.

١٩٧٥/٣/١١ مستەفا بارزانی و شاندە یاوەرەکەی لە تارانی پایتەختی ئێران بە نائومێدی بەرەو باشووری کوردستان گەڕانەوە لە دوای چاوپێکەووتنیان بەشای ئێران محەمەد ڕەزاشا.

١٩٧٥/٣/١٢ سەر کردەی کورد لە باشووری کوردستان مستەفا بارزانی لە دوای گەڕانەوەی لە تارانی پایتەختی ئێران بۆ باشووری کوردستان ، کۆبوونەوەی لەگەڵ پەیوەند دارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا . لە

بارەی باری بارودۆخی کوردو داهاتووی لەماوەی شەش ڕۆژدا ، کە لەو کاتە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەقۆناخێکی ناسكو ئالۆزو ترسناك دا تێدەپەڕی ، بەهۆی پلانی دووژمنکارانەی وولاتانی داگیر کەری کوردستانو ناوچەو لە جیهان.

١٩٧٥/٣/١٥ هەردوو وەزیری دەرەوەی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق - سەعدون حەمادی- و ، ڕژێمی شای ئێران - عەباس تەلعەت بەری- لە تارانی پایتەختی ئێران لە ژێر چاودێری وەزیری دەرەوەی جەزائر عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە کۆبوونەوە ، ئەویش لە پێناو پیادە کردنی ڕێکەووتننامە بەدناوەکەی جەزائر دژی گەلی کوردستان لە لە کوردستان و لە ناوچەکەدا.

١٩٧٥/٣/١٩ مستەفا بارزانی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری چەك دانانیان ڕاگەیاند ، بەهۆی ئالۆزی باری کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ، لەناوەندەکانی پلانی دووژمنکارانەو پالەپەستۆی ڕژێمی شا لە ئێرانو ئەمەریکاو بەریتانیا ، کە بەم شێووە بووە هۆی دورست بوونی نسکۆ پێ هێنانی شۆرشی ئەیلولی مەزن لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق لە کێشووەرەکەدا .

١٩٧٥/٣/٢٥ لە ئاکامی بەرز بوونەوەی کێشە لە ناو بنەماڵەی شانشینی سعوودیە ، کە بووە هۆی کووشتنی شانشین فەیسەلی سعوودی لە شاری ریازی پایتەختی سعوودیە ، کە بووە هۆکاری ڕێگەخۆشکەر بۆ وەرگرتنی پۆستی شانشینی سعوودیە لەلایەن خالید عەبدولعەزیز لە سەر وولاتەکەدا .

تێبینی :- ئەم وێنەیە وێنەی شا فەیسەل کوژراوە لە لایەن خزمەکانی لە وولاتی سعوودیە . ئەم بنەماڵەیە هەر لە دوای بەدەست هێنانی دەوولەتی سەربەخۆی وولاتەکەیان کە خاکی ئەم وولاتەیان هەموو بە ناوی بنەماڵەکەیان کرد.

١٩٧٥/٤/١٣ هەڵگیرسانی شەڕی دژووار لە نێوان پێکهاتەکانی لوبنان دەستی پێکرد ، بە تایبەتی لە نێوان لایەنە ئیسلامیەکان و مەسیحیەکان و نەتەوەییەکان ، کە بووە هۆی کارەساتێکی گەورەی گەلانی لوبنان بە وێرانبوونی ژێرخانی ئابووری و چەندین لایەنی دیکەی ناوخۆیی بە پاڵپشتی چەندین لایەنی دەرەکی بە تایبەتی رژێمی بەعسی لە سووریاو ئیسرائیل لە ناوچەکەدا .

١٩٧٥/٤/٢٩ چۆڵکردنی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە شاری سایگۆنی پایتەختی ڤێتنام ، لە دوای دەست بەسەراگرتنی لەلایەن شۆڕشگێرە ڤێتنامیەکانی باکوورو هەنگاو نان بەرەو سەرکەووتنی بەسەر ئەمەریکا ، بەهۆی پاڵپشتی و یارمەتی دانی بەشی باشووری ڤێتنام.

١٩٧٥/٤/٣٠ شۆڕشگێرە ڤێتنامیەکانی باکوور توانیان دەسەڵاتی تەواو بەسەر ڤێتنامی باشوور دابگرن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان ، کە بووە هۆکاری دروست بوونی دەسپێکردنی کشانەوەی هێزەکانی سووپاو یارمەتیەکانی ئەمەریکا و یەککرتنەوەی هەردووڤێتنامی لێك دابڕاوی باشوورو باکوور لە دوای شەڕێکی خوێناوی لە وڵاتەکەدا .

١٩٧٥/٥/١٧ ئیمام موسا سەدر دوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی لایەنە مەزهەبیە شیعەکانی لوبنان و هەڵبژاردنی بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە لە تەمەنی – ٥٦– ساڵیدا لە مەراسیمێکی شکۆدار ئەنجامدرا... شایانی باسە ئیمام موسا سەدر لە ساڵی ١٩٥٩ لە ئێرانەوە بەرەو شاری سووری لوبنانی ڕەوی کرد بوو ، کە ژمارەیەك دامەزراوی ئایینی و کۆمەڵایەتی دامەزراند ، کەچی ئێمام موسا بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٥٥ سەردانی لوبنانی کردبوو بە نیشتەجێ بوونی لەووڵاتی لوبنان لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٥/٥/٢٢ ڕاگەیاندنی یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ، لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا . بە زمانی عەرەبی کە کاردانەوەی سەرەکی و بنەڕەتی هەبوو لە سەر بەرەوباش بردنی باری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان و کوردستان

بەگشتی لە بوواری نەتەوەیی و نیشتمانیدا .

١٩٧٥/٦/١٣ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی سنووری زەوی و دەریای لە نێوان ڕژێمی بەعسی لە ئێراق و ڕژێمی شاهەنشاهی لە ئیران بەپێی برگەو مادەکانی ڕێکەووتننامە بەدناوەکەی جەزائیر لە١٩٧٥/٣/٦ لە سەر خاکی باشووری کوردستان و لەپێناو گەمارۆدانی شۆڕشی کورد لەکوردستان.

١٩٧٥/٦/٢٥ کۆماری مۆزەمبیق سەربەخۆیی خۆی بەجیهان ڕاگەیاندو بووە ووڵاتێکی دان پێنراوی نێوودەوڵەتی و بوونی بەئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – مۆبۆتۆ – ی پایتەخت بوو . کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ،١,٥٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانشتووانی ووڵاتەکەی ، ١٩,٧٤٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی ووڵاتەکەی ، ٨٠١,٥٩٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ،٦٤ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا ، لە ووڵاتەکەدا .

١٩٧٥/٧/٦ دامەزراندنی فەوجەکانی بەخورایی لوبنان –لەلایەن ڕێکخراوی ئەمەلی مەزهەبە شیعەکان بەسەرکردایەتی ئیمام موسا سەدر وەك ڕێکخراوەیەکی سەربازی – بزاڤی چەوساوەکانی– لوبنان. کە ئەمەش کاردانەوەی باشی نەبوو لە سەر پەیووندیە هەمەلایەنەکان لە نێوان هەردوو مەزهەب سوونە و شیعەی ئسلام و ئاینەکانی دیکەی لوبنان و ناوچەکەدا .

١٩٧٥/٧/٦ دوورگـــــەی قەمـــەر سـەربەخۆیی خــۆی بەجیابوونـەوەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی فەرەنـسا ڕاگەیانـــد ، بـــەناوی کۆمـــاری قەمـــەری دان پێنراوی نێودەوڵەتی و لـــە بـــەردەوام بـــوونی پەیووەندیـەکانی لەگـەڵ فەرەنسا. کە ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری –مۆرۆنی – ی پایتـەخت بوو ، کە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٤٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٧٤٠,٠٠٠ هەزار کەسە ، هەروا ڕووبـەری خـاکی وولاتەکــەی ، ٢,٢٣٠ کیلــۆ مــەتر چــوار گۆشـــەیە . هـــەروا چـــڕی دانیشتووانەکەی ، ٨٥٤ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

١٩٧٥/٧/١٢ دوورگـەی ساتوومی و برینـست سـەربەخۆی خــۆی ڕاگەیانــد وەك دەووڵـەتێکی سەربەخۆ لەبـــــەڕێووەبردنی کاروبـــاری نـــاوخۆو دەرەوە لـــــــــە پەیووەندیـــــەکانی نێوردەووڵەتی لەجیهان . ئەم ڕاگەیاندنەش لـە شاری – ساتومیە – ی پایتەخت ئەنجامدرا ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٧٠,٠٠٠ هەزار کەسـە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٢١٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٣٦٤ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هـەروا چڕی

دانیشتووانەکەی ، ٥٧٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

تێبینی:– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و وولأتانی جـــیهان . لە دانانی / عەلی کەندی .

١٩٧٥/٨/١٨ شـاندێك لـە ئـەوروپا سـەردانی ئێراقـی کـرد بـۆ گفتووگـۆ کـردن لـە گـەڵ سـەرکردایەتی رژێمـی بـەعس ، لـە سـەر کێـشەی کـورد بـە سـەرۆکایەتی – عیسمەت شـەریف وانلـی– کـە ئەندامانی شـاندەکەش لـە شـەریف بومفرە ، کـە یـەکێك بـوو لـە سـەرۆکی شۆرشـی جـەزائیرو جـان کلۆرلـوتی ئەنـدامی یەکیـەتی جیهـانی مـافی مـرۆڤ و ، یوسـف بـەری کـە قەشـەیەکی باشـووری کوردسـتان بوو.

بـەڵام هەوڵـەکان لەگـەڵ رژێمـی بـەعس لـە ئێـراق بـێ سـوود بوون و لـەدوای ماوەیـەك ، لـە١١/١٧ی هـەمان سـاڵ عیـسمەت شـەریف وانلـی راپـۆرتێکی تیروو تەسەلی لە سەر ئاکامی گەشتەکەی بۆ ئێراق ولە سەر باری باشووری کوردستان بڵاوکردەوە لەلایەنە باش و خراپەکان لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٥/٨/٢٦ گرێـدانی کۆنگرەی خووێنـدکارانی کـورد لـە بـەرلینی پایتـەختی ئـەلمانیای رۆژئاوا ، کە ئەم کۆنگرەیە هەلووەشێندرایەوە بەهۆی هەلواسینی وێنـەی بـارزانی لەسـەر دیـواری هـۆڵی کۆنگرەکـەو لەهـەمان کـات بـەهۆی نـارەزایی هەندێ لەئەندامانی کۆنگرەکە ، کە لایەنی دیکەی رامیاری بوون. لە سـەر باری کورد لە کوردستان .

١٩٧٥/٩/٦ لێــدانی گوومەلــەرزە لــە شــاری – لیــیس –ی کوردنــشینی بــاکووری کوردسـتان ، کە بووە مایـەی مردنـی زیـاتر لـە ٤٠٠٠ چوار هـەزار هـاووڵاتی کـوردو زامـدار بـوونی بـە سـەدا هـاووڵاتی و وێرانکردنـی شـارەکەو کێڵگـەو کارگەو دووکـان و باڵەخانەو چەندین کەل و پەلی دیکە ، کە شاری لییس نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر لـە شـاری دیاربـەکری باکووری کوردسـتان دوورە و کەوتۆتە سەرووی شاری دیاربەکر .

جێگـەی روونکردنەوەیـە کـە کـاری جینۆسـاید تـەنیا بـە بۆمـب و مووشـەك ئەنجام نادرێـت . نووسەرو رۆژنامە نووسـی ئـەلمانی – دیر شـپیگڵ – لـە

بابەتێکیدا نووسیوویەتی و دەڵێ:—
تورکەکانی تورکیا دەڵێن ، بە هیچ جۆرێك کورد نییە ، گەر هەشبن ئێمە هەرگیز بیر لەوە ناکەینەوە یارمەتیان بدەین . بۆ یارمەتی و کۆمەکی ئێووەشمان ناوێ سەریان بە گۆڕی بابیان ، بەم شێوەیە دەرەجە دارێکی تورك بە ناوی — مەهدی جالدی — بە توورەیی نزیکەی بیست جووتیارێکی گووندی — یلزدر — ی دەدواند کە لە بەر دەمیان وەستا بوون ، ئەمەش لە راپۆرتێکی رۆژنامەوانیدا تۆمار کراوە کە — دیر شپیگڵ — ی ئەلمانی بلاوی کردۆتەوە.
ئەمەش لە کاتێك بووە ، کە بوومەلەرزەکەی مانگی//١٩٧٦/١١ ، لە گووندی نیێوو براودا بوو ، و بە تەواوەتی وێرانی کردبوو ، کە زیاتر لە دوو سەد گووندی چڕە دانیشتووانی رۆژهەلاتی تورکیای وێرانکردبوو ... ئەو بیست جووتیارە ، ئەوانە بوون کە لە کۆی زیاتر لە دووسەد هاوولاتی خەڵکی گووندی ناوبراو مابوونەوە و نەمردبوون . ئەمەش دوای پێنج رۆژ لە کارەساتەکە بوو ، بەر لەوەی چ کۆمەکیان بگاتێ .
لە دوای ئەوەی سەربازانی تورك گەیشتنە گووندە وێرانەکە ، ئەو بیست جووتیارە تۆزێك هیوایان پەیدا کردەوە ، چونکە بە هۆی برسییێتی و سەرماو تۆفی لە رادەبەدەر بوو و کەوتبوونە نێوان بەرداشی مەرگ و ژیانەوە . کە دڵیان بەوە خۆشبوو کە خیوەت و خواردن و جل و بەرگ لەو سەربازانە وەردەگرن ، کە گوایە بۆ یارمەتی دانیان هاتبوون .
بەلاّم سەربازەکان بە کاری دیکە هاتبوون ، کە رانەسپێردرابوون کە یارمەتی کوردەکان بدەن . بەلکوو بۆ ئەوە هاتبوون کە ئەندامانی شاندی کۆمەك دەربکەن ، ئەو شاندەی کە جفاتی مامۆستایانی تورك — تۆپ ، دار — دوای رۆژێك لە رووداني کارەساتەکە ناردبوویان بۆ ئەو ناوچەیە تا بە پشتی هێسترو وولاّخ کۆمەکی پێویست بگەیەننە لێقەوماوەکان .
سەربازەکان وا تێگەیانران کە ئەو مامۆستایانە جێی گوومانن و گوومانی ئەوەیان لێدەکرێ کە بانگەشەی کۆمۆنیزمی و جوودا خوازی لە نێوو خەلکی ناوچەکەدا بلاّو دەکەنەوە .
لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ئاکام و ئەنجامی بوومەلەرزەکە بۆ ناوچەکەو

خـەلكی ناوچـەكە كارسـاتێكی گـەورەبوو ، كەچـی رژێمـی توركیـا دەمـوو دەست لەشكركێشی سەربازی بۆ ناوچەكە رەوانە كرد ، كە بووە هۆی ئـەوە كارەسـاتەكە زیـاتر بكـات ، ئـەوە بـوو كۆمەكـە پێویـستیەكان نەگەیینـە شـوێنێكی ناوچـەی لێقـەوماوەكان ، زۆربـەی قوربانیـانی كارەسـاتەكە كـە ژمارەیان لە ١٠,٠٠٠ دە هەزار هاوولاتی زیاتر بوو . پاش بوومـە لەرزەكە لە سەرماو برسان مردن .

هـەروا ئـەو چاودێرە نێوو دەوڵەتیانـەی كە لـە هـەموو گۆشـەو كەنارێكی جیهان هـاتبوون ، نـەیانتووانی سـەردانی كوردسـتان بكـەن ، یـان چۆنیەتی دابەشكردنی ئەو هەموو كۆمەكەی كە لە گەڵ خۆیانـدا هێنابوویـان ، بەسـەر خەلكی لێقەوماوی كارەساتەكەدا بدینن ... هـەر چـەندە سـەرەك وەزیرانـی توركیـا – سلێمان دیمیریـل – بـە تووڕەییـەوە رایگەیانـد گـووتی :– ئـەو پەری گەوجەتیە كە گوومان لە پێشكەش كردنـی ئـەو كۆمەكـەو یارمەتیانـە بكـرێ كـە زۆر بـەرێك و پێكـی ئەنجامـدراو ... و بیـست فرۆكـەی بارهـەڵگر رۆژانە بەرەو ناوچەی بوومەلەرزەكە دەچوون و ... و ... سـووپای تـورك بـە گیانێكی بەرزی پر فیداكاری یارمەتی بێ وویێنەی پێشكەش كردووە .

بـەلاَم لـە راسـتیدا ناوچـەكانی رۆژهـەلاَت ، پێـچەوانەی ئـەو ووتانـەی دەسـەلماند ، ئـەم دیاریـدە تفـت و تاڵـە ، گـەلێك لـە چـاودێران و رۆژنامەنووسانی تورك و بێگانەی ، بە جیاوازی هەڵوێستیانەوە دەرهەق بە رژێمی تورك ، والێكرد كە بەراشكاوی ئاماژە بۆ راستیەكانی رەوش و بارو دۆخەكە بكەن .

بـۆ وویێنـە رۆژنامـەی – جمهوریـەت –ی تـوركی كـە رۆژنامەیـەكی مەیلـەو لیبراله نووسیوویەتی :– سـووپای تورك ئەو خەستەخانە مەیدانیانـەیان بۆ خۆ زەوتكرد ، كە وویلایەتـە یـەكگرتووەكانی ئەمـەریكا نـاردبوونی ، هـەروا پـەیامنێری – دەیلـی ئـێكس پـرێس – لـە شـاری لەنـدەن ، وێـرای ئـەوەی هێـزی سـووپاو پـۆلیس كۆسـپ و تەگـەرەی زۆریـان خـستبووە رێیـێ ، توانیبووی خۆی بگەیەنێتە ناوچە لێقەوماوەكەو نووسیوویەتی:–

كە بەچاوی خۆی چەندین كۆمـەك و دەرمـان و كەرستەی پزیشكی دیتـووە كە لەو مەیدانە فرێ دراون ، بەو هەنجەتەی كە شووێن نییە بۆ هـەڵگرتنیان . ئەمـە لـە كاتێكـدا بـوو كـە سـەربازانی پـر چـەكی تـورك لـە دووری چـەند

مـەترێك لـەو شـووێنەوە ئێـشكی پـەنجا خیوەتیـان دەگـرت کـە وویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناردبووی ، سەربازە تورکەکان چاوەڕوانی هەلێك بوون دەست بە سەر ئەو خیوەتانەدا بگرن و بۆ خۆیان بەرن .

هــەروا نووســەری ئــەلمانی – بــۆرگن رووت – نووســیوویەتی و دەڵــێ:- بەشێك لەو کۆمەك و پیتاکانەی کە بۆ قوربانیانی بوومەلەرزەکەی ناوچە کوردیــەکان نێردرابــوون ، لــە هــاوینی دواتــر بینرابــوون کــە لــە هاوینــە هــەوارەکانی دەریــای ئیجــەدا دەفرۆشــان ، کــە ژمارەیــەك لــە فەرمانبــەرانی مانگی سووری تورکی مۆڵەتی سالانەی خۆیان لەوێ دەبردە سەر ، لە نێوو ئەو خیوەتە گەورانەدا دەنووستن . کە کاتی خۆی ئەمـەریکا ناردبوونی تا بکرێن بە خەستەخانەی مەیدانی لە ناوچەی لێقەوماوەکاندا .

هـەروا نووسـەری ئـەلمانی – بۆرگن – دەڵـێ"- کـە بـەوە ناسـراوە کـە گوایـە دژی رامیاریـەتی تورکـە دەربەهـەق کـورد ، بـە ویژدانـەوە رای خـۆی تۆمـار کردووە و دەڵێ :- بوومەلەرزەو قەدەخەکردنی گەیاندنی کۆمەك ، نموونەن کە چۆن کارەساتە سرووشتیەکان دەکرێن بە چەك دژی کوردی سـەرسەخت و کۆڵنـەدەر ، بـە تایبـەتی کـە ژیـانی کـورد بـەلای حکوومـەتـەوە مەسـەلەیەك نییە شایستەی بایەخ پێدان بێ .

ئەمەیــە رژێمــەکانی کــە کــوردو خــاکی کوردیــان پێلکێنــدراوە ... بــەلاّم سەرکردایەتی کورد ...؟...!.

سەرچاوە:- کورد – گەل لە خشتە براوی غەدر لێکراو – دکتۆر گوێنتەر دێشنەر- وەرگێرانی بۆ کوردی – حەمە کەریم عارف – چاپی دووەم /١٩٩٩ .

١٩٧٥/٩/٦ نووسەرو رووناکبیری بەناوبانگی عەرەب محەمەد حەسنێن هەیکل و رۆژنامە نووس و نووسەری میسری ئەوکات و، سەر نووسەری گۆڤاری – العربیە –ی کوویتی بوو، دیمانەیەکی گفتووگۆیی لەگەڵ سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی بەزمانی عەرەبی لەژێرناونیشانی – مقابلة مع صقر عجوز من کوردستان– بڵاوکردەوە و کە لە پرسیارێکیدا دەڵێت:– بۆ واتان بەسەرهات...؟. لە وەڵامدا بارزانی دەڵێ :– ان ملايين الاطنان من العدالة تباع ببرميل من النفط–

١٩٧٥/٩/٧ دوا خوولی بستو چوارەمی پەرلەمانی ئێران بوو ، کە دوا خوولی پەرلەمانی شاهەنشانەی بوو ، لەو کاتە شای ئێران پارتێکی نوێی بەناوی – رستاخیز– راگەیاندو کردیە تاکە پارتی وڵاتو دەسەڵات لە سەر گەلانی ئێران بە تایبەتی لە کوردستان .

١٩٧٥/٩/١٥ بابوانیووگینیا سەربەخۆیی خۆی بەجیابوونەوە لە ژێر دەسەڵاتی ئوسترالیا ڕاگەیاندو سەرکردەی پارتی بابخوا – مایکل سۆمار– پۆستی سەرەك وەزیرانی یەکەمی وڵاتەکەی گرتە دەست.

ئەم راگەیاندنەش لە شاری – بۆرت مۆرزبی – ی پاینەخت بوو . کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٢٠٨,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی

دانیـشتووانی وولآتەکـەی ، ٤,٦٤٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە , هـەروا رووبـەری خـاکی وولآتەکـەی ، ٤٦٢,٨٤٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی، ٢٦ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

١٩٧٥/١١/٦ رژێمی بەعس لە ئێراق چەندان گەرەکی کوردانی لە ناو جەرگەی شاری کەرکوك لە گەڵ زەویدا تەختکردوون و خەڵکەکەش بە زۆرە ملیَ راگوێزاند ، یاخوود ئاوارەی شارەکانی دیکەی کوردستان و ناوەراستی ئیراقی کرد ... کەرکوك بە هەردوو بریاری ٦٠٨ لە ١١/٦ و بریاری ٤١ لە ١٩٧٩/١/١٩ سنووری پارێزگـای کـەرکوکی بەشێوەیەك بەرتەسککردەوەو لـە کـۆی ٧ قـەزاو ٢٣ ناحیـەو ١٤٣٨ گونـد ، تـەنها ٣ قـەزاو ٩ ناحیـەو ٥٩٠ گونـد مایەوە ... پارێزگای کەرکوك بەر لەدابرانی قەزاو ناحیەکان پێك هاتبوو لە :- قـەزای کـەرکوك : سـاڵی ١٩٥٧ پێـك هـاتبوو لـە ٤ ناحیـەو ٥٦٨ گونـدو ژمارەی دانیشتووانی ٢٢١,٨٥١ هەزار کەس بوون .

هەروا قەزای کفری بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ پێك هاتبوو لە ٤ ناحیەو ٣٧٧ گونـدو ژمـارەی دانیـشتووانی ٦٤,١٣٥ کـەس بـوون ... قـەزای خورماتوو بەگوێرەی ئاماری ١٩٥٧ پێك هاتبوو لە ٦ ناحیەو ٢٣٧ گوندو ژمارەی دانیشتووانی ٦٨,٥٥٤ کەس بوون ، قەزای چەمچەماڵ بەگوێرەی ئاماری ١٩٥٧ پێك هاتبوو لە ٢ ناحیەو ٢٢٠ گوندو ژمارەی دانیشتووانی ٣٤,٢٩٩ کـەس بـوون ... قـەزای حەویجـە پێـك هـاتبوو لـە ٢ ناحیـەو ١٢٨ گوند ... قەزای دوبز پێك هاتبوو لە ٣ ناحیەو ١٠٩ گوند .

پارێزگای کەرکوك دوای دابرانی قەزاو ناحیەکانی بە هەردوو بریاری ٦٠٨ و ٤١ هەسـیَ قـەزای چەمـچەماڵ و کـەلارو کفـری بـە بریـاری ٦٠٨ و خوورماتوو بە بریاری ٤١ بە سەرجەم ناحیەو گوندەکانیەوە کە پێك هاتبوو لە ١٤ ناحیـەو ٨٤٨ گونـد ، خرانـە سـەر سنووری پارێزگـای سـەلاحەدین و دیالەو سلێمانی .

دانیـشتووانەکەی زیـاتر لـە ٣٥٠ هـەزار کـەس دەبـوون و رووبـەری لـە ٢٠٣٥٥ کیلۆمەتر چوارگۆشەو کراوەتە ١٠٠٢٣ کیلۆمەتر چوار گۆشـە ، کە رووبەری ١٠٣٣٢ کیلۆمەتر چوار گۆشەی لێدابرا .

کـە بـەم شێوەیە قـەزای کـەرکوك ١٦٦٩ کیلۆمـەتر چوارگۆشـەی لێـدابراو

قەزای چەمچەماڵ ٢٤٥٤ کیلۆمەتر چوار گۆشەی لێدابراو خورماتوو ٥١٩١ کیلۆمـەتر چوارگۆشـەی لێـدابراو هـەردوو قـەزای کفـری و کـەلار ٥٢١٤ کیلۆمەتر چوارگۆشەی لێدابرا .

١٩٧٥/١١/١١ کۆچـی دوایـی هونەرمەنـدی شـێوەکار و ئەکتـەرو دەرهێنـەری شـانۆیی جەواد رەسـول نـاجی ، بە هـۆی نەخۆشـی ئیفلیجـی لـە شـاری هـەولێر لـە هەرێمی باشووری کوردستان ... شایانی باسـە ئەم هونەرمەنـدە لـە سـاڵی ١٩٢٢ لـە شـاری شـاعیران و رووناکبیران لـە شارۆچـکەی کۆیـەی سـەر بـە پارێزگای چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە شارەکەدا .

١٩٧٥/١١/١١ کۆمـــــاری ئـــــەنگۆلا ســــەربەخۆیی خـــۆی ڕاگەیانـد بـەناوی کۆمـاری ئـــــەنگۆلای مللــــی بەســـــــەرۆکایەتی فرانسیـسکۆ داکۆسـتا لـە وڵاتەکەیـدا ، کـە ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری — لوانـدا — ی پایتـەخت بـوو

، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٢,٢٨٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وڵاتەکـەی ، ١١,٥٣٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە . هـەروا رووبـەری خـاکی وڵاتەکـەی ، ١٤٢,٦٧٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٤ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . لەو وڵاتـەدا .

١٩٧٥/١١/٢٠ سـەرۆکی ئەسـپانیا فرانکـۆ کۆچـی دوایـی کـردو خـوان کـارلۆس جێگـەی گرتەوە ، کە سەرۆکی لێژنـەی لەناو بردنـی دژی فرانکـۆی گرتبـووە دەسـت لە دامو دەزگاکانی وڵاتەکەدا .

١٩٧٥/١١/٢١ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەناوشۆڕشی ڕژێمی بەعس لە ئێراق ، کە ٢٤٤ هاووڵاتی کوردی لە ژێرلێدان و ئەشکەنجەدان و بە مادەی ترشاتی گیانیانی پـێ لـە دەسـتدان ، ئەمـەش کـە ئاژانسی فەرەنـسی ئـەو زانیاریـەی بـڵاوی کردەوە.

١٩٧٥/١١/٢٥ وڵاتــــی ســـــۆرینام ســـــەربەخۆیی خـــۆی ڕاگەیانـــد ، ســـەرەڕای بەرهەلـستکاری کردنــی لەلایـــــەن ئـــــەو دانیشتووانانانەی کە لە باشـــووری ڕۆژهـــەلاتی ئاسیا ڕوویان لەو وڵاتە کردبوو . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – پاراماریۆ –ی پایتەخت بوو ، کە ژمــارەی دانیــشتووانەکەی ، ٣٣,٠٠٠ هــەزار کەســە . هــەروا ژمــارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی ، ٦٥٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وڵاتەکـەی ، ١٦٣,٨٢٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

١٩٧٥/١٢/٢ کۆچــی دوایــی نووســەرو شــاعرو فۆلکلـۆر پـەروەری کـورد مامۆسـتا محەمەد تۆفیق وەردی ... شایانی باسـە نـاوبراو لەسـاڵی ١٩٢٣ لـە شـاری کۆیـە سـەر بـە پارێزگـای هــەولێر لەباشــووری کوردســتان چـاوی بـە جیهـان هــەڵهێناوە ، هــەروا لــە ســاڵی ١٩٤٤ بۆتــە مامۆسـتای پـەروەردە ، ، لەساڵی ١٩٤٥ پەیووەنـدی بـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لـە ڕۆژهـەلاتی کوردستان کردووە .

دوای گەڕانـەوەی بـۆ شـاری کۆیـە لـە سـاڵی ١٩٤٧ ، چـووە ڕیـزی پـارتی کۆمۆنیـستی ئێـراق / ڕێکخـراوی کوردسـتان و بەدڵـسۆزانە کارەکـانی لـە هـەموو بوارەکـان بەسـەرکەوتووانە ڕاپەرانـدووە تـاکو ماڵئـاوایی کردنـی

لەگەل و نیشتیمان .

١٩٧٥/١٢/٢٦ گۆڕینی پاشکۆی ڕێکەووتنامە بەدناوەکەی جەزائیر لەنێوان هەردوو ڕژێمی شا لە ئێران و بەعس لە ئێراق ، ئەویش بەگۆڕینی برگەی/٥ لەماددەی/ ٦ ، لە پەیمانی سنووری نێوودەوولەتی و دراوسێیەتی لە٦/١٣ی هەمان ساڵ و لە٦/٢٢ی هەمان ساڵدا ، بەگۆڕینەوەی بەڵگەنامەکان ، لە سەر هەموو ڕێکەووتنەکانی پێشوو لە تارانی پایتەختی ئێران ، لە نێوان ڕژێمی بەعسی لە ئێراق و ڕژێمی شا لە ئێران... ئەویش لە سەرخاکی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان.

١٩٧٦

١٩٧٦/١/١٢ کۆچی دوایی نووسەرو ڕووناکبیرو پسپۆر خاتوو – ئەگاتا کریستی – لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا ،. ئەم خاتوونە بە تەنیا قوتابخانەیەك بوو لە بواری ڕۆمانی تاوانکاری لە جیهان ، لە دوای – شەکسپیر – لە هەموو نووسەرانی دیکەی ئینگلیزی زیاتر کارەکانی بۆ زمانەکانی دیکەی جیهان بە چاپگەیاندراوە و خوێندەوارێکی زۆری بووە لە جیهان .

جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە ئەم خاتوونە لە ساڵی ١٨٩٠ لە شاری تۆرکای سەر کەناری خوارووی ئینگلتەرە چاوی بە جیهان هەلهێناوە ، هەر لە سەرەتای منداڵیەوە دایکی زۆر گرنگی پێداوە بە خوێندنەوەی چیرۆك و وتەی بە ماناو سەرگووزشتەکان ، لە داب و نەریت و کەلتووری وولاتەکەیی و نەتەوەکان .

هەروا دایکی ئەگاتا تا تەمەنی هەشت ساڵی ڕەوانەی بەر خوێندنی نەکرد ، کەچی خاتوو ئەگاتا بەردەوام بەگژ ئەو کتێبانە دا دادەچوو کە لە ماڵەکەیاندا هەبوو ، بەو هۆکارە هەر لە خۆیەوە فێری خوێندەواری دەبوو لە ڕێگەی پرسیارکردن لە دایك و باوکی . دوای مردنی باوکی لە ساڵی/١٩٠١ دایکی ناردیە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی ، دوای ئەوەی تەمەنی بووە ١٤ ساڵ بۆ خوێندن چووە فەرەنسا ، لەوێ زمانی فەرەنسی و وینە کێشان و بنچینەکانی ئیتیکێت و گۆرانی و پیانۆژەنین فێربوو.

دوای ئــەوە کەوتــە دوای پەیــدا کردنــی هاوســەرێك و ئــەوە بــوو لــە مانگی/١٩١٢/١٠ ، ئەرشیبالد کریستی ناسی ، کە فرۆکەوانێکی گەنجی تەمەن ٢٣ ساڵان بوو ، هەروا لە مانگی /١٩١٤/١٢ دا بوونە هاووسەری یەکتر و ، لەوکاتەشدا جەنگی یەکەمی جیهانی بەرپا ببوو لە جیهان . لەبەر ئەوە ماوەی دوو رۆژ لە گەڵ تازە بووکیدا بمێنێتەوەو تا شەش مانگ نەیدەتوواتی بێتەوە . لە بەر ئەوە ئەگاتا گەرایەوە ئۆرکای تا لە نەخۆشخانەیەك دەسبەکاربێ و خەریکی دەرمانسازی بێ .

هەروا لە ساڵی ١٩١٥ وەك رکابەریەك لە گەڵ خوشکەکەی بریاریدا رۆمانێك بنووسێ ، لەو ساتەوە کەسایەتی – هێرەکل بوارۆ – ی داهێنا ، کە پیرە تووێژەرێکی فەرەنسی بوو ، ماوەی ٥٥ ساڵ لە رۆمانەکانی ئەگاتا ژیاو تەنیا سێ مانگ بەر لە مردنی خۆی کۆتایی بە ژیانی ئەو کاراکتەرە هێنا . کە لە نووسینی ئەو رۆمانەی بۆوە بە سێ پەخشکارانی پیشاندا ، هەموو رەتیانکردەوە ، بۆیە لە پەرگەیەکی داناو خەریکی دەرمانسازی بۆوە لە نەخۆشخانەکەدا .

دوای وەستانی شەڕ مێردەکەی گەرایەوە و لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا نیشتەجێ بوون ، لە ساڵی ١٩١٩ رۆزالیندەی کچی لە دایك بوو ، لە هەمان ساڵیش ، یەکێك لە پەخشکارەکان بریاری چاپکردنی رۆمانەکەی یەکەمی داو لە ساڵی ١٩٢١ دا بڵاوی کردەوە و داهاتی ئەگاتا لەو کتێبە ٢٥ پاوەن بوو . لە ساڵی ١٩٢٢ رۆمانی – دووژمنی نادیار – ی بە دوادا هات و لەویش ٥٠ پاوەنی پێبرا ، هەروا رۆمانی سێیەمی بە ناوی – کووشتنی رۆچەر کرۆیدا – ی لە ساڵی ١٩٢٦ و بەم رۆمانە ناوبانگی زۆری دەرکرد.

دوای ئەوە خاتوو ئەگاتا تووشی خەمۆکی بێخەوی هات و لە ١٩٢٦/١٢/٣ ماوەیەك ونبوو ، ئەویش بە هۆی مردنی دایکی بوو ، لە وەرزی پایزی ساڵی ١٩٢٨ دا ، بە شەمەندەفەر بەرەو ئێراق رۆیشت ، کە خۆی حەزی لە وولاتێکی گەرم دەکرد و لەو گەشتەشی بیرۆکەی – تاوانێك لە شەمەندەفەری خێرای رۆژهەلات – ی بۆ هات ، کە لە دواییدا بووە

فلیمێکی سینەمایی بە ناوی – ئینگرید بریگمان و شین کۆنری – گەشتەکەشی بۆ ئێراق سەردانی چەندین جێگەی شووێنەواری کردوو هەر بەم هۆیە توانی لە ساڵی ١٩٢٩ شوو بە ماکس بکات و ماوەی هەشت ساڵ هاتوو چۆی نێوان شاری بەغداو شاری لەندەنی دەکرد .

هەروا ئەم ساڵانەشی ساڵانی ژیانی ئەدەبی بوو ، بە دانانی چەندین نووسین و رۆمان .

نووسینەکانی ئەم خاتوونە نەك هەر دەکرانە فلیمەکانی سینەما ، بەلکوو دەکران شانۆگەری لە بەریتانیا و وولاتانی دیکەی جیهان .

هەر بەم هۆکارە رێکخراوی یۆنسکۆ لە ساڵی ١٩٦١ دا رایگەیاند کە کارەکانی ئەگاتا کریستی پرفرۆشتن بوون بە زمانی ئینگلیزی لە جیهان ، ئەم خاتوونە لە کارەکانی بردەوام بوو تا ماڵئاوایی لە بوارەکانی ئەدەب و نووسین و رۆمان کرد لە جیهان .

١٩٧٦/١/١٩ لە راپۆرتێکی لیژنەی – بابگ– لە سەر شۆڕشی ئەیلول ، کە پێشکەش بەکۆنگریسی ئەمەریکا کرابوو ، لە ناو ئەو راپۆرتە چەندین نهێنی شۆڕشی ئەیلول‌و رژێمی بەعسی لە ئێراق‌و ئەمەریکای تیا درکاندبوو، ئەویش لە بواری پەیوەندیە هەمەلایەنەکان ، دوای ئەوە گۆڤاری دەنگی لادی – مێلیج ڤۆیس– راپۆرتەکەی لیژنەی – بابگ– ی لە ٢/٢٣ی هەمان ساڵ بڵاوکردەوەو چەند نهێنیەکی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی تیا درکاندبوو لە باشووری کوردستان .

١٩٧٦/١/١٩ لێژنەی بایك ئەو لیژنە بوو کە بە سەرۆکایەتی – ئویتس بایك – ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکی دامەزراوە ، بۆ بەدووا داچوونی چالاکیەکانی نهێنی دەزگای هەواڵگەری ئەمەریکا . یەکێك لەو مەسەلانەش دەست تێوەردان بوو لەکاروباری کورد ، لێژنەکە راپۆرتی خۆی پێشەکەش بەکۆنگرێس کرد .

بەلام سەرۆکی ئەمەریکا لەسەر راسپاردەی هینری کیسەنجەر نامەیەکی رەوانەی کۆنگرێسی کردووبیروو بۆ چوونی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە راگەیاند بەبیانووری ئەوەی کە دژی بەرژەوەندیەکانی بالای

دەوڵەتــه . کۆنگرێــسیش لــه دانیــشتنی رۆژی ١٩٧٦/١/٢٩ رەزامەنــدی خــۆی لــه ســەر بڵاوکردنــەوەی راپۆرتەکــەدا ، تــەنها ئــەو کاتــه نــەبێ کــه دەسەڵاتی جێبەجێکردنی رازی دەبێ کەچی گۆڤاری – دەنگی لادی – کە لە شاری – جیرنتس – نزیك نیورۆك دەردەچوو . بڵاوی کردەوەو دەزگای ئاسایش ویستیان هەموو دەزگای کۆبوونەوەو ئەو رۆژنامەنووسەی لە وێنەیەکی راپۆرتەکەی دەستکەوتبوو درایە دادگا .

شایانی باسە ئەم راپۆرتە چەندین خاڵی بەرامبەر بەکورد لەدارشتنی پیلانی رێکەوتنامەی جەزائری لەخۆ دەگرت .

١٩٧٦/١/٢١ یەکەم فرۆکەی بارهەڵگری بــەریتانی بــه نــاوی کۆنگــۆرد دروســتکردنی تــەواو بــوو ، کەخێراییەکەی لەخێرایی دەنگ زیاتر بوو، لە هەمان کــات یەکــەم گەشــتی لــه فرۆکەخانەی هیترۆ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەرەو وڵاتی بەحرەین دەست پێکرد لە جیهاندا .

١٩٧٦/١/٢٩ دەرچوونی بریاری ژمارە/٤١ لەلایەن سەرەك کۆماری رژێمی بەعسی لە ئێراق – ئەحمەد حەسەن بەکر – بە دروستکردنی پارێزگای سەلاحەدین ، کە ناوەندەکەی بکرێتە چوار قەزای لەخۆ گرتوو ، لەوانە قەزای ناوەندی تکریت و قەزای بەلەدو قەزای سامەڕاو قەزای خوورماتوو ، کە قەزایەکی کوردیو خاکی کوردستانەو لکێندراوە بە پارێزگای سەلاحەدین ، لەهەمان بریار ناوی پارێزگای کەرکوکی بۆ پارێزگای تەئمیم گۆری ، کەتەنیا دوو قەزای پێووە هێشتەوە ئەویش قەزای ناوەندی کەرکوكو قەزای حەویجەو دوایش قەزای دوبزی پێ لکێندرا لە ناوچەکەدا .

١٩٧٦/٢/١٥ بە مەرسوومێکی کۆماری لەلایەن سەرەك کۆماری رژێمی بەعس لە ئێراق – ئەحمەد حەسەن بەکر – ناحیەی دووبز کرا بە قەزایەکی سەربەپارێزگای

کەرکوك ، کە لە ٩٨٪ . کوردبوون و قەزایەکە کە مەڵبەندی چاوگە نەوتیەکانی خاکی باشووری کوردستانی لکێندراو بەئێراقە لە ناوچەکەدا .

١٩٧٦/٢/٢٧ بەرەی میللی پۆلیساریۆ دژی دابەشکردن وەستان و، هەروا لە دژی شانشینی مەغرب و لایەنە پەیوەندارەکان ، کۆماری دیموکراتی عەرەبی بیابانی سەربەخۆی ڕاگەیاند ، بەخەباتی شەڕی پارتیزانی کە کۆماری جەزائرو کۆماری لیبیا لەژێرەوە یارمەتیان دەدان و ، کە ئەنجامی بووە هۆی سەرکەووتنی بەرەی مللی پۆلیساریۆ ، کە مۆریتانیاو شانشینی مەغریب نیازی دابەشکردنی بیابانەکەیان هەبوو لە نێوان خۆیاندا .

تێبینی :- ئەمە وێنەی شا حەسەنی دووەمە

١٩٧٦/٣/٢٥ کۆچی دوایی شۆڕشگێرو رووناکبیرو قارەمانی کورد - ئیحسان نوری پاشای خەندان - لە تارانی پایتەختی ئێران... شایانی باسە ئەم تێکۆشەرەی باکووری کوردستان دوای ٤٦ ساڵ لەدەربەدەری تەرمەکەی لەگۆڕستانی الزوار نێژراوە لە ئێران .

تێبینی :- خەبات و تێکۆشان و هەوڵەکانی ئەم کەسایەتیە لە ناوەرۆکی کتێبەکە نووسراوەتەوە ، ئەمەش وێنەی خۆیی و هاوسەرەکەیەتی .

١٩٧٦/٣/٢٦ لە دوای هەوڵە بەردەوامەکان ڕژێمی تورکیا ڕێکەووتننامەیەکی نوێی سەربازی لەگەڵ ئەمەریکا مۆر کرد ، بەو پێیەخاکی باکووری کوردستانی

داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی تورکیا ، زیاتر ببێتە بنکەی سەربازی ئەمەریکا بەرامبەر بەچەند پاداشتێکی ئابووری بۆ رژێمی سەربازی تورکیا ، لە لایەن ئەمەریکاو ماوەنەدان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستان ....!.

١٩٧٦/٣/٢٦ مۆرکردنی رێکەووتننامەی تەواو لە نێوان کۆماری میسرو دەوڵەتی ئیسرائیل راگەیەندرا ، لە نێوان سەرۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل و سەرەك کۆماری میسر ئەنوەر سادات لە شاری کامبدێڤدی ئەمەریکا بە سەرپەرشتی و یارمەتی ئەمەریکا ، ئەویش بە کۆتایی پێ هێنانی کێشەی نێوان میسرو ئیسرائیل و بەرەو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەرێمی عەرەبی بەتایبەتی فەلەستین لە ناوچەکەدا .

١٩٧٦/٣/٣١ مۆکردنی رێککەوننامەی سنوورداری تاقیکردنەوەکانی ئەتۆمی لە ژێر زەوی ، لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمەریکا بە هەموو شێوەیەك لە جیهاندا .

١٩٧٦/٤/٥ لە دوای کێشەو ململانێی توونـدو تیژی نێوان شانشین سیهانۆك و جوولانەوەی – خەمیری حومر– سەرەرای دەستگیری گەلانی کە مبۆدیا بە بنەماڵەکەی و بەردەوامی جوولانەوەی کۆمۆنیستی و گەمارۆی نیشتەجێ لە سەر شانشین سیهانۆك . کە کۆمەنیستەکان هەڵسان بەراگەیاندنی کۆماری کەمبدۆیای دیموکراتی لە وڵاتەکەدا.

١٩٧٦/٤/١١ کۆچی دوایی شاعیری ناوداری نەتەوەیی کورد مامۆستا – مەمدوح بریفکانی– لە باشووری کوردستان... شایانی باسە مامۆستای شاعیر لە ساڵی ١٩١١ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

١٩٧٦/٤/٢٨ نووسەرو شاعیرو نیشتمان پەروەری کوردی – مەلا شەریف رەنگەرێژان– لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە... شایانی باسە نابراو لە ساڵی ١٩٢٥ لە شاری هەولێر چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، یەکێك بووە لە دامەزرێنەری یەکێتی نووسرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠ لە دوای رێکەتننامەی /١١ ئاداری /١٩٧٠ .

١٩٧٦/٥/١٢ کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری نیشتیمان پەرەوەری کوردستان – ئیسماعیل حەقی عەلی رەسول ئەحمەد ئاغا – ناسراو بە ئیسماعیل حەقی شاوێس – لەشاری سلێمانی .

جێگــەی ئامــاژە پێکردنــە کــە ئیسماعیل حەقی شاوێس لەشاری مووسڵ لە ساڵی ١٨٩٤چاوی بە جیهــان هــەڵهێناوە ... ئــەوکاتیش باوکی ئەفسەر بووە لە سووپا لە ســاڵی ١٩٠٤ ... دوای دەرچــوونی ئیــسماعیل حــەقی شــاوێس لــە قوتابخانــــەی – رەشــــیدیە –ی سەربازی پەیوەندی بە ئامادەیی سەربازی لە بەغدا کرد لە ساڵی ١٩٠٧ ، پەیوەنـدی بەقوتابخانــەی دەریایی کرد لە شاری ئەستەمبۆڵی ئێستای تورکیا . لە ساڵی ١٩١١ پلەی ئەفسەری لەسووپای تـورکی عوسمانی بەدەست هێنا بە پلەی – ملازمی دوو – لەریزەکانی سووپای ئیمپراتۆریــەتی عوسمــانی بەشــداری لەگــەماڕۆدان و کەپکردنــەوەی راپەرینەکانی نەتەوەیی داوە لەناوچەی بەلکان – یۆنان و سربیا و جەبل ئەسوەد لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٢ – ١٩١٣ دا .

لەوکاتــەدا لەلایــەن شۆڕشــگێرە یۆنانیــەکان دەســتگیرکراوە لەشــاری – ســالۆنیك – دوای ئــازادکردنی لەلایــەن یۆنانیــەکان گەراوەتــەوە شــاری ئەستەمبۆڵ و چووەتەوە ریزی سووپای عوسمانی لە مانگی ١٩١٤/٥/ بە پلەی ملازم یەك – لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٤ بەشداری کرد لەبەرەکانی شەڕدا .

دوای ئــەوە لەلایــەن هێزەکــانی ســووپای بــەریتانیا دەســتگیرکراوەو دوورخراوەتەوە بۆ وولاتی هندستان . لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکــەمی جیهــان ئــازادکراوەو گەراوەتــەوە شــاری سلێمانی لــە هــەرێمی باشووری کوردستان .

دوای ئەوە چووەتە ریزی راپەرین و هێزە چەکدارەکانی شێخ مەحمودی حەفید لە ســاڵی ١٩١٩ ، و دوای ماوەیــەك بووەتــە ســەرۆکی شــاندی گفتووگــۆکردن لەگــەڵ ژەنــەراڵ – فرایــزەر – لــە پێنــاو دۆزینــەوەی رێگــە

چارەی کێشەی نەتەوایەتی کوردو نیشتیمانەکەیدا .
دوای ئـەوە هێزەکـانی سـووپای بـەریتانیا بـەدوای ئیـسماعیل حـەقی شــاوێس دەگــەران لــە پێنــاو دەســتگیرکردنی و ئــەویش لــە دوای خۆشـاردنەوەی روو لەگونـدی – بیـستان سـوور – دەکـات لـە رۆژهـەلاتی شـارەزوورو دەبێتـە مـەلای ئـاییني لـە مزگـەوتی گوندەکـە بـەناوی مـەلا شاوێس .
بەلام زۆر لەو گونـدە نەمایـەوە بەرەو تورکیا رۆیشتووە لەرێگەی ئێران و شـاری تـەبریز پەیوەنـدی بەسـووپای عوسمـانی کـردەووەو بـە شـداری لەشەڕەکانی دژ بە ئەرمینیاو ئاراس و فارس کرد لەنێوان سالەکانی ١٩٢٠ – ١٩٢١ .
هـەروا لـە مـانگی /١٩٢٣/٩ بووە نـەقیب لـەریزی سـووپای تـورك ... دوای ماوەیەك گەرایەوە ئێراق بە هۆی بروانـەبوون بەئیسماعیل حـەقی شاوێس لەلایــەن حکوومــەت و ســووپای تــورك ... دوای گەرانــەوەی بــۆ شــاری سلێمانی لە قوتابخانەیەکی شاری ناسریە بە بەرێوەبەر دامەزرا بەمووچەی ١٧٠ روپیەلە شارەکەدا .
دوای ئـەوە لـە مـانگی /١٩٢٥/١٠ بـەرەو فەرەنـسا بەرێکـەوت و لـە سـالی ١٩٢٦ گەرایـەوە ئێـراق و دووبـارە بـە مامۆسـتای قوتابخانـە دامەزرایـەوە .
دوای ئـەوە بـەهۆی بـاری نالـەباری ژیـان چـووە ریـزی سـووپای ئێـراق وبـە پلـەی – رئـیس – دامـەزرا . بـەلام بـەهۆی بـیری رامیـاری لـەرێزی سـوپا دەرکرا .
دوای ئـەوە لـە پـایزی /١٩٢٧ دووبـارە بـەرەو فەرەنـسا رۆیـشت و هـەر لـەوێش بـەرەو لوبنـان رۆیـشت و لـە مـانگی /١٩٢٧/١٠ بەشـداری لـە کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەلەی خۆییبوون کرد لەچیای – بحمدوون . لە سـالی ١٩٣٩ گـەراوە کـاری فەرمانبەرایـەتی و کـرا بـە قائمقـامی قـەزای مەخمور و رانیەو چەندین جێگەی دیکە .
دوای ئـەوە لـە سـالی ١٩٤٣ – ١٩٤٥ لەبەرێوەبەرایـەتی تـوتن لـە قـەلادزە کاری کردووە . ئەم کەسایەتیە کورد پەروەرە بە درێژایی ژیـانی لـە پێنـاو گەل و نیشتیمانەکەی کاری رامیاری و نەتـەوەیی و نیشتیمانی کردووەو هەولــەکانی بوونەتــە جێگــەی رەزامەنــدی هەڤالــەکانی لــەکاردا تــاکوو

مالئاوایی لەگەل و نیشتیمان کردووە لە باشووری کوردستان .

١٩٧٦/٥/٢٥

کۆچی دوایی شۆرشگێرو کەسایەتی ناوداری کوردستان ، بە تایبەتی پارێزگای هەولێر - ئەحمەد حەمەدمین بایز دەزیی- کە بەدرێژایی ژیانی لە گەنجیەوە تاکوو مالئاوایی کردنی لەگەل‌و نیشتمان و جەماوەری ناوچەکەدا ، دژی داگیرکەرانی گەلانی ئێراق‌و کوردو کوردستان بووەو درێخی نەکردووە لەبەرگری کردن .. شایانی باسە ناوبراو لەدایک بووی گوندی دووگرتکانی سەربەناحیەی قووشتەپەی پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان بووەو براگەورەی موحسن دزەیی و عومەر دزەیی بووە لە پارێزگاکەدا .

١٩٧٦/٥/٢٦

بە ئامۆژگاری سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیمەکراتی کوردستان ، پێکهێندراو بریار درا بە هەلگیرساندنەوەی شۆرش ، بە ناوی شۆرشی گولان ، کە تەواو کەری شۆرشی ئەیلول بوو ، ئەویش لە دوای نسکۆ پێهێنانی و بەردەوام بوونی بەرەو سەرکەووتنی یەك لە دوای یەکەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان ، لە هەموو بوارە جیا جیاکانی نەتەوەیی و

نیشتیمانی بە پێی بارو دۆخی ناوچەو هەرێم جیهان .

جێگەی شێكردنەوەیە كە بووژانەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان وا ئاسان نەبوو دوای نكسۆی ٣/٦ ، كە لە ئەستەمترین قۆناخی ژیانی رامیاری ئەو پارتەدا بوو ، كە لە ١٩٦١/٩/١١ دەستی كرد بە ڕاگەیاندنی شۆرشی گولان و هێنانە كایەوەی رێكەووتنامەی ١١/ئادار و داننان بە ماف كورد لە چوارچێووەی ماف ئۆتۆنۆمی لە باشووری كوردستانی لكێنراو بە ئێراق ... لەو كاتەدا لەلایەك لە ڕووی نێوو دەوولەتی و هەرێمایەتی دۆستێك و یارمەتی دەرێكت و نەمێنێت ، لە لایەكی دیكە تاكە سیمبوولی دیاری شۆرش – مستەفا بارزانی – بوو كە بە ئاشكرا دوای نسكۆی شۆرشی ئەیلول لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەی دیارو دیداردا – مستەفا بارزانی – بلێت ئیتر ڕۆلی من تەواو بوو ، شۆرش كۆتایی هات ، لەوكاتەی كە پارتی دیموكراتی كوردستان خاوەنی بە دەیا هەزار پێشمەرگە بوو لەگەڵ دام و دەزگای میری و سەربازی و ڕاگەیاندن و جگە لە پارەو پوول و جەماوەرێكی زۆرلە هەرێمەكەدا .

بەلام ئەم هەموو توانایە وەك كلۆی بەفر لە چەند كاتژمێرێك هەمووی توواوە و هیچی نەما و ئەو پارتە تووشی بارێكی نا ئومێدی بوو لەگەڵ كۆتایی هاتنی قۆناخی شۆرشی ئەیلول .

لەو كاتەشدا بیروبۆچوونی جیاوازو تۆمەتباركردنی یەكتری لەناو سەركردایەتی شۆرشی ئەیلول سەری هەڵداو بیر لە ڕێگەی دیكەی پەرەپێدانی ئەم شۆرشە و بەردەوام بوونی درا . لەلایەكی دیكەش جوولانەوەی ، واتە ڕاگەیاندنی یەكیەتی نیشتیمانی كوردستان لە ١٩٧٦/٦/١ بەسەركردایەتی جەلال تالەبانی راگەیەندرا .

كە ئەمەش بووە كۆسپێكی گەوورە بۆ هەلوویست و بیری ڕامیاری و نەتەوەیی پارتی دیموكراتی كوردستان ، كە خاوەنی شۆرشی كورد بوو لە باشووری كوردستان .

دوای ئەو كارەساتەو مەرگەساتەی كە بە سەر بزووتنەوەی ڕزگاری كورد وگەلی كوردستان هات لە ئاكامی چەندین هەڵەی ڕابردوو ڕێك بوونی لە گەڵ هەڵەكانی دوای مۆركردنی ڕێكەوتنامەی ١١/ئادار و كاردانەوەی لەسەر باری كورد ، بە تایبەتی لە باشووری كوردستان و نەبوونی

پەیووەندی لەگەڵ وولاتانی دراوسێی کورد و وولاتانی دیکەی هاوخەمی گەلی کوردستان و ڕانەگرتنی هاوکێش و هاووسەنگی قۆناخی دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئادار .

ئەویش بە خۆ لە بیرکردن و بەلاوە نانی بیروو بۆچوونی نوێی دوای ڕێکەووتنامەی ئادارو لێك دابڕان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی ئێراق / لێژنەی هەرێمی کوردستان ، کە هاو خەبات و هاووسەنگ بوون لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و گرتنی دوو ڕێگای جیاواز و دژ بە یەکتری ... واتە پارتی ڕوو لە ڕێگایەك و پارتی کۆمۆنیستیش ڕوو لە ڕێگایەکی دیکەدا ، لە ئەنجام هەردوو پارتی هاو خەبات کۆتایی ڕێگاکەیان هەڵدێر بوو لە هەموو بوارەکان ..؟..!

دوای چەندین کۆبوونەوە لە نێوان سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی مەسعوود بارزانی و سامی عەبدولرەحمان و بە ئامۆژگاری مستەفا بارزانی و دروستبوونی چەند کێشەو بە دوورکەووتنەوەی چەندین ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی بەهۆی جیاوازی بیروو بۆ چوون ، لە ئەنجام کۆبوونەوەی لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە ٢٦/گوڵان شۆرشی گوڵان ڕاگەیاندرا ، لە گەڵ سەرکردایەتیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان .

هەر لە دوای ئەم کارە لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی سامی عەبدولرەحمان گەڕایەوە تارانی پایتەختی ئێران و پاش تەواو کردنی چەندین کاری گرنگ و پێوویست .

سامی ڕووی کردە ناوچەی هەکاری بۆ سەرکردایەتی کردن و بووژانەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی و چەکداری ، پارتی وردە وردە توانی خۆی بخاتە سەر پێ ، بەڵام قۆناخێکی نالەبارترو دروست بوونی دژایەتی لە نێوان پارتی و یەکیەتی لە لایەك و ، لە نێوان یەکیەتی و پارتە کوردستانیەکانی دیکەی دروستبووی دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول لە هەرێمەکەدا .

لە هەمان کاتیش دروستبوونی دژایەتی نهێنی لە نێوان پارتی و پارتە کوردستانیەکانی دیکە سەرەڕای بوونی پەیووەندی بەهۆی بوونی دژایەتی کردنی یەکیەتی ، کە پارتی بە دووژمنی سەرەکی دادەنا لە گۆڕەپانەکەداو بە دروستبوونی هاوبەشی دووژمنایەتی و سەرکردایەتی جووڵانەوەی

گـەلی کوردسـتان و نـەمانی ڕۆڵـی پـارتی وەك بـەر لـە نسکۆی شـۆڕش لـە باشووری کوردستاندا .

١٩٧٦/٦/١ دامەزرانــــدنی یەکیـــەتی نیـــشتمانی کوردســـتان بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی لــە باشـووری کوردسـتان ، کـە بـــووە هۆکـــارێکی کاریگـــەری گرنگ لە بەرەو پێشبردنی باری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بـە هاوپـەیمانی لەگـەڵ پـارتو ڕێکخـــراوە کوردســـتانیەکان ســـەرەڕای ســـەرهەلدانی کـەمو کـوڕیو کێـشەی تایبـەتی لـە نێوانیـان ، بـە تایبـەتی لـە گـەڵ پـارتی دیموکراتی کوردستان ، لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٧٦/٦/١ گەڕانەوەی ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی - ئیبراهیم عـەزۆ - بە یاوەری - ٣٦- پێشمەرگە لە سووریا بەرەو کوردستان ، کە ئەم ڕۆژە بە سـەرەتای هەڵگیرسـانەوەی شۆڕشـی نـوێی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان دادەنرێت شان بەشانی چالاکیەکانی دەست پێکردنەوەی شۆڕشی گولان لــەدوای شکـستی شۆڕشـی ئـەیلول . ئـەویش لــە ئاکـامی مـۆرکردنی ڕێکەووتننامەی جەزائر لە نێوان ئێراق وئێراندا .

١٩٧٦/٦/٢٤ ڕاگەیانــدنی یەکگرتنــەوەی هــەردوو ڤێتنــامی بــاکوورو باشـــوورو دامەزراندنەوەی لە یەك دەووڵەتی ڤێتنامی، ئەویش لە دوای ٣٠ ساڵ لە شـەڕو پێکـدادان بـە ڕزگـار بوونیـان لـە مەرگەسـاتی جـەنگی بەسـەردا سپێنراویان لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیدا .

١٩٧٦/٦/٢٦ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وولاتی سیشل ، بە ناوی کۆماری سیشل لەناو ڕایەلەی کۆمەنوولسی بەریتانیاو شانشین ئەلیزابت شانشینی بەریتانیا وەك ڕاوێژکار لە هەلسووڕاندنی کاروباری دەرەوەی پەیوەندیەکانی سیشل سەرپەرشتی دەکات . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – ڤکتۆریا – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٤٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١١٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٦٢٥ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٤٨٢ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

١٩٧٦/٧/٢ لە دوای شەڕو پێکدادان وکێشەو ململانێیەکی توندو دژواری بێ وێنە بە دەست تێوەردانی لەلایەن ئەمەریکاو گەیشتن بەڕاستیە هاوبەشەکانی وولاتەکە ، هەردوو ڤێتنامی لێك ترازاندراو یەکگرتنەوەی خۆیان بە شێوەیەکی فەرمی و یەکجارەکی بەجیهان ڕاگەیاند ، بە ڕزگار بوونیان لە دەست تێووەردان و وێرانکردنی وولاتەکەیان . لەلایەن ئەمەریکا هاوپەیمانان.

١٩٧٦/٧/١٧ پێشبڕکێی یارییەکانی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات– لە مۆنتریالی کەنەدا ئەنجام دراو بەردەوام بوو تاکوو ٨/١ی هەمان ساڵ . لە نێوان یانە وەرزشیەکانی وولاتانی بەشدار بوو لە جیهاندا .

١٩٧٦/٧/٢٨ بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بە ژمارە/٨٢٤ تایبەت بەناحیەی داقوق ، هەروا بڕیاری ژمارە/ ٩٤٩ لە١٩٧٧/٨/٢٣ تایبەت بە هەردوو ناحیەی ئالتون کۆیری و دوبز لە

باشووری کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی لە پارێزگای کەرکوک و بە دەست بەسەرداگرتنی زەوی کشتووکاڵی بە بەرامبەر – بە پارە– و دابەش کردنی بەسەر جووتیارە هاوردەکانی عەرەب لەپارێزگای کەرکوک و قەراو ناحیەکان ئەویش بەراگوواستنی دانیشتووانە کوردەکان و جێگرتنەوەیان بە عەرەب.

ئەمە نەخشەی پارێزگای کەرکوکە هی ساڵی ١٩٦٠ لە دوای بە عەرەبکردنی ئەم پارێزگایە لە ساڵی ١٩٢٠ ەوە و لە دوای کودەتا

شۆمەکەی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ تا رووخاندنی کە لە ناوەرۆکی کتێبەکە دیاری کراوە ، دەتوانی بەراوردی بکەیت کە چۆن رژێمە یەك لە دوای یەکەکان خاکی کوردیان داگیر کردووە ، نەك هەر لە پارێزگای کەرکوك بگرە لە پارێزگاکانی مووسڵ و تکریت و دیالە و کووت ، ئەمە نەك لە ئێراقی بە زۆر دروستکراو لە سەر خاکی کورد ، هەروا لە سووریاو لە تورکیاو لە ئێران . کە لە سەرەتای فتووحاتی ئیسلامی تا کۆتایی ٢٠٠٨ لە ناوەرۆکی ئەم کتێبە قۆناخ بە قۆناخ دیاری کراوە ... ؟... بەڵام ....!. ئەی کورد ....؟!.

شایانی باسە بەدەیاو سەدا بڕیارو ڕێنمایی و ئامۆژگاری بە بە عەرەبکردنی هەرسێ پارێزگاکانی مووسڵ و دیالە و بە تایبەتی پارێزگای کەرکوك لە باشووری کوردستان ، بە هێنانی عەرەب لە عەشیرەتەکانی شەمەرو جبوورو زەوبەع و ئەبوولعەمدان و حەدیدو بە دەیا کاری دیکە لە ڕۆژی کودەتای بەعسیەکان لە ١٩٦٣/٢/٨ تاکورووخانی ڕژێمی سەدام لە٢٠٠٣/٤/٩ بەردەوام بوولە هەرێمەکەدا ، بەپێی توانا لەخوواست و وویستەکانیان و ، پیاویش نەبووە بەرگری لەتاونەکانی ڕژێمی بەعس لەئێراق و نامەردایەتی عەشیرەتە عەرەبەکان بکات لە هەرێم و ناوچەکەدا .

کە عەرەب هەرعەرەبە و جێگەی بڕواو متمانە پێکردن نین ، گەر بەرماڵی نوویژکردنیان بەرەو کوورسی مەحەمەدی موختار بەرز بێتەوە ، لە بەر ئەوەی عەرەب فرت و فێڵ و درۆو سەختەبازی بەئازایەتی و پیاوەتی و سەربەرزی دەزانن نەك بەپێچەوانەوە...!.

١٩٧٦/٨/٢١ جێگری سەرۆکی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ئەوکاتە سەدام حسێن لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بە ناو نیشتمانی ئێراق بڕیاریدا بە گوواستنەوەی گوندەکانی سەر سنووری نێوان ئێراق و تورکیا لە سەر خاکی کورستان ، ئەویش بە قووڵایی ٢٠ کیلۆمەترو بە درێژی سنووری نێوانیان لە سەر خاکی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق و باکوری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا بە پێی پەیمانی سایکس- بیکۆو جێ بەجێکردنی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ ی هاوپەیمانان‌دا .

١٩٧٦/٨/٢٥	ڕژێمـی بەعـسی لـە ئێـراق لـە هەڵمـەتێکی نامرۆڤانـە دەسـتی کـرد بـە گوواستنەوەو دەرکردنـی دانیشتووانی گوندەکان ، لـە قـەزای مـەخمور بـە هەرسـێ ناحیەکـەی ، قـەراج و ، گوێڕو ، بـە تایبـەتی ناحیـەی دیبەگـە لـە کەندێناوە ، کە سەر بەپارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان . ئـەویش بـە جێگـە گرتنـەوەیان بەعـەرەبی هـاوردەی بـەدوو لـە بیابـانی باشووری ئێراق و وولاّتـی سعوودیە ، بەسـەرکردایەتی شـێخ عـەواس ، کـە گونـدی سەبەشـاخی مەڵبـەنـدی عەشیرەتی سیانەکانی کردبووە مەلبەنـدی عەشیرەتەکەیان لە و ناوچەیەدا .
١٩٧٦/٩/٩	ڕابـەرو دامەزرێنــەری پـارتی کۆمۆنیـستی چـینی مللـی و دامەزرێنــەری کۆماری چینی میللی – ماوتسی تۆنگ – لە شاری پەکینی پایتەختی چین ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی کرد ، دوای ئـەو زینك لکسیاوبینك ، جێگـەی گرتـەوە لـە هـەموو بـوارە جـۆراو جۆرەکانی دەسـەلاّتی دەووڵـەت و پارت لە چینی مللیدا.
١٩٧٦/١٠/١٣	بەپێی نووسـراوی ڕەگەزنامـەی پارێزگـای مووسڵ بەژمارە/١٢٢ ی هـاوپێچ بــە نووســراوی بەڕێوەبەرایــەتی ڕەگەزنامــەی گــشتی لــە بــە غــدا/ش/ا ژمـارە/٦٧٢ لـە٩/٣٠ ، ی هــەمان سـاڵ بـەناوەڕۆکی فـەرمانی وەزارەتــی نـاوەخۆی ڕژێمـی بـەعس لـە ئێـراق ، ئـەویش بە ڕاگوواسـتنی هـەموو ئـەو کوردە نیشتەجێیانەی کە لە دەرەوەی ناوچەکەن . ئەویش بە گوواستنەوەی تۆمارگەکانی– ناسنامەی شارستانی – کورد لـە ناحیەی زمار لە باشووری کوردستان ، بۆمەڵبەنـدی قـەزای موسـڵ و جێگـە گرتنـەوەیان بەعـەرەبی هـاوردە لـە ناوچـە دوورەکـانی ناوەنـدو باشووری ئێستای ئێراق .
١٩٧٦/١١/٢١	لـە سـێدارەدانی سـێ لـە ئەنـدامی سـەرکردایەتی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان– خاڵـە شـەهاب و جەعفـەر عەبدولواحیـدو ئـەنوەر زۆراب– لـە لایەن ڕژێمی بەعسی لە ئێراق لە شاریبەغدا.
١٩٧٦/١١/٢٣	هێزەکانی سووپای ڕژێمـی بەعسی لـە ئێراق هێرشیان کـردە سەرناوچـەی باڵـەکیان ، لـە ئەنجامـدا زیـانێکی زۆر لـە داگیر کـەر کـەووت لـە لایـەن پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو

بە ئێراق .

١٩٧٦/١٢/٣ وەرگرتنی پۆستی سەرەك كۆمارو پارتی کۆمۆنیستی کووبا لە لایەن فیدڵ کاستەرو ڕۆبر لەسەر وڵاتەکەدا .

١٩٧٦/١٢/١٢ بە پێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٢ بە ژمارە/ ٢٩٥٥ ، کە گەلی کورد مافی خۆی بووەو هەیە لە تێکۆشانی چەکداریو ڕامیاری بەردەوام لە سەر خاکی خۆی بێت تاکوو بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەییو نیشتمانی لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران لە ناوچەکەدا .

١٩٧٦/١٢/٢٦ بەرپابوونی داستانی شارستێن ، لە نێوان هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراقو پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێی گەلی کورد لە باشووری کوردستان.

١٩٧٧

١٩٧٧/٢/٨ مستەفا بارزانیؒ نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا–جیمی کارتەر– کرد ، سەبارەت بە باری بارو دۆخی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، بەڵام نامەکەی بارزانی لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکا پشت گوێ خرا. بەرامبەر بە داخوازیەکانی کورد لە باشووری کوردستان.

١٩٧٧/٣/١ لە پێناو کۆتایی هێنانو چارەسەری کێشە هەڵوواسراوەکانی نێوان پارتیو یەکێتی لە هەرێمی باشووری کوردستان ، لە ئەنجامی گفتووگۆی بەردەوامو دۆستەکانی کورد ، بووە هۆی مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ، ئەویش لە سەر داوای ڕژێمی بەعسی لە سووریا کە لاباڵی چەپی پارتی بەعسی لە ئێراق بەشداری لەو ڕێکەووتنەکە کردو بە مۆرکردنی ڕێکەووتنەکە لە

لایەن – باقر یاسین – بوو لە وولاتەکەدا .

١٩٧٧/٣/١٦ تیرۆرکردنی سەرۆکی پـارتی سۆشیالـستی پێــــــشکەوتن و کەســایەتی نــاوداری لوبنـــان و عـــەرەبی و جیهان – کەمال جان بـولاد – بـە فـەرمانی هەردوو پارتی بەعسی لــە ئێــراق و ســووریا بەتایبەتی لەلایەن سەرۆکی سووریا حافز ئەسەد .

مەلا مستەفای بارزان – کەمال جان بولاد

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە کەمال جان بولاد لەنژادا کوردەو لەمەزهەبی درزین ، کە ئەم مەزهەبە لە دێر زەمانـەوە لـە هـەرێمی شام نیشتەجێن ، بـە تایبـەت لــە ســووریاو فەلەســتین و لوبنــانی ئێــستا ... بنەماڵــەی جــان بۆلادیـەکان لـە بنـەرەتا لـە شـاری ئەستانەی تورکیـا نیـشتەجێ بوونـەو دەگەڕێنەوە بۆ ڕەچەڵەکی ئەیوبی و لەسەرکردە سەربازیەکان بوونە .

هــــەروا ئــەو بنەماڵەیــە بەدرێــژایی مێــژووی ژیانیــان بــە ئازایــەتی و چاونەترسی ناوبانگیان دەرکردووە چ دژی دەووڵەتی عوسمانی و ڕژێمـە کۆنـە پەرستەکان لـە تـورك و عـەرەب ... ئێستاش ئـەم مەزهەبـە درزیانـە کـوردن و بـەردەوامن لـە سـەر کـارو کردەووەکـانی خۆیـان بـە تایبـەتی لـە وولاتی لوبنان .

١٩٧٧/٣/١٨ رادیـۆی دەنگـی ئەمــەریکا ڕاگەیانـدنی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمــەریکا ی بڵاوکـردەوە کـە :- کـوردە شۆرشـگێرەکان داوایـان کـردووە ئەمــەریکا لەکێشەکانیان بپرسێتەووەو یاریدەدەریان بێت .

بـەڵام وەڵامـی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمـەریکا بۆیـان ئـەوە بـوو ، کـە ئـەوە کێشەیەکی ناوخۆی ئێراقەو ئەمەریکا خۆی لەقەرەی نادات .

گومان لەوەدا نیە کە وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکا – هنـری کیسنجەر ، کە وێنەکەی دانراوە خۆی پرۆژەکەی شای ئێرانی سەبارەت بەکێشەی کورد

پەسەند کردبوو ... چونکە لەسەر ئەوە رێك کەوتبوون کە کوردەکان تەنها کارتی قومارن یان تەنها پوولی خەرجین .

هەر لەوکاتەدا بارزنی مستەفا لە نامەیەکیدا بۆ کیسنجەر دەڵێ :- ئێمە پێمان وایە وولاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا ئیلتیزامێکی ئەخلاقی و مەسئولیەتی سیاسیان لە ئەستۆدایە دەرهەق بەگەلی کورد , حکوومەتەکان بەخۆی گفتوو بەڵێنی داوە وابی هەر لەو پێوو دانگەوە تکا لە رێزدارتان دەکەین کە بەزووترین کات کارێك بکەن و فریامان بکەون ... بەلام بارزانی مستەفا هیچ وەلامێکی لەو بارەیەوە دەست نەکەوت .

لەم بارەیەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کیسنجەر دەڵێ :- ئێمە زوڵمێکی گەورەمان لەکورد کرد ... لەکاتێدا دەبوایە ئێراق دژی سووریا بووەستێت , شەرمان بەکورد راگرت و پشتمان تێیان کرد ... دکتۆر گوێنتەر دیشنەر ، لە دوادیمانەی رۆژنامەوانی کە لە گەڵ بارزانیدا کردبووی لەناو خاکی کوردستاندا و لە رۆژنامەی جیهاندا بلاوی کردبۆوە ، لە وەلامی پرسیارێك دەربارەی گەورەترین هەڵەی شەخسی کە خۆی کردبووی , پاش تێرامانێك بەدەنگێکی کە سەردار ژەنەرال وەلامی دابووەوە :- کە گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوەیە کە متمانەم بە وولاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا کردوو باوەرم بەو گفتوو بەڵێنانە کرد کە پێی داین .

سەرچاوە:- گوێنتەر دیشنەر - کورد گەلی لەخشتە براوی غەدر لێکراو ل/٣٣١-٣٤٢-٣٤٤-٣٤٥ .

١٩٧٧/٤/٥ رژێمی بەعسی لە ئێراق ، ١٠ دە هاوولاتی کوردی لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق لە سێدارەدا ، سەرەرای ئەوەش رۆژنامەکانی بەعسی لە ئێراق بریارەکانی لە سێدارەدانی

ئەوهاوولاتیانەی بلاوکردەوە.

شایانی باسە بەر لەوەش لەمانگی/ ٣/١٩٧٧، ٢٩ هاوولاتی دیکەی لە شاری سلێمانی لە سێدارەدا ، کە تەرمەکانیان لە دیواری یەکێ لە مزگەووتەکان هەلوواست لە ناو شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان .

١٩٧٧/٤/١١ نووسراوی وەزارەتی ناوەخۆی رژێمی بەعسی لە ئێراق بە ژمارە/١٦٣ ماوەی بەو کوردانەی کە لە سەر مالو حالو سامانیان لە پارێزگاکانی مووسلو کەرکوکو دیالە لە باشووری کوردستان دەرکراون ، نەگەرێنەوە شووێنی خۆیانو بە مانەوەیان لەو جێگایانەی کە لێی نیشتەجێکراون لە ناوەراستو باشووری ئێراق.

١٩٧٧/٥/١٨ برِیاردانی برِیاری ژمارە/٥٨٠ ی سالی/١٩٧٧ لەلایەن سەرکردایەتی رژێمی بەعسی لە سووریا ، کە بەو هۆیە ناوی گوندو شارۆچکەو شەقامە کوردیەکانی بگۆردرێن بۆ ناوی عەرەبیو رەشکردنەوەی ناوی کوردیو پێناسەکە لە رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بەسووریا لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٧/٦/١٠ بەلگەنامەی کۆتایی کۆنگرەی دیبلۆماسی لە شاری ژنێف ، کە تایبەتمەند بوو بە پەرەپێدانو سەقامگیر کردنی یاسای نێوودەوولەتی بە مافی مرۆڤایەتی و چارەسەری مافەکانی لە کێشەو ململانێی چەکداریو دیاریکردنی سنووری ئەو رەفتارو هاوکێشەیەلە هەرێم و ناوچەو جیهاندا

١٩٧٧/٦/١٦ دامەزرانـدنی – لیونێـد بریـژنێف– لــە کۆبوونـــەوەی ئەنجوومـــەنی ســـۆڤیەتیات و دەســـتەی بـــاڵای یەکیـــەتی ســـۆڤیەت بـــە یەکـــەم ســـەرۆکی یەکیـــەتی ســـۆڤیەت ، ئـەویش یەکـەم سـەرۆك بـووە بـە وەرگرتنـــــی ســـــەرکردایەتی دەووڵەت و پارت لە ماوەی مێژووی دەسەڵاتەکانی یەکیەتی سۆڤیەتدا .

١٩٧٧/٦/٢٧ کۆمـــاری جیبـــۆتی ســـەربەخۆیی خـــۆی ڕاگەیانـــدو حەســـەن جولێـــت بـــۆ پۆســـتی ســـەرکۆمار هەلبـژێردرا ، کـە سـەرۆکی پـارتی جوولانـــــــــەوەی ســـەربەخۆی وڵاتەکـە بوو . ئەم ڕاگەیاندنەش لـە شـاری – جیبـۆن – ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ٤٨٦,٠٠٠، هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وڵاتەکـەی ، ٧٨٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ڕووبـەری خـاکی وڵاتەکـەی ، ٢٣,٣٠٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٨٧ کـەس لـە یەك میل چوار گۆشەدا .

١٩٧٧/٧/٥ بـە هـۆی بـاری نالـەباری نـاوخۆو پەیوەندیـەکانی دەرەوە و کاردانـەوەی لـە سـەر پاکـستان ، سـەرکردەو سیاسـەتمەداری پاکـستانی – زیـاءالحق– لـە کودەتایەکی سەربازی دژی – زولفەقار عەلی بۆتۆ –دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت

له کۆماری پاکستان.

١٩٧٧/٧/١٧ له سێدارەدانی دوو نووسەرو شاعیری ئەلبانی – ویلسۆن بلوشمی – و- گنس لیکا – لە لایەن دەسلأتدارانی کۆمۆنیستی لە ئەلبانیا ، بە ناوی دووژمنانی گەلْ .

جێگەی باسکردنە کە سەرەتای سەرکەوتنی پارتی کۆمۆنیست لە ئەلبانیا و لە ناوبردنی هێزە رامیاریەکانی دژ بە دەسەلأتی کۆمۆنیستی لەم وولأتەدا بە ناوی – دووژمنانی گەلْ – و پاوانکردنی دەسەلأت لە لایەن ئەو پارتە بە پارتی تاکرەو لە ئەلبانیا . بە بۆنەی یادکردنەوەی ٣٠ سالەی تێپەربوون بە سەر لە سێدارەدانی ئەم دوو شاعیرە .

ئەویش لە فلیمێکی بەلْگەیی کە لە ئەرشێفی وەزارەتی ناوخۆی ئەلبانیا دەرهێنرابوو ، لە ٢٠٠٧/٤/٢٤ بە جەماوەرەکە نیشاندرا ، بە ئامادە بوونی سەرۆکی ئەلبانیا – سالم بریشە – لە شاری تیرانای پایتەختی ئەلبانیا .

ئەم دوو شاعیرە گەنجە کە ویلسۆن و بلوشی ، لە دایك بووی سالْی ١٩٤٨ ، و گنس لیکا لە دایك بووی سالْی ١٩٤٣ بوو لە ئەلبانیا .

١٩٧٧/٨/٧ شای ئێران محەمەد رەزا شا بە هۆی بارودۆخی بەرەو لێك ترازاوی ئێران – جەمشید ئامۆژگاری – کردە سەرەك وەزیران حکوومەتی ناوەندی لە ئێران .

١٩٧٧/٩/٥ سەرۆکی سەندیکای گشتی پیشەسازی – هانس مارتن شلاید- لە شاری کۆلۆنی ئەلمانیا چاوی بە جیهان هەلْهێناوە ، کە لە لایەن سووپای سوور لێدراو لەگەلْ دوو لە پاسەوانەکانی کووژران و ئەویش رفێندرا.

١٩٧٧/١٠/٧ ئەنجوومەنی بالأی یەکیەتی سۆڤیەت لە دەستووری نوێی وولأتەکەیدا گۆڕینکاریەکانی دیاریکرد ، بەوەی کە هەموو نەتەوەیەك لە ناو سنووری یەکیەتی سۆڤیەت . دەبێ خاوەن ماف و چارەنووسی خۆیان بن.

بەلأم تەنیا کورد نەبێت ، کە مافی سەربەخۆیی لێ حەرام کراوە لەسەر خاکی خۆی کە کوردستانە لە کێشووەرەکەدا .

١٩٧٧/١١/٩ دەوولەتی ئیسرائیل و کۆماری میسر رێکەووتنی ئاشتیان مۆر کرد بە دەست پێشخەری سەرەك کۆماری میسر ئەنوەر سادات و بە پالْپشتی

ئەمەریکاو وولاّتانی هاوپەیمان و ڕێکەووتنەکە سەرکەووتنی بە دەست هێنا لە گۆڕینی بارو دۆخی پەیوەندی لە نێوان وولاّتانی عەرەبی و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا ...؟.

١٩٧٧/١١/١٩ بە هۆی بارودۆخی نێوان ئیسرائیل و وولاّتانی عەرەب بە تایبەت باری وولاّتی میسر، سەرەك كۆماری میسر ئەنوەر سادات سەردانی شاری قوودسی پایتەختی ئیسرائیلی کرد ، کە ئەمەش بووە هۆی درووست بوونی ململانێ لە نێوان میسرو وولاّتانی عەرەب لەهەرێمەکەدا.

١٩٧٨

١٩٧٨/١/٢١ بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بە ژمارە/١٣٤، ئەویش بە تۆمار کردنی ٧٨٠٠ خانوو لە ژێر ٨١ كۆمەڵگای نیشتەجێکردن بۆ دانیشتووانی عەرەب لە پارێزگاکانی مووسڵ- کەرکوك- دیالە... بەبێ بەرامبەر- هەروا بڕیارەکە ئاماژە بەوەش دەکات ، کە زیاتر لە ١١٠٠٠ خانووی نیشتەجێ لە سەر ٢٩ كۆمەڵگای زۆرەملێ بۆ کوردە ڕاگوێزراوەکان لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان لە پارێزگاکانی مووسڵ و کەرکوك و دیالەو قەزاو ناحیەکان و گوندەکان گوواسترانەوە بۆ پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك- ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش جگە لەو کوردە ڕاگووێزراوانەی کە بۆ باشوورو ناوەڕاستی ئێراق ئاوارەکران .

١٩٧٨/١/٣١ شەهید بوونی ئارام لە گوندی - نەنگی سەری- لە ناوچەی قەراخی پارێزگای سلێمانی... شەهید ئارام یەکێك بوو لە دامەزرێنەری كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ماوەیەکیش سکرتێری كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو لە باشووری کوردستان .

١٩٧٨/٢/١٨ ئەمیری کووێت ئەمیر- جابر ئەحمەد- دەسەلاتی ئەمیری کووێتی گرتە دەست لە دوای کۆچی دوایی شێخ عبدالله سالم لە وولاّتەکەدا.

١٩٧٨/٣/٨ لە ئەنجامی بەرپابوونی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای ئێراق و پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، لە ئاکام سەعدی گچکە شەهید کرا ، لەگەڵ/٢٠ پێشمەرگە لە ناوچەی دەشتیۆی باشووری

کوردستان.

١٩٧٨/٤/١٩ نزیکەی /١٠٠٠ هەزار پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتیمانی بەرەو سنووری ناوچەی بادینان بەرێکەوتن ... نیازیش لەم سوورانەوەیە ئەوە بوو کە کۆنترۆڵی ناوچەی بادینان بکرێت لەلایەن پارتی نویْ ، کە یەکەم بەیاننامەی بەزمانی عەرەبی بوو لە ٥,٢٢ ی هەمان ساڵ و راگەیاندنی یەکیەتی بە شێوەیەکی فەرمی لە ٦/١ ی هەمان ساڵ بوو . واتە لەوکاتە تەمەنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ساڵێك و دە مانگ و بیست رۆژ بوو ، کە ئەم هێزە دەستی کرد بە سوورانەوە لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمی باشووری کوردستان .

مەبەستیش لێدانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە هەرێمەکەدا .

بەڵام پارتی توانی پێشیان بگرن و کەوتنە بەر لوولەی چەکەکانی پارتی و زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەکانی یەکیەتی بکوژن و ، لەوانەش عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید بوون ، کە هەردووکیان سەرکردەی لێهاتوو بوون بۆ شۆرشی نوێی گەلی کوردستان .ئەم کارەش بووە هۆی لە رزاندنی هەرمی یەکیەتی لەوکاتدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە کێشەی نێوان ئەم دوو پارتە خەباتگێرو شۆرشگێرە دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٤ و هەوڵەکانیان خەست بوونەوە لە پێناو لەناوبردنی یەکتری و گوورز وە شاندن لەجەستەی گەلی کوردستان و خاکی کوردستان ، بە پشتیووانی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان ... کە لەوکاتیش باڵی لاباڵی مەکتەبی سیاسی کەرت بووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی – ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال – دەستیان لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی ئێراق تێکەڵ کرد ، دژی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردو لەلایەکی دیکە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان .

لە هەمان کاتیش پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا هێزەکانی لە ئامادە باشییدا بوون بۆ لەناوبردنی چەکدارەکانی

یەکیەتی ، کە ئەوکاتە ناوزەند بوون بە جەلالیەکان و پارتیش ناوزەند بوون بە مەلاییەکان .

کە تاکوو ئێستاش ئەم دوو نازناوە لە کۆبوونەوەی تایبەتی هەردوو پارت دێت و دژی یەکترن ... دوای سالّی ١٩٦٤ یەکەم شەڕی نێوان پارتی و یەکیەتی کە لە سالّی ١٩٦٦ روویدا ، بەیەکەم شەڕ دێت لە نێوان ئەم دوو بیروو بۆ چوونە ، کە یەکیان حکوومەتی ئێراق پالّپشتی دەکردوو دووەمیان رژێمی شای ئێران ، کە هەدوو رژێم داگیرکەرو دوژمنی گەلی کوردو خاکی کوردستان بوون .

واتە ئەم کێشەو ناکۆکیەی نێوان ئەو دوو پارتە کوردیە بە هێزەی کە لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق بەردەوام بوو لە بوارەکانی رامیاری و سەربازی و پارتایەتی کە هەمووی بە زیانی کورد دەگەرایەوە لە هەرێمەکەدا .

جگە لەمەش کە پارتی دیموکراتی کوردستان دژی پارتی دیموکراتی کوردستانی هەرێمی رۆژهەلاّتی کوردستانی ژێر دەسەلاّتی ئێران بوو ، لە پێناو رازی کردنی رژێمی شا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی پارتەکە و بوونی بە پالّەوان لەم گۆرەپانەو بیر لەوە نەدەکرایەوو کە بیروو رای جیاجیا هەیە لە هەموو بوارەکان .

بەلاّم ئامانجیش رزگارکردنی گەل و خاکی کوردستانە . تاکوو مۆرکردنی بەرەی کوردستانی لە ١٩٨٨/٥/٧، کە ئەویش لەدوای شەڕێکی بەردەوامی خوێناوی لە نێوان یەکیەتی نیشتیمانی لەگەلّ پارتی کۆمۆنیستی ئێراق / لقی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆشیالستی کوردستان ، کە بووە هۆی کوژرانی بەسەدا کادیرو ئەندام و لایەنگرانی ئەم پارتانە کە چەکداربوون .

ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتبووە گیانی ئەندامانی پارتی دیموکراتی ئێران جا لە هەر پلەیەك بوایە گرنگ نەبوو... ؟؟؟. واتە لەسەرتای سالّی ١٩٦٤ تاکوو مۆرکردنی بەرەی کوردستانی لە سالّی ١٩٨٨ ، خوێنی کورد بەدەستی کورد شاخەکانی

کوردستـانی پـێ سـوور دەکرا ، نـەک دژی دوژمنـانی گـەل و نیـشتیمان و ئەوەی لەگەڵ یەکتر کردیان لەگەڵ دوژمنی کورد بوایە .
واتە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانی کورد ، کە لـەوکات لە ئاسـتێکی دیکەی شۆرشدا بوو لە هەموو بوارەکان و دەبووە جێگـەی بـرواو لێترسان نـەک بەرامبـەر بـە وولاتـانی داگیرکـەری کوردسـتان ، بـەڵکوو بەرامبـەر بـە هەموو وولاتانی دیکەی جیهان ، بە تایبەتی ئەو وولاتانەی کە نزیک بوون لـەم وولاتـە داگیرکرانـەی خـاکی کوردسـتان ، کـە کـورد خـۆی هۆکـاری دابەشـبوون و داگیرکردنـی خـاکی کـورد وگـەلی کوردسـتان و خـاکی کوردستان بووەو رێگە خۆشکەر بووە بۆ دوژمنان لە هەموو بوارەکاندا .

<u>تێبینی :-</u>

هیوادارم خوێنەری ئینسکلۆپیدیای مێژوو نامەکە ، بە تایبەت هەڵگری بـروای ئـەو دوو پارتـە دڵگـران نـەبن لـە نووسـینی هەنـدێ مێـژووی رووداوەکـان کـە لـەم کتێبـەدا هـاتووە ... لە بەر ئەوەی کتێبەکە رووداوو بەسەرهاتەکان بەراست و دروست تیای تۆمارکراوە . واتە بۆ مێژوو نەک ئیهانە کردن .

١٩٧٨/٤/٢٧ ئەفـسەرە کۆمۆنیـستەکانی ریـزی پـارتی کۆمۆنیـستی ئەفگانـستان کودەتایـەکی سـەربازیان ئەنجامـدا دژی دەسـەلاتی شانـشین محەمـەد داود خـان لـە ئەفگانـستان ، ئـەم کـارەش بـووە هـۆی سـەرکەووتنی پـارتی کۆمۆنیست بە پالپشتی پارتی کۆمۆنیستی یەکیـەتی سۆڤیەت و سووپای سووری سۆڤیەت لە وولاتەکەدا .

١٩٧٨/٧/٧ دوورگـــەی ســـلێمان ســـەربەخۆیی خـــۆی ڕاگەیاند بەجیابوونەوەو ڕزگـــاربوونی لـــە ژێـــر دەسەلاتی بەریتانیا ، کە زیاتر لە ٨٥ ساڵ داگیر کرابـــوو لەناوچـــەکەدا . ئـــەم ڕاگەیانـدنـــەش لـــە شـــاری – هۆنیـــارا – ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٥٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٦٧٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٢٩,٧٨٥ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ، ٥٢ کـەس لـە یـەك میـل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەکانی ، میلانیزیا ٩٣٪ . بۆلینزیا ٥٪ لە گەڵ چەندین ڕەگەزی دیکەدا لە وولاتەکەدا .

١٩٧٨/٧/٢٥ لە دایك بوونی یەکەم منداڵی بۆری شوشە– لویز براون– لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.

١٩٧٨/٨/١٥ دامەزرانـــــدنی پـــارتی کریکـــارانی کوردســـتان P..K.K لـــە بـــاکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەســـەلاتی تورکیـــا ، بـــە ســـەرکردایەتی عەبـــدوللا ئۆجـەلان ، کـە بـووە هـۆی سـەرەتای دەسـت پێکردنـی پارتیزانی چەکداری بوو دژی ڕژێمی تورکیا لە هەرێمەکە ، لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کوردو

کوردستان .

١٩٧٨/٨/٣١ رفێندرانی دامەزرێنەری رێکخراوی ئەمەلی ئیسلامی لوبنانی ئیمام موسا سەدر ، کە بووە جێگر لە بزافی ئەمەلی لوبنانی و هاوکات لەگەڵ سەرۆکایەتی ناوبراونیشانەکانی رووبەڕووبوونەوەی بزاڤەکە لەگەڵ پارتەکانی بەرەی میللی لە لوبنان و دەرکەووتنی یەکەم رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ پارتی بەعسی لە لوبنان و لایەنگیری بەعسیەکان لە ئێراق .

دوای ئەوە لە گەڵ کۆمۆنیستەکان سەنگەریان لەیەك گرت و هەڵوویستی فەلەستینیەکان بەتایبەتی فەتح و بەرەی ئازادی عەرەب ، کە بریتی بوو لەپشتگریکردن لەبەرەی لوبنان نەك لە مافەکانی پێك هاتەی نەتەوایەتی لە لوبنان .

١٩٧٨/٩/٥ دەست پێکردنی گفتووگۆ لە شاری کامدێفت لە ئەمەریکا ، لە نێوان کۆماری میسر بە سەرکردایەتی سەرەك کۆماری میسر – ئەنوەر سادات – و دەووڵەتی ئیسرائیل ، بەسەرپەرشتی ئەمەریکاو بەردەوام بوو تاکوو ٩/١٧ ی هەمان ساڵ ، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی مۆرکردنی دوو بەڵگەنامە ، لە نێوان میسرو ئیسرائیل بەکۆتایی هێنانی کێشە هەڵوواسراوەکانی نێوانیان لە ناوچەکەدا ، بە بەرەو باشبردنی بارو دۆخەکە .

١٩٧٨/١٠/١ وولاتی تۆڤالۆ سەربەخۆیی خۆی لەناو رایەلەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاند... بەلام لەرێگەی دادوەرێکی شانشینی بەریتانیا شانشین ئەلیزابیت بەرێووە دەچێ وەك ڕاوێژکاری بەریتانیا لە وولاتەکەدا.

ئەم راگەیاندنەش لە شاری – فووناکوتی – پایتەخت بوو ، کە ژمارەی

دانیشتووانەکەی ، ۱۱,۰۰۰ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ۲۵,۰۰۰ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ۲۵,٦۰۰ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ۲۳۰۰ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، بۆلنسیۆن ۹۷٪ . لە وولاتەکەدا .

۱۹۷۸/۱۰/۱٦ پاپای ڤاتیکان یۆحەنا پۆلسی دووەم ، لە رێورەسمێکی ئایینی هەلبژێردرا بە پاپای فاتیکان ، کە لە دایك بووی پۆلەندییەو یەکەم پاپا بوو کە ئیتالی نەبێ لە سەر جیهانی ئاینی مەسیحیەکان .

۱۹۷۸/۱۰/۲۲ رێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یکگرتووەکان داوای لە وولاتانی ئەوروپا کرد ، کە رێگە خۆشکەر بن لە پێناو دان نان بەو کوردە ئاوارانەی کە دانیشتووی ئەوروپای خۆرئاوان لەبوارەکانی کەلتوورو زمانو دابو نەریتو مێژوویان.

۱۹۷۸/۱۱/۳ وولاتی دۆمەنیکان سەربەخۆیی خۆی بە جیابوونەوەو دەرچوونی لە ژێر دەسەلاتی شانشینی بەریتانیا راگەیاند ، وەك دەوولەتێکی سەربەخۆ لە ناوچەو جیهاندا . ئەم راگەیاندنەش لە شاری – رۆزۆ –ی پایتەخت بوو ،

کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ۱۷,۷۰۰ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ۷۰,۰۰۰ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ۷۵۱ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە ، هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ۲۲۷ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا ،

۱۹۷۸/۱۲/۹ رێکخراوی حەماس لە گەڵ دەسپێکی راپەرینی یەکەی فەلەستنییەکان لەلایەن ئەو ئیخوان مسلیمانەوە سەری هەڵدا ، کە پەیوەندیان بەئیخوانەکانی ئووردەنەوە هەبوو.

ئەم رێکخراوەیە هەر لە سەرەتاوە ئیسلامی وەك ئایدۆلۆژیـەتێکی رامیاری بۆ شەرعیەت وەرگرتنی مقاوەمەی فەلەستینی پیادەکردووە و بەردەوامە لە سەری لە هەرێم و ناوچەکەدا.

١٩٧٩

١٩٧٩/١/٤ بـە هـۆی لێـك ترازانـی بـاری خـۆیی و بابـەتی لـە بـارودۆخی ئێـران لەخۆپیـشاندان و راپـەڕین دژی رژێمـی شـا لـە ئێران ، کـە شـاپور بـەختیار پۆسـتی سـەرۆکی ئیرانـی گرتـە دەسـت و شـا محەمـەد رەزا هـیچ دەسـەلاتی لەوولاتدا لەدەست نەما لە سەر ئێران .

١٩٧٩/١/٦ لە دوای ئازاد کردنی شانشین سیهانۆك و بەرەو پەکینی پایتـەختی چینی میللی بەرێکەووت ، ئەویش لـە پێنـاو یارمـەتی دانی لەلایـەن حکوومـەتی چین ، بەلام دوای ئەوە بەرەو بارەگای نەتـەوە یەکگرتووەکان بـۆ نیـۆرۆك بەرێکـەووت و داوای یارمـەتی لەهـەمووجیهان کـرد لـەپێناو رزگـارکردنی دەسەلاتی لە سەر وولاتەکەدا .

١٩٧٩/١/١٦ لـــە دوای ســـەدەیەك زیـــاتر لـــە دەسەلاتی شاهەنشای لە سەر ئێران محەمەد ڕەزا شا بە ناچاری ئێرانـی جیهێـشت بـەرەو وولاتـی میـسری عەرەبی بەرێکەووت ، بە هۆی بەرەو بەرپا بوونی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێـران بەرابەرایـەتی ئایـەتوولڵا خوومـــەینی و بـــە ڕووخانـــدنی دەسەلاتەکەیان .

١٩٧٩/٢/١ گەڕانەوەی ڕابەری شۆڕشی ئێران و ئاینی مەزهەب شیعە ی ئیسلامی ئایەتوڵلا خوومەینی لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، بۆ ئێران کە زیاتر لە ملیۆنێک لە گەلانی ئێران لە پێشووازی کردنی وەستابوون لە فرۆکەخانەی نێوودەووڵەتی لە تارانی پایتەختی ئێران. ئەمەش لە دوای تەواو بوونی هەڵمەتەکانی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران.

١٩٧٩/٢/١ پەیوەندیەکانی نێوان کۆماری چینی میللی و وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەنگاوی بەرەو پێشەوە نا بە گۆڕینەوەی بالوێز... بەڵام سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر ئەو ڕکەووتننامەی کە لە بواری بەرگری لەنێوان چینی مللی وئەمەریکامۆرکرابوو لە پەکینی پایتەختی چین مۆریان کردبوو هەڵیووەشاندرایەوە.

١٩٧٩/٢/٦ دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانی سەرەك وەزیرانی کۆماری پاکستان و سەرۆکی پاتی گەلی پاکستان - زولفەقار عەلی بۆتۆ - لەلایەن دادگای بالای پاکستان.

بۆ زانین زولفەقار عەلی بۆتۆ لە نەژاد کورد بووەو دوای دەرکەووتنی کێشەو گیروگرفتی بنەمالە لەگەڵ دەسەلاتدارە نوێیەکانی پاکستان نژادی کوردایەتی خۆیان دەرخست لەوولاتەکەدا .

١٩٧٩/٢/١١ لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی داپلۆسێنەر لە ئێران لەلایەن شۆڕشی ئیسلامی نوێ ، ئەم هۆکارەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کەووتە ژێر دەسەلاتی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان .

١٩٧٩ /٢/٢٢ وولاتــی ســانت لووشـا سەربەخۆیی خۆی لەناو ڕایەڵــەی کۆمەنوولــسی بــەریتانیا ڕاگەیانـد وەك وولاتێکـی سـەربەخۆ لـە هەرێمەکـــە و ناوچـــەو جیهانـــــدا . ئـــەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – کاســــتریز–ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ١١٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٢٠٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٦٢٢ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ، ٨١٢ کـەس لـە یـەك میـل چـوار گۆشـەدا . هــەروا نژادەکانی ، پێست رەش ٩٠٪ . تێکەڵاو ٦٪ . هندی رۆژ هەڵات ٤٪ .

١٩٧٩/٣/١ کۆچـــی دوایـــی ســەرکردەو ڕابـەری بزووتنـــــەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لـــە هـــەرێمی باشـــووری کوردســـتانی لکێنـراو بـە ئێـراق مـستەفا بـارزانی نـەمر ، لـە شـاری وواشـنتۆنی پایتـەختی ئەمـەریکا... شایانی باسە بارزانی نەمر لە١٩٠٣/٣/١٤ لە گونـدی بـارزان لە باشووری کوردستان چاوی هەڵهێناوە بە جیهان .

تێبینی :– خووێنەری بەڕێز : مێژووی ژیانی بارزانی نەمـــر لە یەکەم رۆژی لە دایك بوونی تاکوو ماڵــئاوایی کردنی لە گەڵ و نیشتیمانەکەی ، بە پێی ڕووداوەکان لە ناو ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکە بخووێنەوە .

١٩٧٩/٣/١٢ کۆبوونـەوەی نێـوان هـەردوو سـەرۆکی رزگـاریخوازی فەلەسـتینی– یاسـر

عەرەفات– و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان – کەریمی حسامی – لە شاری بەیروتی پایەختی لوبنان ئەنجامدرا ، ئەویش لەپێناو پتەو کردنی هاوکاریو دۆستایەتی لە نێوانیاندا.

١٩٧٩ /٣/٢٨ شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چەند لایەنێکی کوردستانی ، سەردانی شاری – قرم– ی مەڵبەندی ئاینی ئیسلامی مەزهەب شیعەیان کرد ، بە سەرۆکایەتی سکرتێری پارتی دیمورکراتی کوردستان دکتۆر– قاسملو– و چاویان کەووت بە ئایەتوولڵا خوومەینی ، بەڵام خوومەینی داواکاری شاندی کوردی ڕەتکردەوە ، کە دانی نەنا بەبوونی نەتەوەیی کورد بوو بە پێی ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام ، گەرچی زیاتر لە ١٩٥٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی لەخاکی کوردستانو زیاتر لە ١٢,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن کوردی داگیر کردووەو بەخوواستو وویستی نەتەوەیی و ئاینی فارسی مامەلەیان لەگەلدا دەکرێت لەوڵاتەکەدا.

د. قاسملو

١٩٧٩/٣/٣١ لە دوای ٢١٠٠ دوو هەزارساڵ لە دەسەڵاتی شایەتی لە ووڵاتی فارسو لە دوای بەرپابوونی شۆڕی ئیسلامی لە ئیران لە پێناو دیاریکردنی ناسنامەی دەسەڵاتی ئێران ، ئایەتووڵڵا خوومەینی ناوی ئێرانی کرد بە کۆماری ئیسلامی ئێرانو خستیە ژێر دەنگی ریفراندۆم ، کە لە ئەنجامدا لە ٩٨٪ دەنگدەران رازی بوون بەناوی کۆماری ئیسلامی لە ئێران .

لە هەمان کات پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ریفراندۆمەی لەراگەیاندنێك مەحکووم کرد ، لەبەر ئەوەی هیچ بنەمایەکی دیموکراتیو مافی مرۆڤی تیا پیادە نەکرد بوو ، لەبەر ئەوە لەرۆژهەلاتی کوردستان

کەمترین دەنگی پێدرا لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٩/٤/١ جێگری سەرەك كۆمارو ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە ناو شۆرشی بەعس لە ئێراق – تاریق عەزیز – زامدار کرا لەلایەن خوێندکار – سەمیر نور عەلی– بە تەقاندنەوەی نارنجۆك لە هۆڵی کۆبوونەوەی زانكۆی مووستەنسەریە لە شاری بەغدا ، کە لەو کاتەی تاریق عەزیز پێشوازی لە میوانانی کۆری ئابووری جیهان دەکردو دوای ئەوە خوێندکاری ناوبراو بەگوولەیەك شەهید کرا لە ناو گۆرەپانی زانكۆكەدا .

١٩٧٩/٤/١٣ سكرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئێران– توودە– نورالدین نوری– گەراوە تاران و پێشنیاری دامەزراندنی بەرەیەکی مللی کرد ، بەناوی – بەرەی فتحدی خەلقی– لە پێناو لایەنگیری ئایەتوولڵا خوومەینی و خۆماڵی کردنی دەزگاکانی پیشەسازی و رزگاربوون لەکۆیلایەتی و بەرەو پاش بردنی باری کشتووکاڵ و خۆماڵی بانکەکان.

١٩٧٩/٤/٢١ داگیر کردنی شاری نەغەدەی رۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ئێران لەلایەن هێزەکانی هەمەلایەنی ئەمنی رژێمی نوێی بەناو ئیسلامی لە ئێران و بە یارمەتی دەری تورکەکانی شاری نەغەدە لە دژی کورد ، کە لە ئەنجام بووە هۆی شەهید کردنی ژمارەیەك لە هاووڵاتی کوردو تالانکردنی ماڵەکانیان لە ناوچەکەدا .

١٩٧٩/٥/٣ بۆ یەکەم جار لە مێژووی رژێمی شانشینی بەریتانیا – مارگرت تاتشەر – وەك ئافرەت سەرۆکی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرەك وەزیران ، پۆستی سەرەك وەزیرانی گرتە دەست بۆ ماوەی دوو خوول لە دوای یەکتری لە سەرۆکایەتی کردنی حکوومەتی بەریتانیا لە وولاتەکەدا .

١٩٧٩/٥/٢٦ مۆرکردنی رێکەووتننامەی کامدێفت لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نێوان حکوومەتی ئیسرائیل و حکوومەتی میسر بە سەرکردایەتی محەمەد ئەنوەر سادات.

١٩٧٩/٦/١٨ پەیمانی دوو لایەنەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەرو سکرتێری پارتی کۆمۆنیستو دەووڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت لیۆنید بریژنێڤ مۆرکرا ، ئەویش بەدیاریکردنی سنووری بەهەرم هێنانو دورستکردنی چەکی ئەتۆمی ، بە ناوی ڕێکەووتننامەی – سەڵت– لەنێوان هەردوو دەسەلاتی بەهێزی نێوودەووڵەتی لە جیهاندا.

١٩٧٩/٦/٢٧ گرێدانی کۆبوونەوەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتو پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان ، لە پێناو چارەسەر کردنی کێشەی نێوان–حدکا–و ئاغاکانی مەنگوڕ ، کە بەڕێز مەسعوود بارزانیو غەنی بکوریانو کەریمی حسامی بەشداریان تێدا کرد بە نیازی بنبرکردنی کێشەکان و سەرکەووتنیان لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٩/٧/٦ هێزەکانی سووپای ڕژێمی نوێی ئیسلامی لە ئێران بەهاوبەشی پاسەوانی خوومەینی شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەست بەسەراگرتەوە ، کەچەندکات بوو لەلایەن کورد بەڕێووە دەچوو لە هەرێمەکەدا .

١٩٧٩/٧/١٢ کۆماری کریباس سەربەخۆیی وولاتەکەی بەتەواوی لەناو ڕایەلەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاند ، ئەویش بەدەرچوونی لە ژێر دەسەلاتی شانشینی بەریتانیا ، دوای ئەوە گرتنە دەستی کاروباری وولاتەکەیان .

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – تاراوا–ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١٣٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٢٨٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٧٢٦ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٤١٢ کەس

لە یەك میل چوار گۆشەدا ، هەروا نژادەکانی ، میکرۆنیزیانەکان ٩٩٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٧٩/٧/١٦ لە بریارێکدا تاریق حەنا میخائیل عەزیز لەلایەن سەدام حوسێن بەجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزراو لە هەمان کاتیش ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەی بەعس بوو... دوای ئەوە چەندین پۆستی وەزاریو پۆستی دیکەی گرتۆتە دەست تاکوو مانگی/ ٣/١٩٩٩... شایانی باسە تارق عەزیز لە شاری مووسڵ لەخێزانێکی مەسیحی ئاشووری لە دایك بووەو دەرچووی کۆلێژی ئادابە لە بەشی زمانی ئینگلیزی مووسڵە لە ئێراق .

١٩٧٩/٧/١٧ لە دوای گونجانی بارو دۆخەکانی دەسەلات و ناوخۆی ئێراق ، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆرشی رژێمی بەعسی سەدام حوسێن جلەوی دەسەلاتی بەتەواوی گرتە دەست لە سەر ئێراق .
ئەویش بەلادانی ئەحمەد حەسەن بەکرو دەستی خستە جەرگی گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کوردو کوردستان . بە دورشمە شۆڤێنیو دکتاتۆریەکەی بە ناوی - ئومة عربیة واحدة - ذات رِسالة خالدة- وحدة حریة ئیشتراکیة - شەعب ئێراق ، کولەهوو سەواسیە- بەلام گورگ بوو لە پێستی مەردا بەرامبەر بە گەلانی ئێراق .

١٩٧٩/٩/١٩ کنـــژینتۆن – ســـانت فینسنت و جواینا دینز لـــە نـــاو رایەڵــەی کۆمەنوولسی بەریتانیا سـەربەخۆیی بەدەسـت هێنـــاو دادوەرێکـــی گـــشتی ، کـــە نووێنەرایـەتی شانشین ئـەلیزابێت شانــشینی بەریتانیا دەکات ، لە وڵاتەکە لە چاودێری کردن و لە هەڵسووڕاندنی کاروبارە جۆراو جۆرەکان.

ئـەم راگەیاندنـەش لـە شـاری – باسـتر –ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٢٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وڵاتەکەی ، ٦٨,٠٠٠ هـەزار کەسە . هـەروا رووبـەری خاکی وڵاتەکـەی . ٢٦٢ کیلـۆ مـەتر چوار گۆشـەیە ... لەوانە سانت کیتس ١٦٩ کیلـۆ مـەتر چوار گۆشەیە ... هـەروا دوورگـەی نیفیس ٩٣ کیلۆ مەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ، ٢٥٨ کـەس لـە یـەك میل چوار گۆشـەدا . هەروا نژادەکانی ، پێست رەشـەکان ٩٣٪ . تێـەڵاو ٣٪ . سپی پێست ٢٪ . لە وڵاتەکەدا .

١٩٧٩/١٠/١ لە ناوەندی کۆنگرەی شاری بەنگازی لـەکۆماری لیبیـا ، سـەرۆك کۆمـاری لیبیا – موعەمەر قەزافی – پشتگیری تــەواوی خــۆی بــۆ شۆڕشــی کــوردو مافــەکانی دووپــاتکردەوە ، بــەمافی چارەنووسـی گـەلی کوردسـتان لەسـەر خاکی کوردستان.

جێگەی باسکردنە کە سەرەك کۆماری

لیبیـا لـە دوای وەرگرتنـی دەسـەلآت لـە سـەر لیبیا لـە زۆربـەی وتـە پەیوەندارەکانی بەرامبەر بە پەیوەندی عەرەب و گەلانی دیکە بە تایبەتی کورد و عـەرەب ، بەرگری لـە مافەکانی گەلی کوردستان کردیـە لـە هـەموو بوارەکانیـدا ، بـە تایبـەتی لـە مـافی چـارەی خۆنوسـی لـە ناوچـەو کێشووەرەکەدا.

١٩٧٩/١٠/٦ بەرپرسی سەرکردایەتی ڕژێمی بە ناو ئیسلامی لە ئێران ، چوار ڕۆڵەی کوردی گوولله باران کرد ، لەشاری سەقز لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسـەلآتی فارس لە ئێران ، کەیەکێك لەوانە تەمەنی دوانزە ساڵ بوو ... ئەمەش کردارو ڕەفتاری بەرپرسانی ئیسلامیە لە ئێران بە دوور لەرێنمایەکانی مرۆڤایەتی وئایینی ئیسلامدا.

١٩٧٩/١٠/٣٠ دەست پێکردنی شەڕی ناوە ناوەی نێوان هێزەکانی سووپای رژێمی نوێی بە ناو ئیسلامی لە ئێرانو هێزەکانی سووپای رژێمی بەعسی لە ئێراق ، لە ناوچەکانی باشووری کوردستانو خۆزستان... شایانی باسە رژێمی بەعسی لـە ئێراق ، داوای لـەرژێمی ئێران کرد . کەچاو بە رێکەووتننامە بەدناوەکەی جەزائیر بخشێنێتەوە لەکەنداو ، بەلآم داواکەی رژێمی ئێراق لەلایەن رژێمی ئێران رەتکراوە ، لەئەنجام بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی نێوان ئێراقو ئێران.

شایەنی باسە شانشینی سعوودی و رژێمی ئەمیری کووێت پشتگیری تەواوی ئەوشەرەیان گرتە ئەستۆ ، کەیارمەتیەکانی ئەو دوو وولآتە عەرەبیە بۆ ئێراق گەیشتە زیاتر لە – ٣٠– سیی ملیار دۆلاری ئەمەریکی لەشەڕەکەدا.

١٩٧٩/١١/٤ دەست بە سەراگرتنی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تارانی پایتەختی ئێران ، لە لایەن خووێندکارانی توونـدڕەوی مەزهـەب شیعەی سەر بە ڕژێمی ئیسلامی نوێ لە ئێران ، دوای ئەوە باڵەخانەکە کرا بە بارەگای جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە تارانی پایتەختی ئێران لە وولآتەکەدا .

١٩٧٩/١١/٦ بۆ یەکەم جار ڕادیۆی دەنگی کوردستان پەخشی خۆی بڵاو کردەوە لە

ڕۆژهەڵاتی كوردستانی داگیر كراوی ژێر دەسەڵاتی ئێران ، كە زمانحاڵی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو ، ئەویش بەسروودی نیشتمانی – ئەی ڕەقیب – لەناوچەكەو هەرێمەكدا.

١٩٧٩/١١/١٨ سەرەك كۆماری لیبیا موعەمەر قەزافی لە لێدوانێكی تەلەفزیۆنیدا گوتی:– نەتەوەی كورد وەك نەتەوەكانی دیكەی ئێرلەندەیە ، كورد وەك عەرەب نیەو ناتوانرێ ناچار بكرێتو بكرێتە عەرەب،... بۆچی ئازارو ئەشكەنجەو پەلامار دەدرێت ، كورد خەباتگێڕن تاكوو مافی سەربەخۆیی بەدەست دێنن– لەسەر نیشتمانەكەیاندا .

١٩٧٩/١٢/١٤ ڕژێمی بەعسی لە سووریا لە بڕیارێكی شۆڤینیانەیدا ، ئەویش بە قەدەغە كردنی زمانی كوردیو جلو بەرگی نەتەوەیی كوردی ڕاگەیاندو بەخواستی شۆڤێنیانەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ كورد ئەنجام دەدا لە هەموو بوارە جیاجیاكان ، بە تایبەتی لەبواری نەتەوەییو نیشتمانی لەرۆژ ئاواوی كوردستان.

١٩٧٩/١٢/٢٠ لە دوای هەوڵە بەردەوامەكانی زولفەقار عەلی بۆتۆ توانی پۆستی سەرۆكایەتی پاكستانی بگرتە دەست... شایانی باسە زولفەقار عەلی بۆتۆ لە نژاد بنەماڵەیەكی كوردن ، بەپێی سەرچاوە ڕاگەیاندنەكانی بنەماڵەكەیان ، بە تایبەتی خاتوو بنازیر بۆتۆی سەرەك وەزیرانی پاكستانی پێشوو لە پاكستاندا .

١٩٧٩/١٢/٢٧ لە هێرشێكی بەرفرەوانی هێزەكانی سووپای سووری یەكیەتی سۆڤیەت توانی وولاتی ئەفگانستانی داگیر كرد ، كە ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی كێشەو ململانێی نێوان ئەمەریكاو یەكیەتی سۆڤیەتو وولاتانی دیكەی جیهان .

لە بارەی مۆركردنی پەیمانەكانو دروست كردنی هێزە چەكدارە ئیسلامیەكان بە سەركردایەتی محەمەد مەلا عومەرو ئوسامە بن لادن لە لایەن ئەمەریكا دژی یەكیەتی سۆڤیەت لە وولاتەكەدا .

١٩٧٩/١٢/٣٠ دەنگدەرانی گەلانی زمبابۆی بەهەردوو ڕەگەزی سپی پێستو ڕەش پێستەكان ، بە تایبەتی سپی پێستەكان ، كە بووە هۆی ڕاگەیاندنی دەستووری نوێی وولاتەكەیان ، بە مافی هەلبژاردن بۆ هەموو ڕەش پێستەكان و بەگۆڕینی ناوی وولاتەكە لە كۆماری ڕۆدیسیا بۆ كۆماری

زەمابۆی لە وولات و کێشووەرەکەدا.

١٩٨٠

١٩٨٠/١/١١ منداڵێکی زیرەك و بلیمەتی تەمەن ١٠ ساڵ بە ناوی - تێجل شۆرت - توانی ببێتە پاڵەوانی شەترەنج لەجیهان ، کە بچوکترین منداڵ بوو لە یاریەکانی یاریزانی شەترەنج لە جیهاندا .

١٩٨٠/٢/١ کۆچی دوایی نووسەرو ئەدیبی ئیسلەندی - هارلدۆرکیلیان لاکنس - ... ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٠٢ لە شاری دیلاڤیکی ئایسلەندا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .... دوای تەمەنی گەنجیەتی دەستی کردووە بەنووسینی ئەدەبی ، دوای ژەنینی مۆزیکا بە کەمەنجەکەی کە لەباوك و باپیرانی بۆی بەجێ مابوو ... لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا یەکەم رۆمانی بە ناوی - منداڵی سروشت - بلاۆکردەوە ، دوای دەرچوونی لە قوتابخانەی لاتینی بەرەو ئەوروپا رەودەکا.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئەمەریکا نیشتەجێ دەبێ ... دوای ئەوە دەگەرێتەوە ئەورووپا و خەرکی توێژینەوەی ئایینی مەسیحی دەبێ و هەوڵی فێربوونی زمانی بیانی دەبێ ... دوای ئەوە رۆمانێکی بەناو - لەژێر تاڤگە - ، کە دەبێتە هۆی بەدیاردەکەوتنی . لە ساڵی ١٩٢٩ رۆمانێکی دیکە بەناوی - چنراوی بەبەهای کشمیر- بلاۆدەکاتەوە .

ئەم نووسەرە مرۆڤێکی مارکسی بووەو لەناو کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت دەسوورایەوەو دوایی چەندین رەخنەی لە هەڵوێستەکانی ستالین گرت و، ئەم نووسەرە بەردەوام دەبێ لە سەر کارەکانی تاکوو ماڵئاوایی لە جیهاندا کرد .

١٩٨٠/٢/٢٥ يەكەم هەڵبژاردنی خوولی يەكەمی سەرەك كۆمار لە ئێران بەڕێووە چوو ، كە حەسەن بەنی سەدر سەركەووتنی بە دەست هێنا بە- ١١- مليۆن دەنگ ، بە وەرگرتنی پۆستی سەرەك كۆمارو لە هەمان كات لە لايەن ئايەتووڵڵا خوومەينی پشتگيری لێكرا لە وڵاتەكەدا .

١٩٨٠/٣/١٤ لە هەڵبژاردنەكانی نووێنەرانی لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان كورد توانی بەگشتی بەشداری تێدا بكات ، كە كانديدەكانی پارتی ديموكراتی كوردستان توانيان ٥٧٪ ی دەنگەكان بەدەست بێنن و بەو هۆكارە گرنگە ڕژێمی ئيسلامی لە ئێران ، ڕامياريەتی دژايەتی كردنی كوردو بزووتنەوەی ڕزگاريخوازی كوردی كردە دورشمی سەرەكی نهێنی و ئاشكرای مامەڵە كردن بە پێی خواستەكانی نەتەوەيی و ئاينی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان .

١٩٨٠/٣/٢٦ لە ئەنجامی بەردەوام بوونی هێزەكانی سووپای ڕژێمی بە ناو ئيسلامی نوێ لە ئێران ، هێرشی كردە سەر گوندی – قەلاتان – لە ڕۆژهەڵاتی كوردستانی داگير كراوی ژێر دەسەڵاتی ئێران ، كە لە ئەنجام زياتر لە- ٥٠- هاووڵاتی كوردی شەهيد كرد لە گوندەكەدا.

١٩٨٠/٤/٣+- ڕژێمی بەعس و سەركردايەتی دەسەڵاتی سەدام حوسێن داوەتی سەرجەم بازرگانەكانی كوردی فەيلی لە ژووری بازرگانی لە شاری بەغدا كرد ، لەو كات و ساتەدا پياوانی بەعس بە بەرنامەيەكی داڕێژراوو هەرچی بازرگانە فەيليەكان لە ناو هۆڵەكەدا هەبوون ، كە نزيكەی ١٨٥ بازرگان دەبوون ، هەموويانی دەركرد بە ناوی – تبعيە – بۆ ئێران لە ڕێگەی شاری – قەسر شيرين – لە ناوچەی خانەقين .

دوای ئەوە دەست بەسەر ماڵ و سامكانيان داگيرا ، و تاكوو ئێستاش حكوومەتی ناوەندی ئێراق هيچ هەوڵێكی لە بريارو دانەوەدا بۆ نەكردوونەتەوە .

جێگەی باسكردنە كە كوردە فەيليەكان ڕۆڵی دياريان لە پێشخستنی باری بازرگانی و گەشەدان بە ئابووری هەبووە و لە شاری بغدای پايتەختی ئێراق ، وەك ناوەندێكی ئابووری و بازرگانی فەيليەكان ڕێژەيەكی زۆری ئەوانيان پێك دەهێنا .

بەڵام لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە لايەن هێزەكانی سووپای

ئەمەریکاو وولأتانی هاوپەیمانی و بە دامەزراندنی حکوومەتی فیدراڵ لە ئێراق و بە پێی دەستوور ، کە حکوومەتی ئێراق بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووەکانی کوردە فەیلیەکان هیچ هەنگاوی نەناوە .

سەرەرای ئەوەش لە دوای راپەرینی بەهاری/١٩٩١ ، کوردە فەیلیەکان وەك ئاوارە کوردەکان لە ئێراق روویان لە خاکی کوردستان کردەوەو بە خاکی دایك شادبوون .

بە تایبەتی لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە ئێراق ، و روویان لە ئێراقی تازە نویٚ کردەوە ، بۆ ئەوەی بە ماڵ و سامانەکانیان شاد ببنەوە ، کە لە شارەکانی – عیمارە ، کووت ، حیللە –٠ و بە تایبەتی لە شاری بەغدا بە ئاوارەکران بەرەو ئێران و هەرێمی باشووری کوردستان .

بەلأم عەرەب هەر عەرەبە و دژی هەموو نەتەوەیەکە لە سەر ئەو خاکەی کە داگیری کردووە و بە خاکی ئوممەی ئیسلام و عەرەب دایدەنیٚ لە ناوچەکەدا .

لەوانەیە ئێمە بە هەندیٚ بیروو بۆ چوون دڵگران بین ، کە باسی ئاینی ئیسلام یا خوود فتووحاتی ئیسلامی دەکەین . و بە لادان لە ئیسلام ناوزەندی دەکەین .

بەلأم گەر ئەمەریکا داگیر کەرەو سەروەت و سامانی وولأتان زەووت دەکات لە ریگەی داگیرکردن . بەلأم ئەمەریکاو وولأتانی هاوپەیمانی رۆژێك لە رۆژان مووڵك و سامان و ماڵی کەسیا ن بە مووڵکی خۆیان نەزانیووە . بەلأم عەرەب و ئیسلام داگیری خاك و سامان و ماڵی گەلانی هەرێم و ناوچەو وولأتان کردووە و بە مووڵکی ئوومەی عەرەبی و ئیسلامی دادەنێن ... لەوانە کوردو خاکی کوردستان و خاکی گەلانی دیکە . ..؟ ...!..؟. ئەم هەوریرە ئاوی زۆر دەویٚ ...!.

١٩٨٠/٤/٥ دەست پێکردنی رەشبگیری بە دەستگیر کردنی کوردە فەیللیەکانی شاری بەغداو حیللەو کووت و عیمارەو شارۆچکەکان ، لە لایەن رژێمی بەعسی لە ئێراق بە ناوی ئەوەی کە کوردن و سەر بە ئێرانن لە وولأتەکەدا .

١٩٨٠/٤/٧ پچرانی پەیوەندیە هەمەلایەنەکان لە نێوان ئیدارەی ئەمەریکاو حکوومەتی نوێی ئێران ، بە هۆی لێك ترازانی بیروو بۆچوونو ئامانجە نزیكو دوورەکانی دوای رووخاندنی رژێمی شاهەنشاهی لە هەموو بوارە

جیاجیاكان لەئێراندا.

١٩٨٠/٤/١٧ بەرپابوونی شەڕو پێكدادان لەنێوان هێزەكانی سووپای ڕژێمی ئیسلامی ئێران و جەماوەری گەلی كوردستان ، لە ڕۆژهەلاتی كوردستان لە پارێزگاكانی سەقز و سنندج . كە هێزەكانی سووپای ئێران بە فڕۆكەو زری پۆش بۆردومانی ناوچەكەی كردوو لە ئاكامی شەڕەكە ٧٢ پاسەوان و سەرباز كووژران لەگەڵ ٢٨٢ بریندار و ٥٦ وونبوو ، بەلام زیانی شۆرشگێرو دانیشتووانەكە بلاونەكراوە .

ئەمەش لە وێستگەی رادیۆو وێستگەكانی دیكەی جیهان ئەم هەواڵە بلاوكراوە لە ١٩٨٠/٥/٢٥ كە بووە هۆی شەرمەزاری حكوومەتی نوێی كۆماری بەناو ئیسلامی لە ئێران . دژی گەلی كوردستان لە ڕۆژهەلاتی كوردستان .

١٩٨٠/٤/١٨ بە ڕەسمی دان بە سەربەخۆیی كۆماری زمبابۆی نراو موگابی بووە یەكەم سەرەك وەزیران ، كە لە ڕەگەزی ڕەش پێستەكان بوو بۆ دوو خوولی لە دوای یەكتری لە دەسەلاتدا . ئەم راگەیاندنەش لە شاری – هراری – پایتەخت بوو ، كە ژمارەی دانیشتووانەكەی ، ١,٥٧٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەكەی ، ١١,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا رووبەری خاكی وولاتەكەی ، ٢٩٠,٥٧٩ كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٧٩ كەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . ئەفەریكیە رەسەنەكان ٩٥٪ . ئەورووپیەكان ٣,٥ ٪ . لە وولاتەكەدا .

١٩٨٠/٤/٢١ دامەزراندنی كۆمیتەی ئیمداد بە سەرۆكایەتی سەید هاشمی سەیدی لە شاری مەهاباد ، لە پێناو یارمەتیدانی لێقەوماوانی ئاوارە كوردەكان بە

هۆی هێرشەكانی سووپای ئێران بۆ سەر ناوچەی رۆژهەڵاتی كوردستان لە ئێراندا.

١٩٨٠/٥/٩ ڕێكخراوی لاوانی پارتی دیموكراتی كوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندنێكی نارەزاییان بڵاو كردەوە ، لە دژی سووتاندنی مەڵبەندی ڕۆژنامە فرۆشی پارتی توودە لە ئێران ، واتە پارتی كۆمۆنیست لیژنەی هەرێمی كوردستان لە ئێران.

١٩٨٠/٥/١٨ لە دوای وەرگرتنی تەواوی دەسەڵات لەلایەن سەدام حوسێن بە لابردنی سەرەك كۆمارو سەرۆكی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆرش – ئەحمەد حەسەن بەكر – لە ١٩٧٩/٧/١٦ لە سەر ئێراق ، ئەنجوومەنی نیشتمانی – پەرلەمان– ی ئێراقی كارتۆنی دامەزراند بە هەڵبژاردنی ئەندامان بۆماوەی چوارساڵ لە سەر وولاتەكەدا .

١٩٨٠/٥/٢١ نووسەرو ئەدەیب و رۆشنبیری جیهانی – سارتەر – كۆچی دوایی كردووە.

شایانی باسە كە بەدەیان نایملكەو دانراوەی بەرهەم هێناوە لەسەرنووسەرو ئەدیب و شاعرانی فەرەنسی و وولاتانی دیكەی جیهان .
بە تایبەتی لەسەر – فلۆبێر– كە – ١٠٠– ساڵی تەواو دوای ئەوكۆچی كردووەو تاكوو ئێستاش بەهەرمەكانی جێگەی دڵخۆشكەری خوێنەرانە لەجیهاندا.

١٩٨٠/٥/٢٧ خـــوولی بیـــستو پێنجـــەمی پەرلـەمانی ئێـران بـە سـرۆکایەتی عـەلی ئەکبـەر هـاشمی رەفـسنجانی بەرێووە چوو .

کە ناوی پەرلەمان لە ئەنجوومەنی شـوورای میللـی ئێـران گـۆردرا بـۆ ئەنجوومـەنی شـوورای ئیـسلامی ، کە یەکەم خوولی پەرلـەمان بوو لە دوای ڕووخانـدنی رژێمـی شـا لـە ئێران .

١٩٨٠/٦/١١ فەرماندەی شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ، ئەنجامـدا لـە پێنـاو چـارەکردنی کێـشەی ئاوارەکانی کوردستان.

١٩٨٠/٧/١٩ پێـشبڕکێی یاریـەکانی جـامی جیهـانی- ئۆلـەمپیات- لـە شـاری مۆسـکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەت ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ٨/٣ هـەمان ساڵ . لە نێوان یانە وەرزشیەکانی وولاتانی بەشدار بوو لە جیهاندا .

١٩٨٠/٧/٢٧ محەمەد ڕەزا شا شاهەنشای ئێران لە دوای ڕووخانـدنی دەسـەلاتەکەی لـە لایەن دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە ئێران ئایـەتوولڵا خوومـەینی ، بـە وەرگرتنـی بـە پەنابەریـەتی لـە کۆمـاری میـسر کۆچـی دوایـی کـرد دوور لـە گەل و بنەماڵەو وولاتدا .

١٩٨٠/٧/٣٠ کۆمـــاری ڤـــانواتوو ســـەربەخۆیی خـــۆی لـــەناو کۆمەنوولـــسی بەریتانیا ڕاگەیاند وەك دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ لـــە جیهانـــدا . ئـــەم ڕاگەیاندنەش لە شاری - پـــۆرت ڤـــیلا -ی پایتـــەخت بـــوو ، کـــە ژمـــــــــارەی دانیـشتووانەکەی ، ٣٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاّتەکەی ، ١٥٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبـەری خاکی وولاّتەکەی ، ١٤,٧٦٣ کیلۆ مەتر چوار گۆشـەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٣٧٧ کـەس لـە یـەك میل چوار گۆشـەدا ، هـەروا نـژادەکانی ، میلانیزیا ٩٥٪ . فرەنسیەکان ٤٪ . لە وولاّتەکەدا .

١٩٨٠/٨/١٨ بـەر لـە هەڵبژاردنـەکانی پۆسـتی سـەرەك کۆمـاری ئێـران ، شـەڕی نێـوان دەسـەلاّتی نـوێی ئیـسلامی و بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد بـە سـەرکردایەتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و ڕابـەری کۆمـاری ئیسلامی ئایەتوولاّ خوومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی ئەو شەڕە ڕاگەیاند.
بـەلاّم هێزەکـانی سـووپاکەی لـە کوردسـتان شکـستیان هێنـابوو لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئاگربەسـت و تووێـژ دەسـتی پێکرد بـوو، بـەلاّم پـارتی تـوودەو پـارتی موجاهـدینی خـەلق باوەڕیـان بـەوە هـەبوو ، کـە دەکـرێ خـەباتی ڕامیـاری و ئاشـتیخوازانە لەگـەڵ ئـەم ڕژێمـە بکـرێ ، لـە بـەر ئـەوەی ئـەو ڕژێمەیان بە دژی ئیمپریالیزم بەتایبەت ئەمەریکا دەزانی.
ئەمەش بەهەلە چوون بوو وەك پارتی کۆمۆمستی ئێراق لەگەڵ ڕژێمی بەعسی لە ئێراقدا .

١٩٨٠/٩/٢ قەسابخانەی گوندی - ڤارنەی- کوردی لە ڕۆژهەلاّتی کوردستانی لکێنـراو بـە ئێران ، لـە لایـەن ڕژێمـی بـەناو ئیـسلامی لـە ئێـران ئەنجامـدرا لەلایـەن هێزەکانی هەمەجۆری ئەمنی لە ناوچەی شاری نەغەدەو دەووروبەری ،

کە بووە هۆی شەهید بوونی ٦٨ هاوولاتی کوردی ئەو گوندەو بەدەیان کاری دیکە لە گوندەکانی دیکە لە ناوچەکەدا.

١٩٨٠/٩/٤ بەهۆی کێشەی نێوان رژێمی بەعس لە ئێراق و کۆماری ئیسلامی لە ئێران ، هێزەکانی سووپای ئێران تۆپ بارانی ناوچەکانی سنووری – زرباتیەو خانەقین و مەندەلی و نەفتخانەی – کرد ، بە هۆی هەڵووەشاندنەوەی یەك لایەنەی رێکەووتننامە بەدناوەکەی جەزائیر لە نێوان هەردوو رژێمی شاو رژێمی بەعس ، بە ئامۆژگاری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کیسنجەرو بە بژیوانی سەرۆکی جەزائیر هوواری بۆمدیان لەلایەن رژێمی بەعس لە ئێراق.

١٩٨٠/٩/٥ هێزەکانی سووپاو ئەمنی هەمەلایەنەی ڕژێمی ئێران لە هێرشە بەرفراوانەکەی بۆ سەر ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیرکراو بووە هۆی داگیرکرنی تەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ، ئەویش بەنەگۆڕی بیروو بۆچوونی لەگەڵ ڕژێمی شایەتی پێشوو لە ئێران بەرامبەر بە کوردو کوردستان.

١٩٨٠/٩/١١ رێکخراوی خوێندکارانی شوسیالیستی کوردستان لە ئەوروپا دامەزرا بەناوی – سۆکسە– ئەو دوو رێکخراوە نەخۆیان بە بەشێك لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا – نۆکسە– دەزانی و نەخۆیان بە درێژ کەرەوەی ئەوان زانیووە ، کە رێکخراوی سۆکسە نزیك و سەر بە پارتی سوشیالیستی کورد – پاسۆك– بوو، هەروا لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان.

١٩٨٠/٩/١٣ سەرکەووتنی کودەتای سەربازی لەلایەن ئەفسەرە کانی ئەتا تورك پەرستە شۆڤێنیەکان لە تورکیا ، کە ئەمەش بووە هۆی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەرکردەی هێزی سووپا ، بە وەرگێڕانی حکوومەتی سلێمان دیمرێل و پەلاماردانی کۆمەڵە نهێنیەکانی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستان.

١٩٨٠/٩/١٧ سەرەك کۆماری رژێمی بەعس لە ئێراق سەدام حوسێن لە ووتەیەکیدا لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بە ناونیشتمانی ئێراق ، رێکەووتننامەی جەزائیری هەڵووەشاندەوەو ئەوەشی راگەیاند ، کە لە ئاکامی شەڕی نێوان

سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو رژێمەکەی زیاتر لە- ١٦- هەزار سەرباز لە ریزەکانی سووپا کووژراوی هەیە ، کە ژمارەی تەواوی لە سووپاو هاوولاتی گەیشتۆتە زیارت لە -٦٠- هەزار کەس لە ئەنجامی شەڕی دژ بە گەلی کوردستان .

١٩٨٠/٩/٢٢ سەرۆکی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق سەدام حوسێن جەنگی یەکەمی کەنداوی ڕاگەیاند ، دژی ڕژێمی نوێی ئیسلامی لە ئێران ، کە ماوەی هەشت ساڵ ئەو شەڕە خووێناویە وێرانکاریە بەردەوام بوو لە کارەساتی هەمەلایەنی گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق .

١٩٨٠/١٠/٢٤ ئەمینداری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەککگرتووەکان- کۆرت ڤالدهایم- دەستی کرد بە یارمەتی دان لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕکەری رژێمی بەعسی لە ئێراق و رژێمی ئیسلامی لە ئێران ، لە پێناو وستانی شەڕو چارەسەر کردنی کێشە هەڵوواسراوەکانی نێوانیان ، بەڵام هەوڵەکانی - کۆرت ڤادهایم- هەرسی هێنا بەهۆی هەڵوویستی شۆڤینی و رەگەز پەرستی هەردوولایەن لە ناوچەکەدا .

١٩٨٠/١٠/٢٨ بەرەی کوردستانی -جوود- لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و لێژنەی هەرێمی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و پارتی سۆشیالیست و پارتی گەڵ دامەزراندنی ڕاگەیاندرا لە باشووری کوردستان ، دوای دوو هەفتە بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی -جووقد- ڕاگەیەندرا لە نێوان هەمان پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٠/١١/٩ کۆچی دوایی هونەرمەند و دەرهێنەری سینەمایی ناوداری بەریتانی و جیهان – ئەلفرید هیچکۆك – لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا ، کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ کاری بۆ هونەرو خزمەتکردنی هونەر ژیانی بە سەر برد .

جێگەی روونکردنەوەیە کە ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٨٩٩ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، لە خانەوادەیەکی ساکار، لە ئایین هەڵگری بروای مەسیح بوو و لە مەزهەبی کاسۆلیك . ئەم هونەرمەندە لە تەمەنی چوار سالیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و دوای مردنی باوکی پەیوەندی توند لە گەڵ دایکیدا دەست

پێدەکات و هەوڵی خۆ پەرەپێدان دەدات .
دوای تەواو کردنی قۆناخەکانی خوێندن چووە زانکۆ لە کۆلیژی – سەینت ئەگنایتووس – دەستی بە خوێندنی قۆناخی کۆتایی کرد ، و لە تەمەنی /١٦ سالیدا چووە زانکۆی لەندەن و لە کۆلیژی ئەندازەی کەشتیووانی ، . دوای ئەوە بە سێ ساڵ دەستی کرد بە کارکردن لە کومپانیای هێلی تەلگرافی ئەندازەیی ، کەچی لە خوێندنیش دابراوبوو . لە گەڵ ئەوەشدا پەیووەندیەکی لە گەڵ رووناکبیر و رۆشنبیرانی وولاتەکەی بەهێزکردوو زۆر ئارەزووخوازی بواری هونەری سینەما بوو لە گەڵ شانۆدا ، لە هەمان کاتیش هەوڵی وێنەکێشان بوو لە لای ئەو هونەر مەندە وەك پیشەیەك بوو بۆ داهاتوویدا .
دوای ئەوە کە بانگەشەی دامەزراندنی ستۆدیۆیەکی کومپانیای – فیمەس بلایزەر – لاسکی – سینەمایی لە شاری لەندەن بەر چاوکەوت و کاردانەوەی لە سەر باری بیری گۆڕاو وەك – دیزاینەری تایتلی – بێدەنگەکان لە کومپانیا یە دامەزرا ، لە گەڵ ئەوەشدا کارو پیشەی جیاجیای تاقیکردنەوە لە کەشی سینەما راهات .
دوای سێ ساڵ لەم کارەدا بە دەرهێنەری ئاریکار دامەزرا و دوای ئەویش لە ساڵی ١٩٢٥ بووە دەرهێنەر ... هەروا لە ناوەندی ئەو کارانەدا هونەرمەندی ناودار هیچکۆك لە ساڵی ١٩٢٢ هاورێیەتی لە گەڵ کچە شۆخ و شەنگ – ئەلماریڤیلی ناسی – پەیدا کرد ، کە نووسەریکی بوواری سینەما بوو ، لە ئاکامی بەهێزبوونی پەیوەندیان لەم بوارانەدا ، تا ساڵی ١٩٢٦ ، لە ئەنجام بوونە هاوسەرو باشتر کارەکانیان بەرەو پێشەوە هەنگاویدەنا .
یەکەم دەرکەووتنی هیچکۆك وەك دەرهێنەر بە هۆی فلیمی – باخی چێژ – بوو لە ساڵی ١٩٢٥ ، بەلاّم بە فلیمی – بەکرێگیراو – کە لە ساڵی ١٩٢٦ هەلواسرا ، ناوبانگی دەرکرد . دوای ئەوە لە بەریتانیا چەند فلیمێکی دەرهێنا وەك :– فلیمی کووشتن لە ساڵی ١٩٣٠ . ئەو پیاوەی زیاتر لە پێویستی زانی لە ساڵی ١٩٢٤ . هەروا فلیمی خانمەکە دادەرووخێ لە

ساڵی ١٩٣٨ . دوای ئەوە بە هۆی چاوپێکەووتنی لە گەڵ میدیاکان و بە هۆی زیرەکی و بانگەشە بۆ خۆ کردن و دیدارە رۆژنامەوانیەکان ، تووانی ناوبانگێکی باش لە بەریتانیا بۆ خۆی دروست بکات .

دوای ئەوە بە ئاواتی وەدیهێنانی تێروانینە سینەماییەکان لە – هۆلیۆد – لە ساڵی ١٩٣٩ . روویکردە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤٠. دوای ئەوە لە فلیمی – رێبیکا – خەڵاتی ئۆسکاری پێ بەخشرا.

ئەم هونەرمەندە بە دەیا فلیمی بەرهەم هێناوە ، کە دوا فلیمی لە ساڵی ١٩٦٣ . بوو بەناوی – باڵندەکان – و دوای ئەوە گەراوە شاری لەندەن ، و پەنجاوچوارەمین فلیمی بوو بە ناوی – کوودەتایەکی خێزانی – . ئەم هونەرمەندە مەزنە لە کارەکانی بەردەوام بوو تا ماڵئاوایی لە بوواری سینەماو گەل و نیشتمانەکە و جیهان کرد لە وولاتەکەیدا .

١٩٨٠/١٢/٢٠ بەرپابوونی شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی سووپای رژێمی بەعس لە ئێراق بە هاوکاری جاشە خۆ فرۆشەکانی کورد لە دۆڵی سماقوڵی لەباکووری شارۆچکەی کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان .

لە ئاکامی ئەو شەڕە زیاتر لە ٨٠ سەربازو جاشەکان کوژران و ، شەهید بوونی چەند پێشمەرگەو دوو لە بەرپرسانی پێشمەرگە . کە هێزەکانی پێشمەرگە لە پارتی کۆمۆنیست و پارتی سۆشیالیست پێك هاتبوون لەناوچەکەدا .

١٩٨١

١٩٨١/١/٢٥ سەرەك كۆماری ئێراق و سەرۆكی رژێمی بەعس لە ئێراق سەدام حوسین لە كۆنگرەی سەركردەكانی ئیسلام لە شاری – تایف – ی وولاتی سعوودیە لە پێش كۆنگرەوانان رایگەیاند :–
كە زیانی رژێمی ئێراق لە ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی شۆڕشی ئەیلول بوو ، كە زیاتر لە ٦٠ هەزار كەس لە سەربازو پۆلیس و ئەمن و موخابەرات كوژراون و بریندارببوون ، جگە لە زیانەكانی دارایی و ئابووری و سامان سروشتی كە بەهەژمار نایەت لە وولاتەكەدا .

١٩٨١/١/٢٧ بەرپابوونی داستانی گوندی سێكانی لە دەشتی كۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر ، لەنێوان پێشمەرگەكانی پارتی كۆمۆنیستی ئێراق / لقی هەرێمی كوردستان و پارتی سۆشیالستی و یەكیەتی نیشتیمانی لە گەڵ هێزی سووپای رژێمی بەعس و دەست كێشانیان لەلایەن جاشە كوردە خۆفرۆشەكان .
شایانی باسە لە گەرمەی شەڕەكەدا هێزی پێشمەرگەی هەسێ پارت گەیشتە ٢٠٠ پێشمەرگە بەرامبەر هەزاران سەربازو جاش بە پشتیوانی مودەرەعەو دەبابەو ١٥ هێڵی كۆپتەر لە ئەنجامی شەڕەكە ١١ پێشمەرگەی پارتی كۆمۆنیست شەهیدكران و لەلایەن هەرسێ پارت و زیانەكانی دوژمنیش ١٥٠ سەربازو ١٨ جاش كوردی خۆفرۆش بوون و لە ئاكام هێزەكانی سووپای رژێمی بەعس و جاشەكان بە سەرشۆری و شەرمەزاری سكستیان هێناو سەركەوتن بۆ پێشمەرگەكان مایەوە لەناوچەكەدا كە زیاتر لە ٨ تا ٩ گوندی لە ناوچەكە گرتەوە .

١٩٨١/٥/٢٥ لە دوای هەوڵێكی بەردەوام ئەویش بە بڵاوكردنەوەی یەكەم ژمارەی رۆژنامەی – ئازادی– كە زمانحاڵی پارتی سۆشیالیستی كوردستان بوو لە باشووری كوردستان .

١٩٨١/٥/٢٦ شەشە وولاتی كەنداو – سعوودیە , كوێت , بەحرێن , قەتەر , ئیمارات , عومان – بریاری دروستكردنی ئەنجوومەنێكی هاوكاری نێوانیاندا . ئەم

ئەنجوومەنەش لە دۆخێکی ئەمنی – سیاسی ، دژواری ناوچەی کەنداوو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هاتە کایەوە ، کە شۆرشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹، و داگیرکردنی ئەفگانستان لەلایەن سۆڤیەت لە ساڵی ۱۹۷۹ ، پاشان شەڕی نێوان ئێراق و ئێران لە ساڵی ۱۹۸۰ زۆر لە وولاتانی کەنداوی خستبووە دڵە راوکێ و ترسەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و لە کەنداو لە ناوچەکەدا .

۱۹۸۱/٦/۷ فڕۆکە جەنگیەکانی هێزی سووپای ئیسرائیل ، بنکەی ئەتۆمی ئێراقی لە باشووری بەغدای پایتەختی ئێراق بۆردومان کرد ، بە هەماهەنگی لە گەڵ ئەمەریکاو هاوپەیمانانیان لە پێناو کەتاندنی توانای چەکی ئەتۆمی رژێمی بەعس لە ئێراق.

۱۹۸۱/٦/۲۲ ئەبوو لحەسەن بنی سەدر دەستی لە پۆستی سەرەك کۆماری ئێران کێشاوە و هاوکاری لەگەڵ رێکخراوی موجاهدی خەلق ئەنجامدا دژی دەسەلاتی ئیسلامی لە ئێراندا.

۱۹۸۱/٦/۲۵ کەسایەتی ناوداری کورد مامۆستای نووسەرو رووناکبیری نەتەوەیی و نیشتمانی کورد مامۆستا سالح یوسفی بە نامەیەکی مینرێژکراو تیرۆر کرا لە شاری بەغدا.

۱۹۸۱/٦/۲۷ کۆبوونەوەی نێوان کەریمی حسامی و یاسر عەرەفات لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان ئەنجامدرا ، وەك دایلۆگی کوردی عەرەبی ئەویش بەگۆرینەوەی بیروو بۆچوونی جیاوازو لیك تێگەیشتن لە بارەی کێشەی کوردو کێشەی فەلەستین ، لە پێناو هاوکاری و هەماهەنگی و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان بە پێی بارودۆخی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

۱۹۸۱/۷/۱۷ کۆچی دوایی گۆرانی بێژی بە ناوبانگی کورد – قادر زیرەك– لە شاری هەولێر بەرووداوی ئۆتۆمبێل لە نێوان بێخاڵ و حەریر لە هەرێمی باشووری کوردستان .

۱۹۸۱/۷/۲۲ لە دوای لابردنی حەسەن بەنی سەدر لە پۆستی سەرەك کۆماری ئیسلامی لە ئێران ، لەلایەن ئایەتوڵڵا خوومەینی بەهۆی گێرایەلی کردنی فەرمانەکانی محەمەد علی رەجائی لەخوولی هەڵبژاردنی پۆستی دووەمی

سـەرەك كۆمـار هەڵبـژێردراو بەمـەش پاش ماوەيـەك لەلايـەن موجاهـدينی خەلق تاكوو لە٨/٣٠ هەمان ساڵ كووژرا لە ئێراندا .

١٩٨١/٧/٢٤ مامۆستای هونەرمەندو گـۆرانی و مـــەقام بێـــژی نەتـــەوەيی و نيشتيمانی و كۆمەلايەتی گەورەی كورد مامۆستا – عەلی مەردان – لە شـاری بەغـدای پايتـەختی ئێـراق ماڵئاوايی لە هونەر دۆستان و گەل و نيشتيمانەكەی كرد لە ئێراقدا .
ئـــەم هونەرمەنـــدە بـــە يەكـــەم هونەرمەنـــدی رەســـەنی كـــورد دادەنرێت لە كوردستان بە گشتی و لە باشووری كوردستان بە تاسيبەتی لە بوارەكانی مەقام و گۆرانی كوردی لە هەموو لايەنەكانيدا .

١٩٨١/٧/٢٦ گريـدانی كـۆنگرەی دامەزرانـدنی پـارتی گـەلی ديمـوكراتی كوردسـتان بـە سەرپەرشتی و رابەرايەتی سـامی عەبدولرەحمان لە باشووری كوردستانی لكێندراو بە ئێراق.

١٩٨١/٨/١٩ فرۆكە جەنگيەكانی هێزی سووپای ئەمەريكا دوو فرۆكەی جەنگی كۆماری ليبيايـان خستە خـوارەوە لـە سـەر كەنـداوی سيرت...ئەمـەش بـە هـۆی شـالاوی فرۆكـە جەنگيـەكانی ليبيا بـوو ، بـۆ سـەر فرۆكـە جەنگيـەكانی ئەمەريكا لە ناوچەكەدا .

١٩٨١/٩/١٠ بەرەبەيانی ئەم رۆژە ، فرۆكەخانەی شاری مەدريدی پايتـەختی ئيسپانيا جوولەيـەكی نائاسـايی بەخۆوە بينی ، بـە جۆرێك كـە فرۆكەخانەكـە زۆر جـوان رازانـدرابووەوە و هـەر لـە دانـانی فەرشـی سـوور تـا ريـز بـوونی پاسەوانانی فەرمی حكوومەت رێزگرتن و لەوكاتەدا فرۆكەيەكی ئەمـەريكی لە سەر زەوی فرۆكەخانەكە نيشتەوە .

هـەر بـەو بۆنـەش ٢١ گوللـە تـۆپی خۆشـی بـەرەو ئاسمـان هاوێـشترا . وەك بـەخێر هـاتنی ميـوانێكی بـالای هـاتوو بـۆ ئـەم وولاتـە ... ئـەم ميوانـەش تـابلۆی – ژرنيكـا – بـوو ... ئـەم سلاوەش تـەنها بـۆ بـەخێرهاتن نـەبوو لـە

شیوەکاری گەورەی جیهان – بیکاسۆ – بەڵکوو جوانترین سڵاو بوو بۆ هونــەری ئاســتبەرزکە و ویــژدانی مــرۆڤ دەرووژێــنی ... دژی شــەڕو بانگەشەی ئاشتی و سەربەستی دەکات .

ئەم تابلۆیەش گەیشتە مۆزەخانەی – برادۆ – جەماوەری شارۆچکەی – ژرنیکا – ئەم کارەساتەیان بەبیرهاتەوە کە بە سەر کەس و کاریاندا هاتبوو ، بەر لە ٤٥ ساڵ لەسەر هەمان خاکدا . کە روویدا لەلایەن فرۆکەکانی جەنگی ئەلمانیا دژی ئەم شارۆچکەیە لە ئەسپانیا .

جێگەی باسکردنە کە ئەم تابلۆیە لەساڵی ١٩٣٦ وێنەکەی کێشرا بوو لەلایەن هونەرمەندی شێوەکاری جیهانی – بیکاسۆ – کە درێژییەکەی مەترێك و بەرزیەکەی سێ مەترە ، کە بەدوو رەنگی سپی و رەش وێنەی کێشرابوو ، لەگەڵ چەند پلەیەك لە رەنگی خۆڵەمێشی لێ بەکارهێنرابوو ، کە وازی لەرەنگەکانی دیکە هێنابوو.

کە ئەمەش بەهۆی مەرگەساتی ئەو شارۆچکەیە بوو لە ساڵی ١٩٣٦ لە شارۆچکەی ژرنیکا لە هەرێمی باسکی باکووری ئەسپانیا .

سەرچاوە:– گۆڤاری – هلال – ٢٠٠٦/١١/١١ .

١٩٨١/٩/٢١

وڵاتــی بیلــز ســەربەخۆیی خــۆی لــەناو ڕایەلــەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیانــد وەك وڵاتێکی سەربەخۆی نێوودەوڵــەتی لــەجیهان . ئــەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – بلمۆبان – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٣٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی ، ٣٠٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وڵاتەکەی ٢٣,٩٦٥ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٣٣ کەس لە یەك میل چوار

گۆشەدا .

١٩٨١/١٠/٦ سەرەك كۆماری میسری عەرەبی ئەنوەر سادات لەكاتی ئاهەنگی سەربازی لەلایەن سەربازێكی سوپای میسر لە گۆرەپانی فیستیڤاڵی سەربازی كووژرا ، لە دوای ئەو محەمەد حوسنی موبارەك جێگەی گرتەوەو بەسەرەك كۆماری میسر و تاكوو تەواو بوونی ئەو مێژوونامەیە لەدەسەڵاتدا بەردەوام بوو لە سەر وڵاتی میسر سەرەڕای نالەباری پەیوەندی لەنێوان پێك هاتەكانی گەلانی میسر بەتایبەتی لەنێوان قبتی مەسیحی و ئیسلام لەووڵاتەكەدا.

١٩٨١/١٠/٦ سەرۆكی میسر ئەنوەر سادات لە میانەی بەشداربوونی لەگەڵ ژمارەیەك ئەفسەرو وەزیردا لە ئاهەنگی سەربازی تیرۆركرا . كە ئەمەش بە هۆی مۆركردنی رێكەوتننامەی نێوان میسر و ئیسرائیل بوو لە پێناو چارەسەر كردنی كێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە ناوچكەدا .

١٩٨١/١٠/٢٠ ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆرشی رژێمی بەعس لە ئێراق ، بە مۆری سەرۆكی رژێم سەدام حسین بریاری ژمارە /١٣٩١، دەكرد ، بە دروستكردنی كۆمەڵگا زۆرە ملێیەكان لە پارێزگای ناوەندو باشووری ئێراق ، بە زۆر دروستكراو لەسەر خاكی گەلانی ووڵاتی نێوان دوو زێ . بەتایبەتی لە سەر خاكی هەرێمی باشووری كوردستان . تەنها لەشاری بەغدا و سەلاحەدین و دیالە نەبێت .

دروستكردنی ئەم كۆمەڵگایانەش كە لە قۆناخی یەكەم ٢٠٠٠٠ هەزار خانوو دروست بكرێت بەمەبەستی راگواستنی ٢٠٠٠٠ هەزار خێزانی كوردو توركمان لە دانیشتووانی پارێزگای كەركوك و سلێمانی و ناچار كردینان بە نیشتەجێ بوونیان لەو كۆمەڵگا زۆرە ملێیانەدا .

بە پێی ئەو بریارە چەندین کۆمەڵگا لە بیابانی ڕۆژئاوای شاری رومادی لــە ڕۆژئـاوای شـاری بەغـدای پایتــەخت دروسـتکران ، کــە لــە ســەریان نووسرابوو تایبەتن بە دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی و هێنانی عەرەب لەشارەکانی ناوەندو باشووری ئێراق ، بە نیشتەجێ کردنیان لەسەر شوێن و سامانی ئەو خێزانە کوردانەی کە ڕاگوێزرابوون . ئەمەش بەناوی ئەوەی کە فەرمانبەرو کرێکاری بێ کارو زیادەن لـەدام و دەزگاکـانی میری لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوك .

ئـەم کارانـەش لەرێگـەی کـوردە خۆفرۆشـەکان و سـیخوورەکانی بەعـسی بـوون ، کــە ڕۆڵــی باڵایــان هــەبوو لەبەعــەرەبکردن و داگیرکردنــی خــاکی کوردستان . کە بە زۆر نهێنیەوە ناوی ئەو خێزانە شۆرشگێرو بە ئابروو کەسـایەتیەکانی کوردیـان بـۆ بـەر پرسـانی بـەعس لـە دام و دەزگاکـانی موخابەرات و ئەمنی بوون . لە پارێزگای کـەرکوك و سلێمانی و هـەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٨١/١١/١ وڵاتـی سـانت جـۆنز- ئـــــەنتیگواو بربـــــۆدا ســـــەربەخۆیی خـــۆی لـــــەناو ڕایەلـــــەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیانـــــــــد ، دوای ســــــــــەربەخۆیی هاوکاریو دۆستـایەتی لەگەڵ ئەمەریکا بە هێز کــرد دژی گرینــادا ســەرەڕای گرتنــە بــەری ڕامیاریــەتی بــێ لایەنــە لــە ڕامیاریەتی جیهانیدا .

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری — سانت جۆنز —ی پایتەخت بوو ، کە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٤١,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وڵاتەکەی ، ٧٦,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ڕووبـەری خـاکی وڵاتەکەی ،

٤٤٢ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٧٠٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا

١٩٨١/١٢/٢ ڕۆژنامەی – الوقائع العراقیة– لە ژمارە/٢٨٥٦ دا بریاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بڵاوکردۆتەوە بە ژمارە /١٣٩١ ، ئەویش بە ئەنجامدانی شاڵاوێکی لە شۆڤێنیانە بەجێبەجێکردنی گەورەترین ڕاگوویزان و بە عەرەب کردن لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ڕژێمی بعسی لە ئێراق .

ئەویش بە گوواستنەوەی ٢٠٠٠٠ بیست هەزار خێزانی کورد لە پارێزگای کەرکوك لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆ پارێزگاکانی – قادسیە ، موسەنا ، زیقار، ئەنبار– ی دانیشتووی عەرەب ، ئەویش بە پێی یاسای خاڵی/١ لە ماددەی/٤٢ لە دەستووری کاتی ئێراق ، کەدەسەڵات دەداتە ئەنجوومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس ، بەوەرگرتنی ئەو بڕیارە لەدانیشتنی ١٩٨١/١٠/٢٠ لە ناو ئێراقدا .

شایانی باسە خاڵی/١ لەماددەی/٤٢ لە دەستووری کاتی ئێراق ماددەیەکی شۆڤێنیانەیە کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوور لەخواستەکانی گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کورد بۆخواستەکانی خۆی دەری کردووە لەوڵاتەکەدا.

١٩٨١/١١/١٧ لــه ئاكــامی كێــشه هه‌مــه لایه‌نــــه‌كان بـــه فـــه‌رمانی نه‌وشیروان مسته‌فای ئه‌ندامی ســــه‌ركردایه‌تی یه‌كیـــه‌تی نیــــشتمانی كوردســـتان ، هێزه‌كـــانی پێـــشمه‌رگه‌ی یه‌كیه‌تی نیشتمانی هێرشیان كــرده ســه‌ر بنكــه‌و باره‌گــاو هێزه‌كانی بـه‌ره‌ی جـود ، لـه ناوچـــــه‌ی زینــــــوێو

ئه‌ستێرۆكانی لووتكه‌ی چیای كارۆخ لـه باشووری كوردسـتان ، كـه بـووه هـۆی شـه‌ڕێكی تووندوو شـه‌ڕه‌كه‌ش مـاوه‌ی دوو ڕۆژی خایانـدو چـه‌ندین پێشمه‌رگه له‌هه‌ردوو لایه‌نی شه‌ڕه‌كه‌ر شه‌هید بوون له هه‌رێمه‌كه‌دا .

١٩٨١/١٢/١٧ كۆماری سـه‌نیگال و كۆمـاری گامبیا رێكـه‌وتنی كۆنفـدرالیان مۆركرد بـه مه‌رجێ هه‌ر ده‌وولـه‌تێك ماف پاراستنی سـه‌ربه‌خۆیی خـۆی هـه‌بێت و نـاوی ئه‌و كۆنفدرالیه نـرا به‌ناوی یه‌كیه‌تی سینگامبیا... به‌لام لـه سـالی ١٩٨٩ ئـه‌و یه‌كیه‌تیـه هه‌ره‌سـی هێنـاو هـه‌ر وولاتێك كاروبـاری سـه‌ربه‌خۆیی خـۆی به‌ڕێووه ده‌با له ناوچه‌كه‌و كێشووه‌ره‌كه‌دا .

١٩٨٢

١٩٨٢/١/٢٩ ڕژێمی له به‌عسی له ئێراق ، زیاتر له هه‌شت هـه‌زار خێزانـی كوردی فـه‌یلی له پارێزگاوشاره‌كانی به‌غداو ، حیلله و ، كووت و ، عیمـاره و، دیالـه و ، سووێره و ، به‌دره و ، جه‌سان و ، عه‌لی غـه‌ربی و ، عـه‌لی شـه‌رقی شـار بـه‌ده‌ر كرد ، به‌ره‌و وولاتی ئێران به‌ناوی – تبعیه–ی سه‌ر به ئێران لـه شـاره‌كاندا ، بـه‌لام تـه‌نیا لـه بـه‌ر ئـه‌وه‌ی كـه كـورد بـوون و ڕۆلـی بازرگـانی و ئـابووری بالایـان هـه‌بوو لـه ئێـراق و لـه په‌یوه‌ندیـه‌كانی ده‌ره‌وه‌و ناسـراو بـوون به‌كوردی فه‌یلی له ئێراقدا .

١٩٨٢/٢/٨ لە ڕوودانی کارەساتی شارۆچکەی دووجێلی سەر بە پارێزگای تکریت لە باکووری شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، لە لایەن ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، کە بووە هۆی کووشتن و لە ناوبردنی ١٨٢ هاوولاتی و وێران کردنی کێڵگە کشتووکالیەکان و دەربەدەر کردنی بە دەیان خێزان ، بە هۆی ئەوەی کە پلانی تیرۆر کردنی سەرەك کۆماری ئێراق سەدامی دکتاتۆر لە ناوچەکەدا.

١٩٨٢/٣/١٨ بەرپابوونی شەڕی دوورگەی – مەلوین– نیان لە نێوان هێزەکانی سووپای بەریتانیا و ئەرژەنتین لە دوورگەی فۆکلاند لە ئەنجامی جیاوازی کێشەی نێوان بەریتانیاو ئەرژەنتین لەسەر دەسەلاتی سەربەخۆیان لەسەر دوورگەکەدا ، کە ئەو شەڕە بۆ ماوەی /٣ مانگ بەردەوام بوو ، تاکوو ٦/١٩ هەمان ساڵ ، ئەویش بە بەزینی هێزەکانی سووپای ئەرژەنتین و سەرکەووتنی هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە شەڕەکەدا .

١٩٨٢/٤/٢ هێزەکانی سووپای ئەرژەنتین بە سەرکردایەتی سەرۆك کۆمار –جالفیری– پەلاماری دوورگەی فۆکلاندی داو داگیری کردو خستیە ژێر دەسەلاتی خاوەنداریەتی وولاتەکەیدا .

١٩٨٢/٤/١٠ لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای بەریتانیاو هێزەکانی سووپای ئەرژەنتین لە سەر دوورگەی – فۆکلاند– و لە هەمان کات دبلۆماسیتی بەریتانیا کەووتە جمووجۆڵی و کۆمەڵەی وولاتانی ئەورووپی بڕیاریاندا بە قەدەخەکردنی کەلووپەلی ئەرەژنتینی ، لە پێناو پشتگیری کردنی بەریتانیا .

هەروا ئەمەریکا داوای لە بەریتانیا کرد ، کە دەرگای فرۆکەخانەو بەندەرە کەشتیەکانی بکاتەوە بەرامبەر فرۆکەو کشتیە جەنگییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەو دوورگەکەدا ، بۆ هاوکاری و پشتگیری کردنی هێزەکانی سووپای بەریتانیا دژی هێزەکانی سووپای ئەرژەنتین لە ناوچەکەدا .

١٩٨٢/٥/٣ گەوورەترین خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان ئەنجامدرا ، لە ئەجامدا بووە هۆی شەهید بوونی قوتابی، سەفا سەدیق و ، زامدار بوونی بەدەیا قوتابی و

دەسگیرکردنی بەدەیا قوتابی دیکە .
ئەمەش لە ئاکامی پەلاماردانی پارێزگاری هەولێر – ئیبراهیم زەنگەنەی – ی نۆکەری بەعس بوو لەپارێزگاکەدا.

شاری هەولێر

١٩٨٢/٥/٦ کۆچی دوایی خانمی نووسەرو رۆماننووس بەرەچەڵەك رووسی –ئاین راند – لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆی لەشاری نیورۆکی ئەمەریکی ... ئەم خانمە رۆماننووسە لە ١٩٠٥/٢/٢ لە ڕووسیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... کە باوکی مرۆڤێکی یاخیبوو بە کوشتنی تایبەت بە خۆی شوێنێکی تایبەت بە کیمیای دروست کرد .
لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەری بەلشەفیەکان لە ساڵی/١٩٧١ ، کۆگاکانی باوکی خۆماڵی کرا ، ... دوای دەرچوونی لە زانکۆو خوێندنی مێژوو. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٦ سەردانی ئەمەریکای کردوو لەوێ نیشتەجێ بوو ... یەکەم رۆمانی بەناوی – ئێمە ئەوانەی دەژین – لە ساڵی ١٩٣٣ بڵاوکردەوە ، دوای ئەوە شانۆنامەی بەناوی – شەوی ١٦ی کانونی دووەم – نووسی بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر شانۆکان نمایش کرا . ئەم خانمە نووسەرە لەکارەکانی بەردەوام بوو تا کۆچی دوایی کرد لە

وولأتەکەی و جیهان .

١٩٨٢/٥/٢١ هێزەکانی کۆماندۆسی سووپای بەریتانیا لە پەلامارێکیاندا دوورگەی فۆکلاندی داگیر کراو لەلایەن هێزەکانی سووپای ئەرژەنتین ڕزگار کردو گێڕایەوە ژێردەسەلأتی وولأتەکە یدا .

١٩٨٢/٦/٦ هێزەکانی سووپای ئیسرائیل لە هێرشێکیدا پەلاماری خاکی لوبنانی داو داگیری کرد ، ئەویش لە ڕێگەی هاتنە خوارەوەی دوولایەنە بە دەریا لە – باکووری شاری سەیدا – و لە دەشتایەکانی –باشووری شارۆچکەی مەتەلە– ی سەرسنووری نێوانیان لە ناوچەکەدا .

١٩٨٢/٦/١٦ کۆچی دوایی پەروەردگارو نووسەرو زمان زانی کورد مامۆستا سەیدا – سادق بەهائەدین – ئامێدی ، لە شاری ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆك لە هەرێمی باشووری کوردستان ... شایانی باسە مامۆستا سەیدا سادق لە سالی ١٩١٨ لەشاری ئامێدی کۆنە پایتەختی میرنشینی بابان چاوی بە جیهان هەلهێناوە ... خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی ئامێدی تەواوکردووەو ناوەندی و ئامادەیی لەشاری مووسل لە سالی ١٩٣٧ تەواوکردووە .

دوای ئەوە کۆلێژی مامۆستایانی لە سالی ١٩٤١ تەواوکردووە ، هەروا بەشی جووگرافیای تەواوکردووە ، دوای ئەوە بروانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووەو کراوەتە مامۆستای جووگرافیا و کۆمەلأیەتی لە ناوەندی شاری کەرکوك ... لە سالی ١٩٥٩ – ١٩٦٠ لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری ئێراق بەشداری کردووەو ڕۆلێکی بالأی تێدا بینیووە لە هەموو بوارەکاندا .

بلأوکراوەکانی مامۆستا لە سالی ١٩٧٣ یەکەم بەرهەمی بەچاپگەیاندووە بەناوی – .... کوردی – و دووەم بەرهەمی لەسالی ١٩٧٧ بلأوکراوەتەوە

بەناوی دیوانا – مەلایێ جزیری – سێ یەم بەرهەمی لەساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە بەناوی – پەرتۆیی هەکاری – لە گەڵ چەندین بەرهەمی دیکەو بابەتی هەمەجۆر لە گۆڤارو رۆژنامەکان وبوردەوام بووونی لەکارە پیرۆزەکانی تاکوو بەیەکجاری ماڵئاوایی لەگەڵ و نیشتیمانەکەی کردووە لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٨٢/٦/١٨ سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنستی ئێراق – عەزیز محەمەد – و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – مام جەلال – و سکرتێری گشتی پارتی پاسۆك – رسول مەمەند – سەردانی بیرۆی رامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد ، لەپێناو هاوکاریو هەماهەنگیو بەلاوەنانی کێشە هەڵوواسراوەکانی نێوانیان .

لەبارۆدخی ئەوکاتەی کوردستانو ناوچەکەو شەڕی نێوان رژێمی بەعسی لە ئێراق و رژێمی ئیسلامی لە ئێران لە ناوچەکەدا .

١٩٨٢/٧/٢٤ بیرۆکەی رامیاری پارتی کۆمۆنیستی ئێراق ئامۆژگاری بۆ هەموو لیژنە جۆراو جۆرەکانو کادیرەکان بلاو کردەوە ، ئەویش بە دوورە بەرێزی لە شەڕی نێوان هەردووو رژێمی شۆڤێنی شەڕکەری ئێراقو ئێران لەهەرێمەکەدا.

١٩٨٢/٩/٢ سەرکردایەتی دەسەلاتی یەکێتی سۆڤیەت ، داوای لەکەریمی حسامی ئەندامی سەرکردایایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەرۆژهەلاتی کوردستان کرد ، کە سەردانی مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت بکا ، لەپێناو گفتووگۆ کردن لەسەر بارودۆخی ناوچە و ئێرانو ئێراق لەهەرێمەکەدا .

١٩٨٢/٩/١٦ لە هێرشێکی ناکاویدا هێزەکانی سووپای ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر هەردوو چادرگەی سابراو شاتیلا ، کە لە ئەنجام بووە هۆی کووشتنی ٦٠٠٠ هاولاتی لە فەلەستینیەکانو لوبنانیەکان ، کە زۆربەیان ژنو منداڵو پیربوونو نزیکەی ١٠٠٠ کەسی دیکەیان دەستگیرکرد لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٢/١٠/٢٠ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەسپانیا ، پارتی کرێکارانی ئەسپانیا سەرکەووتنی باشی بەدەست هێنا بەسەرۆکایەتی – فلیب کۆنزالیز– لە

هەمان ساڵ بووە ئەندام لەپەیمانی ئەتلەسی– ناتۆ– لە نێوان وولآتانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا .

١٩٨٢/١١/٧ لە ریفراندۆمێکی شۆڤینیانەی بەرچاوتەنگی نەتەوەیی دەستوورێکی نوێی دووژمنکاری بەرامبەر بە کورد ڕاگەیەندرا لەلایەن ڕژێمی تورکیای داگیرکەری خاکی باکووری کوردستان. .

١٩٨٢/١٢/١٣ کۆچی دوایی شاعرو نووسەری بەرهەڵستکاری فەرەنسی – لویس ئاراگۆن – ڕاگەیەندرا ، کە ئاراگۆن بە یەکێك لە گرنگترین و دیارترین شاعرەکانی سەدەی بیستەم دادەنریٚ لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لویس ئاراگۆن وەك منداڵێکی ناشەرعی – واتە بیژی – لەساڵی ١٨٩٧ چاوی بەجیهان هەڵهێناوە لە نیلی سەر بەشاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ... لەو کاتەی کەباوکی رازی نەبوو بەشێوەیەکی فەرمی دان بەباوکایەتی ئەو منداڵەدابنیٚ . دایکیشی وەك برایەکی خۆی پێشکەشی کۆمەڵگای فەرەنسی کرد . نەك وەك کوری ئاراگۆن ئێش و ئازاری زۆری بە باری هەژاریەوە دیووە تا ئەو کاتەی تەمەنی دەگاتە ٢٠ ساڵی و دەرکی بەم راستیە نەدەکرد ، کەبیٚ باوکی . ئەو راستیەش یەك لەنیشانەکانی راڤەکردنی ژیانی هونەری لویس ئاراگۆن و گیانە یاخی و هەڵگەراوەکانی بوو .
دوای ئەوە ئاراگۆن لە رۆژنامەی L.humanic ی ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی دەبێتە سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیەو هەر لەو ساڵەدا بەئەندامی کۆمەڵەی ئەدیبان و هونەرمەندە شۆرشگێرەکان هەڵدەبژێردرێت . بڵاوکردنەوەی چامەی شەرگەری پیشەی بووە ، لەبەر ئەو هۆکارەدا دەسەڵاتدارانی فەرەنسا راویان ناوەو بەتۆمەتی سوکایەتی

کردن بە ئالای وولاتیش فەرمانی پێنج سالْ بەند کراووەو ، بەلام ئەو فەرمانە جێبەجیْ نەکراوە . لەسالی ١٩٣٤ ئاراگۆنی شاعر لەدوای ڤیکتۆر هۆگۆ ، ئەدەبی فەرەنسی شاعرێکی وەهای بەخۆوە نەدیت . کە بتوانیْ بەسەر هونەری پەخشان زالبیْ .

دوای ئەوە رۆمانی – زەنگەکان – بال پێشەنگیان بوو ... ئەم زنجیرە یەش لەسالی ١٩٣٦ بە زنجیرەی تێکۆشەران بە کۆتاگەیاند کە لەچوار بەش پێك هاتبوو . لەگەلْ ئەوەشدا پۆلیسی فەرەنسا بەدوایدا دەگرا ، لەسالی ١٩٣٧ دەستی کرد بەنووسین لە رۆژنامە . دوای ئەوە لویس ئاراگۆن لەسالی ١٩٣٩ فەرەنسا بەجیْ دەهێلیْ وروو لەئەمەریکا دەکات ... دوای ئەوە لە بالیۆزخانەی شیلی ماڤ پەنابەری وەردەگرێت .

دوای ماوەیەکی درێژ لەپەنابەری و بەدەست هێنانی بەرهەمەکانی ، لەسالی ١٩٤٣ دەگەرێتەوە فەرەنسا لەشاری لیۆنی باشووری فەرەنسا جیْ نشین دەبیْ و درێژ بەخەبات دەداو دوو دیوانی شعرەکانی بلاودەکاتەوەو هەر لەو سالەشدا لەگەلْ هەندیْ نووسەرە برادەرەکانی – یەکگرتووی پەرتووك دامەمەزرێنیْ – کە ئەم رێکخراوە کاری دامەزراندنی /٣ چاپخانە لە باشووری فەرەنسا کرد . بۆ چاپکردنی ئەدەبی بەگری کاری لە فەرەنسا .

سەرچاوە :- www.arabygice.com

١٩٨٣

١٩٨٣/١/٢ دامەزراندنی یەکیەتی هونەرمەندانی کوردستان لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٨٣ /١/٢٤ کەووتنە خوارەوەی مانگی دەستکردی سۆڤیەتی – کۆزمۆس– لە سەر زەریای هێمن بەهۆی چەند هەلەیەکی هونەری لە مانگەکەدا.

١٩٨٣/٢/٥ حکوومەتی فەرەنسا لە پێناو یارمەتیدانی رژێمی بەعسی لە ئێراق لە شەڕی نێوان ئێراق و ئێران ، کە فەرەنسا – ٢٩– فرۆکەی لەجۆری – ف–١– دا بە ئێراق ، جگە لەچەندین فرۆکەی دیکەو مووشەکی (– ئیکزۆسیت– بە ئامۆژگاری ئەمەریکاو یارمەتی رژێمەکانی وولاتانی

عەرەبی ، بەتایبەتی شانشینی سعوودیەو کوویت لەناوچەکەدا.

١٩٨٣/٢/٦ لـە دوای چـەندین چـاوپێکووتن و گفتـوو گـۆ تـوانرا ، نـۆزدە پـارت و رێکخـراوی کـوردو ئێراقـی لـە شـاری تەرابلـسی پایتـەختی لیبیـا کۆبووبینـەوەو رێککەووتن لـە سەر بەلاوەنانی هـەموو کێشەو ناکۆکیـەکی نێوانیان مۆرکردو بە وەستان دژی ڕژێمی بەعسی لە ئێراقدا .

١٩٨٣/٣/١٨ سـەرەك کۆمـارو سـەرۆکی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆرش و سـەرکردەی هێزەکـانی سـووپای ڕژێمـی بـەعس لـە ئێـراق سـەدام حوسـێن و شـوورای سـەرکردایەتی بـەعس لـە ئێـراق ›. لـە پێنـاو نەهێشتنی هەمیشەیی کێشەی کـورد . عـەلی حەسـەن مەجیـد دەکەنـە سـکرتێری گـشتی پـارتی بەعـسی لـە باکوور– واتە باشووری کوردستان– لـە گەڵ دانانی عەلی حەسەن مەجید لە پلەو پایەدا ، کە هـەموو دەسـەلاتی سەربازی و مەدەنی ڕاستەوخۆی گرتە دەست خۆی لە هەرێمەکەدا ‹.
ناوبراو نزیکەی سالێك تەرخان دەکات بۆ خۆ ئامادەکردن ، کە لەمەشدا تیپـی ١–٢ لەگـەڵ هـەموو هێـزە چـەکدارەکانی ئەمـەن و جاشـە کوردەکـان ئامادە دەکات و دوای ئەوە هێرشەکانی بەناوی ئـەنفال دەست پێدەکات ، کوردستان وەك ناوچەیەکی جەنگ و قەدەخەکراو تەماشادەکرا.

١٩٨٣/٤/١٠ نووسـەرو رووناکبیرو نووێنـەری جوولانـەوەی رزگـاری فەلەسـتین حسام سـەرتاوس لـە کـۆنگرەی نێوونەتـەوەیی سۆشـیالیزمی شـاری لـشبۆنەی پایتەختی پورتووگالی تیرۆر کرا.

١٩٨٣/٤/١٩ شـووفێرێك لـە شـووفێرەکانی ڕێکخـراوی مەزهـەب شـیعەی ئیـسلامی لـە لوبنـان ، ئۆتۆمبێلەکـەی بـەرەو گۆرەپـانی بـەر باڵوێزخانـەی ئەمـەریکا دەبات و لەشاری بـەیروت خـۆی و ئۆتۆمبێلەکـەی تەقانـدەوە ، کـە مینرێـژ کرابوو، ئەمەش کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی ٤٠ بەرپرسی گەوورە لە

بەرپرسانی باڵوێزخانەکەو زامداربوونی زیاتر لە٤٠ فەرمانبەرو کارمەندو هاووڵاتی لە باڵوێزخانەکەدا .

١٩٨٣/٥/١ بەهۆی کێشەی نێوان یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و بەرەی جوود لەوانە پارتی کۆمۆنیستی ئێراق / لێژنەی هەرێمی کوردستان – هێزەکانی یەکیەتی هێرشیان کردە سەر بارەگاو بنکەکانی پارتی کۆمۆنیست لەقرناقەو پشت ئاشان ، لەلوتکەی شاخی ساوێن لەرێگەی کۆمتان لە ئەنجام /٩ پێشمەرگەی پارتی کۆمۆنیست شەهیدکران .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شاخی ساوێن دەکەوێتە دواوەی شاخی قەندیل وبەرزی لە سەر ئاستی دەریا ١٥٠٠ مەترە ، لە هەمان کات چەندین پێشمەرگەی یەکیەتی کوژران و چەندین پێشمەرگەو بەرپرسانی پارتی کۆمۆنیست بەدیل گیران و بۆ رۆژی دوایی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیست پاشەکشەیان کرد بۆ دوواوە ، بەرەو رۆژهەلات و روو لە ئێران

به کورتی :– یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان هەموو هەوڵەکانی لەو کورد کوژیە ئەوە بوو کە خۆی دەسەڵاتداربێت لەسەر خاکی هەرێمی باشووری کوردستان و پارتی و رێکخراوەانی دیکە مل کەچی یەکیەتی بن لە هەرێمەکەدا.

لە بەر ئەوە شەڕی کورد کوژی دژی پارتی کۆمۆنیست و پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆشیالستی کوردستان و رێکخراو گروپەکانی دیکە دەکرد ... بیَ ئەوەی بیر لە دوا رۆژی بەرژەوەندی گشتی گەل و نیشتیمان بکاتەوە و ئەو هەوڵ و تواناو خۆراگریانە ئاراستەی دوژمنانی گەلی کوردستان بکات .

لەم بەشە کوردستانەی کە بە زۆری زۆردار بە ئێراق لکێنراوە لە دوای ساڵی ١٩٢٠ ، بەشمشێری ژەهراوی دەستی وولاتانی هاوپەیمان بەسەرکردایەتی بەریتانیای مەزن لە ناوچەکەدا .

١٩٨٣/٥/٢٤ بە هۆی دادگایی کردنی زیاتر لە– ٥٧٠– هاو وولاتی کورد لە پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستان گیانیان کەووتە مەترسی بەهۆی هەڵوویستەکانی دادگای عورفی سەربازی رژێمی تورکیا لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٣/٥/٢٥	هێزەکانی سووپای تورك بە هەموو جۆرە چەکێك هاتنە ناو خاکی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، بە قووڵایی ٣٠ کیلۆمەترو بە درێژی سنووری دورستکراوی نێوان رژێمەکانی ئێراق و تورکیا لە سەر خاکی داگیرکراوی باکوورو باشووری کوردستان ، بە پێی ڕێکەوتننامەی نێوان هەردوو ڕژێمی تورکیا و ئێراق.
١٩٨٣/٦/٣	وێستگەی تەلەفزیۆنی ناوەندی رژێمی بەناو ئیسلامی لە ئێران وێنەی لە سێدارەدانی – ٥٩– لاوی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پەخش کرد بەجیهاندا .؟؟!... بەڵام کورد...؟...
١٩٨٣/٧/٢٢	بە هۆی دژواری شەڕێ نێوان رژێمی بەعسی لە ئێراق و رژێمی بەناو ئیسلامی لە ئێران ، هێزەکانی سووپای ئێران لە هێرشێکیدا توانی ناوچەی حاجی ئۆمەران و چیای کۆدۆو گردەمەندو ناوچەکانی کێوەرەش و ماوەتان و خەلان و زینوێ و ئالانەو ئازادی و بابکراوەو رایایەت و چەندین گوندی دیکە لەباشووری کوردستان داگیر بکات ، لەئەنجام بە هەزاران سەرباز لەهەردوو لا کووژران ، کە کوردیش زیانێکی گیانی و سامانی زۆریان لێکەوتەوە لەناوچەکەدا .
١٩٨٣/٧/٩	هونەرمەندو گۆرانی بێژی ناوداری نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی کورد – حسن جەزراوی– لە شاری دهۆك کۆچی دوایی کرد لە باشووری کوردستان .
١٩٨٣/٧/٣١	هێرشی گەورەی هێزەکانی سووپای ئێران بۆ سەر پارێزگای بەسرا کە رژێمی بەعسی لە ئێراق لەو شەڕە چەکی کیمیاوی بەکار هێناو بووە هۆی پاشەکشەپێکردن بەهێزەکانی شەڕکەری سووپای ئێران لە رۆژهەڵاتی شاری بەسرە لە ناوچەکەدا .
١٩٨٣/٧/٣١	لە کردەوەیەکی درندانەو شۆڤێنانەی رژێمی بەعس لە ئێراق ، هەڵسا بەئەنفال کردنی هەشت هەزار بارزانی لە کۆمەڵگای زۆرەملێی ناحیەی قوشتەپەو ناحیەی دیانەو ناحیەی حەریرو کۆمەڵگای بە حرکەی سەر بە پارێزگای هەولێر لەهەرێمی باشووری کوردستان ، لەلایەن دام و دەزگا

سیخووڕیو سەربازیو جاشە کوردە خۆ فرۆشەکانو ئەمنی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق.

١٩٨٣/٨/١٣ بەرپابوونی شەڕی شاخی قەندیل – چیا – لە باشووری کوردستان لە نێوان هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەعس لە ئێراق بەهاوکاری جاشە خۆفرۆشەکانی کوردو، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ، کەپێك هاتبوون لە پێشمەرگەکانی یەکیەتیو بەرەی جوودی کوردستان لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٣/٩/١٣ فڕۆکە جەنگیەکانی سەربازی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق گوندەکانی بەردەقەڵو بەردە کەپرانو کۆنەلاجانیانی بۆردومان کرد لەڕۆژهەڵاتی کوردستانو ، لەئەنجام بووە هۆی شەهید بوونی ٢٢ هاووڵاتیو زامدار بوونی بەدەیا هاووڵاتیو دەبەدەر بوونی بەدەیا خێزان لە ناوچەکەو هەرێمەکەدا .

١٩٨٣/٩/١٩ دەووڵەتی سانت کینسو نفیس سەربەخۆیی خۆی لەناو ڕایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیا ڕاگەیاند لەناوچەکەدا .
ڕاگەیاندتی ئەم سەر بەخۆییە لە شاری – باستر – ی پایتەخت بوو کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٢٤٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٦٨٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١٦٩ کیلۆمەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٥٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، پێست ڕەشەکان ٩٣٪ . تێکەڵاو ٣٪ . سپی پێست ٢٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٨٣/١٠/١٣

کۆچـــی دوایـــی ســـەرۆك عەشـیرەتی مامەسـێنی – عـەلی ئیـبراهیم ئەحمـەد- ناسـراو بـە ئاغای سەرگەران .

بەکارەســاتی ئۆتۆمبێــل لــە رێگـای نێـوان شـاری کـەرکوكو قەزای دووبز... ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٢ لەگونـــدی ســـەرگەرانی ســـەر بەناحیـــەی دیبگـــەی کەنـدێناوەی سـەر بـە قـەزای مەخموری پارێزگای هـەولێر لە باشووری کوردستان لـە دایك بووە..عـەلی ئیـبراهیم گۆڕەکەی لـە گۆرستانی شێخ سمایلە لـە کەندیناوە لـە باشـوور شاری هەولێر .

شایانی باسکردنە کە عەشیرەتی مامەسێنی دانیشتووانی /١١ گوندن لـە کەنـدێناوەو قـەراج و جگەلەنیـشتەجێ بوونیـان لەشـارەکانی کـەرکوك و هەولێرو شارو شارۆچکەکانیدا .

هــەروا پەیوەنـدی نێـوان عەشـیرەتی سـیان و مامەسـێنی لـە خۆشـی و ناخۆشیدا وەك یەك عەشیرەت دیارن ، ئێستاش کورە گەورەکەی بە نـاوی – قاسـم عـەلی ئیـبراهیم – جێگـەی بـاوکی گرتۆتـەوە ، بـە سـەرۆکی عەشیرەتەکە لـە گـەڵ ئەوەشـەدا ئـەم عەشـیرەتە لـە ناوچـەکانی قـەڵادزێ و رانیەو کۆیە نیشتەجێن ، ئەو عەشیرەتە لە١٠ تیرەی سـەرەکی پێك هـاتووە لە باشووری کوردستان .

١٩٨٣/١١/٦ لــه هەڵبــژاردنی پەرلــەمانی نیــشتیمانی تورکیــا ، پــارتی دایکـــی نیــــشتمانی بـــه سەرکردایەتی تۆرگوڵ ئۆزال ، کە لـە نژاد کوردبوو زۆرینەی کورســـیەکانی پەرلـــەمانی بەدەســـت هێنـــا ، هـــەروا لە١١/١٠ هەمان ساڵ ئۆرگۆڵ ئــۆزال پۆســـتی ســـەرەك

ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیای گرتە دەست ... تۆرگۆڵ ئۆزال چەند بیروو بۆ چوونێکی هەبوو لە بارەی کێشەی گەلی کوردستان .

١٩٨٣/١٢/٣ لـــه دوای هـــەوڵو تەقەلایـــەکی زۆر ، لـــه پێناو چارە ڕێگەیەك لـە گفتووگۆی چڕ لە نێوان یەکیـــەتی نیـــشتانی کوردســـــــــتانو ســـەرکردایەتی ڕژێمـــی

بەعسی لە ئێراقی داگیر کەر ، ئەویش بەڕاگەیاندنی وەستاندنی شـەڕی نێوانیـان ، دوای ئـەوە سکرتێری یەکیـەتی نیـشتیمانی کوردسـتان مـام جەلال تاڵەبانی بە فڕۆکە لە گوندی – زێخان– لـە دۆڵی بالیسان سەردانی شاری بەغدای کرد .

دوای ئـەوە چاوی کـەوت بـه سـەرۆکی رژێمـی بەعسی لـە ئێـراق سـەدام حوسێن ، ئـەویش لـە پێنـاو بـەرەو پـێش بردنـی ئاکـامی گفتووگۆیـەکانی نێوانیان لە سەر مافەکانی گەلی کوردستان... بەلام..!.

١٩٨٣/١٢/١٧ وەزیـری بـەرگری ئێـستای ئەمــەریکا – دۆنالـد ڕامـسفێلد– سـەردانی سەرۆکی ڕژێمـی بەعسی لـە ئێراق سەدام حوسێنی کردو چاوی کەووت

بەسەدامو تاریق عەزیز ، لە پێناو یارمەتی دانیانو وەستانی دژ بە ئێرانو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق.

١٩٨٤

١٩٨٤/١/١ کۆماری برۆنای سەربەخۆیی خۆی بەدەرچوونی لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا ڕاگەیاند بە مانەوەی لە ناو رایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری — بەندەر سری بیگاوان —ی پایتەخت ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٨٩٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣٨٥٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٥٧٧٠ هەزار کیلۆ مەتلر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٧٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، مالایۆن ٦٨٪ . چینیەکان ٢٢٪ . کەمایەتی دیکەی تیایە لە وولاتەکەدا .

١٩٨٤/١/٥

كۆچـی دوایـی مێـژوو نـووس و رامیـاری كـوردو پرۆفسۆر مامۆستا تۆفیـق وەهبـی لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەخی بـەریتانیاو تەرمەكـەی گەرانـدراوە شـاری سـلێمانی وگۆرەكەی لەشـاخی پیرەمەگرونە لە شارەكەدا لە باشووری كوردستان .
جێگەی ئامارەژە پێكردنە كە مامۆستا تۆفیق وەهبی لە ١٨٨١/١/١ لە شاری سـلێمانی لـە باشـووری كوردسـتان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

لە تەمەنی منداڵیەوە باوكی كۆچی دوایی دەكات ، خوویندنی سەرەتایی لە شاری سلێمانی تەواو دەكات ، هەروا لە ساڵی ١٩٠٤ چووەتە شاری بەغداو خووێنـدنی ناوەنـدی و ئامـادەیی سـەربازی بـە سـەر كەووتوانـە تەواوكردووە .

لـە دوای تـەواو كردنـی خووێنـدن روو لـە شـاری ئەسـتەمبۆڵی ئێسـتای توركیای كردووە ، كە ئەوكات پایتـەختی دەسەڵاتی عوسمانی بووە . بۆ تـەواو كردنـی خووێنـدنی باڵا و لـە كۆلیـژی ئـەركان وەرگیراوە و بووەتـە ئەفسەری رووكـن لـە هێزەكـانی سـووپای عوسمـانی ، هـەروا لـە كـاتی هەلگیرسانی جەنگی یەكەمی جیهان لە ١٩١٤/٨/١ بە شداری لە شەڕی – چـەنەقەلعە – كـردووە لـە ناوچـەی – دەردەنیـل – دوای ئـەوە رەوانـەی باشووری ئێستای ئێراق دەكرێت بۆ بەشداری كردن لە بەرەی جەنگ لە دژی هێزەكـانی بـەریتانیا لـە ناوچـەی – شـووعەیبە – لـە باشـووری رۆژهەڵاتی شاری بەغدا .

هـەروا لـە كـاتی پاشەكشەی هێزەكـانی سـووپای عوسمـانی بەرامبـەر بـە هێزەكـانی سـووپای بـەریتانیا لـە مـانگی/٩/١٩١٧ بەشـداری كـردووە لـە بەرەی جەنگ لە ناوچەی روومادی لە رۆژئاوای شاری بەغدا ،. دوای ئـەوە شـاری روومـادی و ناوچـەكەی دەكەوێتـە دەسـت هێزەكـانی سـووپای بەریتانیا .

هەروا دوای ئەوە مامۆستا تۆفیق بە خۆیی و هێزەکەی بەرەو شارۆچکەی هیت کشایەوە . لە ساڵی ١٩١٨ گواسترایەوە بۆ بەرەی جەنگ لە ناوچەی فەلەستینی ئێستادا . دوای ئەوە پایەی سەربازی بەرزکرایەوە بۆ پلەی – رائد – و مەدالیای قارەمانی لە سەرکردەی تیپی سووپای عوسمانی پێ بەخشراوە ، دوای ئەوە مامۆستا تۆفیق بەگ گەرایەوە کوردستان و، دوای ئەوە چووە شاری بەغدا و بووە یەکێك لە ئەفسەرە دیارەکانی کورد لە دامەزراندنی سووپای ئێراق لە رۆژی ١٩٢١/١/٦ لە ئێراقدا .
دوای گەرانەوەی شێخ مەحمودی حەفید لە هندستان لە ساڵی ١٩٢٢ و بووە مەلیکی کوردستان ، مامۆستا وەهبی لە مانگی /١٩٢٢/١ چووە پاڵ بزووتنەوەکەی شێخ مەحمودە حەفید . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٣ دا کرا بە بەرپرسی کارگێری لە حەرەکات لە وەزارەتی بەرگری ئێراقی و لە مانگی /١٩٢٥/٨ کرا بە بەرێوەبەری قوتابخانەی سەربازی لە شاری بەغدا و پلەی سەربازی بووە – موقەدەم – دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٩ رەوانەی بەریتانیا کرا بۆ بەشداری کردن لە خولێکی سەربازی لە بەریتانیادا .
دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٠ کرا بە پارێزگاری سلێمانی لە باشووری کوردستان . لە ساڵی ١٩٤٦ مامۆستا وەهبی کرا بە وەزیری ئابووری لە ئێراق تاکوو ساڵی ١٩٥٨ ، چەندین پۆستی وەزارەتی بە دەست گرتووە ، بەر لە شۆرشی ١٩٥٨ کراوەتە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان لە ئێراقدا .
دوای شۆرشی ساڵی ١٩٥٨ لە هەموو پۆستەکانی دوور خرایەوە و رووی لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کردووە و لەو شارە نیشتەجێ بوو تاکوو ماڵئاوایی لە ژیان کردووە لەو وولاتەدا ....!.

بەلام بە داخەوە کەسایەتیە ناودارەکانی کورد لە ساتە تەنگ و سەرکەوتووەکان و شکستەکان هەلوویستیان ....! ....؟.

١٩٨٤/٢/٢٢ کۆچـی دوایـی نووسـەرو ڕووناکبیری ناوداری کـورد مامۆستا – جگەر خوێن – لـە شـاری سـتۆکهۆڵمی پایتەختی وولاتی سووید ، دوای ئـەوە تەرمەکـەی دەگوازرێتـەوە بـۆ شـاری قامـشلۆ لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتانی لکێنـدراو بـە سووریای دامەزراو بە پێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە لایەن بەریتانیاو هاپەیمانەکانیدا لە ناوچەکەدا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە مامئستا جگەر خوێن لە ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی هەساری سەر بە وویلایەتی ماردین لە باکووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، دوای ئەوەی کە لە دایك دەبێ خێزانەکەی ماڵیان دەچێتە شاری – ئاموودا – لە ناوچەی جەزیرەی فووڕات و لەوێ نیشتەجێ دەبن ، دوای ئەوەی کە لەو شارە نیشتەجێ دەبن ، دایك و باوکی کۆچی دوایی دەکەن .

هەروا بە هۆی مردنی دایك و باوکی تووشی ژیانی ناخۆش دەبن و بە کاری جووتیاری ژیان بە سەر دەبەن ، لە گەڵ خوشك و براکانیدا . دوای ئەوە دەست دەکا بە خووێندنی ئاینی لە حووجرەی فەقێیان بە فێربوونی بوارەکانی ئاینی و زانست ، کە لەسەر دەستی شێخ عەبدوڵلا زانیاری باش لە هەستی کۆ دەکاتەوە ، هەروا لە سەر دەستی ئیمام فەتحووڵلا تا مۆڵەتی ئاینی لە زانستەکانی ئاینی بە دەست دێنێ . دوای ئەوە دەست بە کاری مەلایەتی دەکات لە مزگەووتەکان لە وولاتی سووریا .

هەر لەو کات بە کوردستاندا دەسووڕێتەوە وەك وولاتەکانی تورکیا و ئێراق و ئێران ، لە پێناو شارەزابوون و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر باری کورد لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا ... دوای ئەوە واز لە بیری ئاینی دێنێ و بڕوای مارکسی دەبێتە ڕێگەی خەباتکردن و بەرەو ڕۆشنبیرکردنی جووتیار و هەژاران دەدا لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری لە کوردستاندا .

دوای ئەوە دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا لە دوای شۆڕشی ١٤/ تەمووزی/١٩٥٨ ، بەڵام دوای کودەتای بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٣ بەرەو سووریا دەچێت و لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا جێ نشین دەبێ لە گەڕەکە کوردنشینەکان . دوای ئەوە دووبارە دەگەڕێتەوە شاری بەغدا و لە وێستگەی رادیۆی بەشی کوردی کار دەکات لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ . دوای ئەوە دووبارە دەگەڕێتەوە شاری دیمەشق ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٧٩ بەرەو وڵاتی سووید کۆچ دەکاو لەو وڵاتە لە کارەکانی نووسین بەردەوام دەبێت تا ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمان دەکات لەو وڵاتەدا .

تێبینی:- بۆ زانیاری زیاتر دەتووانی بگەڕێیتەوە بۆ سەر کتێبەکانی ئەم نووسەرە بە توانایەدا .

١٩٨٤/٣/٢٤ وویستگەی بوشەهری ئەتۆمی لە ئێران تاکوو ١٩٨٨/٦/١٩ چەندین جار لە لایەن هێزەکانی سووپای ئاسمانی ئێراق بۆردومان کراوە ، کە بووە هۆی وێرانکردنی ئەو ووێستگە ئەتۆمیە .
کە بەنسکۆیەکی گەورەی بەرنامەی ئەتۆمیەکانی ئێران دادەنرێن لە جیهاندا .

١٩٨٤/٤/١٦ سکرتێری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان مام جەلال تاڵەبانی توانی یەکەم کەناڵی گفتووگۆی ناراستەوخۆ بکاتەوە لە نێوان – ئاپۆ- و- تۆرگوت ئۆزاڵ – بە یەك لایەنی و بۆ یەکەم جار پەکەکە شەری راگرت ، بەڵام مردنی کت و پری ئۆزال ئەو پرۆژە ئاواتەش مرد و رژێمی تورکیا ئەو جارە درندانەتر کەوتەوە کە ٣٠٠٠ هەزارگووندی لە باکووری کوردستان وێران کردوو زیندانەکانی پرکرد لە کورد .
شایانی باسە پەکەکە یەك لایەنە چوار جارشەڕی راگرت ، دوای ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە – لە ١٩٨٤/٨/١٥ یەکەم چالاکی گەریلای لە شێوازی پارتی زانی لە دژی رژێمی تورکیا لە ناوچەی شەمدینان دەستی پێکرد لە باکووری کوردستان .

١٩٨٤/٤/٢١ هێزەکانی سووپای رژێمی بەعسی لە ئێراق هێرشیان کردە سەر گوندی کەپەنك ڕەشی بناری قەرەچووخی سەر بە ناحیەی کەندێناوەی سەر بە قەزای مەخموری سەر بەپارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان ، لە ئەنجامی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپا و پێشمەرگەکانی یەکیەتی

نیشتیمانی ، ٨ هەشت پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتیمانی شەهید کران ، لەوانە شەهید ئەحمەدە سوور، مەجیدە سوور، دکتۆر هەمزەو چەندین کەسیان دەستگیر کران و لە دوای دادگایی کردنیان لە لایەن دادگای تایبەت بە ناوی – هەیئەی خاسە – لە شاری کەرکوك و دوای ئەوە لە سێدارەدران لە شارەکەدا.

١٩٨٤/٦/٥ لە دوای تیرۆرکردنی سەرەك وەزیرانی هندستان ئەندێراگاندی لەلایەن چەند پاسەوانێکی خۆیەوە لە باخچەی ماڵەکەیدا ... سوپای هندی چوونە نێوو پەرستگای زێرێم و هەزار کەسی سەر بە تایەفەی شیخ کوژران کە بکوژانی لە هەمان تایەفە بوون .

جێگەی باسکردنە کە ئەم بنەماڵەیە خاوەنی ئەزموونێکی پر لە تێکۆشان و خەبات و قوربانیدان بوونە لە هندستان . ئەم بنەماڵەیە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری هندستان لە لایەن ئەو بنەماڵە بووە و تاکوو تەواو کردنی ئەم ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەیە ئەم بنەماڵەیە رۆڵی بالأیان هەبووە لە هەموو بوارو قۆناخەکاندا لە هندستان .

١٩٨٤/٧/١٦ لە گەشتێکی نێوان شارۆچکەی نەغەدەو رەزاییێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەکارەساتێکی ئۆتۆمبیل وەرگەران – حەسەن قادر خەلیل – ناسراو بە– حەسەن حەیران – گیانی لە دەستدا ... شایانی باسە ئەم گۆرانی بێژە مللیە ، لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی تەلەلخێمی گەورەی سەر بەناحیەی گوێری سەر بەقەزای مەخمووری سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٩٠ تەرمی پیرۆزی گواستراوەتەوە بۆ گوندی تەلەلخێمی گەورەو لە گۆرستانی ئەو گوندە نێژراوە . ئەم حەیران بێژە

دەنگ خۆشە خاوەنی دوو خێزان بووەو لە هەردوو خێزان ٩ منداڵی هەبوو کە ٣ کوورو ٦ کچ بوونە .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی تەلەلخێمماڵەکەی گواستۆتە شاری هەولێر و لێی نیشتەجێ بوو .

جێگەی ئاماژەیە کە ئەم حەیران بێژە ژیانی لە گوند بە شوانی و کارکردنی کشتووکاڵی بردۆتە سەر و دوایی لە شاری هەولێر کاری پاسەوانی کردووە ، دوای ئەوە بۆتە پێشمەرگە لەریزی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تاکوو بەم کارەساتە دڵتەزێنە کۆچی دوایی کردووە لەگەل و نیشتیمانەکەیدا .

١٩٨٤/٧/٢٧ گرێدانی کۆنفرانسی کۆمەڵەی نیوو نەتەوەیی ، بە بەرگریکردن لە زمان و شارستانی ئەو نەتەوانەی کە بەر هەرەشەی توانەوە کەوتوون ، لە شاری رۆمای پایتەختی ئیتالیا ، لەو کۆنفرانسە بڕیارێك راگەیاندرا بە داکۆکی کردن لەگەڵی کورد لەهەموو بوارەجیاجیاکاندا .

١٩٨٤/٧/٢٨ پێشبڕکێی یاریەکانی جامی جیهانی -ئۆلەمپیات- لە شاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکا ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ٨/١٢ هەمان ساڵ ، لە نێوان یانە وەرزشیەکانی وولاتانی بەشدار بوو لە جیهاندا .

١٩٨٤/٨/٣	وڵاتـی بۆرکینافاسـۆ بەرلـەو مێـژووە نـاوی وڵاتەکـە فۆلتـای بـاڵا بـووە ، بـەڵام بـەپێی بـارو دۆخـی نـاوچـەو هـەرێمو جیهـان ، گۆڕانکـاری لـە نـاوی وڵاتەکـەی کـرد ، ئـەویش بەخوواسـتی گـەلانی وڵاتەکـە بـەناوی بۆرکینافاسۆ لە جیهاندا.
١٩٨٤/٩/٩	کۆچـی دوایـی هونەرمەنـدو دەرهێنـەری سـینەمایی نـاوداری کـورد لـە باکووری کوردستانی داگیر کراو لە لایەن ڕژێمی تورکیا – یەلماز گۆنـای – بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە . گۆڕەکەی ئەم هونەرمەندە لە گۆڕستانی پیاوە گەورەکانی شان بە شانی – ئەلفرید رۆمسیەو بوودلێرو سارتەرو دەرهێنـەرە گەورەکان لـە شاری پاریسی پایتەخت فەرەنسا نێژراوە .

شایانی باسە کە ئەو کەسایەتیە لەساڵی ١٩٣٧ لەگوندی یەنیجەی پارێزگای ئەدەنە لە باکووری کوردستان چاوی بە ژیانی نەهامەتی و ژێر دەستەیی هەڵێناوە . هەروا خەڵاتی سینەمایی بەدەست هێناوە لەسەر فیلمی – رێگا – لە ژیانی خۆیدا یەلماز گۆنای نزیکەی ١٤ ساڵی تەمەن لە زیندان و دەربەدەری بەسەر بردووە ، کە لەساڵی ١٩٥٨ بە ٨ ساڵ زیندانی حووکمدرا بەتۆمەتی بوونی بە کۆمۆنیست. لە ساڵی ١٩٦٠ بە ١٨ مانگ زیندانی و ٦ مانگ بە دوور خستنەوە و لەشاری تۆنیا حووکمدراوە ، هەروا لە ساڵی ١٩٧١ بۆ ماوەی ١٠ ساڵ حووکمدراوە .

لە ساڵی ١٩٨٠ بۆماوەی ١٩ ساڵ حکوومدرا ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨١ بە بەلەمێکی بچووك رووی لەیۆنان کردو لەوێش – میلینا میرکۆری – وەرزی رۆشنبیری ئەوکاتی یۆنان پێشوازی لێکردو لەوێش رووی لە سویسرا کردو دوای ئەوە بەنهێنی رووی لەپاریسی پایتەختی فەرەنسای کرد ، تا ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمان کرد لە فەرەنسا.

١٩٨٤/١٢/١٣ کۆچی دوایی نووسەرو رۆژنامەنووس و زانای ناوداری ئایینی مامۆستا – عەلائەدین نەجمەدین سوجادی – لە شاری بەغداو هەر لەوشارەش لە گۆرستانی شێخ عەبدوالقادری گەیلانی بە خاك سپێردراوە .

جێگەی ئاماژە پێکردن کە مامۆستا سوجادی لەگوندی – پاراو – چاوی بەجیهان هەڵهێناوە . لەساڵی ١٩٢٧ لە شاری سلێمانی لە مزگەوتی جەلال دەستی بەخوێندنی ئایینی کردووە ... دوای ئەوە رووی کردۆتە شاری

بەغداو لەوێ بۆتە پێشنوێژی مزگەوتی – نەعیمە خاتوون ... لەسەر دەستی ئەمجەد ئەلزەهاوی و محەمەد قزلجی خوێندویەتی ... لەساڵی ١٩٣٩ چۆتە نێوو کۆری رۆژنامەوانی تا ئەوکاتەی کە لە ساڵی ١٩٤٨ بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژ ... لە ساڵی ١٩٤٩ گۆڤاری – نزار– ی دەکردووە کە گۆڤارێکی هەفتانەی رامیری بوو ، بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی .

لە دوای شۆرشی ١٤ تەمووز ١٩٥٨ ، بەوانە بێژی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی بەغدا دامەزراوە تا ساڵی ١٩٧٤. دوای ئەوە بە ئەمینداری گشتی ئەوقاف بۆ ماوەی سێ/٣ دامەزراوە ... مامۆستا سوجادی بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆری زانیاری کوردی لە شاری بەغدا دادەنرێت ، کە لەوکاتەی ئەم کۆرە دامەزراوە بەجێگری دووەمی سەرۆکایەتی دامەزرا تاکوو تێکەڵ کردنی لەگەڵ کۆری زانیاری ئێراقدا .

علاءالدين سجادي

بەرهەمەکانی مامۆستا سوجادی زۆر گرنگ و بە پێزن و بۆتە کەلتوورێکی مێژوویی دەوڵەمەند لە مێژووی کورد وەك :

١– ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩٧٦ – دوستورو فەرهەنگی زمانی کوردی – عەرەبی – فارسی لە ساڵی ١٩٦٢.

٢– رشتەی مرواری – شۆرشەکانی کوردو – کورد و کۆماری ئێراق لە ساڵی ١٩٥٩ – گەشتێك لە کوردستانا لە ساڵی ١٩٥٦ – گولاڵەی مەریوان لە ساڵی ١٩٥١. مێژووی ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩٥٣ –

ناوی کوردی لە ساڵی ١٩٥٣ ، هەڵبژاردە لە ساڵی١٩٥٣ ، هەمیشە بەهار لە ساڵی ١٩٦٠ . یادی پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٥١ .

٣- لە بەرهەمە عەرەبییەکانی وەك ... عمر الخیام ، لە لایەن شێخ سلام احمد - راڤەو لێدوان لە سالی ١٩٥١ - محەمەد ئەمین زەکی لە ساڵی ١٩٤٨ - تأریخ الادب الکردی ، کە یەکێکە لە باشترین بەرهەمەکانی دەژمێردرێت ، لە گەڵ دەیا کتێبی دیکەو دەست نووس کە بابەتی هەمەجۆرن ... ئەم کەسایەتیە بەردەوام بووە لەخزمەتکردنی گەل و نیشتیمانکەیدا .

سەرچاوە :-محەمەد عەلی - سوێرکی - معجم اعلام الکرد .

١٩٨٤/١٢/١٩ مۆرکردنی رێکەووتننامەی نێوان کۆماری چینی میللی و بەریتانیا بە گەڕاندنەوەی هەرێمی دابڕاوی - هۆنگ کۆنگ - بۆ ژێر دەسەڵاتی چینی مللی تاکوو ساڵی ١٩٩٧... بەرامبەر ئەوەش چینی مللی ڕازی بوو بەوەی ، کە ڕژێمی سەرمایەداری تاکوو ماوەی ٥٠ ساڵ تێیدا بەردەوام بێت لەو وولاتەدا .

١٩٨٤/١٢/٢٣ مۆرکردنی پەیمانی نێوان سەرەك وەزیرانی بەریتانیا مارگرێت تادشەرو سەرەك وەزیرانی چینی مللی زهاوزینگ بە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بەریتانیا لە سەر دوورگەی هۆنگ کۆنگ کە ماوەی ١٥٦ساڵ بوو لە ژێر دەستی بەریتانیا.

١٩٨٤/١٢/٢٩ رۆژنامەی تشرین لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا راپۆرتێکی بڵاو کردەوە ، کە تیایدا هاتبوو :- بازاڕی یەکێتی ئەورووپای هاوبەش لە مانگی کۆتایی ساڵی/ ١٩٨٤ چەندین - کمیە- لە سێووی فرێ داوە ، کە نەیوویستووە بیفرۆشرێت کە نرخەکەی بای یەك ملیار مارکی ئەڵمانی بووەو بای یەك ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی دەکرد بۆ ماوەی یەك ساڵ .

ئەمەیە بازرگانی کردن بە ژیانی مرۆڤ لە جیهاندا

١٩٨٤/١٢/٣١ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهۆی چەند کێشەو گیروگرفت لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان - یۆنسکۆ- کشایەوە کە ڕێکخراوەیەکی مرۆیی و پەروەردەیی و فێرکردنە لە جیهاندا.

١٩٨٥

١٩٨٥/١/١٥ یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە دوای ساڵێك لە گفتووگۆیەكی چڕی لە گەڵ سەركردایەتی ناوەندی ڕژێمی بەعس لە ئێراق كۆتایی بە گفتووگۆكان لە ڕاگەیاندنێك بڵاوكردەوە ، ئەویش بەسەرنەكەووتنی ئەو هەووڵانەی كە یەكێتی لە گەڵ ڕژێمی بەعس ئەنجامی دابوو لە ئاكام كاردانەوەی خراپی كردە سەر باری كوردو داهاتووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی. كورد لە باشووری كوردستان .

١٩٨٥ /١/٢٥ پێشمەرگەی ئازاو قارەمانی یەكێتی نیشتیمانی و گەل‌و نیشتیمان مامە ڕیشە شەهیدكرا ، ئەویش بەپیلانێكی دووژمنكاری لە لایەن پیاوانی ڕژێم‌و جاشە كوردە خۆ فرۆشەكان ، كە ئەم كارەش بووە هۆی دڵتەزندانی جەماوەری گەلی كوردستان.

١٩٨٥/٢/١ لە دوای كۆتایی هاتنی گفتووگۆی نەگەیشتوو بە هیچ ئەنجامێك شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەی یەكێتی نیشتمانی و ڕژێمی بەعسی لە ئێراق دەستی پێكردەوە لە باشووری كوردستان

١٩٨٥/٤/٦ لەكاتی سەردانی ڕەسمی سەرۆكی سوودان جەعفەر نومەیری بۆئەمەریكا وەزیری بەرگری سودان عەبدولرحمان سووار زەهەب هەلسا بە كودەتایەكی سەربازی بە بەلاوەنانی سەرەك كۆمارو لە هەمانكات خۆی كردە سەرەك كۆماری سوودان.

١٩٨٥/٤/١٠ نووسـەری ڕاسـتگۆو ڕوونـاکبیری کورد – عەبدولخالق مەعروف– لە پاش نیوەڕۆ لە کارێکی تیرۆری دژ بــە هــەموو داب و نــەریتێکی مرۆڤایـەتی و ئاینیـدا لـە نزیـك ماڵەکەی خۆی لەگەڕەکەی ئازادی لە شاری هەولێر لە لایەن کۆمەلێك تیرۆرســتی دژ بەڕۆشـنبیران و نووسـەرە ڕاست گۆیـەکان بەفینی مەلایە ئایینیـەکانی سەر بەدام و دەزگـا سـیخوورییەکانی بـەعس تیرۆر کرا ، بە پالپشتی ڕژێمی بەعسی دکتاتۆر لە ڕێگەی سیخوورەکانی لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان .

١٩٨٥/٤/١١ سەرەك کۆماری ئەلبانیای کۆمۆنیستی – ئەنوەرخواجە – ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەلاتدار بوو ، کە لەم ڕۆژەدا کۆچی دوایی کردووە.

١٩٨٥/٤/٢٥ کۆچـی دوایـی نووسـەرو ئـەدیبی فەرەنـسی – ژان ژینیـێ – لــە میوانخانەیەکی بچووك لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا . دوای چەند ڕۆژێك لە مردنی – سیمۆن دویۆڤوار – کۆچی دوایی دەکات . پاش خۆی بە ماوەیەکی کەم ڕۆمانی – ئەسیری عشق – ی بلاودەکرێتەوە .

جگە لەوبەرهەمانەی کە ناویان دێنین ، هەروا کۆمـەڵێك پـەرتووکی دیکـەی لـە شانۆننامەو ڕۆمـان نووسـیووە ، لەوانـە – نۆتردام – و – گـوڵ – لـە چـاوەڕوانی مردنـدا – و – ڕۆژەکـانی دز – کـە لـەم بەرهەمـەی دوایـی هەوڵیداوە بۆ نـاخی دز بڕوات و هـەموو ڕەهەندەکانی چاکسازی خانـەش دەردەبڕێت لە نووسینەکانیدا .

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە – ژان ژینیـێ – لـە ١٩١٠/١٢/١٩ لـە بـاوك و دایکێکـی نادیـار چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە ، دوای ئـەوەی تەمـەنی ژان دەگاتە ١٤ ساڵان لە ساڵی ١٩١٥ هۆگری نووسین دەبێت و ڕوانینـی خـۆی

لە ئاست بێ بەشی و کلۆڵی دەردەبرێت .
هەندەی پێ ناچێت بە تۆمەتی دزی دەکەوێتە بەندیخانەی – لارۆکیت – و ماوەی سێ مانگ تێیدا بە سەر دەبات . دوای ئازاد کردنی بە ماوەیەکی کەم بە تۆمەتی سەر کەووتنە شەمەندەفەرو کەوتنە ڕێگا بە بێ برینی بلێت جارێکی دیکە دەستگیر دەکرێت و بۆ دەزگای چاکسازی – میترای – کشتووکاڵی رەوانە دەکرێت .
ئەم شووێنەش وەك سەربازگەیەکی نەوجەوانان وابوو ، کە لە یاسا دەر چوون و پاش هاتنە دەرەوەی لەم شووێنەدا ، وەك کەسێکی بێ نەوا ناوی خۆی لە ریزی خۆبەخشانی سووپا تۆمار دەکات .
هەروا دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٠ لە گەڵ بەشێك لە هێزی سووپای وولاتەکەی بۆ سووریا دەنێردرێت . کە ئەوکات ئەو هەرێمە بەشێك بوو لە داگیرکەرانی فەرەنسا . لەو ناوچەیەدا ژان ژێنیێ بەشداری لە دروستکردنی قەلایەکی بچووکی سەربازی دەکات .
کە ئێستا ئەم قەلاتە وەك شووێنەوار ماوەتەوە ، دوای ساڵێك دەگەرێتەوە ناو ژیانی مەدەنی و گەشت بۆ وولاتی ئەسپانیا دەکات . بەلام لەو کارەی بێ توانا دەبێت و جارێکی دیکە دەگەرێتەوە بۆ رێزی سووپاو ، دوای ماوەیەك لە ریزی سووپا رادەکات و بەم هۆکارەش بریاری هەلاتنی لە سەربازی بۆ دەر دەچێت .
جا بۆ ئەوەی لەو سزایە رزگاری بێت گەشتێکی دوورو درێژ بەرەو وولاتانی ئەورووپا ئەنجام دەدات . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٧ دەگەرێتەوە بۆ شاری پاریس .
بەلام بە هۆی ئەنجام دانی چەندین تاوانی دزی ، وەك پەرتووك و کراس . دەخرێتە بەندیخانە ، هەروا لە ساڵی ١٩٤٢ کە لە بەندیخانە دەبێت پەرتووکێك بە ناوی – خانمی گووڵەکان – دەنووسێ .
ئەم نووسەرە ئەدیبە لە ماوەی ژیانیدا زۆر ئێش و ئازاری دیووەو لە هەمان کات لە نووسینەکانی بەردەوام بووە هەر وەك لە سەرەوە ئامارژەم پێکردووە ، کە بە دەیا کتێبی بە پێزو بەهرەداری خستۆتە بەر دەستی

خووێنەران و گەل و بە بڵاوکردنەوەی بە دەیا بابەتی رامیاری و کۆمەڵایەتی و زانستی ، تا ماڵئاوایی لە خووێنەران و ئەدەب دۆستان لە دەکات لە جیهان و لە وڵاتەکەیدا

١٩٨٥/٥/٤ · نووسراوی بەرێوەبەرێتی گشتی ئاسایش – ئەمن – رژێمی بەعس لە ئێراق بە ژمارە /٣٤٤٧٨/٣ دەرچووە ، لە بارەی کۆچکردنی کورد نووسراوە بۆ شاری کەرکوك ... بەڵگەنامەکە هیچ گۆرانکاریەك لە کێشەی نیشتەجێ بوون لە پارێزگای کەرکوك دا رێگەی پێنادرێت تاکوو لێژنەی کاروباری باکووری – ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش – و بەرێوەبەریەتی ئەمنیەکانی رژێمی بەعس لە ئێراق بیروورای خۆیانی لە سەر دەرنەبرن .

ئەمەش بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد ونهێنی لەبارەی ئەو کەسەوە وهۆی نیشتەجێ بوونی لە پارێزگای کەرکوك لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق .

١٩٨٥/٦/٩ فرۆکە جەنگیەکانی سووپای رژێمی بەعس لە ئێراق هێرشیان کردە سەر گوندی زێوەی سەر بە پارێزگای هەولێر بە چەکی کیمیایی، کە بووە هۆی شەهید کردنی زیاتر لە٢٠٠ هاووڵاتی کورد ، کە یەکەم شەهیدی چەکی کیمیایی لە هەرێمی باشووری کوردستان شەهید ئارامی تەمەن دووساڵان بوو لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٥/٦/٩ هەشت فرۆکەی جەنگی رژێمی دکتاتۆری بەعس لە ئێراق ، لە هێرشێکدا ئۆردوگای زیوەیان بۆمباران کرد، بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك کە کارەساتێکی دیکە ی دروست کرد , کەزیاتر لە ١٢٠ شەهیدو ٤٠٠ زامداری لێکەوتەوە. کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ و پەککەوتە بوون .

شایانی باسە ئۆردووگای زێوە لە ساڵی ١٩٧٥ پاش نسکۆی شۆرشی ئەیلول لەلایەن رژێمی ئەوسای ئێراق بۆ پەنابەرانی کوردی باشووری کوردستان لکێنراو بە ئێراق دروستکرابوو ... کە دەکەوێتە ناو دەشتی مەرگەوەر . ئەو ئۆردوگایە تاکوو ساڵی ١٩٧٩ بە چۆڵی مایەووەو دوا بە دوای سەرهەڵدانی شۆرشی گەلی کوردستان لە میانەی پرۆسەی جینۆساید کردنی کوردستان لەلایەن رژێمی بەعسی لە ئێراق . ئەویش بە

راگواستنی گوندنشینەکانی کوردستان بۆ باشووری ئێراق .
لەلایەکی دیکەوە بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەی زۆر لە هاولاتیانی کورد لە کوردستانەوە رووبکەنەوە ناوچە ئازادکراوەکان کە زۆربەیان پیرو پەککەوتە بوون ... ژمارەی پەنا بەرانی کورد زیاتر لە ۳۰۰ هەزار خێزان بوون ... ئوردوگای زیووە لەساڵی ۱۹۸۱ تا کۆتایی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران لەساڵی ۱۹۸۸ چەندین جار کەوتە بەرهێرشی فرۆکەکانی رژێمی بەعسی لە ئێراق .

۱۹۸۵/٦/۲۰ کۆچی دوایی نووسەری ناوداری کورد - بورهان قانع - کە کوڕی شاعیری گەورەی ناوداری کوردستان مامۆستا قانع بووە ، کە بەدەیا بەرهەمی وەرگێڕاوی هەیە .

۱۹۸۵/۷/۱٦ رۆماننووسی ئەڵمانی ناودار خاتوو - هێنریش پولە- لە شاری بۆن کۆچی دوایی دەکات ...شایانی باسە هێنریش پۆلە لە ۱۹۱۷/۱۲/۲۱ لە شاری کۆلۆن چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... شایانی باسە خوێندنی قۆناخی ناوەندی تەواو کردووە ؛ ئەم خاتوونە لەچەندین پیشەدا کاری کردووەو زۆر بەخوێندنەوە خەریکە بووە بۆ بەدەست هێنانی زنیاریەکان لەهەموو بوارێکدا.

۱۹۸۵/۸/۱۵ بەرپاکردنی شۆرشی چەکداری لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە - ، لە باکووری کوردستانی لکێندراو بە تورکیا ، بە سەرکردایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان . دژی رژێمی تورکیای داگیر کەر ، لە پێناو بەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کوردستان .

۱۹۸۵/۹/۱ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر لە کاتی رژێمی بەعس لە ئێراق بە بڕیاری ژمارە/ ۲۲۷۹ ، ئەویش بە داخستنی ۲۰۰ قوتابخانە لە گوندەکانی پارێزگای هەولێر لەقەزاو ناحیەو گوندەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان.

۱۹۸۵/۹/۲۲ لیژنەی رێکخستنی ئەمنی رژێمی بەعس لە پارێزگای دهۆك بە بڕیاری ژمارە/ ۲۳٦ زیاتر لە ۲۰۸ قوتابخانەی لە قەزاو ناحیەو گوندەکان داخست لە باشووری کوردستان.

۱۹۸۵/۹/۲۸ نووسەرو خەباتگێری کورد مامۆستا - حەسەن قزلجی- لە ناو

زیندانەکانی ڕژێمی بەناو ئیسلامی ئێران کۆچی دوایی کردو چووە ڕیزی نەمرانی کوردو کوردستان.

١٩٨٥/١٠/١ لە ڕاپۆرتێکی دەزگای ئەمنستی ، لە شاری لە ندەنی پایتەختی بەریتانیا ، کە لە ٣/١٤ بلاوکرابووەوە ، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ٣٠٠ گەنجی کوردی لە سێدارە داوە لەشاری سلێمانی ، کە تەمەنیان لە نێوان ١٧ تا ٢٣ ساڵان بووە لە باشووری کوردستان.

١٩٨٥/١٠/٢ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای دهۆك بە بڕیاری ژمارە/ ٢٨٠ بڕیاری داخستنی ٥٧٥ قوتابخانەی لە قەزاو ناحیەو گوندەکانی پارێزگای دهۆك دا لە باشووری کوردستان.

١٩٨٥/١٠/٤ دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تاوانبار کردنی هێزەکانی ئاسمانی سووپای ئیسرائیل لە بەر هەڵسانی بە بۆردومان کردنی بارەگای ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە شاری توونسی پایتەختی کۆماری توونس لە لایەن هێزەکانی ئاسمانی سەربازی ئیسرائیل.

١٩٨٥/١٠/٣١ کۆچی دوایی نووسەرو ڕووناکبیر کەسایەتی ناوداری کوردی سۆڤیەت – قەناتی کوردۆ– لە شاری پترۆسپۆرگی ڕووسیای یەکگرتوو – لینینگرادی پێشوو–.. کە ڕۆڵی پەرچاوی هەبووە لەرۆشنبیرکردن و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد لەهەموو بوارەکانی زمان و مێژوو و داب و نەریت و کەلتوورو شووێنەوارو شارستانیەت لە کوردستاندا.

شایانی باسە کە قەناتیْ کوردۆ لە ١٩٠٩/٩/٢١ ، چاوی بە جیهان هەڵهیناوە لە گوندی – سویزی– لە ناوچەی قانزان لە هەرێمی قارس لە باکووری کوردستان... ناوی تەواوی قەنات کوردۆ کەلەش خدرو لە ئایین ئێزیدی بووە ، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٨ ، کە بەسەر ئەرمەندا زاڵ بوون .

بنەماڵەی قەناتی کوردۆو خەڵکی گوندەکەیان بەرەو ناوچەی ئەپارتەی ئەرمەنستانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا کەووتنە ڕێ و لە گوندی کوریلاخ نیشتەجێ بوون کە گوندی کوردان بوو ، دوای ئەوە تورك ئەو گوندەیان داگیرکردو لەوێش بەرەو گورستان بەرێکەوتن ، لەساڵی ١٩٢٠ باوکی حەماڵیْ دەکرد بۆ بژێووی ژیان..

١٩٨٥/١١/١٠ فڕۆکـه سـەربازیەکانی هێـزی ئاسمـانی ڕژێمـی بەعسی لـه ئێـراق، بووکـه شووشـەی مینکراویـان هەڵدایـه خـواریَ بـۆ سـەر گونـدەکانو شارۆچکەی ئاکریَ لـه باشـووری کوردسـتان ، ئـەویش لـه پێنـاو تـیرۆر کردنـی منـداڵی کوردو نانەوەی دوودڵیو نائارامی لەناوچەکەدا.

١٩٨٥/١٢/١١ پـچڕانی پەیوەنـدی ئـابووری لـه گـەڵ باشـووری ئـەفریکیا ، ئـەویش بـه بڕیـارێکی کۆمەڵـەی گـشتی نەتـەوه یـەکگرتووەکان . بـه هـۆی ئـاڵۆزیو نائـارامیو بـاری ڕامیاریـەتی ڕەگـەز پەرسـتیو دەسـەڵاتی تـاکڕەوی لـه ناووڵاتەکەدا.

١٩٨٥/١٢/٢٠ کۆچی دوایی نووسەرو ڕووناکبیرو شاعیری نەتەوەیی کورد مامۆستا سامی عەودالْ له باشووری کوردستان.

١٩٨٦

١٩٨٦/١/٨ کۆچی دوایی نووسەرو ڕووناکبیرو ڕۆماننووسی جیهانی به ناوبانگ خوان سینۆ کارلۆس پیریز له شاری مەکسیك.

١٩٨٦/١/١١ دەرچوونی بڕیـاری ژمار/ ٤٢ لە لایـەن سـەرۆکی ڕژێمـی بـەعس لـه ئێـراق سەدام حوسێن ، که پارێزکاری کەرکوك ڕاسپێردراوه بۆ ئـەوەی کـه پارچـه زەوی بــه هــەموو پێوویــستیەکانیەوه دابــین بکــات بــۆ ئــەو عەرەبانــەی دەنێردرێنـه پارێزگـای کـەرکوك ، هـەروا ئەوکەسـانه لەکـەرکوك نـشتەجێ بکرێـتو بەشـی دابـین کردنـی پێوویـستەکانیان و مەرجـەکانی هـاتنی ئەوعەرەبانـه بـەپێی برگـه یاسـایەکانیان کـڕینو فرۆشـتن لەسـەر ئـەو زەویانـەی کـه پێیـان دەدرێـت نـەکرێت بـەفراوان کردنـی بەعـەرەبکردنی باشووری خاکی کوردستان.

١٩٨٦/١/٢٠ کۆچی دوایی گۆرانی بێژی دەنگ خۆشی ناسراوی کورد – ئەیاز زاخولی – لە شاری مووسڵ ، کە لە دایك بووی شاری دهۆکە لە باشووری کوردستان .
ئەویش بە هۆی کارەساتی خۆ لێکدانی ئوتومبێل لە نێوان رێگای دهۆك و مووسڵ و دوای چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدا .

١٩٨٦/١/٢٨ تەقینەوەی مەکوکی ئاسمانی ئەمەریکی– تشالنژەر– لە دوای بەرز بوونەوەی بە چەند چرکەیەك لە سەر وولایەتی فلوریدای ئەمەریکا، کە هۆکارەکەی کەووتن خوارەوەی ، ئەویش بە تێك چوونی سەمامێکی مەتایی بوو کە بووە هۆی گیان لەدەست دانی ستافەکەی ، کە لە حەوت زانا پێك هاتبوون لەوانیش دوانیان ئافرەت بوون.

١٩٨٦ /٢/٢٧ کۆچی دوایی کەسایەتی پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان خدر ئەحمەد پاشا ناسراو بە خدری پاشا.. ناوبراو لە دایك بووی گوندی قووشاخلوی سەر بەناحیەی قووشتەپەی پارێزگای هەولێرە لە باشووری کوردستان ... ناوبراو پیاوێك بوو لەبنەماڵە ناودارەکانی پارێزگای هەولێر ، کە بنەماڵەی پاشای پێ دەگووترێ... ناوبراو لەساڵی ١٩٣٧ تاکوو ١٩٥٨ ئەندانی ئەنجوومەنی نووێنەرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق بووە ، وەك نووێنەری پارێزگای هەولێر.. گۆری خدر ئەحمەد پاشا لە گۆرستانی

گوندی قووشاخلوه له ناوچەکەدا.

١٩٨٦/٣/٧ بـەڕێزان مـام جـەلال تالـەبانی و ئیـدریس بـارزانی لـە رۆژهـەلاتی کوردسـتانی داگـیر کـراوی ژێـر دەسـەلاتی ئێـران ، کۆبوونەوەیـەکیان

ئەنجامداو لە ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیەدا رێکەوتنی ئاشت بوونەوەیان مۆرکردو ڕایانگەیاند .

ئەویش بـە نـاوی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانو یەکیـەتی نیـشتمانی کوردستان ، بلاوکراوە ، کە کاردانەوەی کاریگەری هەبوو لەسەر تێکڕای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستان.

١٩٨٦/٣/٢٦ بەرپابوونی کودەتای سەربازی لە شاری خەرتوومی پایتەختی سوودان ، بەسـەرکردایەتی وەزیـری بـەرگری عەبـدولرەحمان سـووارزەهەب ، لەگـەلْ ژمارەیەك لەئەفسەرەکانی و ئەنجوومەنێکی سەربازیان پێك هێنا لە سەر وولاتەکەدا.

١٩٨٦/٤/١٧ روونـاکبیرو شـاعری گـەورەی نەتـەوەیی و نیشتمانی نـاوداری کـورد مامۆسـتا هـێمن مالئـاوایی لـە گـەل و نیـشتیمانەکەی کـرد لـە ڕۆژهـەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێـر دەسـەلاتی رژێمی ئێران ، ئەویش دوای گەڕانەوەی لـە هەنـدەران بـە تایبـەتی لـە ئێـراق بـۆ ئێران.

مامۆستا هێمن لە بەهاری سالی ١٩٢١ شەوی جەژن لە گوندی لاچین لە نزیك سابلاخ چاوی بە جیهان هەلهێناوە ، ئەم شاعیرە بە هۆی هەلوێستە

نەتەوەیی و نیشتیمانیەکەی ئێش و ئازاری زۆری چەشتووە و دەربەدەر کراوە لە لایەن رێمی شای ئێران لە ناو گەل و لەسەر خاکی نیشتیمانەکەیا .

١٩٨٦/٤/٢٤ تەقینەوەی وویستگەی ئەتۆمی – تشرنۆبل – لە کۆماری ئۆکرانیای یەکێتی سۆڤیەت ، کە بووە هۆی کارەساتێکی گەورەی ئەتۆمی نێو دەوڵەتی لە جیهان ، کە کاردانەوەی لە سەرباری مرۆڤو ژینگەیی لە سەر ناوچەکەو وولاتەکەو جیهان ، هەروا کاردانەوەی کاریگەری بەردەوامی هەبوو و دەبێ لەسەر ژیانی گەلانی ئۆکۆانیا و لە کێشووەرەکەدا .

١٩٨٦/٤/٢٨ شاندی هونەری پارێزگای سلێمانی بە سەرپەرشتی – ئەنوەر قەرەداغی – بەرەو شاری تکریت – پارێزگای سەلاحەدین ... چوون بۆ بەشداری کردن لە یادی لە دایکبوونی سەرەك کۆماری و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەکردایەتی شۆرشی رژێمی بەعس لە ئێراق – سەدام حوسین – ، تەواوی ئەو گۆرانیانەی کە لەو رۆژەدا هەر یەك لە قوتابییانی – دار المعلمات – و – ئامادەییەکان و قوتابخانە پیشەییەکان و چالاکی قوتابخانەکان – دەڵێن :-

دابەشکردنی مۆزیکاکانیان لەلایەن ئەنوەر قەرەداغی بۆ کرابوو ... ئەمە جگە لەوەی کە ئەو خەڵکەی ئەنوەر قەرەداغی بردبوونی بۆ شاری تکریت ، حەوت پاسی گەورە بووەو ناوبراو هەرەشەی لە باوکی ئەو کچانە کردووە ، کە ئەگەر کچەکانیان بۆ تکریت نەنێرن ، ئەوا شکاتیان لێ دەکات ، لەکاتێکدا ئەو کچانە قوتابی بوون نەك گۆران بێژ ... خەرجی ئەم کارانەش لەسەر بوودجەی بەعسی دەسەلاتدار بووەو جگە لە پاداشتی ئەنوەر قەرەداغی .

جێگەی باسکردنە کە ئەو گۆرانی بێژوو هوونەرمەندو نووسەرو رۆژنامەنووسانەی تاکوو راپەرینەکەی بەهاری / ۱۹۹۱ خزمەتی بەعسیان کردووەو بە بەژن و بالای بەعسیان دا هەلگوتووە ... ئەمرۆ پێویست ناکات خۆیان بکەن بە نیشتیمان پەروەرو شۆرشگێر بەرامبەر بەراستگۆ و خۆراگرەکانی کە پێنووسی ئەم هونەرمەندو نووسەرو رۆژنامەنووسانە قەدەخەکراو بوون لەسەر دەمی بەعس لە ئێراق بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستاندا .

جا من نامەوێ یەکە یەکە ناوەکانیان بێنم ، بەلام دەتوانن بگەرێنەوە سەر . گۆڤاری لڤین و هاولاتی و جەماوەر و چەندین رۆژنامەو گۆڤاری دیکە ... بەلام کێشەو ململانێی نێوان پارتی و یەکیەتی وای کرد ، کە ئەمانە ببنە شۆرشگێر و پێنووسی راستگۆ .

بەلام مێژووی جوولانەوەی کورد نەفرەت لەوانە و پارمەتی دەرەکانیان و دەنگ و پێنووسەکانیان لە دەکات لە ئێستاو لە داهاتوو لە لایەن گەلی کورد لە کوردستان .

۱۹۸٦/۸/۲۱ زانایانی یەکیەتی سۆڤیەت لە بواری ئەتۆمی بلاویان کردەوە ، کە کارەساتی وێستگەی ئەتۆمی تشرنۆبڵ لە کۆماری ئۆکرانیا کاردانەوەی کاریگەری هەیە لە ناوچەکەدا بۆ ماوەی حەفتا سالی داهاتوو لەناوچەکەدا ، کە دەبێتە هۆی مردنی زیاتر لە ٤٨٠٠ مندال و ١٥٠ هەزار هاوولاتی دیکەش ، کە تووشی نەخۆشی جۆراو جۆر هاتوون و دێن لەئایندەدا.

۱۹۸٦/۸/۳۰ کۆچی دوایی پەیکەرتاشی بەناوبانگی سەدەی بیستەم – هنری سەبنسەر مۆر – لە دوای ململانێی دژواری بەردەوام لەگەڵ نەخۆشیەکانی ، ئێستاش لە زۆر گۆرەپانو باخچەو سەنتەرەکانی دیکەی نێوو شارو بەردەم تەلارە مەزنەکان بە چاو دەکەوێت ، نەك هەر لە ئەوروپا بەڵکوو لەئەمەریکای باشووریش دەبینرێت لە ناوچەو کێشووەرەکەدا.

۱۹۸٦/۹/۲۹ پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی بێخمە درایە دەست کۆمپانیای هاوبەشی نێوان کۆمپانیای - ئانکا - ی تورکی و کۆمپانیای - هیدرۆکردینیا –ی یوگسلاڤ پێشوو ... هەروا تەندەری کاری کەهرۆ ئاوییەکەش – واتە پرۆژەی کارەبایەکەش – بەگوێرەی گرێبەستێك لە ۱۹۸۸/۱۰/۱ درا بە کۆمپانیای – ئانکرا – ی یۆگسلاڤ ، پارەی تێچوونی هەردوو گرێبەستەکەش بە ملیارێك و ۷٥۰ ملیۆن دۆلار مۆرکرا .

هەروا کاتی دەست پێکردنی پرۆژەکە سەرەتای ساڵی ۱۹۸۷ بوو ... لە ماوەی نێوان ساڵی ۱۹۸۷ تاکوو داگیرکردنی کوێت لە ساڵی ۱۹۹۱ لە ۳٤٪ ی پرۆژەکە ئەنجامدرابوو ... واتە لە ۳٤٪ تەواوبووەو لە ۷٦٪ ماوە ، ئەمەش لە دوای فرۆشتن وبە تالان بردنی هەموو کەل وپەل و شمەکەکانی کاری پرۆژەکە لەلایەن بەرپرسان و کەسانی دیکەی سەرەك هۆزەکان بە برێك پارە لەلایەن سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان .

چۆنیەتی پرۆژەی بەنداوی بێخمە کە بەگوێرەی لێکۆلینەوەکەی کۆمپانیای EPDC یابانی ... پرۆژەی بەنداوی بێخمە دەکەوێتە سەر زێی گەورە لە نزیك گوندی بێخمە لە سەر ئەو دەربەندەی کەچیای پیران دەبرێ و نزیکەی ٥۰ کیلۆمەتر لە شارۆچکەی شاقلاوە دوورە ... جۆری بەنداوەکە بەردیرووکامیەی بە درێژایی بەنداوەکە ۲۳۰ مەترە ... هەروا درێژیەکەی لە سەرەوە ۱٥ مەترە ... گەورەترین پانیشی لەژێر ئاوەوە ۱۰٥۰ مەترە ... بەنداوەکە ٦۰٤ مەتر لەسەر ئاستی دەریاوە بەرزە .

بەنداوی بێخمە

هەروا توانای گلدانەوەی ١٧ ملیار مەتر سێجای ئاوی هەیە ... هەروا ١٥ دەرگای هەیە کە ٣ دەرگای بۆ ئاو لە بەر رۆیشتنەو ٢ دەرگای بۆ چۆڵکردنە ... هەروا توانای بەرهەم هێنانی وزەی کارەبای ساڵانەی ١٥٠٠ میگاواتە ... کە وێستگەی کارەباکەی لە ٦ تۆربین پێك هاتووە .. کە هەر تۆربینەی ٢٥٦ میگاوات کارەبا بەرهەمدێنێ ... هەروا رووبەری بەنداوەکە – حەوز– ٢٢٣ کیلۆمەتر سێجا دادە پۆشێ لە زەوی کە ٦٠ گوند لەخۆ دەگرێ و ٣٠ گوندی عەشیرەتی سورچی و ٣٠ گوندی بارزانیەکان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شووێنە هەرە بە ناوبانگەکانی کوردستان بە ئاو دادە پۆشرێ وەك شووێنەواری شانەدەرو رێزان و بلێ و بارزان ... لە گەڵ ئەوەشدا ئەم پرۆژەیە گەر لە داهاتوو بەشێوەیەکی گونجاو لەبار لەسەر بنەمای توێژینەوەیەکی زانستیانەی سەردەمی و بە ئامارەکانی تەکنۆلۆژیای سەردەمی دەتوانرێ دەشتی هەولێر و کەندیناوەو قەراجیش ئاودێر بکات ، بەدروستکردنی چەندین رووبار لەسەر بەنداوەکە و بەرەو ئەو شوێنانەی کە باسمان کردن لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٨٦/١١/٧ هونەرمەنـــدو گـــۆرانی بێـــژو ماموستای زانکۆی سەلاحەدین ، ماموستا شەماڵ سائیب لە شاری سلێمانی لـە هـەرێمی باشووری کورنستان کۆچی دوایی کرد .

١٩٨٦/١١/١١ بـــەبڕیاری پارێزگـــاری پارێزگـــای حەســـەکە بەشـــێوەیەکی فـــەرمی بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەخە کرا لە شارو شارۆچکەو گوندنەکان ، لە شووێنی کارکردن لە ڕۆژئاوای کوردستانی لکێنراو بە سووریا .

١٩٨٦/١١/١٤ بڕیـاری ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ڕژێمـی بـەعس لـە ئێـراق بەژمارە/ ٨٤٠ ، کە تیایدا هاتیە :-

ئـەویش بەنـدکردنی هـەر کەسـێکی جـووێن یـاخوود ئیهانـەی سـەرەك کۆماری سەرکردایەتی شۆڕش‌و پارتی بەعس‌و ئەندامانی ئەنجوومـەن بکا بە بەندکردنی هەتاهەتا لە ناو ئێراقدا .

١٩٨٦/١٢/١٧ هونەرمەندو گۆرانی بێژی ناوداری کـورد ماموسـتا محەمـەد عـارف جـەزراوی لـە شـاری دهـۆك کۆچـی دوایی کردووە .

١٩٨٧

١٩٨٧/١/١٥ ڕژێمـی بـەعس لـە ئێـراق لاشـەی -- ٧٠- منـداڵی کـوردی دایـەوە دەسـت کەس‌و کاریان ، کە تەمەنیان لەنێوان ١٣ تـا ١٦ سـاڵ بـوو، شایانی باسـە کەتەمـــەنیان گـەرووەکرا بـوو ، بـۆ ئـەوەی فـەرمانی کووشـتنیان بیـان

گرێتـــەوەو لـــە هـــەمان كـــات بـــۆ هەریـــەكیان -٣٠- دینـــاری سوویـــسری لەكـەس و كاریـان وەرگـرت ، كـە نرخـی خنكانـدنیان بـوو لەگـەڵ ئەوەشـدا دانانی پرسەكەشیان لێقەدەخەكردن.

١٩٨٧/١/١٨ كۆچی دوایی گۆرانی بێژی ناوداری كورد - خـودادا عـەلی- لـە ئـەنجامی نەخۆشیەكی كووشـندەو هـەژاری و كەساسـی، كـە گۆڕەكـەی لـە نزیـك-ئەلوەن- لە گۆڕستانی شار نێژراوە لەشاری سلێمانی لەهەرێمی باشووری كوردستان.

١٩٨٧/١/٣١ ســـەركردەی كـــورد - ئیـــدریس بـــارزانی- لـــە شارۆچـــكەی - ســـلیڤانی- ســـەر بەناوچـــەی پارێزگـــای ورمـــێی ڕۆژهـــەڵاتی كوردســـتانی داگـیر كـراوی ژێـر دەسەڵاتی ئێران ، ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەكەی كرد ، كە ئەمـــەش بـــووە هـــۆی لەدەســـت دانـــــــی ســـــــەركردەیەكی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە كوردستان.

جێگەی باسكردنە كە سەركردەی كورد لە باشووری كوردستان لە سالی ١٩٤٤ لـە گونـدی بـارزانی سـەر بـە پارێزگـای هـەولێر چـاوی بـەجیهان هـەڵهێناوە ، ئـەم كەسـایەتیە كوری سـەركەدەی كـورد مستەفا بارزانیـە ، ئیـدریس بـارزانی لـە تەمـەنی مندالیـەوە لـە نـاو ئـێش و ئـازاری گـەل و نیـشتیمانەكەیدا پـەروەردە كـراوەو بەشـداری تـەواوی لـە خـەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد كردووە لە هەرێمەكەدا .

هـەروا ڕۆڵـی بالای هـەبووە لـە چارە سـەر كردنـی كێشەكان و بەشداری ڕێكووتننامـەی ئاداری /١٩٧٠ كـردووە لـە گـەڵ حكوومـەتی ناوەنـدی لـە شاری بەغدا ، ئەم كەسایەتیە دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول ڕۆڵـی بالای هەبووە لە دووبارە دەستپێكردنەوەی شۆڕشی گەلی كوردستان لە هـەرێمی باشووری كوردستاندا .

١٩٨٧/٢/١ کردنەوەی بەشی کوردی لە رادیۆی – دورتمۆند – ئەلمانیا – کرایەوە ... ماوەکەی یەك کاتژمێر بوو ... ئەم وێستگەیە بە ٨ زمان بەرنامەکانی خۆی بەخش دەکرد ، لە ئەلمانیاو دەورووبەری لە کێشوەلرەکدا .

١٩٨٧/٢/٢ لە ڕاپرسی گەلانی فلیپین دەستووری نوێی وولاتەکەیان ڕاگەیاند بەپێك هێنانی دوو ئەنجوومەن ، ئەویش ئەنجوومەنی پیران کە ژمارەیان ٢٤ ئەندام بوو ، لەگەڵ ئەنجوومەنی نووێنەران کە ژمارەیان ٢٥٠ ئەندام بوو، بە دیاریکردنی دەسەلاتی سەرۆك کۆمار بۆ ماوەی شەش ساڵ ، کەنابێ دووبارە خۆی هەڵبژێرێتەوە بۆ پۆستی سەرەك کۆمار لە وولاتەکەدا .

١٩٨٧/٢/٢٧ زاناکان ئەوەیان سەلماندووە کە هەموو ئەستێرەیەك لەو گەردوونەدا ماوەی ژیانی خۆی هەیە ، وەك هەر گیان لە بەرێکی دیکەو هەر یەکە بە پێی بوونی خۆی ... جا ئەستێرە بێت ، یاخوود رۆژ بێت یاخوود دارو درەخیت وگژوگیا و ئاژەڵ و زیندەوەربێت ، یاخوود مرۆڤ بێت .

که لە سەرەتا لە دایك بوونەو دوایی گەشەکردنەو دوایی پێگەیشتووەو دوایی لەکاتی ئامادەیەو دوایی بەرەو مردن ... بە هۆی کامێرای تلسکۆبی پێشکەوتوو بەتایبەتی لە سەدەی بیست و یەك , زانستی نوێ ئەوەی سەلماندووە کە سەدا ئەستێرە تووشی ئێش و ئازار دەبێت .

ئەویش بە هۆی تێك هەڵکشاوی گەردیلە جۆراوجۆرەکان و کۆتایی هاتنی ماوەی ژیانی ئەم جۆرە گەردیلانە ، کە هەر ئەستێرەیەك بە ملیۆن گەردیلەی ترشاتی و سووری و شیرینی و ئاسنی و مزرو گەردیلەی دیکەی کیمیاوی و فیزیاوی تیایەو، بەردەوام دەبێت لە جمووجۆڵی لە ماوەی ژیانی ئەم ئەستێرەدا .

بۆ نموونـه لـه ٢/٢٧ ئەستێرەیەكی زەبەلاح دەركـەوت بـەناوی – سـووبەر نۆڤا – كە ئەویش وەك پێكهاتەیەكی دەرئەنجامی روناكیـەك بێـت ، كـه لـه ئەنجامی تەقینەوە هاتبێتە كایەوە لە ئەستێرەی دیكەی زەبەلاح بەناوی – سندیلیك – كە تەقینەوەكەی بەر لـه ١٧٠,٠٠٠ هـەزار سـاڵ بـەر لـه ئێستا روویداووە .

بەڵام لەم رۆژە ئەم روناكیەی گەیشتۆتە سەر زەوی ... واتـه رووناكی ئـەو تەقینەوەیـه لـه دوای ١٧٠,٠٠٠ هـەزار سـاڵ رووناكی لـه تەقینەوەكـەی گەیشتۆتە ئێمە و ئەو ئەستێرەیەش ١٥٠,٠٠٠ هەزار ساڵ رووناكیە .

سەرچاوە:– ايات العلوم الكونيه – بەرگی ٢/١ لە ١٤٧ كۆمەڵە زانای جیهانی كە ژمارەی ١٦٩ زانا و توێژەر بەشداری تیاكردووە . چاپی یەكەم /٢٠٠٧ .

١٩٨٧/٢/٢٨ رژێمی بەعسی لە ئێراق ، لە ماوەی شەڕی لـه گـەڵ رژێمـی ئێـران – ١٠٠– مووشەكی – سكۆت/ب– هاویشتە سەر شـارەكانی ئێـران لەوانـه – ٨٩– مووشەك تەنیا بۆ سەر شاری تارانی پایتەخت بوو.

بەڵام ئێران – ١٢٥– مووشەكی هاویشت بۆ سەر شارەكانی ئێراق لەوانه – ٣٤–مووشـەك بـۆ سەر شاری بەغدای پایتـەختی ئێراق بـوو لـه مـاوەی شەڕ لە نێوانیاندا .

١٩٨٧/٣/١٦ لـه بڕیارێكی سـەركردایەتی رژێمـی بەعسی لـه ئێـراق ، بـه سـەركردایەتی سەدام حوسێن ، ئەویش بەگۆڕینی باری كرێكار بۆ فەرمانبەر لە هەموو

دامو دەزگاکانی دەوڵەتی ئێراق ، بەتایبەتی لە کارگەو پرۆژە هەمەلایەنەکان لە وڵاتەکەدا .

١٩٨٧/٤/٩ پەرلەمانی ئەوروپا لە بڕیارێکی نارەزایی خۆی ڕاگەیاند ، لە بارەی گرتن‌و ئازاردان‌و شەهیدکردنی ٣٠٠ منداڵی کورد لە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان ، کە لەلایەن سیخوڕەکانی بەعسی لە ئێراق ئەنجام درابوو لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٧/٤/١٥ هێرشی کیمیابارانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، بۆسەر گوندی شێخ وەسانان ئەنجامدرا ، کە بووە هۆی شەهید بوونی بەدەیان هاووڵاتی کورد ، کە ٢٦ ئافرەت‌و ٥٥ منداڵی تێدا بووە قوربانی، لەهەمان ڕۆژ ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بەکتریای – تیفۆئیدی- لەدژی کۆمەڵگای پەنابەرە کوردەکانی تورکیا بەکار هێنا.

١٩٨٧/٤/١٦ گوندی شێخ وەسانان لە دوای کەوتنە بەرشالاوی چەکی کیمیاوی ، ئەوانەی بوونە قوربانی‌و هاووڵاتیانی دیکەش بەتراکتۆرو ئۆتۆمبێل هەڵدێن‌و ڕوو لە نەخۆشخانەکانی شارۆچکەی رانیە و شاری هەولێر لەهەرێمی باشووری کوردستان دەکەن ، بۆ تیمار کردن .

بەڵام لە ناو نەخۆشخانە لەلایەن پیاوانی ئەمنی بەعسی پارێزگای هەولێر رفێندران و لە ڕۆژی ٤/١٧ لە گۆڕی بەکۆمەڵ زیندە بەچالکران لە گۆڕستانی کارگەی قیر لە باشووری شاری هەولێر لە سەر ڕێگای مەخمور هەولێر لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٧/٤/١٩ بە هۆی هەڕەشەکانی رژێمی ئیسلامە لە ئێران ، لە سەر وڵاتانی کەنداو ، بە تایبەتی کوەیت‌و سعوودیە ، لەو کاتەش کوەیت هەوڵی پاراستنی وڵاتەکەی دەدا ، و لە لایەکی دیکە ئەمەریکا پشتگیری دوولایەنەی پەیڕەو دەکرد .

لەو کاتەش سەیر بوو کە بەرپرسی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا – کاترین کۆتشی- سەردانی کوەیتی کردو لە گەڵ وەزیری دەرەوەی کوەیت‌و جێگری سەرەك وەزیرانی کوەیت – سەباح ئەحمەد ئەلسەباح – کۆبوونەوەو پێی ڕاگەیاند ، کە شەڕی سارد لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت‌و ئەمەریکا هێشتا کۆتایی نەهاتووەو دوورنییە ڕووبەڕووبوونەوە

لەنێوان ئەمەریکاو سۆڤیەتی ئەنجام بدرێ.
لە بەر ئەوە دەبێ رەزامەندی سۆڤیەت وەرگیرێ بۆ هێوورکردنەوەی بارو دۆخەکە لەرۆژهەڵاتی ناوین ،و لەلایەکی دیکەش سۆڤیەت خواست یاری ئەوە بوو ، کە هێزەکانی سووپای لەدەریاکان لەسەر کەنداو بڵاوبێتەوە لەپێناو بەدی هێنانی مەرامەکانی چ لە کەنداو چ بەرامبەر ئەمەریکاو ئێران لە ناوچەکەدا ...هتد.

١٩٨٧/٥/٧ کۆچــی دوایـــی نووســـەرو رۆژنامـــەوان و کارمەنـــدی خزمــەتگوزاری شــارەوانی لــە پارێزگــای هــەولێر مامۆســتا– محەمەد مەولود – ناسراو بە – مـەم – بەنەخۆشـیەکی کوشـندە لـە یــەکێك لەنەخۆشـخانەکانی شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ... دوای کۆچی دوایی ، تەرمە پیرۆزەکەی لە گۆرستانی قەزای شەقڵاوە نێژراوە .

شایانی باسە مامۆستا مەم لە ساڵی ١٩٢٧ لە هاوینە هەواری شەقڵاوە لە بنەماڵەیەکی ئاوارەی لە بنەچەدا خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان چاو بە جیهـان هەڵـدێنێ ، قۆناخـەکانی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە شارۆچـکەی شەقڵاوە تەواو دەکات ، بەڵام بە هۆی هـەژاری و کـەم دەرامـەتی نـاتوانێ لە خوێندن بەردەوام بێت .
نووسەر بەنووسینی شیعر چۆتە مەیدانی ئەدەبی وردی و پلەی ئەدەبی ز کـوردی و لـە دواییـدا بووتـە چـیرۆك نووسـێکی راسـتەقینەو ، یەکـەم تاقیکردنـەوەی چـیرۆك نووسـینی دەگەرێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٥١، کـە چیرۆکێکی بەناوی – برسیەتی بەهێزترە– نووسیووە .
دوای ئەویش زنجیرە چیرۆکێکی سەرکەوتووی نووسی و لەساڵی ١٩٥٧ دەستی بەبڵاوکردنـەوەی چیرۆکەکانی لەگۆڤارەکانی – هیـوا ، بلێسە – رۆژی نــوێ – کــرد ، دوای رێکەوتنامـــەی ١٩٧٠/٣/١١ بەرهەمـــەکانی

لەگۆڤاری هەولێرو رۆژنامەی برایەتی و رۆژی کوردستان بلاوکردۆتەوە.
مامۆستا یەکەم چیرۆك نووس بووە کە چیرۆکەکانی وەرگێرابێتە سەر زمانی ئەوروپایی ... چیرۆکەکانی لە دوو بەرگدا لەسالی ١٩٧٠ - ١٩٨٤ بلاوکردۆتەوە . مامۆستا لەکارە پیرۆزەکانی بەردەوام بووە تاکوو مالئاوایی لەگەل و نیشتیمانەکەی کردووە لەباشووری کوردستان .

١٩٨٧/٥/١٨ بەهۆی هەلەی یەکێك لە فرۆکە سەربازیەکانی سووپای ئێراق بە دەست نیشان کردنی رەگەزی - ترادی- ئەمەریکی لە نزیك کەناری بەحرێن کە تەرادی - ستارك- بوو ، لەو کاتەش مووشکەکانی هێزەکانی سووپای ئێران لەکەنارەکە بوون ، بەمووشکی جۆری لێجیدا - ئەکزۆسیست-و لە ئەنجام بووە هۆی کووشتنی ٢٨ لەئەفسەرو دەریاوانەکان .
لەوکاتەش سەرۆکی ئەمەریکا رۆلاند رێگان هەرەشەی لەئێران کرد سەرەرای ئەوەی کەهاوێشتنی موشەکەکە ئێران نەبوو ، بەلکوو ئێراق و بوو، دوای ئەوە داوای لێبووردنی لە ئەمەریکا کردو قەرەبووی خێزانە کووژراوەکانی کردەوە هەر خێزانێکی بە - ٨٠٠٠- هەزار دۆلاری ئەمەریکی لە لایەن ئێراق .

١٩٨٧/٥/٢٩ سکرتێری گشتی مەکتەبی باکووری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی لە ئێراق - عەلی حەسەن مەجید - دەسەلاتێکی ئەوتۆی پێدرابوو .
کە لە باکووری ئێراقدا هاوتای دەسەلاتی سەدام حوسێن بوو کە دەسەلاتی بە سەر هەموو دەزگاکانی دەولەتدا دەشکا .
شایانی باسە عەلی کیمیاوی خاوەنی بروانامەی خوێندن نەبوو ، کە نائبی - واتە جێگر - و عەریفی سەربازی بوو لە رێزی سووپای ئێراق .
بەلام لە بنەمالەی سەدام و خەیروللا تلفاح بوو ، کە باوکی عەدنان خەیروللای وەزیری بەرگری ئێراق بوو ، ئەم دەسەلاتەش تاکوو ١٩٨٩/٤/٢٣ بەردەوام بوو لەناو سەرکردایەتی پارتی بەعسی لە ئێراق .

١٩٨٧/٦/١٤ دەرچوونی نووسراو لە لایەن ئەمینداری نهێنی دەوولەت- عەلی موشدە کازم - امین سرالدولة- بۆ هەموو رێکخراوەکانی پارتی بەعسی و فەوجەجاشە کوردە خۆفرۆشەکان ، کە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە لە سەر

ڕامیاریەتی ڕاگوواستنی بەکۆمەڵ .

ئەویش بەرامبەر بەگەلی کورد ، بە کووشتنی هەرهاو وڵاتیەکی کوردو بە لـەناوبردنی ئـاژەڵ ، کـە لەسـەر خـاکی کوردسـتانە ، ئەونووسـراوەش بـۆ لێژنـەی ڕێکخستنی ئـەفواجی بەناوبـەرگری نیـشتمانی ڕەوانـەکراوە، بـە ژمارە/نە/ش/٦٦٤ لە١٩٨٧/٦/١٤.

نووسـراوی لێژنـەی ڕێکخـستنی ئـەفواجی بـە نـاو بـەرگری نیـشتمانی ژمـارە/١١٧٥ لـە١٩٨٧/٦/٩ ، کـە هاوپێـچە بەنووسـراوی ڕێکخـستنی بـاکووری پـارتی بەعـسی لـەژێر ژمـارەی نـەهێنی و کەسـی/٢٨/ ٢٦٥٠ لە١٩٨٧/٦/٢ کەهاتیە:-

١- قەدەخـەکردنی خـۆراك بۆئـەو ناوچـانەی کەبـەر ڕاگوواسـتن دەکـەون لەگـەڵ ئۆتۆمبێـل و هـەرکارێکی دیکـە لـەقۆناخی دووەمـی ڕاگوواسـتن لەکۆمەڵگا زۆرە ملێیەکاندا.

٢- بە هیچ شێووەیەك نابێت ئاوەدانی لەو ناوچانەی ڕاگوواستنی قۆناخی دووەم دەیانگرێتەوە تاکوو١٩٨٧/٦/٢١ بمێنێ.

٣- لە دوای کۆتایی هێنان بە وەرزی زستان ، کە لە ٩/١٥ کۆتـایی دێت و نـابێ بـەردەوام بـن لـەکارە کـشتووکاڵیەکان بـۆ وەرزی زسـتان و هـاوین لـە ناوچەکاندا .

٤- قەدەخەکردنی مەڕومالآت لەوناوچانەی کە قەدەخەکراوە.

٥- لەسـەر هێـزی سـەربازی لـەو ناوچـەی لێـی بەرپرسـیارە هەڵـسن بەکووشتنی هەرمرۆڤێك و ئاژەڵێك کە لە ناوچەکە بەدی دەکرێن .

١٩٨٧/٦/٢٨ فڕۆکە جەنگیە سەربازیەکانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، شاری سەردەشـتی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانی داگیر کـراوی ژێـر دەسـەڵاتی ئێرانیـان بۆردومـان کرد، کە بووە هۆی شەهید بوونی ١٣٢ هاووڵاتی و زامدار بوونی زیـاتر لـە ٥٠٠٠ هەزار هـاووڵاتی کـورد ، کـە لـەو هێرشـەدا چەکی کیمیـای ژەهـراوی تیا بەکار هێنابوو لە شارەکەدا .

١٩٨٧/٧/١٧ گرێـدانی یەکـەم کۆبوونـەوەی پارتـە کوردسـتانیەکان لـە باشـووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق لە بارەگای بیرۆی ڕامیاری پـارتی دیموکراتی کوردستان ، لە پێناو پێك هێنانی بەرەی کوردستانی و یەکخستنەوەی مالی

کوردی لە باشووری کوردستان.

١٩٨٧/٩/٧ بەپێی نووسراوی ژمارە/ ٤٣٥ی مەکتەبی ڕێکخەری باکووری پارتی بەعس ، هەڵسا بەراگوواستنی خێزانە تێکدەرەکان واتە – خێزانە کوردەکان– لەتەمەنی ١٢ تا ١٥ساڵ ڕاگوواستنی دایکان هەتا گەر منداڵیان شەهیدی ڕێگای بەعس و شووێن بزر بێ یاخوود کوڕەکانیان هەتا لەریزی سووپای ڕژێمی بەعسیش بێ .

١٩٨٧/٩/٢٩ لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا پارتی دایکی نیشتمانی زۆرینەی کورسیەکانی بەدەست هێناو تۆرگۆل ئۆزال پۆستی سەرەك وەزیرانی گرتە دەست لە تورکیا.

١٩٨٧/١٠/٧ هەڵگیرسانی ڕاپەرینی گەلی فەلەستین دژی دەسەڵاتی ئیسرائیل بە هۆی کووشتنی چوار لە گەنجی فەلەستینی لە ٧/٦ ، کە ئیخوان مسلمینەکان فتیلی ئەو ڕاپەڕینە بوون لەخاکی فەلەستین دژی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا .

١٩٨٧/١٠/٢٠ هونەرمەندو گۆرانی بێژی نەتەوەیی و نیشتمانی مامۆستا – تایەر تۆفیق کۆچی دوایی کرد لەشاری هەولێر . کە لەدایك بووی شارۆچکەی کۆیەیە لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٨٧/١١/٧ جێگری سەرکۆماری توونس – زین عابدین بن عەلی– هەلسا بە کودەتایەکی ئاشتیانە ، ئەویش بەلابردنی سەرەك کۆماری توونس حەبیب بورقێبە لە سەرۆکایەتی توونس و خۆی کردە سەرۆك کۆماری تونس و لەدەسەلات بەردەوامە لە سەر وولاتەکەدا .

١٩٨٨

١٩٨٨/١/١٢ كۆچــی دوایــی ئــەدیب و مێژوونووســی كــورد مامۆســتا- میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری ، ناسراو بە – میرزا مەنگووری – لە شاری سلێمانی لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا كە تەرمەكــەی لــە گۆرستانی گردی سەیوان بەخاك سپێردرا ... بەڵام لەسەر داوای خــۆی بــەر لــە مردنــی لــە ١٩٩٢/٦/١٦ لــە مەراســیمێكدا تەرمی پیرۆزی گواستراوە بۆ سەر شاخی كێووە رەش لەشارۆچكەی رانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی باشووری كوردستان .

شایانی باسە مامۆستا مەنگووری لە ساڵی ١٩١٥ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە ناوچەكەدا . ئەم نووسەرە ٢٤ كتێبی مێژوویی چیرۆك و شیعری نووسیووە كە بەشێكیان بەچاپكەیەندراوە لە كوردستان ... ئەوانیش :- ١-هەنگاوێك بۆ سەركەوتن لە ساڵی ١٩٣٧ . ٢- گەشتی ئەستێرەی مەریخ لە ساڵی ١٩٧١ . ٣- زێرینیای ئامێدی لە ساڵی ١٩٧١ .فەیروزخانی پشتكۆ لە ساڵی ١٩٧٠ . بوكێكی ناكام لە ساڵی ١٩٧١ .

سەرچاوە :- رۆژنامەی ئیراق ١٩٩٠/١/٢٣ .

١٩٨٨/١/١٦ بڵاوكردنەوەی یەكەم بەیاننامە ، كە ناوی جووڵانەوەی حەماسی لە سەر بێ لەدوای ٤٠ رۆژ لەبەرپابوونی راپەرینی جەماوەری فەلەستین دژی ئیسرائیل ، كە لە ٨/١٤ ی هەمان ساڵ پرۆگرامی جووڵانەوەی حەماس بڵاوكرایەوە بەئامانج و تێكۆشانی جووڵانەوەی حەماس ، كەجووڵانەوەیەكی ئیسلامیەو پرۆگرامەكەشی ئیسلامیە لە هەموو بوارەكاندا لە هەرێمەكەدا .

١٩٨٨/١/١٨ كۆچی دوایی كەسایەتی فۆلكلۆر پەروەری كورد مامۆستا ئەحمەد بەكر ناسراو بە – ئەحمەد ئاكۆ – لە شاری هەولێر، شایانی باسە كە مامۆستا ئەحمەد لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری رانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، دوای ئەوە خێزانەكەی چۆتە شاری كۆیەو خوێندنی

سەرەتایی و ناوەندی تێدا تەواوکردووە .
دوای ئەوە چۆتە شاری بەغدا و لە قوتابخانەی کشتووکاڵ لە ئەبوو غرێب دا خوێندنەکەی تەواوکردووە ... لە ساڵەکانی ١٩٥٦ - ١٩٥٧ - ١٩٥٨ خوێندنی کۆلێژی لە وڵاتی مغرب تەواوکردووە . دوای گەرانەوەی بۆتە بەرێوەبەری دارستان لە پارێزگای هەولێر .
لە دوای دامەزراندنی پارتی هیوا بە سەرۆکایەتی رەفیق حلمی لە ساڵی ١٩٣٩ - ١٩٤١، بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو پارتە ... ئەم مامۆستایە بەردەوام بووە لەکارەکانی نووسین و شیعر تاکوو ماڵئاوایی لەگەل و نیشتیمانەکەی کردووە لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٨٨/٢/٢٣ سەرەتای دەست پێکردنی ئەنفالە بەدناوەکە ، لەلایەن رژێمی بەعسی لە ئێراق ، دژی گەلی کورد بەسەرکردایەتی سەدام حوسێن بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستان ، لە ناوچەی پارێزگای سلێمانی بەدەستگیرکردنی منداڵ و گەنج و پیر لە ئافرەت و پیاوو بەردەوام بوونی تاکوو ٩/٦/ ی هەمان ساڵ ، کە هەشت جار ئەم کارە ئەنجامدرا هەر جارەو لەناوچەیەك لەباشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق و جاری یەکەم بۆ ماوەی سێ هەفتە بەردەوام بوو ناوچەو لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٨/٣/٩ هونەرمەندی گۆرانی بێژی کورد - محەمەد شێخۆ - لە رۆژ ئاوای کوردستانی لکێنراو بە سووریا ماڵئاوایی لەگەل و نیشتیمانەکەی کردووە ... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هونەرمەندی کورد محەمەد شێخۆ لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری قامیشلوو چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ... سەرەرای کاری هونەری وەکوو پێشمەرگەیەك و خەمخۆری گۆرانی کوردی تاکوو لەژیاندا بوو خزمەتی نەتەوەکەی کردووە .
لە پاڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی و گۆرانی بێژی ، ئەم کەسایەتیە توانای هونەری تابلۆ دروستکردن و وێنەکێشانیشی هەبووە ... و، لە هەمان کات موزیك ژەنیش بووە ... بە هۆی باری رامیاری هونەرمەند محەمەد شێخۆ روو لە وڵاتی لوبنان دەکات و ماوەیەك لەوێ ژیان بەسەر دەبات . دوای گەرانەوەی روو لە باشووری کوردستان دەکات و لە شاری کەرکوك نیشتەجێ دەبێ ولە گەڵ هونەرمەندانی شارەکە تێکەڵاو دەبێت و بەو هۆکارە دەتوانێ بەوێستەگەی بەشی کوردی لەبەغدا گۆرانی تۆماربکات .
بە هۆی دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتیمانەکەی سەردانی بارزانی نەمر دەکات و

بارزانیش ڕێزی لێدەنێ ... تاكوو ساڵی ١٩٧٥ لەڕێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت و، دوای ئەوە ئاوارەی ئێران دەبێت ... دوای ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆژئاوای كوردستان لەشاری قامیشلۆ و نیشتەجێ دەبێ تاكوو ماڵئاوایی یەكجارەكی دەكات و تەرمەكەی لەگۆرستانی - هەڵلیە - بە خاك دەسپێردرێت لەشارەكەدا .

١٩٨٨/٣/١٦ بە بڕیاری سەرۆكی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق سەدام حوسێن و جێبەجێ كەری عەلی حەسن مەجید شارۆچكەی هەڵەبجەی كیمیا باران كرد... كە بوە هۆی شەهید كردنی زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار مرۆڤی كورد لەمنداڵ و گەنج و پیر لە ئافرەت و پیاو بەهاوكاری جاشە كوردە خۆفرۆشەكانی دوژمنی كوردوكوردستان و زامدار بوونی بەسەدا هەزار هاووڵاتی و وێران كردنی شارەكە ، هەر بەو هۆیەش ئەم ڕۆژە كرا بە ڕۆژی شەهید لە سەرانسەری كوردستان بەتایبەتی لەباشوری كوردستانی لێكندراو بەئێراق.

لە ٣/١٦ تاكوو ١٩٨٨/٩/٣٠ كە شەش مانگ جگە لە ٥٠٠٠ هەزار شەهیدەكەی هەڵەبجە ١٨٢ كەس ئەنفال كرا ، كەواتە ڕۆژی ١٠٠٠ هەزار

کورد بە دەستی دەسەڵاتی ناوەندی بەعس و داروودەستەکەی شەهید کراوون.
لە ساڵی ١٩٦٨ تاکوو ساڵی ١٩٨٨ گەر وەك ئامارێك جووتی بکەیت لە گەڵ لە سێدارەدان و کووشتن و سووتاندنی لە زیندانەکانی هەمەجۆری بەعس، کە وەك ئەنفالەکەو زیاتر کە بەعس لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا رۆژی – ٤ – چوار کوردی شەهید کردووە.
ئەی بە عەرەبکردن و داگیر کردنی خاکی کورد لە ناوچەکانی کەرکوك و دەووروبەری و بگرە لە بەدرەو جەسان تا مەخموور و شەنگال – کە زیاتر لە چەندین سەدا هەزار کورد.

١٩٨٨/٣/٢٠ گرێدانی کۆنگرەی وولاتانی ئیسلامی لە شاری کووێتی پایتەختی وولاتی کووێت... شایانی باسە کە لە دوای سێ ڕۆژ لە کیمیا بارانی شاری هەڵەبجە، زۆر شت لەو کۆنگرەیە باسکرا، وەك باری ئەفگانستان و فەلەستین و شەڕی نێوان ئێراق و ئێران و هەبوونی تورك لەبولگاریا و زۆر لەبابەتی دیکە،... بەڵام بەلای کیمیا بارانەکەی شاری هەڵەبجەدا نەچوونلە باشووری کوردستاندا.

... دەڵێم دەبێ خودای کوردان نەبووبێ کوێتیش هەرلەپاش دوو ساڵ ئاوای بەسەر هات لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەئێراق، کە تاوەکوو ئێستاش ڕاستی نەکردۆتەوە لە ناوچەکەدا...!....

١٩٨٨/٣/٢٢ دەست پێکردنی قۆناخی دووەم لە ئەنفال کردنی کوڕو کچی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان لە هەموو تەمەنەکان لە ناوچەی قەرەداغ و بەردەوام بوو تاکوو ٤/١/ هەمان ساڵ لە ناوچەکەدا.

١٩٨٨/٣/٢٣ ڕۆژنامەی – واشنتۆن پۆستی – ئەمەریکی کیمیا بارانی شاری هەڵەبجەی بڵاو کردەوەو نووسیبووی :– ئەو کیمیابارانە کە لە شارۆچکەی هەڵەبجە ئەنجامدرا لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەئێراق جیاوازی نەبوو لەگەڵ لێدانی شاری – بۆمبی – لەیۆنان.

١٩٨٨/٤/٧ دەست پێکردنی قۆناخی سێیەم لە ئەنفال کردنی کوڕو کچی کورد لەهەرێمی باشووری کوردستان بە هەموو تەمەنەکانیانەوە لەناوچەی گەرمیان کە لە ڕۆژی یادکردنەوەی دامەزراندنی ڕژێمی بەعسەوە ئەنجامدراو

بەردەوام بوو تاكوو ٢٠/٤/ی هەمان ساڵ لە ناوچەكەدا .

١٩٨٨/٤/١٢ بریكاری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا – فیدمیلەر– لە كاتی بۆردومانكردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بەچەكی كیمیاوی لە ڕاگەیاندێكی گووتی:– بەریتانیا بەنیازە بازاڕێكی گەورەی ئابووری لەئێرق بكاتەوە ، لە پێناو بەهێز كردنی پەیوەندی رامیاری وئابووری و بازرگانی لە نێوان حكوومەتی ئێراق و بەریتانیا.

١٩٨٨/٤/١٥ لە ڕاپۆرتێكی– میدل ئیست وۆچ – جینۆسساید لە ئێراق، ئەویش لە كۆبوونەوەی ئەندامانی نووسینگەی باكوور گووتراوە:– دەبێ هیچ گوندێكی كورد لێرەو لەوێ نەمێنێ لە ناوچەكانی پارێزگای موسڵ و كەركوك و سلێمانی لەباشووری كوردستان .

١٩٨٨/٥/٣ دەست پێكردنی قۆناخی چوارەمی ئەنفالكردنی كوڕو كچی كورد بە هەموو تەمەنەكانیانەوە لەناوچەكانی دۆڵی زێی بچووك لە هەرێمی باشووری كوردستان ، كە ئەو زێیە لە بەنداوی دوكان دێتە خوارێ بە ڕۆژهەڵاتی كۆیەو تەق تەق و بەرەو پردی و دوایی بەرەو كەندیناوە تا لە زێی دیجلە دەكاتەوە لە هەرێمەكەدا .

١٩٨٨/٥/٧ دامەزراندنی بەرەی كوردستانی لە باشووری كوردستان لە نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان ، یەكیەتی نیشتمانی كوردستان، لێژنەی هەرێمی كوردستانی پارتی كۆمۆنیستی ئێراق، پارتی گەل ، پارتی سۆشیالیستی كوردستان ، ئەویش لە پێناو.

یەكەم :– كۆتایی هێنان بە كێشەو ناكۆكیەكان نێوانیاندا لە هەرێمەكەدا لە خەباتی هاوبەشدا .

دووەم :– بەرەناگار بوونەوەی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بەپێی گۆڕانكاریە بەپەلەكانی ناوچەو هەرێم و جیهان

١٩٨٨/٥/٧ لە دوای ڕێكەوتن لە نێوان ڕژێمی ئێراق و كومپانیا نێوودەوڵەتیەكان لە وڵاتانی ڕۆژ ئاوا ، بە جێ بە جێكردنی ئەویش لە دوای بۆردومانكردنی شاری هەڵەبجە بەگازی كیمیاوی ، بەر لە ٥٠ ڕۆژ لە بەندەری عەقبەوە كاروانی مادەی كیمیاوی لەلایەن – فرانزڤان ئەنرات– نێردراوە بۆ ئێراق و

لە وولاتی سویسرا پارەکەی وەرگیراوە لە وولاتەکەدا .

تێبینی :- وێنەی ڤرانزڤان ئەنرات لە مێژوومکانی سەرەوە بەدیدەکەیت لە گەڵ کارە نامرۆیەکانیدا .

١٩٨٨/٥/١٥ دەست پێکردنی قۆناخی پێنجەمو شەشەمو حەوتەمی ئەنفالکردنی کوڕو کچی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق بەهەموو تەمەنەکانیانەوە لەناوچەکانی دۆڵو چیاکانی شەقلاوەو ڕواندوزو بەردەوام بوونی تاکوو ٨/٢٦ ی هەمان ساڵ لە هەرێمەکەدا.

١٩٨٨/٥/١٨ ڕژێمی بەعسی لە ئێراق لە هێرشێکی کیمیابارانی نامرۆڤانەی کردە سەرگوندی - وەرێ- ی سەر پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان لە ناوچەی خۆشناوەتیو لەئاکام بووە هۆی شەهید کردنی ٣٦ هاولاتی گوندەکە.

١٩٨٨/٥/٢٨ کردنەوەی ووێستگەی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی کوردستان لەلایەن سکرتێرو دامەزرێنەری پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان سامی عەبدولرەحمان لەشاخە بەرزەکانی باشووری کوردستان شان بەشانی ووێستگەکانی دیکەی کورد لەشاخەکاندا .

١٩٨٨/٦/١٠ دامەزراندنی بەرەی - تەڤگەر- لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی تورکیا ، لەلایەن هەشت پارتو ڕێکخراوی کوردی- پارتی سۆشیالیستی کوردستان ، پارتی شۆڕشگێری کوردستان، ئالای ڕزگاری ، هێزێن کوردستان ، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتی سۆشیالیستی کوردستان - لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٨/٦/٢٠ هێزەکانی هاوبەشی سیخووڕی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق لە کاتژمێر ٦ی بەیانی گەمارۆی شارۆچکەی داقووقی سەر بەپارێزگای کەرکووك لە هەرێمی باشووری کوردستانی داو زیاتر لە ١٨٠ هاوولاتی کوردی دەستگیر کردو دوای ئەوە بە ویستو خواستو ئامانجەکانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵیان دەکرد لە شارەکەدا .

١٩٨٨/٧/١٨ لە ڕاگەیاندنەکەی ڕابەری مەزهەب شیعەو دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە ئێران - ئایەتووڵڵا خوومەینی- لە بارەی وەستاندنی شەڕی نێوان ئێراقو ئێران بە پێی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گووتی:-

فەرمانیدا بەهێزەكانی سووپای ئێران بەراگرتنی شەڕو گووتی.. من وەك چۆن بەرداخێك لەژەهر بخۆمەوە وایە- بە راگرتنی ئەو شەڕە لە نێوانماندا .

١٩٨٨/٧/١٨ ڕژێمـی ئیـسلامی لـە ئێـران ، بـە تایبـەت ڕابـەری ئـاینی و ڕژێمـی ئێـران ئایـەتوولڵا خوومـەینی ڕەزامەنـدی لەسـەر پێـشنیاری ڕێكخـراوی نەتەوەیەكگرتووەكان كرد بەوەستانی شەر لەگەڵ ئێراق و لە٨/٢٠ی هەمان ساڵ بە فەرمی شەڕ لە نێوان ئێراق و ئێران وەستاندنی ڕاگەیەندرا ، لەدوای مەرگەسات و كارەسات بۆ گەلانی هەردوو وولات بەتایبەتی گەلی كوردستان لە ڕۆژهەڵات و لەباشووری كوردستان .

١٩٨٨/٧/١٨ ڕژێمـی ئیـسلامی لـە ئێـران بـە پێـی بڕیـاری ئەنجوومـەنی ئاسایـشی نێوودەووڵەتی بە ژمارە/٥٩٨ بڕیاری وەستانی شەڕی لە گەڵ ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ڕاگەیاندو ئێراقیش ڕەزامەندی لەسەر وەستانی شەڕ كرد لە ٨/٦ ی هەمان ساڵ ، كە لە ئەنجام زیانی گیانی گەلانی ئێراق گەیشتە زیاتر لە - ٣٠٠,٠٠٠- هەزار هاوولاتی .

هەروا زیانی گیانی گەلانی ئێرانیش گەیشتە زیاتر لە-٤٠٠,٠٠٠- هەزار هـاوولاتی ، كـە لـە هـەر دوولا كـوردیش لـەو مەرگـە سـاتە دەخولایـەوە . .. زیانی پارەی ئێراق گەیشتە - ١٩٣- بلیۆن دۆلارو زیانی پارەی ئێرانیش گەیشتە - ٤٠٠- بلیۆن دۆلار ، جگـە لـە وێران بوونی ژێر خانی ئابووری هەردوولا بەتایبەتی ئێراق.

١٩٨٨/٧/١٩ دەست پێكردنی داستانی خواكورك لە سەر خاكی كوردستان لە دەڤەری سێگۆشـەی سـەر سـنووری نێـوان توركیـا و ئێـران و ئێـراق لـە هـەرێمی باشووری كوردستان ، لە نێوان هێزەكانی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، بـە هاوكـاری جاشـە خۆفرۆشـەكانی كـوردو ، پێـشمەرگەكانی پـارتی دیموكراتی كوردستان .

كە ئەم شەڕە خۆراگریە ماوەی ٢٩ ڕۆژ بەردەوام بوو لە شەڕو پێكدادان ، لـە ئـەنجام بـووە هـۆی شـكان و شـەرمەزار بـوونی جـاش و هێزەكـانی سـووپای بـەعس لـە ئێـراق ، ئـەویش لـە دوای زیـانی گیـانی زۆرو كەرسـتە و

پێداویستەکانی سەربازی لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا .

١٩٨٨/٨/٨ شەڕی کەنداوی هەشت ساڵەی یەکەم لەنێوان رژێمی بەعسی لە ئێراق و رژێمی بەناو ئیسلامی لە ئێران کۆتایی هات ، لە لایەن سەرۆکی رژێمی بەعسی لە ئێراق سەدام حوسێن ، لە دوای کارەسات و کووژرانی زیاتر لە نیوو ملیۆن هاوولاتی لەگەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی کوردو وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و بەتایبەتی وێرانکردنی گوندو شارۆچکەو کانیاو دارستانەکانی کوردستان و گەرانەوەی بۆ هەمان رێکەوتننامەی جەزائری بەدناوی دژ بەکوردو کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

١٩٨٨/٨/٩ پێشبڕکێی یارییەکانی جامی جیهانی -ئۆلەمپیات- لەشاری سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشوور ئەنجام دراو بەردەوام بوو تاکوو ١٠/١٠ هەمان ساڵ لە نێوان یانە وەرزشیەکانی وولاتانی بەشدار بوو لە وولاتەکە و لە جیهاندا .

١٩٨٨/٨/٢١ گرێدانی کۆنگرەی یەککگرتنەوەی خوێندکارە کوردو کوردستانیەکان لە دەرەوەی کوردستان لە شاری بەرلینی ئەلمانیای رۆژئاوا ئەنجامدرا بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەورووپا – KSSE – و دەستیان کرد بە چالاکی نوواندن لە هەموو بوارە جیا جیاکان لە داهاتووی کوردستاندا .

١٩٨٨/٨/٢٥ کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی ئێران و ئێراق ، کە وەزیری دەرەوەی

ئێران عەلی ئەكبەر ولایەتی و وەزیری دەرەوەی ئێراق تاریق عەزیز لە شاری نیویۆركی ئەمەریكا بە سەرپەرشتی سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان خافیرپێریز دیكویلار بەڕێوەچوو لە بوارەكانی وەستاندنی سەڕی نێوانیان لە بارەگای ڕێكخاوەكەدا .

١٩٨٨/٨/٢٥ دەست پێكردنی قۆناخی هەشتەمی ئەنفال كردنی كوڕو كچی كورد لە باشووریٰ كوردستان بە هەموو تەمەنەكانیانەوە لە ناوچە جیاجیاكانی بادینان وبەردەوام بوو تاكوو ٩/٦ی هەمان ساڵ لە ناوچەو هەرێمەكەدا .

١٩٨٨/٨/٢٦ بریاری ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان سەركۆنەی – ادانە – ی ڕژێمی پێشووی ئێراقی كرد ، سەبارەت بەبەكارهێنانی چەكی قەدەخەكراوی كیمیاوی دژ بەگەلی كورد لە ساڵی ١٩٨٨ ... ئەمەش خۆی لەچەند شێوازێكی تاوانی جەنگی نێوو دەوڵەتی لە ئێراقدا لەخۆ دەگرێت وەك :–

١– ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دژ بەگەلی كورد لە كوردستان و پارچەكانی دیكەی وولات ، ڕاگواستنی زۆرە ملێی خەڵكی كوردستان بە تایبەتی فەیلیەكان .

٢– تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وەك بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی دژ بەگەلی كورد .

٣– بۆمبا بارانكردنی شارۆچكە و گوندە مەدەنیە كوردەكان .

٤– زیندە بەچاڵكردنی خەڵك بەزیندوویی .

٥– كوشتنی دیلی جەنگ و زیندە بەچاڵكردنیان كە ئەمەش تاوانی جەنگە.

٦– ئەشكەنجەدانی دیلی جەنگ .

٧– ئەنجامدانی سەرپێچی توندو تاوان دژ بە ئافرەت و منداڵ لە كوردستان. چاندنی نزیكەی ١٠ ملیۆن مین لەشوێنە جیاجیاكانی كوردستان .

١٩٨٨/٨/٢٧ دەست پێكردنی كیمیا بارانی ناوچەی بەرواری لە پارێزگای دهۆك لە هەرێمی باشووری كوردستان لەلاین ڕژێمی بەعسی لە ئێراق .

١٩٨٨/٨/٢٨ هێرشە سەرانسەریەكەی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بۆ سەر باشووری كوردستانی لكێنراو بە ئێراق ، لە ئەنجامدا گازی ژەهراوی بەكار هێنا لە ناوچەكانی بادینانو بالیسان ، كە بووە هۆی ئاوارە بوونی خەڵكی دانیشتووانی ناوچەكەو دوایی بەوێرانكردنی چەندین گوند لەناوچەكەو

دەربەدەربوونی دانیشتووانەکە.

١٩٨٨/٨/٣٠ کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری ئاینی و بێژەری قورئانی پیرۆز- عەبدولباست محەمەد عەبدولسەمد- لە شاری قاهیرەی پایتەختی وولاتی میسر ، کە لەخێزانێکی کوردی پارێزگای دیاربەکر بووەو لە نەوەی بنەماڵەی خدێوی- محەمەد عەلی- پاشای دامەزرێنەری وولاتی میسر بووە ، کە ئەویش کورد بووە ، لە هەمان پارێزگای باکووری کوردستان ، بەڵام بەداخەوە لە دوای کۆچ کردنیان خۆیان ئاشکرا دەکەن کە کوردن ... بەڵام...!.

١٩٨٨/٩/٦ ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بە سەرکردایەتی دکتاتۆر سەدام حوسێن لێبووردنی گشتی بۆ هەموو بەناو یاخیبووەکان ڕاگەیاند ، تەنیا جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان نەبێت لە باشووری کوردستان .

١٩٨٨/١٠/٧ زانای ناسراوو نووسەری خەباتگێری کورد دکتۆر - نورەدین زازا- لە شاری لۆزانی وولاتی سویسرا تەمەنی ٦٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی هەر لە شاری لۆزان بەخاك سپێردرا... شایانی باسە دکتۆر نورەدین لە ساڵی ١٩١٩ لە شاری - مادەن- ی لە نێوان شاری دیابەکر و شاری عەزیزیەی باکووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

١٩٨٨/١١/٩ کۆچی دوای نیشتیمان پەروەرو خەباتگێری گەل و نیشتیمان مامۆستا - میرحاج ئەحمەد - لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراقی بە زۆر درووستکراو لە سەر خاکی کوردستان .

شایانی باسە ئەم تێکۆشەرە لە ساڵی ١٩١١ لەشاری ئاکرێ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە هەرێمی باشووری کوردستان ... خووێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی ئاکرێ تەواوکردووە خوێندنی ناوەندی لەشاری مووسڵ و بەغدا تەواوکردیەو لە ساڵی ١٩٣١ لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا وەرگیراوە ، لە ١٩٣٤/١٠/١ تاکوو ١٩٣٥/٩/١٥ لە کۆلێژی سەربازی لە بەغدا وەرگیراوە ، دوای ساڵێك و یەك مانگ بە پلەی ملازمی دوو دەرچووە ... لەخەبات بەردەوام بووە لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و یاریدەدەری بارزانی نەمر بووە لە هەموو بوارەکانی خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانی و لە

یـەکێتی سـۆڤیەت و بـەردەوام بـووە تـاکوو ماڵئـاوایی لـە گـەل و نیـشتیمان دەکات لە وولاتەکەدا .

١٩٨٨/١١/١٥ ئەنجوومـەنی نیـشتمانی فەلەسـتین لـە کۆبوونـەوەی خۆیـدا لـە شـاری جەزائری پایتەختی وولاتـی جەزائر ، دامەزرانـــــدنی دەوڵـــــەتی سەربەخۆیی فەلەستینی راگەیاند و ، یاســـر عـــەرەفات وەك ســـەرۆك دەوڵـــەتی تـــازە دامـــەزراوو هەلبـــژێردرا .ســـەرۆکی فەلەســـتین یاسـر عـەرەفات بـە ئامـاژە پێکردنی بـــە بریارننامـــەی ژمـــارە/ ١٨١ ی رێکخـراوی نەتـەوە یەککرتووەکان ، رێکـەووتنی سـاڵی ١٩٤٧ ، کـە بـاس لـە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی عەرەب و ئیسرائیل دەکا . رایگەیاند کە نـــاوبراو بریارننامـــەکانی /٢٤٢ وو ٣٣٨ ی ئەنجوومـــەنی نەتـــەوە یـەککرتووەکانی پەسـند کـردووە ، بریارننامـەی ٢٤٢ داوا لـە دەوڵـەتی ئیسرائیل دەکات ، کە کۆتـایی بـە داگیر کردنی ئەو شـووێنانە بێنـیٚ کە لـە شـەڕی شـەش رۆژەیـدا داگیری کردبوون و ئـەو مافـە بـە وولاتـانی ناوچـەکە بدات کە لە ئاشتی و ئارامیدا بژین .

هــەروا بریــاری / ٣٣٨ یــش داوای پێــك هێنــانی کۆنفرانـسێکی ئاشــتی نیوونەتەوەیی بۆ چارەنووسی کێشەی رۆژهەلاتی ناوەراست دەکا .

١٩٨٨/١١/١٦هەڵبژاردنی خاتوو بەنازیر بۆتۆ بە سەرکردەی پاکستان ، کە لەم ڕووداوە ئازادە بۆ یەکەم بەنازیر وەك یەکەم سەرکردەی ئافرەت لەووڵاتانی ئیسلامی لە سەردەمی نوێ پۆستی سەرەك وەزیران بگرتە دەست .

که لە نژادا کوردەو لە شاشەکانی تەلەفزیۆن بوونی کوردایەتی خۆی بە جێگەی شانازی بەنازیر بۆتۆبووە لە وڵاتەکەدا.

١٩٨٨/١١/٢٧ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بە بڕیاری ژمارە/ ٨٥٠ ئەویش بەقەدەخە کردنی هەرعەرەبێك کە نژادەکەی بگۆری بۆ کورد یاخوود بۆهەرباریکی دیکە جا بە هەر جۆرێك بێت ، کە ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٠ قەدەخەکراوە... بەڵام رژێمی بەعسی بە زۆری زۆردار نژادی کوردی بە زۆر دەگۆڕی بۆسەر نژادی عەرەب ، بە تایبەتی لە پارێزگاکانی مووسڵ و کەرکوك و دیالەو ناوچەکان لە باشووری کوردستان .

شایانی باسە کە بەپێی ئامارەکانی کۆمەڵەی گەلان و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لێژنە دانراوەکانی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی وویلایەتی مووسڵ ، کە لە ساڵی ١٩١٩ ڕێژەی دانیشتووانی کورد لەپارێزگای مووسڵ بە تەنیا ٨٥٪ بووە... بەڵام بە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە سەر خاکی گەلانی دیکەی – میزۆبۆتامیا– بە تایبەتی لە باشووری کوردستان و بەعەرەب کردن بەردەوام بوو لەلایەن دەسەڵاتی دانراوی عەرەب بەپشتیووانی بەریتانیا.

هەروا لە ئاماری ساڵی ١٩٣٤ کە بوو بە ٤٥٪ . و لە ئاماری ١٩٤٧ کەم بووەوە بۆ ٣٥٪ و لە ئاماری ساڵی ١٩٥٧بووە ٢٥٪. هەروا بەرەو کەمکردنەوەیان دربرد ، کەچی دانیشتووانی عەرەب لەمووسڵ بەپەنجەی

دەستان بووە لە ساڵی ١٩١٩، بەڵام بەپێی ئاماری ١٩٦٥ گەیشتە ٨٥٪ . واتە لە ماوەی ٤٦ ساڵ بەپێچەوانەی دانیشتووانی کورد دارژرا...؟..!.!.

١٩٨٨/١٢/٢٣ ئەنفال ووشەیەکی عەرەبییە ، بە مانای تالآنی جەنگ دێت ، لە دوای سەرکەووتنی موسوڵمانەکان بە سەرکافرەکان بە ناوی فتووحاتی ئیسلامی لە شەڕی- بەدر-دا هاتە دەرکەووتن .
بەڵام دوای ١٣٦٠ ساڵ لە مێژووی نەتەوەیی کوردا ، ئەنفال مانایەکی دیکەی وەرگرت... ئەنفال بە ناوی زنجیرەیەك هێرشی سەربازیە ، کە بە مەبەستی تێکشکاندنی نەتەوەیی ،. کە حکوومەتی بەعسی لە ئێراق دژ بە کورد کردی لە باشووری کوردستان .
ئەمەش بە مەبەستی خاپوور کردنی هەموو خاکی کوردستان،. هەستا بە ڕاگوواستنی ١,٥ ملیۆن و نیوێك لە هاووڵاتی کورد لە گەڵ بە کۆمەڵ کووشتنی زۆربەی خەڵکی ناوچەکەو ئەنفال و کیمیاباران .
ئەمەش لە سەر ڕێنمایی ئەو ئایەتەیە کە بە ناوی ئەنفالە ، کە لە شەڕی بەدر هاتە خوارەوە ...؟...!.
بەڵام راستیەك بە پێی هەموو جۆرە یاسایەك و مافێکی مرۆڤ و مۆڤایەتی ، فتووحاتی ئیسلامی فتووحاتی داگیر کردن و داپلۆسێنەر بووە بە داگیر کردنی خاك و سان و خاوەنداریەتی هی دیکە بۆ عەرەب لە هەموو بوارەکاندا

١٩٨٨/١٢/٣١ تەقینەوەی فڕۆکەی نەفەر هەڵگری ئەمەریکا لە سەر خاکی لۆکەربی کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی تەواوی هاووڵاتیەکانی ناو فڕۆکەکە ، کە لەلایەن دوو هاووڵاتی ووڵاتی لیبیا ئەنجامدرا ، دوای ئەوە تاوانبار کردنی کۆماری لیبیا بەرامبەر بەو کارە ناهەموارەی دژ بە مافی مرۆڤ ئەنجامدرا . لە بواری گوواستنەوە لەجیهاندا.

١٩٨٩

١٩٨٩/١/٧ ئیمپراتۆر -هیرۆ هیتۆ- ئیمپراتۆری یابان کۆچی دوایی کردو کوڕەکەی - تاکیهیتۆ- جێگەی گرتەوە بە ئیمپراتۆری یابان، هاوسەرەکەی لەخەڵکی یابان بوو ، واتە ئافرەتێکی دوور لە بنەماڵەی ئیمپراتۆر بوو، ... شایانی

باسە ئەمەش بەپێی داب و نەریتی تایبەتی بنەماڵەی ئیمپراتۆریەتەکانی جیهان بەستراوەتەوە بە داب و نەریتەکانیان لە جیهاندا .

١٩٨٩/١/٢٣ نیگارکێش و پەیکەرتاش و نووسەرو نەخشەسازو ئەکتەری سینەما- سلڤادۆر گاستۆدالی - بەهۆی نەخۆشییەکانی لە نەخۆشخانەی ڤیگۆرای شاری لشبونەی پایتەختی پوتووگال کۆچی دوایی کردووە ، کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان ساڵی ٢٠٠٤ی بەساڵی دالی دانا، بەبۆنەی یادکردنەوەی سەدساڵەی لەدایک بوونی ئەم مرۆڤە تێکۆشەرو ناودارە لە جیهاندا.

١٩٨٩/١/٢٦ رۆژنامەی - تاگس جایتونگ-ی ئەڵمانی ، کە لە شاری بەرلین دەردەچوو ، لە سەروتارێکیدا بڵاوی کردۆتەوەو تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە کارگەی - عکاشات- لە گەورەترین کارگەکانی ئێراقیە لە رووی بەرهەمهێنانی گازەکانی کیمیایەوە ، بۆ ئەم مەبەستە کارگەی (Bechtel Incosposation Cosoup) ئەمەریکی لەگەورەترین بەشداربووەکانی بەرهەمهێنانی ئەم گازەیە بۆ کارگەی - عکاشات-..هەر وەك پەنجەنمایی ئەوەش دەکات ، کە کارگەی ناوبراوی ئەمەریکی تا ساڵی /١٩٨٢ لەلایەن جۆرج شۆڵتزەوە بەرێووەبراوە ، کە لە دواییدا بوو بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا .

هەروا سۆڤێتیەکانی پێشووش درێخیان لە یارمەتیدانی رژێمی بەعسی لە ئێراق ، بە تایبەتی کارگەی - عکاشات-دا نەکردووە بۆ ئەم مەبەستە - ٣٠- ئەندازیارو زاناوتەکنیکار لە عکاشاتدا بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی کاریان کردووە و هەر هەمان سەروتاری رۆژنامەکە ئاماژە لەدەست تێوەردانی دەوڵەتانی دیکە دەکات وەك کارگەو کۆمپانیاکانی

دەوڵەتان – ئیتاڵیا ، بەلژكیا ، سویسرا ، نەمسا ، فەڕەنسا، یۆگسلاڤیای پێشوو، بەرازیل ، ئیسپانیا – لەگەڵ هەردووكۆریا دەكات لە جیهاندا.

١٩٨٩/١/٣١ گۆڤاری – دیرشبیگل–ی ئەڵمانیا هەواڵێكی بڵاوكردەوەو تیایدا ئاماژە بە تیووەگلانی كارگە ئەڵمانیەكان دەكا ، لە بەرهەمهێنانی چەكی كیمیاوییو بایۆلۆژیدا لەبەرژەوەندی ئێراق .. وەك كارگەكانی (Plato, Sigm, achime, Kuin) جگە لەوە هاوكاری و یارمەتیدانی جاشەكان بۆ رژێم لە رێنمایكردن وئاسـانكردنو زانیـاری دانو بـەزەلیلی بـوون بـەدەلیل لـەوێرانكردنو ئەنفالكردنو دەیانو دەیان هەزار كەسی مەدەنی ، كەپێی دەچێ سەرانی رژێم نەشیابن بەلێنی ئالیكاری ئەو جاشانە تاوانەكە ئەنجامبدەن ، لە كوردستان بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری كوردستاندا .

١٩٨٩/٢/١٤ رابەری ئاینی لە ئێرانو دامەزرێنەری كۆماری ئیسلامی لە ئێران ئایەتووڵلا خوومـەینی پاداشـتی ئـەو كەسـەی كـرد بـە سـێ ملیـۆن دۆلار كـەبتوانێ سەلمان روشدی بكووژێ .

ئەویش بەهۆی بڵاوكردنەوەی كتێبەكەی بەناوی – ئایاتووڵلای شەیتانی– لە هەردوو وڵاتی ئەمەریكاو بەریتانیادا .

١٩٨٩/٣/١٨ لـــە هـــەوڵێكی نامۆڤانـەدا لـە لایـەن كەسـانی هەسـت نـزم بـە دزینـی ١٢ تـابلۆی هەمـە جـۆری بـەهادار لـــە مۆزەخانـــەی – ئیـزابێللا سـتیوارت– لـە شـاری پۆسـتنی ویلایەتـــــــــە كگرتووەكـــــــانی ئەمـەریكا ، كـە نرخـی كۆی تابلۆكـان زیـاتر لـە ١٠٠ ملیـۆن دۆلار بوو، ئەمەش كە بە یەكەم دزی تابڵۆ دادەنرێت لە مێژووی جیهاندا.

١٩٨٩/٣/٢٦ یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە کۆماری ڕووسیای یەکگرتوو کە کۆمارێك بوو لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت ، ئەنجام درا کە بۆریس یەلسن بە سەرۆك کۆماری ڕووسیای یەکگرتوو هەلبژێردراو ئەنجام بووە هۆی هەلووەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت ، بەهاوکاری سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و سەرۆکی دەستەی باڵای دەووڵەتی سۆڤیەت میخائیل گورباتشۆف لە کێشووەرەکەدا .

١٩٨٩/٤/١٥ لەراگەیاندنێکی رۆژنامەوانی – عەلی حەسەن مەجید – لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرانی پارتی بەعس لە شاری کەرکوك ، کە لە ئەندامی پارت و دەزگای ئەمنی و سووپا کۆبووەوە و گووتی :-

مـن هەوڵدەدەم و داواتان لێدەکەم کە دوو خاڵی گرنگ جێ بەجێ بکەن ئەویش .

یەکەم :- بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك .

دووەم :- دیاریکردنی سنووری دانیشتوانی عەرەب لەگەڵ ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

کە مەبەستیشم پارێزگای کەرکوکە ... کە من هاتمە کەرکوك عەرەب و تورکمان رێژەی نەدەگەیشتە ٥١٪ و رێژەی کورد زیاترە ، کە ٦٠ ملیۆن دینار خەرج کرا ، بۆ ئەوەی رێژەی دانیشتووانی عەرەب زیاد بکات . ئەویش بەگواستنەوەی کورد و تورکمان و ئاشووری و کلدانی و هێنانی عەرەب و نیشتەجێ کردنیان ، کە رێژەکەیان نەگەیشتە ٦٠٪ .

بەلاّم راگەیاندنەکەی عەلی کیمیاوی ئەوە نەبوو کە لە دوا ساڵی ١٩٨٩، ئەم کارو کردەوانەی بەعەرەبکردن لە دوای کودەتای سەربازی ١٩٦٣/٢/٨ دێت تاکوو روخاندنی رژێمی بەعس بەسەرکردایەتی سەدام لە ئێراق .

١٩٨٩/٤/٣٠ لە دوای شەڕێکی پڕ لە کارەساتی خووێناوی دەسەلاّتدارانی کەمبۆدیا ، ناسنامەی کۆماری کەمبۆدیای دیموکراتیان گۆری بۆ دەووڵەتی کەمبۆدیاو تاکوو ئێستا جوولانەوەی خەمیری حومر لە ٢٠٪ ی خاکی کەمبۆدیایان لەژێر دەست دایە.

کۆی دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆیو دەرەوەی کەمبۆدیا ، ئەویش بە کووژرانی ٣,٣١٤,٧٦٨ ملیۆن هاووڵاتی بووە ، کە ژمارەی هەتیووەکان لەو وولاّتەدا گەیشتە٨٠٠,٠٠٠ هەزار منداڵ و ، هەروا ژمارەی بێوژنەکانیش

١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن ئافرەت بووە لە وولاّتەکەدا .

١٩٨٩/٥/٦ وەزیری بەرگری ڕژێمی بەعسی لە ئێراق – عەدنان خەیروللاّ – لە نزیک گوندی مەلا قەرەی کەندیناوەی سەربەناحیەی دیبەگەی سەر بە قەزای مەخمور پارێزگای هەولێر ، لە ئەنجامی کەووتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی گیانی لەدەستدا... شایانی باسە عەدنان خەیروللاّ کوڕە خاڵی سەدام حوسێنەو لە هەمان کاتیش ساجدەی خوشکی عەدنان خێزانی سەدام بوو کە لە یەك بنە ماڵەن لە وولاّتەکەدا .

١٩٨٩/٥/٢٤ لە سەر داوای مستەرجان مارتنسی جێگری ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە شاری ژنێف کۆنگرەیەکیان بەست، بۆ لێکۆڵینەوە لەکاریگەری چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی لە هەرێم و ناوچەکەو جیهاندا.

١٩٨٩/٦/٦ بالوێزی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لە ڕاگەیاندنێکیدا بلاّوی کردەوە گووتی:–

که ڕژێمی ئێراق پرۆگرامێکی لە بەردەستدایە بە چۆڵکردنی ڕووبەرێکی گەوورە لە سەر ناوچە سنووریەکانی لە نێوان ئێراقو تورکیاو ئێران ، کە لە سەر خاکی کوردستانی دابەش کراوە بە قوولاّیی ٢٠ کیلۆمەترو درێژی ١٢٠٠ کیلۆمەتر.

ئەویش بە دروستکردنی پەرژینێکی ئەمنی سنووری.

شایانی باسە کردنە کە ڕامیاریەتی ڕژێمی بەعس لە ئێراق بەچۆڵکردنی دانیشتووانەکانی سەر سنووری نێوان ئێرانو تورکیاو سووریا بەقوولاّیی ٢٠ کیلۆمەتر لەگوندو شارۆچکەکان گەیشتە ٤٠٠٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی کورد لە هەرێمەکەدا .

١٩٨٩/٦/٦ ڕاگوێزانی بە کۆمەڵ لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق لە ناوچەی پشدەر ، بە تایبەتی شارۆچکەی قەلادزێ لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەئێراق ، ئەنجام درا بەگوواستنەوەیان لەسەر خاوەنداریەتی تایبەتی و

سامانی خۆیان بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی پارێزگای هەولێرو سلێمانی لە باشووری کوردستان.

ئەم وێنانە شاری قەلادزێو سەنگەسەرن لە پشدەر

١٩٨٩/٦/٢٤ له زانكۆی مینۆسوتا له ئەمەریكا ، زاناكانی گەردوونناسی به یەك جار ١٠ ئەستێرەی نوێیان دۆزیەوه لە ئاكامی كاره جۆراوجۆرەكانی زانستی گەردوونی لەجیهاندا.

١٩٨٩/٦/٣٠ بەرپابوونی كودەتای سەربازی لە سوودان بە سەركردایەتی عەمیدی روكن – عومەر حەسەن بەشیر– و سەرۆكایەتی خۆی بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرشی نوێ ڕاگەیاند ، تاكوو تەواوبوونی ئەوپەرتووكە لە دەسەلات بەردەوام بووه... شایانی باسه كه یەك له كارەكانی سەربازی كاری له لیوای هەشتی باشووری كوردڤان كردووه ، كه ناوچەیەكی كوردیه واته دانیشتووانەكەی كوردن له ناوچەكەدا .

١٩٨٩/٦/٣٠ ئەمینداری گشتی پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان سامی عەبدولرەحمان چاوپێكەوتنی له گەڵ وویستگەی ڕادیۆی لەندەن بەشی عەرەبی ئەنجامدا ، لە بارەی باری كوردو شۆرش و لەگەڵ ڕژێمی بەعس و پەیوەندی كورد لەگەڵ وولاتانی داگیركەرو هەرێم و جیهان لە داهاتووی كوردو خاكی كوردستان.

١٩٨٩/٧/٤ رابەرو دامەزرێنەری كۆماری ئیسلامی لە ئێران ئایەتووڵڵا خوومەینی كۆچی دوایی كرد ، دوای ئەو حووججەتول ئیسلام خامنائی لەسەرەك كۆماریەوه جێگەی خوومەینی گرتەوه بەرابەری ئاینی و دەسەلات له سەر ئێراندا .

١٩٨٩/٧/١٣ سكرتێری پارتی دیموكراتی كوردستانی لكێنراو بە ئێران – دكتۆر

قاسملو- لە شاری ڤیەنا تیرۆر کرا .
ئەویش لە لایەن تیرۆریستەکانی ڕژیمی بەناو ئسلامی لە ئێران ، بە سەرکردایەتی مەحمود ئەحمەدی نەژادی کە لە سالی ٢٠٠٥ لە هەلبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بەسەرۆکی ئێران هەلبژێردرا لە سەر ئێران .

١٩٨٩/٧/١٥ کۆچی دوایی زاناو ڕۆشنبیری کورد- شێخ محەمەد خاڵ - لەتەمەنی ٨٥ساڵیدا .
شایانی باسە شێخ محەمەدی خاڵ لە ساڵی ١٩٠٤ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... ئەم نووسەرو زمانەوانە لەماوەی سێ چارەگە سەدە سەرقاڵی بڵاووکردنەووەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بوو لە سەر بنەمای زانستی و بابەتی بە پێی بۆچوونی ریفرۆمیانە کە خوودی قوتابخانەیەك بوو . ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٥٤ لەناو زانا یەکەمەکانی کورد کە بۆ ئەندامیەتی کۆری زانیاری ئێراقی هەڵبژێردرا .
ئەمەو دوای دامەزراندنی کۆری زانیاری کورد بووە ئەندامێکی کارای کۆمەڵەکە , لە ساڵی ١٩٧٠ بووە ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد ... ئەم نووسەرە ٨ دانراوی بەچاپگەیاندووە بەزمانی کوردی وەك - تەفسیری جەزی لە ساڵی ١٩٣٤ - فەلسەفەی ئایینی ئیسلام لە ساڵی ١٩٣٨ -

موفتی زەهاوی لە ساڵی ١٩٥٢ – تەفسیری سورەتی فاتیحە لە ساڵی ١٩٥٥ – پەندی پێشینیان لـە ساڵی ١٩٥٧ – ١٩٧١ . فەرهـەنگی خـاڵ لەچوار بەرگدا ، لە ساڵی ١٩٦٠ – ١٩٦٤ – تەفسیری خاڵ لەچوار بەرگدا لـە ساڵی ١٩٦٩ – ١٩٧٢ – ١٩٧٩ . ئەوانەی بە زمانی عـەرەبی بڵاوی كردۆتـەوەو ئەلبیووشـی لـە ساڵی ١٩٥٧ – شێخ محەمـەد نوردە لـە ساڵی ١٩٦١ – لـە گەڵ دەیا بابەتی بە پێزی بڵاوكراووە لە گۆڤارو ڕۆژنامەكان لەو بوارانەدا

سەرچاوە:– گۆڤاری سەردەمی عەرەبی – ژمارە/ ٢١ /٢٠٠٨

١٩٨٩/٧/٣٠ لـە وتووبێـژی ڕۆژنامـەی – نـارونی ئـەبرازەوانی – جۆرجیـا یـەكێك لـەو دیكۆمێنتانەی ئەو سەردەمەی هێناوەتەوەو ، نووسەر دەڵێ :–

لە مانگی /١٩٤٤/٥ ، ٤٩٠٩ بنەماڵە واتە ٢٥٥٠٠ هەزار كەس لە ناوچەی ئاخال كەلادە ٥٤٥ – ٣٠ هەزاركەس ، لە ناوچەی ئادیگەو ٤٢٢٠ بنەماڵـە ، واتە ٢١٠٠٠ كەس لە ناوچەی ئاسپیندیز گووازراونەتەوە .

لـە ئەنجامـدا بـە هەموویـەوە ١٢٨٦٠ بنەماڵـە دەبـوو ، واتـە ٧٧٥٠٠ هـەزار كەسی كورد لە سەر خـاكی خۆیـان گووازراونەتـەوە ، بۆ ناوچـەكانی دیكەو جێگە گرتنەوەیان بە خێزانەكانی دیكە لـە ناوچەكانی دوور لـە ناوچـەكانی خۆیان لە كێشووەرەكەدا.

١٩٨٩/٨/٢١ فرۆشتنی تابلۆیەكی وێنەكێشی بەناوبانگی جیهانی بیكاسۆ لە پێشبركێی ئاشكرا لە شاری نیویۆركی ئەمـەریكی بەبڕی ٤٧ ملیۆن دۆلاری ئەمـەریكی لە پێشبڕكێیەكەدا.

١٩٨٩/٩/١٩ گرێـدانی كـۆنگرەی جیهـان لـە شـاری كـابنێرای پایتـەختی ئوسـترالیا سەبارەت بەچەكی كیمیایی ... بەڵام ئەمجارەیان نـاوی كورد هاتە گۆڕێ و وەزیــری دەرەوەی ئەوكاتــەی ئوســترالیا كارەســاتی شــاری هەڵەبجــە وقوربانیـەكانی لـە باشـووری كوردسـتانی لكێنـدراو بـە ڕژێمـی بـەعس لـە ئێراقــی وەبیرخــستەوە ، هــەر وەك ڕێكخــراوی جیهــانی كارمەنــدانی تەندورستی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا.

١٩٨٩/٩/١٩ دوای ڕاگـوێزانی بـە هــەزارا كـورد و چـەندین ڕوونـاكبیرو هونەرمەنـد و كاربەدەستانی فەرهـەنگیان خستە بن ئازارو ئەشكەنجەو دوایی زۆربـەیان

بەتاوانی – دوژمنی گەل – گوللە بارانکرد . کابووسی سەرۆکی پارت و دەوولەتی سۆڤیەت ستالین وەنەبیّ تەنیا بۆ کورد تایبەت بووبیّ... ستالین لە سالّی ١٩٢٤ دا کە دەسەلاّتی گرتە دەست تاکوو کۆچی دوایی کرد لە سالّی ١٩٥٣ ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن مرۆڤ لە بەندیگەکاندا کوشت ، یان سالاّنە لە ٦٥٥ – ٦٨٩ و رۆژانە زیاتر لە ١٨٨٩ کەسی لە ناوبردووە .

هەروا لەبن هەتاوی پێرسترۆیکادا کوردەکان چ بە خۆپێشاندان چ بە بەرزکردنەووەی داخوازیەکانیان ، داوای گەراندنەوەی مافە نەتەوەییەکان و گەرانەوەیان بۆ جێگەی خۆیان کردووە .

بەلاّم تاکوو ئێستاش وەلاّمیان نەداروەتەوە ...سەرۆکی پارت و دەوولەتی میخائیل گورباتشۆف لە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت سەرنجی دابووە ئەو تەوەرەی دەرهەق بەکەمە نەتەوایەتیەکانی سۆڤیەت کراوە لە ناو سنووری سۆڤیەتدا .

کە کوردیش یەکێك بووە لەو نەتەوانە کە گورباتشۆف گووتبووی – پێویستە بۆ گێرانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان هەولّ بدەین –... بەلاّم ئەم گووتەیەش هەتاکوو ئێستا هەر ووتەی سەر پەر بووەو بەس نەخراوەتە پراکتیکەوە لە رووسیای دوای سۆڤیەتی هەلّووەشێندراودا .

١٩٨٩/١٠/١٤ لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کۆنگرەی جیهانی کورد گرێدرا لە پێناو بەرگری کردن لە مافی کورد ، کە ٢٠٠ نووێنەری وولاّتانی جیهانی و کورد بەشداریان تێدا کردو رۆلّ و کاردانەوەی باشی نوواند بۆ دواڕۆژی کورد و کوردستان و پەیوەندیە نێوودەوولەتیەکان.

١٩٨٩/١٠/١٤ بەدەست پێشخەری ئەنیستووتی کوردو بە هاوکاری دەزگای- فەرەنسای ئازاد – بە سەرۆکایەتی خاتوو دانیال میترانی هاوسەری سەرۆکی پێشووی فەرەنسا . فرانسۆ میتران ، کۆنفرانسی نێوو نەتەوەیی لە سەر ماف و پێناسەی فەرهەنگی کورد لە فەرەنسا گرێدرا بە ئامادە بوونی نوێنەری ٣١ وولاّت لە وولاّتانی عەرەبی و کوردو جیهان .

١٩٨٩/١٠/١٦ دەزگا ئەمنیەکانی رژێمی بەعسی لە ئێراق لە کارێکی نامرۆڤانە ٢٣ هاوولاّتی کوردی لە شارۆچکەی شەقلاوەی سەر بەپارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان ، گووللە باران کردو لە گۆرێکی بە کۆمەلّ خرانە ژێر خاك بە هۆی هەلّوویستی بوێرانەی نەتەوییان .

١٩٨٩/١١/٨ ئاژانــسی ئاسمــانی ئەمــەریکی -ناســا nasa- مــانگی دەســتکردی بەرەوئاسمان بەرزکردەوە بەناوی -کۆبی cobe- کە ئەو مانگە دەستکردە تلسکۆبێکی بە هێزی پێوەری پلەی گەرمی و ساردی گەرەمی هەڵگرتبوو بەرەوبۆشایی ئاسمان.

١٩٨٩/١١/٨ گرێدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری ئەمەریکا لە کۆشکی سپی ، کە تیایدا بریکاری وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکا- ڕۆبرت کمیت- دووپاتی کـردەوە ، کـە ڕژێمـی بەعـسی لـە ئێـراق ڕۆڵێ گرنگـی هەیـە بـۆ ئێمـە لـە چەسپاندنی ئاشتی لە جیهاندا .

١٩٨٩/١١/١٠ هـەوڵکانی سەر بەخۆ بوونی هـەردوو هـەرێمی – ئۆسیتیا – ئـەبخازیا – و هـەروا ناوچـەکانی دیکـەی قـەوقاز ، بـەر لـە ڕاگەیانـدنی کۆماری جۆرجیـا ، ئـەویش لـە ئـەنجامی لـە بـەر یـەك هەڵوەشـاندنەوەی یەکیـەتی سـۆڤیەت دەسـتیان پێکـرد . کـە لـەم ڕۆژەدا ئەنجوومـەنی سـۆڤیەت لـە شـاری – تسیتفالی – پایتـەختی ئۆسـیتیای باشـوور بریـاری دامەزرانـدنی کۆمـارێکی سۆڤیەتی سەربەخۆی ڕاگەیاند .

ئـەم بریـارەی ئەنجوومـەنی سـۆڤیەت لـە ئۆسـیتیای باشـوور لـە لایـەن دەسەڵاتدارانی ناوەندی ، لە مۆسکۆی پایتەختی سۆڤیەت ڕەتکرایەوە . کە ئەوکاتــەش یەکــەم ڕووبــەڕوو بوونــەوەی شــەڕی چــەکداری لــە گــەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری جۆرجیا ی سەر بە حکوومەتی ناوەندی لە مۆسـکۆ بەر لە هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت ڕوویدا .

که لەو شـەڕەدا زیـاتر لـە ۲۰۰۰ هـەزار هـاووڵاتی لـە دانیشتووانی هـەرێمی ئۆسـیتیا گیانیـان لـە دەسـتدا ، و زیـاتر لـە ۱۰۰,۰۰۰ هــەزار هـاووڵاتی دیکـەش بـەرەو باکوور دەربـەدەر بوون و هـەروا زیـاتر لـە ۲۰,۰۰۰ هـەزار هـاووڵاتی جـۆرجی دانیـشتووی ئۆسـیتیا ، هەرێمەکـەیان جێهێـشت بـەرەو کۆماری

جۆرجیا لە ناوچەکەدا .

جێگـەی روونکردنـەوەیـە کـە مێـژووی شـەڕو پێکـداکان و نـاکۆکی لـە نێـوان هـەردوو هـەرێمی ئۆسـیتیا و ئـەبخازیا ، کۆنـەو مێـژووی پـر لـە ململانـێ و شەڕو نائارامی بووە لە ناوچەی قەوقازدا ... لێرەدا با باس لـە چۆنیەتی هەڵکەووتـەی هــەرێمی ئۆسـیتیا بکــەین کــە – کــۆی رووبــەری خــاکی ئۆسیتیای باشوور لە ٤۰۰۰ چوار هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشە پێك هاتووە ، هەروا ژمارەی دانیشتووانی ۷۰۰,۰۰۰ هەزار کەسە .

جگە لـەوەش ژمـارەی دانیشتووانی ناگاتـە ۱۰۰,۰۰۰ سـەد هـەزار کـە س ، کـە نیـووەی ژمارەیـان بـەر لـە ئامـاری سـۆڤیەت لـە سـاڵی ۱۹۸۹ و رووبـەری ئۆسـیتیای باشـوور لـە پـاش سـنووره فەرمیـەکانی ڕووسـیا ۸۰۰۰ هەشـت هەزار کیلۆ مەتر چوا گۆشە دەبێت لە ناوچەکەدا .

هەروا دراوسێکانی ئۆسیتیا ، کە کۆماری جۆرجیـا دەکەوێتـە رۆژهـەڵات و باشــوور و رۆژئــاواوە ، دەووری ئۆســیتیای باشــوور دەدات ، ڕووســیای

یەکگرتووش خاکی قەوقازی باکوور وەك . چیچان و ئەنگۆشیا و قبرزای بەکاریا – لە رۆژهەلاَت و رۆژئاواو باشوورەوە دەووری ئۆسیتیای باکوور دەدات . هەروا باکوور و باشووری ئۆسیتیا بە هێلێکی سنووری لە یەك جیا دەبێتەوە کە میراتی دەسەلاَتی کۆمۆنیستەکانە لە سەر نەخشەی قەوقازدا و بە مەبەستی دابەشکردن و لاواز کردنی ئەو شۆرشانە کێشراوە کە لە ناوچەکەدا بەرپا دەبوون .

هەروا دەتووانین ئەوەش بلێین کە ناوچەکە بە گشتی ، کە وەك ئۆسیتیا کراوتە چەند پارچەیەکی جووگرافی بچووك و هەروا گەلانی ئەو هەرێمەش بە شێووەیەکی هەرەمەکی دابەشکراون و هەر یەکیان کەمینەیەکی نەتەوە رووسی تیا نیشتەجێیە و لە گەلَ ئەوانەش کەمە نەتەوەیی جۆرجی لە ئۆسیتیای باشوور و ئەبخازیا نیشتەجێن .

چۆنیەتی ئەم جۆرە پێك هاتەش لە ئەنجامی جێ بە جێکردنی رامیاریەتی سۆڤیەتە ، و لە رووی کارگێریشەوە ئەو رێووشووێنانەی رووسیا بەرامبەر بە ناوچەکە دەیانگرێتە بەر درێژە پێدانی هەمان ئەو رامیاریەتەیە کە پێشوو پیادەیان کردووە لە ناوچەکەدا. لەو پێناوەش دا گۆرینکاری گەورە بە سەر ناوچەکەدا هێنراوە ، ئەویش:-

لە سەردەمی رووسیای قەیسەری ناوی ئۆسیتیای ئێستا کەرتی – ئۆکرۆك – بووە . بەلاَم لە ١٩١٨/٧ تا ١٩٢١/٩/٤ بەشی باشووری هەرێمی ئۆسیتیای بە کۆماری جۆرجیای دیموکراسی لکێندراوە . بەلاَم لە ١٩٢٠/٩/١٥ کۆماری ئۆسیتیای باشووری سۆڤیەتی لەوکات راگەیەندرا .

هەروا لە ١٩٢٢/٨/٢٤ وەك ناوچەی – ئۆبلاستی – دابەشکردنێکی کاریگەریە بۆ ئەو ناوچانەی کەخاوەنی ئۆتۆنۆمین – ی سەر بە کۆماری سۆشیالیستی سۆڤیەت لە یەکیەتی قەوقاز راگەیەندرا . دوای ئەوە هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت بە فەرمانی سەرکردایەتی بالاَی یەکیەتی سۆڤیەت لە ١٩٢١/٩/٤ جۆرجیای خستە ژێر دەسەلاَتدایەتی یەکیەتی سۆڤیەت . لە دوای ئەو هەموو رووداوو گۆرانکاریانە ئەو هەرێمانە لە ١٩٣٦/٣/٢٤ بە کۆماری جۆرجیای سۆشیالیتی سۆڤیەت لکێندرا .

لە دوای هەلَووەشاندنەوەی سۆڤیت رێژەی دانیشتووانی رووسەکان لە

ئۆسیتیای باکوور ٢٣٪ دەبێت ، کە کەووتۆتە ناو سنووری رامیاریەتە فەرمیەکانی رووسیا ... بەڵام لە ئۆسیتیای باشوور لە ٥٪ دەبێت .
گەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی قەیسەری رووسیا بۆت دەردەکەوێت کە تەنیا ئۆسیتیەکان لە ١٨٧٤/٢/٨ رازیبوون کە ملکەچی بۆ کۆلۆنیالیزمی رووسیای قەیسەری بکەن .
لەلایەکی دیکە سەرچاوە جۆرجیەکان و وولاتانی ئەورووپای رۆژئاوا پێیان وایە کە مۆسکۆی پایتەختی رووسیای یەککرتوو ، ئۆسیتیەکان وەك ئامرازێکی سەپاندنی دەسەڵاتیان لە جۆرجیا بەکاردێنن ، لە کاتەکانی کە رووداوەکان دێنە پێشەوە وەك ئێستادا .
دوای ئەوە جارێکی دیکە لە ١٩٩٠/٩/٢٠ کێشەی سەربەخۆیی ئۆسیتیا دووبارە بووەوە و کە ئەو وەختە بە فەرمی هێشتا سۆڤیەت وەك جەمسەری جیهان لە دەسەڵات مابوو ... شەڕ دەستی پێکردەوەو ئەم جارەیان رووبەڕووبوونەوەکان توند و تیژتر بوون و ئۆسیتیەکان توانیان پایتەختی خۆیان بپارێزن ... لەدوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت بە شێوەیەکی فەرمی لە ١٩٩٠/٨/١٩ راگەیاندرا ... کە راستەوخۆ دوای ئەوە لە ١٩٩١/٩/١ سیّ بارە ئۆسیتیەکان سەر بەخۆیی خۆیان راگەیاند لە ژێر ناوی کۆماری ئۆسیتیای باشوور .
واتە بیّ ئەوەی ناوی سۆڤیەت لەو راگەیاندنە بێنن ... بەڵام بەر لەوەش جۆرجیا لە ١٩٩٠/٩/٦ سەربەخۆیی خۆی بە جیابوونەوەی لە سۆڤیەت راگەیاند وەك کۆمارێکی سەربەخۆی نێوو دەوڵەتی لە جیهاندا .
لەوکاتەشدا ژمارەی دانیشتووانی ئۆسیتیەکان لە باشوور ١٢٥,٠٠٠ هەزار کەس دەبوون ، کە ٣٦,٠٠٠ هەزاریان بە نژاد جۆرجی بوون لە هەرێمەکەدا ... بەڵام هێزەکانی سووپای جۆرجیا کۆنترۆڵی ئەو جێگایانەیان دەکرد کە دانیشتووانە جۆرجیەکانی لێبوون ... دوای ئەوە ئۆسیتیای باشوور لە پێناو بە دەست هێنانی سەربەخۆیی یەکجارەکی و بوونی بە خاوەن سنووری دەوڵەت لە ١٩٩٢/١/١٩ لە ریفراندۆمێکی فەرمی لەلایەن دانیشتووانی هەرێمەکە ئەنجامدرا ، کە لە ٩٠٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی ئۆسیتیا دا .
هەر دوای ئەوەش لە هەرێمی ئەبخازیا هەمان ریفراندۆم ئەنجامدرا بۆ

بەدەست هێنانی سەربەخۆیی ئەو هەرێمە ... دوای ئەوەی سیستەمێکی نوێی جیهان هاتە ئاراوە بە نەمانی دووەم جەمسەری دژ بەیەکتری سۆشالیستی و سەرمایەداری و نەمانی شەری ساد لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا .

کێشەی جۆراوجۆر و هەمە لایەن لەو هەرێمانەدا لەگەڵ جۆرجیا و رووسیا هاتە ئاراوە ، کە یەکیان ئەوی دیکەی تاوانبار دەکرد ، واتە سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان رووسیا و جۆرجیا لەسەر هەردوو هەرێمی ئۆسیتیا و ئەبخازیا لە ناوچەی قەوقاز ، بەدەست تێوەردانی لەلایەن ئەمەریکاو وولاتانی هاوپەیمانیدا .

ئەم هۆکارانەش بوون هۆی ئەوەی کە ڕووسیا جۆرجیا هەڵسن بە ئەنجامدانی چەند ڕێکەوتنێك ، لە پێناو ڕێگە گرتن لە بەرپابوونی شەر و پێکدادان و چارەسەری کێشەکان بە ڕێگەی گفتووگۆ و یاسایی لە نێوانیاندا ... ئەوەبوو لە ١٩٩٢/٦/٢٤ ، بۆ یەکەم جار ڕێکەوتن لە نێوان کۆماری جۆرجیا و ڕووسیای یەکگرتوو مۆرکرا بە دانانی هێزێکی ئاشتی پارێزی هاوبەش لە نێوان کۆماری جۆرجیا و ڕووسیای یەکگرتوو لە هەرێمەکەدا ، لە گەڵ دەسەلاتدارانی هەرێمی ئۆسیتیا دانرا لە پێناو پاراستنی ڕێکەوتنی ئاگربەست لە نێوانیاندا ... دوای ئەوەش ڕێکەوتنێکی دیکە لە نێوان ڕووسیا و جۆرجیا لە ١٩٩٣/٥/١٥ مۆرکرا بەمانەوەی هێزێکی ڕووسیا بۆ پاراستنی ڕێگەکانی هاتووچۆ لە هەرێمەکەدا لەسەر داوای دەسەلاتدارانی کۆماری جۆرجیا لە ناوچەکەدا .

هەروەها لە پێناو ڕێگەگرتن لە هەر کێشەیەك ڕێکەوتنامەی سێیەمی نێوان ڕووسیاو جۆرجیا لە ١٩٩٤/٢/٣ مۆرکرا سەبارەت بە مانەوەی سێ بنکەی سەربازی ڕووسیا لە ناوچەکەدا کە خۆی لە ٢٠,٠٠٠ بیست هەزار سەرباز دەگرت ... دوای ئەوە سەرەك کۆماری پێشووی جۆرجیا – ئەدوارد شیڤەر نادزا – لە ١٩٩٦/٨/٢٧ پلانێکی سێ قۆناخی خستە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان و داوایی کرد ، کە ئۆسیتیای باشوور و ئەبخازیا بگەرێندرێتەوە ژێر دەسەلاتی کۆماری جۆرجیا و دەسەلاتدارانی هەردوو هەرێمەکە بەو پلانە رازی نەبوون ... دوای ئەوە هەمان پلان لەلایەن لێژنەی نێوو دەوڵەتی دۆستان – کە ئەلمانیا سەرکردایەتی دەکرد و ڕووسیای

یەکگرتوو ئەمەریکا و جۆرجیاش تیایدا بەشداریان دەکرد .
بەڵام سەرەرای ئەو هەموو هەوڵانە دیسان شەرو پێکدادان لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی پێکردەوە لە هەرێمەکەدا ... بێ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئۆسیتیا ئاگادار بکرێتەوە ، ڕووسیا و جۆرجیا ڕێکەوتنی دوو قۆڵیان مۆرکرد بە مەبەستی داماڵینی چەك لە ئۆسیتیای باشوورو کشاندنەوەی هێزەکانی سووپای ڕووسیا و جۆرجیا ، ... لە مانگی /٢٠٠٥/٩ شاری ئیسیڤالی پایتەختی ئۆسیتیا کەوتە بەر تۆپ بارانی هێزەکانی جۆرجیا و حکوومەتی جۆرجیا هەرەشەی کرد بە ناوی ئەوەی گەر تا نیوەوەی ساڵی /٢٠٠٦ هێزەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە نەکشێتەوە ، جۆرجیا لە ڕێکەوتنەکەی مانگی /١٩٩٢/١ پاشگەز دەبێتەوە .
هەروا دووبارە دەسەڵاتداران لە ئۆسیتیای باشوور لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ ریفراندۆمێکی دیکەی سەبارەت بە سەربەخۆیی هەرێمەکەی ئەنجامدا و لە ٩٩٪ی جەماوەری هەرێمەکە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی بوونی ئۆسیتیا دا لە ناوچەکە ... لە گەڵ ئەوەشدا کێشەکان ڕۆژلە داوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی هەنگاوی دەنا ، بە تایبەتی لەنێوان ڕووسیا و جۆرجیا لە سەر ئەو دوو هەرێمەدا .
ئەوە بوو هێزەکانی سووپای جۆرجیا بە فەرمانی سەرۆکی جۆرجیا – میخائیل ساکاشڤیلی – لە ٢٠٠٨/٨/٨ هێرشیان کردە سەر پایتەختی ئۆسیتیای باشوور و داگیریکرد .
بەڵام هێزەکانی سووپای ڕووسیا لە ٢٠٠٨/٨/١٢ لە هێرشی بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی سووپای جۆرجیا لە ماوەی سێ ڕۆژ توانی هێزەکانی سووپای جۆرجیا لە هەرێمەکەدا دەربکات و مەترسی بخاتە ناو دەسەڵاتی جۆرجیا بە داگیرکردنی جۆرجیا – کە بە دووری ٦٠ کیلۆمەتر مابوو بگاتە ناوشاری تەبلیسی پایتەختی جۆرجیا .
هەر لەوکات و ساتەدا حکوومەتی فەرەنسا لە هەوڵەکانیدا تووانی شەرەکە لە نێوان ڕووسیا و جۆرجیا رابگرێ ، لە ئەنجامی ڕێکەوتنی ڕاگرتنی شەر لە ٨/١٣ هەمان ساڵ ... لە گەڵ ئەوەشدا بارودۆخەکە هەر لە تەنگەشەدا دەخوولایەوە ، لە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو حکومەتی ڕووسیا و جۆرجیا ... دوای ئەوە هەردوو پەرلەمانی ئۆسیتیا و ئەبخازیا لە

۲۰۰۸/۸/۲۳ بریاری سەربەخۆیی هەرێمەکانیان راگەیاند و داوایان لە ڕووسیا کرد کە دان بەو سەربەخۆییە بنێ .
دوای ئەوە ئەنجوومەنی ڕووسیا و ئەنجوومەنی دۆمای ڕووسیا لە راگەیاندنێکدا ، دانینا بە سەربەخۆیی هەردوو هەرێم و سەرۆکی ڕووسیاش پەسەندی ئەو بریارەی کرد .
بەڵام کێشەکان لە نێوان ڕووسیا و جۆرجیا دەرچوو و کەوتنە نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا و یەکیەتی ئەورووپا بە ڕەتکردنەوەی ئەو بریارە و لە گەڵ سەرهەڵدانی چەندین کێشەی دیکە لە نێوانیاندا .

۱۹۸۹/۱۱/۱۰ بەڕێوەبەری مووخابەراتی پارێزگای کەرکوك لە باشووری کوردستان بە نووسراوی ژمارە/ ۱۱۰ وەڵامی مووخابەراتی گشتی شاری بەغدای داوە بەڕەوانە کردنی ۱۸ کچی کوردی ئەنقال کرا ، بەڕەوانەکردنیان بەرەو وولاتی میسرو پێدانی بە شێخە عەرەبەکانی ئێراق ، کە تەمەنی کچەکان لە نێوان ۱٤ تا ۲۹ساڵ دەبوون و تاکوو ئێستاش بێ سەروشووێنن ، کە لەکام جێگاو لەکام شار ژیانی دیلایەتی دەبەنە سەر – ئەمەیە بەتەسامحی ئاینی ئیسلام و ڕێبەرەکانیان–...؟..!.

۱۹۸۹/۱۱/۱٤ لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی یەکێتی سۆڤیەتدا ، سەبارەت بەو گەلانەی کە لە کاتی دەسەڵاتی ستالینی بە شێوەیەکی شۆڤینی و بە زۆر گوواستوونیەتەوە ، تا ئەوکاتەی بواری گەڕانەوەو دروستکردنەوەی کیانی خۆیان پێ نەدرابوو دەڵێت :– دەووڵەتەکەی ئێمە نە تەنیا جێگری قانوونی بەڵکوو میراتگری ڕاستەقینەی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرەی ستالینە کە ئەو هەموو تاوانەی کرد.
ئێمە دەزانین بۆ وێنە دەووڵەتی ئەلمانی فیدراڵ – ئەلمانیای ڕۆژئاوا – ئەو برسیەتەی لە بارەی قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانی ماددی کە ڕژێمی فاشیستی هیتلەر لەخەڵکی دابوو ، بەئەستۆی گرتووە دەووڵەتی ئێمەش نابێ بەو چەشنە ئەرکە هەڵنەسێ و خۆی لابدات ، لە گەڵ ئەوەشدا کورد لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت خاوەن کۆماری ئۆتۆنۆمی بوو بە ناوی – کوردستان ئۆیەزید – و لە کاتی دەسەڵاتی ستالین ئەو کۆمارە هەڵووەشێندرایەوە .
کە تاکوو ئێستاش کورد پەرگەندەی سەر دەیا کۆمارەکانی پێشووی لە

پێـك هاتـەی سـۆڤیەت بـووە ، بەتایبـەتی لەسـەرخاكی كوردسـتان . كـە پارێزگـای یـەریڤان و دەووروبەریـەتی ، كـە یـەریڤان ئێـستا پایتـەختی ئەرمینیایە لە كێشووەرەكەدا و لە جیهاندا .

١٩٨٩/١١/٢٠ ڕۆژی بڕیاردانی چەسپاندنی پەیمانی مافەكانی منداڵان لەلایەن كۆمەڵگای ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان . كە ئەمەش لە ئاكامی بازرگانی كردن بوو بە منداڵ لە وولاتانی هەژارو تازە پێگەیشتوو لە جیهاندا.

١٩٨٩/١١/٢٢ لەم ڕۆژەدا دەستكرا بە ڕووخاندنی دیواری نێوان ئەلمانیای ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بە ناوی – صور بەرلین– لە شاری بەرلینی پایتختی ئەلمانیای دیموكراتی ڕۆژهەلاتی پێشوو ، بەكۆتایی هێنان بە هەردوو ئەلمانیای لێك جیا كەرەوەو یەكگرتنەوەیان بەناوی هەردوو ئەلمانیای یەكگرتوو لە كێشوەرەكەدا .

١٩٨٩/١١/٢٣ بە هۆی بارودۆخی نێوو دەوڵەتی و گۆڕانکاری باری ناوەخۆو پەیوەندی دەرەوەی یەکیــەتی ســۆڤیەت و ئــاڵۆز بــوونی بــاری ڕامیــاری و ئــابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی، کە کاردانەوەی کردە سەر ئەلمانیای دیموکراتی و بــووە هــۆی ڕووخانــدنی دیــواری نێــوان هــەردوو ئــەلمانیای ڕۆژئــاواو ڕۆژهەڵات و گەڕانەوەی ئەڵمانیا بۆ ئەڵمانیای یەکگرتوو لە کێشووەرەکەدا .

١٩٨٩/١١/٢٤ لە ئەنجامی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی گەلانی کۆماری تشیك و وەلامدانەوەی لە لایەن پۆلیس بەشێووەیەکی دڕندانە ، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی دەست لــە کــار کێــشانەوەی پــارتی کۆمۆنیــست لــە دەســەلاتداریەتی لــە ســەر وولاتەکەدا.

١٩٨٩/١١/٢٧ لە دوای دەست هەڵگرتنی دەسەلات لەلایەن پارتی کۆمۆنیست لە تشیك گەورەترن خۆپیشاندان ئەنجامدرا ، کە بووە هۆی لێك ترازانی پەیوەندی کۆمەلایەتی و بارودۆخەکەو دورست بوونی بەدەیا پارت و ڕێکخراو گروپی نوێ لە وولاتەکەدا.

١٩٨٩/١١/٢٨ ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان لە بڕیارێکیدا ئاگاداری ڕژێمی تورکیای کردەوە ، کە چیتر ئاوارەی کورد لە تورکیا بە پەناهەندەی وەرنەگرێت لە ناوچەکەدا .

١٩٨٩/١٢/٢٨ لــە ئــەنجامی ڕاپــەڕین و خۆپیــشاندانی کرێکــارو جووتیــارو فەرمانبــەرانی کۆمــاری تــشیك ، کــە بــووە هــۆی دامەزرانــدنی حکوومــەتی فرەلایــەن بەسەرۆکایەتی – هاڤیل – لە ئەنجامی ڕاپرسی لە وولاتەکەو ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتی بۆ ٢٢٠٠٠ هەزار بەند کراوو، کە بووە هۆی بەرەو ئارام بوونەوەی بارودۆخی وولاتی تشیك لە ناوچەو کێشووەرەکەدا .

١٩٩٠

١٩٩٠/١/٣ خۆبەدەستەوەدانی سەرکردەی کۆماری پەنەما - ئیمانۆئیل تۆربیگا- بە هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە دوای دە ڕۆژ لەخۆحەشاردانی لە بارەگای فاتیکان لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا.

١٩٩٠/١/١٠ دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسی ناوداری ئەڵمانی خاتوو -هیلاسلومبیرگەر- لە لایەن رژێمی تورك ، لە هوتێلی شاری سیرت لە باکووری کوردستان ، ئەویش بە تاوانی ئەوەی کە گووتوویەتی.
چۆن دەووڵەتی تورکی هەیە باکووردیش هەمان مافی هەبێت ودوایی لەرۆژی ١/١١ گوواستیانەوە بۆ زایندانەکان لەشاری دیاربەکری کوردی باکووری کوردستان لە تورکیا.

١٩٩٠/١/١٥ سەر لە نوێ پەیوەندی دبلۆماسی لە نێوان ئەرژنتین و بەریتانیا دەستی پێکدرەوە ، ئەویش بەماوەدانی کەشتیەکانی راوی ئەرژەنتین بەدرێژایی - ٥٠ میل- لە سەر کەناری دوورگەی شاری -ملوین- لە نێوان هەردوو وولات لە ناوچەکەدا .

١٩٩٠/١/١٦ جێگری سەرەك وەزیرانی ئێراق و وەزیری دەرەوەی رژێمی بەعس لە ئێراق تارق عەزیز سەردانی ئەمەریکای کردو لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جیمس بیکر کۆبۆوە ، دوای ئەوە لە گەڵ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش کۆبۆوەو سەردانەکەی لەوکات سەرکەووتنی بەدەست هێنا.
لە بەر ئەوە ، دوای ئەوە سەرۆکی ئەمەریکا ئامۆژگاریدا بە ئیدارەی ناوخۆی ئەمەریکا ، بە بووژاندنەوەی پەیوەندی لە گەڵ ئێراق و ووتی:- ئەو بووژانەوەیە یارمەتی ئارامی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەدات.
دوای ئەوە سەرۆکی ئەمەریکا فەرمانیدا بە زیاد کردنی قەبارەی بازرگانی لە گەڵ ئێراق ، لە پێناو سوودمەندی کە بۆ ئەمەریکا دەبێت، لەدوای ئەوە چەندین رێکەووتننامە لەنێوان ئەمەریکاو ئێراق مۆرکرا بەبری ١٢٠٠ ملیۆن دۆلار لەنێوانیاندا.

١٩٩٠/١/٢٤ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لە سەر شانۆی کۆنگرێس وتاری ساڵانەی بۆ گەلی ئەمەریکا دەخووێندەوە گووتی :-

کـه هـەر سـەرۆکێکی وویلایەتـه یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هـەموو سـەری سالأنه وتـاری سالأنه بۆ گـەلی ئەمـەریکا دەخوێنێتـەوە . کــه وتارەکــەی جــۆرج بــۆش بەناوبانگ بوو بە ناوی – کاتی یەکیــەتی– لـــەو تارەکەیـــدا گووتی:–
وویلایەتـــه یـــەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرەو سەدەی بیستو یەك هەنگاو دەنێ و دەبێ هەر بێ ، کە ئەو سـەدە نوێیـەی ئەمـەریکا بێـت بـە چـەندیەتی لەسـەدەی پـێش ئـەوە ، کـە سەدەی بیستەو – سەدەی ئەمەریکایە لە هەموو بوارەکان لە جیهاندا .

١٩٩٠/٢/٣ بـەرەی کوردسـتانی و ئۆپۆسـزیۆنی ئێراقـی بانگـەوازێکیان بـۆرای گـشتی عـەرەب و جیهـان بـلأو کـردەوە لـەپێناو تاوانبـارکردنی رژێمـی بەعـسی لـه ئێراق بە رەفتارو رامیاریەتی لەپێناو لەناوبردنی گەلی کورد لە باشـووری کوردستان.

١٩٩٠/٢/٧ بەرەی کوردستانی ڕاگەیاندنێکی ئاراستەی کۆمەڵگای نێوودەووڵەتی کرد ، ئـەویش لـە پێنـاو یارمەتیـدانی ئـەو پەناهەندانـەی ئۆردووگـای پارێزگـای دیاربـەکر لـە باشـووری کوردسـتان ، کـە ڕژێمـی بەعـسی لـە ئێـراق بـەگازی ژەهراوی –کەنەفت– زامدار ببوون لە شارەکەدا .

١٩٩٠/٢/٩ لە ئاکامی راپرسیەکی گەلأنی کۆماری نامیبیا دەسـتووری نـوێی ڕاگەیانـد بە دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی فرەلایەن لە نـاوخۆی وولأتەکەیـدا

١٩٩٠/٢/١١ ئازاد کردنی سەرکردەو قارەمانی نیشتمانی ئەفریکیاو سەرۆکی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکیا – نلسۆن ماندێلا– لە دوای ٢٧ساڵ لە زیندانی کردنی ، کە لە ساڵی ١٩٩٢خەڵاتی نۆبلی پێ بەخشرا بەهۆی هەلوویستی نیشتمانی و ئاشتیخوازانەو نەهێشتنی بیری ڕەگەز پەرستی لەناوچەو هەرێمو وڵاتەکەیدا .

١٩٩٠/٢/٢٨ لە بارو دۆخی نوێی جیهان لە کۆنگرەی هێزە ڕامیاریەکانی پێك هاتەی گەلانی کۆماری بەنین ڕژێمی مارکسی – لینینی هەلووەشێندرایەوەو ڕژێمی فرە پارتی پەیڕەو کراو هەموو زیندانە ڕام یاریەکان ئازد کران لە وڵاتەکەدا .

١٩٩٠/٣/١١ ئەنجوومەنی باڵای کۆماری لیتوانیا بڕیاری جیابوونەوەی لە یەکیەتی سۆڤیەت بە سەربەخۆیی تەواوی وڵاتەکەی ڕاگەیاند ، کە یەکەم وڵات بوو لە وڵاتەکانی ناوچەی بەلتیك و بەو کارە هەڵسیٚو ئەنجامی بدات لە هەرێمەکەدا.

ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – ڤیلنس –ی پایتەخت بوو ، کەژمارەی

دانیـشتووانەکەی ، ٧٢٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە ، هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاّتەکەی ، ٤,٣٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە .

هـەروا رووبـەری خـاکی وولاّتەکـەی ، ٦٥,٣٠٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ، ١٧٠ کـەس لـە یـەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، لیتوانی ٨١٪ . پرووسی ١٠٪ . پۆڵەندی ٧٪ .

١٩٩٠/٣/١٦ بە فەرمانی سەدام حوسێن سەرۆکی رژێمی بەعس لە ئێراق ، کە خۆی لە سـەر قـەلاّی کـەرکوك وەسـتابوو بڕیـاری رووخانـدنی قـەلاّی کـەرکوکی دا . ئەویش بە پێك هێنانی لێژنەیەکی سیّ قۆڵی کە لە :-

١-قائمقامیـەتی کـەرکوك . ٢- شـارەوانی کـەرکوك . ٣- بەڕێوەبەرایـەتی شوێنەواری کەرکوك .

قەلاّی کەرکوك

کـە بەڕێوەبـەری شوێنەواری کـەرکوك - غائـب فـازل - بـوو و هـەر ئـەویش سەرپـەرشـتیاری تێکدانەکە بوو ... قەلاّی کـەرکوك کۆنترین شـوێنەوارە لـە رۆژهەلاّتی ناوەراست لە دوای قەلاّی هەولێر .

کـــە رووبـــەری قـــەلاّی کـــەرکوك ٢٥٠٠٠٠ دووســـەدو پەنجاهـــەزار مەترچوارگۆشـەیە ، کـە زیـاتر لـە ١٥٠٠ خێزانـی تیانیـشتەجیّ بـوو ... کـە رووبـەری دووجـار ئەوەنـدەی قەلاّی هـەولێر گـەورەتر بـووەو لەسـیّ گـەرەك

پێك هاتبوو ... ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٨ دەست كرا بەرووخاندنی قەڵاكە ، كەچی بەر لەوەش لەتێكدانی قەڵای كەركوك بەردەوام بوون ... لە بەر ئەوەی شوێنەوارێكی كوردیەو كوردستانیە .
كە بەر لە ٦٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئەم قەڵایە ژیانی تیاهەبووە بەر لە بوونی عەرەب لە سەر گۆی زەوی و نەبوونی هەستی شارستانیەت لەلایەن عەرەب لە جیهاندا.

١٩٩٠/٣/١٦ شەهید كردنی زاناو رووناكبیری ئایینی و نەتەوەیی كورد- ناسر محەمەد رەشید - ناسراو بە - ناسر سوبحانی- لە لایەن ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران ، ئەویش بە هۆی هەڵوێستە بوێرەكانی دژی ڕژێمی ئێران ، بە تایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕابەری ئاینی و مەزهەبی شیعەی ئیسلامی لە ئێران ، ئایەتوڵڵا خوومەینی و بەرگری كردنی لە مافە ڕەواكانی گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی كوردستان ..
شایانی باسە كە شێخ ناسر لە ١٩٨٩/٦/٦ لە لایەن ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران دەستگیركرا لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان... هەروا لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی دوریسانی سەر بە قەزای باوە چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... گۆڕەكەی لە گوندی - قروە-ی نێوان شاری سنە و هەمەدانە ، ئەویش لە دەرەوەی گۆڕستان لەلایەن ڕژێمی ئێران تەرمەكەی نێژراوە بەناوی- لعنة اباد- لە وڵاتەكەدا .

١٩٩٠/٤/٣ بەپێی ڕێنمایەكانی دیوانی سەرۆكایەتی كۆماری ئێراق ، كە هاتوو بە پێی نووسراوی ژمارە/ق/٩٦١ كە پارێزگای مووسڵ بە فەرمانی ژمارە/١٧٤١ی ، لە١٩٩٠/٤/١٠ دەركرد بەپێكهێنانی چەندین لێژنە بەڕووخاندنی خانوو وماڵەكانی كوردی شەبەك لەپارێزگای مووسڵ ، كە گوواستراونەوە بەكۆتایی هێنانی سامانەكانیان و گوواستنەوەی تۆمارگای باری كەسی بۆ دەرەوەی پارێزگای مووسڵ.
شایانی باسە كوردی شەبەك لەرۆژهەلاتی پارێزگای مووسڵ نیشتەجێن بەرلە مێژووی زاینی تاكوو ئێستا كە خاكی كوردستانەو بە دەووڵەتی ئێراق لكێندراوە لە گەڵ دروست كردنی دەووڵەتی ئێراق .

١٩٩٠/٤/١١ لــه دوای هەوڵــە بەردەوامــەکان لــە پێنــاو چـاری کیـشە ناوخۆییـەکانی سـۆڤیەت لــە ئاکامــدا ســکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت – میخائیل گۆرباتشۆف– لە بەردەم کومیتــەی ڕۆژنامەگــەری جیهــانی لەمۆســکۆی پایتــەختی یەکیــەتی سۆڤیەت ڕاگەیاند و گووتی:–
کــە ئێــستا جیهــان لەســەرەتای دورست بوونی پرۆسەی سیستەمی نوێ دایە .
کە ئەو ڕاگەیاندنە بووە هۆی هەرەس پێ هێنانی یەکیەتی سۆڤیەت لە کێشووەرەکەو جیهاندا .

١٩٩٠/٤/٢١ کۆچـی دوایـی کەسـایەتیِ نـاوداری سیاسـی و نەتـەوەیی کـورد – عـەزیز شـەریف– لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهان بە شداری تـەواوی لـە هـەموو جووڵانەوەو بزووتنەوەی گەل و نیشتمانی ئێراق کردووە... دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاشتی و هاوکاری – مجلس السلم والتضامن– لە ئێراق و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سلم و تەزامنی عالمی هەڵبژێرکدرا.

عەزیز شەریف لە گەڵ مستەفا بارزانی لە چاوپێکەتنێکیاندا

١٩٩٠/٤/٢٤ هـەردوو ئـەڵمانیای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا ڕێککـەوتن لـە سـەر یەکخستنی دراوی ئابووریان لەسەرەتای ١٩٩٥/٧/١ لە وولاّتەکەدا .

١٩٩٠/٤/٢٩ ڕۆژی دەسـت پێکردنـی ڕووخانـدنی ئـەو پەرژینـەی نێـوان ئـەڵمانیای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا دروسـتکرابوو، ئـەم پەرژینـەش کـە لـە دوای کۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهـانی دورسـت کرابـوو لـە ناوەنـدی شـاری بـەرلین لـە ئەڵمانیادا.

١٩٩٠/٥/١ کۆچی دوایی شێخی کوردناسـیٚ - حـاجیێ جونـدی - لـە شـاری یەریڤانی کوردستانی پایتـەختی کۆماری ئەرمینیا .
شـایانی باسـە نـاوی تـەواوی حـاجیێ جـەواریێ جوندیـە و لـە ١٩٠٨/٣/١٨ لـە گونـدی بـەمان جابریێ سەر بە پارێزگای فارس لە باکووری کوردستان چاوی بە جیهـــان هـــەڵهێناوە ... ئـــەم کەســـایەتیە لـــە ســـاڵی ١٩٣٤ بەشداری لـە یەکـەمین کـۆنگرەی سـۆڤیەتی کوردناسـی کـردووە ، لـە سـاڵی ١٩٤٠ بڕوانامـەی دکتـۆرای وەرگرتووە ، لە ١٩٦٦/٤/٢١ پلەی پرۆڤیسۆری بەدەست هێناوە .
لـە مـاوەی ژیـانی ئـەم کەسـایەتیە ١١ بەرهـەمی خـستۆتە بـەر دەسـتی خوێنەران و پەرتوکخانەکان .

١٩٩٠/٥/١٧ بەستنی کۆنگرەی ئیسلامی لە شاری موزەفەر ئابادی پایتـەختی کـەشمیری ئازاد ، کـە نووێنـەرانی ووڵاتـانی شانشینی سعوودیەو کووێت و ئیمـاراتی عـەرەبی و میـسرو تورکیـاو بـەنگلادیش ، لەگـەڵ گرووپـە ئیـسلامیەکانی پاکستان و کەشمیری ئازادو کەشمیری داگیرکراو ، بەشداریان تێدا کرد ، لـە کۆتـایی کۆنگرەکـە ڕاگەیانـدنێکی هاوبـەش بڵاوکراوەیـە بەمـەحکوومکردنی هەڵس وکەووت و ڕەفتارەکانی هندۆسی .

کـه داوا لـه دەسـەلاتی هندسـتان کـرا بەئەنجامـدانی ڕاپرسـی لەسـەر داهـاتووی کـەشمیرو هـەموو جوولانـەوەی ڕزگـاری لەناوچـەو وولاتـە ئیسلامیەکان ، وەك فەلەستین و ئەفگانستان و ئەریتریاو فلیپین.

۱۹۹۰/٥/۲۱ کۆمـــاری نامیبیـــا ســـەربەخۆیی تـــەواوی خـــۆی بەشـــێوەیەکی فـــەرمی ڕاگەیانـــد وەك دەوولەتێکی سەر بەخۆ لە جیهاندا . لـە شاری – وینـــــــدهۆك – ی پایتـەخت ، کە ژمارەی دانیـــــشتووانەکەی ، ۱۹۸,۰۰۰ هـــەزار کەســـە . هـــەروا ژمـــارەی دانیـــشتووانی وولاتەکـــەی ، ۲,۳۸۰,۰۰۰ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ۸۲٤,۲۹۰ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە .

هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ۱۱ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نـژادەکامنی،ئۆفۆمبۆ ٥٥٪ .کفنـژۆ۱۰٪ .هریـرۆ۷٪ . دەمـراو قەقازی ۱٥٪ . لە وولاتەکەدا .

۱۹۹۰/٥/۲۲ یەککرتنـەوەی هـەردوو یەمـەنی دابەشـکراو بـە کۆمـاری یەمـەنی عـەرەبی و کۆماری یەمەنی دیموکراتی سۆشیالیستی ، لـە ژێر نـاوی کۆمـاری یەمـەنی عەرەبیدا ، ئەمەش لە دوای سێ سەد ساڵ لێك پچڕان بە هۆی خۆپەرستی هـۆزو تـیرە عـەرەب و داگیرکـەران ، کە عـەلی عبداللە سالح بەسـەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا لە سەر وولاتەکەدا .

۱۹۹۰/٦/۲٥ گرێدانی کۆنفراسـی گشـتی کـورد لـە شـاری مۆسـکۆی پایتـەختی یەکیـەتی سـۆڤیەت ، لەلایـەن ٤۰۰ نووێنـەری کـورد لـەژێر دورشمـی – کـوردی سۆڤیەت و مێژووی سەردەمی نوێ– کە نووێنەری ۱٤ ڕێکخراوی ڕامیاری و کەلتووری کوردی لە کوردستان و ئەورووپا ئامادەی بوون لـە کۆنفرانسەکەدا

١٩٩٠/٧/٢٤ گفتووگۆی نێوان سەرۆکی میسر حوسنی موبارەك و سەرۆکی ڕژێمی بەعس لە ئێراق سەدام حوسێن ، لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق لە پێناو هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە گرژەی کە لە نێوان ئێراق و کوێت سەری هەڵداوە ، بەچاودێری شانشینی سعوودیە شانشین فەهدو دوای ئەو گفتووگۆیە ڕێکەووتن لە سەر ئەوەی کە - شێخ سەعد سالح سەباح - وەلی عەهدو سەرەك وەزیرانی کوێت وجێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئێراق - عزەت ئیبراهیم- لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق کۆببوونەوەو کۆتایی بەکێشەی نێوانیان بێنن ، یەکەم هەنگاویشیان ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندن بێ.

بەڵام ئەو هەوڵ و تەقەلایانە سەری نەگرت و هەرەسی هێنا تاکوو داگیرکردنی کوێت لەلایەن ئێراق ، سەرەڕای چەندین کۆبوونەوە لە قاهیرەو ڕیاز ، بەڵام بەبێ سوود بوو بەهۆی دەستگیری ڕژێمی بەعس لە ئێراق بە لەخۆبایی بوون و وویستی خوازین بوون بەسەر وولاتانی کەنداو لەهەرێمەکەو ناوچەکەدا .

١٩٩٠/٧/٢٥ لەو کاتەی کە ڕژێمی بەعسی لە ئێراق هێزەکانی سووپای لە سەر سنووری نێوان خۆیی و کوێت کۆکردبووەوە ، ئەویش لە پێناو پەلاماردانی و لەو کاتەش بالوێزی ئەمەریکا- ئێوبل گلاس- ئاگاداری سەرەك کۆمارو ڕژێمی بەعسی لە ئێراق سەدام حوسێنی کرد ، کە ئەمەریکا بەنیازە لەداهاتوودا پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێراق بەهێز بکات لە ناوچەکەدا .

١٩٩٠/٧/٢٥ لە کۆنگرەی شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەت نادر نادرۆفی کورد سکالایەکی ئاراستەکراو بۆ دەسەڵاتی ڕووسیاو کۆمارەکانی پێشووی یەکیەتی سۆڤیەت خووێندەوە لەبارەی چۆنیەتی ڕاگوێزان وپەرش و بلاو پێکردنی کوردەکانی سۆڤیەت بەسەر کۆمارەکانی ، کە یەکیەتی سۆڤیەتی لێ پێك هاتبوو لەسەردەمی دەسەڵاتی ستالین لەدوای ساڵەکانی ١٩٢٤..

١٩٩٠/٨/٢ ڕژێمـی بەعـسی لـە ئێـــــــــراق بەســـــەرکردایەتی ســەدام حوســێن لــە بڕیارێکیـــدا هـــانی سـووپای ئێراقی دا ، ئـــەویش بـــەداگیر کردنـــی وولآتـــی کووێــتو لـە مـاوەی چەند کاتژمێرێك کووێتی داگیر کرد ، کە بەدڕندانەترین شـێوەو شـێواز هەڵـسا بـەتالآن و سـووتاندن و گـرتن و وێرانکردنـی کووێتیـدا ، لـە هـەموو لایەنە جۆراوجۆرەکان .

لە ئەنجام بووە هۆی ئەوەی کە ئەمیری کووێت شێخ جابرو سەرکردەکانی دیکەی کووێت واتە حکوومەتی کووێت بەرو وولآتی سعوودیە بەرێکەووت ، ئەویش لە ترسی هەڵوویستی درندانەی بەعس لە ئێراقدا .

١٩٩٠/٨/٢٥ دەرچـــوونی بڕیـــاری ئەنجوومـــەنی ئاسایـــشی ڕێکخـــراوی نەتـــەوە یەککگرتووەکان بە ژمارە /٦٦٥ بەگەمارۆدان لە بواری دەریایی خستە سەر ئێـراق بەپـشکنینی ئـەو کەشـتیانەی بـەرەو بەنـدەرە دەریاییـەکانی ئێـراق هەنگاو دەنێن لە جیهان .

١٩٩٠/٨/٢٨ ڕژێمـی بەعـسی لـە ئێراق لـە دوای داگیرکردنـی وولآتـی کووێـت دەووڵـەتی کووێتی بە پارێزگای ١٩ی ئێراق تۆمار کرد لە ئێراق.

١٩٩٠/٨/٢٩ سەرەك وەزیرانی ڕژێمی شانشینی ئوردن– هەزاع ئەمەچانی– لـە هـەولێکی بوێرانە کوژرا ، کە ڕژێمی ئوردون بەڕاشکاوی پشتگیری سەرۆکی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق وسەدامی دکتاتۆری دەکرد لە سەڕ نێوان ئێراق و ئێراندا

١٩٩٠/٩/٢ بـۆ یەکـەم جار لـە مێـژووی مۆزیکـای کوردیـدا ، سـەمفۆنیای هەڵەبجـەی

شەهید لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لە هۆڵی- ئەلتائۆپار- بەڕێوەچوو ، کە لە لایەن هونەرمەندی کورد ئەقبال حاجی پێشکەشکراو زیاتر لە ٢٥٠٠ پەنابـەرانی کـوردو ئـەورووپی بەشـداریان تێـدا کـرد لـەو کـۆرە مەزنـە سیمفۆنیایەدا .

١٩٩٠/٩/٦ کۆچی دوایـی ڕۆشـنبیرو ڕووناکبیروکەسایەتی نـاوداری ئێراقـی - سـەلیم فەخری - لە تەمەنی ٦٩ساڵیدا ، لە هوتێلی -جروفنر- لـە شـاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، کە لەوکاتـە لەگـەڵ کۆمـەڵێک ڕۆژنامـەنووس بەیەکـەوە بوون لە هوتێلەکەدا.

١٩٩٠/٩/٢٥ دەرچـــوونی بڕیـــاری ئەنجوومـــەنی ئاسایـــشی ڕێکخـــراوی نەتـــەوە یـەککرتووەکان بـە ژمـارە/ ٦٧٠ بەگـەمارۆدانی گەشـتی ئاسـمانی لـە سـەر ئێـراق و قەدەخـەکردن بەچـوون و هـاتن بـۆ ئێـراق و بەپێـچەوانە ، ئـەویش بـەهۆی لێـک ترازانـی بـارودۆخی ئێـراق و پەیوەندیـەکانی وولاتـانی لەگـەڵ دەرەوەی جیهان.

١٩٩٠/٩/٢٦ کۆچی دوایی نووسەری ناوداری ئیتالیا - ئەلبێرتۆ مۆراڤیا -... جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە مۆراڤیـا لـە سـاڵی ١٩٠٧ لـە شـاری ڕۆمـای پایتـەختی ئیتاڵیـا چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە و بـە یـەکێك لـە نووسـەرە هـەرە ناودارەکانی ئیتاڵیا دادەنرێت لە سەدەی بیستی رابردوو ... ئـەم نووسـەرە ئیتاڵیە بەرهەمەکانی خۆی دەنووسیٚ .

هـەروا هـەردوو زمـانی ئینگلیـزی و فەرەنـسی بـە باشـی دەزانـیٚ ... بەرهەمەکانی مۆراڤیا بەنەفراندن و داهێنان و رەسـەنایەتی جیا دەکرێتـەوە بە هۆی چوونە ناو دڵ و دەروونی خوێنەران.

مرۆڤیا لەچـەندین بەرهـەمی دا دژایـەتی گەنـدەڵی رەووشـتی لـە ئیتاڵیـا کردووەو بۆ زمانە جیهانیەکان وەرگێردراون ... لە هەمان کات چیرۆکەکانی مۆراڤیـان کراونەتـە فلیمـی سینەمایی . ئـەم نووسـەرە بـە دەیا بەرهـەمی هـەبوو کـە تـاکوو ئێـستاش جێگـەی گرنگـی پێـدانن لەوانـە - سـەردەمی فەرامۆشـکردن کـە بریتیـە لـە یەکـەم ڕۆمـانی مۆراڤیـا کـە لـە سـاڵی ١٩٢٩ نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە .

هـەروا ڕەووڕەوەی بەخت لـە سـاڵی ١٩٣٩ – ئافرەتێك لـە ڕۆمـا لـە سـاڵی ١٩٤٧ – پاشـگەزبوونەوە لـە سـاڵی ١٩٤٨– چیرۆکەکانی ڕۆمـا لـە سـاڵی ١٩٥٤ – فیردۆس لە ساڵی ١٩٧٠. لە گەڵ بەدەیا بابەتی هەمە جۆر کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی وولاتەکەیدا بلاوکراوونەتەوە لە پێناو خزمەتکردنی وولاتەکەیدا.

١٩٩٠/١٠/٣ بۆیەکـەم جـار لەمێـژووی کـورد تـوانرا – ٣٠٠- کتێبـی هەمـەجۆر لەسـەرکورد لەپیشانگای جیهـانی کتێب لەشـاری فرانکفۆرتی ئـەڵمانیای یەککرتوو بەشداری تێدا بکات لەو وولاتەدا.

١٩٩٠/١٠/٣ هـەردوو ئـەڵمانیای ڕۆژهـەلات و ڕۆژئـاوا یـەکیان گرتـەوە بەناوی ئـەڵمانیای یەکگرتوو بە ڕووخاندنی دیواری بەرلین.

١٩٩٠/١٠/١٠ کۆچـــی دوایـــی گـــۆرانی بێـــژی ناوداری کورد خاتوو – نەسرین شێروانی – لە شاری بەغدا لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا و هـەر لـە شـاری بەغـدا لـــە یـــەکێ لـــە گۆرستـانەکان بەخـاك سپێردراوە .

وێنەی خاتوو نەسرین

جێگەی ئامـاژەیە کە ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری زاخـۆی سـەر بە پارێزگـای دهـۆك چاوی بە جیهـان هـەڵهێناوە ، کـە لـە بنـەڕەتا کـوردی باکووری کوردستان بوونە ... نـاوی تـەواوی – نـەسرین عومـەر عوسـسمان – ە ، لە سـاڵی ١٩٤٤ خـاتوو نەسرین لـە زاخـۆ بـەرەو شـاری بەغـدا چـووەو لەوێ نیشتەجێ بووە .

هــەروا لەڕێگــەی هونەرمەنــدی نــاوداری کــورد مامۆســتا عــەلی مــەردان پەیوەندی بە وێستگەی کوردی کردووەو یەکەم گۆرانی بە ناوی – دەلێ لێ

— تۆمارکردووەو بەردەوام بووە تاکوو ساڵی ١٩٧٣ ... ئەم هونەرمەندە ئافرەتە زیاتر لە ٤٢٠ گۆرانی تۆمارکردووە ... لەگەڵ ئەوەشدا خاتوو نوسرین هیچ خوێندەواری نەبووەو توانای لێهاتوویی هەبوو لە پێناوهونەری کوردی لە کوردستان .

١٩٩٠/١١/٢٠ کۆماری جۆرجیا سەربەخۆی خۆی بەجیابوونەوەی لە یەکیەتی سۆڤیەت راگەیاند ، بەڵام بەهۆی نەگەیی بارودۆخەکە دان بەو سەربەخۆییە نەنرا لەلایەن وولاتانی جیهان تاکوو هەڵوەشانەوەی یەکجارەکی یەکیەتی سۆڤیەتدا . کە لە ١٩٩١/١٢/٢٦ سەربەخۆیی یەکجارەکی راگەیاند .

ئەم راگەیاندنەش لە شاری —تەبلیس —ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٣٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٥,٨٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٦٩,٧٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢١٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، جۆرجیەکان ٧٥٪ . ئەرمەن ١٠٪ . ئەزیری ٢٪ . ئەنجازی ٢٪ . یۆنانی٣٪ . کورد ٣٪ . لە وولاتەکەدا .

تێبینی:— بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە بۆ سەر ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان . لە دانانی عەلی کەندی . دانەری مێژوونامەکە.

١٩٩٠/١٢/١٠ ئاوارە کوردەکانی پاکستان بە مەبەستی چاکردنی باری ژیانیان و کۆچکردنیان بەرەو هەندەران خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەیان لە بەردەم

بارەگـای UNHCR سـاز کـرد، بـەڵام نـەك هـەر یارمـەتی نـە دران بـەڵکوو ئازارێکی زۆریان دانو ، بە پێچەوانە هەڵگەراوە سەرباریان.

١٩٩٠/١٢/٢٢ وولاتـــی مکرۆنیکـــا ســـەربەخۆیی خـــۆی ڕاگەیانـــــــد، دوای ئـــەوەش وولاتـــانی جیهان بەفەرمی دانیان بـەو سـەربەخۆییە نـا ، وەك وولاتێکـــــــی ســـەربەخۆیی نێـــوو دەوولـەتی و بـوونی بـە ئەنـــدامی ڕێکخـــراوە نەتـەوە یـەکگرتووەکان لە جیهاندا .

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری –بـلیکیر– ی پایتـەخت بـوو . کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٤٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـەی ، ١٥٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا رووبـەری خـاکی وولاتەکـەی ٧٠٣ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ٥٥٥ کـەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ٩ نۆ کۆمەڵەی نژادی تیایـە میکرۆنیژەیەو بۆلنسیە. لە وولاتەکەدا .

١٩٩٠/١٢/٢٧ لە دوای ٢٨ ساڵ پەرلەمانی جەزائیر یاسای بەعەرەبکردنی پەسـەند کرد ، ئەویش تەعریب کردنی دەرچوو هاتوو بە نووسراوی فەرمی لـە نێـوان دامو دەزگاکانی دەووڵەت ، بەڵام ئەویاسایە بووە هۆی ناڕەزایی بەرهەڵستکاران لەجەزائیردا .

١٩٩٠/١٢/٢٩ هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق لە هێرشێکی بۆردوومان کردنە سەر گوندی شارستێن ، لە پارێزگای سلێمانی ، لە ئاکام ١٠٠ هـاوولاتی گیانیان لە دەست دا ، لەوانـە ٣٥منداڵ بوونو تەمـەنیان لـە١٦–١٧ساڵاندا بوو لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٩١

١٩٩١/١/١٥ گرێدانی كۆبوونەوەیەك لە نیوان سەرەك كۆماری توركیا – تورگوت ئۆزال – سەرەك وەزیرانی توركیا – یلدرم ئەفیولوت – و – سەرۆكی ئەركانی سوپای توركیا ژەنەراڵ – نەجیب تورمتای – كە لەو كۆبوونەوە . ئۆزال پێشنیاری ئەوەی كرد كە لە گەڵ لێدانی ئێراق ئێمەش لە باكووری ئێراق ، واتە هەرێمی باشووری كوردستان دەچینە ناو خاكی كوردستان و تاكو شارەكانی مووسڵ و كەركوك دەخەینە ژێر دەستی خۆمان لە هەرێمەكەدا .
بەلام سەرۆكی حكوومەت و سەرۆكی ئەركان ئەو بیرەی ئۆزالیان رەتكردەوە بە هۆی دروست بوونی دوژمنكاری لەگەڵ عەرەب و رۆژهەلاتی

ناوەراست . بەلام ئۆزال هەر لە سەر ئەو بیرەی بەردەوام بوو و دەیگوتەوە ، كە ئەگەر توركیا كوردستان و مووسڵ و كەركوكی داگیربكردایە و گەر جێشی بهێشتایە بەبوونی بەشێك لەنەوتی كەركوك .
بەلام لە رۆژنامە جیاجیاكانی توركیا باس لە نەخشەی ئۆزال دەكرا ، كە ئۆزال نەخشەیەكی دارشتبوو بەدابەشكردنی ئێراق بۆ سێ ویلایەتی عەرەبی و كوردی و توركی لە ژێر یەكیەتی فیدراڵی لە ئێراق .
كە ئۆزال زۆر حەزی بە دابەشكردنی ئێراق دەكرد ، بەلام بەرژەوەندی توركیا تیا مسۆگەر بكرێت و ئاواتی ئەوە بوو كە هەرێمی باشووری كوردستان و هەردوو نەتەوەی كورد و توركمان بێنە ژێر دەسەلاتی توركیا ئەمەش :– وەك دەلێن كوشتنی دوو چۆلەكە بەبەردێك ... ئامانجیش لەوە دوو ئاوات بوو ئەویش :–
١– مسۆگەركردنی داهاتی نەوتی كەركوك .

٢- بەهێزبوونی رۆڵی تورکیا کە هێزێکی گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ... کە ئەمەش بە دووبارە بوونەوەی خەونە کۆنەکانی ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٢٥ لە ناوچەکەدا .

جا مەبەست لە ئاواتەکانی رژێمی تورك و سەر کردە رامیاریەکان و سەربازیەکانیان داگیر کردن و دەست بە سەرا گرتنی شاری بابەگوڕگوڕە لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٩١/١/١٦ پاش شەڕی کوێت سەرجەم چالاکیە ئەتۆمیەکانی ئێراق کۆنترۆڵ کران و پاشان لە ناوبران . پاش دەرکردنی تیمەکانی پشکنین لە ساڵی ١٩٩٨ کۆمەڵگای نێوو دەوڵەتی و ئەمەریکا مەترسی ئەوەیان هەبوو کە ئێراق رەنگە دەستی بە بەرنامەی ئەتۆمی پێشوو بکاتەوە .

ئەم مەترسیە تەنها پاش داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە ٢٠٠٣/٤/٩ رەوییەوە کە کاتێك تیمەکانی پشکنین کۆکوزی ئەمەریکا بۆیان دەرکەوت ، کە ئێراق لە ماوەی نێوان ١٩٩٨ تاکوو ٢٠٠٣، هیچ جۆرە بەرنامەیەکی ئەتۆمی نەبووە و ئەم وولاتە بەعەمەلی بەرنامە ئەتۆمیەکەی لەم رۆژەدا لە بارەچوو لە وولاتەکەدا .

١٩٩١/١/١٧ سیی وولاتی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا لە هێرشی فرۆکە جەنگیەکانی هێزەکان ئاسمانی گەردەلوولی بیابان بۆردەمانی شارەکانی ئێراقیان کرد .

بە تایبەتی شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، بەسەرکردایەتی شوارسکۆف کە سەرۆکی هێزی هاوپەیمانان بوو لە هەرێمەکەدا .

١٩٩١/١/٢٢ حکوومەتی ئیسرائیل داوای لە ئەمەریکا کرد ، کە بڕی ١٣'ملیار دۆلاری زیان لێکەووتەوە ، ئەویش بەهۆی پەلاماردانی ئێراق لەلایەن وولاتانی هاوپەیمانان ، دوای ئەوە ئەو بڕە پارەیەش بۆ ئیسرائیل قەرەبوو کراوە

لەلایەن ئەمەریکا.

١٩٩١/١/٢٦ بـەرزترین تایبەتمەندیـەکانی وێرانکـاری پرۆگرامـی ، کـە سـۆماڵی تووشـی ناڵەباری کرد ، ئـەویش لـەدوای هـەڵاتنی سـەرۆکی سـۆمال محەمـەد سـیاد بـەری لـە شـاری مەقادیـشۆی پایتـەختی سـۆماڵ ، دوای ئـەو بـارو دۆخـە چـەکدارەکانی جوولانـەوەی کـۆنگرەی سـۆمالی یـەکگرتوو چـوونە نـاو مەقادیـشۆو بـە گرتنـی دەسـەڵات بەدەسـتیانەوە لـە سـەر وولاتەکـە لـە ناوچەکەدا .

١٩٩١/١/٢٦ ڕژێمی بەعسی ناوەندی لە ئێراق پێنج مووشەکی لەجۆری سکۆد ئاراستەی کۆمـەلگا یەهوودیـەکانی – جوولەکـە –دەوولـەتی ئیـسرائیل کـردو هـیچ زیـانێکی بـە دانیـشتووانی ناوچـەکانی نەگەیانـد کـە لـەو جێگایانـەی موشەکەکانی لێکەوتەوە لەناوچەکەدا.

١٩٩١/١/٢٧ سەرۆکی سۆمالی پێشوو محەمەد سیاد بەری سـۆماڵی جیٚ هێشت لە دوای داگیرکردنی مەقادیشۆی پایتەختی کۆماری سۆماڵ لەلایـەن محەمـەد فـەرەج عەیدین.

١٩٩١/٢/١٣ کۆچی دوایی شێووەکاری سەدەی رابردووی ئەڵمانیا– ئارنۆ برێکەر – لە شاری فایترتالی لە باکووری ئەڵمانیا .

شایانی باسە کە برێکەر لە ١٩٠٠/٧/١٩ چاوی بە جیهان هـەڵهێناوە . لە سـاڵی ١٩٢٧ روو لـە پاریـسی پایتـەختی فەرەنـسا دەکـاو لێـی نیشتەجیٚ دەبیٚ ، لە ساڵی ١٩٣١ گەشت بۆ باکووری ئەفەریکیا دەکات و لە سەر بەرد کۆمەڵێك شت چاپ دەکات و لە ژێر ناوی – گەشتی تونس –بڵاودەکاتەوە ، لە ساڵی ١٩٣٢ خەڵاتی وەزارەتی پیٚ دەبەخشریٚ بۆ مانـەوەی لـە رۆمـا ، لە دوای ئەوە لەکارە هەمە لایەنەکانی بەردەوام دەبێت تـا ماڵئـاوایی کردنـی لـە وولاتەکەیدا .

١٩٩١/٢/٢١ نووسەروشاعری کوردی بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا هەژارموکریانیماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی کرد ، جێگەی باسکردنە کە مامۆستا هەژار موکریانی لە ساڵی ١٩٢٠ لە گەرەکی – خریٚ– لە شاری مەهاباد چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، هەروا لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەر بووە لە شارەکەدا ، هەرچەند باوکی مەلای ئایینی بوو ، بەڵام کاری مەلایەتی نەکردووە و خاوەنی دووکان بوو ، لە پێناو دابین کردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەیدا .

١٩٩١/١/٢٢ هێزەکانی پیادەی سووپای هاوپەیمانان بە فەرمی پەلاماری هێزەکانی سووپای هەلاٚتووی ڕژێمی بەعسیان لە ئێراق دا لەشارەکانی کوویێتو دەشتاییەکانو ڕاونانیان بەرەو قووڵایی ناو خاکی باشووری ئێراق لە ناوچەکەدا .

١٩٩١/٢/٢٧ هێزەکانی پیادەی سووپای هاوپەیمانان شاری کوویێتیان ڕزگار کرد ، بە دەرکردنی هێزەکانی سووپای هەڵاتووی ئێراق ، لەخاکی کوویێتو سووپاو دارو دەستەکەی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، لەدوای کشانەوەیان لەکوویێت ، ئاگریان لە ٦٤٧ بیرە نەوت بەرداو بووە کارەساتێکی لەناو بردنی ژێر خانی ئابووریو پیس بوونی ژینگە لەناوچەکەدا.

جێگەی باسکردنە کە رژێمی بەعسی لە ئێراق رەزامەندی خۆی نواند لە سەر جیٚ بە جێکردنی بریاری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارە / ٦٨٧ لە ١٩٩١/٤/٣ ، کە ئەم بریارەش داوا لە رژێمی بەعس لە ئێراق دەکا ، ئەویش بە ڕاگرتنی پرۆگرامی چەکی ئەتۆمی و ماوە دان بە ڕێکخراوەکە بە هەڵووشاندنەوەی هەمووچەکەکان و خرانە ژێر چاودێری درێژخایەن لە ئێراقدا .

١٩٩١/٢/٢٨ شەڕی دووەمی کەنداو کۆتایی پێهات بە رزگار کردنی کوویت و بەهەڵاتنی هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، بەسەرپەرشتی هێزی سووپای هاوپەیمانان لە گەردەلوولی بیابانی دەریایی و پیادەو ئاسمانی و مووشەکەکان لە ناوچەکەدا .

١٩٩١/٣/٥ سەرەتای دەست پێکردنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی نەتەوەی کورد بوو دژی دام و دەزگا جۆراو جۆرەکانی ڕژێمی بەعسی داگیرکەر لە ئێراق ، لە شارۆچکەی ڕانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان.

١٩٩١/٣/٦ خۆ پیشاندانی کۆمۆنیستەکان لە ناو جەرگەی شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان ، کە بووە هۆی رووخاندنی دیواری ترس لە دژی دکتاتۆریەکی رژێمی بەعسی لە ئێراق و داگیرکەری خاکی کوردستان . کە ئەمەش یەکەمین خۆ پیشاندانی جەماوەریان دژی دام و دەزگاو رامیاریەتی داپلۆسێنەری بەعس بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن بەرپاکردوو پرۆڤەیەك بوو بۆ رۆژی ١١/ئاداری ، رۆژی رزگارکردنی شاری هەولێر لەلایەن جەماوەری ستەمدیدەی چاونەترسی ئەم شارەدا .

بەلأم جێگەی داخە کە لە لایەن کوردجە خۆفرۆشەکانیدژ بە کوردو خاکی کوردستان بە گوللەو راودونانی خۆپیشاندەران وەستان لە ناو جەرگەی شاری هەولێر . کە دوای راپەرینی ١٩٩١ بە هۆی کێشەی نێوان پارتی و یەکیتی بوونە باشترین شۆڕشگێر ئەویش بە کوشتنی کورد لە پێناو سپی کردنەوەی رووڕەشیەکەیان ....؟...!.

١٩٩١/٣/٧ بەرپابوونی ڕاپەڕین لە پارێزگای سلێمانی ، بە تایبەتی لە ناو شاری سلێمانی بەرامالینی دامو دەزگاکانی ئەمنو موخابەراتو ئیستخباراتی ڕژێمی بەعس لە ئێراق و سووتاندنی - کاکل گەردی- پارێزگاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٩١/٣/١١ راپەڕین لە پارێزگای هەولێر دەستی پێکرد بە تایبەتی لە شاری هەولێر بەرامالینی لەدامو دەزگاکانی هەمەجۆری ڕژێمی بەعسو ڕزگار کردنی بەڕامالینی پاشماوەکانی رژێمی بەعسی لە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان.

١٩٩١/٣/٢٠ ڕزگار کردنی پارێزگای کەرکوك بە تایبەتی شاری کەرکوكو سەربازگەی خالید بەپاککردنەوەی لەدامو دەزگا هەمە جۆرەکانی ڕژێمی بەعس لەماوەی سێ ڕۆژدا لە باشووری کوردستان.

۱۹۹۱/۳/۲٦ لە دوای گفتووگۆی بەردەوام ئەویش بە دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی بە ژمارە /۸۱٤ بە بەکارهێنانی هێزی چەکداری سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ، دژی ئەو لایەنانەی کەماوە نادەن یارمەتی مرۆیی نێوو دەوڵەتی بەسەر دانیشتووانە لێقەماو هەژاران دابەش بکرێت لەسۆماڵ ، بەهۆی ڕووخانی دەسەڵات لە وڵاتەکەدا .

۱۹۹۱/۳/۳۰ سەرەتای دەست پێکردنی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، لەترسی بۆردومان کردن لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ئێراق ، بەهاوکاریو یارمەتی هێزەکانی سووپای ئەمەریکا ، بەپاشگەزبوونەوەی لە بەلێنەکانی بەرامبەر گەلانی ئێراق ، بەتایبەتی گەلی کورد لەهەرێمی باشووری کوردستان.

۱۹۹۱/۳/۳۱ دەست پێکردنی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان بەرەو بەرزایی شاخەکانی کوردستانو سنوورەکانی نێوان کوردستانو ئێرانو تورکیا وئەشکەووتەکان لە هەرێمەکەدا .

۱۹۹۱/٤/٥ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە/ ٦۸۸ی دەرکرد ، ئەویش بە پاراستنی ناوچەی هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، لە پەلامارو دەست درێژی کردنی دەسەڵاتی ڕژێمی

بەعـسی بـۆ سـەر گـەلی كوردسـتان و بـە قەدەخـە كـردن و بـە دیـاریكردنی سنووری دەسەڵاتی ڕژێمی ناوەندی لەسەر هەرێمی كوردستان .
جێگەی باسكردنە كە چەندین هۆكار هەبوون لـە دەرچواندنی بڕیـاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتـەوە یەكگرتووەكان ، ئـەویش هۆكـارە ناوخۆییەكان :-

١-بە هۆی ئەو ڕابردووە خراپەی كە ڕژێمـی بەعسی لـە ئێراق دەرهـەق بە گـەلانی ئێـراق ئـەنجامی دابـوون . ئـەویش لـە كیمیـا بـاران و ئـەنفال و شـوێن بزركـردن و ئـاوارە كـردن . ئەمانـە وای كـرد كـە گـەلانی ئێـراق بـە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست دژ بەم ڕژێمە دیكتاتۆرە ڕاپەڕن ، بە جۆرێك لە ماوەیەكی كەمدا توانیان لە سەرجەم ١٨ پارێزگای ئێراق ١٤ پارێزگا ڕزگـارو ئـازاد بكـەن ، كـە بـەم ڕاپەڕینـە سـەرجەم ڕای جیهـان بـۆ خـۆ ڕاكێشیٚ .
٢-بـوونی ژمارەیـەكی زۆر لـە پـەیامنێری بیـانی لـە كـاتی شكـستی ڕاپەڕینـەكان و گەیانـدنی ئـەم كارەسـاتە سـامناكەیە بـە سـەر شاشـەی تەلەفزیۆنـەكانی جیهـان . كـە ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی كـە هەسـت و سۆزو ویژدانی كۆمەڵگاو دەسەڵاتەكانی وولاّتانی جیهان بەرەو گـەرەیی ئەم كێشە ڕابكێشن .
٣- بەرز بوونەوەی دەنگی نارەزایی و تاوانبار كردنـی ئەمـەریكاو وولاّتـانی هاوپەیمانی لـە لایـەن گـەلانی ئێـراق بە گشتی و گـەلی كـورد بـە تایبـەتی بەوەی كە ئەوان بانگەشەی ڕاپەڕینیان دەكرد .
٤- كەچی هەر ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی ڕێگەیان بۆ حكوومـەتی بەعـسی لـە ئێـراق خۆشـكرد كـە ئـەم ڕاپەڕینـە نـووقمی خـێن بكەنـەوە ، كـە تراژیدیایەكی كەم وێنەی لیٚ بكەوێتەوە .

بۆیـە ئەمـەریكا پێویـستی بـەوە هـەبوو كـە خـۆی لـەو دەسـتگیریە ئەخلاقیـە ڕزگـار بكـات ، چ بەرامبـەر بـە ئێراقیـەكان و چ بەرامبـەر بـە ڕای گـشتی لـە جیهان .

٥- هـەروا خـوودی گـەورەیی كارەسـاتی كۆچرەوە ملیۆنیەكـەی گـەلی كـورد كاریگەریـەكی زۆر ناهـەمواری لـە سـەر ئاسـتی ئاسایـشی ناوچـەكە هێنایە پێشەوە ، نەدەكرا هەڵوێستێك بۆ ئەم هەرەشەیە نەكریٚ .

هۆکارە دەرەکیەکان :-

١- داگیر کردنی وولاٌتی کویٌت لە لایەن رژیٌمی بەعسی لە ئیٌراق کە ئەمەش رووداویٌکی ئاسایی نەبوو بەرامبەر بە وولاٌتانی ناوچەکەو جیهان ، بە تایبەتی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی.

بەلکو پیٌشیٌلکردنیٌکی سەرەوەی وولاٌتیٌك بوو کە ئەندامی ریٌکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو ، کە بە هیچ جۆریٌك نەدەکرا چاوپۆشی لیٌبکریٌ چ وەك کیٌشەیەکی یاسایی بیٌت یا رامیاری یا مرۆڤایەتی بیٌت ، بۆیە هەر لە گەلٌ داگیر کردنی کویٌت سەر جەم راگەیاندنەکانی جیهان بە تایبەتی راگەیاندنەکانی ئەمەریکاو ئەوروپا .

ئەویش بە مەبەستی زیاتر رەوشکردن و بیٌزاری کردنی لە لایەن رای جیهان هەرچی کارو کردەوەی دزیٌوی رژیٌمی بەعسی لە ئیٌراق هەبوو ، کە چەندین سالٌ بوو لە پیٌناو بەرژەوەندی خۆیان بیٌدەنگیان لە بەرامبەر نواندبوو لە رای جیهانیان شاردبووەوە لە پەیوەندیە نیٌو دەوولٌەتیەکان .

٢- هەروا بە هۆی بوونی کورد لەم وولاٌتانەی دەوروبەری ئیٌراق ، وەك تورکیا ، ئیٌران ، سووریا ، ئاوارە بوونی ئەم ژمارە زۆرە لە کوردستانی ئیٌراق ، وا هەستیان دەکرد کە لە بواری ئاسایشەوە بۆخۆیان لە بار نەبیٌت و بە دووریان نەدەزانی لە ئایندەیەکی نزیك کیٌشەیەك بۆ خۆیان دروست

بکـات . بۆیـه دەرکردنـی بریارێـك زۆرتـر گەراندنـەوەی ئاوارەکـان بـۆ ئـەو دیووی کوردستانی لکێندراو بە ئێراق گرنگەو پێویستە کاری بۆ بکرێت .
٣- ئـەو ژمـارە زۆرە لـە ئـاوارە بـوونی کـورد وایکـرد کـە ئێـران و تورکیـا پالەپەستۆ بەخەنە سەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەڵسیٚ بە دەرچوواندنی ئەم بریارە . ئەمەش بە ئاگادارکردنی لە رێگەی دوونامە بە ژمارە / ٢٢٤٣٥- ٢٢٤٤٢ لە ١٩٩١/٤/٣ . لە لایـەن نوێنـەری هـەر یەك لە تورکیاو فەرەنسا .
٤- ئەمەش بۆ ئەمەریکاو وولاّتـانی هاوپـەیمان و وولاّتـانی ناوچەکە گرنگ بوو . کە ئەوەندەی دەکریٚ باری سەرشانی رژێمی بەعس لـە ئێـراق قورسـتر بکریٚ تا باجی دیکتاتۆریانەی خۆی بدات . بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بواری پەلاماردان و خۆزاڵبوونی نەمێنیٚ .
٥- هەروا ئەمەریکا باش ئەوەی دەزانی کە ئەو ١٤ خاڵەی کە پێش بریاری ٦٨٨ دەرچـوو بـوو هیـچیانی لـە بەرژەوەنـدی ئێراقیـەکان نـەبوو ، ئـەویش بەلایەوە گرنگ بوو کە بریارێکی دیکەی لە بەرژەوەندی گەلانی ئێراق دەر بچیٚ.
لە گـەلٚ چەندین خـاڵی دیکە کە هۆکاری دەرەکـی دەرچوونی ئـەم بریـارە بـووە لـە لایـەن ئەمـەریکاو وولاّتـانی هاوپـەیمان و ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نەتەوە یەکگرتووەکان .

١٩٩١/٤/٦ ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نێوودەوڵـەتی لـە برِیارێکیـدا ئاگـاداری رژێمـی بەعسی ئێراقی کرد ، بە پەلامارنەدانی گەلاّنی ئێراق بەتایبەتی گـەلی کـوردو ، داوای کرد رێگە بە راگەیاندنەکانی پیاوانی مرۆیی بدات بۆ یارمەتی دانـی گەلی کورد لە کۆرەوە ملیۆنەکەی لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٩١/٤/٧ بەرپابوونی داستانی کۆریٚ لە نێوان ناحیـەی مەسیف سـەلاحەدین و قـەزای شەقلاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ، لـە نێـوان هێزەکـانی سـووپای رژێمـی بەعسـی لـە ئێـراق و هێـزی پێشمەرگەی کوردسـتان ... کـە یەکـەم قازیفـە بـووە هـۆی ئـاگر بـەردان لـە تانکـەکانی سـووپای بـەعس ، لەلایـەن چـەکدارێکی ئیسلامی بـوو بەبـەرز کردنـەوەی ووشـــەی – الله أکـــبر–، دوای ئـــەویش لەلایـــەن پێـــشمەرگەیەکی

کۆمۆنیـستەکان و ، دوای ئـەوانیش پێـشمەرگەکانی پـارتی و یەکیـەتی و جەماوەری کورد .

کـە توانیـان بـوونی کـوردو خـاکی کوردسـتان بسەلمێنن لـەو داسـتانەداو بەرهەمەکانی لە نزیکەوە هاتە کایەوە ، ئەویش بە دامەزراندنی پەرلـەمان و حکوومەتی هەرێم و دام و دەزگاکانی ئەو ئازادیەی ئێستا کە هەمانە... ئەمە ڕاستی داستانەکەیە و کەس ناتوانێ نکوولی لێبکات .

جـا هـەر یـەکێ بیـەوێ داسـتانەکە بکاتـە مـوولکی خـۆی ئـەوا بەرامبـەر بەمێـژووی داسـتانەکەو داسـتانەکانی دیکـەش بەرپرسـیارەو مێـژوو ڕاستیەکان تۆماردەکات نەک بەپێچەوانەوە لـە هـەموو بوارە جیا جیاکان لە هەرێم و ناوچەو جیهاندا .

١٩٩١/٤/١٢ کەسـایەتی شـاری کۆیـەو ناوچـەکەو کوردسـتان ، کـا کـە زیـاد ئاغـای کوردپەروەر لە ژیانی ئاوارەییدا لـە شاری نەغەدەی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان کۆچـی دوایـی کـردووە ، میللـەتی کـورد پیـاوێکی خزمـەتگوزاری لەدەسـت چوو، ناوبراو کوڕی کەسایەتی ناسراوی شاری کۆیەی حەماغای غەفوریـە و ، لەسالی ١٩١٤ لەشاری کۆیە چاوی بە جیهان هەلهێناوە .

لە تاف لاویەوە لەسالی ١٩٣٢دا لە گەلێ دەستەیەك لـە ڕووناکبیرانی کۆیـەی وەك – ڕەشید عارف سـەفا ، مستەفا خۆشناو ، عەبدالـە مـەد بـەننا ، تـاهر سادق ، کاکە حاجی مەحمود ، سابیر ئیسماعیل ، عوسمـان عـەونی ، زەکـی هـەنارایی– کۆمەلـەی منـەوەرانیان دامەزرانـدووە ، بۆتێکۆشـان لـە پێنـاوی ئازادی گەلی کوردو خاکی کوردستان لە هەرێمەکەدا .

١٩٩١/٤/١٥ بەرپرسی ئۆپراسیۆنە سەربازیەکانی موجاهدینی خەلق بۆ سـەر کوردسـتان ، دەلێ :–

لـە شـاخەکانی کفـری زیـاتر لـە هـەزار کوردمـان پارچـە پارچـە کـردووە ... ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لە سالەکانی ١٩٧٣– ١٩٧٦ کاتێ لە ئێران ٦ شەش ئەمەریکیان کوشت کە سیانیان سەرباز بوون .

کوشتنی ئەوانـە تـەنیا هۆبـوون بـۆ ئـەوەی لـە دوای بیـست سـالێ لـە لایـەن ئەمـەریکاوە بخرێنـە نێـو لیـستی گروپـە تیرۆرسـتیەکانی جیهانـەوە کـە لـە

کۆتـــایی ســـاڵی ١٩٩٤ دا بـــوو وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمـــەریکا راپـــۆرتێکی بلاوکردەوە و تیایدا ئەو رێکخراوەی بە تیرۆرست ناساند .

ئـەم رێکخـراوە کـە – یودیـت نیـورینگ – ی رۆژنامەنووسـی هۆڵەنـدی کـە نووسەری رۆژهـەلاتی ناوەراستە لـە رۆژنامـەی – تـراو – ی هۆڵەنـدی نـاوی ئەمانەی ناوە – تیرە – یان – تایەفە – کە لـە عەرەبیدالا وەکوو یـەکێك لـە گروپ و جوولانەوەی رامیاری و بیروو بۆ چوونە رایدیکالیـەکان دەناسرێت ، هەر وەك چۆن سەدان گروپی توندڕەو و نامۆ بە راستیەکانی کۆمەڵایـەتی لە مێژوودا هەبوون .

موجاهدین لە دوای ئەوەی کـە رژێمـی کۆمـاری ئیسلامی لـە ئێران لـە سـاڵی ١٩٧٩ دا جلەوی فەرمانرەواییان گرتە دەست بە هـۆی بارو دۆخـە نوێیەکـە نەیانتوانی لە گەڵ حووکمرانی مـەلاکانی ئێران پێکەوە هەڵبکـەن و نـاکۆکی رامیـاری و ئایـدۆلۆژی کەوتـە نێوانیـان ، ئـەوە بـوو بـە هـەمان رامیاریـەتی دەسـەلاتی شـای پێشوو دەستیان کرد بە دەسـتگیر کـردن و خسـتنە نـاو زیندانـــەکانیان . ئەوانیدیکـــەش بـــەرەو وولاتـــانی دراوســـێ و دەرەوە بـــە تایبەتی رۆژئاواو وولاتانی ئەوروپا هەڵاتن .

یـــوديتی رۆژنامــە نـــووس توانیویەتی گەورەترین کاری بابـەتیان لــە ســەر بنـەمای بیروو بۆ چوونی رامیاری و کۆمەلایەتی ئەم تیرەیە بکات بەوەی کە گفتووگۆی لە گەلْ ئەنـــدامانی پێـــشوویان و کەسـانی دی کـردووە ، کـە توانیویـــــەتی و وێنــــەی ترسناکیان بخاتە ڕوو و دەڵێ:-

موجاهـدینی خـەلق بناسـە . گروپێکـی مللـی بـوون و دژ بـە شـای ئێـران دەوەستانەوە ، ئیسلام و مارکسیزمیان لە یەك گرێدا بوو . بـەلام لـە سایەی سەرکردەیەکی ئۆتۆکراتیدا ئەم گروپـە گۆڕا و بـووە تیرەیـەکی رایـدیکالْ ، سـەرەڕای چـەندین هێـرش لـە ئێـران ، لـە رۆژئاواشـدا زۆر چـالاك بـوون ، توانیـان مێشکی ئەندامـەکانیان بشۆنەوە تـا ئـەو ئاسـتەی ئامـادەبن ژنـی خۆیان تەلاق بدەن و منالەکانیان بە لاوە بنێن .

لە دوای تەشـەنەدار بوونی کێشەی نێوان هـەردوو رژێمـی ئێـراق و ئێـران و بووە هۆی لە بار گونجانی بارو دۆخێکی لە بار و موجاهدینی خـەلق تـوانی بکەوێتـە ئـەو نێوەنـدەو روو لـە ئێـراق بکـات و سـەرۆکی رژێمـی بـەعس لـە ئێراق سەدام حوسێنیش باوەشی بۆ کردنەوەو چەندین بنکەو بارەگای بۆ کردنـەوەو یارمـەتی دان بە پـارەو چـەك و تەقەمـەنی ، لـە لایـەك دژی رژێمـی ئێران و لە لایـەکی دیکە دژی بزووتنـەوەی رزگاریخوازی کـورد و لـە لایـەنی سێیەم دژی شیعەکان لە باشووری ئێراقدا .

هـەروا لـە کـاتی راپـەرینی کـوردو دوای راپـەرین لـە سـالی ۱۹۹۱ بـە سـەدا کوردیان لـە ناوچـە جیـا جیاکـان کوشت بە تایبـەتی لە گەرمیان و جیگـەی دیکەدا . لە باشووری کوردستان .

۱۹۹۱/٤/۱٦ دیـاری کردنـی ناوچـەی دژە فرینـی فرۆکـەکانی ڕژێمـی بـەعس لـە ئێـراق لەباکووری هێلی ۳٦ ی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق.

١٩٩١/٤/١٧ کۆچی دوایی گۆرانی بێژو مۆزیکا ژەنی کورد مامۆستا شەوکەت رەشید بە نەخۆشی جەلتەی دەماغ کە لە ساڵی ١٩٩٠ لێیدابوو ... تەرمەکەی لە گۆرستانی گردی شێخ محێیدینە لە شاری سلێمانی .

شایانی باسە کە کاك شەوکەت رەشید لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان لەگەرەکی مەڵکەندی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، هەر لە منداڵیەوە لە شاری کەرکوك ژیانی بە سەر بردووە تاکوو ماڵئاوایی لەگەل و گۆرانی و مۆزیکا دۆستان دەکات لە هەرێمەکەدا.

ئەم کەسایەتیە لە ماوەی ژیانیدا دوو هاوسەرگیری پێکهێناوە ... لە دوای تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بە سوپای رژێمی پاشایەتی دەکات و لە - جوق و مۆزیکا- کاردەکات ... مامۆستا شەوکەت توانای نەك هەر سەرکەوتووانەی هەبوو لە مۆزیکاو گۆرانی بەڵکوو داهێنانی هەبووە لە بواری پەرەپێدانی مۆزیکادا .

یەکەم گۆرانی تۆمارکراوی لە وێستگەی رادیۆی کوردی بوو لە شاری بەغدا لە ساڵی ١٩٧٥ بە ناوی - چاوی کاڵت دڵ ئەرفێنێ - هەروا رۆڵی باڵای هەبووە لە دامەزراندنی تیپی مۆزیکای سۆلاف لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری کەرکوك ، دوای ئەوە ناوی بۆ تیپی مۆزیکای کەرکوك لە ساڵی ١٩٧٧دا .

مامۆستا شەوکەت لەساڵی ١٩٥٧ ژیانی هاوسەریەتی پێك هێناووەو دوای سێ ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٦٠ دووبارە ژنێکی دیکەی هێناوە بە هۆی نەبوونی منداڵ لە هاوسەری یەکەمیدا ... دوای ئەوە مامۆستا شەوکەت رەشید لە ساڵی ١٩٨٩ لە ریزی سوپا خانەنشین دەکرێت و لە مانگی/٨/١٩٩٠ تووشی نەخۆشی دەبێ و هەر بەهۆی ئەو نەخۆشیە کۆچی دوایی دەکات ... ئەم هونەرمەندە بەرهەمەکانی وەك کەلتوورێکی رەسەنی کوردەواری جێگەی خۆی کردۆتەوە لەلایەن گەلی کوردستان .

١٩٩١/٤/١٧ هێرشی پێشمەرگەکانیA..P.G.K ی سەربە P.K.K بۆ سەر هێزەکانی سوپای رژێمی بەعس لە ئێراق لە ناوچەی شارۆچکەی زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆك .

لە ئەنجامدا چەندین سەربازیان کوشتو (٨) B K C ١٦٠ کلاشینکۆف و ٤

تۆپی ئاسمانی و ٥٤ ئۆتۆمبێلیان سووتاند لە باشووری کوردستاندا .

١٩٩١/٤/٢٠ سەرکردەی هێزی هاوپەیمانان – نۆمان شوارسکۆف– لە گەردەلوولی بیابان بۆسەر هێزەکانی سوپای رژێمی بەعس لە ئێراق ، لە شەڕی دووەمی کەنداو لە ڕۆژنامەوانیەکیدا لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر گووتی:–

شۆڕشی کورد تازە نیە لە گەڵ سەرکەوتنەکانی هاوپەیمانان ، بەڵکوو شۆڕشی کورد ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی یەکەمی جیهان لەهەرێمەکاندا.

١٩٩١/٤/٢٧ لە دوای پاکتاوکردنی شارەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، ئەوەبوو بە یارمەتی و پشتگیری ئەمەریکا هێزەکانی سووپای بەزیووی رژێمی بەعسی لە ئێراق ، شارەکانی کە بە هێزی جەماوەرو پێشمەرگەی کوردستان ڕزگار کرابوون ، شارەکان داگیر کرانەوە ، ئەویش بەئاوارە کردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بەرەو شاخە بەرزەکان و وولاتانی ئێران و تورکیا و وولاتانی دیکەی ئەورووپا لە هەرێمەکەدا .

١٩٩١/٦/٣ بە پێی بریاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەووڵەتی بە ژمارە/ ٦٨٧ی دەرکرد ، کە لە سەر ئێراق پێویستە هەموو چەکە کۆمەڵ کووژەکان ئاشکرا بکات ، کە بەرامبەر بە گەلانی ئێراق بەتایبەتی بەرامبەر بە گەلی کورد لە

باشووری کوردستان بەکار هاتبوو ، کە ئەمە سەرەتای بیروو بۆچوون و نەخشەی لەناو بردنی ڕژێمی بەعسی بوو لە ئێراق بەسەرکردایەتی سەدام حوسێن لە ناوچەکەدا .

١٩٩١/٦/١٠ کۆبوونەوەی سوورای خەڵکی دانیشتووی گوندی- سارۆڤە-ی ناوچەی – کراسناگفردیسکی- سەر بەهەرێمی ئۆتۆنۆمی ئادیگەدا ، ئەویش بە دەربڕینی ویستی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی گوندی سارۆڤەی سۆڤیەتی ، لە هەمان کات بە لە بەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە لە نێوان خەڵکی کوردو دانیشتووانی ڕەسەنی گوندەکە دا هەیە ، کەخەریکی تەقینەوەیە ، بڕیاریدا بە ١- داوادەکەین بەزووترین کات لە ماوەی حەوت ڕۆژدا واتە تاکوو ١٩٩١/٦/١٧ خەڵکی کورد دەربکرێن ، ئەوانەی کە مافی نیشتەجێبوونیان نیەو بە نایاسایی ماونەتەوە ، هەروا ئەوانەی کە مافی نیشتەجێبوونیان هەیەو کارناکەن ئەوانیش دەربکرێن.... ئای کورد...!!...!..!..!.؟.

١٩٩١/٦/١٥ کۆماری کرواتیا سەربەخۆیی خۆی بەجیابوونەوە لە یۆگسلافیا ڕاگەیاندو بووە وڵاتێکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی لە هەرێمی بەلکان و ناوچەو لە جیهاندا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – زگرب –ی پایتەخت بوو ، لە دوای ڕێککەوتن ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٠٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٤,٨٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وڵاتەکەی ، ٥٦,٥٣٨ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٣٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا .

هەروا نژادەکانی ، کرواتیەکان ٧٨٪ . سرب١٢٪ .

١٩٩١/٦/٢٥ بەپاڵەپەستۆی ئەڵمانیاو کۆمەڵەی ئەورووپا ، کرواتیاو سلۆڤینیا سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند . لە دوای ئەوە لە ٦/٢٧ تاکوو ٧/٣ی هەمان ساڵ هێزەکانی سووپای فیدراڵی یۆگسلافیا چوونە ناو سلۆڤینیا ، کە زۆربەی دانیشتووانی لە سربەکانو بوون ، کە بووە هۆی شەڕێکی خووێناوی دژووار بە داگیرکردنی بەشێکی زۆرو دوای ئەوە بووە هۆی خۆ بەدەستەوەدان بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی وەستانی شەڕو کشانەوەی سووپای فیدراڵی یوگسلافیاو مانەوەی گروپە چەکدارەکانی سربیا .

شایانی باسە سووپای یوگسلافیا کە لەلایەن – تیتۆ)-ی دەمەزرێنەری یۆگسلافیاو سووپایەکی بەهێزی یەکگرتووی دامەزراند . لەهەمان کات ئەو توانی بەهێزترین سووپای سەردەمی پێك بێنێ لەکێشووەری ئەرووپادا.

١٩٩١/٦/٢٥ کەسایەتی رامیاری ناوچەی بەلکان میلان کوشان کە کۆمۆنیستێکی چاکسازی بوو پۆستی سەرۆك کۆماری سلۆڤینیای گرتە دەستو سەربەخۆیی وڵاتەکەی ڕاگەیاند

بە ڕەزامەندی تەواوی گەلانی سلۆڤینیا ، ئەویش بە جیابوونەوەی لە یۆگسلاڤیا وەك دەووڵەتێکی سەربەخۆ لە هەرێمی بەلکان و ناوچەکە ولەجیهان... ئەنجامدانی ئەم کارەش لە شاری – لیوبیلیا – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٣٧٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی ، ٢,٣٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە .

هەروا ڕووبەری خاکی وڵاتەکەی ، ٢٠,٢٥١ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٣٠١ کەس لە یەك میل چوار

گۆشـەدا . هـەروا نـژادەكانی ، سـلۆڤینی ٨٣٪ . كـروات ١٨٪ . سـربەكان ، بۆسنیەكان ١١٪ . لە وولاتەكەدا .

١٩٩١/٧/١٢ كورد لەكاتو ساتێكدا لەخەباتو قوربانی دان نەوەستاوەو هەرلەپێناو بە دەسـتهێنانی مافـه ڕەواكـانی بـەردەوام بـووە ، ئـەویش كوردەكـانی ژێـر دەسەلاتی یەكیـەتی سۆڤیەت ، كە لـەم ڕۆژەدا ٩٠٠٥ ئیمزای دانیشتووانی كـورد لـە شـاری بـاكوو ئاراسـتەی سـەرۆكی دەوولـەتو پـارتی یەكیـەتی سۆڤیەت گورباتشۆف كرا ، لە پێنـاو یارمەتیدانو گەڕانـەوەیان بۆجێگـەی باوو باپیرانیان .

ئەویش بەهۆی دەربەدەركردنیان لە لایەن دەسەلاتی سەركردە یەك لە دوای یەكـەكانی سـۆڤیەت ، بەتایبـەتی سـتالین لـە ناوچـەكەدا ، ئـەویش لەسـەر ڕۆشـنایی پـڕۆژەی بەدیموكراتی كـردنو چاكسازی لەیەكیـەتی سـۆڤیەت– گلاسنوست–.

بەلام هەوڵەكان هەربێ سوود بوونـەو لەلاپـەڕەكانی تۆمارگـای مێژوو خۆی تۆماركردووە لە كێشووەرەكەدا ...؟.

١٩٩١/٧/١٥ شـاندی ڕێكخـراوی نەتەوەیـەكگرتووەكان بـە سـەركردایەتی سـەدرەدین ئاغاجــان ، نووێنـــەری جێبەجێكـــەری ئەمینـــداری گـــشتی نەتـــەوە یەكگرتووەكان ، ڕاپۆرتێكی لە ٧٣ لاپـەڕە پێشكەش بە ئەمینداری گشتی نەتـەوە یـەكگرتووەكان كـرد ، بەناونیـشانی – پێداویـستیەكانی مرۆیـی– لەئێراقو پێشكەش بە ئەنجوومەنی ئاسایش كرا.

١٩٩١/٧/٢٢ بـەپێی ڕێكەووتننامـەی مـۆركراوی نێـوان ڕژێمـی بەعـسی لـە سـووریاو كۆماری لوبنان ، سـووریا دانـی تـەواوی بە سەربەخۆیی كۆمـاری لوبنـان نـا وەك دەوولەتو دەسەلات لە جیهاندا.

١٩٩١/٨/٦ هێزەكـانی سـووپای ڕژێمـی شـۆڤینی تـورك ، شـالاوێكی بـەرفراوانی كـردە سـەر بنكـەو بارەگاكـانی پـارتی كرێكـارانی كوردسـتان P.K.K لـە باشـووری كوردستان .

شـالاوەكەی دوانـزە ڕۆژی خایانـد بـەبێ بەرهەلـستكاری كـردن ، تـەنیا بـە ڕاگەیاندنێك لەلایەن سەركردایەتی كورد لەباشووری كوردستان.

١٩٩١/٨/١٨ سكرتێری پـارتی كۆمۆنیـستی یەكیـەتی سۆڤیەتو سـەرۆكی ئەنجوومـەنی

بـالاّی حکوومـــەتی یەکیـــەتی ســـۆڤیەت – میخائیـل گۆرباتـشۆف– لــە هەڵوویّـــستێکی بوێرانـــەی تایبـــەت بـــەخۆ ، یەکیـــەتی ســـۆڤیەتی هەڵووەشـاندەوەو ئەنجامەکەی بـووە هـۆی ئـازاد کردنـی گـەلاّنی ئـەوروپای ڕۆژهەلاّت ، لە بەدیهێنانی سەربەخۆیی گەلاّن و نیشتمانەکەیاندا .

١٩٩١/٨/٢٠ – – کۆمـــاری ئیـــستوانیا ســـەربەخۆیی خـــۆی بەجیابوونـــەوەی لـــە یەکیـــەتی ســـۆڤیەت ڕاگەیانـــــــــد ، دوای ماوەیـــەکی کـــوورت ڕووســـیای یـــەکگرتوو دانی بەو سەربەخۆییە نـا لـە دوای وولاّتـانی جیهـــــان. ئـــــەم

ڕاگەیاندنـــەش لـــە شـــاری – تـــەللین –ی پایتـــەخت بـــوو ، کـــە ژمـــارەی دانیـشتووانەکەی ، ٥٩٨,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاّتەکەی ، ١,٧٩٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خـاکی وولاّتەکـەی ، ٤٤,٧٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیـشتووانەکەی . ١٠٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەکانی ، ئیـستیوانیەکان ٪٦٣ . ڕووسی ٪٣٠ . ئۆکرانی و فیلەندی ٪٧ .

١٩٩١/٨/٢١ كۆمــاری ئۆكرانیـــا دووبـاره سـەربەخۆیی تـەواوی خـۆی بـەجیا بوونەوەو دەرچوون لە یەكیــەتی ســۆڤیەت ڕاگەیاند ، كە كۆماری ئۆكرانیـا مەڵبەنـدی چـــەكی ئـــەتۆمی و كەشـتیە جەنگیـەكانی سووپای سووری سۆڤیەت بوو بەر لەهەڵوەشاندنەوەیدا .

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – كـیـیڤ – ی پایتــەخت بـوو ، كـە ژمـارەی دانیشتووانەكەی ، ٢,٥٧٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەكــەی ، ٥٥,٣٧٠,٠٠٠ ملیــۆن كەســە . هــەروا ڕووبــەری خــاكی وڵاتەكـەی ، ٦٠٣,٧٠٠ هـەزار كیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٢٣٧ كەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نـژادەكانی ، ئۆكرانی ٧٣٪ . ڕووسی ٢٢٪ . جوولەكە٢٪ .

١٩٩١/٨/٢٤ سـكرتێری گـشتی پـارتی كۆمۆنیـستی یەكیـەتی سـۆڤیەت – میخائیـل گۆرباتــشۆف– دەســتی لــە هــەموو دەســەڵاتەكانی یەكیــەتی ســۆڤیەت كشاندەوەو بووە هۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن كۆمارە جیاجیاكان ، كە یەكیەتی سۆڤیەتیان لێ پێك هاتبوو لە ناوچەو كێشوەرەكەدا .

١٩٩١/٨/٢٥ کۆماری بیلاڕووسیا – ڕووسیای سپی – سەربەخۆیی خۆی لەدوای جیابوونەوەی لە یەکیەتی سۆڤیەت ڕاگەیاند لە کێشوورەکەدا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – مینسك – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٩٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١٠,٩٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٢٠٧,٦٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٣٦ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا ، هەروا نژادەکانی ، بیلاڕووس ٨٠٪ . ڕووس ١٣٪ . پۆڵەندی ٤٪ . ئۆکرانی ٣٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٩١/٨/٢٧ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆشی باوك ، لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنی ڕیگەیاند ، کە جوولانەوەی کۆمۆنیستی کۆتایی هات ، نەك ڕژێمی سوشیالیستی و کۆمۆنیستی ، ئەویش لەدوای هەرەس هێنانی یەکیەتی سۆڤیەت هات لە کێشوورەکەدا .

١٩٩١/٨/٢٧ کۆماری مۆڵداڤیا سەربەخۆیی خۆی بەجیابوونەوەی لەیەکیەتی سۆڤیەت ڕاگەیاند وەك وولاتێکی نێوودەوڵەتی سەربەخۆ لە جیهاندا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە

شــاری – شــیزینۆ –ی پایتــەخت بــوو ، كــە ژمــارەی دانیــشتووانەكەی ، ٦٨٠,٠٠٠ هــەزار كەســە . هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاتەكــەی ، ٤,٨٦٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا رووبەری خاكی وولاتەكەی ، ٢٣,٧٠٠ هەزار كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٣٧٤ كەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هــەروا نژادەكانی ، مۆلداڤی و رۆمانی ٦٥٪ . ئۆكرانی ١٤٪ . ڕووسی ١٣٪ . قەوقازی ١,٤٪ . لە وولاتەكەدا .

١٩٩١/٨/٢٩ ئەنجوومــەنی بــالای یەكیــەتی ســۆڤیەتی ، كــە دەســەلاتی بــالای هــەموو كۆمارەكــانی یەكیــەتی ســۆڤیەتی دەكــردو هــەموو جمووجۆلیــەكی پــارتی كۆمۆنیــستی ســۆڤیەتی قەدەخــە كــرد ، لەگــەڵ بلــۆك كردنــی دامو دەزگــا ئــابووری و پــارتی و ڕاگەیانــدن و خوێنــدن و پــرۆژەو كارگــەو پــارە لــەناو یەكیەتی سۆڤیەت ، بەتایبەتی لە ڕووسیای یەكگرتوو، كە بۆریس یەلسن سەركردایەتی ئەو كۆمارەی دەكرد لە كێشووەرەكەدا .

١٩٩١/٨/٣٠ كۆمــاری ئازربایجــان ســـەربەخۆیی خــۆی بەجیابوونـــەوە لـــە یەكیــەتی ســۆڤیەتی ڕاگەیانـــــــد وەك وولاتێكــی ســەربەخۆ لـــــەجیهان .ئـــــەم ڕاگەیاندنـــەش لـــە شــاری – بــاكۆ – ی پایتــەخت بــوو كــە ژمــارەی دانەشتووانەكەی ١,٩٦٠,٠٠٠ ملیــۆن كەســە . هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاتەكــەی ، ٧,٩٧٠,٠٠٠ ملیــۆن كەســە . هــەروا رووبــەری خــاكی وولاتەكــەی ، ٨٦,٦٠٠ هــەزار كیلۆمــەتلر چــوار گۆشــەیە . هــەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٢٣٩ كــەس لــە یــەك میــل چــوار گۆشــەدا . هــەروا نــژادەكانی ، ئــەزیری ٩٠٪ . گــەلانی داغــستانی ٣٪ . ڕووسی ٢,٥٪ . ئەرمەنی ٢٪ .

١٩٩١/٨/٣١ کۆماری کرغیستان سەربەخۆیی خۆی بەجیابونەوە لەیەکیەتی سۆڤیەت ڕاگەیاند وەك وولاتێکی سەربەخۆی جیهان . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – بیشکك – ی پایتەخت بوو کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٦٣٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٤,٨٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١٩٨,٥٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٦٣ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، کرجیز ٥٢٪ . ڕووس ٢٢٪ . ئۆزبك ١٢٪ .

١٩٩١/٨/٣١ کۆماری ئۆزبەگستان سەربەخۆیی خۆی بەجیابوونەوە لە یەکیەتی سۆڤیەت ڕاگەیاند ، وەك وولاتێکی نێوودەووڵەتی سەربەخۆو ، لە هەمان کات بووە ئەندام لە کۆمەنوولسی وولاتانی سەربەخۆ – C.I.S – لە کێشووەرەکەدا . ئەم ڕاگەیاندنەش لە شاری – تەشقەند – ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٢,٣٨٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٢٤,٢٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی

وولاَتەکـەی ، ٤٤٧,٤٠٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چـڕی دانیشتووانەکەی ، ١٤٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هـەروا نـژادەکانی ، ئەزبەك ٧١٪ . ڕووسی ٨٪ . کوردی تیا نیشتە جێیە بە ڕێژەیەکی کەم بە هۆی دابەش کردنی لە لایەن دەسەلاَتی ئەوکاتی ستالین لـە دوای ساڵەکانی ١٩٢٧ لە ناوچەکەدا .

١٩٩١/٨/٣١ کۆماری سوودان بەپێی دەستوورو یاسا بنەڕەتیەکان ، شـەریعەتی ئیسلامی کـردە یاسـای بنـەڕەتی دەسـەلاَتی سـوودان لـە هـەموو بـوارە جیاجیاکـان ، بەتایبـەتی لـەبواری ڕامیـاری و ڕۆشـنبیری و کۆمەلاَیـەتی لـە پەیوەندیـەکانی کۆمەلاَیەتی لە سوودان‌دا .

١٩٩١/٩/٩ کۆمـاری تاژیکـستان سـەربەخۆیی خـۆی بەجیابوونـەوە لـە یەکیـەتی سـۆڤیەت ڕاگەیاندو ، لـە هـەمان کـات بـووە ئەنـدامی کۆمەنوولـسی وولاتـانی سـەربەخۆ– C...I. S– لەگـەڵ وولاّتـەکانی سـۆڤیەتی پێشوو لە کێشووەرەکەو جیهاندا .

ئەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – دووشـەمبێ –ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٦٦,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاّتەکەی ، ٦,٥٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاّتەکەی ، ١٤٣,١٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١١٩ کـەس لـە یـەك میـل چوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، تاژیـك ٦٥٪. ئۆزبەکی ٢٥٪.ڕووسی و تەتەر٩٪ .

تێبینی:– بۆ زانیار زیاتر دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و وولاّتانی جیهان . لە دانانی / عەلی کەندی . دانەری مێژوونامەکە.

١٩٩١/٩/١٧ دوورگــەی مارشــال ســـەربەخۆیی خــۆی لەلایـــەن ئەمـــەریکا بەدەســت هێنــاو بــووە ئەنــدام لــە ڕێکخــراوی نەتەوە یەکگرتووەکان . ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شــاری – مــاگوور –ی پایتـــەخت بــوو ، کـــە ژمــارەی دانیــشتووانەکەی ، ٣٥,٠٠٠ هــەزار کەســە . هــەروا ژمــارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٩٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١٨١ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٢٣٦ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، مارشاڵی ٩٧٪ . کە لە بنەرەتا دەگەڕێنەوە سەر ڕەچەڵەکی میکرۆنیزی لە هەرێمەکەدا .

١٩٩١/٩/٢٥ کۆمــاری مەکــدۆنیا ســـەربەخۆیی خــۆی بەجیابوونـــەوە لـــە یۆگـــسلافیا ڕاگەیانــد، دوای ئـــەوە وولاتـــانی جیهـــان دانیـــان بـــە ســەربەخۆیی مەکـدۆنیا نـاو ، لـە هـەمان کـات هێزەکـــانی ســـووپای نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەسـەرخاکی مەکـدۆنیا بـڵاو بوونـەوە بۆماوەنـەدان بەبەرپابوونی شەڕی نیمچە دوورگەیی لە نێوان یۆگسلافیاو مەکدۆنیا.
ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – سـکۆبی –ی پایتـەخت بـوو ، کـە ژمـارەی دانیشتووانەکەی ، ٤٦٦,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمارەی دانیـشتووانی وولاتەکەی ، ٢,٥٨٦,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتـەکـەی

، ٢٥,٣٣٣ هەزار كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٢٦٤ كەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەكانی ، مەكدۆنی ٧٠٪. ئەڵمانی ٢٢٪. سرب و كروات ٨٪. لە هەرێمەكەدا .

١٩٩١/٩/٢٦ كۆمــــاری ئـــــەرمینیا ســـەربەخۆیی خـۆی بـە جیابوونەوە لە یەكیەتی سۆڤیەت ڕاگەیانـد ، كـە بــــووە وولاتێكــــــی ســـەربەخۆ ، كـــە/ ١٦ هـــــەزار كیلۆمــــــەتر چوارگۆشـــــەی خـــاكی كوردســــتانی پێـــووە

لكێندراوە لەكاتی لـەت لـەتكردنی كوردستان ، بە چوار پارچـەو نیـوو ، كـە ئـەویش پارێزگـای یـەریڤان و دەوورووبەریـەتی ، كـە كوردسـتانیەو بـەپێی نەخشەی داریـژراوی پـەیمانی سایكس - بیكۆو جیٚ بەجێكردنی بە پێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤پێی لكێنراوە لە ناوچەكەدا .

ئـەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری - یـەریڤان -ی پایتـەخت بـوو ، كـە ژمـارەی دانیشتووانەكەی ، ١,٥٨٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ژمارەی دانیـشتووانی وولاتەكەی ، ٣,٨٩٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ڕووبەری خاكی وولاتەكـەی ، ٢٩,٨٠٠ هەزار كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیـشتووانەكەی ، ١٣٠ كەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەكانی ، ئەمەنیەكان ٩٥٪. كورد٣٪ .لە وولاتەكەدا .

تێبینی:- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەڕێیتەوە سەركتێبی ئینسكلۆپیدیای كوردستان و وولاتانی جیهان - لە دانانی عەلی كەندی .

١٩٩١/١٠/١٥ پەرلەمانی بۆسنەو هرسك سەربەخۆیی خۆی بەجیابوونەوە لە کۆماری یۆگسلاڤیا ڕاگەیاند ، دوای ئەوە داوای لەیەکیەتی ئەوروپا کرد بەدانان پێی ، بەڵام یەکیەتی ئەوروپا داواکەی ڕەت کردەوەو داوای کرد سەربەخۆیی بۆسنەو هرسك لە ڕێگەی دەنگدانی گەلانی وولاتەکە بێت نەك پەرلەمان .

ئەنجام دانی ئەو کارەش لە شاری – سەراییڤۆ –ی پایتەخت بوو ، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ، ٣٠,٠٠٠ هەزار کەس . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی . ٣,٩٩٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٥١,٢٢٣ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٠٢ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ئیسلام ٤٢٪. سربەکان٣٢٪ . کرواتەکان ١٨٪ ئەوانی دیکە ٨٪ . لە هەرێمەکەدا .

تێبینی:– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و وولاّتانی جیهان – لە دانانی عەلی کەندی .

١٩٩١/١٠/١٩ سربەکانی کرواتیا یەك لایەنە دامەزراندنی کۆماری کاریینای سربیان ڕاگەیاندو لە١٢/٢٣ی هەمان ساڵ ئەڵمانیا دانی بەو کۆمارەنا ، لەهەمان کات دانی بەدەووڵەتی سلۆڤینیا نا. کە کەووتۆتە سەر سنووری باشوور. بەڵام ئەڵمانیا دانی بەدەووڵەتی سربیا نەنا

١٩٩١/١٠/٢٦ دەسەڵاتی ناوەندی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق دامو دەزگاکانی لەپارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆك کشاندەوە ، بۆ ژێر دەسەلاتی خۆی لە پارێزگای

موسل و کەرکوك و قەزای مەخمور لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٩١/١٠/٢٧ کۆمـــــــــاری تورکمانــــــــستان ســەربەخۆیی خــۆی بەجیابوونـــەوە لـــە یەکیــەتی ســۆڤیەت ڕاگەیانـــد ، کـــە وولاتێکـــــــــی فرەنەتەوەییـــە لـــە کێـــــــشووەرەکەدا . ئەنجامــــدانی ئـــەم کـــارەش لـــە شـــاری – ئیـــشق ئابـــاد –ی پایتـــەخت بـــوو ، کـــە ژمـــارەی دانیـشتووانەکەی ، ٦٣٥,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکەی ، ٤,٨٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٤٨٨,١٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٦ کـەس لـە یـەك میـل چوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، تـورك ٧٢٪ . ڕووس ١٨٪ . ئۆزبەکی ١٠٪ لە کێشووەرەکەدا .

١٩٩١/١٠/٢٩ پەرلـەمانی ئۆکرانیـا بـەکۆی دەنگـی دەنگـدان لەلایـەن پەرلـەمان بڕیاریـدا بەداخستنی وویستگەی تشیرنۆبلی ئەتۆمی ، لە هەمان کات داوای یارمەتی دانـی لــە وولاتــانی یەکیـــەتی ئـــەورووپاو ئەمـــەریکا کـــرد ، لـــە پێنـــاو هەڵووەشاندنەوەی وویستگەکەو ڕێگە گرتن لە پیس بوونی ژینگەو بەرگری کردن لە بڵاونەبوونـەوەی نەخۆشیە هەمە لایەنـەکان بـەو هۆکارە لـە وولات وناوچەکەدا.

١٩٩١/١٢/٧ هەرســێ ســەرکردەی کۆمارەکــانی سۆشیالــستی یەکیــەتی ســۆڤیەت ، سەرۆکی ڕووسیا بۆریس یەلسن و ، سەرۆکی ئۆکرانیا لیونید گرافتشۆك و سەرۆکی پەرلـەمانی بیلا ڕووسیا ڤیانتشیلاف شوشکیفینش کۆبوونـەوەو پـــەیمانی – بیلۆفیگیـــسکیایۆشا– یـــان مـــۆرکرد بـــە هەڵووەشـــاندنەوەی یەکیــەتی ســۆڤیەت ، کــە بڕیارەکــە یاســایی و شــەرعی نــەبوو، بــەپێی

دەستووری یەکێتی سۆڤیەت و بە پشتگوێ خستنی راپرسی ٣/١٧ی هەمان ساڵیاندا ، کە لە ٧٦,٧٪ . دەنگدەران لە هەموو کۆمارە جیاجیاکانی پێک هاتەی یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵ مانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوون لە یەکیەتەکەدا .

١٩٩١/١٢/١٢ دوای راپەرین یەکەم شەڕی کورد کوژی لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستانی باکووری کوردستان لکێنراو بە تورکیا بوو ، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان نەك پارتە کوردستانیەکانی دیکەی هەرێمی باشووری کوردستان ... کە بووە هۆی کووشتنی دەیان کورد لە نێوان هەردوو لادا .

ئەم شەڕەش بۆ ئەوە بوو کە چەکداروو لایەنگرانی پەکەکە لە هەرێمی باشووری کوردستان دەربەرێنن . ئەویش لە ئەنجامی نەخشەیەکی دارێژراو بوو ، لە پێناو مانەوەو بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی هەردوو پارت بوو لە گەڵ رژێمی تورك لە تورکیا و بەرو قۆناخێکی باشتر هەنگاو بێنێ . ئەویش لە سەر بەرژەوەندی کوردو خاکی کوردستان بەدڵخۆشکەری دوژمنی گەلی کوردستان و تیرۆرکردنی بەدەیا چەکداری پەکەکە لە کوورو کچوو کوشتنیان.

دوای ~~ئەوە زیاتر لە ١٠٠~~ ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان و خێزانەکانیان لە شارەکانی کوردستان دەستگیرکران و خرانە ناو زیندانەکان ، لەم شەڕەشدا زیاتر لە ٢٠٠ پێشمەرگە لە نێوانیاندا کوژران و لە ئەنجام نە پارتی دیموکراتی کوردستان و نە یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان سەرکەوتوو نەبوون لە شەڕی لە گەڵ پەکەکەدا .

دوای ئەوە پارتە کوردستانیەکان لە ناو خۆیان کەوتنە کوشتنی ئەندامانی بە هۆی چەندین بیانوو کە هەر هەمووش بەزیان بۆ کوردو خاکی کوردستان هەڵدەگەرایەوە لە هەرێمەکەدا .

١٩٩١/١٢/٢١ کۆماری کرغیستان بووە ئەندام لە کۆمەنوولسی وولاتانی سەربەخۆی -c .i.s- یەکیەتی سۆڤیەتی هەلووەشاوە .

١٩٩١/١٢/٢٦ کۆماری ئازربایجان بووە ئەندام لە کۆمەنوولسی وولاتانی سەربەخۆی c -.i.s- یەکیوتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە.

١٩٩١/١٢/٢٦ لە دوای بوونی کۆماری جۆرجیا بە کۆماریکی سەربەخۆیی خۆی بەجیا بوونەوە لە یەکیەتی سۆڤیەت ڕاگەیاندو - چامسکا خۆردیا - دەسەڵاتی وولاتەکەی گرتە دەست ، بە پەیرەوکردنی بەڕامیاریەتی تاك ڕەوی ، کە لە ئەنجام بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی نێوان پێك هاتەکانی وولاتەکە..

١٩٩١/١٢/٢٦ بەشێووەیەکی ڕەسمی یەکیەتی سۆڤیەت هەڵووەشێنرایەوەو دامو دەزگاکانی پارتی کۆمۆنیستو ئەنجوومەنی باڵاو پەرلەمانو سەندیکای کرێکارانو دەسەڵاتی سۆڤیەت گۆڕا ، بەدەسەڵاتی ئازادو بەرەو هەڵبژردنو ڕژێمی سەرۆکایەتیو هەنگاونان بەرەو ڕژێمی سەرمایەداری لە وولاتەکەدا.

١٩٩١/١٢/٣٠ سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراق -ئایەتووللا ئەلحەکیم- لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنی ئێران ووتی:- میسر پالپشتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی دەکات دژی دەسەڵاتی بەعسی لە ئێراق لەگەڵ ئێرانو وولاتانی دیکەی عەرەبی لە کەنداودا.

١٩٩١/١٢/٣١ هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە کۆماری پەنەما کشانەوە ، ئەویش بەبەردوام بوونی یارمەتیەکانی پەنەما لەلایەن ئەمەریکا بەرەو زیادی هەنگاوی دەنا بەهۆی بەرەو باش چوونی باری ڕامیاریو ژێرخانی ئابووری لە وولاتی پەنەما.

١٩٩٢

١٩٩٢/١/١ لەدوای کۆتایی هاتن بەدەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە چیکسلۆڤاکیا لە لایەن سەرۆکی پارتو دەووڵەت - فاکلاف هافێلو - کە بووە هۆی لێك ترازاندنی بارو دۆخەکەو دورست بوونی کۆماری سلۆفاکیاو تشیك وەك دوو دەووڵەتی سەربەخۆی نێوو دەووڵەتیو بەرەو بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان گەلانو بەتایبەتی لەنێوان ئیسلامو مەسیحی لەهەرێمەکەدا.

١٩٩٢/١/١ لە دوای مشتومڕو گیروگرفت و کێشە لە نێوان بیروو بۆچوونی سەرکردەکانی پارت و دەوڵەتی سۆڤیەت و نەمانی توانای خەباتی هاوبەشی بەردەوام، سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەت گۆرباتشۆف و سەرۆکی کۆماری ڕووسیای یەککرتوو بۆریس یلسن ڕێکەوتنی هاوبەشیان بە هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت ڕاگەیاند.

ئە ڕاگەیاندنەش لە شاری – مۆسکۆ – ی پایتەخت بوو، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی، ١١,٥٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە. هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی، ١٥٨,٣٩٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە. هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی، ١٧,٠٧٥,٤٠٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە.

هەروا چڕی دانیشتووانەکەی، ٢٤٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا. هەروا نژادەکانی ڕووسی ٨٥٪. تەتەر ٥٪. ئۆکرانی و بەشکیرو مۆڵداڤی و نژادەکانی دیکە ١٠٪. لە وولاتەکەدا.

١٩٩٢/١/١٢ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشاری هەولێر، کە زمانحاڵی ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، ئەویش بە دەوڵەمەند کردنی ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشووری کوردستان.

١٩٩٢/١/٢١ کۆچی دوایی شاعیری خەبات و سەربەستی مامۆستا – عەلی فەتاح – دزەیی لە پارێزگای هەولێر.

شـایانی باسـه ئـەم شـاعیرە لـه سـاڵی ١٩٢٩ چـاوی بـه جیهـان هـەڵهێناوە . خوێنـــدنی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی و ئامـــادەیی لـــه شـــاری هـــەولێر تـەواوکردووە و کۆلێژی مافی لـه بەغدا و شاری دیمەشقی پایتـەختی سووریا تەواوکردوە .
لـه سـاڵی ١٩٤٦ سـەرەتای بـەهرەی شـاعیری سـەری هەڵـداوەو شـعری نیشتیمانی بتەوی بەناوی خرۆشان درکان لە ساڵی ١٩٧٨ دا چاپکردووە ... هـەموو رەخنـەگرانی ئـەدەبی کـوردی بـه شـاعیرێکی بـەهرەداری دادەنێن .

١٩٩٢/١/٢٤ یەکـەم ژمـارەی هەفتەنامـەی– الاتحـاد– بـەزمانی عـەرەبی بـڵاو کرایـەوە کەزمانحاڵی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوولە شاری هەولێر لە هـەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٩٢/١/٢٧ نووێنـەری پـارتی کۆمۆنیـستی کۆمـاری سـووریا ، لـه لێـدوانێکی ڕامیـاری تەلـەفزیۆنی ووتـی:– دەبـێ مـافی چارەنووسـی کـورد بڕیـاری بـۆ بـدرێت– بەرامبەر بە ئەوەك لە ناوچەکەدا .

١٩٩٢/٢/١ بەرەی هاوکاری دیموکراتی کورد له سووریا دامەزرا ، لەلایەن پێنج پارتی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان ، بۆ هاوکاریو خەباتی هاوبەش . لە پێناو مافەکانی گەلی کوردو دوا ڕۆژی ڕۆژئاوای کوردستانی لکێنراو بەسووریا بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ وولاتانی هاوپەیمان بەسەرکردایەتی بەریتانیای مەزنی ئەوکاتی دژی کوردو کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

١٩٩٢/٢/٥ کۆچـی دوایـی گـۆرانی بێـژی ئـافرەتی کـوردی بەناوبانـگ خـاتوو – ئایـشە شان – لەشاری ئـەزمیر لە باکووری کوردسـتان ، هـەر لـەو شـارە تەرمەکـەی بەخاکـسپێدراوە ، شـایەنی باسـە خـاتوو ئایـشە شـان لەشـاری ئامـەد– دیاربەکر– لە باکووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، ناوی باوکی عوسمان مەولود بووە ، ناوی دایکی حاجی خانم بووە کە لە هۆزی حاجی موسای پارێزگای ئەرزەرۆم بووە لە کوردستان .

١٩٩٢/٢/١٦ حکوومەتی سلڤادۆر پەیمانی ئاشتی لەگەڵ یاخیبووەکان مۆرکرد، کە بووە هۆی کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆی درێژ خایەنی دوانزدە ساڵە ، ئەویش بەچارەسەرکردنی کێشە هەڵوواسراوەکان ، ئەنجامی شەڕەکە کە بووە هۆی کـوژرانی زیـاتر لـە ٧٥,٠٠٠ هـەزار هـاووڵاتی لـە نێـوان هـەردوو لایـەنی شەڕکەر لە وڵاتەکەدا .

١٩٩٢/٢/٢٣ گرێـدانی کۆبوونـەوەی ١٨٥ ڕۆشـنبیرو رووناکبیرو نووسـەرو رۆژنامەنووسـی کـورد ، لەشـاری ئەسـتەمبۆڵی تورکیـا ، لـەکۆتایی کۆبوونەوەکە بە بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی ماف‌و ئازادیەکانی کورد لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا راگەیاندرا لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٢/٢/٢٧ شـاندێکی وڵاتـی ئـسپانیا کـەپێك هـاتبوون لـە – ئیکنـاخویرینۆو فیرنانـد گۆنزالۆ– سـەردانی هـەرێمی باشووری کوردستانیان کرد لەشاری هـەولێر لەگـەڵ سـەرۆك‌و ئەنـدامانی پارتـە کوردسـتانیەکانی کوردسـتان گفتوگـۆی هاوکاری‌و لێك گەیشتنیان ئەنجام دا.

١٩٩٢/٣/٢ گۆڤـاری – جـۆن ئـەفریك– کـە لـە فەرەنـسا دەردەچـێت ، لەراپۆرتێکیـدا پێکهاتـەی سـۆماڵی بـۆ ٨ هـۆزی جیـاواز دابەشـکردووە ، جگـە لەلقـەکانی لەوانـە هـۆزی – ئەسـحەق لـەباکوورو ، ئـەوگادین لەباشـوور ، و ئەلهەویـە لەناوەڕاست . لەدوای هەڵاتی سەرۆك کۆماری سۆماڵ محەمەدسیاد بەری ، ئەفسەرە باڵادەستەکانی سووپا هەریەکە چوونە ناو هۆزەکـانی خۆیـان ، کـە لەو کاتە هۆزەکانیان بەتەواوی چەکداربوون.

لـە بەرپێکهاتـەی چـنینی بـاری کۆمەڵایـەتی سـۆماڵ‌و لوبنـان ، کـە خـۆی لەخۆیـدا هۆکـاری هەڵگیرسـانی شـەڕی نـاوخۆن بـەهۆی جیـاوازی ئـایین مەزهەبەکان لە وڵاتەکاندا .

١٩٩٢/٣/٥ دەرچـوونی بڕیـاری ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـەژمارە/ ٧١ کـە لەدانیشتنی خوولی/ ٤٨ ی ڕێکخراوەکە ئەنجادرا ، بەکۆی دەنگ بڕیـاری بـۆ درا ، کەنابێت مافی مرۆڤ پێشێل بکرێت بەئەنجامدانی مافەکانی توانـای لـە ژیان لەهەر وڵاتێك لەوولاتەکانی جیهان.

١٩٩٢/٣/٩ سەرچـاوە فەرمیـەکانی پۆلیـسی لوبنـان ، لەلێکۆڵینەوەیەکیـدا زیانـەکانی

گیـانی شـەڕی نـاوخۆی پێـك هاتـەکانی لوبنانیـان ڕاگەیانـد ، کـە ژمـارەی کووژراوەکان ١٤٤,٢٤٠ هەزار کەس بوونەو ژمارە برینـدارەکان ١٩٧,٥٠٦ هەزار کەس بووە ، هەروا ژمارەی بزربووەکان ١٧,٤١٥ هـەزار کـەس بـووە ، کە شەڕەکە بەپێی ڕێکەووتننامەی شاری تائیفی وولاتی سعوودیا ڕاگیرا ، کـە لـە٢٢/١٠/ ١٩٨٩ لـەنێوان لایەنـە پەیوەنـدارەکان مۆرکرا بـەکۆتایی پـێ هاتنی شەڕی ناوخۆی لوبنان لە وولات و ناوچەکەدا .

١٩٩٢/٣/١٠ هەڵووەشـاندنەوەی یەکیـەتی سـۆڤیەت لەلایـەن سـکرتێری گـشتی پـارتی کۆمۆنیست و سـەرۆکی یەکیـەتی سـۆڤیەت میخائل گۆرباتـشۆف ڕاگەیانـدرا لە کێشووەرەکەو لە جیهاندا .

١٩٩٢/٣/٣١ دەرچـوونی بڕیـاری ژمـارە/ ٧٤٨ ی ئەنجوومـەنی ئاسایـشی ڕێکخـراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان ، ئـەویش بـە گـەمارۆدانی هاتووچـۆی گەشــتی ئاسمانی لە سەر لیبیا ، بەهۆی کێشەی ئەو دوو هاوولاتیـەی کە تاوانبار کرا بوون بەتەقاندنەوەی فڕۆکەی ئەلبانی ئەمەریکی لە سەرخاکی لۆکـەربی لە کینیا .

١٩٩٢/٤/١ لە ئاکامی کێشەی دژوواری نێوان پێك هاتەکانی یـەکێتی نێوان هـەردوو وولات ، بەتایبەتی سەرکردەکان بەڕاگەیاندنی هەڵووەشـاندنەوەی یەکیـەتی نێوان تشیك و سلۆڤاکیا بەشێووەیەکی ڕەسمی و بوونی بەدوو دەوڵـەتی لێك جیاوازی سەربەخۆی کۆماری تشیك و کۆماری سلۆڤاکیا .

ئەم ڕاگەیاندنـەش لـە شـاری – براگ –ی پایتـەختی تـشیك ڕاگەیەنـدرا لـە

هەرێمەكەدا ئەویش:-

١-وولاّتـی تـشیك پایتەختەكـەی – براگـە- و ژمـارەی دانیـشتووانەكەی ، ١,٥٨٥,٠٠٠ ملیۆن كەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیشتووانی وولاّتەكـەی ، ١١,٤٤٠,٠٠٠ ملیـۆن كەســە . هــەروا رووبــەری خــاكی وولاّتەكــەی ، ٧٨,٨٦٤ هــەزار كیلـۆ مــەتر چــوار گۆشــەیە . هــەروا چــڕی دانیـشتووانەكەی ، ٣٧٦ كـەس لـە یـەك میـل چـوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەكانی ، تشیكیەكان ٩٥٪ سلۆڤاك ٥٪ لە وولاّتەكەدا .

٢-وولاّتـی سـلۆڤاكیا پایتەختەكـەی شـاری -براتیـسلاڤا -یـە و ژمـارەی دانیــــشتووانەكەی ، ٧٥٠,٠٠٠ هـــەزار كەســـە ، هـــەروا ژمـــارەی دانیشتووانی وولاّتەكەی ، ٥,٨٧٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا رووبەری خـاكی وولاّتەكـەی ، ٤٩,٠٣٥ هـەزار كیلـۆ مـەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٣١٠ كەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەكانی ، سلۆڤاك ٧٨٪ مەژەریەكان ١٢٪ . لە وولاّتەكەدا .

تێبینی:- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە بۆ سەر كتێبی ئینسكلۆپیدیای كوردستان و وولاّتانی جیهان – لە دانانی عەلی كەندی .

١٩٩٢/٤/٩ سـەرۆكی رژێمـی بەعس لـەئێراق سـەدام حوسـێن فەرمانیـدا بـە وەلاّمـی پاداشتی مەكتەبی قوتابیان و لاوانی ناوەندی دەداتەوە بە ژمـارە /٢/٣٩٨ دەلـێ :- بەهـەر جۆرێك و لـە هـەر كات و سـاتێك بێـت نـابێ شـاری مووسـلّ بكرێتە جێگەی دروست بوونی ئاژاوەو بوونی رۆلّی كورد لەو پارێزگایـەو دەبـێ رۆلّـی عـەرەب و بـوونی عـەرەب سەرچـاوەی پارێزگاكـە ، بێـت وەك پارێزگاكانی دیكەی كەركوك و دیالە لە ئێراق .

١٩٩٢/٤/١٥ رێكخراوی نەتەوە یەككگرتووەكان سزای دیاری كراوی خستە سـەر كۆمـاری لیبیا ، ئەویش بەقەدەخە كردنـی گەشتە ئاسمانیەكان و نەفرۆشـتنی چـەك بە لیبیا بەهۆی نەدانە دەستی ئەو دوو كەسەی تاوانبار كرابوون ، كە بەناو فرۆكەی كۆمپانیای ئەمەریكیان لەشاری لۆكەربی لە ئەسكۆتلەندا فڕاندوەو تیرۆریان كرد .

١٩٩٢/٤/١٧ كۆماری سربیا سـەربەخۆیی خـۆی بەجیابوونـەوەی لـە یۆگسلافیا ڕاگەیاند لەگـەل جەبەل ئەسوودی ، بەلاّم دوای ئـەوە ئـەو دوو هەرێمـە یـەكیان گرتـەوە

لـه ئـەنجامی گفتووگـۆی چـڕو پـڕ لـەپێناو بەرو پێشبردنی بـارو دۆخـی وولاتەکەیان.

١٩٩٢/٤/٢٦ کردنـەوەی بەشـی کـوردی لـه رادیـۆی دەنگـی ئەمـەریکا دەسـتی پێکـرد بـه هــەردوو زاراوەی سـۆرانی و بـادینی . بـه پەخـشکردنی هەواڵـەکان لـه بوارەکانی ڕاگەیاندن لە ئەمەریکا و بەرەو جیهان .

١٩٩٢/٤/٢٥ دامەزرانـدنی بەشـی کـوردی لـه وویـستگەی ڕادیـۆی دەنگـی ئەمـەریکا کـه ڕۆڵـی گرنگـی هـەبوو لـه پەرەپێـدان و هۆشیار کردنـی بـاری نەتـەوەیی بـۆ کوردو وولاتانی جیهان.

١٩٩٢/٤/٢٧ کۆتـایی هـاتن بـه رژێمـی کۆمۆنیـستی لـه ئەفگانـستان بەسـەرکردایەتی محەمـەد نـەجیب واللە بەپاڵپـشتی یەکێـتی سـۆڤیەت بـەهۆی بـەهێزیو سەرکەووتنی جوولانەوەی ئیسلامی بەسەرکردایەتی گروپە ئیسلامیەکان.

١٩٩٢/٤/٢٨ بـەرەی کوردسـتانی بڕیـاری یاسـای ژمـارە/١ی هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی نیـشتمانی کوردردسـتانی دەرکـرد ، کـه بـووە بنـەمای هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی نیشتمانی یکوردسـتان لـه ١٩٩٢/٥/١٩ لەهـەرێمی باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق.

١٩٩٢/٥/٨ هـەردوو نەتـەوەی شـۆڤینی بەرچـاوتەنگی ئـەزەریو ئەرمـەنی لـه کۆمـاری ئەرمینیا ، هێرشیان کردە سەر شاری شووشەی کوردیو داگیریان کرد ، لە هـەمان کـات بەسـەدان هاوولاتیـان شـەهید کـردو بەهـەزارانیان برینـدارو دەربـەدەر کـرد ، بـەخۆیان و خێزانـەکانیان و مالـەکانیان بـەتالان بـردن و سووتاندنی پاشماوەی ماڵەکانیان لە ناوچەکەدا .

١٩٩٢/٥/١٧ دامەزرانـدنی وویـستگەی تەلـەفزیۆنی K.TV لـه هـەولێر لەلایـەن پـارتی دیموکراتی کوردستان لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٩٢/٥/١٩ بۆیەکەم جار لە مێژووی کوردو باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق ، لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری /١٩٩١ هەلبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی

کوردستان ئەنجامدرا ، بەهەڵبژاردنی ١٠٥ ئەندام لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بە پێنج ئەندام بۆ ئاشووریەکان بێ ئەوەی هیچ پارتێکی کودستان کورسی لەو پەرلەمانە هەبێت .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەو هەڵبژاردنە لە سەر بنەماکانی ڕێکەووتن بوو ، لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ، ئەویش بە هێنانە خوارەوەی لیستی هەر یەك لەو دوو پارتە ... کە بە هەڵبژاردنی تاکی و کەسیەتی نەبوو ...کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دژایەتی کردن لە نێوان هەردوو پارت بە تایبەتی لە کاتی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی لە باشووری کوردستاندا .

١٩٩٢/٦/١ کۆچی دوایی خاتوو ڕەوشەن بەدرخان لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لەماڵەکەی خۆی لەشاری – بایناس– ی وولاتی سووریاو لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست ، لەسەر داوای خۆی تەرمەکەی برایەوە بۆشاری دیمەشق و لەگۆستانی مەولانا خالید نەقشەبەندی لەگەرەکی

کوردان نێژراوەو هەزار سڵاو لەگیانی خەباتگێڕیو خۆڕاگری ئەوپاڵەوانە کورد پەروەرەی کوردستان .

١٩٩٢/٦/٤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی باشووری کوردستان کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمەکە گرێدراو ئەندامانی پەرلەمان سووێندی یاساییان خوارد لە دوای کۆبوونەوەکەدا .

١٩٩٢/٦/١٧ شاندێکی بالای هاوبەشی سەندیکاکانی ئیتالیا سەردانی باشووری کوردستانیان کردو لەگەڵ بەرپرسانی پەیوەندیدار لەکوردستان کۆبوونەوەو گفتوگۆیان ئەنجام دا ، ئەویش لەپێناو بەهێز کردنی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوانیاندا .

١٩٩٢/٦/٣٠ راگەیاندن بە دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لە شاری هەولێر ... شایانی باسە پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لیژنەی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی ئیراق بوو ، بەهۆی دروست بوونی بارودۆخ و بوونی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارە جیاجیاکانیەوە لە هەرێمی کوردستان .

١٩٩٢/٧/٤ خاتوو دانیال میترانی هاوسەری سەرۆکی فەرەنسای پێشوو فرانسوا میتران ، سەردانی باشووری کوردستانی کردو ئامادەی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بوو لە شاری هەولێر ، ئەویش بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن لە پەرلەمانو حکوومەتی هەرێمی کوردستانو لەهەمان کات بە بۆنەی دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەویش بە ڕێژەی پەنجا بەپەنجا لە نێوان پارتیو یەکیەتی ، لە دوای راپەڕین .
کە ئەنجامەکەی بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی خۆکووژی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٢/٧/٥ لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ، لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، بۆ یەکەم جار حکوومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر ڕاگەندرا ، لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ، کە پارتیو یەکیەتیو پارتی کۆمۆنیستی کوردستانو

ئاشووریەکان بەشداریان تێدا کرد لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٢/٧/٢٥ یاریەکانی پێشبڕکێی جامی جیهانی- ئۆلەمپیات- ئەنجامدرا لەشاری بەرشلۆنەی سلڤادۆرو تاکوو ٨/٩/ی هەمان ساڵ یاریەجۆراو جۆرەکانی بەردەوام بوون لە نێوان یانە وەرزشییەکانی وولاتانی بەشدار بوو لە جیهاندا.

١٩٩٢/٨/١٣ رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان ، بۆ یەکەم جار لە مێژووی جەنگی بۆسنیەکان هەستا بە تاوانبارکردن و رەتکردنەوەی کاری نەژادی کە گروپە چەکدارە سربیەکان بەرامبەر بەدانیشتووانە موسلمانەکان ئەنجامیان دابوو لە ناوچەکەدا.

١٩٩٢/٨/١٤ دامەزراندنی وێستگەی رادیۆی هەرێمی پێشوو و نەورۆزی ئێستا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، بە سەر پەرشتی وەزاەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان .

١٩٩٢/٨/٢٥ لە ئەنجامی بیروبۆچوونی هاوبەش لە نێوان ئەمەریکاو فەرەنساو بەریتانیا ، لە سەرباری نا لە باری کورد لە باکوورو شیعە لە باشوور بە دەست درێژی رژێمی بەعس لە ئێراق ، بۆسەر ناوچەکان لەئاکام بڕیاریاندا بەدانانی هێڵی٣٢/٣٦ ، کە بووە هۆی دیاریکردنی ناوچەی دژە فڕینی فڕۆکە سەربازیەکانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق و بەناوچەیەکی ئاسایش بۆ هەرێمی کوردستان و باشووری ئێراق دانرا لە ئێراق و ناوچەکەدا .

١٩٩٢/٩/٧ کردنەوەی بەشی رادیۆی کوردی لە شاری سیدنی لە وولاتی ئۆستراليا کە لە هەفتەیەکدا دوو کاتژمێر پرۆگرامەکانی خۆی بەخش دەکرد .

١٩٩٢/٩/١٥ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی- پەرلەمان- کە ئۆرگانی پەرلەمانی باشووری کوردستان بوو وەك – وقائع کوردستان- ئەویش لە پێناو بڵاوکردنەوەی بریارو یاساکانی پەرلەمانی کوردستان .

١٩٩٢/٩/١٧ سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لکێنراو بە ئێران – دکتۆر سادق شەرەفکەندی – لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بەدەستی تیرۆریستانی ڕژێمی بە ناو ئیسلامی لە ئێران شەهید کرا.

۱۹۹۲/۹/۲۰ شەهیدكردنی تێكۆشەرو ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی كورد– موسا عەنتەر– لە شاری دیاربەكر لە باكووری كوردستانی داگیر كراوی ژێر دەسەڵاتی توركیا ، لەلایەن جەندرمەكانی میتی ڕژێمی تورك تیرۆر كرا لە هەرێمەكەدا .

۱۹۹۲/۱۰/٤ ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان لە باشووری كوردستانی لكێنراو بە ئێراق ، بڕیاری فیدراڵ ڕاگەیاند ، بە پەیوەندی دەسەڵاتی كورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراق .
كە ئەمەش باشترین چارەڕێگەیە لە بەیەكەوە ژیانی گەلی كوردو عەرەب لە چوار چێوەی سنووری ئێراقی بەزۆر دورستكراو بەمافی كورد ، كە ئەم داوایەش دێتە جێ لە داهاتووی گۆڕانكایە بەپەلەی بارودۆخی ناوچەو هەرێمو بارە نێوودەوڵەتییەكان لە جیهاندا .

۱۹۹۲/۱۰/۲۲ ڕێگە درا – بە مێدل ئیست وۆچ – بۆ لێكۆڵینەوەو گەلاڵە كردنی ٨٤٧/ سندوق كە لەو كەرەستەیەی حكوومەتی ئێراق ، كەوا لە كاتی ڕاپەرینەكەدا یەكیەتی نیشتیمانی كوردستان .
كە یەكێكە لەو دوو پارتە سەرەكیەی كوردستان دەستی بە سەر ئەو سندوقانەدا گرتبوو بە بێ ڕێكەوتنامەی نێوان PUK و لێژنەی پەیوەندیەكانی دەرەوەی سەناتی وویلایەتە یەكگرتووەكان , بەڵگەنامەكان بوون بە تۆماری لێژنەكە لە كۆنگرێسی ئەمەریكادا بەشیكردنەوەی بەڵگەنامەكان دەست پێكراو لە زۆرحالەتدا توانرا زانیاری نێوو بەڵگەنامەكان دەربارەی چەند گوندێكی دیاریكرا بە جووت كردنی شایەتەكان و پەلاماردانەكانی ڕژێمی بەعس لە ئێراق .

۱۹۹۲/۱۰/۲۷ كۆچی دوایی نووسەری گەورەی كوردی بەعەرەبی نووس عەبدولمەجید لوتفی لەتەمەنی ٨٧ساڵیدا ، لەشاری بەغدای پایتەختی ئێراق . نووسەر لەدوای خۆی نزیكەی ۱۹۰ كتێب و دەست نووسی لەپاش بەجێماوە ، هەندێك لەو دەست نووسانە بەزمانی كوردی و چونكە زمانەكانی كوردی و عەرەبی و توركی بەچاكی دەزانی ، بۆیە چەند كتێبێكی بەزمانی توركی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و تالە ژیان بووە ۱۹ كتێبی بەنرخی بەچاپ گەیاندووە .

شایانی باسە نووسەر لە ١٩٠٥/٦/٣٠ لەشاری خانەقین لە بنەماڵەی خەلوزی لەدایك بووە لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٢/١١/١٤ وەزیرەکانی دەرەوەی سووریاو ئێران و تورکیا ، لە شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا کۆبوونەوە ، سەبارەت بە کێشەی کورد ، کەسێ وولاتی دژ بەکوردو مافەکانی کوردن و لەبەر جێبەجێ نەکردنی کێشەی کورد ، کە لە هەموو بارو دۆخێك کۆك بوونە لە ناوچەکەدا .

١٩٩٢/١٢/٤ مانگرتنی پەناهەندە کوردەکانی کۆماری ئیسلامی پاکستان و لە ئەنجامدا هێزی پۆلیس هێرشی کردە سەریان و پەناهەندە کوردەکانی خستە بەندیخانەی – ئایدیالای– پاکستانی ، کە ئەوانیش پێنج ڕۆژ مانیان گرت تاکوو ئازاد کران.

١٩٩٣

١٩٩٣/١/١ لە دوای هەرەس هێنانی یەکیەتی سۆڤیەت و کادانەوەو کارلێکردنی لە سەر وولاتانی سۆشیالیستی، کۆماری تشیکسلۆڤاکیا لەدوای ململانێیەکی توندو تیژو گەیشتن بەڕاستیەکانی لێك ترازان و گەڕانەوەی باری ڕابردووی پێش ڕژێمی سۆشیالیستی و بوون بە دوو دەوڵەتی دراوسێی سەربەخۆی لێك جیاوازی نێودەوڵەتی.

١٩٩٣/١/١٨ بە هۆی باری باشی دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، بڕیاری دا بە دامەزراندنی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان ، لە پێناو هەلسووڕاندنی کاروباری دادگایی باشترو چەسپاندنی دادپەروەری لەهەرێم و چەسپاندنی یاسا لە خزمەتی گەل و نیشتماندا .

١٩٩٣/١/٢٠ نووێنەری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ، سەردانی باشووری کوردستانی کردو ئامادەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بوو لە پێناو هەڵسەنگاندنی باری کوردو چۆنیەتی دارشتنی یاسا جۆراوجۆرەکان لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٣/٢/٢٢ دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە ژمارە/٨٠٨ ، ئەویش بەدامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆدادگایی کردنی ئەو

کەسانەی مافی مرۆڤیان لە یۆگسلاڤیا پێشێل کردوە ، کە لە هەرێمەکانی یۆگسلاڤیا ئەنجام دراوە لە دوای ساڵی/ ١٩٩١ ، کە بارەگای لە شاری لاهای پایتەختی هۆڵەندیە.

١٩٩١/٣/٦ بۆیەکەم جار لە مێژوو باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی ئاشووریەکانی دانیشتووی هەرێم دامەزرا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان .

١٩٩٣/٣/١٦ وێستگەی دەنگی کورد لە وڵاتی سووید لە بیرەوەری کارەساتی هەلەبجە کرایەوە لە سەر پیلا F.M .

١٩٩٣/٣/١٧ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K لە ناوچەی بقاعی لوبنان رێککەوتن لەسەر دووبارە نەبوونەوەی شەڕی خۆکووژی لە نێوانیان لەباشووری کوردستانی ئازاد کراو و لە دوای راپەڕین لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٣/٣/٢٤ ڕژێمی بەعسی لە سووریا ، لە ڕێگەی سیخوورەکانی بەندیخانەی حەسەکەی سووتاند ، ئەویش بە پیلانێکی شۆڤینیانە ، کە بووە هۆی شەهید کردنی ٧٢ هاووڵاتی کورد ، کە بە هۆی تاوانی ڕامیاری کورد زیندانی کرابوون لە وڵاتەکەدا .

١٩٩٣/٣/٢٥ کروات و ئیسلامیەکان لەشاری نیورۆکی ئەمەریکا ، لەسەر هێلی – ڤانس/ئەوین– رێکەووتنی ئاشتیان مۆرکرد ، بەسەرپەرشتی ئەمەریکا ، ئەویش بەدابەشکردنی هەرێمی بۆسنە لەسەر بنەمای نژادی ، بەڵام لەلایەنی سربی کە هێزەکانی سووپا دەسەڵاتی بە سەر ٧٠٪ خاکی بۆسنە دادەشکا و بەرێژەی٢٠٪ لەخاکی ژێر دەسەڵاتیان لەناوچەکە کشانەوە لە وڵاتەکەدا .

١٩٩٣/٣/٢٦ کۆچی دوایی نووسەرو چیرۆکنووس و شاعیری ناسراو – یوسف حەیدەری – جێگەی ئاماژە پێکردنە کە مامۆستا یوسف حەیدەری فێرکەرێکی پەروەردەیی سەرکەوتوو چیرۆك نووسێکی دەست پێشخەربووە

لە ساڵی شەستەکان چەندین بابەتی چیرۆکی و ئەدەبی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکات بلاوکردۆتەوە وەك – مەنارو بەیان و نور پێشکەوتن – لە ساڵی ١٩٥٤ – کۆمەڵی کەرکوك – بە هاوکاری ئەد بیان و شاعیران –

قەحتان هرمزی و سامی مەحمود و ئەنوەر غەسانی و فازل عەزاوی و یوسف سەعید دامەزراند کە دانیشتنەکانی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە لە یەکێك لە ماڵی شاعیرەکانی شاری کەرکوك بووە .

هەروا چیرۆکەکانی وەرگێردراون بۆ زمانەکانی ئینگلیزی ز فەرەنسی و ئەلمانی و رۆمانی و ئەسپانی و رووسی – کۆچی دوایی ئەم نووسەرە زیانێکی گەورە بوو لە بواری ئەدەب و رۆمان لە ناوچەکەدا .

١٩٩٣/٤/٧ دامەزراندنی پارتی – D.E.G – لە باکووری کوردستانی داگیر کراو لە لایەن رژێمی تورکیا لە لایەن– یەشار کایە–ی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ئەوروپا.

١٩٩٣/٥/٣ لە دوای شەڕو پێکدادان و گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان حکوومەتی ئەسیووبیاو بەرهەلستکارە ئەریتیریەکان ، بەیارمەتی و هاوکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وولاتانی جیهان و عەرەبی، ئەسیووبیا دانی تەواوی بەکۆماری ئەریتیریا نا بەشێوەیەکی فەرمی وەك دوو دەوولەتی دراوسێی سەربەخۆ لەهەرێمەکەدا .

ئەم کارەش لە شاری – ئەسمەر– ە ی پایتەخت ئەنجام درا ، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٤٥٧,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٤,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١٢٣,٣٠٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٩٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی . زیاتر لە ١٠ هۆزو تیرەی تیا نیشتەجێە لە وولاتەکەدا .

١٩٩٣/٥/٨ یەکەم گۆنگرەی نیشتمانی ئافرەتان لە باکووری کوردستان گرێدرا ، کە ١٩٥ نووێنەری هەڵبژێردراو بەشداریان تێدا کردو ڕۆڵی گرنگی هەبوو بە کاردانەوەی لەسەرباری ئافرەتان و پەیوەندیەکان لە کوردستان و ناوچەکەدا .

١٩٩٣/٥/١٢ دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیری – لالش– بۆ کوردە ئێزیدیەکان لە پارێزگای دهۆك لەلایەن حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٩٣/٥/١٢ لە هەڵمەتی هێزەکانی سووپای ڕژێمی بەناو ئیسلامی لە ئێران نزیکەی

١٠٠ هەزار سەربازی بە ٥٠٠ تانك لەسەر سنووری باشووری كوردستان‌و ئێران مۆڵداو ناوچەكانی پێنجوین‌و قەلادزێی كۆنترۆڵ كرد ، ئەویش لەپێناو ئەنجامدانی مەرامە جیاجیاكانی دژی كوردو بنكەو بارەگاكانی پارتی دیموكراتی كوردستانی رۆژهەڵات لە هەرێمی باشووری كوردستان.

١٩٩٣/٥/٢٤ گەلی ئەریتیریا لە راپرسی گشتی رازیبوونی خۆی بەدەنگدان بۆ سەربەخۆیی ئەریتیریا راگەیاندو كۆماری ئەسیووبیاش دانی تەواوی بەئەریتیریا نا سەرەرای كێشەو ململانێی سنووری لە نێوانیان لە ناوچەو كێشووەرەكەدا .

١٩٩٣/٦/٨ گرێدانی كۆبوونەوە لە نێوان وەزیرەكانی دەرەوەی سووریاو توركیاو ئێران ، لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا ، بە هۆی مەترسی لە دوا رۆژی دەسەڵاتی وولاتەكانیان ، بە هۆی لكێندراوی كوردو خاكی كوردستان بەوولاتەكانیان بەزۆری زۆردارو بێ رەزامەندی گەلی كوردو بارودۆخی ئەو كات ، بەپێی پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣ /٧/٢٤ ی مۆركراو لە لایەن وولاتانی هاوپەیمان بە سەركردایەتی بەریتانیا .

١٩٩٣/٦/٢٤ كوردە پەنابەرەكانی باكووری كوردستان لەهەندەران هێرشیان كردە سەر بالوێزخانەو دامەزراوەكانی رژێمی توركیا لە ئەوروپا ، بە تایبەتی لەئەلمانیا ، كە لە ئەنجام ١٥ تورك دەستگیر كران بۆ تاوانبار كردنی رژێمی توركیا.

١٩٩٣/٦/٢٧ هێزەكانی سووپای ئەمەریكا ٢٣ مووشەكی تۆماهوكی هاوێشتە بارەگای موخابەراتی گشتی ئێراق لە شاری بەغدا ، ئەویش بەپەرچدانەوەی راستەوخۆ لە دوای هەوڵی تیرۆركردنی جۆرج بۆشی باوك لە شاری كووێتی پایتەختی وولاتی كووێت ، كە بووە هۆی كووشتنی شەش كەس لەكارەكدا .

١٩٩٣/٦/٣٠ دامەزراندنی پارتی كۆمۆنیستی كوردستان راگەیەندرا... شایانی باسە بەرلەو مێژووەو بەرلەراگەیاندنی پارتی كۆمۆنیستی كوردستان، كە لێژنەی هەرێمی پارتی كۆمۆنیستی ئێراق بوو، واتە ئەم لیژنەیە تایبەت بوو بە

هەرێمی باشووری کوردستان .

بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێراق و پەیوەندی لە نێوان هەرێمی باشووری کوردستان و دەسەڵاتی ناوەندی ئەوکاتی ئێراق.

١٩٩٣/٨/٥ تیرۆر کردنی مامۆستا مەلا عەبدولرەحمان قادر لە شاری هەولێر لەلایەن چەند کەسێکی دەروون لاوازو تاوانبار،... شایانی باسە کە مامۆستا سەرۆکی یەکیەتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بوو لەهەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٩٣/٩/١ کۆری دیالۆکی عەرەبی ئەوروپی لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن بەسترا... کە ئەمیر حەسەن کوری تەلال لەو کۆبوونەوە کە گوتی:-

ئەوروپا تەماشای باکووری ئەفریکیا دەکات لە ئیسلام و هەرسی گۆرینی دیموکراتی تیا دەکرێت و وولاتانی کەنەداو هەرس پێ هێنانی ئابووری دەکات و شام دوورگەیەکی ئیسرائیلیە.

١٩٩٣/٩/٢ بە هۆی لیککشانی دەریا لە ئەندۆنیسیا ، کە بووە هۆی ڕوودانی گومەلەرزەی زەوی لە هەرێمی تسۆنامی لە نیکاراگوا ، کە بەرزی شەپۆلەکانی گەیشتە ١٠ مەترو بووە هۆی گیان لەدەست دانی زیاتر لە ١٧٠ هاووڵاتی نیکاراگواو وێران کردنی بەدەیان خانوو وکێلگەی کشتووکاڵی و دەزگا میریەکان و دەر بەدەر بوونی بە دەیا خێزان لە ئەندۆنیسیا و ناوچەکەدا .

١٩٩٣/٩/١٣ مۆرکردنی رێکەووتننامەی ماف ئۆتۆنۆمی لە نێوان حکوومەتی ئیسرائیل و رێکخراوی رزگاری فەلەستین لە شاری واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا ، ئەویش لەپێناوچارەسەر کردنی کێشە هەڵواسراوەکان لە ناوچەکەدا .

١٩٩٣/٩/٢٨ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی ئاژانسەکانی جیهانی و رادیۆو تەلەفزیۆنەکان ئامادەی بوون ، ئەویش لە سەر پەیوەندی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K و رژێمی بەعسی لە سووریای داگیرکەر ، ئەوەی ڕاگەیاند کە پارێزگای ئەسکەندەرۆنە بەشێکی خاکی

سووریایەو تورکیا داگیری کردووە.
بەلام لە راستیدا پارێزگای ئەسکەندەرۆنە نەخاکی تورکیاو نەخاکی سووریایە ، بەڵکوو خاکی کوردستانەو داگیر کراوە بە زۆری زۆردار بەپێی پەیمانە جۆراو جۆرەکانی وولاتانی هاوپەیمان بەسەرکردایەتی بەریتانیا بەتایبەتی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە جیهاندا .

١٩٩٣/١٠/١ دوای تیرۆرکردنی دەیان نەیاری یەکتری ، هێزەکانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەولێر . کە لە ئەنجامدا زیاتر لە ٧٠ کەس لە هەردوو لادا کوژران ، دوای ئەوەش لە ١٢/١ی هەمان ساڵ لە هێرشێکی نێوان یەکیەتی و ئیسلامیدا دیسان دەیان کەس لە هەردوولادا کوژران .

دوای ئەوەش یەکیەتی نیشتیمانی لە ١٩٩٣/١٢/٢٨ هەژدە ئەندامی پارتی ئیسلامی بەدیل گرت ودوایی گوللە بارانیان کردن و ئیسلامەکانیش لە شاری هەولێر نۆ پێشمەرگەی یەکیەتی گرت و لووت و گوێیان برین ... ئەم کردەوانەش بووە هۆی دروست بوونی دڵگرانی جەماوەری کوردستان هەتا ئەندامانی ئەو پارتانە لە گۆرەپانەکەدا .

دوای ئەم هەموو کارەسات و کێشەو ململانێیە ، یەکەم شەڕ لە نێوان پارتی و یەکیەتی دوای راپەرین لە مانگی /١٩٩٤/٣ روویداو بووە هۆکاری دەست پێکردنی شەری خوێناوی سەختی نێوان پارتی و یەکیەتی لە ١٩٩٤/٥/١ ، بەردەوام بوونی لە خوولە جیاجیاکان تاکوو ١٩٩٨/٩/١٧ بە مۆرکردنی ناچارکراو بەناوی رێکەوتنامەی واشنتۆن لە ئەمەریکادا.

دوای ئەوەش باری نە شەرو نە ئاشتی دەستی پێکرد تاکوو ئێستاش تەنیا سێ خاڵی گرنگ ئەو پارتە کۆیان کردوونەتەوە ئەویش یەکەم :- سامان و پوول و پارە . دووەم :- کورسی و دەسەلات . سێیەم :- دابەشی

داهات .

ئەگینا پارتی و یەکیەتی ناگەنە ئەو رۆژەی هەموو کێشەکانی نێوان خۆیان بەلاوە بنێن و روو لەخزمەتی گەل ونیشتیمان بکەن بە بەرەو هەژار بوونی خۆیان و دەوڵەمەندکردنی گەلی کوردستان لە پێناو پاراستن و سەقامگیرکردنی ئاسایشی نەتەوەو نیشتیمان .

١٩٩٣/١٠/٦ تەرمی بارزانی نەمرو ئیدریس بارزانی لەشاری شنۆ لە رۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ئێران ، لە رێوو رەسمێکی مەزن و رێز لێنانێکی نەتەوایەتی لەلایەن گەلی کوردو سەرکردایەتی کورد هێنرایەوە خاکی دایک ، کە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراقە ، لەپێناو بەخاک سپاردنیان لەخاکی دایک لە دەڤەری بارزان لە هەرێمی باشووری کوردستاندا.

١٩٩٣/١٠/٨ لەدوای گەڕاندنەوەی تەرمی هەردوو سەرکردەی کورد بارزانی نەمرو ئیدریس بارزانی لە رێورەسمێکی بێ وێنە لەلایەن سەرکردایەتی کوردو گەلی کورد بەخاکی کوردستان سپێردران لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٣/ ١٠/١٥ سەرۆکی ئەمەریکای پێشوو- فریدریك دیکاریك- و سەرکردەی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکیا - نلسۆن ماندێلا- خەلاتی نۆبلی ئاشتیان پێ بەخشرا ، ئەویش بە هۆی رۆڵی گرنگیان لە پێناو نەهێشتنی بیری رەگەز پەرستی لە باشووری ئەفریکیاو جیهاندا .

١٩٩٣/١٠/١٨ دەرکردنی یاسای کارکردنی پارتە رامیاریو نەتەوەیی و کۆمەلایەتیو زانستی ، لە باشووری کوردستان بە ژمارە ١٩٩٣/١٧ لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ، لەپێناو خەباتی هاوبەشی پارتە کوردستانیەکانو بەرەو گەیشتن بەئامانجە بەرزەکانی گەلو نیشتمان لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٣/١٠/١٩ ئافرەتی ناوداری جیهانیو بنەماڵە دیموکراتی خوازەکەی خاتوو بنازیر بۆتۆی کچی سەرۆك کۆماری پاکستانی پێشوو زولفەقار عەلی بۆتۆ ، کە بە نژاد کوردنو بە زمانی خۆی لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا دانی بەو راستیە ناو بۆ یەکەم جار لە مێژووی پاکستان پۆستی سەرەك وەزیرانی پاکستان بگرتە دەست بەلێهاتوویی و شۆرشگێری بنەماڵەکەیان لە وولاتەکەدا .

١٩٩٣/١٠/٣١ کۆچی دوایی هونەرمەندو ئەکتەری ناوداری ئیتالیو جیهان- فیدریکۆ فیللینی- لەشاری رۆمای پایتەختی ئیتالیا.

١٩٩٣/١١/٢ بەرپرسی دۆسیەی ئێراق لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا خاتوو- کاترین ڕۆیاڵ- سەردانی هەرێمی باشووری کوردستانی کردو چاوی کەووت بە سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامەکانی پەرلەمان ، لەپێناو گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان هەردوولاو لێك تێگەیشتن لەباری کوردو دەسەڵات و پەیوەندی لەناوچەو هەرێمەکە و جیهاندا .

١٩٩٣/١١/٩ ئەندامانی پەرلەمانی کۆماری جۆرجیا - جاسمی وەزیرو ، جەلال جەمیل - سەردانی هەرێمی باشووری کوردستانیان کردو لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان گفتووگۆی لێك تێگەیشتنیان ئەنجامدا لەهەولێری پایتەخت لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٣/١١/١٨ بەبۆنەی تێپەربوونی ٢٠٠ ساڵ بە سەرکردنەوەی مۆزەخانەی - لۆڤەر - لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ... سەرەك میتران بەم بۆنە هۆڵێکی کردەووە بەناوی - ریشیللۆ - بە تەنیا ئەو هۆڵە بەقەد مۆزەخانەی دورسی فەرەنسیە ... کە نزیکەی ١٥٠٠ کارمەندو کرێکار لەو مۆزەخانەیەدا کاردەکەن و ساڵانەش زیاتر لە ٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەس سەردانی ئەو مۆزەخانەیە دەکەن .

جێگەی روونکردنەوەیە کە - مۆزەخانەی لۆڤەر - ناوێکەو لەجیهانی رۆشنبیری جیهاندا دەنگدانەوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە ... هەر پێشەنگایەکی تێدابکرێتەوە ... بایەخی تایبەتی بەخۆوە دەگرێت ...ئەمەش یەکگرتنەوەی شوێن و سەردەم . بە تایبەتی کە مۆزەخانەی - لۆڤەری - بە ناوبانگ لە وولاتێکی بەناو بانگ لە شارستانیەتی وەك شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا .

کە چەند هەفتەیەکە دەرگاکانی بۆ جەماوەرو گەشتیاران خستۆتە سەر پشت . ئەویش بەلەباوەش گرتنی پێشانگایەکی تاك لە جیهان ، کە یەکەمین جارە سەبارەت بە شاری بابل لە فەرەنسا دەگەرێتەوە کە زیاتر لە ٤٠٠ پارچە کەل و پەلی ئاسەواری زۆر بە نرخ و تاك لە مۆزەخانەی رۆژهەلاتی نزیکەوە لە شاری بەرلین ، هەروا لە مۆزەخانەی لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کە لە ناو مۆزەخانە پارێزراوون لە وولاتەکەدا

هەروا بابل بەدووری زیاتر لە ١٠٠ کیلۆمەتر لەباشووری شاری بەغدای پایتەختی ئێستای ئێراقەو پارێزگای - حلە - ی پێ دەگوترێ ... کە تەمەنی دەسەلاتەکانە لە بابل دا بۆ ٥٠٠٠ هەزار ساڵ بەر لەئێستا دەگەرێتەوە .

جالێرەدا ... لۆڤەر شوێنی نیشتەجێی فەرمی پاشا - چارلزی پێنجەم - بووە ، کە خەندەقێك و شوورەیەکن بەلای دەرەوەی قەلاکە دروستکرد ... هەروا کتێبخانە بە ناوبانگەکەی خۆیشی لە ناو یەکێك لە قووللەکانی ئەم قەلایە دروستکرد ... دوای ئەوە - فرانسوای یەکەم - چەند گۆرانکاریەکی گرنگی لەم قەلایەدا ئەنجامدا ... کاتێ لەساڵی ١٥٤٦ دا کاری سەرپەرشتیاری بەئەندازیاری بیناسازی - بێرلیسکۆت - سپارد . هەروا لەسەردەمی پاشا - هنری دووەم - و - چارلزی نۆیەم - و - هنری سێیەمدا - کاری نۆژەنکردنەوە دەستی پێکرد لەهەردوولای رۆژئاواو باشووری قەلاکە.

دوای چەند ساڵێك - کاترین دومید یسی , لە ساڵی ١٥٧٠ داوای لەئەندازیار - فلیپێرت دیلۆرم - کرد کە کۆشکێکی نوێ لەناوچەی - سابلۆنێر - ی بۆ دروست بکات کە ٥٠٠ مەتر لەکۆشکی لۆڤەری کۆن

دووربوو ... کەچی لەبەدبەختی کاترین دروستکردنی کۆشکەکە لەساڵی ١٥٧٢ راوەستا .

بەڵام کاترین داڵانێکی بەدرێژایی رووباری – سین – دروستکرد کە لۆڤەری کۆن و کۆشکی تۆیلری بەیەکەوە بەستاوە ... کاری ئەو پرۆژەیەش لەسەردەمی هنری چوارەم تەواوکراو هۆڵێکیشی بەناوی فلۆر بۆ زیادکرا ... بەڵام بەکۆچی دوایی لەساڵی ١٦١٠ دا کارەکە وەستا .

ئا بەم جۆرە ووردە کاریەکانی مێژووی ئەم مۆزەخانەیەی لۆڤەر، ئەوکاتە زیاتر بەرچاوو بەرجەستە بوو. کە فرانسوای یەکەم دوازدە تابلۆی هونەری ئیتالی کۆکردەوەو لەوێی دانان ... ئیتر ئەم مۆزەخانەیە لەتابلۆ بەرەو دەوڵەمەندی هەنگاوی دەنا کەلەسەردەمی – لویسی سیانزەهەم – ژمارەی تابلۆکان گەیشتە ٢٠٠ تابلۆ لە مۆزەخانەکەدا .

بەڵام ئەم مۆزەخانەیە زیاتر بۆ چێژ وەرگرتن و تایبەت بوو بۆ پاشا و میرو دەست و پێوەندەکان تا هەڵگیرسانی شۆرشی فەرەنسا لەساڵی ١٧٨٦ دا ... لەسەردەمی ناپلیۆن ئەو مۆزەخانەیە زۆر زیاتر دەوڵەمەندبوو ...بەڵام لەدوای ساڵی ١٨١٥ تابلۆکانی ناو مۆزەخانەکە بۆ وولاتەکانیان گەراندەووە .

بە تایبەتی لەدوای شەڕی واترلوودا ، مۆزەخانەی لۆڤەر تەنیا بۆ پاراستنی شتە کۆنینەکان و تابلۆکانی هونەری نین ، بەڵکوو بە دەیا چالاکی هونەری تیا ئەنجام دەدرێت .

دوای ئەوە ئەو مۆزەخانەیە لە ساڵی ١٨٤٨ خاوەنداریەتەکەی بۆ دەوڵەت گەرایەوەو بوودژەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرا لەلایەن حکومەتی فەرەنسا ، کە ئەمرۆ ئەم مۆزەخانەیە زیاتر لە ٣٠٠,٠٠٠ هەزار پارچە کاری هونەری و کەلوپەلی نایاب و دەگمەن بەخۆوە دەگرێت ... لە وولاتەکەو جیهاندا.

سەرچاوە:– گۆڤاری – دوبەی رۆشنبیری – ژمارە /٣٦ مایسی /٢٠٠٨ .

١٩٩٣/١١/٢٦ رژێمی بەعسی لە ئێراق ، راستەوخۆو بەبێ مەرج رەزامەندی لەسەر بڕیاری/ ٧١٥ ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان– ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەووڵەتی– کرد ، لە بارەی چاودێری کردنی چەکە هەمە جۆرەکانی

ئێراق ، بەتایبەتی چەکە کۆکوژییەکان لە وولاتەکەدا .

١٩٩٣/١١/٢٦ حکوومەتی ئەڵمانیای فیدرال بەشێووەیەکی فەرمی چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K ی قەدەخە کرد ، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەر بەو ڕێکخراوەیە ، کە ٣٥ ڕێکخراو بوون ، کە ئەمەش بووە هۆی توونـدی جمووجـوڵی پـارتی کرێکـاران لـە بـاکووری کوردسـتان لـە نێـوان پەناهەندەکان و دەسەڵاتی ئەڵمانیا.

١٩٩٣/١٢/١٢ لـە دوای هـەرەس هێـانی یەکیـەتی سـۆڤیەت و جیابوونـەوەی کۆمـارە جیاجیاکـانی کـە یەکیـەتی سۆڤیەتی لێ پێـك هـاتبوو ، دەسـتووری نـوێی ڕووسـیای یـەکگرتووی نـوێی ڕاگەیانـد ، کـە زۆربـەی دەسـەڵاتەکانی بـە سەرەك کۆماری ڕووسیا دەداو سەربەخۆی تەواوی لەپەلەمان هەیە بۆ بەکار هێنانی تەواوی دەسەڵاتی تاکڕەوی لە وولاتەکەدا.

١٩٩٣/١٢/١٥ مـۆرکردنی ڕێکەووتننامـەی بازرگـانی و ئـابووری لـە نێـوان وولاتـانی توانـاداری ئـابووری لـە ئـەورووپا بـەناوی – وتـۆ– لـە شـاری واشـنتۆنی پایتـەختی ئەمـەریکا ، ئـەویش لـە پێنـاو پاراسـتن و بەرزکردنـەوەی بەرژەوەندیەکانیان لە جیهاندا .

١٩٩٣/١٢/١٥ مۆرکردنی ڕێکەووتنی ئاشتی لەنێوان ئیرلەنداو بەریتانیا لەسەر نەخشەی فراوانکردن ، لەپێناو ئاشتی کە کێشەی ئیرلەندای باکوور کۆتایی پێ بێت لە وولاتەکەدا.

١٩٩٣/١٢/٢٧ هێرشـی پێـشمەرگەکانی یەکیـەتی نیـشتمانی کوردسـتان بۆسـەر بنکـەی سـەرەکی بزووتنـەوەی ئیـسلامی لـە کوردسـتان ، لـە گونـدی بێتوواتـەی دەشتی بیتوێنی سەر بە قەزای ڕانیە لە باشووری کوردستان ، کەبووە هۆی دەسـتگیر کردنـی ، شـێخ عوسمـان عەبدولعـەزیز ، ڕابـەری بزووتنەوەکـەو کـوژرانی بـەدەیا لـە چـەکدارو لایـەنگرانی بزووتنـەوەی ئیـسلامی لـە کوردستان لە دەڤەرەکەدا .

١٩٩٤

١٩٩٤/١/٢ کۆمەڵێك لە توونڕەوە شۆڤینیەکانی تورك ، لە وولاتی بەلژیکا هێرشیان کردە سەر ئاوارە کوردەکان ، بەشێووەیەکی نامرۆڤانە بە ئامۆژگاری ڕژێمی

تورکیا ، کە هەردوو لایەنی کوردو تورك دانیشتووانی پەنابەری بەلژیکا بوون لە وولاتەکەدا .

١٩٩٤/١/٢ ڕێکخراوی زایاتێستای ڕزگاریخوازی نیشتمانی دژ بەحکوومەتی مەکسیك ، شالاویان کردە سەر حکوومەت بەجێ بەجێکردنی داواکانیان لە وولاتەکەدا.

١٩٩٤/١/٥ کەسایەتی رامیاری ناوداری بەریتانی- ژڤری ئارگەر- بەنووێنەرایەتی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا - تۆنی بلێر - سەردانی باشووری کوردستانی کردو لەلایەن بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا لە شاری هەولێری پایتەخت لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٤/١/٨ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق- رەحیم عەجینە- لەچاوپێکەووتنێك لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گوتی:- گفتووگۆی نێوان پارتی کۆمۆنیستی ئێراقو پارتی بەعس لە ئێراق ، بەر لەکودتای ١٩٦٨ دەستی پێکردبوو . کە سەرەك کۆمار ئەحمەد حسن بەکرو سەرکردەی کۆمۆنیستی موکەرەم تاڵەبانی داوای هاوپەیمانیان لە نێوان کۆمۆنیستەکان و بەعسیەکان کرد لەپێناو وەرگرتنی دەسەلات.
بەلام کۆمۆنیستەکان ئەو پێشنیارەیان رەتکردەوە ، هەروا دوای ١٧/ ٧ و بەر لە ١٩٦٨/٧/٣٠ ئەحمەد حەسەن بەکرو عەبدوڵلا سەلوم سامرائی رەوان کران بۆ چاوپێکەووتن لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست ، ئەویش ماجد عەبدولرەزا بوو بە داوای گفووگۆیان کرد ، بەلام سەرکەوتوو نەبوو لە ئنجامی بیروو بۆچوونی جیاوازیان .

١٩٩٤/٢/٣ نووسراوی پارێزگای مووسڵ بە ژمارە/٩٨٢١ بۆسەرکردایەتی لقەکانی پارتی بەعسی لە پارێزگای مووسڵ و دهۆك و هەولێری ناردووە لە ژێرناوی - گەشەپێدانی تەوەری موسڵ- شیخان- بۆجیاکردنەوەی ١٨٢٩ پارچە زەوی نیشتەجێ بوون لەناوەندی قەزای شێخان لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆ عەرەبە هاوردەکان... ؟...!.

١٩٩٤/٢/٢٣ لەدوای ئەو کێشەو ململانێیە توندو تیژەی نێوان پێکهاتەی نەتەوەیی ، بەتایبەتی ئاینی لە ئەنجام ئیسلامەکانو کرواتەکان گەیشتنە رێکەووتنی

وەستانی شەڕی نژادیو ڕەگەزی لە نێوانیان کە زیانو زەرەرێکی زۆریان پێکەووت لە وولاتەکەدا .

١٩٩٤/٢/٢٧ کۆچی دوایی شاعیرو ڕۆمانووسی گەلی کورد مامۆستا –عەلی محەمەد حاجی مستەفا قوربانی – ناسراو بە – مەدهۆش – لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان لە تەمەنی ٧٥ساڵیدا .

شایانی باسە ئەم شاعیرە لە ساڵی ١٩١٩ لە شاری سلێمانی چاوی بەجیهان هەڵهێناوە.

خوێندنی بنچینەییەکانی لەشاری سلێمانی تەواوکردووە ... لە ساڵی ١٩٣٩ دەست بەشیعر نووسین و ڕۆمانووسی کردووەو لە ژیانی خۆی لە کارەکانی بەردەوام بووە کە خاوەنی هەشت بەرهەمی نایابی بەرچاو بووە کە بۆتە مایەی دڵخۆشکەری گەلی کوردستان .

١٩٩٤/٣/٢ لەدوای کێشەو گیروگرفتێکی زۆر لەنێوان ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی زاپاتێستاو حکوومەتی مەکسیك ، ڕێکەووتنی ئاشتیان مۆر کرد لەوولاتەکەیاندا.

١٩٩٤/٣/١٨ لەدوای کێشەو ململانێیەکی زۆر، لە ئەنجام گەڕانەوە بۆ سەرمێزی گفتووگۆ لە ئاکام کرواتیەکانو ئیسلامەکان یەکیەتی کرواتیان پێکهێنا بەڕژێمی یەکیەتی کۆنفدراڵی لەبۆستەدا.

١٩٩٤/٣/١٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی باکووری کوردستان دەسەڵاتی تورك دان بنێ بە جەژنی نەورۆز ، کە لە زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا ، ئاگری نەورۆزیان کردەوەو جەژنە پیرۆزەیان لە یەکتر دەکرد بەجلو بەرگی کوردیو گۆرانی کوردیو شاییو زەماوەندی ڕەسەنی کورد لە هەرێمی باکووری کوردستان لە ناوچەکەدا .

١٩٩٤/٣/٢٠ كردنەوەی بەشی كوردی لە tv كەنەدا بۆ ماوەی ٤٥ سات تاكوو ئێستاش بەردەوامە لەپەخشی پرۆگرامەكانی لەوڵاتەكەدا . كە ئەمەش كاریگەری هەیە لە سەر ناساندنی كورد لەو وڵاتە لە هەموو لایەنە جۆراو جۆرەكانی بوونی كورد لەم وڵاتەدا.

١٩٩٤/٣/٢٤ حكوومەتی ئەڵمانیا بەهۆی پاڵەپەستۆ خستنە سەری لەلایەن رژێمی توركیا ، بڕیاری دژ بەكوردە پەنا بەرەكانی دەركرد بەرامبەر بەو كەسانەی كە چالاكی پارتایەتی و نەتەوەیی ئەنجام دەدەن لە وڵاتەكەدا .

١٩٩٤/٤/٦ سەرۆكەكانی كۆماری رواندا و بۆرەندی - هابیاریو ، نتابامیرا- لە كارەساتی كەووتنە خووارەوەی فڕۆكە تایبەتیەكەیان ، گیانیان لەدەستدا ، كە كارێكی ئەنجامدەر بوو لەلایەن هێزەكانی تیرەی هۆتو كە رواندا مێژوویەكی پڕ لەكارەسات و گیروو گرفت و ململانێی هەبووە لە وڵاتەكە و ناوچەكەدا .

١٩٩٤/٤/٢٥ دامەزراندنی كۆمەڵەی پەیوەندی نێودەووڵەتی لەبارەی باری بۆسنە ، كەپێكهاتبوو لەئەمەریكاو رووسیا و ئەڵمانیا و بەریتانیاو فەرەنسا ، كە لەكۆتایی گفتوو گۆكانیاندا گەیشتن بە بڕیاردانی هێڵی ئاشتی ، ئەویش بە دابەشكردنی خاكی بۆسنە بەم شێوەیە كە- ٥١٪ لەخاكی یەكێتی كروات - ئیسلام ٤٩٪ . و ئەم رێكەووتنەش سەركەووتنی بەدەست هێنا ، كەبووە هۆی ئەوەی لە ١٢/٣١ی هەمان ساڵ بەراگەیاندنی وەستانی شەڕ بەپێی رێكەووتننامەكەو چارەسەركردنی كێشە هەڵوواسراوەكان لە وڵاتەكەو ناوچەكەدا .

١٩٩٤/٥/١ بە هۆی بەرژەوەندی تایبەتی دەسەڵات و سامان و بیروو بۆچوون سەرەتای دەست پێكردنی شەڕی یەكەمی خۆكووژی لە نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكیەتی نیشتمانی كوردستان دەستی پێكرد ، كە هۆكاری هەڵگیرسانی سەرچاوەكەی لە شارۆچكەی قەلادزێ بوو ، ئەویش لە سەر سامان . ئەمەش لەدوای راپەرینە مەزنەكەی بەهاری/ ١٩٩١ و بووە هۆی بەرەودابەشكردنی باشووری كوردستان بەدوو ئیدارەی دژ بەیەكترو لەتكردن لە هەرێمی باشووری كوردستاندا ...؟...!.

١٩٩٤/٥/٦ لەدوای هـەوڵو تەقەلایـەکی زۆر لـە نێـوان حکوومـەتی کۆمـاری مۆڵـداڤیاو کۆمـاری ڕۆمانیـا ، ئـەویش لـەپێناو یـەکگرتنی هـەردوو وولات ، بـەڵام گفتووگۆیەکیان هەرسیان پێهێنرا .

هۆکارەکـەش کـە گـەلانی مۆڵـداڤیا لـە ڕاپرسـی گـشتی ڕەزامەندیان لەسـەر یەککگرتنی هەردوو کۆمار نەکرد ، لەپێناو بوونیان بەیەك کۆماری یەککگرتوو لەناوچەکەو کێشووەرەکەدا .

١٩٩٤/٥/٧ نووسـراوی پارێزگـای موسـڵ- نەینـەوا- بـەژمارە/٢٨٦٨ بەپـشت بەسـتن بەنووسراوی لێژنەی باکوور بە ژمارە/٥٧٠ لە٢٧/٤/١٩٩٤ تەوەری موسڵ – شێخان لەهەرێمی باشووری کوردستان دەست نیشان دەکات ، کە- یەکێکە لـەو تـەوەرە گرنگانـەی داواکراوەو پرۆسـەی بەعـەرەبکردن دەیانگرێتـەوە ، لەبـەر ئـەوە دەبێ هـەموو کاتێـك بەچڕی عـەرەبی لێنیـشتەجێ بکرێـت لـە ناوچەکەدا .

١٩٩٤/٥/٨ ڕێکخـراوی – I.N.C– هەلـسا بـە ناوبـژیوانی کـردن لـەنێوان پـارتی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە هەرێمی باشوری کوردستان ، کە لێژنەیەکی پێك هێنا لە پێنـاو ئارام کردنـەوەی بارو دۆخی شـەڕو هـەرێمی کوردسـتان ، کـە کـۆنترۆل کردنـی تـەواوی کارەکـانی گرتـە دەست ، بەڵام شەڕی خۆکووژی دژ بەمافە بالاکانی کوردو کوردستان هـەر بەردەوام بوو لەدوای ڕاپەڕین لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٩٤/٥/١٧ هێزەکـانی ئاسمـانی سـەربازی ڕژێمـی تورکیـا ناوچـەکانی شارۆچـکەی قەلادزێی لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆردومان کرد ، بۆ لـەناو بردنـی بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان P. K.K کە لەو کاتە شـەڕی خۆکووژی لە نێوان پارتی و یەکیەتی بەردەوام بوو گەرچی دەبوایە...؟...!.

١٩٩٤/٥/١٧ ئەنجوومـەنی ئاسایـشی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بڕیـاری ژمـارە /٩١٨ ی دەرکرد ، ئەویش بەقەدەخە کردنی داهاتی چەك بۆ دەسەلاتدارانی ڕوانـدا ، هـەروا دادگـای نێودەووڵـەتی دامەزرانـد بـۆ دادگـایی کردنـی تاوانبارنی بە کۆمەڵ کووژی وجەنگ لەناوچەو هەرێم و جیهاندا .

١٩٩٤/٦/١١ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری رامان ، لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری

حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـە پارێزگـای هـەولێر لـە هاوینـە هـەواری سـەلاحەدین ... کـە یەکـەم ژمـارەی لەچاپخانەی شـەریعە لـە شـاری دهـۆك بەچاپگەیەندرا بەسەر نووسـەری ئـازاد هەبدولواحد لـە هـەرێمی باشـووری کوردستان .

١٩٩٤/٧/٨ کۆچـی دوایـی سـەرۆکی کۆریـای بـاکوورو سـکرتێری یەکـەمی لیژنـەی ناوەنـدی پـارتی کۆمۆنیسـتی کۆریا- کـیم ئیل سـۆنگ- کـە لـە خێزانێکـی هەژار لەدایك بووەو گەیشتە ئەو پلەو پایە بەرزە لە وولاتەکەیدا لە جیهانـدا .

١٩٩٤/٧/٢٢ بەیارمـەتی و هاوکـاری خـاتوو دانیـال مـیتران رێکـەووتن لـە نێـوان پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یەکیـەتی نیشتمانی کوردسـتان مـۆر کـرا بـەهۆی بـەردەوامی شـەڕی خۆکـووژی لـە باشـووری کوردسـتان لـە دوای ڕاپەڕینـە مەزنەکەی گەلی کورد لە سالّی/ ١٩٩١ لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٤/٧/٢٣ لـە دوای بـوونی گامبیا بـە وولاتێکـی کۆماری و وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرەك کۆمـار لـە لایـەن داودا چاواراو بـەردەوام بـوو لەپۆسـتی سـەرەك کۆمـار لـە رێگەی هەلبژاردن ... بەلام لە ڕێگەی کودەتای سـەربازی لـە دەسـەلات لابـرا ، کە ماوەی ٢٤ سالّ دەسەلاتدار بوو لە سەر وولاتەکەدا.

١٩٩٤/٨/١٨ کۆچی دوایی هونەرمەندی نیگارکێشی ریالیزمی سـەرەتایی - ئەسـکەندەر عوسمان - لە شاری هـەولێر لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ... شـایانی باسـە ئـەم هونەرمەنـدە لـە هـاوینی سـالّی ١٩٣٨ لـە گـەرەکی سـەعدوناوەی شـاری هـەولێر چـاوی بـە جیهـان هـەلّهێناوە ، هـەر لـە شـاری هـەولێر قۆناخەکانی خوێندنی لە سالّی ١٩٦١ تەواوکردووە .

دوای ئەوە بە پلـەی مامۆسـتا بـەردەوام بـووە لـە کـارە هونەریـەکانی تـاکوو کۆچـی دوایـی کـردووەو منداڵەکانیشی بـەردەوامن لـەم کـارە هونەریانـەدا ، وەك بـەردەوامی لـەکاروانی هونـەری نیگارکێشی و وێنەکێشی لـە هـەرێمی باشووری کوردستان .

لـە ١٩٩٤/٩/١٨ کردنـەوەی وێـستگەی مـۆلّتی کـۆلّتی ئـەلمانیا ، کـە بەشـی کوردی دەست پێکرد کە پرۆگرامەکانی لە بارەی ڕەوشـی ئـاوارە بوونـەو لـە

کارەکانی بەردەوامە .

١٩٩٤/٨/٢١ گرێدانی کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی ، ئێراق و ئێران و سووریا لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا ، بە پشتگیری کردن لە یەکپارچەیی خاکی ئێراق و ئاڵۆز کردنی باری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دەسەلاتەکەی ، بەهۆی شەڕی خۆکووژی و زیاتر دەست تێوەردان لە پێناو هەرەس پێهێنانی ئەو ئەزموونەی کە لە باشووری کوردستان هاتۆتە کایەوە بەلام کورد...؟...!.

١٩٩٤/٨/٢١ هێزەکانی سووپای ئێرلەندا وەستانی شەڕی یەک لایەنەی لەگەڵ دەسەلاتدارانی سووپای بەریتانیا ڕاگەیاند ، بەڵام بێ سوود بوو کە بووە هۆی زیاتر لە ئاژاوەو پێکدادان تاکوو مانگی/ ١٩٩٧/٧ کە دووبارە وەستانی شەڕ ڕاگەیەندراوەدەستکرا بە گفتووگۆی نێوان بەرپرسانی ئیرلەنداو حکوومەتی بەریتانیا .

١٩٩٤/٩/٢١ کۆمەڵەی نیشتمانی کەمبۆدیا دەستووری نوێی کۆماری ڕاگەیاند بە گەڕانەوەی سیهارنۆک ، بە بوونی بە شانشین لەسەر وولاتی کەمبۆدیا لەدوای خەبات و قوربانیەکی بێ وێنە لە پێناو ژیانی ئاسوودەیی و ئارامی وولاتەکەو بەرەو پێش بردنی لەهەموو بوارەکاندا.

١٩٩٤/١٠/١٠ کۆچی دوایی هونەرمەندو شۆڕشگێری بەناوبانگی کورد لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی تورکیا ، عوسمان سەبری ، ناسراو بە –عوسمان ئاپۆ– لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٤/١٠/١٥ بەپێی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، سەرەک کۆماری هایتی– ئەرستید– گەڕاوە هایتی و لەهەمان ڕۆژ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوو دەووڵەتی بڕیاری ژمارە/ ٩٤٨ی دەرکرد ، بە هەڵگرتنی ئەو سزایانەی کە خستبوویانە سەر هایتی بەهۆی کودەتای سەربازی لەمانگی/ ١٩٩١/٩ بەرامبەر بە ئەرستید سەرەک کۆماری هایتی لە وولاتەکەدا .

١٩٩٤/١٠/١٦ لەدوای لێک دابڕان و دژایەتی کردنی یەکتری ریکەووتننامەی ئاشتبوونەوە لە نێوان حکوومەتی ئیسرائیل و ڕژێمی شانشینی ئوردن مۆر کرا ، ئەویش بە کۆتایی هێنانی کێشەکانی نێوانیان و نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ،

بەسەرپەرشتی سەرۆکی ئەمەریکا بیل کلنتۆن و بەرو ئارمکردنەی باری ناوچەکە.

١٩٩٤/١٠/١٨ هونەرمەندی حەیران بێژی نەتەوەیی کوردو دەشتی هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان - ڕەسول بێزار گەردی - لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد لە دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیەکانی لە شارەکەدا .

١٩٩٤/١٠/٢٨ لەدوای ٤٦ ساڵ لەناکۆکی و کێشەو ململانێ لە نێوان ئیسرائیل و ئوردن لەسەر کێشەی فەلەستین بە فەرمی ڕێکەووتنی ئاشتبوونەوەیان مۆر کرد ، بەسەرپەرشتی سەرۆکی ئەمەریکا بیل کلنتۆن ڕاگەیاند لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن.

١٩٩٤/١١/٧ نووسراوی پارێزگای موسڵ بە ژمارە/ ٩٩٢٣ ئەوەی جێگای سەرنجە کە- تەها یاسین ڕەمەزان - لەبەر ئەوەی سەرۆکی لێژنەی باکوور بووە ، نووسراوێکی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی کۆماری ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی ڕژێمی بەعس لە ئێراق ، کردووە بەدابەشکردنی ١١٠٠ پارچە زەوی نیشتەجێبوون . بە سەر عەرەب لە ناوەندی قەزای شێخان لە هەرێمەکەدا .

دووبارە پارێزگای موسڵ نووسراوێکی بەژمارە/ ٨٠٣٩ لە ١٠/٤ی هەمان ساڵ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پارێزگا کردووە بۆ هەڵوویست وەرگرتن ، دەربارەی دابەشکردنی ٣٠٠ پارچە زەوی نیشتەجێکردن بۆ هۆزی عەزاوی و ٣٠٠ پارچە زەوی بۆهۆزی دیکەو ٣٠٠ پارچە زەویش بۆخێزانی شەهیدانی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، هەروا دابەشکردنی ١٢٠٠ پارچە زەوی بۆ هۆزەکانی حەدیدو تەی و خانەنشین و سەربازەکان و عەزاویەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٩٤/١١/٨ ئەو هەشت پەرلەمانتارە کوردەی کە لەلایەن ڕژێمی تورکیا دەست بەسەر کرابوون ، بەهۆی بیری نەتەوەیی و نیشتمانیان لەپێناو کوردو کوردستان ، دوان لەو هەشت پەرلەمانتارە ئازاد کران و شەشەکەی دیکەیان بۆ ماوەی پانزە ساڵ زیندانی کران ، یەك لەوانە خاتوو لەیلا زانای کچە کوردی شۆڕشگێڕو قارەمان لە کوردستان و جیهان .

١٩٩٤/١١/٢١ ڕێکەووتننامەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکیەتی نیشتمانی کوردستان ، لە شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا مۆرکرا بە هۆی ناکۆکی

نێوانیان ، ئەمەش لە ئەنجامی دامەزراندنی حکوومەتی پەنجا بە پەنجا ، لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد لە بەهاری /١٩٩١ ، بەڵام لە وڵاتێکی داگیرکەری کوردو کوردستانو وێرانکەر لە هەموو بوارە جیاجیاکانو جینۆساید بێت....!..؟.

١٩٩٤/١١/٢٤ گرێدانی کۆنفرانسی کوردناسی لەلایەن نووێنەرانی کوردو نووێنەرانی ڕووسیا لە شاری مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیای یەکگرتوو ئەنجامدرا .

١٩٩٤/١١/٢٨ لەڕاپرسی میللی گەلی نەرویژ دەنگدەران نارەزاییان دەربڕی لە پێناو بوون بە ئەندام لە یەکیەتی ئەورووپا.

١٩٩٤/١٢/٢ ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بڕیاریدا بە دابڕینی شارۆچکەی مەخمور لە پارێزگای هەولێرو بەستنەوەی بە پارێزگای مووسڵ ، ئەویش بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەی مەخمور بەسامانی نەوت ، لەهەمان کات لە پێناو بەعەرەبکردنی تەواوی ناوچەکانی قەراجو کەندێناوەو شەمامك کە دانیشتووانی مەخمور لە ٩٩٪ کوردن لە هەرێمی باشووری کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

١٩٩٤/١٢/٢٣ مانگرتنی ٥٧ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەناو بارەگای پەرلەمان دژی شەڕی خۆکووژی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ، کەزیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ بەردەوام بوون لە مانگرتنەکە ، بەڵام بێ سوود بوو کە لەلایەن جەماوەری گەلی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، هەڵبژێردرابوون بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان .

بەڵام ڕێکەووتننامە لە تورکیا مۆر دەکرێ بەسەرپەرشتی داگیر کەرو دووژمنی سەرەکیو بنەڕەتی کوردو خاکی کوردستان لە ماوەی ٥٠٠ ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا ، کە زیاتر لە ٢١٢,٠٠٠ هەزار کیلۆمەترچوار گۆشەی لە خاکی کوردستانو زیاتر لە ٢٠ملیۆن کورد کە بە تورکی چیایەکانی لە قەلەم داوە...؟!..!.

١٩٩٥

١٩٩٥/١/١ بەڕازی بوونی گەلانی سووید بۆ بوون بە ئەندام لە یەکیەتی ئەورووپا

لەڕێگـەی ڕاپرسـی ، ڕژێمـی شانـشینی سـووید بـووە ئەنـدام لەیەکیـەتی ئەورووپا لە کێشووەرەکەدا .

١٩٩٥/١/١٨ دۆزینـەوەی زنجیرەیـەك لـە ئەشـکەووت لـە گونـدێکی باشـووری فەرەنـسا لەلایـەن شووێنەوارناسـانی فەرەنـسا ، کـە ئـەو وێنانـەی تیـای کێشراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠ هەزار ساڵ بەرلەمێژوو لەووڵاتەکەدا.

١٩٩٥/٢/٢ خـەمخۆرو بـەهانا وەهـاتنی کـوردو مافـە رەواکـانی – خـاتوو مـیتران– هاوسـەری سـەرۆکی پێـشووی فەرەنـسا ، کـە سـەرۆکی ڕێکخـراوی سەربەستیە ، لە گەڵ کلاوس کینگل وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا ، داوایان لە هەردوو پارتی کوردی شەڕکەر ، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کرد . کە شەڕی خۆکووژی ڕاگرن و کاردانەوەی لە بارو دۆخی داهاتووی کورد دەکات ، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوو بە هۆی بەرژەوەندی تایبەتیان لە سەر هەرێمەکەدا .

١٩٩٥/٢/١٤ جێگری سەرەك کۆماری ڕژێمی بەعسی لە ئێراق – تەها یاسین رەمەزان – بە نووسراوێکی بە ژمارە/٢٥٠/٢٠ کە فەرمان دەدات بە ، کە – پێویستە– بۆ گوواستنەوەو تەواوکردنی تۆمارگەکانی باری شارستانی و پسوولەی خۆراك ، بۆ ئـەو شـووێنە کشتووکاڵیانەی کە گرێبەستیان بۆ کـراوە ، دواکـاتیش دیـاری کـراوە بـۆ گوواسـتنەوەی بۆشـووێنی ئـەولادیۆ کۆمەڵگایانەی کە بڕیاری لە سەر دراوە لێی بژێن.

١٩٩٥/٢/٢٦ لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان P. K.K شالاویان بردە سەر شەش بنکەی گەشت وگوزاری تورکیا لەشاری بەلین و بۆنی پایتەختی ئەلمانیا ، بە هۆی شۆڤینیەتی ڕژێمی تورکیا ، کە بەرامبەر بە کورد ئەنجامی دەدا لە بەتورککردنی کوردو خاکی کوردستان.

١٩٩٥/٢/٢٧ ئەنجامدانی ڕووداوە دلتەزێنەکەی شارۆچکەی زاخۆ لە پارێزگاری دهۆك لەهەرێمی باشووری کوردستان ، لە لایەن تیرۆریست و دووژمنانی گەل و نیشتمان ، کە بووە هۆی شەهید بوونی ٩٥ هاووڵاتی و زامدار بوونی ١٨٥ هاووڵاتی دیکە لە شارەکەدا .

١٩٩٥/٣/٢٠ ڕژێمی شۆڤینی تورکیا لە هێرشێکی بەرفراوانیدا ٣٥ هەزار سەربازی بەهەموو جۆرە چەکێکی سەردەمی خستە ناو خاکی هەرێمی باشووری

کوردستان ، بە درێژایی ١٢٠ کیلۆمەترو بە پانی ٤٠ کیلۆمەتر .
ئەویش بۆ لێدان و بۆردومان کردنی بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان P. K.K لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٥/٣/٢٨ خوولی دووەمی شەڕی خۆکووژی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان . دەستی پێکردەوە لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری / ١٩٩١ی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراقی داگیر کەری بەزۆر دورستکراو لە سەر خاکی هەرێمی باشووری کوردستان لە ناوچەکەدا .

١٩٩٥/٣/٢٨ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پەرلەمان ، نامەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی پەرلەمانی ئەورووپا و خاتوو دانیال میتران و سکرتێری UN و ڕێکخراوی UN لە کوردستان و گەلێ ڕێکخراوی دیکە لە ناوەوەو لە دەرەوەی کوردستان کرد ، بەهۆی شەڕی خۆکووژی و لەپێناو هێور کردنەوەی بارو دۆخ لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٥/٤/٢ جەندرمەکانی ڕژێمی تورک حەوت جووتیاری کاسبکاری باشووری کوردستانیان سەربڕی لە نزیك سەرسەنگ ، کە بە کاری کرێکاری خەریك بوون لە پێناو دابین کردنی بژێووی ژیانیان لە ناوچەکەدا .

١٩٩٥/٤/٣ حکوومەتی ئەلمانیا نارەزایی توندی خۆی دەربڕی و ئاراستەی ڕژێمی تورکیای کرد ، بەرامبەر بەو هێرشەی کە کردیە سەر کورد ، هەروا کۆمەڵەی هاوکاریش نامەیەکی بەزمانی تورکی و کوردی لەسەر هێرشە سەربازیەکەی تورك بڵاوکردەوە بەرەو جیهان .

١٩٩٥/٤/١٢ ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی خاکی کوردستان لە شاری لاهای پایتەختی هۆلەندا.

١٩٩٥/٤/١٣ حکوومەتی ئەمەریکا نارەزایی خۆی بەرامبەر بەحکوومەتی هۆڵەندا ڕاگەیاند بە ماوەدان بە ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی پەرلەمانی کوردستان لەناو خاکی وولاتەکەی و ئەنجامدانی کارەکانی خۆی وەك مینبەرێکی کوردی لە ئەورووپا.

١٩٩٥/٤/١٦ بەبۆنەی جەژنی مەسیحیەکان - پاپا یۆحنا پۆلسی دووەم - نارەزایی خۆی ئاراستەی جیهان و وولاتانی داگیرکەری کوردستان کردو نارەزایی

دەربڕی بەرامبەر بەو کارانەی کە بەرامبەر بەکوردو خاکی کوردستان دەکرێت لەهەرێمەکەدا.

١٩٩٥/٤/١٩ سەرکردەی عەرەبی و دۆستی کورد سەرەک کۆماری لیبیا – موعەمەر قەزافی – لە ڕاگەیاندنێکی تەلەفزیۆنیدا گووتی:– من دووژمنی ئەو کردەوانەم کە ئێراق و تورکیا و ئێران بەرامبەر بەگەلی کورد دەیکەن، و بۆ ڕۆژی دوایی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی فەرمی حکوومی و ئەهلی کۆماری لیبیا بلاو کرایەوە بە مانشێتی بەرچاو لە ڕاگەیاندنکانی کۆماری لیبیا لە وولاتەکەدا .

١٩٩٥/٤/٢٣ بەستنی کۆڕێك لەلایەن وولاتانی عەرەبی بە ناوی – تیرۆرو عەرەب– کە٧٠ بەرپرس و شارەزاو ڕۆشنبیری عەرەب بە نووێنەری وولاتەکانیان بەشداریان تێداکرد ، ئەویش کە ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەو کۆڕە بەڕێنماییەکانی قورئان و کتابە ئاسمانیەکان بێت ، کە دەبێتە نووێنەری بنەماکانی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی و پشتگیری تەواوی یاساو ڕێنماییەکان و بڕیارەکانی ڕێکخراوی نێوودەوولەتی دەکەن...؟.

شایانی باسە کە گومان لەوەدا نیە کەدەسەلاتە عەرەبیەکان دامەزرێنەرو پاڵپشت و یارمەتی دانی تیرۆرستن لەناوچەو هەرێم و جیهان.

١٩٩٤/٤/٢٥ بلاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گولان لەشاری هەولێر لەلایەن دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٩٥/٥/١ لێدوانەکەی سەرەك کۆماری تورکیا – سلیمان دیمریك – لەکاتی هێرشە ئاسنینەکەی ١٩٩٥ ، کە داوای کرد:–

پێویستە سنووری نێوان ئێراق و تورکیا هەموار بکرێت بە هۆی باری ئاسایشەووە ، ئەوەشی گووتی :–

کە شاری یاخوود پارێزگای مووسڵ تاکوو ئێستاش سەر بە تورکیایە و هی تورکیایە .
ئەم بیرکردنەوەیەش لە مێشکی ژەنەراڵەکانی سووپای تورکیاو دەسەڵاتی عەلمانی تورکیا دەرناچێت ، بەگەڕاندنەوەی ویلایەتی مووسڵ بۆ سەر تورکیای دوای رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، کەخاکی هەرێمی باشووری کوردستانەو لکێندراوە بە ئێراق .

١٩٩٥/٥/٢١ هێزەکانی سووپای پارێزەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیان بەسەر کۆماری هایتی داگرت و سەرۆك کۆماری هایتی دوورخراو – ئەرستید– یان گەڕاندەوە سەر دەسەڵاتی پێشووی کە لەرێگەی کودەتا دوور خرابووەوە بۆ دەرەوەی وولاتەکەیدا.

١٩٩٥/٥/٣٠ فرۆکەوانێکی ئێرانی بەخۆیوو بەفرۆکەکەی لەشاری سلێمانی نیشتەوەو داوای مافی پەنابەری لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کرد لەشاری سلێمانی لەباشووری کوردستان.

١٩٩٥/٦/٨ رژێمی تورکیا فەرمانی بە دەستەی بالای فەتواکان دا ، بەدەرکردنی فەتوایەك لە دژی وەرگێرانی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی ، هەروا لێکۆلینەوەی لەسەر بکەن , بە هۆی قەدەخە بوونی زمانی کوردی لەباکووری کوردستانی داگیر کراو لە لایەن تورکیا .

١٩٩٥/٦/٢٧ بەهۆی کێشەی ناوخۆی بنەمالەی قەتەر – شێخ حەمەدی دووەمی وەلی عەهدی – قەتەر باوکی خۆی لەسەر کورسی لاداو خۆی کردە ئەمیری قەتەر وەك کودەتایەکی بنەماڵەیی ناوخۆیی بوو لە وولاتەکە ئەنجامدرا.

١٩٩٥/٧/٥ سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی فنلەندا – ئۆلە ئەنتیلە– نامەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان کرد ، کە تیایدا ناڕەزایی خۆی دەربڕی بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە

باشووری كوردستانی لكێنراو بە ئێراقدا.

١٩٩٥/٧/١١ بەهۆی كێشەی ئایینی و مەزهەبی ، سربە بۆسنیەكان هەلسان بە كوشتنی ٧٠٠٠ هەزار هاوولاتی لە ژن و مندالی ئیسلامەكان لە شاروچكەی سربرینسا ، كە ئەو كات لەژێر چاودێری هێزی نەتەوە یەككگرتووەكان بوو لە ناوچەكەدا.

١٩٩٥/٧/١٣ كۆچی دوایی نووسەرو رووناكبیرو ناوداری عەرەبی و كوردی عەلی وەردی... شایانی باسە ئەم كەسایەتیە كەلێنێكی گەورەی لە بواری كۆمەڵناسی دروست كردو رۆڵی گرنگی هەبووە لەبەرهەمی هەمە لایەنە لەنووسینەكانیدا.

١٩٩٥/٨/٩ ئەنجامدانی كۆبوونەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكیەتی نیشتمانی كوردستان ، لە شاری دبلنی پایتەختی ئێرلەندە بەسەرپەرشتی وولاتانی هاوپەیمانی دۆستی كورد .

لە پێناو چارەسەركردنی كێشەی شەڕی خۆ كووژی نێوانیان ، بەلام ئەو كۆبوونەوەیە چارەی كێشەكەی لە نێوانیان هەردوو پارت نەكرد بە هۆی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە هەرێمەكەدا ، نەك دوا ڕۆژی كوردو خاكی كوردستان...؟...!.

١٩٩٥/٨/١٠ پێدانی مافی پەنابەری ڕامیاری بۆ – حوسێن كامل– و وولاش زاواكەی – سەدام كامل – كە هەردووكیان زاوای سەرۆكی رژێمی بەعس لە ئێراق سەدام بوون ، لەگەڵ خێزانەكانیان – ڕەغدو ڕەنا– لە لایەن شانشینی ئوردن – شا حوسێن – كە هاوپەیمانی هەمەلایەنەی سەدام بوو لە ئازاردانی گەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی كورد لە هەرێمی باشووری كوردستانی لكێندراو بە ئێراق.

١٩٩٥/٨/١١ مۆركردنی رێكەووتننامەی – دۆرگیدای– نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكیەتی نیشتمانی كوردستان ، بەهۆی شەڕی خۆ كووژی لە نێوانیاندا لە دوای ڕاپەڕین .

بەلام هەوڵەكان بێ سوود بوو بە هۆی لە دەست نەدانی دەسەلات و پارەو سامانی زەوی و گوێ ڕایەڵ نەكردنی داواكانی گەلی كوردو لە تكردنی خاكی هەرێمی باشووری كوردستان.

١٩٩٥/٨/٢٢ لە دوای هەڵاتنی وەزیری بەرگری‌و زاوای سەدام حوسێن ، حوسێن کامل و سەدام کاملی برای‌و خێزانەکانیان ، کە کچی سەدام بوون بۆ ئوردون ، کە بووە هۆی ئەوەی کە سەدام هەڵسێ بەگۆڕینی بەرپرسانی هەموو دام‌و دەزگا سەربازی‌و ئەمنی .

بە تایبەت ئەوانەی کە گومانیان لێدەکرا لە دوای ئەو ڕووداوە... شایانی باسە حوسێن کامل لەلایەن شانشینی ئوردون ماوەی نیشتەجێ بوونیان لە ئوردون پێدرا لە وڵاتەکەدا .

١٩٩٥/٨/٢٥ لە ناکاو چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە – هاتنە ناو شەڕی ناوخۆی هەرێمی باشووری کوردستان لە دژی پارتی ... ئیدی تا ئێستا هەر ناکۆکن لە کاتێکا بە پێی رای – پدك – , – پەکەکە – فەرمانی تێکدانی ئەو ئەزموونەی کوردستانە ، رای پەکەکەش وایە کە پدك لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە ناو خاکی تورکیا شان بەشانی هێزەکانی سووپای ڕژێمی تورك شەڕی گەریلا دەکات لە کوردستان .

لە ١٩٩٥/١٠/٢٠ وێستگەی دەنگی میدیا ... ئەم وێستگەیە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە – بوو کە ئێستا پێی دەڵێن کۆنگرەی گەل کەوتە کار بە ڕێگای مانگی دەستکرد و بەرنامەو نۆچەی دەگاتە زۆربەی وڵاتانی جیهان و تورکیا .

ئەم وێستگەیە بە زمانی عەرەبی و تورکی و کوردی و فارسی و زازایی و سریانی و ئینگلیزی بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکات .

١٩٩٥/٨/٣٠ هێزەکانی سووپای پەیمانی ئەتلەسی– ناتۆ– دەستی کرد بە بۆردوومان کردنی ناوچەی سربەکان ، کە بووە هۆی دووبارە دەست پێکردنەوەی گفتووگۆی ئاشتی لە نێوان شەڕکەران لەهەرێمەکەدا .

١٩٩٥/٩/٤ گرێدانی کۆنگرەی چوارەمی جیهانی ئافرەتان ، لە شاری پەکینی پایتەختی چینی میللی ، کە چەند ئافرەتێکی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق ، بەشداریان تێدا کرد بۆ پێناساندنی ئافرەتی کوردو کێشەی کورد بە وڵاتانی جیهان.

١٩٩٥/٩/١١ مەکووکی گەردوونی دەستکرد– E S A – بەهاوکاری مەکووکی ناسای

ئەمـــەریكی بـــەرەو گـــەردوون بـــەرز بوونـــەوە لـــە بنكـــەی – كالیفۆرنیـــا – ی ئاسمانی لە وویلایەتی فلۆریدای ئەمەریكا.

١٩٩٥/٩/١٥ گەمارۆی هەمەلایەنە لەسەر هەرێمی سەرایفۆ لادراو هەولی بەرەو پێشبردنی بارو دۆخەكە درا ، لـە هـەمان كـات ئیسلامەكان و كرواتـەكان توانیـان لـە هێرشێكدا ناوچەكانی خۆیـان لـە ژێـر دەسـەلاتی سربەكان ڕزگـار بكەنـەوە لەناوچەكەدا.

١٩٩٥/٩/٢٨ لـەدوای هـەوڵ و تەقەلایـەكی چـڕو لـە ئـەنجام ڕێكخـراوی ڕزگـاریخوازی فەلەسـتین و دەسـەلاتی ئیسرائیل ڕێكـەووتنی ئاشـتیان لـە شـاری ئۆسـلۆ مۆركرد بەسەرپەرشتی حكوومەتی ئەمەریكا.

١٩٩٥/١٠/١٢ لە دوای سێ ساڵ لە دانووسانی دادگایی ئەستەمبۆڵ بڕیاری دامەزراندنی دەزگایەكی كوردی بۆ لێكۆلینـەوەی كاروباری ڕۆشنبیری كوردی دەركردو كە – شەرەفەدین ئیلتكی – كرا بە سەرۆك لە لیژنەكەدا .

١٩٩٥/١٠/١٥ یەكەم ڕاپرسی لە بارەی پشتگیری سەرەك كۆماری ڕژێمی بەعسی لـە ئێـراق سـەدام حوسـێن ، ئـەنجام درا ، كـە ٩٦,٩٩٪ . لایـەنگیری سـەدام بـوون لەدەنگدەران ، پیاو هەبوو بڵێ لا...؟.

١٩٩٥/١٠/١٦ ڕاگەیاندنی هەلبژاردنی سەرۆكی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق سـەدام حوسێن ، كـە ئـەو هەلبژاردنـە یـەك كاندیـدی هـەبوو ، ئـەویش هـەر سـەدام خـۆی بـوو وبەس. ئەمەیە دیموكراتیەتی بەعس..!.

١٩٩٥/١٠/٣١ ڕژێمـی بەعـسی لـە سـووریا لـە ڕاگەیانـدنێكی ڕوونـی كـردەوە كـە ژمـارەی بێگانەكان ، واتـە كـورد لـە سـووریا ٦٧,٦٦٥ هـەزار كەسـن لـە وولاتـەكەدا . بەلام زیاتر لە ١٧,٠٠٠ هەزار كیلۆ مەتر چوار گۆشەی لـە خـاكی ڕۆژئـاوای كوردستانی پێووە لكێندراوە لە گەڵ زیاتر لە ٢,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن مرۆڤی كورد بە دەوولەتەكەیدا .

١٩٩٥/١١/١ لـە پێناوكۆتـایی هێنـان بەكێـشەو ململانێـی شـەڕی نێـوان پێكهاتـەكانی بۆسنەو هێرسك و كروات ، ئەویش بەدەست پێكردنی گفتووگۆ لەبنكەی – رایت پاترسۆنی – ئاسمانی لە نزیك شـاری دایتـۆن لەوویلایـەتی ئۆهـایۆ لـە ئەمـەریكا ، لـە ژێـر چاودێری سـەرۆكی بۆسـنی عـەلی عـزەت و ، سـەرۆكی

سربی سلۆبۆدان میلۆسۆفیچ و ، سەرۆکی کرواتی فرانیو تودمان ، بە پاڵەپەستۆی ئەمەریکا ، کە لە ئەنجام بووە هۆی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی ، کە لە – ١٧ – خاڵ پێکهاتبوو ، لەسەر بۆسنەو هیرسك ، کە لەیەك بەڵگەننامەو – ١١ – پاشکۆو – ١٠٢ – نەخشە پێك هاتبوو لەهەرێمەکەدا.

١٩٩٥/١١/٢

تیرۆرکردنی ئەندامی بیرۆکەی رامیاری پارتی کاری سەربەخۆ – محەمەد حەلاق – و ١١ یانزە کەسی دیکە لە هاوڕێکانیدا لە سەر ڕێگەی نێوان بازگەی ، یاخوود سێریانی تۆبزاوە کۆیە ، لە لایەن چەکدارانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، هەروا یەکێك لەو خوێندکارانەی کۆلیژی یاسا بووە ، کە بە هۆی نەبوونی پارە و کرێی ئوتومبێل لە گەڵ ئەوان وویستوویەتی بگەڕێتەوە شاری هەولێر .

هەروا لەو کاتەی کە محەمەد حەلاق تیرۆر کرا ، دکتۆر نوری تاڵەبانی ، کە ئەوکات سەرۆکی کۆمیتەی ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بوو ، بە نامەیەك داوای لە سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جەلال تاڵەبانی کرد ، کە بە پەلە لێکۆڵینەوە لە سەر تیرۆرکردنی محەمەد حەلاق و هاوڕێکانی بکات . کەچی لە گەڵ ئەو کارەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتە کوردستانیەکانی دیکە بە بەیاننامەو راگەیاندن دژی ئەو کارە وەستان ، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەنجامی دابوو .

بەلاّم بێ سوود بوو ، ئەویش بە هۆی شەڕی کورد بە کووشتن دان لە نێوان هەردوو پارتی بە هێزی ، پارتی و یەکێتی لە هەرێمەکەدا ، ئەویش لە سەر سامان و دەسەلاّت و پارە ، نەك لە پێناو کورد خاکی کوردستان .

جێگەی باسکردنە کە پارتی کاری سەربەخۆ لقێکی جیاکەرەوە بوون لە پارتی کۆمۆنیستی کوردستان ، لە دوای کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ، لە شاری هەولێر لە باشوورەی کوردستاندا .

١٩٩٥/١١/٤ سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل ئیسحاق رابین لە میانەی ئامرنگێس لە یەکێك لە گۆرەپانەکانی شاری تەلئەبیب لەلایەن نیگال عامری دژ بەرێکەوتنامەی ئۆسلۆ سێ گوللەی لەسەری رابین داو کوشتی .

١٩٩٥/١١/٥ وێستگەی ئاوات لە شاری مالمۆ – لە سووید بەشی کوردی دەستی پێکرد لەلایەن کۆمەڵی کلتووری کوردی کرایەوە ... کە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پرۆگرامەکانی پەخش دەکرد و لە ١٩٩٨/٨/٣١ ناوی وێستگەی ئاوات گۆرا بۆ ناوی وێستگەی هەیڤی لە وڵاتەکەدا .

١٩٩٥/١١/٦ سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل- ئیسحاق رابین – لەلایەن لاوێکی جوولەکەی توندرەو تیرۆر کرا ، کەچی نەیانکووشتەوەو بە تیرۆریش نەژماردرا لەوولاتەکەیاندا.

١٩٩٥/١١/٢١ مۆرکردنی رێکەوتننامەی ئاشتبوونەوەی قۆناخی یەکەمی نێوان شەرکەرەکانی کروات و بۆسنەو هرسك ، لەدوای تەواو بوونی گفتووگۆی چری نێوانیان لەشاری داتۆنی وویلایەتی ئۆهایۆ لە ئەمەریکادا .

١٩٩٥/١٢/١٤ مۆرکردنی رێکەووتننامەی ئاشتبوونەوەی کۆتایی لە نێوان سرب و کروات و بۆسنەو هرسك ، لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا بە گوواستنەوەی ٦٠,٠٠٠ هەزار سەربازی پەیمانی ئەتلەسی- ناتۆ- بۆ سەرپەرشتی و جێبەجێ کردنی رێکەووتنەکە لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٦

١٩٩٦/٢/١٩ لەم رۆژەدا وەزیری بەرگری پێشووی رژێمی بەعس لە ئێراق ، حوسێن کامل و براکەی سەدام کامل و هەردوو خێزانەکانیان ، کە ، رەغدەو رەنا ، کچی سەدام حسین بوون ، گەرانەوە ناو خاکی ئێراق ، لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردن ، لەدوای بەڵێن دانی سەدام بەگەرانەوەیان بە لێبووردن لێیان .

هەروا لە رۆژی ١٩٩٦/٢/٢٠ عودەی سەدام چووە لای هەردوو خوشکەکانی رەغدەو رەناو دوای لێکردن ، کە لەسەر یاداشتی لێك جیاواز بوونەوەیان لەگەڵ حسین کامل و سەدام کامل مۆربکەن .
بەڵام لەوکاتەدا رەغدە وویستی بەرگری لە هاوسەرەکەی حسین کامل بکات ، بەڵام دوای ئەوە ئەو گرێبەستەی جیابوونەوەیان مۆر کردوو گووتی:- هەرچی لێیان دەکەن من پەیوەندیم پێوەی نییەو سەدامیش ئاگای لەوکارە نەبووە ، کە عودەی و بنەماڵەکەی پێی هەڵسان لە شاری بەغدا .

١٩٩٦/٢/٢٣ لە دوای سێ ڕۆژ لە گەڕانەوەیان بۆ ئێراق ، لە ئوردن حوسێن کامل و سەدام کاملی برای لە ڕووبەڕووبوو نەوەیەکی توندی نێوان ، حوسێن کامل و چەکدارانی ڕەوانەکراو بۆسەر حوسێن کامل، لەئەنجام هەر هەموویان کووژران ، دوای لێکجیاکردنەوەی خێزانەکانیان رەغدەو رەنا ، کە کچی سەدام بوون..

١٩٩٦/٢/٢٣ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی سەربازی لە نێوان ڕژێمی تورك و دەووڵەتی ئیسرائیل ، لەپێناو گۆڕینەوەی زانیاری سیخووری سەربازی ، لەپێناو گەمارۆدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە سەر خاکی کوردستان ، بەتایبەتی لە سەر جموو جۆڵی پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K بەیارمەتی ئیسرائیل بۆ ڕژێمی تورکیا لە باکووری کوردستان .

١٩٩٦/٢/٢٨ کۆچی دوایی کەسایەتی ڕووسیاو شاعیری ناوداری جیهانی – برۆدسکی- خاوەنی خەڵاتی نۆبلی لە ئەدەب وەرگرتوو ، لەلایەن دەسەڵاتی ڕووسیا ئازار دەدرێت و ڕووسیا بەجێ دێڵێ ، دوای ئەوە لە ئەمەریکا جێنشین دەبێت و لەدوای مردنی تەرمەکەی لەگۆڕستانی – سان- مایکل لەشاری بندقیە نێژراوە.

١٩٩٦/٣/١٣ گرێدانی کۆنگرەی لە ناوبردنی تیرۆر لەشاری شەرمشێخی میسری بە ناوی – کۆنگرەی درووست کردنی ئاشتی- لەپێناو کەپکردنەوەی تووڕەیی ڕژێمی ئیسرائیل ، کە ئەمەریکا پشتگیری لێدەکات .
کە ٢٩ لەسەرکردەو نووێنەری وولاتانی جیهانی بەشداریان تێدا کرد ، بە

سـەرکردایەتی هاوبەشـی سـەرۆکایەتی سـەرۆکی میسرو ئەمـەریکا . کـە سووریاو لوبنان ئامادەی خۆیان لەبەشداری کردنی کۆنگرەکە ڕەتکردەوە لە ناوچەکەدا .

١٩٩٦/٣/٢٢ سـەرەك وەزیرانـی تورکیـا مەسـعوود یـەلماز لـە لێـدوانێکی ڕۆژنامـەوانی ڕایگەیاند ، کە کێشەی کورد لـەتورکیا بـەزۆری زۆردار چارەسـەر ناکرێـت ، بەلکوو دەبێ بەڕەفتارو کردەوەی مرۆڤانە بێت لە وولاتەکەدا .

١٩٩٦/٣/٢٩ لە شاری واشنتۆنی پایتـەختی ئەمـەریکا خۆپیشاندانێکی گـەوورە لەلایـەن کـوردو ئەرمـەن و یۆنانیـەکان ئەنجامـدرا ، دژی سـەردانەکەی سـەرەك وەزیرانی تورکیا – سلێمان دیمرێل – بۆ ئەمەریکا .

ئـەویش بـەهۆی کـارە نامرۆڤاتیـەکانی دەسـەلاتی عوسمـانی و ڕژێمـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی تورکیـا ، بەرامبـەر بـەکوردو ئەرمـەن لـەباکووری کوردسـتانی داگیر کراوی ژێـر دەسـەلاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی کۆن و ڕژێمی تورکیای نوێ لە هەرێمەکەو ناوچەکەدا .

١٩٩٦/٣/٣١ دوای ئـەوەی هێزەکـانی سـووپای تالیبـان گەیـشتنە نزیـك شـاری کـابوولی پایتـــەختی ئەفگانـــستان کۆبوونەوەیـــەکیان ئەنجامـــدا ، کـــە ١٥٠٠ لەلایەنگرانی بزووتنەوەی تالیبان بەشداریان تێداکردو لـەو کۆبوونەوەیـە – محەمــەد عومــەر – تالیبــان – بــە کــۆی دەنــگ هەلبــژێردرا بــە ئـەمیری بزووتنەوەی تالیبان و بەرەسمی کرا بە ئەمیری موئمنین لە وولاتەکەدا.

١٩٩٦/٤/٥ ڕژێمـی تورکیـا هێرشـێکی بـەرفراوانی سـەربازی بـە ٥٠٠٠ هـەزار سـەرباز کردە سەر هێزەکانی پارتی زانی پارتی گرێکارانی کوردسـتان P .K .K لە ناوچەکانی پارێزگای دیاربەکر بەپشتیووانی هێزەکانی فڕۆکەی جەنگی لە باکووری کوردستان.

١٩٩٦/٤/٨ دامەزراندنی – وەقفی چاندو لێکۆلینەوەی کوردی– لە تورکیا کە بەیەکەم ڕێکخـراو دادەنرێـت لەسـەردەمی دوای کەمالیـەکان لـە تورکیـا، کـە بـە شێووەی یاسایی هاتبێتە دامەزراندن وناوی کـوردی تێدابێت ... لەهـەمان ڕۆژ هێزەکـانی سـووپای تورکیـا هێرشیان کردە سـەر پێگـەکانی P .K .K

لەپارێزگای دیاربەكرو دەوروبەری لە باكووری كوردستان.

١٩٩٦/٤/١٠ لەكۆنگرەی شەشەمی لێكۆلینەوەرانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست لەعەمانی پایتەختی ئوردن ، دكتۆر مەحمود عوسمان ، وتارێكی لەبارەی باری بارو دۆخی داهاتووی كوردستان بەتایبەتی باشووری كوردستان خووێندەوە بۆ كۆنگرەوانان .

١٩٩٦/٤/١١ ڕژێمی شانشینی ئوردن ڕێگەی دا بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق و پارتە كوردستانیەكانی باشووری كوردستانی لكێنراو بە ئێراق و ماوەدان بە كردنەوەی بارەگا لە پێناو بەرەو باشبردنی پەیوەندیەكان لە ناوچەو جیهاندا .

١٩٩٦/٤/١١ ڕژێمی شۆڤینی تورك لە ڕاگەیاندنێكی فەرمیدا ڕوونی كردەوە ، كە تاكوو چەكدارێكی پارتی كارێكارانی كوردستان P .K .K لەسەر خاكی توركیا مابێت ، هێرشەكانی سەربازی بەردەوام دەبێت بۆ سەر كوردەكان لە هەرێمەكەدا .

١٩٩٦/٤/١٧ هێزەكانی سووپای ئەمەریكا كۆماری هایتیان جێ هێشت ، كە تاكوو ئێستاش هایتی لە بارو دۆخێكی نالەبار پەرە دەسێنێ بەهۆی كێشەی دەسەلاتداران و پارتە جیاجیاكان لە ولاتەكەدا .

١٩٩٦/٥/٢٤ هەلبژاردنی بەناو ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ئێراق ، كە سەركردایەتی ڕژێمی بەعس لە ئێراق دایمەزراندبوو ، تەواوی كورسیەكانی داگیر كردبوو . بێ ئەوەی هیچ بەرهەلستكارو كەسێك بتوانێ بلێ لەل و تەواوی ملكەچی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق بوون ، بەتایبەتی سەدامی دكتاتۆر لە سەرئێراقدا .

١٩٩٦/٥/٣١ ڕێكخراوی مافی مرۆڤ لە ئەمەریكا خەلاتی ڕێزلێنانی پێشكەش بە نووسەری ناسراوی كورد لە باكووری كوردستان- یەشار كەمال- كرد ، ئەویش بە بۆنەی بلاو كردنەوەی كتێبە بەپێزەكەی - بە ناوی سەربەستی بیروڕا- لەنێوان دەسەلات وكۆمەلگا دا.

١٩٩٦/٦/١ بەستنی یەكەم كۆنگرەی ڕێكخراوی- وەقفی چاندو لێكۆلینەوەی كورد- لە شاری ئەستەمبۆلی توركیا ، بەهەلبژاردنی دەستەی نوێی ڕێكخراوەكەو

دەست بەکار بوونی لە پێناو خزمەت کردن لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .

١٩٩٦/٦/١٦ پەلاماردانی سەرەك عەشیرەتی سوورچی – حوسێن ئاغای سوورچی – لە گوندی – کەلەکین – ی ، سەر بەناحیەی هەریری سەر بەقەزای شەقلاوەی پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان .

جێگەی باسکردنە کە حوسێن ئاغای سوورچی و بنەماڵەکەی رۆڵی گرنگیان هەبوو لە هەڵسوراندنی کارو باری ناوخۆی ئێراق ، بە تایبەتی ویلایەتی مووسڵ . کە عومەر ئاغای برای سکرتێری کۆمەڵەی گەلان بووەو ئاگاداری هەموو رووداو بریارو رێنمایەك بووە لەو کات و دوای لکاندنی باشووری کوردستان بەئێراقیشەوە .

لێرەدا پەیوەندی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی مەسعوود بارزانی و عەشیرەتی سوورچی بەسەرکردایەتی حوسێن ئاغای سوورچی ، بەرەو ئاڵۆزی هەنگاوی دەنا ، بە تایبەتی لەوکاتەی کە شەڕی خۆکوژی و کورد کوژی لە نێوان پارتی و یەکیەتی وایکرد کە برا لەگەڵ براو باوك لەگەڵ کوور و ئامۆزا لەگەڵ ئامۆزا و خزم لەگەڵ خزم و برادەر لەگەڵ برادەر ، جگە لە عەشیرەتەکانیش بکەنە دوژمنی یەکتری و دروشمی – فەرق تسوود – یان بە کارهێنا لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی کەسایەتی و بنەماڵە و کوورسی و پارەو پارتەکەو دەسەڵات .

کە ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانە کە لە ١٩٩٦/٦/١٠ حوسێن ئاغای سوورچی سەردانی سکرتێری یەکیەتی نیشتیمانی جەلال تاڵەبانی دەکات لە شاری هەولێر ، لە بەر ئەوەی ئەو کات هەولێرو سلێمانی و بەشێك لە کەرکوك لە دەست یەکیەتیدا بوو لە هەرێمەکەدا .

لە دوای گەرانەوەی لەلای جەلال تاڵەبانی و لە رێگا رێگەیان لێ گرت . بەڵام دوای ئەوە چوونە گوندی سپیلك و داوای لێبوردنیان لێکرد ... بەڵام دوای ئەوە بەنەخشەیەکی دارێژراو توانیان لە ٦/١٦ حوسێن ئاغا لە گوندی کەلەکین بکوژن لەگەڵ چەندین خزم و کەسوکار لە عەشیرەتەکە .

١٩٩٦/٦/٣٠ دەست لەکار کێشانەوەی سەرەك کۆماری بۆسنەو هرسك ، بەهۆی تاوانبار

کردنی بەکووشتنی بەکۆمەل ، لە ئاکامی شەڕی نەژادیو مەزهەب ئاینی ناوخۆیی لە ووڵاتەکەدا .

١٩٩٦/٧/٦ لە شاری بۆنی پایتەختی ئەلمانیا ، کۆنفرانسێکی نێودەووڵەتی ئەنجامدرا ، لە ژێر ناوی – ئاشتی بۆ کوردستان– کە ڕێکخراوەکانی – میدیکۆ ئینترناسیۆنالو ئەنستوتی کوردی– لە پاریسو بانکی هانۆفەر بەشداریان تێدا کرد ، لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی باکووری کوردستان لەهەندەران ، لەپێناو بەرو باش بردنی باری کورد لە کوردستانو چارەی کێشە هەڵوواسراوەکان..

١٩٩٦/٧/١٩ پێشبڕکێی یارییەکانی جامی جیهان – ئۆلەمپیات – لەشاری ئەسینای پایتەختی یۆنان ، ئەنجام دراو بەردوام بوو تاکوو ٨/٤/ ی هەمان ساڵ . لە نێوان هەموو یانە وەرزشیەکانی ووڵاتانی بەشدار بوو لە جیهاندا .

١٩٩٦/٧/٢٥ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی نوێی هاوکاری درووستکراوی سەربازیو جەنگی لە نێوان ڕژێمی تورکیاو ئیسرائیل لە ناوچەکەدا .

١٩٩٦/٧/٢٩ هێزەکانی سووپای داگیرکەری ڕژێمی بەناو ئیسلامی لە ئێران بە ٢٠٠٠ سەربازو ٢٠٠ ماشێنو فڕۆکە هێرشیان کردە سەر بازگەی سەلام لە نزیك شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ، ئەویش بۆ لێدانی بنکەو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لکێنراو بە ئێران لە هەرێمەکەدا ، بەلأم بۆ ڕۆژی دوایی هێزەکانیان کشاندەوە لە نزیك شاری سلێمانیو کۆیە ، لە دوای جێبەجێکردنی مەرامەکانیان .

کە ئەمەش هۆکارێك بوو لە هۆکارەکانی کێشەو ململانێی نێوان پارتیو یەکیەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٩٦/٨/١٧ خوولی سێیەمی شەڕی ناوخۆی شەڕی خۆکووژی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەدەووروبەری پارێزگای هەولێر دەستی پێکردەوە ، کە بووە هۆی کارەسات لێکەوتنەوە لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە کوردستان بەتایبەتی لە بواری نەتەوەییو نیشتماندا .

١٩٩٦/٨/٢٦ مۆرکردنی پەیمانی نێوان ڕژێمەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەپێناو هاوکاری

سیخووڕی ، بەتایبەتی لە ڕێگەی مانگی ئاسمانی دەستکرد بۆ وەرگرتنی زانیــاری لەســەر بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد بەگــشتی و پــارتی کرێکارانی کوردستان P .K.K لەباشوورو باکووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق و تورکیا لە ناوچەکەدا .

١٩٩٦/٨/٣١ بە هۆی کێشەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و پشتگیری کردنیان لە لایەن ڕژێمەکانی ئێران و تورکیا و بە پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی لە دەسەڵات و سامان بۆ هەر یەکیان لە لایەن ئەوی دیکە ، کە ئەنجامی بووە هۆی ئەوەی کە خوولێکی دیکەی شــەڕی نــاوخۆی نێوانیــان هەڵگیرســێتەوە ، کــە لــە ئاکــامی ئــەو شــەڕە دژووارەداو بووە هۆی ئەوەی کە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، دابــەش بکرێــت لــە نێــوان دوودەســەڵاتی ڕۆژئــاواو ڕۆژهــەڵات لــە هــەرێمی باشووری کوردستان و دروستکردنی ئەو دوو ئیدارە کوردیە لە هــەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٩٦/٩/١٢ لەئەنجامی هەوڵەکانی – رینس شاتلیر– کە وویستی مووشەکێك دورست بکــات ، بــۆ ئــەوەی لــە ئاهــەنگێك بــەکاری بێنــێ ، بــەڵام لــەکاتی کــارکردنی لەسەرمووشەکەکەو ، لە ئاکام لەناکاو تەقیەوە بەهۆی هەڵەی هونەری لە ئەنجام هەردوو دەستەکانی لەدەست دا.

١٩٩٦/٩/١٤ هەلبــژاردنی دەســتەی ســەرۆکایەتی دەســەڵاتداری لــە بۆســنەو هرسك لــە هــەرێمی بــەلکان ئەنجامــدرا ، بەدەســت نیــشانکردنی ســێ ســەرکردە لــە پێکهاتەکانی گەلانی وڵاتەکە ، بۆ دەستەی سەرۆکایەتی کردنی وڵات و دەســت نیــشانکردنی ئەنــدامانی پەرلــەمان و ئەنجوومــەنی وەزیــران لــە ناوچەکەدا .

١٩٩٦/٩/١٨ بــە هــۆی ئــاڵۆزی و نالــەباری بــارودۆخی هــەرێمی باشــووری کوردســتان و کوردســتان بەگــشتی ، لــە شــاری پاریــسی پایتــەختی فەرەنــسا ســێیەم کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لەلایەن جواد مەلا کرایەوە ، کە سەرۆکی کۆمەڵــەی مــافی مرۆڤــی لەفەرەنــسا– پــیترس پێــرس–وتــاری خووێنــدەوە ، ئەویش بەپێکهێنانی کۆمیتەی یەکگرتنی هەر چوار کۆنگرەی کوردستان لەدەرەوەی وڵات– کۆنگرەی نیشتمانی کورد ، کۆنگرەی گەلی کوردستان

، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ، کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە ئەمەریکا .

١٩٩٦/٩/٢١ سەرکردایەتی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، داوایەکی هاوکاری ئاراستەی تورکیا کرد ، کە هاوکاری تەواوی بکات لە پێناو هێمن کردنەوەی بارودۆخ لە هەرێمی باشووری کوردستان و گەمارۆدانی پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K لەپێناو گەمارۆدان و لەناوبردنی لەهەرێمەکەدا .

١٩٩٦/٩/٢٧ جوولانەوەی تالیبان و ئوسامە بن لادن ، شاری کابوولی پایتەختی ئەفگانستانیان داگیر کردو- نجیب الله- ی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی ئەفگانستانیان لەناو برد بە پشتیووانی ئەمەریکا ، کە دوا سەرۆکی دەسەلاتداری کۆمۆنیستەکان بوو لەووڵاتەکەدا ، ئەویش بەپشتیووانی لیکردنی لە لایەن هێزەکانی سووپای سووری یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو لەو کات لە ووڵاتەکەدا .

١٩٩٦/١٠/٦ سەرەك كۆماری لیبیا - سەرهەنگ موعەمەر قەزافی- لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشیدا لەگەڵ سەرەك وەزیرانی تورکیا- نەجمەدین ئەربەکان- لەتەرابلسی پایتەختی لیبیا ، لەئەنجام دا ووتی:-
کورد پێویستە خاوەن دەوولەتی سەربەخۆی خۆی بێت... شایانی باسە لەبەر ئەو وتەیە ڕژێمی تورکیا لە دوای گەڕانەوەی سەرەك وەزیران بالوێزی خۆی کێشایەوە لە لیبیا.

١٩٩٦/١٠/١٣ لە ئاکامی شەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، لە هەرێمی باشووری کوردستان و بە پەلاماردانی یەکتری جا بە هەر نرخێك بێت لە بە لە ناوبردنی یەکیان بەرامبەر ئەویدیکەیان لە گۆڕەپانی کوردستان ، و لە ناوبردنی ماف و داهاتووی کورد لە هەموو بوارەکاندا ، بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا ، لە کوردستان بە گشتی و لە باشووری کوردستان بە تایبەتدا .
ئەوە بوو لە شەوی ١٣--١٤ /١٠ ، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، لە دوای بە دیل گتنی ٤٦ چل و شەش پێشمەرگەی پارتی بە بەر چاوی دانیشتووانی قەزای ڕانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی گولله باران کران ، ... بە داخەوە ئەو کارە دەبووایە بەرامبە بە داگیر کەرانی گەلی کوردستان بکرابایە نەك ...بەڵام ...؟ ...!.

هەربەم بۆنەوە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە /٣١ لە ١٩٩٧/١١/٦ دا دەر چووە ، ئەویش بە بڕیاری دەستگیر کردنی ، کۆسرەت رەسـول عـەلی و مـستەفا سـەید قـادر ، کـە ئەنـدمانی بیرۆکـەی رامیـاری سـەرکردایەتی یـەکێتی نیـشتیمانین ، ئـەویش بـە پێـی مـادەی ١/٤٠٦ لـە یاسای سزادانی ئێراقی کە سزای لە سێدارە دانە .

هەروا لە گەڵ چەندین برگەو خاڵی دیکەدا .

ئەمەیـە گەیانـدنی گـەلی کوردسـتان بـە مافـە رەواکـانی و گـیشتن بـە ڕێـزی وولاتــانی دیکــەی جیهــان . ئەمەیــە پاداشــت کردنــەوەی کــورو کــچی ئەنفلکراوی کورد و تۆڵە سەندنەوەیان ...؟...!.

١٩٩٦/١٠/٢١ سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـەڕێز مەسـعوود بـارزانی بـەرەو شاری سلۆپی تورکیا بەڕێکەووت ، بۆ ئـەوەی لەگـەڵ نووێنـەری ئەمـەریکاو تورکیا کۆببێتەوە ، لـەبارەی بارودۆخی شـەڕی خۆکووژی لەگـەڵ یەکیـەتی نیشتمانی کوردستان و هێور کردنەوەی بارودۆخەکە لـە هـەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٩٦/١٠/٣٠ لـەدوای گرتنەبەری رامیاریـەتی چاکسازیو هەڵگەڕانـەوەی ئەورامیاریەتە بەپێـچەوانەو بـەرەو وێرانکـاری لەلایـەن دەسـەڵاتی سـۆڤیەت ، بەتایبـەتی لەلایەن میخائیل گورباتشۆف ، ئەکادیمی ڕووسـی بـەناوبانگ- نیـتشایف- سەرۆکی مەڵبەندی تووێژینەوەی ئەتۆمی بەدەسـتی خـۆی خـۆی کووشـت ، جێگـەی باسـکردنە کـە ئـەم کـارەش لـە دژی بـەلاوەنانی زیـاتر لـە٢٠ ملیـۆن زانـای هەمـەجۆر لـە بوارەکـانی ئـابووری و رامیـاری و سـەربازی و ئـەتۆمی و کۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیری ، کـە تـەنیا ناویـان لەسـەر پـەر مایـەوەو بـەرەو هەژاری هەنگاو دەنێن لەوولاتەکەدا.

١٩٩٦/١٠/٣١ بـە هـۆی کێـشەی نێـوان هـەردوو پـارتی دەسـەڵاتداری کـورد لـە باشـووری کوردسـتان - یەکیـەتی نیـشتیمانی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردستان - بەردەوام بوونی ئەو کێشەیە تا گەیشتە قۆناخی شـەڕی کـورد کووژی ، لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی تایبـەتی ، کـە ئـەویش خـۆی لەسـێ تـەوەر دەگـرت :- دابەشـکردنی دەسـەڵات - دابەشـکردنی سـامان - دابەشـکردنی

پارەو لە شێوەی پارە وەك داهات و گومرگەكان .

كە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە ئەمەریكا و بەریتانیا و توركیا كاری ناوبـژیووانی ئەنجام بدەن و لە ئەنجام ڕێكەوتنی نێوان ئەم دوو پارتە مۆركرا و بووە هۆی ئەوەی كەجێ پێگەی ڕژێمی توركیا لە كوردستان بە هێزبێت بە پێكهێنانی هێزێكی هاوبەش لە نێوان توركیاو ئاشووریەكان و هەندێ بێ لایەنی كورد بەچاودێریكردنی شەڕ وەستان كە ڕێكەوتنەكەش دوو برگەی سەرەكی لەخۆ دەگرت ئەویش :-

١ - ناوزەنـدكردنی پارتی كرێكارانی كوردستان - پەكەكە - بەرێكخراوەیەكی تیرۆرستی.

٢-- چۆلكردنی خێوەتگاكان لە كوردستان - واتە لە هەرێمی باشووری كوردستان ... بە هۆی ئەو ڕێكەوتنەش ، توركیا توانی هێزی سەربازی خۆی لە هەرێمی باشووری كوردستان بەهێز بكات و چەندین بارەگاو بنكەی لە شاخەكان بكاتەوە لە ناوچە جیاجیاكان لە پارێزگاكانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی ... كە ئەمەش كاردانەوەی باشی نەكردە سەر داهاتووی بزووتنەوەی ڕزگاری كورد لە هەرێمی باشووری كوردستان .

١٩٩٦/١١/١ بۆیەكەم جار كەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە پەخشی خۆی بەزمانی عەرەبی لە شاری دەوحەی پایتەختی قەتەر بلاْوكردەوە بەرەو ناوچەو جیهان ... ئەم كەناڵە لە ڕۆژی بلاْوكردنەوەی پەخشی خۆی بە جیهاندا ، ڕۆڵی سەرەكی گرنگی هەبوو لە شكاندنی ڕاگەیاندن لە وولاْتانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهان .

لە هەموو پرۆگرامە جیاجیاكانی ڕامیاری و ئابووری و كۆمەلاْیەتی و تووێژینەوەو ڕۆشەنبیری و دەرخستنی ڕاستیەكان بە بەرگری كردن لە عەرەب و ئاینی ئیسلام و نیشتیمانی عەرەب و پاڵپشتی لێكردن سەرەڕای دەرخستنی چەندین لایەنی دیكەی دژ بە عەرەب و نەتەوەكانی دیكە و وولاْتانی جیهان ، لە هەموو بوارە جیاجیاكان و بۆتە جێگەی ڕەخنەو سەرنج ڕاكێشان لەلایەن دۆست و دووژمنانەكانی لە وولاْتە جیاجیاكانی

جیهاندا .

١٩٩٦/١١/١٦ بۆ یارمەتی دانی گەلی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان/ ١١ملیۆن دۆلاری کۆمەکی مرۆڤایەتی پێشکەش بەهەردوو دەسەلاتی پارتی و یەکیەتی کرد لەباشووری کوردستان ، بەهۆی باری ناهەمواری ئابووری خەلکەکەو ئاوەدان کردنەوە ،... بەلام ئەو برە دۆلارە پاریە لەشەڕی خۆکووژی خەرج کرا نەك یارمەتی دانی گەلی کوردستان...؟...!.

١٩٩٦/١٢/٢ لە دوای وتوویژێکی ستراتیژی دوو ڕۆژی لە نێوان ڕژێمی تورکیاو ئیسرائیل ڕێکەوتنێکی سەربازی مۆرکرا ، لە پێناو هاوکاری و گۆڕینەوەی زانیاری سیخوڕی سەربازی لەبارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی، ئەویش بە چاودێریکردنی جمووجۆلی پارتی کرێکاران کوردستان P.K.K لە باکووری کوردستانی لکێندراو بە تورکیا.

١٩٩٦/١٢/٥ لە پارێزگای کرمانشا لە ئێران خۆپیشاندانیکی گەوورە ئەنجام درا دژی هەلس و کەووتی نالەباری ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی - مەلا ڕەبیعی - کە بووە هۆی شەهید بوونی چەندین هاوولاتی لە لایەن هێزەکانی پۆلیس و دەزگای ئیتلاعات لە شارەکەدا.

١٩٩٦/١٢/١٢ مۆرکردنی بەلگەنامەی- لیۆتۆ- ی نێوان وولاتانی مەزنی ئابووری لەپێناو بەرەنگار بوونەوەی پیسبوونی ژینگە ، بەتایبەتی لە لایەن وولاتانی تواناداری ئابوری ، کە ئەمەریکاو ئەلمانیاو یابان و فەرەنساو بەریتانیاو ئیتالیاو رووسیاو چین دەگەڕێتەوە ، بەهۆی بوونی کارگەی بەرهەم هێنەری هەموو جۆرە کەلووپەلێکی مەدەنی و سەربازی و کارلێکردنی لەپیس بوونی ژینگە لە جیهاندا .

١٩٩٦/١٢/١٨ هونەرمەند و گۆرانی بێژی ناوداری کورد خاتوو - ئایشەشان - لە باشووری کوردستان کۆچی دوایی کرد کە لە دایك بووی باکووری کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیا ، بە هۆی ئاوارەیی و دەربەدەری لە باکووری کوردستان و نیشتەجێ بوونی لە باشووری کوردستان .

جێگەی باسکردنە کە خاتوو ئایشەشان لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری دیاربەکر لە بنەماڵەیەکی ناسراوو خانەدان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، بنچەکەی بۆ حاجیەخانی دایکی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی حاجی مستەفا بەگ لە ئەرزەڕۆم ، بەڵام ئوسمانی باوکی سەر بە هۆزی جەبری ناسراوە .

لە ساڵی ١٩٥٨ ئەو ساڵە بوو کە بۆ یەکەمجار ئایشەخان ئەو گۆرانیانەی کە لە ئێوارە هونەریەکانی دیوەخانەوەکەیانەوە فێری ببوو ، ئەویش لە دانیشتنێکی ژنانەوە پێشکەشی کرد ، لەم ڕۆژەوە ئەم خاتوونە هاتە ناو جیهانی هونەری کوردیەوە و دەستی بە گۆرانی وتنکرد .

دوای ئەوە ئەم خاتوونە لە ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە شاری ئەستەموڵ و لەو شارەدا بوو کە ناوبانگی پەیدا کرد و پلەو پایەکی بەرزی بە دەست هێنا ، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە کاسێتێکی گۆرانی بە زمانی کوردی و تورکی تۆمارکرد ، و تاکوو ساڵی ١٩٩٤ هەر لە شاری ئەستەمبوڵ ژیانی بەسەر بردووە ،

١٩٩٦/١٢/١٩ سەرۆکی ئێران هاشمی ڕەفسەنجانی سەردانی تورکیای کرد، ئەویش لەپێناو دارشتنەوەی نەخشەی نوێ لەبارەی بارو دۆخی باشووری کوردستان ، بەتایبەتی باری کورد لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان بەگشتی و خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر ڕووداوێکی کار لەدەسەڵاتەکانیان بکات ، جگە لە پەیوەندی ئابووری و دیبلۆماسی و ئاینی نێوانیان ، گەر چی لە بنەڕەتا دژی یەکترن.

١٩٩٦/١٢/٢١ بلاوکردنەوەی ڕێنمایەکی زانستیانەی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕژێمی تورکیا بەسەر دامو دەزگا پەیوەندیدارەکانی تورکیا ، ئەویش بەکۆنترۆڵ کردنی منداڵ بوونی کوردەکان لە ناو وولاتی تورکیا.

چونكه به پێی ئەو ڕاپۆرتە لە ساڵی ٢٠٢٥ ژمارەی دانیشتووانی كورد زیاتر دەبێت لە ژمارەی دانیشتووانی تورك لە توركیا ، هەر چەند ئێستا ژمارەی دانیشتووانی كورد كەمتر نیە لە تورك ، گەر بەراوردێكی زانستیانە لەسەر پێك هاتەكانی دانیشتووانی توركیا بكرێت لە وڵاتەكەدا .

١٩٩٦/١٢/٢٩ كۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ لە وڵاتی گواتیمالا ، كە ئەو شەڕە ٣٦ ساڵی خایاند لە نێوان هێزەكانی سووپای دەسەلاٚت و چەكدارە چەپڕەوەكان ، ئەویش بە هەوڵ و توانای ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە وڵاتەكەدا .

١٩٩٧

١٩٩٧/١/٦ سكرتێری پارتی دیموكراتی كورد عەبدولكەریم مەمۆ لە بەیروتی پایتەختی لوبنان ، برسكەیەكی پیرۆزبایی بەبۆنەی دامەزراندنی سووپای ئێراق ، ئاراستەی سەرۆكی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق سەدام حوسێن كردو داوای سەركەووتنی لێكرد ، گەرچی سووپایەكی داپلۆسێنەرو وێرانكەری خاكی هەرێمی باشووری كوردستان بووە لە هەموو كاتێكدا.

١٩٩٧/١/٩ كۆچی دوایی شاعیرو نووسەری ناوداری كورد مامۆستا – شێخ حەسیب شێخ عەلی شێخ عەبدولرەحمان قەرەداخی – ناسراو بە – حەسیب قەرەداخی – ، شایانی باسە ئەو شاعیرە بەهرەدارە لە ساڵی ١٩٢٩ لەخێزانێكی ئایینی و زانست ئەدەب لە گوندی – سوولە – لە ناحیەی قەرەداخ لە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی باشووری كوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . لە بنەماڵەیەكی ئاینی و زانستی . كە دەگەڕێنەوە سەر بنچەی مەردۆخیەكان .

دوای ئەوە قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی لە قەرەداخ و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو دەکات . دوای ئەوە بە هۆی باری ژیان و رامیاری ناتوانێ لە خوێندن بەردەوام بێت و لە ساڵی ١٩٥٧ لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دادەمەزرێت تاکوو خانەنشین دەکرێت .
ئەم شاعیرەو کەسایەتیە کوردە لە نووسینی سعر بەردەوام دەبێت تا ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی دەکا لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٧/١/١٢ سەرۆکی رژێمی بەعس لە ئێراق و سەرەك کۆمارو ئەمینداری پارتی بەعس سەدام حوسین لە پەیووەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ پارێزگاری ئەو کاتەی کەرکوك بەناچارکردن لە بە عەرەبکردنی ناوچەکەو کردنیان بە عەرەب .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە بە عەرەبکردن ببووە موتکەیەك بە بەرۆکی کوردانی بە توندی گرتبوو ... هەرەشەی لە پێك هاتەی نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردستان دەکرد لەهەرێمی باشووری کوردستان و باکووردا ... کە دەڤەرێکی بەرفراوانی ئەم کوردستانەیە ... هەر لە ئەزەلەوە خاکی کوردستانەو هەرگیز خەڵکانی دیکەی لێ نەژیاوە ... لە بەر ئەوە رژێمی بەعس بەمەبەستی پاکتاوی رەگەزی و رامیاریەتی عارەباندن چەندان بریاری دەرکرد .
کە جیاوازی گەورەی لەنێوان هاولاتیان چێدەکرد بەتایبەتی بەرامبەر بە پارێزگای کەرکوك و هەڵووەشاندنەوەی بوونی مێژوویی و جووگراف و گۆرینی دیموگرافیای ئەم پارێزگایە لە هەموو بوارەکان ، لەوانەش بریاری ٨٥٠/ لە بەرواری ١٩٨٨/١١/٢٧ و بریاری / ١٩٩ لە ٢٠٠١/٩/٦ و لە چەندین تەوەرێك دەستی بەجێ بەجێکردنی خواست و نیازەکانی خۆی

کرد بۆ ئاسانکاری لەجێ بەجێکردن ئەویش :-
١- دەرکــردن و کەمکردنـــەوەی کــورد لــەو دەڤەرانـــەی کـــە زۆرینـــەی دانیشتووانیان پێك دەهێنا .
٢-گواســتنەوەی کارمەنـد و کرێکــارانی کــورد بەمەبەســتی عارەبانــدنی فەرمانگــەکانی پارێزگــای کــەرکوك بەگــشتبوونی کۆمپانیــای نــەوت بەتایبەتی .
٣-گــۆڕینی رەگــەزی کــورد بــۆ عــەرەب هــەر لەگــەڵ ئەمەشــدا ســرینەوەی شوناسی نەتەوایەتی کورد لە پارێزگاکەدا .

١٩٩٧/١/١٦ ســەرۆکی لیژنــەی بــەرگری نیــشتمانی بوولگاریــا - رۆبــن ئیلیــف- فــۆر ئینجارۆف- لەگەڵ شاندێك سەردانی باشووری کوردستانیان کردو لەلایـەن بەرپرسانی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بەگـەرمی پێشوازی لێکران لـە شاری هەولێری پایتەختی لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٧/٢/٢٢ بەسەرپەرشتی دەزگای ئەهرام لـە قاهیرەی پایتـەختی میسر ، کۆڕێکی دژ بەتیرۆر لە جیهان ئامادەکرد ، بە بەشداری ٢٥ وولات لەوولاتەکانی جیهان و بەشـداربوونی ئەمینداری گشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بۆمـاوەی سـێ ڕۆژ ئەو کۆڕە بەردەوام بوو ،.

کە نووێنـەری ٢٩ وولات بەشـداری تێدا کـرد ، لـە گـەڵ چەندین ڕۆشـنبیرو رووناکبیری ئەکادیمی و پسپۆڕو زانایفەرمی سەر بە وولاتانی بەشدار بوو ، کـە چـوار خـاڵی گرنگـی لـەخۆ گرتبـوو ، ئـەویش بۆ وتوویـژو لێکۆڵینـەوە لـەبارەی تـیرۆرو بەرپرسـایەتی نێوودەوولـەتی و چاسەرەسـەرکردنی تـیرۆرو مافی مرۆڤ و تیرۆرو ڕژێمی تیرۆری لەجیهاندا.

١٩٩٧/٣/٢ ڕژێمـی ئیـسلامی لـە ئێـران زیـاتر لـە ٦٠ هـاوولاتی کـوردی لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی فارس لـە ئێران دەرمـانخوارد کـرد لە ئۆردوگای بازیانی سەر بە پارێزگای سلیمانی لە باشووری کوردستان.

١٩٩٧/٣/٢٩ ناشـتنی تـەرمی سـووتاوی شـەش کـورد لـە وولاتـی هۆلەنـدا... ئـەویش لەئەنجامی سووتاندنیان لەشاری ئالان گەلی لەلایەن سیخووڕەکانی ڕژێمی تورکیـا ، کــە بەدەســتێکی تــیرۆر ئەنجامــدرا بــوو دژی کــوردی بــاکووری

کوردستان.

١٩٩٧/٤/٣٠ مـــــــــۆرکردنی ڕێکەوتننامـەی نێـوان یەکیـەتی نیشتیمانی کوردســتان لـە گـەڵ هــەردوو ڕێکخــراوی ئیـــــــسلامی – بزوتنـەوەو کۆمـەڵ – لـە تـارانی پایتـەختی ئێران و بە ئامۆژگاری

و ڕاوێژکاری ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران ... کە خۆی لە ١٥ خاڵ گرتبوو کە تێیدا هاتبوو ... بە دەست گیربوونی هەرسێ لایەن .

یەکەمیان :- یەکیەتی نیشتیمانی دەست گیردەبێ بەخاڵەکانی ڕێکەوتنی تاران .

دووەمیان :- کۆمەڵ و بزوتنەوەی ئیسلامی بە هـەمان شێووەو شێوازو ناوەرۆك پاپەند دەبن بەڕێکەوتنەکەی تاران .

کە ڕێکەوتنەکە بە مۆرکردنی لەلایەن – نمایندەی جمهوری ئیسلامی ئێران , فەرماندەی نسر سەرتیپ رزا سیف اللهی ... لەلایەن یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان , کۆسرەت ڕەسول عەلی ... لـە لایـەن ڕابەری جماعت ئیسلامی کوردستانی ئێراق , شێخ محەمەد بەرزنجی . ڕابەری بزوتنـەوەی ئیسلامی , شێخ عەلی عەبدولعەزیز .

ناکرێ نەگووترێ کە دوای ڕاپەرینی گەلی کوردستان لە بـەهاری / ١٩٩١ و دروســت بــوونی گۆرەپــانێکی رامیــاری بــێ ســەرکردەو ســەرکردایەتی و دەســتەیەکی لێهـاتووی ڕزگارکـەری ئـەم قۆناخـە نوێیـەو پەراندنـەوەی بـۆ قۆناخێکی دیکـەی بـەرەو سەرکەوتن و مسۆگەرکردن بە گەیـاندنی گـەل بە ئامانجەکانیان لە باشووری هەرێمی کوردستان .

هـەر لـە دوای هەڵبـژاردن و دامەزراندنی حکوومـەت لـە لایـەن ئەنجوومـەنی

نیشتیمانی کوردستان , گۆڕەپانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتیمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆشایەکی زۆر گەورە کەوتە گۆڕەپانەکە بە هۆی سەرهەڵدانی دووبارەی کێشەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان .

ئەویش بە هەڵگیرساندنی شەڕی نێوانیان لە سێ خوولی یەك لە دوای یەکتری لە پێناو سامان و دەسەڵات و پارەو بەکوشتدانی گەنجی کورد بۆ ئەم بوارانە ، نەك لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەل و نیشتیمان .

کە ئەمانەش بوونە هۆکاری ئەوەی کە چەندین پارت و رێکخراوو گرووپی ئیسلامی سەرهەڵبدەن و بێنە دامەزراندن و راگەیاندن ، وەك کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە پێناو خزمەتکردنی ئەو وولاتانەی کە دژی کورد وخاکی کوردستان بوونە بە درێژایی بوونی ئەو دەووڵەتانە .

بەر لەویش وەك تورکیاو ئێران و ئێراق و سووریاو وولاتانی دیکەی عەرەبی ئیسلامی و بە بیری ناسیۆنالی دژ بە کورد و خاکی کوردستان و روو بەروبوونەوەی هەردوو پارتی سەرەکی شەڕکەر لە سەر خاکی هەرێمی باشووری کوردستان لە پێناو لە باربردن و لێك ترازاندنی هەست و هۆشی نەتەوەیی لەو پرۆسە ئازادیەی کە بە شەقی زەمانە بۆ کورد رەخسابوو لە هەرێم و ناوچەکەدا ..؟...!.

١٩٩٧/٥/١ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا ، لە هەڵبژاردنەکان سەرکەووتنی بەدەست هێنا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرەك وەزیران لەدوای دەرنەچوونی سەرۆکی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا مارگرێت تاتچەر ، بۆ جاری سێیەمی لەپۆستی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ، کە یەکەم ئافرەت بوو دەسەڵاتی حکوومەتی بەریتانیا بگرتە دەست لەووڵاتەکەدا .

١٩٩٧/٥/٢ کۆچی دوایی فەیلەسوف ئازادی بەرازیلی – باولو فریری – ... ئەم فەیلەسوفە ناوداره جیهانیە لە شاری رسیفی لە باکووری رۆژهەڵاتی بەرازیل لە ساڵی ١٩٢١ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... لە ساڵی ١٩٥٩

بڕوانامەی دکتۆرای لە فێرکردنی گەورات وەرگرتووە . یەکێك بووە لەکارلێکردنەکانی ڕۆمانووسی ڕووسی و جیهان ، تۆلستۆی - لە دوای کودەتا سەربازیەکەی بەرازیل لە ساڵی ١٩٦٤ دەستگیرکراوە .
دوای ئەوە لەو وڵاتە دەرکراووەو بەرەو وڵاتی بۆلیڤیا هەنگاوی ناووەو لەوێ بۆتە ڕاوێژکار لە وەزارەتی پەروەردە لە بۆلیڤیا ، دوای ئەوە هەر بەهۆی کودەتای سەربازی بەرەو شیلی هەڵاتووە . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٦٧ بەرەو ئەمەریکا ڕۆیشتووە .

دوای گەران بەچەند وڵات لە ئەفەریکیا ، لە ساڵی ١٩٨٠ بەیەکجاری گەراوەتەوە بەرازیل و بەردەوام بووە لەکارە پیرۆزەکانی تا ئەو کاتەی کە ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی دەکا .

١٩٩٧/٥/١٤ بەهۆی جیاوازی بیرو بۆچوون و هەڵوێست لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان P.K.K و پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئەویش بە بەرز بوونەوەی کێشەکەو زیادە ڕۆیی پارتی کرێکاران .
ئەنجامی بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی نێوانیان لە پارێزگای هەولێرو دەوروبەری ... کە پارتی کرێکاران P.K.K وەك میوان لەباشووری کوردستان پارمەتی دراو بوو لە هەرێمەکەدا ...!.

١٩٩٧/٥/١٧ سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنان و یەکیەتی ئەوروپا داوایان لە ڕژێمی تورکیا کرد ، کە هێزەکانی سووپا لەخاکی باشووری کوردستان بکشێنێتەوە ، ئەویش بەهۆی باری ناوچەکەو دەست تێووەرنەدان لە کاروباری باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق.

١٩٩٧/٥/١٧ سەرۆك کۆماری کۆنگۆ کینشاسا - مۆبۆتۆ - لەلایەن لۆران کابێلا دەرپەڕێنرا ، بە هۆی شەڕو پێکدادان وچووە ناو شاری کینشاسا، کە لۆران کابێلا سەرۆکایەتی وڵاتی گرتە دەست و خۆی بووە سەرۆك کۆمار، دووبارە ناوی وڵاتەکەی گۆڕی بۆ کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی و کابیلا دەسەلاتی تاك ڕەوی گرتە بەر لەناوەوەی وڵاتەکەدا .

١٩٩٧/٥/٢٥ زیاتر لە پەنجا هەزار هاووڵاتی کورد لەشاری ئەستەمبوڵ تورکی خۆپیشاندانیان ئەنجام دا دژی ڕامیاریەتی شۆڤینی ڕەگەز پەرستی سەرەك

وەزیرانــی تورکیــاو ســەرۆکی پــارتی رەفــای ئیــسلامی- نەجمــەدین ئەربەکان... شایانی باسە زیاتر لە سێ ملیۆن و نیوو کورد دانیشتووی شــاری ئەســتەمبوڵن ، ئــەویش بــە هــۆی ڕاگوواســتنیان لــەباکووری کوردستان و جێگە گرتنەوەیان بەخێزانی تورك لەپێناو بە تورك کردنی خاکی باکووری کوردستان.

١٩٩٧/٦/٦ ڕژێمی تورکیا بۆ یەکەم جار دانیننا بە کەووتنە خوارەوەی دوو فڕۆکەی ســەربازی لــە ئــەنجامی هێرشــکردنە ســەر بنکــەکانی پــارتی کرێکــارانی کوردستان P.K.K لە باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق ، کە لە ئاکام بــووە هــۆی گیــان لەدەســتدانی ٩ ســەربازی نــاو فرۆکەکــەی هێزەکــانی سەربازی سووپای تورکیا.

١٩٩٧/٦/١٠ دامەزراندنی - تاهیر جلیل حبوش تکریتی - ناسراو بە تاهیر تکریتی بە بەڕێوەبــەری گشتی دەزگــای ئــەمنی ئێراقــی ، دوای ئــەوە لــە١١/١٠/١٩٩٩ دامەزرا بە سەرۆکی دەزگای موخابەراتی گشتی لەلایەن سەدام ، بە هۆی نزیکی لە قوسەی کوڕی سەدام لەجیاتی رافع دەحام تکریتی.

ئەویش لە پێناو بەئەنجام گەیاندنی کارە تیرۆریستو دیکومینەرەکانیان بەرامبەر گەلانی ئێراق ، بەتایبەتی گەلی کورد ، کەبەر لەو پۆستانەش کاری هەمە جۆری لە دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس کردووە دژی گەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی کورد لەباشووری کوردستان.

١٩٩٧/٦/٢٠ سەرۆکی ڕێکخراوی رزگاری فەلەستین یاسرعرفات لەچاوپێکەووتنێکیدا لەگــەڵ ڕۆژنامــەی حیــاتی لەنــدنی کــە دەڵێــت:- بــەهیچ شــێوەیەك قبــوولی ناکەین دەووڵــەتی کوردی لەباکووری ئێراقی عروبە بۆ کــورد دابمــەزرێت ، ئەمــەیان ووتــەی بــێ دەســەڵاتترین ســەرکردەی عەرەبــە ، کــە ســواڵکەرانی کوردیش ئامادەبوون خێری پێ بکەنو نەخووێندارترین کورد تاکوو ئێستا نــەی وتــووە نــابێ عــەرەب لەفەلەســتین بــێ مــاف بکــرێ . ئەمــە هەڵوویــستی عەرەب بەرامبەر بەهەڵوویستی کوردە لەسەر خاکی کوردستان.

١٩٩٧/٦/٣٠ لە دورگەی هۆنگ کۆنگ و لە وولاتی هۆنگ کۆنگ لە شەڕی ئەفیوونەوە بەرەو پاراستنی ناسنامەو لە دەوولەتێك و دوو سیستەمدا ، کە هەرێمی هۆنگ کۆنگ بۆماوەی ١٥٦ ساڵ یەکێك بوو لە ژێر

دەستەکانی بەریتانیا ... واتە لە ساڵی ١٨٤٢ تا ١٩٩٧/٦/٣٠، کە لەو ساڵەدا کۆتایی بەدەسەلاتی بەریتانیا هێنراو سەروەری بۆ چینی مللی گێردراوە .

جارنامەی هاوبەشی چین و بەریتانیاو یاسای بنەرەتی هۆنگ کۆنگ باس لەوە دەکات کە دەبێ لایەنی کەم تا ساڵی ٢٠٤٧ ، ئەم هەرێمە تارادەیەکی زۆر سەربەخۆیی لە گەڵ چین بە گوێرەی سیاسەتی دەوولەتێك و دوو سیستەمیش لە کێشووەرەکەدا .

چین سەرپەرشتی پاراستنی ناوچەکەو سیاسەتی دەرەکی دەکات و هۆنگ کۆنگیش بۆی هەیە سیستەمی یاسای کۆنی خۆی بپارێزێ و خاوەن هێزی پۆلیس و سیستەمی دارایی و گومرگ و سیاسەتی کۆچکردنی تایبەت بەخۆی بێ بەشداریش لە رێکخراوو بۆنە نێوو دەوولەتیەکانی بکات .

شایانی باسە هۆنگ کۆنگ چینی نیە لە بەر ئەوەی کە ئەم دورگەیە لەدوای شەڕی ئەفیوون لە سەدەی نۆزدەم .

وەك شارێکی تایبەتی خۆی سەپاندو لەیەك کاتیشدا خاوەنی بەهاو نەریتی رۆژهەلات و رۆژئاوا بوو... هەروا یاساکانی پەروەردەو فێرکردن و بونیاتی حکوومەتیش هاوشێووەی ئەوان بوون ، کە لە بەریتانیا هەن لە گەڵ بنەماو رێنمایی و دام و دەزگای حکوومەتایەتی لە هەموو بوارە

جیاجیاكاندا ،
كـە هـۆنگ كـۆنگ ژمـارەی دانیـشتوانی ٧,٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن كەســەو بـە یارمـەتی دەسـەڵاتدارەكان تـوانراوە لـە ٥٧,٥٠٠ كارگـە دروسـت بكـرێ ... رۆژانە زیاتر لە ٢٥٠٠ هەزار كەس سنوورەكانی نێوان چین و هـۆنگ كۆنگ دەبڕن و ساڵانە ٩٠ ملیۆن كەشتی جۆراو جۆر لـەنێوان هـەردوو لا بەئـەنجام دەگەیەندرێ .

١٩٩٧/٧/١ لە دوای كێشەو ململانێیەكی دژوار لە نێوان ئەمـەریكاو بـەریتانیا لـە گـەڵ چینی مللـی ، لـە سـەر دوورگـەی هـۆنگ كـۆنگ ، ئـەوە بـوو كـە چینـی مللـی تـوانی بەئاشـتیانە ئەودوورگەیـە بگەڕێنێتـەوە باوەشـی خـۆی ، بەمـەرجێ لەسەر هەمان دەسەڵاتی سەرمایەداری بەردەوام بێت لەهەرێمەكەدا.

١٩٩٧/٧/٢ گەڕانـەوەی دوورگـەی هـۆنگ كـۆنگی چـینی مللـی بۆناوخـاكی دایـكو بەردەوام بوونی لەسـەر هـەمان ڕژێمـی تایبـەتی خۆیـان ، سـەرەڕای چەندین كێشەی هەڵوواسراوی نێوان دەسەڵاتی هۆنگ كۆنگ لەلایەكو چینی مللیو ئەمەریكا لەلایەكی دیكەدا .
شـایانی باسـە ئـەو دوورگەیـە لـە١٨٩٣/٨/٢٣ لەلایـەن هێزەكـانی سـووپای بەریتانیا داگیركرابوو تاكوو مێژووی گەڕانەوەی بۆباوەشـی چینـی مللـی لـە هەرێمەكەو كێشووەرەكەدا .

١٩٩٧/٧/٢ بەڕێوەبردنی حەوتەمین خوولی هەڵبژاردنی سـەرۆكی كۆمـاری ئیسلامی لـە ئێــران ئــەنجام دراو محەمــەد خاتــەمی ســەركەووتنی بەدەســت هێنــا. بـەوەرگرتنی پۆسـتی سـەرۆك كۆمـاری ئێـران بۆمـاوەی خـوولی یەكـەمی لـە دەسەڵات لە سەر وولاتەكەدا .

١٩٩٧/٧/٢١ بەشی كوردی رادیۆی – فلورا – لە شاری هانۆڤەر لە ئەڵمانیا ، كە پەخشی خۆی بە ١٤ زمان پەخش دەكات و ٤٠٠ كەس كاری تێدا دەكات ، لە بەشـی كـوردی لـەم وێستەگەیەدا كرایـەوە لـە سـەر شـەپۆلی f.m كـە رۆژانـی یـەك شەممەو پێنج شـەممە بـۆ مـاوەی كاتـژمێرێك پەخشی خـۆی بـە وولاتەكـە و جیهان بڵاو دەكاتەوە .

١٩٩٧/٧/٢٣ میلۆســۆفیتش بــووە ســەرۆكی یۆگــسلافیای یــەكگرتوو، كــە لــەو كاتــە

بارودۆخی وولاتەکەو پەیوەندی کۆمەلآیەتی بەرەو لێك ترازان هەنگاوی دەنا ، کە بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆو وێرانکردنو تەنگژەی ئابووریو ڕامیاریو کۆمەلایەتیو شەڕی نژادیو ئایینی لە نێوان گەلآنی یوگسلافیا لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٧/٧/٢٧ نووسەروشاعری ناوداری ئێراقو عەرەب و و جیهان و دۆستی دێرینی کورد – محەمەد مەهدی جەواهری – لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا کۆچی دوایی کرد ، دوای ئەوە تەرمەکەی هەر لەوێ نێژراوە بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئێراقو درندەیی ڕژێمی بەعس لە ئێراق .
شایانی باسە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی هەلوێستی مرۆڤانەی برامبەر بە کێشەکانی کورد لە کوردستان ، پەیکەرێکی بەرامبەر بەپەلەمانی کوردستان بۆ دانا بەرێز لێگرتن لەو شاعیرە خۆراگرە دیموکراتی خوازەو دۆستی نەتەوەی کورد لە کوردستان.

١٩٩٧/٨/٣ گەڕاندنەوەی دوورگەی ئەنجوان لەلایەن دەسەلآتی فەرەنسا ، کە کەوتبووە ژێر دەسەلآتی کۆماری قەمەرو بەهۆی پەیوەندی باشی نێوانیان پاش ماوەیەك دوورگەی موهێلی گەڕاندرایەوە ژێر دەسەلآتی کۆماری قەمەر لە هەرێمەکەدا.

١٩٩٧/٨/٢٨ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەزۆرینەی دەنگ سزای هەمەلایەنەی خستە سەر ڕێکخراوی یۆنیتا بەتایبەتی چەکە سەربازییەکانی جەنگ لە وولآتەکەدا .

١٩٩٧/٨/٣١ خێزانی ئەمیر چارلسی نەوەی شانشینی بەریتانیا- دایانا- لە بنەماڵەی شانشینی ، لە ئەنجامدانێکی تیرۆریستی لەناو شەقامەکانی شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا گیانی لەدەست دا ، دوای کەمتر لە کاتژمێرێك جەستەکەی تەحنیت کراو لەهەمان کات خۆشەویستەکەی دۆرید الفاید گیانی لە دەستدا ، کە لە ڕەچەلەك عەرەبەو خەڵکی وولآتی میسر بووەودانیشتووی بەریتانیایە .

١٩٩٧/٩/١٨ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی قەدەخەکردنی بە کار هێنانی میینی دژ بە بە مرۆڤ لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ ، لە پێناو ڕێگە گرتن لە چاندنی

ئه و جۆره مینانەی کە زیان بە مرۆڤ دەگەیەنن لە وولاّتە جیا جیاکان لە جیهاندا .

ئەویش لە ئاکامی شەڕی ناووخۆی وولاّتە جیا جیاکان و شەڕی نێوان وولاّتانی دراوسێی و شەڕی گەورەتر لەو شەڕانە لە هەرێم و ناوچە جیا جیاکان لە جیهاندا .

جێگەی باسکردنە کە بیرۆکەی ئەم پەیمانە لە مانگی/١٩٩٩/٥ چووە بواری جێ بە جێکردن لە دوای مۆرکردنی ١٥٧ وولاّت لە سەر بڕگەو مادەو خاڵەکانی ئەم رێکەوتننامەیەدا . هەروا لە ١٩٩٧/١٢/٣ ، ئەم وولاّتانە لە سەر ئەم رێکەوتنە مۆریان کرد ، بەلاّم لە ١٩٩٧/١٢/٥ لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان ئاشکرا کرا ، لە بارەگای رێکخراوزەکەدا ، کە لە شاری نیورۆکی ئەمەریکیدا .

هەروا ئامانجی ئەم پەیماننامەیە کۆتایی هێنانە بەو نەهامەتیانەی کە کۆمەلاّنی خەلك تووشی دەبیّ لە ئاکامی بە کار هێنانی مینی دژە مرۆڤ ، ئەم رێکەوتننامەیە تیّ هەلّکێشە لە نێوان یاسای نێوودەوولّەتی مرۆڤایەتی و یاسای نێوودەوولّەتی لە ناوبردنی چەك ، لە بەر ئەوەی ئەم رێکەوتننامەیە تایبەتمەندی لە ناو بردنی چەکی هەیە بە شێووەیەکی مرۆڤایەتی لە جیهاندا

١٩٩٧/١٠/٧ زاناکانی گەردوون – فلك – ی ئەمەریکا رایانگەیاند بە دۆزینەوەی ئەستێرەی – بیستوولّ , دەمانچە – کە ئەم دۆزینەوەش بووە هۆی گرنگی پێدانی لە لایەن بواری زانستی لەجیهان ... کەبە گەورەترین ئەستێرە دادەنرێت لە گەردووندا .

کە تیشکی سەد هێزی زیادبوونی

بە ۱۰,۰۰۰,۰۰۰ دە ملیۆن لە هێزی ووزەی کە لە رۆژ دەردەچێت زیاترە .
واتە قەبارەی ئەستێرەی بیستوولۆ – بەقەدەی رۆژ ۱۰,۰۰۰,۰۰۰ دەجار گەورەترە لە رۆژ. زاناکانی گەردوونی – فەلەك – ی ئەمەریکی کامیرای – هابلۆ – بە تیشکە سەر بەنەفسەجی کەلەناو کامێرای هابلە توانیوویانە سەرەتای لەدایك بوونی ئەو ئەستێرە دیار بکەن ، کەلەکاتی لە دایك بوونی تاکوو ئێستا بە گەورەترین ئەستێرە دادەنرێت لە هەموو ئەو ئەستێرانەی کە لەناو کۆمەڵە جیاجیاکان جێگیربوونە .
واتە وەك کۆمەڵەی خۆرو کۆمەڵەکانی دیکە لە گەردووندا . زاناکان ئەوەشیان دیاریکرد کە ئەستێرەی – بیستوولۆ – دەکەوێتە دووری لە زەوی بە ۲۵۰۰۰۰۰۰ هەزار ساڵ رووناکی... هەروا ئەو ئەنجامە دەرکراوەی کە ئەم ئەستێرەیە لەماوەی ٦ چرکەدا دەری دەکات بەپێچەوانەی رۆژە . کە رۆژ ماوەی یەك ساڵی دەوێ بۆ ئەوەی ئەو ووزەی کە هەیەتی دەری بکات بۆ ئەوەی بگاتە سەر زەوی .
لە دایك بوونی ئەستێرەی بیستوولۆ لە نێوان یەك ملیۆن بۆ سێ ملیۆن ساڵ دەبێ – هەروا ناتووانرێ ببینی ئەو ئەستێرەیە بەئاسانی بێت بەهۆی تەم و مژی ناو گەردوون لەئاکامی تەقینەوەی ئەستێرەکانی دیکە ... ئەستێرەی بیستوولۆ دەتوانێ ۱۰٪ لە – فۆتۆن – و – پارچەکانی رەوانەی سەر زەوی بکات.

سەرچاوە :– ایات العلوم الکونیە . بەرگی ۲/۱ ل/۱۵۳ دانانی کۆمەڵە زانای جیهانی کە ژمارەیان ۲٦۹ زانایە . چاپی یەکەم /۲۰۰۷ .

۱۹۹۷/۱۰/۱۵ لە راگەیاندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی بەردەوامی شەڕی خۆکووژی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە باکووری ئێراق ، بۆتە هۆی دوواخستنی یارمەتیە مرۆییەکان لە باشووری کوردستان.

۱۹۹۷/۱۰/۱۵ کەشتی ئاسمانی – کاسینی هۆیمنز – ی ئەمەریکی بەرەو گەردوون بەڕێکەووت و لە دوای حەوت ساڵ گەیشتە ئەستێرەی زووحەل ، کە لەو ماوەیە ۳,٥ ملیار کیلۆمەتری بڕی بوو لەپێناو ئەنجامدانی کارە دارێژراوەکان لە بۆشایی ئاسماندا .

١٩٩٧/١٠/١٧ لە ئاكامی كاردانەوەی نا لەباری شەڕی دژوواری نێوان هەردوو پارتی سەرەكی لە هەرێمی باشووری كوردستان ، پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكیەتی نیشتمانی كوردستان ، ئەویش بەكارلێكردن و ناوبژیووانی توركیا و بەریتانیا و ئەمەریكا ڕاگیرا لە نیوانیاندا .

١٩٩٧/١٢/٢٧ هەلكەندنی كەناری دەریای ئیتالی لەپێناو ڕزگار كردنی ٨٠٠ پەنابەری كوردی كۆچڕەو بەرەو هەندەران ، كە نگرۆبوونیان لە نێوان كەنارەكانی توركیا و ئیتالیا و بەرەو ئیتالیا هەنگاویان دەنا ، لە پێناو گەیشتنی بەئاواتی گەیشتن لە كەش و هەوایەكی ئارام و ژیان و كاری ئازادانە لە وولاتە بیانیەكان.

١٩٩٨

١٩٩٨/١/١٦ دادگای دەستووری دەسەڵاتی توركیا لەئەنكەرە بەئاگادار كردنی پارتی ڕەفای ئیسلامی بە سەركردایەتی نەجمەدین ئەربەكانی سەرەك وەزیرانی توركیا كرد ، بەهۆی بوونی مەلبەندی جموجـۆڵ دژ بەدەسەڵاتی علمانیەت و ماوەنەدان بەو مەڵبەندەو دەبێ بەپێی دەستوور بە ڕێووە بچێت لەووڵاتەكە .

١٩٩٨/٢/٤ لەناوچەی سناج لە هەرێمی نەفار لە باكووری ئەفگانستان گوومەلەرزەی زەوی بەپێی پێووەری ڕێختەر بە ٦,١ پلە ڕوویدا ، كە بووە هۆی گیان لەدەست دانی چەند كەسێك و وێرانكردنی بەدەیا ماڵ و كێڵگەی كشتووكاڵی لەناوچەكەدا .

١٩٩٨/٢/١٨ بەهۆی باری ناهەمواری ئابووری و بەرزی نرخی دروستكراوەكان لە ڕووسیا . حكوومەتی ڕووسیای یەككگرتوو بڕیاری داخستنی سێ كارگەی دورستكردنی چەكی ئەتۆمی دا ، بەهۆی نەبوونی توانای دارایی و تەنگەژەی ئابووری بەشێوویەكی گشتی و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەكان لە دام و دەزگا گشتیەكان ووڵاتەكەدا .

١٩٩٨/٢/٢٣ ئوومێدیا كە بچووكترین كیژۆلەی بەندكراوی جیهان بوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی شۆڤینی شانشینی مەغریب ، چونكە خۆی لە نەتەوەی ئەمازیخی مەغریب بوو ، كە ناوی لە تۆمارگەكان تۆمار نەكرا ، هەتا دادگاش ماوەی پێ نەدا بەهۆی ئەوەی كە ناوەكەی عەرەبی نەبووە ، لە

بەرئەوەی ناوەکەی بەپێی خواستی نەتەوەکەی بوو .

واتە عەرەب نەك هەر لە ئێراق و سووریا بەلکوو لەهەموو وولاتانی دیکەی عەرەب ماوە بەخواستی دوور لە ئوومەی عەرەب و ئوومەی ئیسلام نادەن ، لەو پەڕی شۆڤینی و بەرچاوتەنگی نەتەوەیی و ڕامیاریەتیان ئەنجام دەدەن لەپێناو بەعەرەبکردن .

١٩٩٨/٣/٢٨ کۆڕێکی زاناو پسپۆڕان لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ئەنجامدرا لە هۆلی – کوفە – سەبارەت بە کێشەو باری کوردو ئابووری و داب و نەریت و کەلتوورەوە لەسەر چوار پارچەو نیووی کوردستان .

١٩٩٨/٤/٣٠ شاعیری خۆشەویستی و نەتەوەیی و دیموکراتی بەناوبانگی عەرەبی نزار قەبانی لە شاری لەندنی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لە شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا نێژراوە .

١٩٩٨/٥/١١ ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی لە وتارێکیدا بلاوی کردۆتەوە ، کەباس لەوە دەکات . کە ڕێکخراوی ئاشتی سەوز چەند ساڵە هەولی ڕێگرتن لە دامەزراندنی ڕێکتەرێکی ئەتۆمی لە ناوچەی ئۆکیو – باشووری تورکیا – دەدات ، بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە ڕێکتەرەکە دەکەوێتە باشووری تورکیا لە نزیك بەندەری مێرسیتە و تەنها یەکێکە لە ١٠ ڕێکتەری ئەتۆمی دیکە کە تورکیا بەنیازە تا ساڵی ٢٠٢٠ تەواوی بکات لە وولاتەکەدا.

١٩٩٨/٥/١٣ تاقی کردنەوەی دووەم چەکی ئەتۆمی لەلایەن حکوومەتی هندستان ئەنجامدرا ، کە بەو هۆکارە یابان و ئەمەریکا گەمارۆی ئابووریان خستە سەر هندستان ، بەلام هندستان لەو کارە بەردەوام بوو لە فراوانکردنی

بنکەی چەکی ئەتۆمی وولاتەکەی ، کە ئێستا وولاتێکی ئەتۆمیە شان بەشانی وولاتانی ئەتۆمی لە جیهاندا.

١٩٩٨/٥/٢١ لە دوای کەمتر لە سێ مانگ بە هەلبژاردنەوەی سۆهارتۆ بۆ سەرۆکایەتی کردنی ئەندۆنیسیا بۆ ماوەی حەوت ساڵ ، دەستی لەکار کێشاوە بەهۆی نالەباریو لێك ترازانی پەیوەندی لە پێك هاتەکانی کۆمەڵگای وولاتەکەو بەردەوامی لە تەنگژەی ئابووریو رامیاریو کۆمەلایەتیو پێشێل کردنی مافی مرۆڤو گەلانی وولاتەکە لە ماوەی دەسەلاتیو دوای خۆی جێرەگەی حەبیبی جێگەی گرتەوە بەسەرۆکی وولاتەکە.

١٩٩٨/٥/٢٧ لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر کۆری دایەلۆگی کوردی – عەرەبی گرێدرا ، لە هۆڵی سەلاحەدین ئەیوبی لەپێناو لێك تێکگەیشتنو تێگەیاندنی عەرەبی شۆڤینی لەچۆنیەتی باری کورد بەپێێ مێژووی رووداوەکانو جێگەی دانیشتووانی جووگرافی رەسەن لە سەر خاکی کوردستان .

١٩٩٨/٥/٢٨ یەکەم تاقی کردنەوەی مووشەکی ئەتۆمی لەلایەن دەسەلاتی پاکستان ئەنجامدرا ، کە ٥ پێنج مووشەکی لەژێر زەوی تاقی کردەوە لە دوای هندستان بە ١٨ رۆژو بەردەوام بوونی لەتاقی کردنەوەی مووشەکی ئەتۆمی لەوولاتەکەدا.

١٩٩٨/٥/٣٠ لە هەرێمی تەخاری ئەفگانستان گوومەلەرزەی زەوی بەپلەی ٩ر٦ پلە بەپێی پێووەری رێختەر روویدا ، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی ٤٠٠٠ کەسو وێرانکردنی زیاتر لە ٥٠ گوندو کێلگەی کشتووکالێ لە ناوچەکەدا.

١٩٩٨/٦/١ دامەزراندنی بانکی ناوەندی ئەورووپا لەلایەن یەکێتی ئەورووپا ، کە بارەگای سەرەکی لە شاری فرانکفۆرتی ئەلمانیایەو کاردانەوەی گرنگی نواندە سەر باری پەیوەندیەکانی ئابووری و بازرگانی نێوودەوولەتی لە جیهاندا .

١٩٩٨/٧/١ لە شاری مۆسکۆی پایتەختی رووسیای یەکگرتوو زیاتر لە ١٠٠ نووێنەری کوردی پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو کۆبوونەوەو داوای مافی رۆشنبیریو دابو نەریتو مێژوو زمانو کەلتووریان کرد ، بەهۆی کارە ناهەموارەکانی رابردووی دەسەلاتی سۆڤیەت بەسەرکردایەتی ستالین ، لە

بەشە کوردستانەکەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەت ، کە بەرامبەر بەکورد کراوە لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە هەرێمی باکووری کوردستان.

١٩٩٨/٧/٣ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنان لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری – الحیات– گووتی :– پاراستنی کوردستان لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانان بۆداگیرکردن نیە بەلکوو بۆ پاراستنی کوردو بەرژەوەندی هەردوو لا و هاوپەیمانانە لە هەرێم و ناوچەکەدا .

١٩٩٨/٧/١٢ کۆچی دوایی زاناو کەسایەتی ناوداری نەتەوەیی و نیشمانی کورد مامۆستا– ئیبراهیم ئەمین باڵدار– ... شایانی باسە مامۆستا باڵدار بڕوانامەی ماجستێری لە ئەمەریکا وەرگرتبوو ، مامۆستا باڵدار ئەلف بێی کوردی بۆپۆلی یەکەمی سەرەتایی دانا... هەروا مامۆستا باڵدار لەساڵی ١٩٢٠ لە گەرەکی سابوونکەران لەشاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە هەرێمی باشووری کوردستان .

جێگەی ئامارە پێکردنە کە دوای تەواو کردنی قۆناخەکانی خوێندن لە ساڵەکانی ١٩٣٩ – ١٩٤٠ خوێندنی لە – دارالمعلمین –ی لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق تەواو کردووە ، دوای ئەوە بۆتە مامۆستا لە گوندی – قەمچووخەوجاسەنە – لەوکاتیش خوولیای دانانی – ئەلف و بێی – کوردی بووە بۆ منداڵانی کورد . هەروەک مامۆستا باڵدار خۆی دەڵێ :–

لە ساڵی ١٩٤٨ لەم گوندەدا هەلێکی باش بۆ نووسەر هەڵکەوت کە بتوانێ وانەکانی ئەو – ئەلف وبێیە – دابنێت و رۆژ لە دوای رۆژ بە سەر قوتابیەکانی کورد تاقیان بکاتەوە لە هەرێمەکەدا لە باشووری کوردستاندا .

دوای ئەوە مامۆستایەتیەکەی گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەکانی تەوێڵەو هەڵەبجە و چوارتاو عەبدوئیلا ، لە ساڵی ١٩٤٩ ئەلف و بێیەکەی تەواو دەکات و وەزارەتی مەعاریف لەو کات بڕیاری چاپدانی دا ، لەم بارەیەوە دەڵێ:– خەت خۆشی بە ناوبانگ – سەبری خۆشنووس – کە هیچ کوردی نەدەزانی ، دوای رەنج و هەوڵێکی زۆر لە گەڵیا کتێبەکەی بە دوو مانگ بە دەست نووسی تەواوکرد ، هەروا – حاجی سووعاد سەلیم – ی وینە کێش

كە هیچ جێیەكی كوردستانی نەدیبوو ڕۆژ بە ڕۆژ هەموو شتێكی بۆ ڕوون ئەكرایەوە ، وێنەكانی كتێبەكەی بۆ ماوەیەكی درێژ تەواوكرد .
دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥١ لە چاپخانەی –ی نەجاح – لە شاری بەغدا – ئەلف و بێیە– كەی چاپكرا ، دوای ئەوە لە لایەن هونەرمەندی نەمر – بەدیع باباخان – وێنەكانی بۆ كرا . وەك خۆی دەڵێ :– ئەم كتێبە لە لایەن هونەرمەند بەدیع باباخانەوە بە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی جوانی كوردەواری ڕازێندرایەوە . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٥ – ئەلف و بێیەكی – بۆ تەمەن گەورەكانیش دانا . دوای ئەوە مامۆستا باڵدار كۆلیژی بازرگانی لە ئابووری لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەغدا تەواو كرد. دوای ئەویش مامۆستا باڵدار بڕوانامەی – ماستەر– ی لە كۆلیژی – سان فرانسیسكۆ– ی لە ئەمەریكا لە سەر پەروەردە و دەروونزانی بە دەست هێنا .
دوای گەرانەوەی مامۆستا باڵدار بووە مامۆستا لە زانكۆی سلیمانی لە ساڵی ١٩٦٨ لە بەشی وێژە و ، دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٨١ گوێزرایەوە بۆ شاری هەولێر لە زانكۆی سەلاحەدین كرا بە مامۆستا . دوای ئەوە – مامۆستایەتیەكەی گوازرایەوە بۆ زانكۆی مووستەنسەریە لە شاری بەغدا ... ئەم كەسایەتیە كورد پەروەرە بەردەوام بوو لە كارەكانی تا ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەكەی كرد ، و گۆڕەكەی لە گۆرستانی گردی سەیوانە لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری كوردستان .

١٩٩٨/٧/١٧ لە كۆماری بابواگینیای نوێ بە هۆی كشانی دەریایی گوومەلەرزەی زەوی لێكەوتەوە ، كە بووە هۆی گیان لەدەست دانی زیاتر لە ٢٢٠٠ هاووڵاتی ، كە بەرزی شەپۆلەكانی ئاو لە ئاكامی لێككشانەكەدا لە ١٥مەتر زیاتر بوو لەناوچەكەدا.

١٩٩٨/٨/١ ڕاگەیاندنی مەكتەبی ڕامیاری بزوتنەوەی ئیسلامی لە كوردستان ... ئەویش بە ڕێكخستنی هەموو نووسینگەكان و دەزگاو ئامێرەكانی لە ناووەوەو دەرەوە ... هەروا لە بارەی پرۆژەی بەرەی كوردستانی لە ساڵی ١٩٩٨ .

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە هەموو جووڵانەوەی یاخوود بزوتنەوەی ئیسلامی لەكوردستان لە پێناو كوردو خاكی كوردستان نەبووەو نیە لە

هیچ کات و ساتێکدا .

لە بەر ئەوەی کورد بەر لە هەموو شتێك پێویستی بەرزگار بوونە لە ژێر ئەو رژێمانەی کە لە سەر خاکی کوردستان سنووری دەوڵەت و خاکیان دیاریکراوەو تاکوو ئێستاش دژی ماف کوردن لە هەموو بوارەکانی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زمان و مێژوو و داب و نەریت و کەلتورو شوێنەوارو شارستانیەت .

کورد پێویستی بە هیچ پارتێکی ئیسلامی نیەو پێویستی بەو پارت و رێکخراو گروپانە نیە کە یەك ئامانجی تێکۆشان و خەبات و قوربانی دانی کۆیان بکاتەوە لە پێناو گەیشتنی بە ئامانجی سەرەکی ئەویش رزگاربوونە لە ژێر دەستی داگیرکەران و راگەیاندنی سەربەخۆیی و دیاریکردنی سنووری ئەو خاکەی کە بەسەدا هەزار قوربانی تیاداوە .

کورد هەڵگری ئاینی ئیسلامە بە زۆری زۆرداری شمشێر ، نەك بە رێگەی ئارەزوومەندانە ، کە مێژوو شایەتە بە تایبەتی سەردەمەکانی فتوحاتی ئیسلامی بە تایبەتی لە کاتی خەلیفەی ئیسلام عومەری کوری خەتاب لە ناوچەو هەرێمەکان ... هەر وەك لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە بە پێی رۆژانی رووداوەکانی دیاریکراووە لە هەموو بوارەکان .

سەرچاوە :– الحرکة الاسلامیة فی کردستان العراق , د.محەمەد نوری بازیانی , چاپی یەکەم /٢٠٠٦.

١٩٩٨/٨/١٧ دەسەڵاتی ناوەندی رووسیای یەکگرتوو بریاری دابەزینی دراوی رۆبلی رووسیدا ، ئەویش بە هۆی گیروو گرفتی باری ئابووری ، کە ئێستا زۆربەی زۆری فەرمانبەران مووچەیان وەرنەگرتووەو بۆتە هۆکارێکی بێزاری گەلانی رووسیا ، بەتایبەتی توێژی نووسەرو زناو رۆژنامەنووسان و پسپۆران لە وڵاتەکەدا .

١٩٩٨/٨/٢٠ شانشینی مەغریب شانشین حەسەنی دووەم مەرسوومێکی شانشینی دەرکرد ، ئەویش بەخوێندنی زمانی ئەمازیخی – زمانی نژادی بەربەر– لەقۆناخی سەرەتایی– ئەمازیخی و لادێی و سووسیەکان– لە ناو سنووری وڵاتەکەدا .

١٩٩٨/٨/٢٠ لە ئەنجامی بۆردوومان کردنی باشووری رۆژهەلاتی کابوڵی پایتەختی

ئەفگانستان لەلایەن هێزەکانی سووپای ئەمەریکا ، کە ئەویش بووە هۆی کووژرانی چەندین دبلۆماتکارانی ئێرانی ، بەناوی ئەوەی کە سەرابازگەی فێربوونی هێزی چەکداری ئیسلامیە توندڕەوەکانی سەر بە ئوسامە بن لادن و تالیبانن لە شارەکەدا .

١٩٩٨/٨/٢٠ هێزەکانی سووپای ئەمەریکا بە موشەکی کرووز هێرشی کردە سەر بنکەکانی ئەفگانستان و لە هەمان کات کارگەی دەرمان لە سوودان ، بە هۆی بوونی پەیوەندیان بەو دوو تەقینەوەی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە کینیا و تەنزانیا ، کە بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ٢٠٠ هاوڵاتی لە هەردوو وولاتدا.

١٩٩٨/٩/٣ سەرۆکی ئەمەریکا - بیل کلینتۆن- نامەیەکی ئاراستەی کۆنگریسی ئەمەریکا کرد ، ئەویش لەبارەی بارودۆخی ئێراق و بەتایبەتی کوردو هەرێمی باشووری کوردستانی لکێندراو بەئێراق لە ناوچەکەدا .

١٩٩٨/٩/١٧ مۆرکردنی رێکەوتنامەی ئاشتبوونەوەی -واشنتۆن- لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ، لەلایەن سەرۆکی هەردوو پارت ، بەڕێزان مام جەلال و مەسعوود بارزانی ، ئەویش بەناوبژیووانی ئیدارەی ئەمەریکا لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا خاتوو - مادلین ئۆلبرایت ، بەلام لەباری شەڕو پێکدادان گوواستراوە بۆ باری نەشەڕو نەئاشتی لە هەرێمی باشووری کوردستان...؟...!.

١٩٩٨/٩/١٧ گیرهاردەر شرۆیدەر لە هەلبژاردنەکانی ئەلمانیا بەڕاوێژکاری ئەلمانیا هەلبژێردرا لەئەنجامی بەدەست هێنانی سەرکەووتن بەرامبەر بە ڕاوێژکاری ئەلمانیا هیلمۆت کۆڵ ، لە وولاتەکەدا ، دوای ئەوەهیلمۆت کۆڵ خانە نشین کرا لە پۆستەکەیدا .

١٩٩٨/٩/١٨ شانشینی ئیسپانیا بە ئەندام لەپەیمانی ئەتلەسی - ناتۆ- وەرگیراو وەستانی شەڕی یەك لایەنەی لەگەڵ ڕێکخراوی بەرهەلستکار ڕاگەیاند لە پێناو چارەسەر کردنی کێشە هەلوواسراوەکان لە وولاتەکەدا .

١٩٩٨/٩/٢٢ لەدوای کێشەو ململانێی توندو تیژی نێوان شۆڕشگێران و دەسەلاتداران لە باشووری ئەفریکیا ، بە چاودێری ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین لایەنی دیکە ، توانرا سەربەخۆیی کۆماری نامیبیا ڕابگەیەنرێت و سەربەخۆیی تەواوی لەساڵی/ ١٩٩٠ بە دەست هێنا لە ناوچەکەدا .

١٩٩٨/١٠/٢ زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠هەزار سەربازی تورك بە هەموو جۆرە چەكێكی جەنگی سەردەمی هاتنە ناو سنووری هەرێمی باشووری كوردستانی لكێنراو بەئێراق ، ئەویش بۆ لێدانی بنكەكانی پارتی كرێكارانی كوردستانی باكووری كوردستانیداگیر كراوی ژێر دەسەلاتی توركیا لەناو خاكی ئێراقی بەزۆر دورستكراو لەسەر خاكی كوردستان...؟. لە ناوچەو كێشووەرەكەدا .

١٩٩٨/١٠/١٣ لەم ڕۆژەدا دەزگا ئەمنیەكانی ڕژێمی بەعسی سەدامی لە ئێراق وەفاتنامەی بۆ ٢٠٠٠ دوو هەزار هاوولاتی لەگەلانی ئێراق تۆماركردو لەئەنجامی لەسێدارە دان و گوللەباران كردنیان ، بەتایبەتی گەلی كورد لەهەرێمی باشووری كوردستان.

١٩٩٨/١٠/١٦ هێزەكانی پۆلیسی بەریتانیا سەرۆك كۆماری شیلی دیكتاتۆری پێشوو- بینۆتشیێ- یان دەسگیر كرد ، وەك تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی ، كە ئەم مرۆڤە لە ماوەی دەسەلاتەكەی نزیكەی ٢٥٠,٠٠٠ هەزار مرۆڤی شەهید كرد ، لە گەلانی شیلی خەباتگێری وولاتەكە ، ئەویش بە پشتگیری ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی بە تایبەتی لە كۆمۆنیستەكان .

١٩٩٨/١١/٢٠ بۆ یەكەمجار دەست بە بوونیاتنانی پرۆژەی وێستگەی بۆشایی ئاسمانی ISS كرا لە بۆشایی ئاسمان یەكەم بەشیش بە Zurya ناسراو بوو لە لایەن ڕووسیای یەككرتوو ئامادەكرابوو ... دوای ئەوەی یەكەی Unity لە لایەن Usa ئامادەكراو لە سالی ١٩٩٨ هەلدرایە بۆشایی ئاسمان ، دوای ئەوە لە سالی ٢٠٠٠ یەكەی ڕووسی بە Zferdu بە بەشەكانی دیكەوە لكێنرا .

ئەم وێستگەیە لەلایەن ١٦ وولات دامەزرێنرا ، وەك ئەمەریكا و یابان و ڕووسیا و وولاتانی ئەورووپا ، كە ئەم وێستەگەیەش بە وێستگەی ئەلفا دەناسرێت .

هەروا واچاوەروان دەكرێت كە دووبەشی دیكەی ئەمەریكی و ڕووسی لە سالانی ٢٠١٠ – ٢٠١٥ لە گەل بەشەكانی دیكە ببەسترێتەوە و لە سالی ٢٠١٦ ئەم وێستگەیە بە تەواوەتی بنیاتنرابێت و لە بەرزایی ٣٠٠ كیلۆمەتر لە سەر ئاستی زەویدا .

١٩٩٨/١٢/١١ لە هەلبژاردنەكانی گەلانی ئەفریكیای ناوەندی ئەنجوومەنی یاسادانان لایەنگرانی سەرەك كۆماری ئەفریكیای ناوەندی – باتسیە-ی كرد ، كە

زۆربەی دەنگی دەنگدەرانی بەدەست هێنا لە لایەن دەنگدەرانی وولاتەکەدا

.

١٩٩٨/١٢/١٣ کۆچـــــــی دوایـــــــی نیشتیمانپەروەرو خەباتگێری کـــورد و ســـکرتێری پـــارتی دیمـوکراتی کـورد . پـارێزەر مامۆسـتا - هـەمزە عەبدوللا - ... شـــایانی باســـە ئـــەم خەباتگێرە لە ساڵی ١٩١٢ لە شـــاری پـــاش قـــەلای نزیـــك دەریاچـــەی وان لـــە بـــاکووری کوردســـتان چـــاوی بـــەجیهان

هـەڵهێناوە ... بـاوکی ئەفـسەرێکی سـووپای عوسمـانی بـووە لـە بـەرەی جەنگی قەفقاس لەجەنگی یەکەمی جیهان شەهید بووەو لەدوای کۆتـایی جـەنگ بنەماڵەکەی هاتۆتـە شـاری زاخـۆی سـەر بـە پارێزگـای دهـۆك لـە باشووری کوردستان نیشتەجێ بوونە .

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەستی بەخوێندنی سەرەتایی لە شاری زاخۆ کـردووە و قۆنـاخی خوێنـدنی ئامـادەیی و ناوەنـدی لـە شـاری مووسـڵ تەواوکردووە ، لە ساڵی ١٩٣٢ چووەتە شاری بەغدا و لە کۆلێـژی مـافی لە ساڵی ١٩٣٦ تەواو کردووە .

لـە ناوەنـدی سـاڵی ١٩٣٥ ی خوێنـدنی دەسـتگیر دەکـرێ تـاکوو کودەتـا سـەربازیەکەی بـەکر سـدقی لـە رۆژی ١٩٣٦/١٠/٢٩ ئـازاد دەکـرێ . دوای کوشـتنی سـەرکردەی کودەتاکـە بـە کوشـتنی لـە ١٩٣٧/٨/١١ دووبـارە دەسـتگیر دەکرێتـەوە و لـە دوای دادگـایی کردنـی و دەرچـوونی بـە پـاکی ئازاد دەکرێ .

لە ساڵی ١٩٤٥ چووە پاڵ بزوتنـەوەی رزگاریخوازی کورد و لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان و پـەیوەندی بەکۆمەڵـەی - ژ . ك - کـرد ، دوای ئـەو کۆمەڵەیـە بـووە ئەنـدامی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان ، دوای ئەوە بووە یـەکێك لـە هەڤاڵـەکانی بارزانی وبەشداری کـرد لـە تـەواوی

کارەکانی وکۆماری کوردستان کرد لە ١٩٤٦/١/٢٢ .
دوای ئەوە گەراوە باشووری کوردستان و پەیوەندی بەرێکخراوی شۆرش و رزگاری کرد . دوای ئەوە بەشداری تەواوی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کردو لە یەکەم کۆنگرەدا لە ١٩٤٦/٨/١٦ بە سکرتێری یەکەمی پارتەکە هەڵبژێردراو بارزانی مستەفاش بە سەرۆکی پارتی لە شاری بەغدا لە ماڵی سەعید فەحیم حەوێزی کۆنگرەکە بەسترا .

١٩٩٩

١٩٩٩/١/١٧ بۆ یەکەم جار لە مێژوی باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق ، کەنالی تەلەفزیۆنی ئاسمانی کوردستان KTV ، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ، پەخشەکانی خۆی بە بە هەرێم و ناوچەوجیهان بلاو کردەوە ، کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەبوارەکانی ڕامیاری و نەتەوەیی و نیشتمان و لە پەیوەندیەکانی ناوخۆیی و نێوودەوڵەتی لەهەرێمەکەدا .

١٩٩٩/١/٢٣ کۆچی دوایی گۆرانی بێژی ناوداری کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی لکێنراو بە ئێران – محەمەدی مامڵێ ... شایانی باسە ئەم گۆرانی بێژە لە ساڵی ١٩٢٥ لە شاری مەهابادی ڕۆژهەلاتی کوردستان چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ، لەماوەی ژیانی ئەم گۆرانی بێژە ٦٠٠ گۆرانی تۆمارکردووە .
هەروا بەهۆی بیری ڕامیاری و بوونی کوردایەتی لەساڵی ١٩٣٨ بەندکراووە ... ئەم گۆرانی بێژە لە ١٩٩١/١/٢٤ لە گۆرستانی (یۆداخ سولتان) لەشاری مەهابادی – پێشەوا قازی – لە تەك شاعیران مامۆستا هێمن و هەژار موکریانی نێژراوە لە شارەکەدا.

١٩٩٩/١/٢٩ کۆچی دوایی شاعیرو نووسەرو ئەندازیار –جەلال مەدحەت خۆشناو – لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا لە شاری هەولێر ... شایانی باسە مامۆستا جەلال

مەدحەت لە ساڵی ١٩٣٤ لە هاوینە هەواری شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێرلە هەرێمی باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... خوێندنی ئامادەیی لە هەولێر و کۆلێژی ئەندازیاری لەساڵی ١٩٥٦ لەبەغدا تەواوکردووە لەگەڵ خوێندن بەردەوام دەبێ لە نووسین و شعرو بابەتە هەمە لایەنەکان کەلەماوەی ژیانی خاوەن چوار بەرهەم بووە .

١٩٩٩/٢/١٥ دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە– لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا – عەبدوڵڵا ئۆجەلان– لە دوای دەربەدەربوونی بەووڵاتەکانی سووریاو لوبنان و ڕووسیاو ئیتالیا دەستگیر کرا ، لەلایەن سیخوڕەکانی تورك ، بە هەماهەنگی تەواو لە گەڵ سیخوڕەکانی ئیسرائیل و میسرو ئەمەریکاو و ووڵاتانی ئەوروپا ، بەسەرپەرشتی سیخوڕەکانی –سی ئای ئەی– ئەمەریکا لە فرۆکەخانەی نێوو دەووڵەتی لە شاری نایرۆبی پایتەختی کینیا و درانەوە دەست ڕژێمی تولارکیا .

١٩٩٩/٢/٢٧ شاعیری شیعری ڕامیاری کوردی مامۆستا ڕۆستەم حەوێزی لەتەمەنی – ٨٦– ساڵیدا لەشاری ئەدەیبان و ڕۆشنبیران لەشاری کۆیە کۆچی دوایی کرد لە باشووری کوردستان.

١٩٩٩/٣/١٢ کۆمارەکانی هەنگاریاو پۆلەنداو تشیك بوون بە ئەندام ، لە پەیمانی ناتۆ لەدوای هەوڵێکی زۆر لەلایەن ئەو ووڵاتانەی کەسەربەخۆییان بەدەست هێنا لەدوای هەرەس هێنانی پەیمانی وارشۆ لە نێوان ووڵاتانی سوسیالیستی بەسەرکردایەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە ووڵاتەکە و کێشووەرەکەدا .

١٩٩٩/٣/١٨ کۆچی دوایی گۆرانی بێژو هونەرمەندی کورد – قادر دیلان – جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٢٨ لە

شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... لە ساڵی ١٩٤٨ بە نیازی خزمەتکردنی هونەری مۆزیکی دامەزراندووە ... لە ساڵی ١٩٥٢ تیپی مۆزیکی مەولەوی لە شاری سلێمانی دامەزراند ، کە یەکێکە لەتیپە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی .

دوای ئەوە لە کۆلێژی کارگێری و ئابووری لە ساڵەکانی ١٩٥٣ – ١٩٥٤ لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق وەرگیراوە . دوای ئەوە دەبێتە سەرپەرشتیاری رادیۆی کوردی بە مەبەستی خزمەتکردنی بواری مۆزیک لە نیشتیمانەکەی خۆیدا .

لە سەر داوای خۆی لە رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٠ تەرمەکەی لە وولاتی چیکەوە گەیشتە ئەلمانیاو لە رێگەی فرۆکەخانەی فرانکفۆرت گەیشتەوە شاری هەولێر لە پێناو بەخاك سپاردن لە سەر خاکی کوردستان .

١٩٩٩/٣/٢٤ فرۆکە جەنگیەکان و کەشتیە جەنگیەکانی سووپای ئەمەریکا بە سەرکردایەتی پەیمانی ناتۆ ، هێرشیان کردە سەر کۆماری سربیا . بۆ ناچارکردنی بەلگرادی پایتەخت لە پێناو رەزامەندی کردنی لە سەر نەخشەی ئاشتی نێوو دەوڵەتی بە کۆتایی هێنان بەجەنگ لە کۆسۆفۆ لە ناوچەی بەلکان .

١٩٩٩/٨/٢١ بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە نێوان راپەرین و بزووتنەوەدا راگەیانراو لە رۆژانی ٦– ٢٠٠٠/٨/٨ کۆنگرەی یەکەمی خۆی گرێدا ... هەروا لە ٢٠٠١/٥/٣١ کۆمەڵی ئیسلاکی کەرت بوو لە یەکبوون جیا بوونەوەو پارتێکی نوێی راگەیاند .

هەروا لە ٢٠٠١/٩/١٢ بزووتنەوەی یەکبوون هەڵوەشایەوەو جارێکی دیکە بزووتنەوەی ئیسلامی راگەیاندرایەوە .

جێگەی باسکردنە و روونکردنەوەیە بۆ مێژوو لە بەر ئەوەی هەموو گۆرانکاریەکان لە سەر گۆی زەوی لە لاپەرەی تۆمارەکانی تۆماردەکرێت ، جا رامیاری بێت ، یاخوود سەربازی و نەتەوەیی بێ ، یاخوود نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی بێ ، یاخوود رۆشنبیر و یا زمان بێت ، یاخوود مێژوو و داب و نەریت بێت ، یاخوود کەلتوورو شارستانیەت ...؟...! .

لە بەر ئەوەی مێژووی سەرووەری و شکست هەردووکیان پیرۆزبوون ... سەرکردەی پارت و رێکخراوو گرووپەکانی قۆناخێکی دیاری کراو لە خەباتی رزگاریخوازی میللەتی کورد کاریزماییانە تەماشای کراوون ... خواست بۆ تەمەنی درێژ کەرستەی شانازی و چیرۆکی رابردووی بۆ ئێستا مسۆگەر کردووە .. مرۆڤ هەموو کات خوازیاربووە خۆی گەج نیشان بدات و تەمەنی درێژی خۆی بشارێتەوە ... بەڵام لە بەرامبەردا پارت و رێکخراوە رامیاریەکانی کوردستان خوازیاری تەمەنی درێژ دەکەن .

دوور نیە بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە تا ئێستا بە گەراندنەوە مێژووە رابردوو و ئایندەیان یاخوود داهاتوویان مسۆگەر کردووە ...و دەستی بەتاڵییان بۆ داهاتوویان پێ شاردبێتەوە . کەواتە مێژوو بۆ پارت و رێکخراوو گروپە کوردیەکان بۆتە گەورهەر .

بەرهەم هێنانی پارت یا کارزما یان کەلتووری خەباتی گەلی کوردستان ، شکستەکانی لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتیمانی سەد ساڵەی کوردستان بۆتە دیاریدەیەکی هێندە سووراو رەوتی خوێندنی مێژووی لەم هەرێمەدا رەزاگران کردووە ...لە بەر ئەوەی تا ئێستا نەتووانراوە سنووری پیرۆز بەبێ ماناکان و مانادارەکان لێك جیاو شێ بکەینەوە . یاخوود شێکاربکرێ لە هەموو بوارە جیاجیاکان بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

هەر وەك لە سەرەوە باسم کرد لە دامەزراندنی پارت و رێکخراوو گرووپە ئیسلامیەکان لە سەر خاکی کوردستان و لە ناو کۆمەڵگای کورد و لەناو جەماوەری گەلی کوردستان ... ئەویش بەهۆی شەپۆڵەکانی جوو ، لانەوەی ئیسلامی توند رەو ئیسلام بووە ، بە پێی پەرینەوەی قۆناخ بۆ قۆناخەکانی دیکە ... گەر بەراووردێك لە سەر ئەم بابەتە بکەین ئاوێکی زۆری دەوێت . کە ئەم پارت و رێکخراو و گروپانە نە نەتەوەیین و نە نیشتیمانین و نە لە پێناو نەتەوەو نیشتیمان خەبات دەکەن ، بەڵکوو بە پێچەوانە بۆ ئیسلام و بە هێزکردنی جێ پێگەی عەرەب خەبات دەکەن . لە هەموو بوراە جیاجیاکان لە هەرێم و ناوچەکاندا .

نموونەش بۆ ئەم راستیە ، ئیسلام برایەتی ئیسلام و رێنمایەکانی ئیسلام لە سەرەوەی نەتەوەو نیشتیمانەکانیان دادەنێن ، نەك بە پێچەوانە لە هەموو بوارەکاندا ... گەر نا ئەمرۆ گۆرەپانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتیمانی لە سەر خاکی کوردستان خۆی لە گەیاندنی کورد بە ئاوات و ئامانجەکان لە بەدەست هێنانی ئاسایشی نەتەوەو نیشتیمانە .

کە ئەمە تاکە رێگایە بۆ ئامانجی سەربەخۆیی لە سنووری دیاریکراوی دان پێنراو لە کێشووەرەکەدا .

له بەر ئەوەی ئەو وولاتانەی که کوردو خاکی کوردستانیان لەت لەتکرد بە ئاین و ئیسلامن و بە ناوی ئیسلام ئەنفالیان کرد ... بە ناوی ئیسلام کیمیا بارانیــان کــرد ... بــه نــاوی ئیــسلام گونــدیان وێرانکــرد بەمزگــەوت و قورئانەکانــەکانیان سووتاند ... بەناوی ئیسلام کچی کوردیان فراند ... بە نــاوی ئیــسلام کــچەکانیان لــه عــەرەب مــارەکرد بــۆ ئــەوەی میراتگرەکــەی ئامادەبێت ...بەناوی ئیسلام خاکیان داگیرکردین – فتوحاتی ئیسلامی – بە زەبری شیر کوردیان کرد بە ئیسلام ...؟...!... بەناوی ئیسلام کورد دەکووژن . بە ناوی ئیسلام پروپاگندەی دژ بە کورد دەکەن ...؟...!.

ئەو پارت و رێکخراوو گروپە ئیسلامیانەی لە ناو گەلی کوردستان دروست بوون بە پشتیووانی و یارمەتی ئەو وولاتانەیە کە هەموو کارەسات و ئە و مەرگەساتەیان بە سەر نەتەوەو نیشتیمانەکەدا هێناوە . وەك ئێران تورکیاو سعوودیە و وولاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی .

مەبەســت حکوومەتــەکان و پــارت و رێکخــراو و گروپــەکانیان ..؟..!. کــوردو عەلی سیستانی و غازی عجیل یاوەرو عەبدوالعەزیز حەکیم و حارس زاری و نــوری مــالکی کوجا مەرحــەبا ... کــوردو ئۆردگــان کوجا مەرحــەبا ... کــوردو عــەلی خامــەنانی و مــەحمودی ئەحمــەدی نــژدا کوجــا مەرحــەبا ... کــوردو بنەماڵەی ئالسعوود کوجا مەرحەبا ... کوردو ئوسامە بن لادن کوجا مەرحەبا ... کــوردو یوســف قــەرەزاوی ســەرۆکی یەکیــەتی ئیــسلامی جیهــان کوجــا مەرحــەبا ... کــوردو کــۆنگرەی ئیسلامی کوجــا مەرحــەبا ... کــوردو پــارت و گروپی ئیسلامی کوجا مەرحەبا ... کوردو ئوومەی ئیسلامی و عەرەبی کوجا مەرحەبا ...؟...!.

ئەمانە کەی و چ رۆژێك ووتەیەکی باشیان بۆ کورد کردووە و بەرگریان لــە مەرگەساتەکانی کورد کردووە ، کەچی کورد لە هەموو بوارەکانی ئایینی ئیــسلام لــەوان ئیسلامتر بوونــەو بــەرگریان لــە ئــاین و رێنمایــەکانی ئیــسلام کردووە ..!.

کورد ئەمرۆ پێویستی بە هیچ پارت و رێکخراو گروپێکی ئیسلامی نیە ، بــەڵکوو بە پێچەوانە پێویــستی بە یــەکگرتن و یــەك دەنــگ و یــەك هەڵوێــست هەیــە لــە هــەموو بــوارە جیاجیاکــان ... کــورد لــە هــەر چوار هەرێمەکــەی بــە تایبەتی لە باشووری کوردستان .

ماوەی سەد ساڵە لە ناو گێژاوی پەلاماردان و تووانەوەی بوونی ناسنامەی کورد دەخوولێتەوە لەلایەن عەرەب و فارس و تورکی ئیسلام . لە ناوجەرگەی خاکی خۆی نەك لە سەر داگیرکردنی گەلانی دیکە ... هەڵوەستەیەك و ئاوردانەوەیەك بۆ دوواوە دەمانگەیەنێتە ئامانجەکانمان لە هەموو بوارە جیا جیاکان ، بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا لە کێشووەرەکەدا .

١٩٩٩/٤/٥ لە دوای هەوڵە بەردەوامەکانی وولاتانی پەیوەندار ، سەرکردایەتی دەسەڵاتی کۆماری لیبیا ، ئەو دوو کەسەی بەناو فڕۆکەکەیان تیرۆر کردبوو درانە دەست دادگای لاهای نێوودەووڵەتی لە هۆڵەنداو ، بە دادگایی کردنیان بەپێی یاسای ئسکۆتلەندە بەڕێوە چوو .

کە ئەم کارەش بووە هۆی لابردنی ئەو نیمچە گەمارۆیەیەی کە بە سەر کۆماری لیبیا سەپاندرا بوو ، لەگەل گەڕاندنەوەی بۆ پەیوەندیە ئاساییەکانی نێوو دەووڵەتی لەجیهاندا.

١٩٩٩/٤/٦ لە دوای ئەوەی کە سەرکردایەتی دەسەلاتی لیبیا ئەو دوو هاوولاتیەی تاوانبار کرابوون بەتەقاندنەوەی فڕۆکەی بازرگانی ئەمەریکا لەسەر خاکی لۆکەربی درانە دادگای لاهای لە هۆڵەندا.

١٩٩٩/٥/١١ شاندێکی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ، سەردانی بارەگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کرد لە شاری نیورۆکی ئەمەریکا ، بە دەست قێکردنی گفتووگۆیان ،ئەویش لەبارەی ئەو ئەزموونەی کوردستان و پەیوەندی داهاتووی کوردستان وناوچەو هەرێمەکەو جیهان.

١٩٩٩/٧/٧ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئایندە بەسەرپەرشتی مامۆستا حوسێن عارف و سەرنووسەرەکەی دلشاد عەبدوڵلا لەشاری هەولێر لەباشووری کوردستان.

١٩٩٩/٧/٨ کۆماری مەژەر – هەنگاریا ، بەئەندامی تەواو لە پەیمانی ئەتلەسی نێوان وولاتانی ڕۆژئاوا – ناتۆ- وەرگیرا لە کێشووەرەکەدا .

١٩٩٩/٧/١٦ کەووتنە خوارەوەی فڕۆکە تایبەتیەکەی سەرۆکی ئەمەریکای پێشوو جۆن

کەنـەدی ، کـە لـە ئـەنجام کـوڕی‌و خێزانەکـەی‌و خووشـك‌و براکـەی گیانیـان لەدەست دا لەناوچەکەدا .

١٩٩٩/٧/١٨ کووشـتنی سـەرەك کۆمـاری نیجـر - ئیـبراهیم منـاره - لەلایـەن پاسـەوانە تایبەتیەکان ، دوای کووشتنی ئەو ، جێگرەکـەی - ئەحمـەد بوبکر- جێگـەی گرتـەوە بەسـەرەك کۆمـاری نیجـرو دەسـتووری نـوێی دەسـەلاتی مـەدەنی ڕاگەیاند لەڕێگەی ڕاپرسی گەلانی نیجر لەوولات کەدا.

١٩٩٩/٧/٢٣ شانـشین حەسـەنی دووەم شانـشینی مـەغریب ، بـەهۆی تەمـەن گـەورەیی کۆچـی دوایـی کـردو ئـەمیر محەمـەدی شەشـەمی کـوڕی جێگـەی گرتـەوە بەشانشینی مەغریب ، کە لەو کاتە مەغریب لە کێشەیەکی چارەسـەر نـەکراو دەخوولاوە ، ئەویش بە هۆی جوولانەوەی پۆلیساریۆ لەبیابانی ڕۆژ ئاوا ، لـە پێناو بەدەست هێنانی سەربەخۆیی لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٩/٨/١١ لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنـراو بە ئێـراق ، بەتەواوی ڕۆژ گیرا بۆ ماوەی یەك خوولەك ، ئەویش لە کاتژمێر٣,٤٥ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ بەکاتی باشووری کوردستان.

١٩٩٩/٨/٢١ لـە دوای هـەوڵ و هاوکـاری و هەماهەنگیـەکی بـەردەوام لـە نێـوان وولاتـانی هاوکاریکەرو دەسەلاتی کۆنگۆو جوولانـەوەی بەرهەرسـتاکار ، سـەرکردایەتی کۆمـاری کۆنگـۆی دیموکـاتی‌و شۆڕشـگێران بڕیـاری شـەڕ وەسـتانیان لەناوخۆی وولات ڕاگەیاند .

١٩٩٩/٩/١ زۆربـەی زۆری ئـاوارەو دەربـەدەربووەکانی یۆگـسلاڤیا لەئـەنجامی شـەڕی ناوخۆ گەڕانەوە جێگەی ڕەسەنی خۆیان لە ناو وولاتەکەدا .

١٩٩٩/٩/١٤ لـەدوای هـەوڵ و تەقەلایـەکی زۆر پـشتگیری لێکـردن کۆمـاری کریبـاس بەئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان وەرگیرا.

١٩٩٩/٩/٢٠ کۆمەلـەی گشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان دوا کۆبوونـەوەی سـەدەی بیستەمی گرێدا ، کە ١٨٨ سەرۆك‌و نووێنەری وولاتـانی جیهـان بەشداریان تێدا کـرد ، لەو کۆبوونەوەیە ئەمینداری گشتی ڕێکخراوەکە - کۆفی ئەنان - گـووتی:- پێویـستە بڕیارەکـانی ئەنجوومـەن جێبـەجێبکرێ‌و پـشتگوێ نـەخرێن ، لـە ڕووی ڕەگـەز پەرستی‌و چارەی خۆنووسی نەتـەوە ژێردەسـت‌و مـاف زەوت

کراوەکان لە جیهاندا .

١٩٩٩/٩/٢٦ لە ئەنجامی هەلبژاردنەکان و راپرسی لەسەر دەستووری فرەلایەن لەکۆماری تاژیکستان ، بریاری لەسەر درا ، کە پارتە رامیاری و ئیسلامی دەتوانن ئازادبن لەکار کردن لە نەخشەی رامیاریەتی وولاتەکەیاندا .

١٩٩٩/٩/٢٦ لەراپرسی گەلانی میسر محەمەد حوسنی موبارەك دووبارە بە سەرەك کۆماری میسر هەلبژێردراوە لە سەر وولاتەکەدا .

١٩٩٩/١٠/١٢ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری برایەتی وەرزشی لەلایەن حکوومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان ، ئیدارەی هەولێر بەسەرپەرشتی رۆژنامەنووس مامۆستا فەرهاد عەونی لەشاری هەولێر ی پایتەخت لە هەرێمەکەدا .

١٩٩٩/١١/٢ لە دوای هەولْ و تواناو ماندووبوونێکی زۆر لە ئاکامی گفتووگۆی چڕی نێوان حکوومەتی پەنەماو ئەمەریکا ، سەرۆکی پەنەما میرباموسکوسۆ توانی لە ئاهەنگێکی گەورەدا لکێکی هەردوو بنکە سەربازیەکەی ئەمەریکا لە سەر خاکی وولاتەکەی دا دامەزرابوو وەر بگرێتەوە .

ئەویش بەکۆتایی هاتنی دەسەلاتی ئەمەریکا لە سەر پەنەما ... کە ئەم دوو بنکە سەربازیە بنەمایەکی بە هێزی سەبازی ئەمەریکا بوو لەو وولاتەو کێشووەرەکەدا ، لە پێناو بەرگریکردن لە بازرگانی مادە بێ هۆشەکان و گەمارۆدانی هێزی چەپرەوەکان لە ئەمەریکای لاتینی و ناوەند .

١٩٩٩/١١/٨ شانشینی مەغرب ئەمیر محەمەدی شەشەم لە دوای مردنی باوکی ، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەلْ بیابانی رۆژئاوا – جوولانەوەی پۆلیساریۆ – هەلْسا بە سەردانی بیابانەکەو لەو سەردانەیدا پێشنیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی راوێژکاری کرد بۆ بەرەی پۆلیساریۆو هەرێمەکە بە پێی یاسا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە کێشەی نێوان پۆلیساریۆو رژێمی مەغرب بەردەوام بووە لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە بواری سەربەخۆیی و دەسەلات .

ئەم سەردانەی شانشینی مەغرب بە یەکەم سەردان دادنرێت لەدوای کۆچی

دوایی باوكی لـه ٧/٢٢ی هـەمان ساڵ ... ئەو سـەردانەش وا رێكەوت لەگـەڵ یادكردنەوەی – رێپێوانی سەوز – ئەم كارەش كە ٣٥٠ هـەزار مـەغربی بـەرەو بیابانەكـە لەساڵی ١٩٧٥ رۆیشتن لـەپێناو بوونی دەسـەڵاتی مـەغرب لەسـەر بیابانەكەدا .

كە ئـەم هەرێمـەش لـەژێر دەسـەلاتی ئەسپانیا بووە لەپێشوودا ... لەهـەمان كـات بـەرەی پۆلیـساریۆ ئـەو سـەردانەی رەتكـردەووە كەلەلایـەن دەسـەڵاتی جەزائر پشتگیری لێ دەكرا . هەروا پۆلیساریۆ سەردانەكەی ئـەمیر محەمـەدی رەتكردەووە بەهۆی مۆركردنی رێكەوتن لەنێوان رژێمـی مـەغرب و فەرەنسا و ئەمەریكا بەپشكنینی چاوگە نەوتیەكان ، كە لە كەنارەكانی بیابانی رۆژئاوا دا هەن لە هەرێمەكەدا .

لـە گـەڵ ئەوەشـدا رێكخـراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان دانـی بەدەسـەڵاتی نـەنا بەوەی كە رژێمـی مـەغرب دەسـەڵاتداریەتی خـۆی لـە سـەر بیابانەكە مسۆگەر بكـات ، وەك ئـەوەی لەناوچـەو هەرێمـەكانی دیكـەی مەغربدا هـەن ... هـەروا نەتـەوە یـەكگرتووەكان هەوڵیـداوە كـە رێگـەی راپرسـیی مـافی سـەربەخۆیی بیابانەكە مسۆگەربكات . كە دوایی هەوڵەكانی هەرەسیان هێنا .

لەو كاتەشدا سەركردەی بـەرەی پۆلیـساریۆ – محەمـەد عەبدولعەزیز – ئـەو رێكەوتنەی لە نێوان دەسەڵاتی مەغرب و فەرەنساو ئەمـەریكای رەتكردەوە ، لـە پێنـاو دۆزینـەوەی نـەوت لـە بیابانەكـەدا ... لەلایـەكی دیكـەش ئەسـپانیا پـشتگیری بیابانەكـەی دەكـرد لـە پێنـاو بەدەسـت هێنـانی سـەربەخۆیی و نەكەوتنە ژێر دەسەڵاتی مەغرب . لەلایەكی دیكەش رژێمی شانشینی مەغرب دانی نابوو بەمافی ئەتۆنۆمی بۆ بیابانی رۆژئاوا لەسـەر پێشنیاری رێكخـراوی نەتەوە یەكگرتووەكان.

بەڵام بەرەی پۆلیساریۆ ئـەم پێشنیارەی رەتكـردەووە و هەرەشـەی بـەردەوام بوونی لەشـەری چەكداری كـرد دژی مـەغرب ... لەلایـەكی دیكـەش نوێنـەری نەتـەوە یـەكگرتووەكان و وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریكا – جـیمس بیكـەر – لەراگەیاندنێكیدا گووتی :– گـەر بـەرەی پۆلیساریۆ رەزامەنـدی لەسـەر ئـەم پێشنیارە بكات ، ئەوا مەغرب بۆ ماوەی چوار ساڵی دیكە دەسەڵاتی لەسـەر

بیابانەکە بەردەوام دەبێت ... لە هەرێمەکەدا ... بەڵام دوای هەوڵە بەردەوامەکانی بەرەی پۆلیساریۆ لە ٢٠٠٥/١١/٧ رەزامەندی کرد لە سەر ماف ئەتۆنۆمی بۆ ماوەی دیاری کراو لە سەر هەرێمەکەدا .

١٩٩٩/١١/٢٥ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕاگەیاندنێکیدا بڵاوی کردەوە، کە ئەمڕۆژە ببێتە ڕۆژی جیهانی دژ بە توندو تیژی بەرامبەر ئافرەت و بەرگریکردن لەمافەکانی ئافرەتان لە جیهاندا .

١٩٩٩/١٢/١٢بە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی نێوان سەرەك کۆماری سوودان عومەر حەسەن بەشیرو ، حەسەن تورابی ، کە هۆکاری ئەوکێشە لەبیروو بۆچوونە جیاوازەکان بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی ، کە حەسەن تورابی سەرکردایەتی دەکرد... لەگەڵ گۆڕینی چەندین بڕگە لە دەستووری سوودان .

١٩٩٩/١١/٢٢ بۆ یەکەم جار سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا – بیل کلینتۆن سەردانی سۆفیای پایتەختی بوولگاریای بکات ، ئەویش بەبەڵێن دان بە پشتگیری پێشکەش کردن و هاوکاری بۆ بولگاریا . کە وڵاتێکی دەست نیشانکراو بوو لەبواری بازرگانیدا لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاو وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا لە ئەوروپا بەگشتی ... ئەمەش بەهۆی پشتگیری حکوومەتی سۆفیا بوو لە جەنگی کۆسۆفۆ و بەلکان لەکاتی لێدانی دەسەڵاتی سەرۆکی یۆگسلافیا سلوبۆدان میلۆفیتشلە وڵاتەکەدا.

ئەمەش لە دوای چەندین گفتووگۆی نێوان حکوومەتی سۆفیا و ئەمەریکا هات .

شایانی باسە حکوومەتی بولگاریا یارمەتی هێزەکانی سووپای پەیمانی ناتۆی دا بەلایەنی فرۆکە جەنگیەکان لە فرۆکەخانەی سەربازی بولگاریا ، لە پێناو بۆردوومان کردنی فرۆکەخانە سەربازیەکان لە شاری بەلگرادی پایتەختی یۆگۆسلافیا .

٢٠٠٠

٢٠٠٠/١/١ هەموو وولاتانی جیهان لە سەر هەسارەی زەویدا ، چووە ناو هەزارەی سێیەم لە کاتی لێدانی زەنگی ساتەکانی کاتژمێر و کۆتایی هاتنی دوا ساتەکانی رۆژی کۆتایی ساڵی هەزارەی دووەم . لە دوورگەی ساموا ، کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای دەریای هێمن.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ساموا چووە ناو هەزارەی سێیەم لە دوای ٢٤ کاتژمێری تەواو لەدورگەی کیرباتشی ، کە یەکەم خاڵی بەیەك گەیشتنی جیهانە لە هەزارەی نوێدا ... ساموا و کیرباتشی دراوسێی یەکن لە دەریای هێمن ، بەلام کیرباتشی دەکەوێتە سەر سەرەتای هێڵی درێژی کە کاتەکانی جیهان دیاریدەکات و سامواس دەکەوێتە کۆتایی هێلی درێژی کە تانەکانی جیهان دیاریدەکات .

٢٠٠٠/١/١ وێستگەی تەلەفزیۆنی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی پەخشی ئاسایی خۆی بەکوردستان و جیهاندا بلاو کردەوە ، کە زمانحالی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەو بووە هۆکاری کاردانەوە لەهەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری نەتەوەیی و نیشتیمان .

٢٠٠٠/١/٦ کۆچی دوایی شاعیری پێشکەوتوو خوازی کورد – محەمەد شێخ حسین بەرزنجي – ناسراو بە – ع. ح. ب– لەشاری سلێمانی لەتەمەنی ٧٧

ساڵیدا لە هەرێمی باشووری کوردستان ، کە لە ساڵی ١٩٢٣ لەدێی بەرزنجە چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، هەروا چوار بەرهەمی شیعری بەچاپ گەیاندووە لەگەڵ چەندین بابەتی هەمەلایەن لە هەرێمەکەدا و گەیاندنی بەدەستی خوێنەراندا.

٢٠٠٠/١/٢٢ بە هۆی پاڵە پەستۆو نارەزایی بە هەزاران هاووڵاتی لە ئەکوادۆر دژی دەسەڵات بە پشتیووانی سووپا ، لە ئاکامندا توانرا ئەنجوومەنێك لەسێ کەس لە کەسایەتی ووڵاتەکە پێك بهێنرێ بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە سەر ئەکوادۆر. کە ئەو ئەنجوومەنە لە سەرکردەی سووپا –کارلۆس مینۆزاو سەرکردەی باڵای هنوودەکان ئەنتوان فاگاز و دادوەرێکی پێشوو لە دادگای دەستووری باڵا لە ووڵاتەکەدا .

کە سەرۆکی ئەکوادۆر جەمیل معەوز لە یەکێ لە بنکە سەربازیەکانی ئاسمان دەست بەسەرکرابوو لە نزیك شاری کیتۆی پایتەختی ئیکوادۆر، ئەمەش بە هۆی دەست لە کارنەکێشانەوەی لە سەرۆکایەتی ووڵاتەکەدا ... دوای ئەوەش ئەمەریکا و چەندین ووڵات دژی لادانی سەرۆکی ئەکوادۆر جەمیل بوون و داوایان کرد کە هەر دەسەڵاتێك دەسەڵاتی لەو ووڵاتە بگرێتە دەست دژی جەمیل معوزە و بە کودەتا دادەنرێت و لە پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان و رامیاری دوور دەکەوێتەوە . هەروا لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانیدا.

کە ئەمەش دەبێتە کارەسات بۆ گەلانی ئەکوادۆر ...کە بۆلیڤیاو کۆلۆمبیا و فنزویلا پشتگیری خۆیان بۆ سەرۆکی ئەکوادۆر جەمیل دەربری ... ئەمەش لەدوای گەمارۆدانی پەرلەمان هات لەلایەن خۆ پێشاندەران وراگەیاندنی ئەو پێك هاتە حکوومیەدا .

سەرەرای ئەوەش گفتووگۆ بەردوام بوو لە باڵەخانەکە . لە نێوان هنوودەکان و بەرپرسانی سەربازی بە سەرکردایەتی کارلۆس میندۆزا ، لەو کاتەش سووپا تووشی کێشەو ململانێ بوو لەگەڵ سەرۆکی ئەکوادۆر جەمیل معوەزدا .

لەوکاتەش عەقید لۆسیۆ جونیریز لایەنگیری هندی ئەنتوونیۆ ریڤازی دەکرد لە یەکێ لە ژوورەکانی پەرلەمان و داوای لەگەلانی ئۆکوادۆر کرد ،

بۆ راپەرین و وەستان دژی گەندەڵی و بەربڵاوی و لێك ترازانی پەیوەندی لە نێوان حكوومەت و كۆمەڵگای ئەو وولاتدا .

جێگەی ئاماژەیە كە سەرۆكی ئەكوادۆر جەمیل لە مانگی ١٩٩٨/٨/ لە هەڵبژاردنەكان سەركەوتنی بەدەست هێنا لەناو باری نا لە باری ئابووری و گەندەڵی لەو وولاتەداو كارنەكردن بە دەستووری ئەو وولاتەو نەگۆرین لە رامیاریەتی بەرەو پتەوكردنی باری ئابووری و بازرگانی و بەهێزكردنی ژێرخانی ئابووری لە وولاتەكەدا .

٢٠٠٠/٢/٣ پارتی ئازادی راسترەوی نەمساوی سووێندی یاسایی خوارد بە بۆنەی ئەوەی كە بەشێكە لە هاوپەیمانی حكوومەت ، بەڵام سەرۆكی ئەو پارتە – بوورگ هایدر– كە دژی پەنابەرانی بیانیە بۆ وولاتەكەی نەچووە ناو ئەو پێكهاتە حكوومیە نوێیە لە دوای هەڵبژاردنەكان .

سەرەرای ئەوەی رەخنەی نێوو دەوڵەتی زۆر ئاراستەی حكومەتی نەمسا كرا ... لەلایەكی دیكە سەرۆكی نەمسا – تۆماس كلیستیل – سەرپەرشتی فەرمی لەو پێك هاتە گرتە دەست بە دامەزراندنی هاوپەیمانی حكومەتەكە ... كەپێك هاتبوون لەپارتی ئازادو پارتی گەل و سەرۆكی نەمساو وردبینی لەو كەسایەتیانە كرد كە پۆستە حكومیەكان دەگرنە دەست ... لە گەڵ ئەوەشدا بوونی پارتی راسترەو لەحكومەتەكە بووە هۆی نارەزایی وولاتانی جیهان بەتایبەتی ئەورووپی و ئیسرائیل ، لەپەیوەندیە نێوو دەوڵەتیەكان .

لەوكاتەش هەر چواردە وولاتانی ئەورووپی كە هاوبەشی نەمسابوون لەگەڵ ئەمەریكاو ئیسرائیل بریاریاندا كە نەمسا لەپەیوەندیە نێوو دەوڵەتیەكان بەدوربخەنەوە ، گەر بێتوو پارتی ئازادی راسترەو بەشداری لەو حكومەتە بكات، لەهەمان كات سەرۆكی پارتی ئازادی راسترەو – فولگانگ شوسیل – بەڵێنی دا كەرێز لەماف مرۆڤ و بنەماكانی دیموكراتی بگرێت و بەرپرسیاریەتی نەمسای كرد لەتاوانەكانی رژێمی نازی كە ئەنجامی دابوو بەر لەجەنگی دووەمی جیهان بەتایبەتی بەرامبەر بە جوولەكەكان .

لەو كاتەش حكومەتی ئیسرائیل داوای كرد كە باڵیۆزەكەی لەنەمسا دەكشێنێتەوە گەر بێت و پارتی ئازادی نەمسای راسترەو دەسەلاتی

بگرێتە دەست ، لە بەر ئەوە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٦ باڵیۆزەکەی لە نەمسا کشاندەوە بەهۆی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆرت فالد هایم کەتاوانبارکرابوو بەتاوانەکانی لەو کاتەی دەسەڵاتی حکومەتەکەی لەدەستدابوو لە وڵاتەکەو پەیوەندیە نێوو دەوڵەتیەکان .

٢٠٠٠/٢/١٨ تیرۆر کردنی ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپارێزگای هەولێر فەرەنسۆ حەریری ، لەناوجەرگەی شاری هەولێر بەدەستێکی ڕەشی تیرۆریستان لە هەرێمەکەدا .

٢٠٠٠/٢/٢٩ لە دوای دەست کێشانەوەی سەرۆکی پارتی ئازادی راسترەوی نەمساوی یورگ هایدەر لە پۆستەکەی سەرۆکی پارتەکە کە یەکیەتی ئەورووپا بریاری یۆرگ هایدەری هیچ بیانویەك بەتەواوی نابێتە جێگەی دڵنیایی یەکیەتی ئەورووپا و وڵاتانی دیکەی جیهان سەرەرای ئەوەش ئەورووپا ئەو سزایانەی کە لە سەر ڤیینا داناوە لە بەر سەرۆکی پارتەکە نیە بەڵکوو لە بەر رامیاریەتی توندرەوی پارتەکەیە و لە لایەکی دیکەش سەرۆکی نەمسا فولگانگ شوسیل لە لێدوانێکیدا گوتی :-

بریاری دەست کێشانەوەی هایدەر لەسەرۆکایەتی پارتەکەی بیانوو بۆ داهاتوویەکی دوور لە وڵاتەکەو جیهاندا ... دوای ئەوەش سەرۆکی پارتی ئازادی راسترەو گوتی:- دەست لەکارکێشانەوم لەسەرۆکایەتی پارتەکە مانای وانیە واز لەکاری رامیاری دەهێنم بەڵکوو گرنگی بەکاری داد دەدەم لەهەرێمی کارینشیای نەمسا .

٢٠٠٠/٣/١١ سەرۆکی شیلی نوێی هەڵبژێردراو - ریکاردی لاگۆس - لە مانگی ٢٠٠٠/١/ سوویندنی یاسایی خوارد ، لە دوای گەرانەوەی ژەنەرال بینۆشێ . لە دوای

١٦ مانگ لە ژێر دەست بە سەری لە بەریتانیا کە تاوانبارکرابوو بەتاوانی جەنگی دژ بە مرۆڤایەتی کە بەامبەر گەلی شیلی ئەنجامی دابوو لەدوای وەرگرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی کودەتای سەربازی لە ساڵی /١٩٧٣ بە سەر سلفادۆر ئەلندیدا .

لەرێوو رەسمی سووێندی دەستووری سەرۆکایەتی ئەورووپاو ئەمەریکای لاتینی بەشداربوون بەوەش ناوزەند کرا ، کە سێیەم سەرۆك لە رێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتی دەسەڵات لە شیلی بگرێتە دەست ... لە هەمان کات یاخی بووە مارکسیەکانی پێشووی سلفادۆر توانیان زۆرترین دەنگ بەدەست بێنن لە هەڵبژاردنەکەدا بە بەدەست هێنانی کورسی لە پەرلەمانی شیلی و لە ئەنجوومەنە شارەوانیەکان .

جێگەی ئامارە پێکردنە کە یاخی بووە مارکسیەکان لە وولاتەکەدا لە ساڵی ١٩٩٢ چەکی سەربازیان فرێداو بریاری دەست هەڵگرتن لە توندو تیژیان داو کەوتنە گۆرەپانی رامیاری و کاری رامیاری لە رێگەی هەڵبژاردن ئاواتەکانیان جێ بەجێبکەن لەخۆیان لەناو پارتی ئاریتا کۆ کردبووە لە ولاتەکەدا .

٢٠٠٠/٣/١٤ کردنەوەی پارکی هەولێر لە باشووری کوردستان بەدەست پێکردنی کارەکانی لەپێناو بەئەنجام گەیاندنی لەسەر رووبەری ٨٠٠ دۆنم زەوی لە رۆژئاوای شاری هەولێرو لە کۆنە سەربازی فەیلەقی/٥ سووپای ئێراق ، کە دەکەوێتە باکووری شەقامی هەولێر- مووسڵ. باشووری شەقامی گولان ، واتە کۆنە رێگای رەشکین ، ئەویش بە دوو قۆناخی ئەندازەیە ، لە پارێزگاکەدا .

٢٠٠٠/٣/٢١ لە ئاکامی سەرکەوتنی سەرۆکی نامیبیا – سام نوگوما – لە هەڵبژاردنی مانگی /١٩٩٩/١٢ سوێندی یاسایی لە ئاهەنگێکی قەشەنگ خوارد ، بەبوونی بەسەرك کۆماری نامیبیا بۆ جاری سێیەم . بەبۆنەی سەربەخۆیی وولاتەکەی بە ئامادەبوونی سەرۆکی وولاتانی مۆزەنبیق و کینیا و سوزیلاند و تەنزانیا و زامبیا و بوتسوانا و ئەفەریکیای باشوور .

جگە لە سەرۆکی ئەفەریکیای باشووری پێشوو – نلسۆن ماندێلا – و،

سەرۆکی فنلەندی پێشوو – مارتتی ئەهتساری – کە پۆستی نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکانی دەکرد لە نامیبیا.

سەرۆکی نامیبیا بەڵێنی بەگەلانی وولاتەکەیدا کە تاکوو ساڵی ٢٠٣٠ ئاستی بژێووی ژیانیان بەرەو باشی ببات و ژێرخانی ئابووری بەهێز بکات لە هەموو بوارەکان ، بە بنبرکردنی بێکاری و ئارامگەری مافی مرۆڤ و سەقامگیری یەکسانی لەهەموو بوارەکان .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە سەرۆکی سەرکەوتووی نامیبیا سام نوگوما لە هەڵبژاردنەکان ٧٧٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا لە وولاتەکەیدا .

٢٠٠٠/٣/٢٣ نووسراوی پارێزگای موسڵ بەژمارە/٢١٩ کە ئاراستەی یەکەکانی کارگێری کردووە ، کەپابەندی بە بەرامیاریەتی بەعەرەبکردن بن ، کە ئەوانیش قائمقامیەتی مەخموور شێخان‌و تەلکێف‌و ناحیەی قەراج‌و دیبگەو عدنانیەو گوێر لەگەڵ ناحیەی فایدە دەگرێتەوە ، لە هەرێمی باشووری کوردستان ، ئەویش بە مەرجێك خاوەنی ئەم زەویە کشتووکاڵیانە دەبێت بۆماوەی ٢٠ساڵ لەم ناوچەیەدا بمێننەوەو کرداری کڕین‌و فرۆشتن بۆئەم زەویانە ئەنجام نەدەن لە ناوچەکەدا.

٢٠٠٠/٣/٢٦ بۆ یەکە مجار لە مێژووی بوونی دەوڵەتی بۆتان قاوەخانەی ئەنتەرنێت کرایەوە لە شاری ئیمفۆی پایتەختی بۆتان ، کە کەوتوتە سەر چیاکانی هەمەلایا لە نێوان هندستان و چینی مللی ... شایانی باسە ژمارەی دانیشتوانی ئەم وولاتە نزیکەی ٦٥٠ هەزار کەس دەبێت و زۆربەی هەرە زۆری بەکاری کشتووکاڵی خەریکن ..

هەروا کەناڵە ئاسمانیەکان لە ڕێگەی کێبلی تایبەت بووە ، کە شانشینی بۆتان بۆیانی دەست نیشان کردبوو . بە هۆی چاودێری کردنی توند لە سەر بواری ڕاگەیاندن و زانیاری وەرگرتن لە سەر جیهان ، ئەویش بەهۆی کردنەوەی ئەو سایدە ئەنتەرنێتانەو و کەناڵەکانی گەنجانی بۆتان . لە قۆناخێك پەرینەوە بۆ قۆناخێکی گونجاوتر بە وەرگرتنی زانیاری لەسەر باری وولاتانی جیهان لە هەموو بوارەکاندا .

٢٠٠٠/٣/٢٩	گرێدانی کۆنگرەی نێوو دەوڵەتی لە پێناو دژایەتی کردن بەبازرگانی کردن بە ئافرەت و منداڵ لە هەرێمی ئاسیاو زەریای هێمن لە شاری مانیلای پایتەختی فلپین ... بەشداربووانی کۆنگرەکە بازرگانی کردن بە ئافرەت و منداڵیان ناوزەند کرد بە کۆیلایەتی بەندیەتی ، بەتایبەت لە کێشووەری ئاسیا . کە ساڵانە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار ئافرەت و منداڵ دەکرێن و دەفرۆشرێن ئەویش بە کارپێکردنیان لە مەیخانەو کارەکەری ناو ماڵە سەرمایەدار و دەوڵەمەندەکان ...کۆنگرەکەش ئەو کارەی بەکارێکی تاوان لەقەڵەمدا کە ئەمرۆ لەجیهان مامەڵەی پێدەکرێ .
٢٠٠٠/٤/٨	کۆچی دوایی سەرکردەی تێکۆشەرو روناکبیرو شاعیرو ئەدیبی ناسراوی کورد - ئیبراهیم ئەحمەد- لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، دوای هێنانەوەی تەرمەکەی و گۆڕەکەی لەشاری سلێمانیە لە گردی سەلیم بەگ... شایانی باسە ئیبراهیم ئەحمەد یەکێك بووە لە دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و دوای ئەوەش یەکێك بووە لەدامەزرێنەری یەکیەتی نیشتمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان . جێگەی روونکردنەوەیە کە ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . دوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندن بروانامەی مافی لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٣٧ بە دەست هێناوە ، لە ماوەی خوێندنی بەشداری لە جووڵانەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی کردووە و چەندین جار تووشی ئێش و ئازار بووە لە لایەن رژێمی شایەتی لە ئێراق . هەروا لە سەرەتای ساڵەکانی سیی بە هاوکاری قوتابیە کوردەکان لە شاری بەغدا - کۆمەڵەی - گەنجانی کوردی دامەزراندووە ، و هەردوو گۆڤاری - یادگاری لاوان - و - دیاری لاوان - ی لە ساڵی ١٩٣٩ بلاو کردۆتەوە ... هەروا بەشداری لە دەرچوواندنی گۆڤاری رامیاری و ئەدەبی بە ناوبانگی - گەلاوێژ - . دوای ئەوە لە مانگی/١٩٤٤/٨ بەرپرسی /لقی کۆمەڵەی - ژ .ك- بووە لە کوردستان ... دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٧ چووەتە رێزی

پارتی دیموکراتی کورد و دوای ئەویش لە کۆنگرەی دووەمی ساڵی ١٩٥١ بە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە .
دوای ئەو بووەتە سەر نووسەری رۆژنامەی – خەبات – دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول رووی لە شاخەکانی کوردستان کردووە ... دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بە ناچاری رووی کردۆتە شاری لەندەن و لەو شارە جێ نشین بووە . ئیبراهیم ئەحمەد خەزووری سەرەك کۆماری ئێراق مام جەلال تاڵەبانیە . کە هێرۆ خانی کچی ئیبراهیم ئەحمەد خێزانیەتی ... ئەم کەسایەتیە چەندین دانراوی لە دوای خۆی جێ هێشتووە .

١- الاکرادوالعرب لە ساڵی/ ١٩٣٧ .٢-کوێرەوەری – بە زمانی کوردی لە ساڵی /١٩٥٩ . ٣- ژانی گەلْ لە ساڵی / ١٩٧٠ .
-٢

٢٠٠٠/٤/٢٢

سەرۆکی رواندای نویْ – بۆل کاگامی – پۆستی سەرۆکایەتی کردنی وولاتەکەی گرتە دەست لە ئاهەنگێکی رەسمیدا ، کە یەکەم کەس بوو لە هۆزی تووتسی کە پۆستی سەرۆکایەتی بگرێتە دەست لە دوای سەربەخۆیی رواندا لەساڵی /١٩٦٠دا ... ژەنەرال کاگامی بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرا لە دوای سێ هەفتە لە دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی پێشووی رواندا- باستیربیزی مونگۆ... کە بیزی مونگۆ دەسەلاتداریەتی رواندای کرد بۆ ماوەی شەشە ساڵ .
ئەمەش لەدوای تاوانبارکردنی دێت لەلایەن ژەنەرال کاگامی کە سەرکردایەتی بەرەی نیشتیمانی رواندای دەکرد.
ئەویش بەتاوانبارکردنی بیزی هەڵسا بە ئەنجامدانی لە ناوبردنی بەکۆمەڵ کە کەمایەتی توتسی بەسەری هات ... لەگەل ئەوەشدا سەرۆکی نوێی رواندا وەرگرتنی پۆستەکەی لەوکات دێت کە روندا بەکێشەیەکی دژووراردا تێدەپەری لەنێوان هۆزی تووتسی و هووتی کەلەسەر پێویستیە رێز لە زۆرینەی هۆزی هووتی بگرێت و هاوسەنگی لە پەیوەندیەکان بپارێزێت و دادپەروەری بچەسپێنێت و هەوڵی بروژانەوەی ئابووری بدات ، لەهەموو بوارەکان و رێزی مافی مرۆڤ بگرێت و وولاتەکە بەرەو پێشەوە ببات لەهەموو بوارە جیاجیاکان .

٢٠٠٠/٥/٢

ســــــــەرکردەی بـــــــەناوبانگی خەباتگێری ڤیتنامی و سـەرەك وەزیـران بـۆ ماوەی ٣٠ ساڵ – بام فن دونگ – لە تەمەنی ٩٤ سـاڵیدا کۆچـی دوایی کرد ... بەر لە یـــەك رۆژ لـــە ئاهەنگێڕانی گەلی ڤیتنام بە بۆنەی بەسراچوونی ٢٥ ساڵ بەسەرکەوتنی ڤیتنامی باکوور لەجەنگی ڤیتنام ... یەکێك بوو لەسەرکردە سەربازیەکانی ڤیتنام ، لەوانە ژەنەراڵی بەناوبانگ – فونگوبین کیاب – و یەکێك بوو لە هاورێیـە نزیکـەکانی رابـەرو سـەرکردەی ڤیتنـامی – هۆشـی منـە – ئـەم کەسایەتیە ڤیتنامیە و جیهانیە .

لەماوەی ژیـانی بـەردەوام بـووە لەخـەبات و تێکۆشـان لـە پێنـاو مـاف و سـەربەخۆیی ڤیتنـام و گـەلی ئـەم وولاتـە دژی داگیرکـەرانی ئەمـەریکاو هاوپەیمانەکانی لەکێشووەرەکەدا ,

سەرچاوە :- BBC.arabic .

٢٠٠٠/٥/١٣

بەردەوام بوونی هێزەکانی لایەنگیر حکوومـەتی سیرالیۆن بەرەو بەرەکانی شـەڕی دژ بـە یاخیبووەکـان ، کـە لەوکاتـە ٥٠٠ چەکدار لـە هێـزی نەتـەوە یەکگرتووەکانی دەستگیرکردبوو ... کە هێزەکان گەیشتنە ناو شارۆچکەی – ماسیاکان – کـە ٦٠ کیلۆمـەتر لـە رۆژهـەلاتی پایتـەختی سـیرالیۆن – فریتاون – دووره ، لە دوای پێنج رۆژ لە دەست بەسەراگرتنی ئەم شارە لـە لایـەن یاخیبووەکـان و لاشـەی کوژراوەکـان لەسـەر شـەقامەکانی ئـەو شارۆچکەیە پەرت و بلاو ببوونەوە لە شارەکەدا.

لەوکاتەی هێزەکانی سووپای سیرالیۆن بە پشتیووانی هێزەکانی سووپای بـەریتانیا و سـەربازەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و میلیـشیاکانی سـەر بەحکوومـەت سـەرکەوتنی باشـیان دژی یاخیبووەکـان بەدەسـت هێنـا ...

ئەمەش لە دوای بەدەست کەوتنی بەڵگەنامە لەلایەن حکوومەتی سیارلیۆن کە سەرکردەی یاخیبووەکان – فواری سانکوو – نەخشەی پلانێکی کودەتای ئامادەکردبوو دژی حکوومەتی سیرالیۆن لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ..

لە گەڵ ئەوەشدا یەکەی سەربازی ئوردن و بەنگلادیش و هندستان چوونە ریزی سەربازانی نەتەوە یەکگرتووەکان ، کە بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی سەربازەکان کە بووە ۱۱۰۰۰ هەزار سەرباز لە گەڵ هێزەکانی حکوومەتی سیرالۆن لە وولاتەکە دژی جوولانەوەی شۆرشگێری سیرالۆن ...جێگەی باسکردنە کە سیرالیۆن بەباروودۆخێکی نا لە باری شەری ناوخۆو کێشەی لەگەڵ بەرەی شۆرشگێر بەردەوامە لە وولاتەکەدا .

سەرچاوە:- BBC.arabic .

۲۰۰۰/٥/۲۲ وەزارەتی دادی هەرێمی باشووری کوردستان بریاریدا بەجێبەجێکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەری بە ژمارە/١٤ بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دام ودەزگاو کارگێری و بەرێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەکە لە هەرێمەکەدا .

۲۰۰۰/٥/۲۷ سەرۆکی وولاتی فیژی – راتوو کامیسی راما – هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتەکەی راگەیاند بە سەرکردایەتی سەرەك وەزیران – ماهندرا نشوودری – کە لە لایەن شۆرشگێرەکان لە ناو باڵەخانەی پەرلەمان دەست بەسەرا کربوو لە گەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی حکوومەتەکەیدا .

کە ئەمەش بە هۆی کێشەی رامیاری کوشندە لە وولاتەکەیدا و خۆی بەرپرسیاریەتی هەڵسووراندنی کاروباری وولاتەکەی گرتە دەست لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی سەرەك وەزیران و ماهندرا تشوودری – کە

لە رەچەڵەکدا دەگەرێتەوە سەر هندیەکان .
لە هەمان کات سەرۆکی فیژی دووپاتی کردەوە کە سەرکردەی کودەتاکە – جۆرج سیایت – لە راگەیاندنێکیدا گووتی :–
من لەجیاتی دانیشتووانە رەسەنەکان ئەم کارەم کردووە ، لە بەر ئەوەی لەماوەی دەسەڵاتی حکوومەتەکانی فیژی هیچ ماف و دەسەڵاتێکیان لەو حکوومەتانە بەر دەست نەدرابوو .
ئەمەش لە دوای کێشەی تەشەنەداری نێوان دانیشتووانە رەسەنەکان و حکوومەتی فیژی هات . کە لە ئەنجام بوو بە شەری نێوان هەردوو لایەنی دژ بەیەکتری و کەرت بوونی سووپای فیژی بە چوونە رێزی راپەریووەکان – جۆرج سیایت – ماوە بەدانیشتووانە هندیەکان دەدات و بەدەست لە کارکێشانەوەی سەرۆك راتوومارا .
لەوکاتەشدا وەزیری دەرەوەی ئوستراليا – ئەسکەندەر داونر – داوای کرد کە فیژی لە ئەندامیەتی کۆمەنولسی بەریتانیا دەربکرێ و لە هەمان کاتیش سزای ئابووری و رامیاری و سەربازی بەسەردا بسەپێنرێت .
نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی کۆمەنولس و بەریتانیا و ئەمەریکاش لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونە کۆك بوون و دژی کودەتا چیەکان لە وڵاتەکەدا وەستان ... لەوکاتەش کودەتا چیەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی دەستووریان کرد بەدەستوورێکی نوێ کە ماف دانیشتووانە رەسەنەکان مسۆگەر بکات لە دەسەڵاتداریەتی وڵاتەکەدا .
سەرچاوە :– BBC.arabic .

٢٠٠٠/٦/٦

گرێدانی کۆبوونەوەی وەزیرەکان و بەرپرسانی حکوومەتەکانی ئەندام لە کۆمەنولس لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، بە مەبەستی مامەڵەکردن لە هەردوو کارە کودەتایەکەی

دورگـەی فیـژی و دوورگـەی سـۆلوومۆن ... ئاکـانی کۆبوونەوەکـەش بـە دەرکردنـی بریارێـك بـوو بـە دوورخـستنەوەی فیـژی لـە هـەردوو لیژنـەو رێکخراوەکە تا ئەوکاتەی دیموکراتیەت دەگەرێتەوە وولاتەکە.

هـەروا بەرپرسـانی کۆمـەنولس داوای مـاوەی دیاریکراویـان کـرد بەخشتەیەکی کاتی بۆ پێکهێنانی رژێمێکی دەستووری و ئازاد کردنـی سـەرەك وەزیرانـی فیـژی ماهینـدرا تـشودری و سـێ لـە ئەنـدامانی حکوومەتەکـەی . کـە لـە لایـەن کودەتاچـیەکان بەسـەرکردایەتی جـۆرج سیایت دەست بەسەراکرابوون .

هەروا داوایان لەچەکدارەکانی دوورگەی سۆلوومۆن کرد بەکشانەوەیان لـە پایتەخت – هۆنیارا – و خۆبەدەستەوەدان و ئازادکردنی سەرۆك وەزیرانی دەست بەسەراگیراوله وولاتەکەدا .

کە چەکدارەکان لە هێرشێکدا دەستیان بە سەر پایتـەخت داگرتبـوو ... لـە هەمان کات داوایان لە دەسەلاتدارانی فیجژی کرد ، کە دەست گیربێت بە رامیاریەتی و دیموکراتی و لە هـەمان کاتدا دادوەری سـەربازی لـە فیـژی – فرانك باینمیاراما – رایگەیاند بەوەی کە دەسـەلاتی وولاتەکە دەگەرێتـەوە بۆ دەسـەلاتی مـەدەنی لـە وولاتەکـەدا بۆ مـاوەی ۳ مـانگ . ئەمـەو لـە گـەڵ چـەندین کێـشەو گـرفتی دیکـە لـە وولاتەکـەدا ... بـێ ئـەوەی دەسـت تێـووەردان لـە نـاوخۆی فیـژی بکرێـت بـە تایبـەتی لەلایـەن حکوومـەتی ئوستراليا لە کێشووەرەکەدا .

سەرچاوە:– BBC.arabic .

٢٠٠٠/٦/١٠ کۆچی دوایی سەرەك کۆماری رژێمی بەعس لە سووریا –حامز ئەسەد– لـە شـاری دیمەشـقی پایتـەختی سـووریا ، ئـەویش بـەهۆی نەخۆشـی دڵ لـە کـاتی قسەکردنی لەگـەڵ سـەرۆکی لوبنـان ئیمیـل لـەحوود ، دوای خـۆی کورەکـەی بەشـار ئەسـەد پۆسـتی سـەرەك کۆمـارو پـارتو ئەنجوومـەنی شۆرشـی گرتەدەسـت ، ئـەویش بـە گـۆرینی چـەند برگەیـەك لەدەسـتوورو یاسا بنەرەتیەکانی رژێمی بەعسی لە سووریا بەبێ رەزامەندی گـەلانی ئـەم وولاتە.

٢٠٠٠/٦/١٤ دەســـــت لـــــە کارکێـشانەوەی سـەرەك وەزیرانـــی دورگـــەی – ســــــــۆلوومۆن – بارسۆلومیۆ ئۆلوفائالۆ – لە پێناو کۆتایی هێاتن بە دژوارتـــرین کێـــشە ناوخۆیە رامیاریەکان کە دوورگەکـــە بەخۆیـــەوە دەبینێ ... ئەم دەست لە کارکێشانەوەی سەرەك وەزیران بەر لەوە هات کە پەرلـەمان بریـاری لـە سـەر بـدات ... ئـەم کـارە بەناچـاری بـوو لـە پێنـاو گەراندنەوەی ئاشتی لە نێوان پێك هاتـەکانی دورگەکە لەنەتـەوەو مەزهەبە ئاینیەکان .

جێگەی باسکردنە کە سەرۆك وەزیرانـی دوورگـەی سۆلوومۆن دەست بە سـەر بـوو لـە ماڵەکـەی خـۆی لـە دوای دەسـت بەسـەراگرتنی پایتـەختی دوورگەکە لـە لایـەن چەکدارەکانی بازی مالاینا لـەو مانگەدا ... لـە هـەمان کات داوای گفتووگۆی لە هەموو لایەنە بەدژ بەیەکترەکانی کـرد بـۆ ئـەوەی وولاتەکەی بەرەو ئاشتبوونەوەو ئارامی هەنگاوبنێ .

لە هـەمان کات بە پێی نەخشەیەك پەرلـەمان سـەرۆك وەزیران هەڵدەبژێرێت لـــەدوای دەســـت لەکارکێـــشانەوەی ســـەرۆك وەزیـــران – ئۆلۆفائـــالۆ – لەدەسەلاتەکەیدا بە هەڵسوراندنی کارو باری وولاتەکە بەشێوەیەکی کاتی . ئەمـەش بـەهۆی کێشەی بـەردەوام بـۆ مـاوەی ١٨ سـاڵ لـە ململانێـی نەتـەوەو مەزهەبە ئایینیەکان کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٨ کوژراو بەسەدا زامدار و دەربەدەربوونی زیاتر لە ٢٠ هەزارکەس لە دانیشتووانی دوورگەکە دا.

سەرچاوە :– BBC.arabic .

٢٠٠٠/٦/٢٧ کۆچی دوایـی ئەستێرەی کۆمیدی سینمایی جیهـانی – جاك لیمۆن– لـە شاری نیورۆکی ئەمەریکا.

٢٠٠٠/٨/١٣ کردنەوەی یەکەم پەرلەمانی سۆماڵی لە شاری – عرتە – ی کۆماری جیبۆتی ئەمەش لە دوای لە دەسەڵات لابردنی سەرۆکی سۆماڵ – محەمەد سیادبەری –

لە ساڵی ١٩٩١. کە ئەمەش یەکەم هەنگاوە بەرەو جێ بەجێکردنی هەوڵەکانی ئاشتبوونەوە لە نێوان پێك هاتەی هۆزو تیرەو نەتەوەکانی سۆمال بە هەوڵ و تواناو ناوبژیوانی حکوومەتی جیبۆتی ... ئەنجامدانی ئەم یەکەم کۆبوونەوەو پەرلەمانی گواستنەوەی سۆمال بە ئامادەبوونی سەرۆکی جیبۆتی ئیسماعیل عومەر جویلە ... و نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان – دیفیدستیفن – و هەندێ لە دبلۆماتکاران و بەرپرسان لەحکوومەتی جیبۆتی .

هەروا یەکەم خاڵی ئەم کۆبوونەوەیە دامەزراندنی سەرۆکی سۆماڵ بوو بە هۆی نەبوونی حکوومەتێکی ناوەندی لە دوای رووخاندنی حکوومەتی محەمەد سیادبەری لە ساڵی ١٩٩١ دا .ئەمەش لە دوای گفتووگۆی بەردەوام و بە سوێند خواردنی یاسایی لەلایەن ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنەی کە هەندێ ئەندامی لەلایەن هۆزو تیرەکان دامەزراوون ... لە هەمان کات ئەو ئەنجوومەنە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبێ تاکوو بریاری بۆ دەدرێت لە دوای ئارام بوونەوەی بارودۆخی وڵاتەکە .

سەرچاوە:– BBC.arabic .

٢٠٠٠/٩/١٥ ئەنجامدانی پێشبڕکێی یارییەکانی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات– لەشاری سدنی پایتەختی ئوستراليا و بەردەوام بوو تاکوو ١٠/١/ی هەمان ساڵ ، لە نێوان یانە وەرزشیەکانی وڵاتانی بەشدار بوو لە وڵاتەکەو لە جیهاندا .

٢٠٠٠/٩/٢٩ کردنەوەی یەکەم زانکۆی ئیسلامی لە ڕووسیای یەکگرتوو ... لە کۆماری تەتەرستان ، کە دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمیە لە ناو یەکیەتی کۆمارەکانی

ڕووسیای یەكگرتوو . كە زۆربەی زۆری دانیشتووانەكەی لە ئیسلامەكان پێك دێت ... ئەم زانكۆیەش لە پایتەختی تەتاریە لە شاری – كازان – ئەم زانكۆیەش لەلایەن وەزارەتی فێركردنی یەكیەتی ڕووسیا دێت لە مۆسكۆی پایتەخت .

ئەوەش لە پێناو پاراستنی وولاتەكەیە لە فێربوونی بیانیەكانی بەرەللایی ... و لەهەمان كات بەرگری كردن لە وولاتەكە دژی سەرهەلدانی ئیسلامی رامیاری بەتایبەتی لە دەورووبەری باشووری وولاتەكەدا.

سەرچاوە :-BBC.arabic .

٢٠٠٠/١٠/٢٢ بلاوكردنەوەی ژمارە سفری گۆڤاری مانگانەی بەدرخان لە شاری سلێمانی لە باشووری كوردستان.

٢٠٠٠/١١/٥ بەخاك سپاردنی تەرمی ئیمپراتۆر – هیلاسیلاسی – یەكەم لە شاری ئەدیس ئەبابای پایتەختی ئەسیوبیا ... دوا ئیمپراتۆریەتی ئەسیوبیا ... لە دوای ٢٥ ساڵ مردنی لە بارێكی نادیار ... دەزگای هیلاسیلاسی لە راگەیاندنێكیدا گووتی :- هەڵدەستی بەرێكخستنی رێورەسمی بەخاك سپاردنی بە ئامادە بوونی بەهەزارا كەس لە دانیشتووانی ئەسیوبیا و دەرەوەی ئەسیوبیا بە ماتەمینی ئایینی كە بە شاری ئەدیس ئەبابا تێپەر دەبێ بەرەو كۆشكی – كانداراتیەی سێیەمی پیرۆز.

جێگەی ئاماژە پێكردنە كە تەرمی ئیمپراتۆر بەر لە ٨ ساڵ لە ژێر دیواری یەكێ لە توالێتەكانی باڵەخانەكە دۆزراووتەوە ... تەرمەكەی لە باڵەخانەی ناوبراو لە شاری ئەدیس ئەبابا لە تەك خێزانی بنەماڵەكەیدا دەنێژرێت . لەوكاتەشدا حكوومەتی ئێستای ئەم وولاتە ئەم ئیمپراتۆرەی بە دەسەلاتێكی زۆردار دژ بە مرۆڤایەتی ناوزەند كرد . ئەم ناوزەند كردنەشی بۆ هێوركردنەوەی هەڵوێستی دانیشتووانەكە كرد بەر لەوەی بە

سەرکردەیەکی سەر بەخۆیی ئەفەرکیای بزانیٚ لە وولاٌتەکەدا.

هەر لە هەمان کاتدا هاوسەری ئیمپراتۆر لە هەندەران داوای لە حکوومەتی ئەسیوبیا کرد کە تەرمەکەی ئیمپراتۆر هیلاسیلاسی بکاتە بۆنەیەکی فەرمی ، بەلاٌم حکوومەت ئەو داوایەی رەتکردەوە .

ئیمپراتۆر هیلاسیلاسی دەسەلاتداریەتی ئەسیوبیای بۆ ماوەی ٤٥ ساڵ بەرێووە برد ، بەر لەوەی رژێمەکەی برووخێنن بە سەرکردایەتی مارکسی – مانگستۆ هیلا ماریام – لە سالی ١٩٧٤ بە یارمەتی و پشتگیری سۆڤیەتی جاران ، هیلاسیلاسی لە تەمەنی ٨١ ساڵ دەست بەسەرکرا لە کۆشکی – لیمۆن – لە دوای یەك ساڵ لە بارێکی نادییار ، کەوا مەزەندە دەکرا کە لەو جێگایەی لێی دەست بەسەر کرابوو لە لایەن دەسەلاٌتی نویٚ کووژرابیٚ .

هەروا سەرەرای مردنی هیلاسیلاسی ، بەلاٌم هەر بە سەرکردەیەکی ئەفەریکیایی دادەنرێت ، کە بە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرەکانی رێکخراوی یەکیەتی ئەفەریکیا ، سەرەرای بەرگری کردن لە دژی داگیر کەری ئیتاڵیا لە سەر وولاٌتەکەیدا لە سالی ١٩٣٠ دا .

ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەش ئیمپراتۆری پێشوو – میگل – لە تایەفەی راستافاریان بوو ، کە ژمارەیان زیاتر بوو لە ملیۆنێك کەس ، بڕوای وابوو کە هیلاسیلاسی یان زیندووە ، یاخوود بەرەو ئاسمان هەلکێشراوە .

بەلاٌم لەو کاتەی کە لە سالی ١٩٣٠ کوورسی ئیمپراتۆریەتی گرتە دەست نەك بەوە دەناسرا کە ئیمپرتۆر بوو لە سەر ئەسیوبیا ، بەلکوو جێگەی خۆی لە دلی جوولانەوەی راستافاریان کردبووەوە کە لە وولاٌتی جامایکا سەری هەلٌدابوو لە کێشووەرەکەدا .

هەر وەك سەرۆك لۆمۆمبا کە سەرکردەیەکی سوودانیە و لە تایەفەی راستافاریان بووەو لە ئەسیوبیا دەژیا بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ و گووتی :– ئیمپراتۆر مەسیحیەکی پاك بوو لە وولاٌتەکەیدا.

<u>سەرچاوە :–</u> رۆژنامەی دار ئەلحەیات – لە ٢٠٠٠/١١/٤ .

٢٠٠٠/١٢/١١ سەرکەووتنی سەرۆکی پێشووی کۆمۆنیستی رۆمانیا – یۆن میلیشکۆ – لـەخوولی دووەمـی هەڵبژاردنـەکانی سـەرۆکایەتی رۆمانیـا بەرێـژەی ٧٠٪ بەرامبـەر بـەر هەڵـستکارەکەی – کۆرنیلیۆ فادیم ئیودور – بەرێـژەی ٣٠٪ لەکۆی دەنگەکان ...جێگەی ئاماژە پێکردنە کە – یۆن میلیشکۆ – تەمەن ٧٠ سـاڵ ، کـە بـیری سۆشیالیـستی بـوو ، بـە یەکـەم سـەرۆکی رۆمانیـا هەڵبــژاردرا لــە ســاڵی ١٩٩٠ تــاکوو ١٩٩٦ ، لــە دوای کۆتــایی هــاتنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە رۆمانیا .

لـەو کاتەشـدا بەرهەڵـستکاری میکیـشکۆ – تیـودۆر ، لـە راگەیاندنـەکانی دووپـاتی ئـەوەی دە کـردەووە ، کـە لـە هەڵبژاردنـەکان یـاری بـە دەنگـی دەنگدەران کراووە . کە تیدۆر لە دەروونی کەمە نەتەوایەتیەکانی هـەنگاری و خـەجـەری و جوولەکە لە رۆمانیا رۆڵـی باڵای هـەبوو ... لەلایـەکی دیکـە میلیـشکۆ لـە راگەیاندنێکیـدا گـووتی :– سـەرکەوتنەکە دەگەرێتـەوە بـۆ بەرزی هەستی گەلانی رۆمانیا .

٢٠٠٠/١٢/٢٨ هاوڵاتیانی گانا بەرەو سندووقەکانی دەنگدان رۆیشتن بۆ خوولی دووەمـی دەست پێکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ... جێگەی باسکردنە کە لـە خوولی یەکـەمی هەڵبـژاردن لـە ٢٠٠٠/١٢/٧ ، هـیچ لایـەنێك لـە پاڵێووراوان دەنگی تـەواوویان بـە ٥٠٪ بـە دەسـت نـەهێنابوو . ئـەم هەڵبژاردنـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە پاڵێووراوی ئۆپۆزیسیۆن – جۆن کـافور لـە پـارتی نـوێ لــەخوولی یەکــەمی هەڵبژاردنەکــە ســەرکەوتنی بەدەســت هێنــابوو ، بــۆ پێکهێنانی حکوومەت .

ئەمەش بووە هـۆی ئـەوەی کـە دووبـارە هەڵبـژاردن ئـەنجام بدرێت و کـافور سەرکەوتنی بەدەست هێناو ژەنەراڵ رۆلینگ سەرکردەی سووپای پێشوو لەدەسـەڵات لادرا لـە دوای دوو خـوولی هەڵبـژاردن کـە بـۆ مـاوەی ٢٠ سـاڵ دەسەڵاتداربوو لە سەر ووڵاتی گانا .

٢٠٠٠/١٢/٢٥ دوای گفتووگۆیەکی درێژخایـەن لـە نێـوان کۆمـاری ڤێتنام و چینـی مللـی ، کـە ئـەم گفتووگۆیــە دەگەرێتــەوە بـۆ سـاڵی هــەفتاکان . بـەڵام بـە هـۆی بـەرپابوونی جـەنگ لـەنێوان هـەردوو ووڵات لـە ساڵەکانی ١٩٧٩ لـە سـەر دوورگـەی ، یـاخوود کەنـداوی – نونکین – و لـە دوای ٢٨ جـار لـەخوولی

گفتووگۆکردن . توانرا هەردوو لایەن بگەنە ئەو ئاستەی کە کێشەی نێوانیان کۆتایی پێ بهێنرێت .

ئەمەش لە ئەنجامی شاندی ڤێتنام – تران دۆك لوونگ – بوو لە پێناو مۆرکردنی ڕێکەووتنامەی دیاریکردنی سنوور ، لە نێوان هەردوو وولاتدا . سەرەرای بوونی کێشەی مێژوویی لە نێوان هەردوو وولات لە سەر کۆمەڵە دوورگگەی – سیراتلی و باراسیلی تێلریژکراو .

بەڵام لە لایەن دبلۆماتکارانی رۆژئاوا ئەو رێکەووتنە وا ناو زەند کرا بەدەستکەووتێکی گەورەو تایبەت بۆ ڤێتنامیەکان . ئەمەش کارەکانی ڤێتنام گرنتر دەکات ئەویش بەدایین کردنی داهات بۆ پاراستنی سنووری نێوان هەردوو وولاتی چین و ڤێتنام لە هەرێمەکەدا .

کورتەیەك لە ژیاننامەی - نووسەر

گەر بەراوود لە نێوان ژیاننامەی نووسەران بکەینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کەوا نووسەران ، یاخوود دانەران ، جا لە هەر بووارێك بن ، بگرە لە نووسینەوەی مێژووو جووگرافیاو زمان وکەلتوورو داب ونەریت و شارستانیەتی هەر نەتەومیەك لە سەر گۆی زەویدا .

کە ژیاننامەی نووسەران زۆر لە یەك دەچێ ، جا لە بوواری هەژاری و کەم دەرامەتی بێت ، یاخوود لە ئاستی بڕوانامەی خووێندن بێت ، یاخوود لە ئاستی پەیووەندیە کۆمەلآتیەکان بێت . بەلآم سەرچاوەی بوونی توانای نووسەر لە هەموو بووارە جیاجیاکاندا ، هۆکاری چ ئێش وئازار و نا لە باری ئەو نووسەرەیە لە ناو پەیووەندیەکانی کۆمەلگاو لە نێوان کۆمەلگاو دەسەلآتدا .

ئەویش بە هۆی چەوسانەوەو نەبوونی داد پەروەری لە دەسەلا ت و پەیووەندیەکان لە هەموو بووارەکانی ڕامیاری و ئابووری بازرگانی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەلآیەتی و رۆشەنبیری و زمان و مێژوو داب و نەریت و و کەلتوورو شارستانیەت .

بەتایبەتی کۆمەلگای کوردو مێژووی چەوسانەوەی داگیرکردنی و لەت لەتکردنی لەلایەن ڕژێمەکانی دابەش کەر، لە پێناو پاراستن و بتەووکردن وبە هێز کردنی بەرژەوەندیەکانیان . بە دروستکردن و پێکهینانی دەوولەت لە سەر خاکی گەلانی دیکە لە هەرێم و ناوچەو جیهاندا ، لەوانەش گەلی کوردو خاکی کوردستان .

جا عەلی کەندیش یەکێکە لەو نووسەروو دانەرانەی کە بەو قۆناخە نا لەبارانە

تێپەر بووەو بۆتە هۆی سەرچاوەی پێنووسەکەی بەنووسین و گەیاندنی پەیامەکەی بۆ کۆمەڵگای گەلی کوردستان . کە ئەویش:-

ناوی تەواوی — عەلی عوومەر عەلی فەتاح - ە و ناسراو بووە بە — عەلی کەندی — و لەساڵی ١٩٥٣ لە گووندی سەر بەشاخ ، کە مەڵبەندی هۆزی سیانەو سەر بەناحیەی دیبەگەی سەربە قەزای مەخموری پارێزگای هەولێرە لە باشووری کوردستان ، چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، لە بنەماڵەیەکی هەژاری جووتیار لەم گووندەدا .

هەروا عەلی کەندی بۆ یەکەم جار لە لای مەلای ئاینی ئیسلامی دەستی کردووە بە خووێندن لە حووجرەی فەقێیان لە مزگەوتەکان .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٦٠ چۆتە قوتابخانە لە قەزای مەخموور . جا لەوکاتە بەهۆی هەژاری خێزانەکەی و نەبوونی توانای دارایی باوکی ، لەگەڵ خووێندن لە پشووی هاوینە کاری کردووە ، بە کاری بەرخەوانی و شووانی و کرێکاری و درووێنە کردن و جووت کردن و کاریدیکەی لە توانایدا هەبووە ، لە پێناو بەرەو باش بوونی باری گووزەرانی ژیانی خێزانەکەو یارمەتی دانی باوکی لەم بووارەدا .

هەروا دوای تەواوکردنی قۆناخی خووێندنی سەرەتایشی دەرچوونی بە پلەی دووەم لە سەر ئاستی قەزای مەخموور لە خووێندن و بەهۆی باری رامیاری و بیروو بۆچوونی ئەو خێزانەوە ، لە هەمان کات بە هۆی هەڵوویستی عەلی کەندی فەرمانی دەست گیر کردنی لە مانگی/ ١٩٦٦/٧ لەلایەن داروودەستەکەی رژێمی بەعسی بۆ دەردەچێ لە قەزاکەدا .

هەر بەم هۆکارەش لە ١٠/ ٩ / ١٩٦٧ رووی لە شاخەکانی کوردستان کرد بە پەیووەندی کردنی بە پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلولی مەزن لە لقی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لقی / هەرێمی کوردستان ، لە دەڤەرەکانی رانیە و قەڵادزێ و رەواندوزو پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو بە ردەوام بوونی تاکوو ٢٠ /٣ /١٩٧٢ .

لەو ماوەیەشدا بەهۆی خراپی باری خێزانەکەی لە کاتە بەردەستەکانی کاری کردووە بۆ ئەوەی ژیانی خۆی و خێزانەکەی بەرەو باشتر ببات لەو کاتدا .

دوای ئەوە گەراوەتەوە پارێزگای هەولێرو چۆتە قەزای مەخموور بۆ کاری پارتایەتی

و بۆتە کادیر لە قەزای مەخموورو بە بەردەوام بوونی لە پایەکانی لە پارتی کۆمۆنیست تاکوو ١٩٧٩/٣/١٢ ، کە ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پارتی کۆمۆنیست بووە لە لیژنەی پاریزگای هەولێر لە باشووری کوردستان .

دوای ئەوە لە ١ / ٧ / ١٩٧٥ چۆتە شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت ، ئەویش بە خووێندنی لە پەیمانگای زانستە کۆمەلأیەتیەکان ، ی سەر بە ئەکادیمیای زانستی کۆمەلأیەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت ، بۆ ماوەی دوو ساڵ بە دەر چوونی بە پلەی زۆر باشە لە پیمانگایەدا ، تاکوو ١٥/ ٨ / ١٩٧٧ دا و دوای ئەوە گەراوەتەوە کوردستان لە پارێزگای هەولێر قەزای مەخموور لە دەڤەرەکەدا .

دوای گەرانەوەی لە سۆڤیت لە ١٩٧٨/١٢/١٢ خێزانی پێك هێناوە و باوکی پێج کورە ، و هەموویانی بە ئامانجێکی باش گەیاندوو لە پلەکانی فەرمانبەریەتی و سێ لە کورەکانی خێزاندارن لە شاری هەولێردا .

هەر لە ١٩٧٩/٣/١٢ بە فەرمانبەر دامەزراوە لە بەرێوەبەرایەتی گەشت و گوزار لە هاوینە هاواری سەلا حەدین – پیرمام - لە کۆمەلگای سەرە رەش لە پارێزگای هەولێر ، بە بەردەوام بوونی کاری فەرمانبەرێتی . سەرەرای ئەوەش لە دوای ساڵی هەشتاکان بەهۆی مل کەچ نەکردنی بۆ داخوازیەکانی دارو دەستەکی بەعس لە کوردو عەرەب ، کە لە ١٩٨٢/٢/١٣ لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر دەست گیر کراوەو رەوانەی – الهیئة الخاصة – لە شاری کەرکوك زیندانی کراوەو بـــــــــۆ ماوەی حەوت مانگ گیراوە تاکوو ٦ / ٨ /١٩٨٢ . ئازاد کراوە بێ ئەوەی هیچ کەسێك لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکان و کە سایەتیەکان تووشی ئێشوو ئازارو ئەشکەنجە بکات — واتە ئیعتراف نەکردن — و بە سەربەرزی لەو زیندانانەی شەقلأوەو مسیف سەلاحەدین وهەولێرو کەرکوك دەرچووە .

دوای ئەوە بۆ جاری دووەم لە ١٩٨٥/٥/١٩ لە لایەن پیاوانی موخابەراتی پارێزگای مووسڵ ، کە لەو کاتە سەرباز بوو لە مەدرەسە قتالی مووسڵ دەستگیر دەکرێ و رەوانەی موخابەراتی گشتی شاری کەکوك دەکرێت ، کە ئەم بەرێوەبەراتیە گشتیە بۆ هەموو شارەکانی کوردستان بوو وەك مووسڵ و کەرکوك و هەولێرو سلێمانی ودهۆك . کە

فـەرمانی دەسـت گیرکردنـی لەلایـەن بەرێوەبەرایـەتی ئـەمنی هـەولێرو ئـەمنی باکوورو ئیستخبارات و موخابەرات لە هەردوو پارێزگای مووسڵ وهەولێری بۆ دەرچوو بوو .

لە ئاکام لەم رۆژەدا دەستگیرکراو لـــــە زیندانەکانی مووسڵ وکەرکوك مایەوە تـاکوو ١٧ / ٩ / ١٩٨٥ بە ئازادکردنی لە دوای داد گایی کردنی ، کە هیچ بەڵگەیەك نەیتووانی تاوانباری بکات بەهۆی دان نەنانی بە کارە نەهێنیەکانی کە لەو کاتدا ئەنجامی دەدا .

هەوا بۆ جاری سێیەم لە ٢٥ / ٩ /١٩٩٠ لـە لایـەن ئـەمنی هـەولێر دەسـتگیرکراوەتەوە لەسەر هەمان بیرو بۆچوو ن وهەڵوویست بەلاّم بۆ ماوەیەکی کەموو دوای ئەوە ئـازاد کـرا . لـە دوای ٣/١٢ /١٩٧٩ تـاکوو راپـەرینی گـەلی کوردسـتان لـە ١٩٩١/٣/٥ بـە سـەدان جـار لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی ئـەمن و ئیـستخبارات و موخابـەرات لـە پارێزگـای هـەولێر بانگ هێشت کراوەو لێکۆڵینەوەی لە گەڵ کراوەو لـە دوای ووتـە ناشـیرینەکانیان و ئیهانـە کردنی عەلـی کەندی ئینجا رێگەیان پێداوە لە بەرێوەبەرایەتیەکانیان دەرچێ .

سـەرەرای ئـەوەش بـۆ دووجـار لـە ریـزی سـەربای سـووپای ئێـراق بـووە بۆمـاوەی ٤,٥ چوارساڵ و نیوو ، بەلاّم ئەو کەسانەی کە کـورد بـوون و رەفیـق حزبیـی و ئـەمن وجاشـی خـۆ فـرۆش ودووژمنـی کـوردو کوردسـتان بـوون دژی مامۆسـتا علـی کەنـدی بـوون بـە نووسینی راپۆرت لەسەری و بە زیندانی کردنی ...؟...! .

کە ئێستاش لەجاران رۆلاّیان و باری ژیانیان باشترە لە هەمان دام ودەزگا ئەمنیـەکان و حکوومـەت و خـاوەنی هـەموو شتێکن ، لـە حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و ، بـەلاّم مامۆستا عەلـی کەندی تا تەواو بوونی ئەم مێژوونامەیە خـاوەنی – یـەك سـم زەوی نیـە نـەك لـە سـەر گـۆی زەوی بگـرە لـە سـەر خـاکی کوردستانیـشدا و مـاوەی ژیـانی لـە کـرێ چییایەتی بردۆتە سەر لەم بارو دۆخە تەنگەدا .

عەلی کەندیش هەر وەك جارانە لە بیروو بۆچوون و هەڵوویـستەکانی بەردەوامـەو رۆژێـك لـە رۆژانـیش مـل کەچـی هـیچ لایـەنێك نـەبووە نـە لـەرابردوو و ئێـستادا ، بـۆ سەلماندنی ئەم ووتانە . نووسینەکان ودانراوەکانیشی شاهیدن بۆ ئەم راستیانە .

لەبەرهەم و بلاّکراوەکانی- نووسەر

لە گەڵ ئەوەشدا عەلی کەندی لە بارەی دەستکردنی بە نووسینەکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤ ، کە لەو کاتەی لە شاری بەغا بوو ، یەکەم بابەتی لە رۆژنامەی — تەریق ئەلشەعب — کە زمانحالی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق بوو ، لە سەر باری رامیاری و نەتەوەیی بلاّوکردەوە لە رۆژنامەکدا . دوای ئەوە لە نووسین بەردەوام بووە بە پێی باروو دۆخەکانی رامیاری و نەتەوەیی و بووارەکانیدیکەدا . بەرهەمەکانیشی ئەمانەن :-

١- ساڵنامەی کوردستان ، کە یەکەم بەرهەمی نووسنەکانە.
٢- فەرهەنگی رووداوەکانی کوردستان و وولاّتانی جیهان ، کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان – چاپی یەکەم /٢٠٠٥.
٣- مێژوونامە – کە ئێستا لە بەردستدایە ، چاپی یەکەم / ٢٠٠٦ .
٤- زانین – کە فەرهەنگێکی – کوردی – عەرەبی – رووسیە ، کە ئەویش بەرەوە بە چاپگەیاندن هەنگاو دەنێ .
٥- نەخشەی جیهان – بە زمانی کوردی بە ناونیشانی – کورد لە نێوو نەخشەی رامیاری جیهان – کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان . ئەم نەخشەیە ١٠٠٠٠ دە هەزار دانەی لێ چاپکرا لە ئیران ، بەلاّم لە لایەن دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئیران دەستگیر کرا . دوای ئەوە وەك هەدییە لە ٢٠٠٨/٨/٤ پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا ، لە ریگەی بەرێووە بەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان – کاك ئاراز نەجمەدین – لە هەولێر .
٦- سالنامەی کوردستان – بە شێووەی بچووك – تقویم مەنزەدی – کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان .
٧- هەڵوویستنامە – ٢٠٠٦ – بەرگی یەکەم ، کە ئامادەیە بۆ چاپکردن .
٨- ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان –چاپی دووەم /٢٠٠٨ .

٩- ئافرەت لە پەیووەندیە کۆمەلایەتیەکاندا ، هەنگاو دەنێ بەرەو بە چاپگەیاندن .

١٠- دەفتەری زانیاری – بەندە بە پارکی سامی عەبدولرەمان لە شێووەی – شریت – کە ٢,٥٥ مەتر درێژیەتی ئەویش بۆ یەکەم جار بووە لە کوردستان .

١١- بلاوکردنەوەی زیاتر لە – ٧٥ – بابەت و لێکۆڵینەوە لە بووارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و جووگرافی وپەیووەندی کۆمەلایەتی و ئافرەت و توویژی گەنج ، لە رۆژنامە وگۆڤارەکان ، لە سەر باروو دۆخی کوردو رووداوەکان لە گەڵ وولاتانی داگیر کەری کوردو کوردستان و رامیاریەتی لە پەیووەندی نێوو دەووڵەتیدا .

١٢- لە دوای ئەوانە ، ئەوا ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکە بە چووار بەرگ/٤ کەوتە بەردەستتان .

وەك بلێی هەگبەی مێژوو لە بەر دەستا بێت لە هەموو بووارەکانی – رووداوو بە سەر هات و رێکەووتن و شەڕو ئاشتی و نەتەویی نیشتیمانی و رامیاری و جووگرافی و سەر بازی و ئابووری و بازرگانی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و مێژوو وزمان و داب و نەریت و کەلتوور و شارستانیت , لە گەڵ رووداوەکانی پزیشکی و گەردوونی و وەرزش و رووداوەکانی فرۆکە و گرکان و گوومە لەرزەو ئاژەڵ وچەندین بوواری دیکە لە جیهاندا .

سەرچاوەکان

١- میدیا (ئی - م- دیاکۆنۆف) دار الحکمة - لندن.

٢- چەند لاپەریەك لە مێژووی کورد- لازاریف.

٣- الثقافة الجدیدة- گۆڤارێکی مانگانەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقە.

٤- بیری نوێ- گۆڤارێکی وەرزی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانە.

٥- کوردستان والکرد- جواد مەلا- وطن مقسم وامة بلا دولة.

٦- رادیۆی لەندەن- پرۆگرامی السائل والمجیب.

٧- رۆژ ژمێری - پانۆرامای کوردستان.

٨- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی کورد بەشی /١-٢، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.

٩- هەوڵم داوە لەتەلەفزیۆن و گۆڤارو رۆژنامەکان کۆم کردۆتەوە لەگەڵ نووسینەکانی خۆم کە دەستنووس بوونەو بابەت لەدوای بابەتی جیاجیا بڵاووکراونەتەوە.

١٠- کوردستانو کورد- شەهید دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ.

١١- شۆرشی شێخ عووبێدوللای نەهری- محەمەد حەمە باقی .

١٢- شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران لەباکووری کوردستان.

١٣- کورد- باسیلی نیکیتین- وەرگێرانی: دکتۆر نووری تاڵەبانی .

١٤- المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط- د. حامد محمود عیسی .

١٥- ساڵنامەی کوردستان- دانانی: عەلی کەندی - چاپی سێیەم - تاران- ٢٠٠٦.

١٦- تأریخ الدولة العثمانیة - مامۆستا محمد فرید المحامي ، چاپی نۆیەم - دار النفائس- بیروت .

١٧- سنتتان ڤ کوردستان- ١٩١٨-١٩٣٢ - دیلبوە- آ- هی فەرمانرەوای رامیاری هەولێر- وەرگێرانی: فوئاد جەمیل -چاپی یەکەم- بەیرووت.

١٨- القانون الدولي العام - دکتور عصام العطیة - چاپی شەشەم- ٢٠٠١ - وەزارەتی باڵای فێرکردنو تووێژینەوەی زانستی- بەغدا.

١٩- رۆژنامەی (الحیاة) چاپی بەیرووت - ژمارەی ساڵەکانی ٢٠٠١-٢٠٠٢-٢٠٠٣-٢٠٠٤-٢٠٠٥- ٢٠٠٦ -٢٠٠٧ .

٢٠- رۆژنامەو گۆڤارەكانی هەرێمی كوردستان- خەبات - كوردستانی نوێ - گوڵان- رامان - كاروان - سەردەمی عەرەبی- رێگای كوردستان- گوڵانی عەرەبی- سەنتەری برایەتی.
٢١- فەرهەنگی رووداوەكانی كوردستانو وڵاتانی جیهان- دانانی: عەلی كەندی - چاپی یەكەم- تاران - ٢٠٠٥.
٢٢- كەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی جەزیرە - پرۆگرامی (في مثل هذا اليوم).
٢٣- اسرائيل الكبرى - دراسة في فكر التوسعي الصهيوني - دكتور اسعد زوق - دار الحمراء-بيروت. الطبعة الرابعة - ٢٠٠٣.
٢٤- تأريخ اوروبا فى العصر الحديث- دانانی : هـ. ا. ل. فيشر- دار المعارف- چاپی نۆیەم.
٢٥- قصة الحضارات - دانانی - ول ديورانت - وەرگێرانی: محمد بدران- مصر- مهرجان القراة للجميع.
٢٦- معجم الحروب - دانانی : دكتور فردريك معتوق- چاپی یەكەم- بەیروت- لوبنان.
٢٧- لمحات اجتماعية عن تاريخ العراق الحديث - دكتور علی الوردی - توزيع مكتبة الصدر- تاران - ئێران.
٢٨- التاريخ الاسلامی - دانانی: دكتور محمد شاكر - المكتبة الاسلامية- چاپی هەشتەم- بەیروت - ٢٠٠٠.
٢٩- الارهاب الدولي وانعكاساته على الشرق الاوسط خلال الاربعين قرنا- دانانی سفير: دكتور حسين شريف- الهيئة المصرية العامة للكتاب- ١٩٩٧- میسر.
٣٠- دراسات في الحركة الكردية المعاصرة- ١٨٣٣ -١٩٤٦ دانانی: دكتور عوسمان عەلی- چاپخانەی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی باشووری كوردستان.
٣١- القاموس السياسی - ئامادەكردنی: احمد عطية - چاپی سێیەم- دار النهضة العربية -شارع عبدالخالق - قاهیرە - میسر.
٣٢- تاريخ الوزارات العراقية - دانانی : عبد الرزاق ئەلحوسنی - چاپی شەشەم- بیروت - ١٩٨٢,
٣٣- نەتەوەكانو دەوڵەتی سۆڤیەت - هیلین كاریردا كلوس- وەرگێرانی بۆ زمانی عەرەبی: هزی عبود - بەیروت - چاپی یەكەم- ١٩٧٩.
٣٤- مقالاتی - شەهید سامی عەبدولرەحمان- باشووری كوردستان- هەولێر.
٣٥- عەبدولكەریم قاسم - رؤية بعد الشعرين- حسن العلوی- چاپی یەكەم- العراق..

٣٦- الحياة السرية لصدام حسين - دانانی: انيس الرغيدی- چاپی یەکەم -٢٠٠٤- میسر.
٣٧- راپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دەریسم- هانز- لۆکای کبیسیر- ١٩١٩-١٩٢١ قۆچگیریٚ- وەرگێڕانی لەفەرەنسیەوە - نەجاتی عەبدوڵلا.
٣٨- کوردستانی پشت قەفقاس- دکتۆر -ئەفرسیاو هەورامی - لەبلاوکراوەکانی ژین- باشووری کوردستان- سلێمانی.
٣٩- تاریخ العراق بین احتلالین - پارێزەر - عەباس عەزاوی چاپی یەکەم- هەشت بەشەکە.
٤٠- شەرەفنامە -شەرفخانی بەدلیسی -وەرگێڕانی هەژار - ١٩٧٣ لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد بەچاپ گەیاندراوە- چاپخانەی نعمان - نەجەف.
٤١- کوردو کوردستان - بەرگی ١-٢-٣ محەمەد ئەمین زەکی - لە دار اسلامی بغداد بەچاپگەیاندراوە -١٩٣١.
٤٢- کوردو عەجەم - نەوشیروان مستەفا ئەمین - مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران - سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان-سلێمانی -٢٠٠٥.
٤٣- کورد - تورك - عەرەب- سیسیل جون ئیدمۆندی- وەرگێڕانی حامد گەوهەری- دەزگا، چاپ و بلاووکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٤.
٤٤- فی الاداب (ف. إ. لینین) - وەرگێڕانی لە رووسیەوە- یوسف حلاق بلاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری - دیمەشق -سوریا -١٩٧٢.
٤٥- مێژوو - دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد - بە یاریدەدەری ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری ولاوان چاکراوە -بەغدا ١٩٨٣.
٤٨- چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد - دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد- بەرگی دووەم- ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە- هەولێر- چاپی یەکەم - ٢٠٠١.
٤٩- یاداشتەکان - رەفیق حلیمی -بەشی یەکەم و دووەم - کوردستانی ئێراق شۆڕشەکانی شێخ مەحمود -چاپخانەی رۆشنبیری - بەغدا - ١٩٨٨.
٥٠- هەڵوێستنامە- عەلی کەندی - بەرگی یەکەم - چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٦.
٥١- قصة الديانات -سلیمان مەزهەر - کتێبخانەی مەدبولی - چاپی دووەم - میسر - ٢٠٠٣.
٥٢- کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهان - دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد - وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: دکتور محەمەد مەلا عەبدولکەریم - چاپی دووەم -بەغدا -

.١٩٨٤

٥٣- راپــەرینی شــێخ ســەعیدی پــیران - رۆبــەرت ئۆلــسن -١٨٨٠-١٩٢٥ وەرگێرانــی ئەبوبەکر خۆشناو- زەنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم - سلێمانی - ١٩٩٩.

٥٤- تــاریخ الاکــراد- تۆمــاس بــوا- وەرگێرانــی - محەمــەد تیــسیر مبرفــات - دار الفکــر المعاصر- بیروت -لوبنان - چاپی یەکەم -٢٠٠١.

٥٥-حول مسألة الاقطاع بین الاکراد - أ. شامیلیۆف- وەرگێرانی- دکتــۆر کــەمال مەزهــەر ئەحمەد - چاپی دووەم- بەغدا - ١٩٨٤.

٥٦- قضایا کردیة معاصرة - کرکوك والأنفال -الکردو ترکیا - دکتــور جبــار قــادر - دار ئاراس للطباعة والنشر - چاپی یەکەم - ٢٠٠٦.

٥٧- کورد لەجەنگی رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیا . پ. ی- ئەڤیریانۆف -وەرگێرانی لــە رووسیەوە دکتۆر ئەفرسیاو هەورامی -سلیمان -٢٠٠٤.

٥٧- کرکوك وتوابعها حکم التاریخ والضمیر - دراسة وثائیفة عن قـضیة الکردیـة في العـراق - دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد= بەشی یەکەم - وەزارەتی رۆشـنبیری حکومــەتی هەرێمی کوردستان -سلێمانی .

٥٨- المستبد - زهیر ئەلجەزائری - صناعة القائد - صناعة الشعب- چاپی یەکەم - بیروت -بەغدا -٢٠٠٦.

٥٩- عــصر نــاپلیۆن - تــاریخ الحــضارة الاوروبیــة فی ١٧٨٩-١٨١٥ - ول دیورانــت - وەرگێرانی دکتۆر عەبدولرەحمان عەبدوڵلا شێخ - دار الجبل - بیروت -٢٠٠٢.

٦٠- تاریخ الرومان - دانانی نجیب ابراهیم طراد -تقدیم دکتور محمد رینهم عـزب - مکتبـة ومطبعة القدر-١٩٩٧.

٦١- موسوعة الفلسفة - دانانی دکتــۆر عەبــدولرەمان بــەدەوی - بــەرگی - ١-٢-٣. تــاران - ئیران.

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٣٦٢	البعد السياسي للمشكلات القومية"الكرد نموذجا"	د.خليل اسماعيل محمد	دراسة	١٠٠٠	١٠٤
٣٦٣	خۆری ئارابخا کەرکوک و ژیانی عەبدولڕەحمانی نفووس	زانیار سەردار	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	١٠٤
٣٦٤	الاعلام... والصحافة	صابر محمود عبدالله	دراسة	١٥٠٠	١٢٠
٣٦٥	هەڵوێستەکان، دەسکەوتەکان و وتارو دیمانەکانی سەرۆک مسعود بارزانی	ئا: مستەفا سلیم	وتارو دیمانە	-	٥٥٢
٣٦٦	لە درزی هزرەوە	بەهزاد حەوێزی	وتار	١٥٠٠	٢٥٦
٣٦٧	توانەوە	غەفوور سالح عەبدوڵڵا	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٠٤
٣٦٨	مصباح القلوب و مفرج الكروب	ملا عبدالرحمان ملا طه	الجزء الاول	٦٠٠٠	٧٨٤
٣٦٩	مصباح القلوب و مفرج الكروب	ملا عبدالرحمان ملا طه	الجزء الثاني	٧٠٠٠	٨٩٦
٣٧٠	ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی	د. شێرکۆ بابان	لێکۆڵینەوە	٣٠٠٠	٣١٢
٣٧١	مێژووی هونەری فۆتۆ	د. فەرهاد پیرباڵ	لێکۆڵینەوەی مێژوو	٣٠٠٠	٩٦
٣٧٢	پەلکە زێڕینە	سەید مەولود بێخاڵی	فۆلکلۆر	٢٠٠٠	٨٠
٣٧٣	کێ پەنیرێ من ڤەگوهاست؟	و.ناهیدا دری	چیرۆک	١٥٠٠	١٠٤
٣٧٤	کانەبییان	ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٢٤
٣٧٥	مناخس الالم	د.بشير الطوري	شيعر	١٠٠٠	٢٢٤
٣٧٦	مسرحيتان كوميديتان	عادل دنو	مسرحيه	١٠٠٠	٤٨
٣٧٧	چنینەوە	د. لەتیف محەمەد حەسەن	شیعر	٢٠٠٠	٤٤٨
٣٧٨	کورد و سیستمی نێو دەوڵەتی	د.عوسمان عەلی میرانبەگ	لێکۆڵینەوە	١٥٠٠	١٥٢
٣٧٩	ئاسمانی گەڵا بابردووەکان	نەرمین جەعفەر	شیعر	١٠٠٠	١٢٠
٣٨٠	گۆڤەندێک لە [illegible]ڵبەست	موسی زاخۆرانی	شیعر	١٠٠٠	١٠٤
٣٨١	کەلەپووری کوردەواری	عەباس چنارانی	فۆلکلۆر	٣٠٠٠	٢٨٨
٣٨٢	تراژیدیای کوردان	وریا ڕەحمانی	ڕاپۆرتی سیاسی	٢٠٠٠	٢٠٨
٣٨٣	بانگهێشتێک بۆ سەرهەڵدان	ئاشتی ئەلەکەدین	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٠٨
٣٨٤	لە پێناوی تازەگەریی فیکریدا	نەجات حەمید ئەحمەد	گشتی	٢٥٠٠	٥٤٤

٣٨٥	ئاگرپژێن و بوومەلەرزەکان	و: ئەمیرە ئیسماعیل	زانستی	٣٠٠٠	١٤٤
٣٨٦	ملحمة سیامند وخجه	مصطفى خۆشناو حمو	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	١١٢
٣٨٧	گەشت و گوزار	قادر باوەجان	گشتی	٥٠٠٠	٤٠٠
٣٨٨	نامەیەک لە قوبرسەوە	ئازاد کەریمی	کورتە چیرۆک	١٠٠٠	٨٠
٣٨٩	چەند لایەنێک ژدیرۆکا ئیسلاما سیاسی	و. جەمال عەبدوڵا	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	٩٦
٣٩٠	چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری/٢٠٠٨	ئا: روقیە عەبدوڵا	چالاکی	---	١٦٠
٣٩١	جەژنێک بۆ پیر	رەووف مەحمود پوور	لێکۆڵینەوە	٤٠٠٠	٣٦٨
٣٩٢	دوایین هەستی ترسناک	سەرهەنگ جەمال	رۆمان	١٥٠٠	١٣٦
٣٩٣	پەرەسەندنی کوردستانی نوێ	و:جەمیل محەمەد ئەرگوشی	رامیاری	٤٠٠٠	٦٤٠
٣٩٤	فرمێسک و تەمەن و خەون	ماریە ئەحمەد	شیعر	١٠٠٠	١٧٦
٣٩٥	برکان التنهدات	دانیال شابۆ	شیعر	١٠٠٠	١٦٠
٣٩٦	دیپلۆماتیک	ماجید نوری	پرۆژە	٥٠٠	٤٠
٣٩٧	مێژووی هاوچەرخ	خالید هەرکی	مێژوویی	٤٠٠٠	٦٦٤
٣٩٨	ئاوکبرینی بۆشایی	محەمەد بارەکر	شیعر	١٥٠٠	١٢٠
٣٩٩	لەپێناوی تازەگەری فیکریدا - بەشی دووەم	نەجات حەمید ئەحمەد	گشتی	٢٥٠٠	٤٠٨
٤٠٠	رێسا	محەمەد وەسمان	پەروەردەیی	٢٠٠٠	٨٠
٤٠١	ستاتیکای شاکاری کوردی	تاریق کارێزی	شێوەکاری	١٥٠٠	١٢٠
٤٠٢	ماڵئاوایی	مجول ئیسماعیل	شیعر	١٠٠٠	٨٠
٤٠٣	کورد... عەرەب... شۆڤێنیزم	بەهرام محەمەد (کاکل)	سیاسی	٢٠٠٠	٢٤٠
٤٠٤	رەنگدانەوەی زەمبیل فرۆش لە ئەدەبی میللی کوردیدا	ئیدریس عەبدوڵلا	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	٢٠٠٠	٢٤٠
٤٠٥	ئەفسانەی میرە گوڵ	محەمەد رەشید فەتاح	رۆمان	١٥٠٠	٢٦٤
٤٠٦	کەلەپوورنامەی کوردەواری	یاسین حەسەن گۆران	فۆلکلۆری	٢٠٠٠	٢١٦
٤٠٧	کورتنووسی لە زمانی کوردیدا	وشیار بەشیر مستەفا	زمانەوانی	١٥٠٠	٢٢٤
٤٠٨	المدن ولعبة الاجيال	محمد مسعود محمد	دراسة	٣٠٠٠	٣٧٦
٤٠٩	أمتلىء عشقا منك	فريدون سامان	ترجمة شعرية	١٥٠٠	١٣٢
٤١٠	هونەرێ نەڤاندنێ	د. لەزگین ئاڤدرەهمانی	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٠

٤١١	خەزینا زانستی د (١٠٠٠٠) پرسیار و بەرسڤادا	محەمەد سالح پێندرۆیی	رۆشنبیری گشتی	١٠٠٠٠	٨٣٢
٤١٢	دیوانی خالۆ	مەهدی فاتیح	شیعر	٤٠٠٠	٤٦٤
٤١٣	گرافیکەکانی کوردستانی	محەمەد عارف	هونەری شێوەکاری	٥٠٠٠	٦٧٢
٤١٤	یۆگا	و: حەمید گەردی	گشتی	٤٠٠٠	٦٢٤
٤١٥	شەوێ بەیادێ گەڕانەوەت	دەریاز یونس	شیعر	١٥٠٠	٢٠٤
٤١٦	ئەڵمانیا.. جوگرافیا .. کلتور	پاهۆز مستەفا	گشتی	٤٠٠٠	٢٢٤
٤١٧	با پەیڤەکان بەردەوام بن	و: خەسرۆ پیربال	شیعر	١٥٠٠	١٤٤
٤١٨	یاشام یۆتاسیندا پیشمن سوزجوکلر	حسام حسرت	شیعر	١٥٠٠	١٦٠
٤١٩	پاییز فەرامۆش بکە	و: لەیلا محەمەد تەها	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٨
٤٢٠	خمسون أعجوبة من عصر (توت عنخ امون)	ترجمة: نضال الاغا	تأريخي	٤٠٠٠	١١٢
٤٢١	المنهاج الصحي الاول	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	٢٥٠٠	٢٦٤
٤٢٢	التغذية الصحيحة أساس الحياة الصحية	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٥٠٠	١٦٠
٤٢٣	برنامج نمط الحياة الصحية	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٠٠٠	٤٨
٤٢٤	اناستاسيا	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٥٠٠	٢٢٤
٤٢٥	هونەری هێڵکاری گیانداران	و: پەروین خدر ئیبراهیم	هێڵکاری	٦٠٠٠	١٤٤
٤٢٦	کێشەی کورد	و: ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٦٤
٤٢٧	بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا	و: ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٣٢٠
٤٢٨	کوردستان یان نەمان	و: ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٢٨٠
٤٢٩	کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو ١٩٥٤	و: ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٢٢٤
٤٣٠	سەفەرێک بۆناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان	و. ئەبوبکر سالح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	٦٠٠٠	٥٤٤
٤٣١	بارزانی و پاشەکشێی بارزانیەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا	و. ئەبوبکر سالح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	١٤٤
٤٣٢	پەل و خولی	تەحسین ناڤشکی	رۆمان	١٠٠٠	٤٢٤
٤٣٣	بەیانیت باش کۆمپیوتەرەکەم	ئەنوەر خدر بایەزید	زانستی کۆمپیوتەر	٨٠٠٠	٥٣٦
٤٣٤	تفەنگا ب خوێن	عەگیدێ چەرکس	رۆمان	٣٠٠٠	٤٠٨

٤٣٥	أبو اسحق الصابي: درر النثر وغرر الشعر	قيس مغشغش السعدي	تأريخي	٣٠٠٠	٤٦٤
٤٣٦	ئاڵای کوردستان لە نێوان شەریعەت و یاسادا	عەبدولستار ئەحمەد	توێژینەوە	١٥٠٠	٦٨
٤٣٧	کیژە سابڵاغی	ئیبراهیمی قادری	گۆرانی و ژیاننامە	٤٠٠٠	٤٥٨
٤٣٨	ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە (٤) بەرگ	علی کەندی	گشتی	١٠٠٠٠ بۆ هەر بەرگ	٥٩٢

ENCYCLOPEDIA OF HISTOGRAPHY

1/1/1951 - 31/12/2000

Ali Kandy

لەم مەیدانە گرنگەی کولتوری هەموو نەتەوەیەك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە . ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە ، بەڵکو لەهەموو گێتیدا سوود بە خوێنەوارو ڕۆشنبیران دەگەیەنن کەچی نووسینەکانیان دەبن بە سەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك .

د. مارف خەزنەدار

ی مایسی ٢٠٠٧

ئەم خەمخۆرییە تاقەکەسییە کەلەلایەن مامۆستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆر و ئارامیکی ئەیوبییانەی گەرەکە، لەبەر ئەوەی ئەو ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لەخۆدەگرێ.

تارق جامباز

٢٠٠٩/٨/١٠

کارێکی کەلتووری مەزن ... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە ((ئینسکلۆپیدیایە - مێژوونامە)) قەڵایەکی کلتووری مێژووی مەزنە، وەکو قەڵای شاری مێژوو - هەولێر -، هەردەم زیندووە.

مومتاز حەیدەری

٢٠٠٩/٧/٧

نووسەرێکی دڵسۆزی وەك عەلی کەندی پێی هەڵساوە، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەش کتێبخانەی کوردی بکات، بەتایبەت کەهێشتا کتێبخانەی کوردی لەزۆر بواردا هەژارە.

د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور

٢٠٠٩/٧/٢٥

Second Edition - 2009

Shouthern of Kurdistan - Erbil

چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان - هەولێر